# ڕۆژنامەوانیی کوردی

گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ - ١٩٦٣

بەرگی دووەم

# ڕۆژنامەوانیی کوردی

## گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ – ١٩٦٣

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن
د. هیمدادی حوسێن

**بەرگی دووەم**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

رۆژنامەوانیی کوردی – بەرگی دووەم
لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: د. هیمدادی حوسێن
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٢٧
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٥٤ – ٢٠١٠
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان

## پێڕست


گۆڤاری هیوا، ژمارە ٦ ساڵی ١ ..... 7

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٧ ساڵی ١ ..... 109

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٨ ساڵی ١ ..... 209

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٩ ساڵی ١ ..... 311


گۆڤاری هیوا، ژمارە ١٠ ساڵی ١ ..... 421

گۆڤاری هیوا، ژمارە ١١ ساڵی ١ ..... 521

گۆڤاری هیوا، ژمارە ١٢ ساڵی ١ ..... 624

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره ٦ ساڵی ١ کانوونی یەکەمی ١٩٥٧


هیوا
گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جارێک دەرئەچێ
ژمارە ـ ٦ ـ سال ـ ١ ـ بەفرانبار ( کانونی یەکەم ) ١٩٥٧
لەم ژمارەیەدا

# ناو و نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ــ ٣٩
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبیو زانستییە مانگی جاریك دەرئەچی

ژمارە ـ ٦ ـ سال ـ ١ ـ بەفرانبار ( کانونی یەکەم ) ١٩٥٧

**لەم ژمارەیەدا**

١ ـ میژوی شاری هەولیر
٢ ـ چون زمانەکەمان بنوسین ؟ •• ب
٣ ـ شەر و ئاشتی •• شاکر فتاح
٤ ـ کوردانی بەناوبانگ •• جەمیل بەندی
٥ ـ ئامان الله خان •• م • کاردوخی
٦ ـ بانگیك بو ماموستایان •• میدیا
٧ ـ دیوانی هیوا
٨ ـ پوختە کردنی نەفس •• عبدالقادر قزاز
٩ ـ گولیك •• دلزار
١٠ـ بیروەری زانستی کوردان
١١ـ کوردی پەتی •• محمد مصطفی کوردی
١٢ـ هیواو خویندەوارانی
١٣ـ چیروکی ژمارە •• قینی لیم‌بو •• مەم
وەگەلی شتی تریش ئە خوینیتەوە

# پیروز بایی

بەناوی ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتن‌و ئیدارەی گوفاری هیواوە پیروزبایی لەپایەبلند کاك محمودبابان ئەکەین وە ئەخوازین لەگەل ژیانی کامەرانی‌یانا بوخزمەتی نیشتمانەکەمان هەمیشە لەکارابیت ..

هیـــوا

**لەشعری کامەران**

ئەگـــــەر ئەیزانی هوزاری کیــــوان
کی ! گولی ســــوری باخی هـــەلوەران

یا ، خونچە ، کی‌بوو ، چلەکەی شـــــکان
هەژار .. کی لی‌سەند ئەرکو هەول و نان

هـــــەرا یەکی وا زل بەرپا ، ئـــــەبوو
زەبری پایزو زوردار ، تیـــــا ئەچو

# کوردانی دلسوز

ماموستایانی بەریز

لەکانی دلمانەوە سوپاسی تی‌کوشانو هاوکاری‌تان ئەکەین • هەر بە هوی رەنجو تی‌کوشانی ئیوەوە وا سەد شوکور خەریکە ئەمی تاریکی‌و سستی‌و دوودلی برە ویتەوەو تیشکی روژی زانستی بە سەر نیشتمانی پیروزا پەخشان ببی •

راستەپشینان ووتویانە چەپلە بەدەستیك لی‌نادریت : ئەگەر سەرنجیك بدەین پیشکەوتنی هەمو نەتەوە یەکی دوواکەوتوو بەهوی هاوکاری‌و یەکیەتی‌یەوە پیك هاتووە ، ئەو فرمانە گەورە گەورانەی نەتەوە پیشکەو تووە کان خەریکی بوون‌و تا ناودلی ئەرزو ئاسمانیان پشکنی‌وە هەموی بەهوی تی‌کوشانیکی یەك دلی‌و یەك سامانی‌و هاو کاری‌یەوە پیك هاتووە و روژ بەروژ پیشکەوتوون • بی‌گومان هەمو برایەکی دلسوز هەمو ساماندار یکی نیشتمانی‌ی ئەم وورتە وورتەی بەخەیالا هاتووەو هەناسەیەك هەل ئەکیشیت‌و ئەلیت لەم چەرخەدا نەتەوە یەکی پانزە ملیونی هیشتا چاپخانە یەکی نیە کە بەزمانی خوی نووسینیك بلاو بکاتەوە ئەمەیش تاوانی ئەمە یە گەورە و پچوکمان لە دلی خومانا خومان بە شتیك دائەنیین و گوی نادەینە دوا روژ تەنیا بالە بو پەیا کردنی پاروو یەك نان تی ئەکوشین ئامانەوی پشتی یەکتری بگرین‌و بە هاوکاری یەکتری ریگای ژیانمان خوش بکەین تا وەکو ئەکەوینە بەر لەعنەتی ئەوەکانی دوا روژمان تەنانەت تا ئەم دەمەش پیاوانی سامانداری هاو رەگەزمان دوانیان پیکەوە نە گونجاون تاوەکو بو سوودی پیشکەوتنی خویندەواری نەتەوە کەیان هەولیك بدەن و بەهاو بەشی یەکتری چاپخا نەیەك بکرن بەو شەرتەی زیا نیش نەکەن وە سامانیان هەر لەزیادی بیت ئنجا هیوا بە هیوایە لە ئیستاوە پیاوە سامانداره کان مان هەولیك بدەن و لەم بیرو باوەرە دا لەگەلمانابن و ئەم ئاواتە مان بهیننە جی و ناوی خو شیان لە لاپەرەکانی میژوی کوردا جی بکەنەوە و ئیمەیش بەزەر کەفی ئالتون لە سەر سنگی گوفاری هیوا دا ناویان بنووسین •



نیگاری بەشیك لە قوتابیانی زانستی سالی ١٩٢٨

# میژوی شاری هەولیر

شاری هەولیر شاریکی میژوی زور کونە لە نەقش و نیگاری بابلی و ئاشوریە کانا بە خەتیکی میسماری ناوی ئەم شارە بە ( ئارابیللو ) نووسراوە •

لە دەوری حوکمی ( ئەکەمین ) یەکانا ئەهمیە تیکی سیاسـی هەبوە بە هوی ئەمەوە کە شوینە کەی بنکەی بازرگانی وە سەرە ریگا بووە ، ئەم شارە ناوی وەك خوی ماوەتەوە ، وە لە نیوەی سەدەی دوایی پیش میلادا لە دەوری حوکمی ( ئەشکانیە کان ) دا ئەم وولاتە ئازادی خوی پاراستووە ، هەروەها لە دەوری ( ساسانیە کان ) یشا ناو بە ناو فەرماندەرە گەورە کانیان لەم ناوچەیە دا حوکمرانیان کردوە • یەکیك لەمانە ناوی ( مەردوخ ) بووە نزیك بە هەولیر لە قـەلای ( میلقا ) دانیشتوە ، و لە سالی ـ ٣٥٥ ـ م لە دەوری ( حوکمی سابوری دووەما ) لە شەریکا کوژراوە •

وە لەسالی ١١٦٧م ( زەینە دین عەلی کوچك ) کوری ( بەکتکین ) شاری هەولیری کردوە بە پایتەخت و گەورە ترین حوکمدار لە نەوەی ( بەکتکین ) « موزەفەرە دین کوکبری » بوە کە توانیویەتی دەولەتەکەی بە هیز بکات و ئەمارەتە پچوکە کانی دراوسیشی داگیر بکات ، جگە لەمە ناوچەی ( شارە زوور ) و ( کەرکوك ) یشی لە سەر بووە ، وە بە ناوی ( موزەفەریە ) وە قوتابخانە یەکی کردوە تەوە و باوکی

ماموستای زانا و میژو ناسی به ناو بانگ ( ئیبن خەلکان ) لەوی خویندو یەتی •

له بەر ئەمەی لەو سەردەمەدا موزەفەرەدین نەیویستووە ئیعتراف بە دەولەتی عەباسی بکات لە دوای مردنی ، خەلیفه ( موسته نسیری یەکەم ) ویستی ئەم وولاتی کوردە داگیر بکات •

له بەر ئەمەی دا نیشتوانی هەولیر نەیان ویستبوو بچنە ژیر حوکمی دەولەتی عەباسیەوە •

( ئیقبال شرابی ) کە فەرماندەریکی موستەنسیر بوو نیررایه سەر شاری هەولیر ، ماوەیەکی زور دەوری شارە کەی گرت ئنجا توانی داگیری بکات وە لە سالی ۱۲۳۰ م دا کە هیرشی مەغولیەکان برایه سەر کوردستان له سالی ۱۲۳۵ م و ۱۲۳٦م دا دایان بە سەر هەولیرا بەشی خوارووی شارەکە یان سووتان و دەوری قەلاکە یان گرت ، لە دوای بەربەرە کانیەکی زور نەیانتوانی قەلاکە بگرن له دوای ــ ٤٥ ــ روژ مەغولیە کان ناچار کشانەوە •• و لە سالی ۱۲٥۸ میلادیا کە ( هولاکو ) بەغدادی داگیر کرد یەکیك لە فەرماندەرکانی نارده سەر هەولیر لە سالیك زیاتر له گەلیانا جەنگین وە شیرانە بەرگری یان کردن نەیانتوانی قەلاکه داگیر بکەن تا ( بدر الدین لؤلؤ ) کە حوکمرانی موصل بوو یارمەتی سوپای ( هولاکو ) یان دا و شارە کەیان گرت ، وە گەلیك سزای دانیشتووانی هەولیریان داو کوشتاریکی زوریان لی کردن •

بەلام ناهەموار ترین کارەساتیکی میژویی کە بە سەر شاری هەولیرا هاتبیت ئەمە بووە ، له سالی ۱۷٤۳م کە ( نادر شاه ) چوەتە سەر وولاتی تورك لە دوای ــ ٦۰ ــ روژ کە گەماروی شارە کە یان داوە توانیویانە

شاری هەولیر بگرن وە کوشتاریکی زوریان لی کردوون و شارە کەیان بە سەریەکا رووخانوە •

وە لەسەدەکانی ناوندا هەولیر دانیشتوانی هیچگار زور بووە و گەورە ترین شار بووە وە شادە کە دوو بەش بوو بەشی خوارەوەی لای روژ ئاوای قەلا ( موزەفەرەدین ) بنای کردوە ، و ئەم بەشـــە مەرکەزیکی بازرگانی وە ئاوەدان بووە ، و بازار و میوانخانە و چەن بنایەك و مزگەوتیکی گەورە و منارەیەکی بەرزی بوە کە – ٥٣٠ – پی بەرز بووە •

و ئەستووری ٤٨ پی‌یە بە خەتیکی جوان لە سەری نووسراوە کە ( موزە فەرالدین ) ئەم منارەیەی بنا کردووە بەشی ژووروی کە قەلای هەولیرە بەرزی‌یەکەی ٦٥ پی زیاتر نیە بەدەوری قەلاکەدا بە بەرزی ٤٨ شوورەیەك بناکراوە شوینی سەنگەر و مەتەریزی بە دەورا دروست کراوە •

شاری هەولیر ئاوو هەواو خاکی لەگەل شاری کەرکوکا جیاوازی یەکی ئەوتوی نیە بەپی‌ی سەر ژمارەی سالی ١٩٤٧ دانیشتووانی نزیکی ٢٤٫٧٥٧ کەس ئەبی بەدووری – ٩٩ – کیلومتر کەوتوتە ژووررووی کەرکوك ، لەروژە لاتی موصلەوە ٨٧ کیلو متر دوورە ئەم شارە بوتە مەل بەندی بازرگانی وە پەیوندەی ئەم دوو شارە ریگا و بانی هـەمو قیرتاو کراوە •

لە جلدی ژمارە – ١ – ١٩٣٣ی
دائرة المعارفی ئیســـلامی ص
( ٥٧٠–٥٧٥ ) وەرگیراوە •

# چون زمانەکەمان بنووسین؟

## بەپیتی عەرەبی یا لاتینی؟

— ب —

رەنگە هەندی خویندەوار بلین مەسەلەکە هیچ پیویست بە پرسیار و پرسیارکاری ناکات وەکو مانگ ئاشکرایە کە زمانی کوردی ئەبی بە پیتی لاتینی بنووسری ، وە پیتی کەموکورتی عەرەبی بو نووسینی کوردی دەست نادا وە کوردی پی نانووسری • وا ئەزانم ئەو کەسانەی لایان وایە مەسەلەکە هیچ پیویست بە لیکولینەوە ناکات هیشتا بە تەواوی گرانی فرمانەکەیان هەل نەسەنگاندووە وە نازانن کاری وا هەر بە سەلەماندن و تی گەیشتنی چەند خویندەواری پیك نایەت • ئەگینا ئەیان زانی کە بو جیبەجی کردنی کاریکی گرنگی وەکو پیتی نووسین و ئەلفوبی گورین چەند کوسپی گەورە گەورەیان دیتە ری • بە تایبەتی لە ناو گەلیکی وەکو کوردا کە هیچ دامەزراویکی دەسەلاتداری نیە فرمانەکە بگریتە ئەستو ، وە تاقە کوتەکی دەست بو جیبەجی کردنی ئەم فرمانە ــ وە هەمو فرمانیکی کەی گرنگ ــ گلیر کردنەوەو یەکخستنی زورترین ژمارە خەلکە لە دەوری ، لە ریگەی تی گەیاندن و پی سەلماندنەوە • کە ئەمەش پیك نایەت بەبی لیکولینەوەیەکی قوول و باسکردنیکی فراوانی مەسەلەکە • جگە لەمە ئەو هویانەی لایەنگرانی بە پیتی لاتینی نووسین پیشانیان داوە هەتا ئیستە ، بەشی زوری ، لەوە ئەچی کە بەری لاسایی کردنەوە و خو لە روژئاوا نزیکخستنەوە بن نەك ئەنجامی لیکولینەوە و یەکالا کردنەوەیەکی علمی وورد بویە ، بەلای منەوە ، مەسەلەکە

پیویســــــتی بە روون کردنەوەیەکی تەواو هەیە لەلایەن زانا و تێگەیشتووانەوە ، چونکە ئەم روون کردنەوەیە چەکی دەستمان ئەبی لەو خەباتەدا پیویستە بیکەین بو سەرخستن و جیبەجی کردنی ئەو بیرەی راستیەکەیمان بو دەر ئەکەویت ئنجا با بیینەوە سەر باسەکەی خومان :

لە ژمارەی پیشوودا چەند جیاکەرەوەیەکم باسکردبو کە وا بوونیان لە ئەلفوبییەکی باشا پیویستە • دەبا لەبەر تیشکی ئەو جیاکەرەوانە سەرنجی بدەین لەو هەردوو جورە پیتەی وان لە گوری ، واتە پیتی عەرەبی وە پیتی لاتینی • بزانین کامیان بو کوردی نووسین چاترە • لە ئەنجامی سەرنجدانەکەماندا ئەم راستییانەی لای خوارووومان بو دەر ئەکەوی :

١ ـ هەر دوو ئەلفوبیکە ، چە لاتینی ، چە عەرەبی وەکو هەن ، واتە ، وەکو لە لاتینی وە عەرەبیدا بەکار ئەهینرین زمانی کوردییان نە بە ئاسانی پی ئەنووسری وە بە رەوانی پی ئەخویندریتەوە • بەلام ئەگەر بیتو ئەم پیتانە وەکو « کەرەسەیەکی خاو » وەرگرین و بەپیی پیویستی زمانەکەمان دەستکارییان بکەین و ناویان لیبنیین ، و ئیشارەتیان بو دابنیین ئەتوانین بە هەر یەکەیان هەموو ئەو دەنگانەی لە دەمی کوردیك دینە دەری بە ئاسانی پیی بخەینە سەر کاغەز ـ لەگەل هەموو ئەو ووشە بیگانانەشدا کە لە کوردیدا بە کاریان ئەهینین • هەروەها ئەتوانین بە رەوانیش پینووسراوی بخوینینەوە بەبی ئەوەی پیویست بە پیشەکی زانینی ئەو ووشانە بکات کە نووسراون •

٢ ـ پیتی عەرەبی بە پیی جیگەیان لە ووشەدا شکلیان دەگوری ، هەر پیتە چوار شکلی جیاوازی هەیە : بە تەنیا ، لە پیشی ووشەوە ، لە

ناو ووشەدا وە لە دووایی‌یەوە ( ئەمە جگە لەو پیتانەی بە پیتی دوای خویانەوە نانووسین وە تەنیا دوو جوریان هەیە ) •

بەلام هەرچی وەکو پیتی لاتینی‌یە تەنیا یەك شکلی هەیە وە بە پیٔ‌ی جیگەی لە ووشەدا شکلی ناگوری ( ئەمە جگە لە پیتی گەورە کە لە دەست پی‌کردنی جوملە ، وە ناوی تایبەتی و ئەمانەدا بەکار ئەهینری ) • جا لەبەر ئەم نەگورانەی پیتەکان بە پیٔ‌ی جیگەیان لە ووشەدا فیربوونی پیتی لاتینی ئاسانترە لە پیتی عەرەبی وە وەختی کەمتر ئەوی • وە هەر لەبەر ئەم هویەش فیربوونی بو چاپکردن و تایپکردنیش سووك و ئاسانترە •

٣ ــ پیتەکانی لاتینی لە چاو پیتی عەرەبیدا کەمتر لەیەك ئەچن بویە بە ئاسانتر لە یەك جیا ئەکرینەوە و ئەناسرینەوە ،وە باشتر لە میشکی منالدا جی‌گیر ئەبن •

٤ ــ لە لاتینی‌دا هەموو پیتەکانی ووشە بە سەر یەکەوە ئەنووسرین ، وە جگە لە پیتی ( ئای ) و ( جەی ) ی هەموو بی نوختەو بی ئیشارەتن ، وە خومان هەرچی چەندی نیشانەشیان بو دابنی‌ین ناگاتە چەند یەکیکی ژمارەی نوختەکانی پیتی عەرەبی لەبەر ئەمانە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی وەختی کەمتر ئەوی لە هی عەرەبی نەك هەر ئەمە ، بەسەر یەکەوە نووسینی هەموو پیتەکانی ووشە بە لاتینی رزگارمان ئەکات لەو دەردی سەری نووسی ووشە ( مرکبە ) کان • وەکوو ووشەی « پی‌لی‌نان تی‌گرتن ، لی‌خستن ، پی‌لی هەل برین ، پی‌کەنین » کەوا هەتا ئیستە هەر خویندەوارە بە ئارەزووی خوی چەند یەکی لە « مقطع » ەکانیان بە سەر یەکەوە ، یان بە جیاواز ئەنووسی بەبی ئەوەی بزانری راستو

چەوتی کامەیە •

٥ ـ نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی ، تا ئەندازەیەك ، رزگارمان ئەکات لە کیشەی نووسینی ناوو ووشەی بیگانە ، بەتایبەتی هی عەرەبی کە وا لە زمانەکەماندا بە زوری بلاو بوتەوە • بەبی ئەوەی توانیبیتمان چارەیەك بو نووسینیان بدوزینەوە • یەکیك ئەلی ئەمانە لە عەرەبیدا چون ئەنووسرین ئەبی لە کوردیشا وا بنووسرین ، یەکیکیتر ئەلی : پیویستە وەکوو ووشە کوردییە پەتییەکان سەریش بەم ووشە بیگانانە دابنەوینری بو دەستووری گشتی نووسینی زمانەکەمان ئەوان چون نووسران ئەمانیش وا بنووسرین •

٦ ـ جگە لەوانەی لای ژووروو نووسین بە پیتی لاتینی منالانی کوردستانی خواروو رزگار ئەکات لەو سەر لیشیوانەی ئیستا تووشی ئەبن لە دەرسی کوردی و عەرەبیدا کە وا هەر دوو زمانەکە بە یەك پیت ئەنووسرین بەلام لە هەر یەکەیاندا بە چەشنیکی بە تەواوی جیاواز لەویتر ئەو پیتانە بەکـــار ئەهینرین ، لە یەکیکیاندا بو نووســـینی ( بزوتنەوە ) لە ووشەدا ( پیت ) بەکار ئەهینریت ، لەویکەیاندا سەر ، بور ، ژیر •••، لەگەل ئەوەشدا بە زوری ناشنووسرین • لە دەرسیکدا بە قوتابی ئەووتری « کەرکووك » بە « کرکوك » بنووسی لە دەرسیکی ترا پیی ئەووتری بە « کەرکووك »ی بنووسی (١) •

---

(١) لیرەدا ئەبی ئەوەمان بیر نەچی کەوا : کەمی ، یا هەر نەبوونی ، دەرسی کوردی لە قوتابخـــانەکانا رەنگە ماموستاکانی لەم سەریەشەیە رزگار کردبی • بەلام قوتابی هەژار لە قوتابخانەی ژیانیا تا بەینی هەر بە دەستیەوە ئەنالینی :

ئەوی راست بی بەم پەلەپروزی‌یە هەر ئەم چاکی‌یانەی نووسین بە لاتینم بە بیرا دیت وە لەبەر ئەوەش کە نیازم لە نووسینی ئەم باسە زورتری پیشاندانی مەسەلەکە و دەرخستنی ئەو شوینانەیەتی کە پیویستی بە چارەکردن هەیە نەك لیکولینەوەیەکی قوولو یەکالا کردنەوەیەکی فراوان بویە بەمە واز ئەهینم و دیمە سەر سەرنجدانی باریکی کەی باسەکەمان •

## چون دەست بکەین بە لاتینی نووسین ؟

لە پیشەوە ووتم پیتی لاتینی ــ هەروەها عەرەبیش ــ خوی وەکو هەیە بە کەلکی کوردی پی‌نووسین نایەت • هەر هیچ نەبی لەبەر ئەوەی ئەلفوبی‌ی لاتینی هەموی ( ٢٦ ) پیتە کەچی لە کوردیدا بەلای کەمەوە ( ٣١ پیتی دەنگ‌و پیتی بزووتن = بزوین ) هەیە ئەمە جگە لە چەند دەنگیکی بیگانە ، بە تایبەتی عەرەبی کە پیویستە بو نووسینیان لە ئەلفوبی کەماندا پیتی تایبەتی هەبی بو ئەوەی بە رەوانی بخوینرینەوە • جا لەبەر ئەم ناتەواوی‌یەی پیتی لاتینی‌یە کە وا ئەو کەسانەی ویستویانە کوردی بەلاتینی بنوسری بەربوونەتە سەر و گوی‌لاکی دەستکاری‌یەکی زوریان کردووە بەتایبەتی لە ئیشارەت بو دانان و نیشانەکردنا •

لام وایە بەم قسانەی تا ئیستەم خوینەدوارانم لەوە ئاگادار کردووە وەنەبی منیش نیازم دورستکردنی ئەلفوبی‌یەکی لاتینی ، نوی‌بی • ئەگینا قسەکەی پیشینانم لەسەر بار ئەبی کە ووتویانە « مال لە خویا نەبو میوانیش رووی تی‌کرد » • بەلام نیازی ئەوەشم نی‌یە قورسایی بخەمە تای تەرازووی هیچ یەکی لەو ئەلفوبی‌یانەوە کە هەتا ئیستە هینراونەتە مەیدان • ئەمەش وەنەبی هەر لەبەر ئەوە بی کە ئەزانم مەسەلەی کوردی

به لاتینی نووسین ، وه هه‌لبژاردنی ئه‌لفوبی‌یه‌کی پر به پیستی زمانه‌که‌مان کاریکه ئه‌بی به ته‌واوی له لایه‌نگری به‌دوور بی • له‌به‌ر ئـه‌وه‌شه که ئه‌م ئه‌لفوبی‌یانه ، له‌گه‌ل ئه‌و جیاوازی‌یه‌شدا که له میانیاندا هه‌یه ، هیچ کامیکیان ئه‌و له‌سه‌ر کردنه‌وه‌و لایه‌نگری‌یه تونده ناهینن چونکه هه‌ر به تاقی کردنه‌وه‌یه‌کی کـــــه‌م ئه‌م ناته‌واویانه‌ی لای خواره‌وه‌مان بو ده‌رئه‌که‌وی تیایاندا :

١ ــ هه‌ریه‌که له‌و ئه‌لفوبی‌یانه به‌تایبه‌تی بو نووسینی شیوه‌ی کوردی به‌شیکی کوردستان دانراون بویه هه‌ر پیویستی‌یه‌کانی نووسینی ئه‌و شیوه تایبه‌تی‌یه‌یان تیا خراوه‌ته پیش چاو ، ئه‌لفوبی‌ی ( به‌درخانی‌یه‌کان ) بو نووسینی شیوه‌ی بادینی ، هی ( توفیق وه‌هبی ــ ئه‌دموندس ) بو نووسینی شیوه‌ی سوران •• و •• هتد • لیره‌دا ته‌نیا بو ده‌رخستنی نموونه‌یه‌کی ئه‌م ناگزووری‌یه ئه‌م چه‌ند دیره‌ی ماموستا جه‌مال نه‌به‌ز ئه‌خه‌مه پیش چاو که له سه‌ره‌تای نامیلکه‌ی « نووسینی کوردی به لاتینی » دا نووسیویه • ماموستای ناوبراو که باسی ئه‌و ئه‌لفوبی‌یه ئه‌کات ماموستای کوچکردو « جه‌لاده‌ت به‌درخان » دایناوه ئه‌لی : ( به‌لام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌ندیك ده‌نگ هه‌بون له شیوه‌ی سورانا تیپی تایبه‌تی‌یان بو دانه‌نرابوو وه‌ك ( ری‌ی قه‌له‌و ) و ( لامی قه‌له‌و ) ناچار بوم هه‌ول بده‌م بو پر کردنه‌وه‌ی ئه‌م که‌لینـــــه ــ لاپه‌ره : هـ ) بی‌گومان هه‌ریه‌که لـــــه هه‌ر هویه‌ك ئه‌بی ببی ، دانه‌رانی هیچ یه‌کی له‌و ئه‌لفوبی‌یانه له کاتی دانانی ئه‌لفوبی لاتینی یه‌که‌یاندا زمانی کوردی‌یان وه‌کو زمانیکی نه‌ته‌وه‌یی تیکه‌ل له هه‌مو شیوه‌کانی کوردستان نه‌خستوته پیش چاو • له‌به‌ر ئه‌مه هه‌مو ئه‌م ئه‌لفوبی‌یانه گشت ده‌نگه‌کانی زمانی کوردی وه هه‌ر یه‌که‌یان

چەند دەنگیکی شیوەیەك ، یا ، هی چەند شیوەیەکی کوردییان پی نانووسری •

٢ ــ لە هەمو ئەو ئەلفوبی لاتینییانەدا کە بو کوردی پینووسین دانراوون نووسینی دەنگی پیتی عـــەرەبی ئەو ووشانەی لە کوردیدا بەکار دین ، خراوەتە پشت گوی کە ئەمە مانای ئەوەیە کە هەمو ئەو ئەلفوبییانە پیناسەرەوە یەکی گەورەی « چاکترین ئەلفوبی » یان تیا نیە کە ئەو یش بەئاسانی پینووسین وەبەرەوانی خویندنەوەی هەمو ئەو دەنگانەیە کە لە دەمی قســــــە پیکەرانی زمانەکە دینــــە دەری بەبی تەماشاکردنی ئەوەی ئاخو ئەو دەنگانە تایبەتی زمانەکە خوین ، یان لە زمانانی بیگانەوە تیی کەوتوون • »

٣ ــ زوری ئیشارەت و نیشانە و نوختە لەم ئەلفوبییانەدا بەشی زوری ئەو چاکییانە لەناو ئەبا کە لە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی چاوەنوری ئەکەین وەك دەست لەسەرهەلنەگرتنی پیتەکانی ووشە ود وەخت کەم ویستن بو نووسین وە لە یەکتری نەچوونیان •

جا بە بیری من ئەم ناگزوورییانەی باسم کردن لەوانە نین بە تەقەلای یەکتەنی و ریکەوتنی یەکدوانی لە خویندەواران لەناوا نەمینن جگە لەوەی هیچ گومانم نییە کە گەلی ناگزووری تریش لە ئەنجامی لیکولینــــــەوەی قوول و یەکالا کردنەوەی فراوانی مەســــــەلەکەدا دەرئەکەوی • وە چارە کردنی ئەو هەموی پیویستی بەو هاریکاری و گەلە کومەکییە هەیە کە لە ژمارەی پیشووتری ( هیوا ) دا باسم کرد ، بو ئەوەی ئەو ئەلفوبییە دابنری بو کوردی پی نووسین کە بەشی هەرە زوری ئەو چاکی و پیناســــــەرەوانەی تیابی کە لە چاکترین ئەلفوبیدا بوونیان پیویستە •

هەندی کەس ئەلین • هیچ پیویست بەم چاوەروانی و لیکولینەوە و قسەو باسە ناکات بام هەر لە ئیســــــــتەوە یەکی لەم ئەلفوبی‌یانە ، چاکترین‌یان ، هەلبژیرین و بیکەینە بناغە و دەست بکەین بە بلاوکردنەوە و کوردی پی‌نووسینی « جا ئەو حەلە ئەگەر بە پی‌ی پیویستی شیوەکانی تر » و بو تەواو کردنی ناگزووری‌یەکانی دەســـــتکاریش بکری قەی‌ناکات •

جی‌بەجی کردنی ئەم بیرە گەلی قورتی وای لە ریدایە کە بە تەقەلاو تیکوشینی یەکتەنی لە توانای کەسا نیە خویان لی رزگار کات بو وینە هەندیکیان ناو بەرین باشە • جاری ئیمە کی‌ین کە وا لە ئیســـــتەوە ئەکەوینـــــە ئەم هەلبژاردنە ، چون یەك ئەگرین ؟ کــــــام ئەلفوبی چاکترین‌یانە ؟ چون بە خەلکی بسەلمینین وآ ،بە چە دەسەلاتی بەسەریاندا بسەپینین ؟ ئایا ئەمە نامان خاتەوە گیژاویکی لەمەی ئیستەمان بی‌بن‌تر ؟ جگە لەمە خو ئەلفوبی‌ی زمان کەواو کراس نیە بیگورین و پینەو پەروی بکەین ئەگەر ئەم فرمانە ئەوەندە ئاسان بووایە ئیستە لە دنیادا گەلیکمان نە ئەدی لە ئەلفوبی‌ی خوی نارەزابی بە تایبەتی هەموویان دەسەلاتی گورین و بلاو کردنەوەی ئەم گورینە و بەسەر خەلکا سەپاندنیان لە چاو هی کوردا نایەتە پیوانە (٢)

---

(٢) بە کەلکداری ئەزانم لە خوارەوە ئەم چەند دیرە بخـــــەمەوە بەر چاو کە وەختی خوی لە لایەن نووسەری ئەم باسەوە لە گەلاویژ لە وەرامی خویندەواریکا نووسراوە کە داوای کردبو گەلاویژ چەند لاپەرەیەکی بکا بە لاتینی :

( لامان وایە خویندەواریکی کورد نیە لە ئەلفوبی و نووسینی =

بەر لەوەی ئەم بەشەی باسەکەم ببرینمەوە دیپویکی کەی مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسین هەیە بە پیویستی ئەزانم بیخەمە پیش چاوی خویندەوار و زانایان بو لیکولینەوەی کە ئەویش ئەمەتە :

هەندی لە خویندەواران لە رووی دلسوزی یا خوین گەرمی‌یەوە داوا ئەکەن کە بە پەلە دەست بکری بە کوردی بە لاتینی نووسین

---

=

ئیمروی کوردی رازی بی ، وە وەکو چەند جار باسمان کردووە بو ئەوەی ئەلفوبی‌یەکی باش پر بە پیستی تەواو بو زمانی کوردی دابنریت پیویستمان بە تیکوشینیکی زور هەیە **بو بەستنی کومەلیك** کە هەمو زانایانی زمانی کوردی چە خو و چە بیگانەی تیا بی جگە لەمانە یارمەتی پسپورانی ( زانینی پی‌گەیاندنی منال ) یشمان زور پیویستە ئەوسا دوای لیکولینەوە و بەراوردیکی زور ئەتوانری ئەو ئەلفوبی‌یە داینریت کە زمانی کوردی بە ئاسانی پی بنوسری وە بە رەوانی بخوینریتەوە ۰ ئەگینا وا گەلاویژ هات لەسەر قسەی ئیوە چەند لاپەرەیەکی تەرخان کرد بو کوردی بە لاتینی نووسین لیرەدا هەزارویەك کوسپمان دیتە ری یەکەمیان ئەوەیە کە نیاز لە نووسین بە ئەلفوبی‌ی لاتینی چیە ؟ ئەوەیە کە : ( A, B, C, D, ) وەکو لای رومان ناو ئەبرین وەرگرین و کوردی پی بنوسین ؟ یان وەکو لە ئینگلیزی یا فەرەنسزی‌دا ناو ئەبرین وەریان بگرین و کوردی پی بنووسین ؟ بی‌گومان ئەمە نابی وابی چونکە وەکو ئەزانین ئەلفوبی‌ی لاتینی چەوەکو خوی‌و چەوکو ئینگلیزو فەرەنسەیی‌کان بەکاری ئەهینین بەکەلکی کوردی نووسین نایە و گەلی پیت و دەنگی ناتەواوە ۰ خو ئەگەر بی‌ین ئەلفوبی‌ی لاتینی وەکو کەرەسەیەکی خاو وەرگرین وە ناوی خویانیان لەسەر لابەرین بە پی‌ی پیویستی زمانەکەمان

لەناو خویندەواران خویاندا وە لە هەندی لاپەرەی روژنامەو گوفارە کوردی یەکاندا •

گریمان هەمو خویندەواران و زانایانی کورد لەسەر • یەك ئەلفوبی ی

سەرلەنوی ناویان بودابنی ین پیم نالی یت بە چە هەقیك ئەتوانین بیری خومان بەسەر خویندەواراندا بسەپینین ؟ بە لای گەلاویژەوە هیچ تاقە کەسیك هەقی ئەمەی نی یە • رەنـــگە بلین : بو بەو لاتینی یە نانووسن کە بلاو بوتەوە ؟ ئەلی ین : چونکە سێ چوار لاتینی هەیە لە ناواندا ، یەکیکیان ئەوەیە کە لە سووریە روژنامە و گوفاری پی دەرئەچی کـــە ئەمە کوتومت ئەلفوبی ی تورکی تازەقەلایە • دووەمیـــــــان ئەو ئەلفوبی یە یە کە بە هی « توفیق وەهبی – ئەدموندس » ئەناسری کـــە دانەری ئەم ئەلفوبی یەش وەکو برا کوردەکانی سووریە بەلگەی زوری چاکی ئەلفوبی کەیان نیشان ئەدەن • سی یەم ئەلفوبی ئەوەیە کە کوردەکانی وولاتی سوفیت پی ی ئەنوسن و ئەخوینن جگە لەمـــــــانە ئەلفوبی ی « میجەرسون – م • باشقە » هەیە لەگەل کومەلی ئەلفوبی ی تر کە هەربیگانەیەك ویستبیتی کوردی فیر بی بو خوی داناوە • جا ئیمە لەم هەموو ئەلفوبی یە کامیان پەسند بکەین و بە کامیان بنووسین ؟ رەنگە بووتری بە چاکترینیان ، وەلی کامیـــــــان چاکترینیانن ، وە ئاخو ماوەی ئەوە نی یە کـــــە لەم هەموو – ئەلفوبی یانە یەکیکی وا بهینریتە کایەوە کە چاکی هەموویانی تیابی و خراپی و ناتەواوی یەکانیانی لی بەدەر بی ؟ وەرامی ئەم دوو پرسیارە پیویست بە بەستنی ئەو کومەلە ئەکات کە لـــــە سەرەوە باسمان کرد – ••

**« گەلاویژ – ژمارە ( ٧ ) سال ٩٤٦ »**

لاتینی یەك کەوتن • بە بیری من لەم حالەشدا مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسین شەقاویکی گەورە دوور لە جیبەجی کردن رائەوەستی چونکە بە چە دەسەلاتیك نووسین بەو ئەلفوبییە بەسەر خەلـــــکدا ئەسەپینری ؟ رەنگە بووتری خویندەواران خویان لە ناو خویاندا دەست بکەن بە بەکارهینانی و گوفار و روژنامەکان بەکاری بهینن خەلکیش فیر ئەبی •

بەلام کار بەمە جیبەجی نابی خوینەرەوە هەمو وەکو یەك نین ، فیرکردن لە قوتابخانەکان و نووسین لەو دائرانەدا کە زمانی کوردی بەکار ئەهینین لە دەسەلاتی خویندەواران وە خاوەن گوفار بەدەرە • گورینی شتیکی گرنگی وەکو ئەلفوبی کە پەیوەندی بە ژیانی زانستی و خویندەواری و گیانی و کومەلایەتی و سیاسی گەلەوە هەیە بەم تەقەلا یەکتەنی و دەستە پارچەییە ناکری • نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی لەناو خوینـــــدەواران خویاندا یا لە لاپەرەی هەندی گوفار و روژنامەدا ــ بەر لەوەی بە لاتینی نووسین کوردی لە لایەن حکومەتەوە پەسند بکری و یارمەتی بدری ــ تەقەلایەکی بیسوود رەنجیکی بی بەرە نەك هەر ئەمە بگرە گەشە کردنی خویندەواری کورد دوواتر ئەخات بەوەی کە خویندەوارانی باش لە نیوە خوینـــــدەوار و تازە پیگەیشتووان برر ئەدات ، خویندەواری پیگەیشتوو و پیشکەوتوو لە چوارچیوەیەکی تەسکا قەتیس ئەهیلیتەوە ، کەلینیکی گەورەی لە پر کردنەوە نەهاتوو ئەخاتە میانی گەل و دەستەی خویندەوارانی باشیەوە • لەبەر ئەمە لە مەسەلەی کوردی بە لاتینی نووسینا خویندەواران و زانا و تیگەیشتووان دوو فرمان ، یان ، راستتر فرمانیکی دوولانەیان لەسەر

شانه ، دووای ئەوەی چاکترین ئەلفوبی بو زمانی کوردی دائەنین ، نەء بگرە لەو ماوەیەشدا کە خەریکی دانانی ئەم ئەلفوبی‌یەن لە لایەکەوە پیویستە نەك هەر بە تەنیا باش و بە کەلکی ئەم هەنگاوە لە گەلی کورد بگەینن بگرە ئەبی یارمەتی و پشتیوانیشی دەســـــتخویان بخەن بو سەرخستنی کارەکە •

لە لایەکی تریشەوە ئەبی تیکوشـــن بو ئەوەی نەك هەر رەزای حکومەت وەرگرن بو هاویشتنی ئەم شەقاوە ، پیویستە هەمو یارمەتیکی مادی و مەعنەویشـــــی لی وەربگرن بو لەناو بردنی ئەو قورتانەی بەرهەلستی جی‌بەجی کردنی ئەکـــات • وە لام وایە بە هاوکاری هەمووان و یەکگرتنیان لە مەیدانی ئەم فرمانە نەتەوایەتی‌یەدا گەیشتن بەم ئامانجە ئەوەندە دوور نەبی وەکو هەندی بەد ـ بین بە بیریانا دیت • بە تایبەتی ئەگەر نەهیلین هیچ ناکوکی‌یەکی کەمان ببیتـــە هوی یەك نەگرتنمان بو پیکهینانی ئەم فرمانەی هەموو لایەکمان لە کانگای دلەوە حەز بە جی‌بەجی کردنی ئەکەین •

---

شەرەشەقیان نە ئەکرد

لادی‌یەك ـ کە یەکەم جار یاری فوتبولین ئەبینی ـ دوای تەواوبونی یاریەکە لی‌ی ئەپرسن :ـ

ـ چون بو بە دلت بو ؟

ـ نە بەخوا !! چونکە ئەگەر توپیکی تریشیان بدایە بە لاکەی تر هیچ لایەکیان مغدور نە ئەبون و ئەم هەمو شەرە شەقەیان لەسەر نە ئەکرد •

# شەڕو ئاشتی

نوسەری : **شـــاکر فتاح**

**شەر دو جورە :**

شەر دو جورە ، شەر هەیە ئەکری بو مەبەسی خوپەرستی ، واتا بو داگیر کردن ، بو دیل کردن ، بو خو هەلکیشان ، بو ئازاردان ، شەریش هەیە ئەکری بو سەندنەوەی ئازادیو سەربەستی ، بو گیرانەوەی زەویو سامان ، بو لابردنی تەنگو چەلەمەی زورداریو هەژاریو نالەباریو نەخوشی • لەبەر ئەوە جورە شەری یەکەمیان شـــــەری دوژمنایەتیی پی ئەلین ، چونکە دوژمنایەتیی لی پەیدا ئەبی ، جورە شەری دوەمیشیان پیی ئەلین شەری دوستایەتی • چونکە دوستایەتیی لی پەیدا ئەبی •

**شەر هەر خراپە :**

شەر هەر خراپە ، لەبەر ئەوە شەری دوژمنایەتی خراپە : کـــە ئەنجامی دوژمنایەتیی‌یە ، وە هیچ کەلکیکی تیا نابی بو ئەو لایەی کــــە شەرەکە هەل ئەگیرسینی ، تەنانەت ئەگەر سەریش کەوی ، چونکە خوا جەوروستەم لە کەس پەسەند ناکات ، دوایی زورداریش هەر سەر ئەنگری ئەکاتەوە • جگە لەوە هەروەک لای شکاو زیانی لی ئەکەوی لای سەرکەوتویش هەر زیانی لی ئەکەوی !••

شەری دوستایەتیش هەرچەندە بە پێی ئەنجام بە کەلکە ، بەلام دیسانەوە زیانو سەرگەردانیی بو هەردولا تیایە وەک شـــــەری دوژمنایەتی •• من دلنیام کە روژیک دیت دانیشتوانی هەمو سەر زەمین بە چاویکی سوک سەیری شەر ئەکەن ، هیچ جورە شەریکیش پەسەند ناکەن ، هیچ شەریکیش ناکەن ، چونکە هەرچونیکی لیک دەیتەوە ، شەر کردنەکەی پرە لە کردەوە نەنگیو خو پەسندی ئەنجامەکەی پرە لە سەر گەردانیو مالویرانی • لە ئەنجامی هەمو شەریکا ، هەمیشە پارستاییی رەووشتو خوی بلند نیشتوتەوە نەخوشیی لەشو هوشو گیان داکەوتونو بلاو بونەتەوە •• هەمیشە لاوە هەرە بەهیزو تەواناکان کوژراونو لەناوچون ، نەخوشو پەککەوتەو داماوەکان ماونەتەوە •• لەبەر ئەوە کومەل بەجوری تیکرایی کزتر بوە لە لەشو لە هوشیو لە گیانو لە ساماندا • جگە لەوە هەمو شەریکیش ، تووی هەلگیرساندنی شەریکی سامناکترو گەورەتری چاندوە ئنجا براوەتەوە ••

لەبەر ئەوە پیویستە شەری دوستایەتی نەکری هەتا هەمو جورە تەقەلاو کوششیک رەنجەرو ئەبن بو سەندنەوەی ئازادیو سەربەستیو پەشی خویان • بەلام شەری دوژمنایەتی هەر نابی بکری ••

**هوی شەر :**

شەری دوژمنایەتی هوی زورە وەک خوپەرستی ، چاوبرسیتی ، ئارەزوی زورداریو دەسەلاتداری • ئارەزوی ناوبانگو خوپیشاندان ، ئارەزوی سەرداری ••

ئەگەر بهاتایە هەمو تاکو تەرایەکی گەلان بو تیگەینیرایە لە هەستو

نەستی شەرو ئەنجامی شەری دوژمنایەتی ، لام وایە هیچ گەلیـــك ئارەزوی شەری نە ئەکرد ، وە ماوەی سەرکردەکانی خوی نەئەدا کە بە ناوی ئەوەوە شەر هەلبگیرسیین لەگەل گەلانی بەسەزمانو بی تاوانی تردا ••

بەلام داخەکەم هیشتا ئەو گەلە خویندەوارە تیگەیشتوە پی گەیشتوانە لە جیهاندا پەیدا نەبون • هیشتا ئەو سەرکردە پاكو دلسوزو کردەوە بلندانە زور نەبون کە بتوانن واز لە کەلکی خویان بینن بو کەلـــکی گەلەکانیان • یان گەلەکانیان لە خراپیی شەری دوژمنایەتی تیبگەینو ماوەی شەرکردنیان نەدەن • لەبەر ئەوە هیشتا گەلە بەسەزمانەکانی جیهان ، وەك مەر بەدەست سەرکردە گورگەکانیانەوە سەر ئەبررینو ئەکوژرینو لەناو ئەبرین !•• ســـــەرکردەی جەنگاوەرەکـــان بو دەست کەوتنی ناو بانگو پایەو نیشان ، دەولەمەندە کان بو دەست کەوتنی پولو سامان ، سەرکردە فروفیلبازەکان بو چنگ کەوتنی پایەو مایەو ناو ، یان بو ساریژ کردنی دەردی دلی خویان لە پایەمال کردنی دوژمنە کانیاندا ، هەروەها سەروکە ئاینییەکـــــان بو مانەوەی نەوازشو دەست کەوتو ئارەزووانی خویان ، ئەم دررندانە هەمو ، هەمیشە ئاواتە خوازی شەری دوژمنایەتی هەلگیرساندنن لە کوششو تەقەلای ئەوەشدان کە گەلەکانیان چەواشەکەنو بیان کەن بە گژ گەلەکانی تردا بو کەلکی نایەســـــەندی خویان •• ( پاپای ) ئەوروپاو شـــــاهەکانی ئەوروپاو سەرکردەکانی جەنگو بازرگانە گەورەکان ، شەری دوژمنایەتییان چەند سەد سالیك لەمەوپیش هەلگیرساند لەناو گاورەکانو ئیسلامەکاندا، بە ناوی پاراستنی جیگا پیروزەکانی گاورەوە •• کەچی لە راستیا شەری

دوژمنایەتی‌و زەوی داگیردن‌و پارە دەست خو خستن‌و دەسەلاتداری‌و خو پەرستی بو !••

لە شەری « قریم » دا قەیسەری روس لە لایەکەوە ، خونکاری تورکیش لەلایەکەوە ، ئالای پاراستنی ئاینیان هەلکرد ، وهەر دولایان بەناوی خوا ناسی‌یەوە گەلەکانی خویان بەشەردا •• کەچی لە راستیا بو دەست کەوتنی زەوی‌و سامان‌و کەش‌و فشی سەرداری بو !•• هەروەها جووەکانی ئەمەریکاو ئەوروپاش بو فروشتنی کەل‌و پەلی کارخانەکانیان ، بە هەزار فروفیل‌و چاووراو توانی‌یان شەری گەورەی یەکـەم و دووم هەلگیرسینن لەناو گەلانی جیهاندا •• وا ئیستاش خەریکن شەریکی‌تر هەلگیرسینن بو کەلکی ناپوختەی خویان ••

( ئەندەلوس )ی گاوور کە داگیر کرا لەلایەن ئیسلامەکانەوە بە هانەدانی بازرگانانی جولەکە •• ( ئەندلوس )ی ئیسلامیش کە داگـیر کرا لە لایەن گاورەکانی ئیسپانیاوە هەر بە هانەدانی بازرگانە کـانی جولەکەبو !••

ئەگەر تەنیا شەریک هەبی کە پیروزو بەرز بژمیرری ، مەگەر ئەو شەرە بی کە گەلەکانی سەر زەمین هەمو چاویان بکەنەوەو ئەو سەرکردە خراپانەیان لابەرن کە هەمیشە بو کەلکی خویان بو کەلکی ناپوختەو نەنگ‌و ناپەسەندی خویان گەلەکانی جیهان ئەکەن بە گژ یەکا •• بەلی ئەو روژەی کە تیگەیشتن‌و پیگەیشتن بە تەواوەتی بلاو ئەبیتەوە بەناو هەمو گەلەکانی جیهاندا ، ئیتر ئەو جورە سەرکردە دروزنە فروفیلبازە ناپاکانە نان ناخون ، لەسەر دەزگای دەسەلات و سەرکردەیی نامینن ،

ئیتر ناشتوانن گەلان چەواشە کەن و بو کەلکی خویان شەریان لەناودا هەلگیرسێنن کە هەتا هەتا نەکوژێتەوە ••

بەلی ئەم جورە شەری دوستایەتی ، یاخود شەری ئاشتی یە پیویستە بکری • بەلام پیویستە لەپاش وەرگرتنەوەی بەشی خوراو لە ئازادی و سەربەستی زەوی و سامان ، بنچینەی ئاشتی و دوستایەتی و ئاسایش دامەزرینری لەگەل گەلاندا •• ئنجا لەناو چینەکانی ناو خودا •• پیویستە دەزگایەکی حکومتی وەها دامەزرینری بو گەل کەئیتر گەل چینە چینە نەمینیتەوە ، ئیتر شورش و شەرو ناکوکی بە بیردا نەیێتەوە • بەلکو لە بریتی ئەوە هوگری یارمەتی و کوکی و برایەتی و خوشەویستی بی لەناو خوی‌دا و لەگەل گەلانی تری سەر زەمین‌دا ••

وەکو گوتمان تەنانەت ئەم شەری دەستایەتی و ئاشتی یەش نابی بکری هەتا لە هەمو تەقەلاو کوشیشک وەرس نەبین •• ئەگین تەنگ و چەلەمەو گیروگرفتی ژیان هەموی ئەتوانری لەسەر بنچینەی برایەتی و ئاسایش و تیگەیشتن ببرینریتەوە •• واتا پیویستی بەشەرو شور نیە •• ئەم دەستورەش هەروەك بو ناو گەلان ئەتوانری بەکار بهینری ئەتوانری بو تاك و تەراکانیش ( افراد ) بەکار بهینری ••

**شەری تاك و تەرا :**

شەری ناو ئەم و ئەو یاخود شەری ناو تاك وتەراله زورداری ی یەکیکیان یان زورداری ی هەر دوکیانەوە پەیدا ئەبی •• پیاوی زوردار پیاویکی تیگەیشتوو پیگەیشتوو نیە • پیاویکی ژیر نیە • پیاویکی کردەوە نەنگ و بەدخوو و ناشی یە• پیاویکی خو پەرست و چاو برسی و پروپوچە•

پیاویکی بەکەش‌و فش‌و خو هەلکیشە • پیاویکە دلی بە گوی‌ی هوشی ناکات • لەبەر ئەوە دلی چی ئارەزو بکا ئەوە ئەکات • دلی ماوەی هوشی نادات لە شت بکولیتەوە ، ئەنجامی کارەسات لیک بداتەوە ، ئەوی بو ئاسایش‌و سەربەرزی پیویستە بیکا ت• دلی ری‌ی ئەوانەی نادات • دلی هوشی کردوە بە دیل • لەبەر ئەوە دەست ئەبات بو سەرو سـامان‌و ئابروی ئەم‌و ئەو • زورداری لەمو لەو ئەکات •• دلی ئەم ئەشکینی، ئابروی ئەو ئەبات ، زەوی ئەو داگیر ئەکات ، دزی لەوی‌تر ئەکات • ئەم ئەکوژی • بەوی تر جنیو ئەدات •• بەلی پیاوی بی هوش ، زورداری وا ئەکات ••

بەلام ئەنجام !!•• ئەنجامی ئەم زوردارە ئەوەیە ، روژیك توشی یەکیك لەخوی بەهیزتر دیت ، ئەچی بە گژیا ئەیشبکینی ، تولەی هەمو کەسیکی‌شی لی ئەکاتەوە •• یاخود ئەو زورلی‌کراوانە بەرە بەرە هوشیان دیتەوە بەر خویان ، لەژیرەوە یەك ئەگرن ، هوروژمیکی بە هیز ئەبەنە سەر ئەو زوردارە ، تا تەخت‌و تاراجی تیك نەدەن‌و تولەی خویانی لی نەکەنەوە وازی لی ناهین ••

## کەس زورداری‌ی بو ناچیتە سەر :

زورداری پەتو نابات ، ئەتوپی ، کەس زورداری‌ی بو ناچیتە سەر • چونکە خوایەك هەیە بەو سەرەوە چاودیری‌ی دادخواهی ئەکات • دەستی زورلی‌کراوو داماوان ئەگری • پشتیوانی‌ی لی‌قەوماوان ئەکـات • زورداران سەرئەنگری ئەکات • بو ئەمەی دوبارە دادخواهی بلاوبیتەوە بەناو گەلا ، بەناو هەمو گەلاندا •

شاهەنشاهەکانی عەجەم ، ئیمپراتورەکانی روما ، خونکارەکـانی

تورك ، كە مەستی دەسەلاتو هیزو سامان بون ، پریاندایە گەلە بە سەزمانەکانی خویانو دەورو پشتیان •• دەستیان کرد بە زورداری •• دوایی چاوتان پی‌کەوت لە میژودا : کە چون زور لی کراوان لی‌یان راست بونەوە ، چون سەر ئەنگری‌یان کردن !••

سەرەك هوزیك لە هەورامان ، چاوی بری‌یە ژنی نوکەریکی خزمی خوی ، لە شەوی بوکینی‌دا کچەکەی خراپ کرد •• بەلام ئەزانن چە وەرامیکی لە نوکەرەکەیەوە وەرگرتەوە ؟•• پانزە روژیکی پی نەچو ، نوکەرەکەی خوی گوللەیەکی نا بە کەللەی سەریەوە ، گیانی لەبەر بری !••

خیزانیك ئەناسم ، باوکو دایکو کور هەرسیکیان ، بەقسەی رەقو ناخوش‌و ناشیرین‌و قیرە قیرو شاتە شات دلی گەلیك کەسیان شکاند ، زوریان لە زور کەس کرد ، لە ئەنجاما هەر سیکیان لە ماوەی دە سالیك‌دا بە گوللەی زور لی کراوان گیانیان لە لەشیان جوی کرایەوە !؟

( هیتلەر ) و ( موسولینی ) هەردوکیان گەلی خویان توشی دیلی‌و بەندەیی کرد ، کردیانن بەگژ جیهان‌دا ، دوایی هەر دوکیان هەریەکە بەگوللەیەك دوایی بە ژیانیان هینرا ••

**مەبەسی ژیان چیە ؟ :**

مەبەسی ژیان ئەوەیە کە خوشی ژیان ببینین وەختیکیش ئیمە ئەتوانین خوشی لە ژیان ببینن کە خوشەویستی‌و برایەتی‌و یەکیتی‌و یارمەتیمان لەناودا هەبی ، و ئەمانەش تا سەر بن تاکو لەناوماندا ئاسایشی تا سەرپنك بی • ئەو بەختیاری‌و کامەرانی‌یەش کە ئاواتی هەمو لایەکمانە ، تەنیا

لەسەر چاوەی خوشە ویستیو برایتیو یارمەتیی گشـــت لاییەوە هەڵئەقولی ••

ئەو وەختەی کە هەمو کەس لەسەر زەمینا ، ئەبیتە خویندەواری تەواو ، ئەبیتە خاوەن دلی پاكو زبانی پاكو کردەوەی چاك ، ئەبیتـــە گەورەی خوی ، واتا جلەوی دلی بە دەســـــت هوشییەوە ئەبیو بە سەرپەرشتیی هوشیەوە ئەروات بەریوە •• ئەو وەختـــــە ئاسایشو خوشەویستیو کامەرانی لە هەمو کلاوەی سەرزەمینا فەرمان رەو ئەبی •• ئەو وەختە شەرو شورو جوینو خوینو ناکوکی نامینی •• ئەو وەختـــە دانیشتوانی سەرزەمین وەك یەك خیزانیان لی دی ، ئینجا جیهان ئەبیتە خانویکی هەمویان •• یەك حکومەتیان ئەبی • یەك زوبانیان ئەبی • یەك پارەو ویەك پولی پوستەو یەك جورە خویندەوارییان ئەبی •• ئەو وەختە جیهان وەك بەهەشتی لی دی ، ئامانجی هەمو رابواردنیکی ناوازەی خوشی پر تەندوروستیو سەربەستیو بەختیاریو کامەرانی ئەبی ••

جا کەوای لیهات بام هەر لە ئیستاوە هەرکەسەمان خوی بو ئەو ژینە ئامادە کات • یارمەتیی براکانیشی بدات بو ئەوئامادە بونە •• واتا بام هەر لە ئیستاوە تیکوشین بین بە پیاویکی تەواو ، یەکتر بکەین بە پیاوی تەواو : دلیکی پاكو زبانیکی پاكو کردەوەیەکی چاك بو خومانو بو هەمو لا پیك بینین •• تا بەو ئامانجە پیروزو بەرزەمان بگەین ••

**جیهان بەرەو چاکی ئەروا :**

لەگەل ئەم هەمو شەرو شورو بەد کردارییەشیدا کە ئیمرو لە ناو جیهاندا ئەیبینین ، من باوەرم وایە کە جیهان بەرەو چاکی ئەرواو دوایی

هەر ئەگاتە ئەو ئامانجەی ئاواتی بو ئەخوازین •• واتا ئەبێتە یەك خیزان لەناو یەك خانوا •• بەلام خیزانیکی بەختیار لەناو خانویکی ناوازەدا ••
هەست پی ئەکەم کە لەم ئاواتەم زور کەس پی ئەکەنی ، زور کەس سەری سور ئەمینی •• چونکە ئەو هیوایە لەم دانیشتوانی جیهانە خراپانە ناکات ••

بەلام بروا بکەن کە ئاواتەکەم راستەو دیتە دی •• نەء ، بمبەخشن ئەمە ئاواتی من نیە •• ئاواتی خوایە •• بەلکو ئامانجی خوایە •• مەبەسی خوا لە ناردنی پیغەمبەرەکانی بو ناو دانیشتوانی جیهان هەر ئەمە بوە کە بیانخەنە سەر ئەم ریگایە ، کە بیان گەیننە ئەم ئامانجە ••

ئەم شەرو شورو جوینو خوینەش کە ئیستا ئەیبینین لە جیهاندا و میژو بینیویتی لە جیهاندا ، دیسانەوە هەمو هەنگاویکن دانیشتوانی جیهان ئەی هاویژن لەم ریگایەدا بو گەیشتن بەو ئامانجە ••

ئەم سەرگەردانیو کوشتاری ناو جیهانە وەك هاوار فریادی ئەو نەخوشە وایە کە لە ژیر نەشتەر کاریی پەزیشکیکی پسپوردا ئەیکات •• چەند روژیکی پی ناچی نەخوشەکە چاك ئەبیتەوەو سوپاسی پەزیشکە کە ئەکات •• دانیشـــــتوانی جیهانیش لەپاش ئەم شەرو کوشـــــتارو سەرگەردانییە هوشیان دیتەوە بەرخویانو ریگای چاکە ئەگرنە بەرو بەم ئامانجە پیروزو بەرزە ئەگەن •• ئەوسا کە سوپاسی پەزیشکی مەزن واتا خوای بی هاوتا ئەکەن کە ئەم نەشتەرکارییەی کردون ••

دیسانەوە ئەیلیمەوە : جیهان بەرەو چاکی ئەروا •• زور بەتیژیش بەرەو چاکی ئەروا ••

تەلەفونو بی‌تەلو رادیو لە هەناسەیەکدا لەدەردو ئازارو خوشی‌و بەختیاری‌ی هەمو دانیشتوانی جیهانمان ئاگادار ئەکەن •• شاخ‌و کیوو دەشت‌و دەرو زری‌و روبارو ریگەوبانی دورو دریژ لە بەرامبەر هیزی بروسکەیی تەلەفونو بی‌تەلو رادیودا خویان پی ناگیری ، بەرگە ناگرن ، هەر وەك نەمابن وایە •• لە بەرامبەر فروکەو ئوتوموبیل‌و شەمەندەفەرو کەشتی‌دا ، ماوەی ریگا دورەکان نەماوە ، وەک تەنگی هەرد کیشرابیتەوە وەهایە •• روژ بەروژ تیکەل‌بونی گەلان بە یەکترو خویندەواری‌ی گشت‌لایی لە ناو دانیشتوانی جیهاندا زورتر بلاو ئەبیتەوە ••

گیانی چاکەو کوششی مەردانە بو پیش‌خستنی هەمو دانیشـــتوانی جیهان روژ بەروژ لە پەرە سەندن‌و بلاو بونەوەدایە •• (کومەلی گەلان) ، ( کومەلی نەتەوە یەك‌گرتوەکان ) ( یەکیتی پوستەو تەلگراف ) ، ( دادخانەی گشت لایی لە لاهای ) ، ( ئەنجومەنانی گەلان ) کە لەم حکومەت‌و لەو حکومەتا ئەگیرین بو بەرەنگاری کردنی نەخوشـــــی‌و پیش‌خستنی کاروباری شینایی ( زراعە )و کشت‌وکال‌و ئاوەدانی‌و ریک‌خستنی گوند •• داهینانی ، ئەلەکتریک‌و سینەماو چاپ‌و تەلەفیزیون ••

ئەمانە هەمو بەلگەن کە دانیشتوانی جیهان بەرە بەرە چاو ئەکەنەوە ، ووریا ئەبنەوەو لەوە تی‌ئەگەن کە هەمو یەك خیزانن ، خوشی‌و ناخوشی‌یان

یەکە ، یەك خانوویان هەیە : پیویستە • ئاوەدانی کەنەوە ، ئەویش کلاوەی زەمینە •• پیویستیشە تیا بەخوشی بژین ••

بەلی ئەمانەو گەلی شتی تریش بەلگەن کە دانیشتوانی جیهان هەمو تەکان ئەدەن بو یەك ناسین ، بو یەك بون بو یەك خیزانی ، بو برایەتی ، بو خوشەویستی بو ژینیکی پر بەختیاری ••

ساخوا ئەم ئاواتە بلندو پیروزەمان بهینیتە دی •• جیهان لە ژینیکی پر ئاسایش‌و ئاشتی‌و خوشەویستی‌و کامەرانی‌دا ببینین •• لە جیهان نیشتمانیکی ئاوەدان ، لە دانیشتوانی جهانیش گەلیکی ئازاد ، بەختیار ، پیك بیت •

---

### گولی سەربەستی

گەلی شیرین‌تر لـــە خونچەی بەهار
ناسک‌تر ، جوانترلە شەوبوی نازدار
گەش‌تر ، لە دیدەی وەنەوشەی نەزار
گولیکە ناوی گولی ( سەربەستی )
مەردە: ئەو کەســـەی بگاتە دەستی
بەختیار زیوەر

# کوردانی بە ناو بانگ
# دینەوەری یەکان

بەخامەی :
**جەمیل : بەندی رۆژبەیانی**
مەندەلی

**٥ ـ ئیبن خازین الدینەوەری :**

ئەبو الفەضل ئەحمەد کوری محەمەد کوری فەضل کوری عەبد الخالیق : یەکیکە لە دانەرە هەرە بەرزو بەناوبانگەکان ، و لە ویژەوانە ( ئەدیب ) شاسوارەکان ، وە لە نووسەرە خوش‌نویسە چیرر ( خەط ) جوانەکان سالی ٤٥١ کو ( ١٠٥٨ زا ) لە بەغدا هاتووەتە جیهانەوە لە سای خویندنو خویندەواریدا پەروەردە بووە ، وە بەو چـــــیررە ( خەط ) جوانەی ، کە ناوبانگی خوش نویسی پیوە وەرگرتووە ، گەلیك ژمارەی لەنامەی ( مەقامات ) روونووس کردووە ، لەگەل نووسراوەکانی خویا ٠ لە هونینەوەی هەلبەستیشا دەسیکی بالای هەبووە ٠ دیوانی هەلبەستی لەلایەن کورەکەیەوە (ئەبو الفەتح نەصرواللای نووسەری بە ناوبانگ) کو کراوەتەوە : ئەمە نموونەی هەلبەستی جوانی پر لە نیکتەی دل رفینیتی :

« من یستقم یحرم منـــــاه ، ومن یزغ
یختص بالاســــــــــعاف والتمکین »

« انظر الی الالف استقام ففـــــــاته
عجــــم ، وفاز به اعوجــــــاج النون »

★ ★ ★

ئەمەش جوریکە لە هەلبەستی شەیدایانەی :

« من لی ! بأسمر حجبوه بمشـــــــله
فــــــی لونه والقد والعســــــلان »

« من رامه فلیدرع صـــــبرا عــــلی
طرف الســـــــنان وطرفه الوسنان »

« راح الصـــــبا تثنیه لا ریح الصـــــبا
ســـــکران بی ، من حبه ســـکران »

« طرف کطرف جامـــــــح مرح متی
أرســـــلت فضل عنانه عنـــــانی ! »

ئەم هەنەرمەندە مانگی « صەفەر »ی سالی ٥١٨ کو ٠ ( ١١٢٤ زا ) ـ یاوەکو « ئیبن جەوزی » ووتویە ٥١٢ کو ٠ ( ١١١٨ زا ) مەرگ ذاوینی گرتووە (١)

## ٦ ـ نەصروالالاه کوری ئیبراهیم کوری ئەبونەصر کوری حوسەینی دینەوەری :

ئەم پیاوە ، سالی ( ٥٢٠ کو ) لەدایک بووە وە لە بەغدا گەورە

(١) ئیبن خەلەکان « ١/١٣١ » ، وەقاموس الئەعلام « ١/٦١٩ » ٠

بووه ـ لای زور کەس خویندوویە ، یەکیك لە ماموستاکانی « ئیبن عەبد السەلام » ە • بنە مالەکەی بە بنە مالەی ( حەمامچی ) ناوبانگیان هەبووە • خوی مروفیکی ویژەوانی ووشیار بووە وە لە دوستوری زمانی عەرەبیدا ( نەحو ) زور شارەزاو هونەرمەندبووە • زور داخ ، کە سەرگوروشتی تەواوی نەزانراوە • (١)

**٧ ـ ئەبو محەمەدی دینەوەری : جەعفـــەر کوری هارون کوری ئیبراهیم دەستورزان ( نەحوی ) :**

زور مەخابن کە سەرگوروشتی تەواوی نەزانراوە ، تەنها ( ئیبن شاذان ) سالی ( ٣٤٤ کو • ) لە زمانی ئەمەوە : هەندی شـــــتی گیرراوەتەوە (٢)

**٨ ـ ئەبو بەکر ضەررابی دینەوەری :**

ئەحمەد کوری حەسەن کوری ئەحمەد : یەکیـــــکە لە زانایانی فەرمایشت ( حەدیث ) زور بەناوبانگ • لای گەلی ماموستای بەرزی وەکو ( محەمەد کوری عەبدالعەزیز کوری موبارەکی دینـــــەوەری فەرمایشت فیربووە ، وە لە پاشان لەگەل لەشکری شالاو هینەرا هاتووەتە بەغدا ، وە لەویوە بەرەو ( طەرسوس ) چون ، وە لە دوایيا گەرراوەتەوە وە زور فەرمایشتی کوکردووتەوە • روژی چوارشەمە ٤ جومادە لئولا

(١) موعجیم الئودەباء « ٢١٨/١٩ ، ٢٢٦ » ••
(٢) موعجیم الئودەباء « ٢٠٥/٧ » •

سالی ( ٣٢٨ کو ٠) له بەغدا ، چنگی مەرگ گیانی دەرکردە [١].

## ٩ ـ ئەبوالعەباس وەکیل دینەوەری :

ئەحمەد کوری حەسەن کوری ئەحمەد : یەکیـــکە لە زانایانی فەرمایشت پیاویکی راستگو وە جیـــــگە باوەر بووە • گەلی نامەو نووسراوی داناوە لە بەغدا ، لە گەرەکی باب الئەزەج ( باب الشیخ ) ی ئیستە دائەنیشت • [٢]

## ١٠ ـ ئەبوعەلی دینەوەری :

ئەحمەد کوری جەعفەر : یەکیکە لە زانایانی هەرە بەناوبانـــگ لەدوستوری زبانی « عەرەبی »دا شاری دینەوەری بەجی هیشتووە ، وروی کردوتە « بەصرە » ، لەوی لای « مازنی » خویندویە ، لەپاشا گەرراوەتەوە بەغدا لای ( موبەررید ) دەسی کردووە بە خوینــــدنی نامەکەی « سیبەوەیهی » بەناوبانگ کە بە « کیتاب سیبەوەیهی » ناسراوە • خەلك لییان پرسیوە : بوچ لای ثەعلەب )ی خەزورت نایخوینی ، کە لەسەر ئامەدی زانایان ئەژمیری ؟ لە وەراما ووتویە : « ثەعلەب » نامەکەی ( سیبەوەیهی ) نەخویندووە ، وە هەر بەزانســـتی خویا را ئەپەرموی بو زانینی • بەلام ( موبەررید ) لای خەلك خویندوویەتی وە چاتری ئەزانی • ئنجا ( بەغدا )ی بەجی هیشتووە وچووە بو ( میصر ) لەوی بووە بە پشتیوانی رچی ( بەصری ) کان ، وبەرمبەر بە پیشتیوانانی

---

(١) تەءریخ خەطیب بەغدادی « ٤/٤٢٧ » •
(٢) تەءریخ خەطیب بەغدادی « ٤/٩٣ » •

( رچی کوفی ) کان وەستاوە • کە ( ئەخفەش ) چووە بو « میصر » ئەو ( میصر )ی بەجی هیشتووە ، گەرراوەتەوە «بەغدا» ، کە (ئەخفەش) گەرراوەتەوە بو « بەغدا » ئەو چووەتەوە بو ( میصر ) •

گە لی‌نامەو نووسراوی داناوە • بەلام ئەوەی کە ئیمە ناومان زانیبی ئەمانەن :

۱ ــ ئەلموهەذذەب فی النەحو •

۲ ــ موختەصەر فی ضەمائیر القورئان •

۳ ــ ئیصلاح المەنطیق •

سالی ۲۸۹ کو • ( ۹۰٤ زا ) لە میصر کوچی دوایی کردووە • (۱)

**۱۱ــ ئەبو بەکر فریابی دینەوەری :**

جەعفەر کوری محەمەد کوری حەسەن کوری موستەفاض : سالی ۲۰۷ کو دایك بووە • سالی ۲۲٤ کو • ( واتا لە تەمەنی ۱۷ سالیدا ) دەسی کردووە بە کوکردنەوەی فەرمایشت ، وە بە دوای لە زانست بەهرەوەر بوون‌دا چووەتە ( خوراسان ، تورکستان ، عیراق ، حیجاز ، بەصرە ، شام ، جزیرە ) ماوایەکیش فەرمان‌رەوای ئاینی ( قاضی ) بووە لزادینەوە • پاشاکەرراوەتەوە بەغدا وکردوویە بە مەلبەندو لەوی دەسی کردووە بە زانستو فەرمایشت بلاو کردنەوە • جاریکیان بو گوی گرتنی : لە ووتاریکی رووبەرویی ( موحاضەرە ) ، کەداویتی ، ۳۰ هەزار کەس کوبوتەوە • ئەم زانا هونەرمەندە روژی چوارشەمە ە

---

(۱) موعجیم الئودەبا « ۲/۲٤۰ » •

موحەررەم ۳۰۱کو (۹۱۳زا) جیهانی بەجی هیشتووە وە لە گوررستانی ( باب الئەنبار ) نیژراوە • [۱] •

**۱۲ـ ئەبو الحوسەین دینەوەری :**

محەمەد کوری عەبد الرەحیم کوری سەعید کوری بیشر کوری حەمماد کوری ماهان : رووی کردوتە بەغدا ، وە لەوی بەفەرمایشت کوکردنەوە خەریك بووە • هەروا فەرمایشتیشی بە گەلی کـــــەس راگەیاندووە • داخەکەم سەرگوروشـــــتی تەواوی دەس نەکەوتووە ئەوەندە ئەزانین کە لە سەدەی سیەیەما کوژراوە • [۲]

**۱۳ـ ئەبو الحەسەن دینەوەری :**

عەلی کوری عەبە الملیك کوری شـــــەبانە : لای زور لە زانایان خویندوویە • تەنانەت ( ئەبو الحەسەن فیراسیەکی ) ، و خەریك بووە بە فیرکردنی خەلك • ( خەطیبی بەغدادی ) خوی لای فیربووە • ئەم هونەرمەندە سالی ٤۳۰ کو (۱۰۳۸زا) لە «شارەزور» مردووە • [۳]

(۱) تەءریخ خەطیب بەغدادی « ۷/۱۹۹/۲٥۲ » •
(۲) تەءریخی خەطیب بەغدادی « ۲/۳٦٤ »
(۳) تەءریخی خەطیب بەغدادی «۱۲/۲۸» •

# ئامانه اللّه خانی والی

هەڵەبجە : محمد أمین ـ کاردوخی ـ

والی کوردستانی ایران بو ، لە سنە دا ئەنیشت لە بەینی خەلقو والیەکانیترا بەزیرەکیو ژیری ناو بانگی دەرکردبوو • میریك بو کە میرو بەگەکانیتر بو خزمەت کردنی بە گیانو دل ئامادە بوون • گەورانو ناودارانی دەورپشتی تیکرا ملکـــــەچی فەرمانی بوون • ناوبانگی بەخششو دادپەرستی ئەم والیەیە مەزنە بە هەمو گیتیدا بلاو بوبوەوە • زور حەزی بە دروستکردنی باغو باغچەو کوشـــکی جوان جوان ئەکرد مزگەوتە جوانە گەورەکەی ناوە راستی شاری سنە یەکیکە لە یادگارەکانی ئەم والیەیە بە ناوبانگە • بە کورتی هەرچی لە بابەت چاکەو دادپەرستیو خزمەتکردنی ( ئامان اللە خانی والی ) یەوە بنوسریت هیشتا هەر کەمە •

ئەم والیەیە هەرچەند کەمتر خوی بە شعر دانانەوە خەریك ئەکرد لەگەل ئەوەشا زور شعری لەبەربوو وە همیشە شاعرەکانی لە دەوری خوی کو ئەکردەوە •

ئەم چوارخشتەکییەو • ئەم تاقە هونراوە نمونەی شعریەتی کە

دانەری کتێبی ( حدیقەی [1] خسروی ) خوی لی ی بیستوه :

ئەز جوشش کثرت سیاهی     تن نالانست چهره کاهی
ئەز خلق ئەمید قطع باقی ست     ئەلطاف خفیەت ئیلاهی

★ ★ ★

چو تیر شهپر حسنش گشاد ئان زیبا
فرنگ بال کشاشد که گیرد ایرانرا

★ ★ ★

ماوەی حوکمی ئەم والی‌یە مەزنە ( ٢٧ ) سال بووە لە سالی ١٢٤٠ کوچی‌دا کوچی دوایی کردوە ، لەپاش ئەم ( خسرو خانی والی ) لەجی

---

(١) حدیقەی خسروی

حدیقەی خسروی کتیبیکی دەس‌نوسە بە خەتی دانەرەکەی ( میرزا عبدالله متخلص بە رەونەق ) نوسراوەتەوە هیشتا چاپ نەکراوە ( ٣٤٢ ) لاپەرەیە بە فارسی دانراوە باسی شعرو شاعرەکانی سنە وە دەوروپشتی ئەکات لە گوفاری گەلاویژی خوشەویستا چەند لاپەرەیەکم پاش گورینی بە کوردی بلاو کردەوە وەکو :١ـمیژوی ژیانو شعری (مەستورە) ٢ـ (خسرو خانی‌والی) ٣ـ (رەونەق) وا ئیستاش خەریکم بەرە بەرە لە کاتی ووچانی بی ئیشی‌ما ئەم کیتبە بە نرخە بکەم بە کوردی‌و هیوام وایە بتوانم منیش ئەم خزمەتە بە گەل بکەمو لە ماوەیکی کەما لە هەلیکدا میژوی ژیانی ئەو شاعرانە بکەم بە کوردی‌و لەگەل شعرەکانیانا لە چاپی‌بدەم .

دانیشتوه ، ( میرزا مرتضی قلی ) که ــ مخلص ــ تخلصیه‌تی به‌م سیه شعره میژوی کوچی دوایی ( ئامان الله خان ) و چونه سه‌رکورسی والی‌یه‌تی ( خسروخان )ی به‌یان کردوه :

شبی ده‌ر وادی فـــــکره‌ت فتاده‌م
ز بهر مصـــــــرعی ئه‌ندرتک ده‌و
پی ته‌ءریخ ســـــــال فه‌وت والی
هـــــه‌م ئه‌ز بهر جلوس والی نه‌و
خرد گفتا کـــــه ئه‌ز ملـــــك ئه‌یالت
أمان الله شـــــد بنشســـت خسرو

## ئاموژگاری

ــ په‌ست ترین که‌س ئه‌وکه‌سه‌یه که به‌چاوی‌ی سووك بروانیته خه‌لقی .

ــ ئه‌گه‌ر تووشی پیاوی ریزگرو به نه‌زاکه‌ت بوون ئیوه‌یش وه‌کو ئه‌وبن ، ئه‌گه‌ر تووشی پیاوی به فیزو له‌خو بایی بوون له‌وکه‌سه خوتان به پچوکتر مه‌زانن .

# بو ماموستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان

سیوسینان : میدیا (۱)

ماموستای دلسوز :

گومانی تیا نیە کەچەند سالیکە جولانەوەیەکی پیروز هەیە بو پیش خستنەوە چونیەتی نوسینی زمانەکەمان ، هەروەها ئەو دلسوزانەی لە دەستیان هاتوە کەمو زور دریغیان نەکردوە لە هەول دانو ریگە پاك کردنەوە بو بوژاندنەوەی سامانی ویژەیی نەتەوایەتیمان وە دارشتنی ، سا ئەم هەولدانە چ بەنووسین بیت لەگوفارو روژنامە کوردیەکانا وەیان چ بەدانانی پەراو بیت لەبارەی زمانەکەمانە وە یان چاپ کردنی هەندی پەراوی تر وەکو چیروك ، دیوان ، •• هتـــــد ، وەیان هەتاکو با بەقسەکردنیش بیت لەگەل یەکتریدا بو نەهیشتنی گیرو گرفتەکانی بەر

---

(۱) تا ئەمجارەش هەر بەناوی ( ماموستا ـ ع ـ ) وە ئەم نووسی بەلام لەبەرئەوەی هەندی لەخویندەوارانی بەریز ، یەکیك لەوان ( کاك « س » لەگوفاری هیوای خوشەویستا ) ئەلین : ( با ماموستاش بیت ناشی خوت بەخوت بلییت ماموستا • ) هەرچەندە من تەنها بەنیازی « معلم » ئەم نووسی « ماموستا » بەلام لەگەل ئەوەشا ئەوا لەم و دواوە لەژیر ناوی « میدیا » دائەنوسم تاشتیوا بچوکیش نەبیت بەهوی خەریك کردنمان •

ـ میدیا ـ

دەممان لەپیناوی گەیشتنا بەئامانج ، ئەمانە هەمو کاری بەکەلکن با هیشتا نەش گەیشتبینە ئامانج ، بەلام تەنها ئەوە گرنگ نیە چونــکە ئەمرونا روژیکی‌تر هەر ئەگەینە ئەو ئامانجە ، بەلام گرنگ‌تر لەوە هەســت کردنەکەیە بەبونی گیروگرفتو کەمو کوری لەریگای پیش خستن‌و بوژاندنەوەی زمان‌و ویژەماندا ، ئەم هەست کردنە شتیکی پیروزە • مادام هەست کرابیت وە شارەزایانی دلسوز هەبن گەیشتن بەئامانج لەتوانادایە ، بەلای‌منەوە هەرکەسی لەتواناياهەبیت کە خشتی لە چینی دیواری ئەم کوشکەدا دانی کەدەست دراوەتە دروست کردنی و کەچی دای نەنی کورتیەکە لەپیویستی سەرشانیا ئەی‌کات بەرامبەر بەنەتەوەکەی وە لەوانەی کەلە هەمو کەسیك زیاتر ریگەی دەســـــتیان هەیە بوئیش‌کردن •• بو ریگا روشن کردنەوە بو هەلنانی یەکەم هەنگاو لەبەردەمی پیاوانی دوا روژا ، ماموستایانی قوتابخانە سەرەتاییــەکانن چونکە قوتابیان لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا یەکەم هەنگاو ئەنین بو هاتنە ناوکوری ژیانەوە ری پیشاندەریشیان لەهەلنانی ئەو یەکەم هەنگاوەدا ماموستاکانیانن ، قوتابیانی کوردیش بافتی خویانە کەفیری خویندن‌و نوسین بن بەزمانەکەی خویان وەچەند کات‌و توانا ریگا بات لەچوارچیوەی ژمارەی ئەو دەرسانەدا کەبو زمانی کوردی دانراون شارەزاییەکی کەم پەیا بکەن لە بەشەکانی ویژەی کوردیا ، با هەر وەکو یەکەم هەنگاو ئەنین لەفیربونی عەرەبی‌و انگلیزیا کە دوو زمانی بیگانەن هیچ نەبیت بەقەدەر ئەوان هەنگاو لەزمانەکەی خوشــــیانا بنین وەمن لەم روەوە هەمو سوچیکی دوا کەوتنی قوتابیەکان لەزمــانی کوردیا ئەدەمە پال ماموستاکان چونکە وەکو ماموستاکان ئەزانن کەدەرسی کوردی لە

قوتابخانه سەرەتاییەکاندا هەیە ـ باکەمیش بیت ـ ، لەبەرئەوە پیویستە بونی ئەو دەرسە کوردیانە بەهەل بزانریت بو پیشکەش کردنی زورترین زانیاری لەبارەی زمانو ویژەی کوردیەوە بەقوتابیەکان ، نەك ئەودەرسانە بەهەل بزانریت بو ماندوحەسانەوە وەیان کردنیان بەدەرسی‌تر گوایا لەبەرئەوەی دەرسی کوردی ئەوەندە ناهینی خوی پیوە خەریك بکریت چونکە قوتابیەکان بوخویان فیری ئەبن ٠

ماموستایانی بەریز من نیازم لەو چەند قسەیەی سەرەوەم ئەوە نی‌یە کە بلیم ماموستایان هەمویان وا ئەکەن بەلام گومانم نیە کە هەندیکیان وان وەیان ئەگەر واش نەبن زور بەگەرمی وە بەدلسوزیەوە خەریك نابن لەگەل قوتابیەکانیانا لەدەرسی کوردیا وەکو لەدەرسەکانی ترا لەگەلیان خەریك ئەبن ، بویە زور بەکول بانگ ئەکەمە هەمو ماموستایانی دلسوز کەبەر لەوەی بچینە ژوری پولەوە بو وتنەوەی دەرسیکی کوردی بو ماوەی چەند چرکەیەك [1] بادەست بەینە بەر ناوچەوانی خومانو مەلی بیرمان لەقەفەز بەرەللاکەین تا گەشتیك بکات بەسەر هەمو کوردستانی خوشەویستا با هەندیك دەنگو باسو وینەی ژیانو رادەی دوا کەوتنو زور لی کراوی میللەتە کەمانمان بو بینەوە جابا ئەوسا بزانین ویژدان هەیە ـ چەند مردوش بیت ـ نەیەتەکولو هانی خاوەنەکەی نەدات بو هەلسان بەپیویستی خوی لەمەیانە بچکولەکەی ژوری پولدا !

ماموستای بەریز : وتنەوەی ئەو دەرسەکوردیانە نابی بەچاویکی

---

(۱) چرکە = ثانیة ٠

سوك تەماشابكرين وەيان‌بخرينە پشت‌گوی وە بەئاسان بزانرين چونكە وەكو لای ماموستا ئاسانن لای قوتابیەكان گرانن ، هەموشتیك دوای زانین ئاسانە •

ماموستای دلسوز : ئەو دەرسانە مەخەرە پشت‌گوی چونكە كەتو خستنە پشـــــت گوی قوتابیەكانت هیـــــچ لەبارەی زمان‌و ویژەی میللەتەكەیانەوە نازانن خویندەواریكیش كە نوســـــین‌و خویندنەوەی بەزمانی خوی نەزانی وە شارەزایی لەویژەو میژووی میللەتەكەیا نەبو پیم وایە ئەو خویندەواریەی هیچ كەلكیكی نابیت بو میللەتەكەی تاوانی ئەوەش بەئەستوی ماموستاكانیەتی كە هیچیان فیر نەكردوە ، كەوابو وەكو هیشتا زمانی منالەكوردەكان بەتەواوی پاك نەبوتەوە كەچی ئەبی خەریكی فیر بونی عەرەبی بن باهیچ نەبی لەگەل ئەویشا خەریكی فیر بونی زمانەگەی خوشیان‌بن ، هەروەكو هەموسالی ئەبی چەند هەلبەستیكی عەرەبی لەبەركەن بائیمەش سالی چەند هەلبەســـتیكی كوردیان پی لەبەركەین ، وەهەروەكو سێ سالی رەبەق خەریكی ( ری زمان ) ی زمانی عەرەبی ئەبن باســـــالی هەندیك ( لەری زمان ) ی زمانەكەی خوشیان فیربن ، كەس هەیە بلیت فیر بونی زمانی عەرەبی‌و انگلیزی بو قوتابیانی كورد پیویست ترە لەزمانی كوردی ؟! برواناكەم مەگەر •••• بەلی ئەودەرسانەی بو كوردی تەرخان‌كراون زور كەمن وەهیچ رەوای حەق نیە كەبەو جورەبیت ، بەلام چ ماموستایەك بەرەوای ئەبینی وەكو لەو لایەوە وای لی‌كراوە ئیمەش ئیجگاری بەرەللای كەین ! نەخیر ئیمە بەرەللای ناكەین چونكە ئەبی لەسەر ئەوبروایەبین كەهەتاســـــەر دەرسەكانی‌كوردی وا بەكەمی نامیننەوە •

# دیوانی هیوا

## شاعری مەزن

ئەحمەد موختار بەگ جاف



خوالیخۆشبوو ئەحمەد بەگ کوری وەسمان پاشای جافە لەسالی «١٨٩٧» میلادیدا لەشاری هەلەبجە هاتوتە دنیا شاعریکی نیشتمانی بەرزو رووخۆشو زور سەخیبوو لەسالی ١٩٢٢دا کراوە بەقائممقامی هەلەبجە لە ١٩٢٤ دا ، بەنائب لەسالی ١٩٣٥ دا لەتەمەنی ٣٨ سالیدا لەناو رووباری سیروانا دووراو دوور گوللەی تفەنگی پیاویکی نەفام پیکاویتی بەداخەوە ئەلیم ، تەرمی پیروزی ئەم شاعرە دلسوزە لەناو کوری شینو شەپوری کەسوکارو کوردو گورانا بەشان هەلگیراو لەعەبابەیلی لەگورستانەکەی تایەربەگی برایا نیژراو گیانی بەجەنەت شادبوو •

بەلام ناوو شیوەی شیرینی ئەم شاعرەمەزنە هەر لەپیش چاووون نابیت هەرگیز لەبیرناچیتەوە •

ئەمە وینەیشعریکی نیشتمانییتی :

# لەخەو هەستن

لەخەو هەستن دەرەنگە میلەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەمو تأریخی عالەم شاهدی فەزل‌و هونەر تانە

دەسا تی کوشن ئەی قەومی نەجیبی بی‌کەس‌و مەزلوم
بەگورجی بی‌برن ئەوریگە دوورەی وا لەبەرتانە

بخوینن چونکە خویندن بودفاعی تیغی دوژمنتان
هەمو ئان‌و سەعاتی عەینی قەلغان‌و سوپەرتانە

بەخورایی لەدەستی بەرمەدەن ئەم خاکە مەحبوبە
کەتوزی وەك جەواهیر ، سورمەو کوحلی بەصەرتانە

بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە ئەی کوردان
تەماشای سیبەری ئەم شاخ‌و کیوانەی وا لەسەرتانە

بەبی قەدری بەسەریا رامەبورن حورمەتی بگرن
گولالەی سووری ئەم سەحرایە خویناوی جگەرتانە !

دەمیکە ئەم وولاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە
لەسایەی عیلمەوە ئیمرو ئیتر نوبەی زەفەرتانە

زبانی حالی ئەحمەد هەر ئەلی وووریابن ئەی میلەت !
بزانن بەردی ئەم سەحرایە ئەلماس‌و گوهەرتانە

# کاروان

غ • س • غەمبار ـ سلیمانی

دەنگی زەنـــگی کاروان بررا لە گویچـــکەم نایە
کاروان گەیشـــتە مەنزل هـــەر کوردە لەدوایە

خەلقی فرمانی خوی کرد ، وا پشـــتوینی ئەکاتەوە
کوردی هەژاریش دەنـــگی نیە راستی کـــاتەوە

زەردە گەیشـــتە ئاسو لای ئیمە هیشتا شـــەوە
دەنگی کەلە شـــیر ئەلی هەستن کەی وەختی خـــەوە

کـــاتی فرمانە هەستن تەمـــەلی بەری نابی
پیاوی تەمەل هەمیشـــە ئەبی سوکو ریســـوابی

گەلان کـــاری زەوییان هەموو کردە ســـنگوبەر
بەجوری وا پیشـــکەوتوون لەوزە چوونەتە دەر

بویە ئیســـتا خەریکی کاروباری ئاســـمانن
نیـــازی ناو مانگیان هەیە بی گومـــانە ئەتوانن

پیویستە لەســـەر ئیمەش بخوینـــین تا ئەتوانین
هیچ کاری ســـەرناگری بەبی خوینـــدن و زانین

مەشـــخەلی ریی پیشکەوتن بەزانین دیتـــە کایە
کاروانیـــش ری دەرناکا شـــتیکی ئاشـــکرایە

کـــەواتە ئەمرو زانین بوەتە تیری ئاراســـتە
( غەمبار ) لەبەچکەی کوردان داوا ئەکا ئەم خواستە

— ٤٦ —

پارچه شیعریك به شیوەی بادنیانی

# بەندەك دكەل (شەتی بەغدا)

صالح یوسفی : زاخو

(١) شـــەتی بەغدا چـــەندی مەندی
نفســـــتیی خـــەوا رەنـــدی
تیی اش ولاتی تاری و كـــــەندی
بـــی ئاوازی یی بی بەنـــدی
مـــە نە زانی كاتو جـــەندی

(٢) هاتی دل ئیش ژ چـــــەل و چیا
بن چنـــــارو ژەنگە پیـــــا
لنـــاف چیمەنو میرگو گیـــــا
هەمیا هافتیـــــە لبەر پیـــــا
بویە ریفینـــــك سەریت ریـــــا

(٣) تە نە دامن چـــــــی مزگینی
تو ژی وەكی من خەمـــــگینی
دل ئالوزی ئیش ســـــــەنگینی
نە شاهیـــــە نە خازگینـــــی
نە سەربەســـــــتی نە زەنگینی

(٤) كەسی نەگوت تو بخـــــیر بهیی
ســـــــەروكانی ژ وەلاتی كیی

پیروز بیت ئەو چهـــــی ژی تیی
ئەو چیـــاییت تو ژ بن وان زیی
بوچی لالی تو چـــــی نابیی ؟

(٥) بی ژە ئەز ژورە هەمیـــــا سلم
بریـــــدارم زور دل کولـــــم
کوردســـــتانە سەرو مــــلم
وە همیـــــا دانا لبەر کولـــــم
ســــــلافا لی بکەن جــــلم

(٦) هین برانە کەلەك ژمـــــــیژە
خینا بی ســــــیج بەس بریژە
گونـــە هاوی چیــــــە بیژە ؟
هــــــەواراوی یا دریــــــژە
دل خـــــەتمی مشـــــت قریژە

(٧) شەتی بەغدا :
بەنداتە جـــــەندا شرینـــــە
یــــــازەلالو پر بژینـــــــە
( شەتی بەغدا ) هـــــەر بخینـــە
هیفیت زور دارا بدرینـــــــــە
بژی بومە !! هەمیـــــا بمینـــــە

# له بادینانی یه‌وه

﴿١﴾ روو باری به‌غدا چه‌نده مه‌ندی خه‌وت چه‌ن خوشه لـــه وولاتیکی زور تاریکه‌وه بی ده‌نگ‌و ئاواز دییت ، ئیمـــه نرخی مان نه‌زانی !

﴿٢﴾ به‌دلیکی شکاوه وه له‌ناو چیاوه هاتی له‌بن چنارو ژیر پی‌ی ژه‌نگاوی یه‌وه هه‌ل قولایت له‌ناو چیمه‌ن‌و میرگ‌و گیاوه هاتیت‌و ئه‌مانه‌ت •••

﴿٣﴾ پی شیل‌کردو خوشت ده‌ربه‌ده‌ر بویت به مه‌نگی وه‌ستاویت نازانی روو بکه‌یته کوی ؟!

﴿٤﴾ هیچ مژده یه‌کت نه‌دامی تویش وه‌ك من غه‌مگین ئالوزو دل پررو شله ژاوی نه به شایی یه‌وه ، نه‌بو خوازبنی هاتی نه سه‌ر به‌ستی نه‌زه‌نگینی •

﴿٥﴾ که‌سیك نه‌ی‌ووت به‌خیر بییت که‌سیك پیت نالیت له‌وولاتی کیوه هاتووی تاوه‌کو پیروزبایی له‌و شوینه بکه‌ن کـــه‌توی لیوه هاتووی •

﴿٦﴾ ته‌نانه‌ت ناوی ئه‌وچیا یانه‌ش نابه‌ن که‌تو له‌بنی‌یه‌وه هـــــه‌ل ئه‌قولی‌یت ، بوچ لالیت ؟ بو قسه‌یه‌ك ناکه‌یت ؟!

﴿٧﴾ بیژه به‌من له هه‌موتان په‌ستم برینـــــــدارم زور دل به‌کولم کوردوستانه سه‌رو ملم به‌هه‌موتان خستتانه ژیر چه‌پوك !!

# هەزارئەفسوس

پینـــــاو

هەزار ئەفسوس بە هەشـــــتی پاکی دلداری کە جاریکە
کە دل ئاوارە بوفیـــــایا ژیان زنجیکی تاریـــــکە
شـــــەپولی ئەرکو ئازارە شەپولی ئەرکو فرمیســـــکە
ئەوەی بوتجی بهیلی جوشـــــــو قولپەی یادگاریکە
لە ناو دلدایە کلپەی دی بەلام بی ســـــودە بی کەلکە

لە کوی‌یە ئیستە دل کوانی هەزار خوزگەم بە جارانم
کەمەستی سیحری جوانی بوم شەوو روژیەك بوگیانم
کە یەك دل بوین سەرنجی چاوەنواریت ئەی خروشانم
بە روژ شەیدای سروی بالات بەشەو بیرت ئەشیوانم
بەلام بی تو نەدل مەستە نەشەیدای بەژنی جوانانم ٠

بەشەوقی تویە دل دیسان بەبی هیوا خروشـــــــاوە
وەرە ســـــەیری ژیانم کە بەبی تو چولو شـــــیواوە
بە جوریکی وەها خوشـــــم رقم لەم ژینە هەلساوە
ئەبی یادم بـــــکەی یاخود بەبـــــیرتا نایە ئەم ناوە
هیلانەی یادگارونیازی ئەم چـــــەند سالە روخاوە

بەلی هەرچەند ژیان سەختە بەلی هەرچەند لەیەك دوورین
بەیەك ناگەین بەریکەوت بی مەگەر ، یاخود بەخە وبینین

ئیتر بی کەلکە نالەی دل ئیتر بیسودە گریەوشـــین
یـــــگاری رووت لە بیرمایە بەبینینت بەبی بینـــــین
دلت پچری ئیتر دیلتە هەتاکو دوا هەناســـــەی ژین

---

# گولالە

ژیـــــــر

گولالە ســـوورەی هەلچو لەناو وەرد
یاقوتی گەشی چیاو دەشـــتو هەرد
نوخشـــەو نیشانی بەهاری شـــادی
مژدەو هەوینـــی ژینـــی ئازادی
ئاوەلی هیروی سپی ، کەش ، نازدار
خوشەویستی «دی» زور پەسندی شار
گولە جوانەکەی گەر میانو کویستان
لەهەر لا ، هەر چی ، ئامادەی روان
خاوەنی لەنجەو شنەی بەر شـــەمال
بالا بلندو دیمـــەن تەررو ئال ..
نیگای جوانیت سەر سامی کردووم
بوگەلی بیرو هـــــەوالی بردووم

ئەلیم چون ئاوا توی نەرمو نیـــــان
لەم زەویە وشـــکە بی ئەرکو کیلان

وا بەروو سووری هاتویتە بەرهـــەم
بەبی ئاژاوە ، بەبی قالـەی دەم !؟

ئەمانەو ریکی ئەو بالاو لەشــــــە
ئەو رەنگە سوورە بی گەردو گەشـــە

لیم بوو نە رستەی پرســـیارو وەرام
تاوا گەیشتم بە دواییو ئەنجـــام •

بوم دەرکەوت کەتو ،توی بەرزو بەناو
لە خوین دوروست بوی ،نەك لەگلوئاو

لەریتـــــا گـــــەلی دررك رواون
بەلام هیرشـــــت کولی پیـــداون

دوای بررینی ری بویتە ئەم گولـــە
ساپیروزت بی ئەو پوپەی چـــــلە

هەمیشە گولی یەخەو گولـــدان بیت
دوستی لەپیشـــی پولی مـــەلان بیت

کوردستان ،جیهان ،بیر : لەهەرلا ،بی
بەتوی شوخو شەنگ پررو ئاوابی •

# پوختە کردنی نەفس

عبدالقادر قزاز

**لە گوفاریکی عەرەبی‌دا باسیکی زۆر جوانی نووســـــەری بەناوبانگ ( میخائیل نعمە ) م خویندەوە بە پی‌ویستم زانی بییکەم بە کوردی وە لە گوفارە نازدارەکەی هیوادا بنوسری تا هاوولاتیە خوشەویستەکانم کەلکی لی وەرگرن ٠**

**ناوی باسەکە بە عەرەبی ( مصفاة النفس ) ە کە بەرامبەرەکەی لە کوردی‌دا پالاوتن یا پوختە کردنی نەفسە ، بەراستی کابوا ناویکی زور جوانو پر مەعنای بو باسەکەی دوزیوەتەوە ٠**

ئەم کابرایە ئەلی :ــ گەلی هو داهینراوە بو پالاوتن وە سافوو پوختە کردنی خوراك وە هوی ژیان لە ئاو ، دانەویلە ، میوە ، گولو گیا ، نەوت وە مەعدەن ، ئەو نەوتە رەشە کە قیزی لی ئەکەینەوە وە بایەخیکی ئەوتوی نیە ، دوای پالاوتن ئەبی بەو بەنزینە روونو سافە کە زور بەکەلکمان بەت وە هەزاران جور مەکینەی پی ئەخەینە گەر ٠

ئەو میوە جوانانە کە لە پیویستمان زیاد ئەبی ، دوای گووشینو پالاوتن شەربەتیکی رەنگ جوانو بەتامی لی یەتە بەرهەم ٠

ئەو دانەویلەیە کە پرە لە گلو زیخو مرور بە تەتەلە کردن پاکو پووختەو جوانو بە لەزەت ئەبی ٠

ئەو گژوە گیاو گولانە کە بە شتیکی عادەتی‌یان ئەزانین بەگوشینو پالاوتن گەلی دەرمانی باش‌و بە کەلك وە بونی خوشیان لی یەتە بەرهەم •

ئەو ئەلماس‌و زیپوو زیرو مس‌و ئاسنە کە لە سەرەتادا کەلك وە نموودیکی ئەوتویان نیە ، بە پالاوتن وە توانەوە لەشتی بیگانە پاك ئەبنەوە وە بایەخیان ئەبی •

ئیمە زور پیشەکەوتوین وە ریگەمان بە زور شت بردوە بو پوختە کردن وە پاك کردنەوەی خواردەمەنی‌و هوی ژیانمان وە بەکارهینانی ئەم شتە پوختەکراوانە لە ریی حەسانەوەی خومان‌و ساز کردنی ئیش‌و کارمان ، بەلام بستیك پیش نەکەوتوین وە بەلکە لەم روەوە لە باوو باپیرمان زیاتر دواکەوتوین ، دل‌و دەرونمان کانگای نیازی خراپ وە ئارەزوی پیس‌و بی‌فەرە وە هەمیشە دەرگای دلمان لەسەر پشتە بو بلاو کردنەوەی بونی پیس وە ژەهراوی ئەم نیازە خراپانەمان بەتایبەتی لەم کاتەدا کە مالی دنیا هەمو اعتباراتیکی تری داپوشیوە وە دل‌پیسی لە یەکتر وەك نەخوشیە پەتاکان هەموو شوینیکی گرتوتەوە وە هیچ پیـــــاوەتی نەهیشتوە • بەدریژایی شەوو روژ دلمان پرە لە بوغزو کینـــــــەو دووبەرەکی‌و نیازی خراپ بو لەناوبردنی یەکتر وە بەناخی ئەرزا بردنە خوارەوەوە میشکمان ئەئاخنری بە ترس وە سلەمینەوە لە یەکتر وەك عەزرائیل هەموومانی دانابی بو گیان‌کیشان بەگشتی •

چەن ناشـــــــیرینە کە ئەبینین هەندی کـــــــەس هەر بە تەنگ

ورگورباخەلیانەوەن بی ئەوەی هیچ بە تەنگ دەروونو میشکیانەوە بن وە نازانن کە دلو میشکیش پیویستیان بە خوراك هەیە کە عبارەتە لە پالاوتن وە پوختەکردن وەك ئەو شتانە کە بە پالیو ، هیلەك ، بیژنگ ، وەیا بە مەکینــــەی تایبەتی پووختەیان ئەکەین • ئیمە هەروەك حەز بە چای بی‌تلپە ، نانی بی‌زیخو مرور ، ئاوی سافو روون ، زیری بی غەش وە مالی پاکوخاوین ئەکەین ئەبی هەرواش حەز بکەین لە دلو میشکی سافو پاكو خاوینو بی‌غەش •

ئەگەر بمانەوی پیاوانە بژیین وە مەردانە بجولیینەوە ئەبی بەتەنگ ئەو شتانەوە بیین ئەچنە دلومیشکمانەوە پیش ئەوەی بە تەنگ ئەو شتانەوە بیین کە ئەچنە ورگو گیرفانمانەوە وە ئیمە بە ورگو گیرفان پیاو نیین بەلکە بە دلو دەروونو میشك ، وە لەم دوو شوینەوە هیزی چاکەو خراپە هەلئەقولی وە هەر بە هوی ئەوانەوە سەرمان ئەگــا بە ئاسمان وە یا بە ناخی ئەرزا ئەچیتە خواری •

ئەو هوی پالاوتنە کە ئیمە لی‌ی ئەدوی‌ین ئەگەر لەســـەر بارە چاکەکەی بهینین هەموو شتیك بە پاکی‌و پوختە کراوی ئەچیتە دلو میشکمانەوە تا وای لی یەت جی بە شتە پیسو بوگەنەکانی ناویان لیژ ئەکا وە ژیانمان ئەخاتە سەر باریکی خوشو ریكو پیكو لای خەلك بە قەدرو حورمەت ئەبین وە بو گەیشتن بەم ئاواتە پرسیار لە خوت بکە بلی :ــ

« ئەی خوت ! وەك پیت ناخوشە خەلك فیلت لی بکەن توش فیل لە کەس مەکە •• وەك پیت ناخوشە خەلك لە سەرووپوستت بدوین توش لە سەرووپوستی کەس مەدوی • وەك پیت ناخوشە خەلك قەدرت بشکینن وە سووکت بکەن توش کەس سووك مەکە وە قەدریان مەشکینە• وەك پیت ناخوشە تاجی جوانی بخریتە سەر ناشیرین وە شیری عەدالەت بدریتە دەست پیاوی ناعادل وە عەبای پیاوچاکی بدری بە شانی ناپاكو داوین پیسا ، حەز مەکە ئەو ناشیرینیە یا ئەو ناعادلە وە یا ئەو ناپاكو داوین پیسە توبیت وە تا ئەتوانی کاریکی وا مەکە بو پارە سەر دانەویت وە یا لەبەریا بە چوکا بی‌ی ، بەلکە هەر بەرامبەر خوای گەورە بەچوکا وەرە وە هەر سەر بو ئەو دانەوینە •

ئەگەر بیکەی بە خوو لەهەمو روژیکدا محاسەبەی نەفسی خوت بکەی ئەم موحاسەبەیە ئەبی بە هوی پالاوتن بو چاوو گویچکەو دەمت ئنجا بو دلو میشکت وە هیچ ئارەزووی خراپ وە نیازی پیسیان ناگاتی وە ئەبیت بە هویەکی باش بو رزگار کردنی خەلك لە خراپە •

لەوکەسە بەدبەختتر نیە کە گویچکەی هەر بەبیستنی هەوالی خراپ ، چاوی هەر بەبینینی شتی ناشیرین وە ناپەسەند وە زمانی هەر بە وتاری پیسو سوك راهیناوە • ئەگەر ئەم ئەندامانە هەر بو کاری چاکە بەکار بهینرانایە بەم مەرەیە نەئەگەیشتین •

ئنجا ئەگەر جاری پیمان نەکری بە کومەل مەترسی لەسەر انسانیەت هەلگرین هیچ نەبی هەول بدەین نەفسی خومان بپالیوین وە نەهیلین لە شتی باشو بە کەلك زیاتر هیچ بچیتە دلو میشکمانەوە •

# گولیك

نوسینی : جبران خلیل جبران
وەرگیری بوکوردی : دلزار ـ کویە

من ئەستیرەیەکم لەچادری شینەوە رژاومەتە سەر ســـــەرەندازی ســـــەوز •••
من کچی دیار کەو تووە کانی سروشتیم ،
زستان لە منداليا هەلی گرتووم ،
بەهار هیناومیەتیە دنیاوە •
لەباوەشی هاوینا گەشەم کردوەو لەنوینی پایزا راکشاوم •
دەشتەکان بەرەنگە جوانە کانم ئەرازینەوە و هەوا بەبونی خوشم عەترین ئەبی •
شەرابی شەونم ئەخومەوەو گوی لەدەنگی مەلان ئەگرم
لەگەل شنەی ریکو پیکی گیایە کاندا سەما ئەکەم •
من دیاری دلدارم •
من تاجی لەگول دروستکراوی بووکم •
من یادگاری ساتیکی بەختیاریم •
من دوا دیاریم کە زیندوان پیشکەشی مردوانی ئەکەن
من لایەکم لە بەختیاری •
لایەکم لە کویرە وەری •
بەلام من بوبلندان ئەروانم ، بو ئەوەی تەنیا رووناکی ببینم وەچاو دا ناخەم تاسیبەری خومبە دیبکەم من گولیکم !

# زانستی کوردان

**مەقسەدی زانستی تەنیا نەشری علمو خویندنە**
**بوترقی قەومی کوردان هەر تەخزمەت کردنـــە**
**جی‌یـــــکی پیروزو بەرزەلای قەومــــی کورد**
**واســـــتەی بەرزی‌وولاتو دوودلی لابردنـــە**

**بی‌کـــەس**

سیوسی‌سال لەمەوپیش لەسەر داواکردنی چەن پیاویکی دلسوزی نیشتمانی کومەلی زانستی کرایەوە بەهوی تی‌کوشانی لاوانی کردەوە کەشەوو روژ هەر خەریکی خزمەت کردن بوون لەماوەی چـــەن سالیکا چرای زانستی هەلکرا کاسبکارە کــــانی ناوبازار ئەوانەی نەخویندەوار بوون لەجولەکانو گەڕەکەکانی دوورو نزیکەوە هەمویان بەشەو لەبنای زانستی‌دا کوئەبونەوەو دەرسیان ئەخوین لەپشوی هاوینانا قوتابیانی دارالمعلمینو قوتابخانە بەرزەکان کە لەبەغدا ئەهاتنـــــــــەوە هەریەکەیان پەلەی ئەمەیان بوو زوو خزمەتیکی پیێ بسپیریتو بی‌کات ، تیپی چیروك نووسی‌و تەمسیل تیپی گورانی‌و موسیقا تیپی شــــــاعرو نووسەرانی زانا کوئەبونەوە بوسوودی نیشـــتمانەکەمان ، بوبەرزی‌و باوی خویندەواری نەتەوەکەیان بی‌ووچان تی‌ئەکوشان ، بی‌راوەستان لاوانی کورد رەنجیان ئەداو شانوی تەمسیل‌یان لەگل دروستکرد ،

لەماوە یەکی کەما بەپارەی تەمسیلو ئاهەنگ گیران باندی موسیقاکررا جلوبەرگی نوی بوتیپی کەشافەی قوتابخانەکان دروستکرا ، مانگی چوارجار ئاهەنگی ووتاربیژیو شعرخویننـــدنەوەو دەمەتەقی ئەکراو لەکورتیو کەمی خومان ئەدواینو بوراســـت کردنەوەی ناتەواوی یەکانی کومەلایتیمان هەول ئەدرا نزیکی چوارهەزار دینـــــار بەرەنجیشانی لاوانو پیاوانی دلسوز پاشەکەوتکرا ماموســــتایانو قوتابیان هەمو بەدلوگیان وەك یەك لەکوری نیشتمان پەروەریو خزمەت کردنا هاوکارو هاوبیری یەکتری بوون ، ئیستایش هوی ئەورەنجدانەیە ئەبی نین لەهەمو وولاتی کوردەواری‌دا هەرلەسلیمانیدا باوی خویندەواری زورترە ، هەرگوفارو روژنامەیەك کە بەزمانی کوردی بلاو بکریتەوە بەهەزاران دانەی لەسلیمانی ئەفروشریتو لەشارەکانی ترمانا ژمارەیەکی زورکەم ساغ ئەبیتەوە :

داخەکەم ئەم چرایەیش بەهوی دەسکاری کردنی چەن پیاویکی هەوسکاری کورسی نشینەوە کوژینرایەوە بەلام زەرەر لەینوەی گەرایەوە هەرباشبوو پارەی پاشەکەوتیو میراتیەکانی ئەمکومەلە بەفیرو لەناو نەبرا بەپارەکەی بنای قوتابخانەی گویژەی پی‌کراو کتیبخانەو ئەساسەکانیشی هەربومعارف مایەوە •

---

# نموونەی کوردی پەتی

نووسینی : محمد مصطفی کوردی : سلیمانی

لە دەمی زور لە میژو دیرینەوە ئەگیرنەوە کە کومەلیکی کەلەشیرو مریشك لە ئاوایی‌یەکدا لە شوینیـــــکی نەدیو گرد بوونەوە بو راویژ کردن لە بەسەرهاتی خویان ، وە لەو زور و ستەمی کە ئادەمی لی‌یان ئەکەن •

وە بو دوزینەوەی چارەسەریك بو ئەم نارەواییە کە بە ســـەریانا ئەهینن ، وە بو دانانی سنووریك بو ئەم ستەمە • وە لەناو خویانا چەن کەلەشیریکی پیری چقە دارو چەن سەرە مریکیان هەل بژارد و چوونە لایان ، جەخارو زووخاوی خویانیان بو هەلرشـــــتن : کە چون ئەم ئادەمی‌یە دل رەقانە بەبی بەزەیی ئەیان گرن‌و سەریان ئەبرن‌و ئەیان خون !! وە هیچ بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەمانیش گیان لەبەرن وە هەست بە ئازار ئەکەن‌و دلیان بە ژیان خوشە ، وە لەبەر ئەمەش وایان لی ئەکەن کە ئەمان کزو بی دەسەلاتن‌و ئەوان زوردارن و دەستیان بە سەریانا ئەروات • کە لەشیرو مریشکە راویژ پی کراوەکان هەرچەن لیکیان دایەوە و سەریان هیناو سەریان برد هیـــــچ ری یەکی رزگاری‌یان نەدوزیەوە کە لە چنگی ئاسنینی ئادەمی رزگاریان بکات ئەمە نەبی کە بە تیکرایی کوچ بکەن ، وە ووتیان : بو پاراستنی گیان ئەگەر هیچ فیل‌و تەلەکەو دەرەتانیك نەما پی‌ویستە هەر چونیك بوە پەلاماری دەرباز بوون و کوچ کردن بدریت ، وەکو ئەلین ( دەست وەشاندن مەردیی و

راکردن مردیی ) •
ئینجا هەموو بریاریان دا کە شەو لە ناکاویك کوچ بکەن ، بەلام بو کوی بچن ؟•• وە روو بکەنە کوی ؟•• کە بە یەجگاری رزگاریان بـــــی ••
هاتن لەپیشەوە چەن کەلەشیر و مریشکیکیان بەم‌لاو بەولادا نارد ، کە بگەرین جیگایەکی دووری نەدیبوی کوور بدوزنەوە و لەپاشا هەموو بەجاریك بچن بو ئەوی •
چەن روژیکی پی‌چوو ئەوانەی کە نیرابوون هاتنەوە • یەکیکیان ووتی : جیگایەکی زور چاکی نەدیبوم دوزیوەتەوە تەنانەت چولەکەشی تیا نیە ، وە باوەر ناکەم بە دەگمەنیش کەس ری‌ی تی بکەوی ، وە جـــــگە لەمە ئەو جیـــــگایە شوینیـــــکی ئاودارە و پرە لە ســــەوزایی و ( دان ) ، وە لەگەل ئەوەشا دارستانیـــکی چر ، وە ئەشکەوت و کەوورگیشی لی نزیکە ، ئەتوانین بە شەوانی هاوین لەسەر درەختەکان هەلنیشین و بە زستانانیش بچینــــە ئەشکەوت و کەوورگەکانەوە وە بە روژیش لە ناو ئەو سەوزی و دان و ئاوە زورەدا چینە ئەکەین ، وە ئەگەر هاتو دەعبایەك بومان هات بە دەنووك لەت‌و پەتی بکەین یان هەلفرین بو سەر دارەکان • ئیتر هــــــەموو بریاریان‌دا کە بچن بو ئەو شوینە ، شەویك لە دەمەدەمی بەیانا هەموو کوبوونەوە و روویان کردە جیگاکە ، کە گەیشتنی‌و روژ بوەوە هەموو بە سەربەستی دەستیان کرد بە چینــــــە کردن‌و دان خواردن‌و ئاو خواردنــــــەوە و بای بـــــــالی خو دان ، هـــــەر کەلەشیریك چەن مریشکیکی بر دا بو خوی و بەناویانا بە فیزیکەوە

ئەهاتو ئەچوو ، دەمی بەسەر ئەمیانا و دەمی بە سەرئەویانا دەمیکیش بەسەر ئەوی تریانا ئەتسی و قووقە قووق ئەیخویندو ئەی ســەندەوە بەراستی هەر کەلەشیرە لە کراسی خویا خو ی بە نەر نەرەشیرە ئەزانی ، وە ئەو چەم و دولە لەبەر قووقەی کەلەشیرو گارەگار و قرتەی مریشك دەنگی ئەدایەوە • لە ناو دارستانەکەدا لەسەر لقیکی بەرز هەلویەك هیلانەی کردبوو ، کومەلی مریشك و کەلەشیر پی‌یان نەزانی بوو وە هەلوکەش لەوەپیش کەلەشیرو مریشکی نەدی‌بوو ، وە لەبەر هەراو زەناو قووقەو گارەگار زور ئەترسا و گیانی نە ئەسرەوت ، روژیك هەلفری و چوو هەلویەکی تری دوزیەوە و ئەمەی بو گیرایە وە ، ئەویش ووتی : با بروین بزانم ئەمانە چین ؟!•• وە ئەندازەی ئازای و بە چنگی و یەکیتی و یەك دلی یان لە چەپلە یەکدا یە ، هەر دوکیان دایانە شەقەی بال و هاتن ، ،کە گەیشتن ئەمیش سەری سورما ، وە نەیزانی ئەمانە چین • ویستی خویان تی هەل بقورتینی تا بزانی چین و چیان لە بارایە •

روانی وا کەلە شیریکی شوخ و شەنگی رەنگا و رەنگی هەزار پوپنە لە ناو چەن مریشکیکا هاتو چویەتی ، وەك ماخولانی بی هەردی و ئەچی‌و چنگ لە زەوی گیر ئەکا و سواری ئەم مریشك و ئەو مریشك ئەبی و ئەخوینی و ئەی سینیتەوە • لە دلی خویا ووتی : رەنگە ئەمە سەر گەورەیان بی ، و لی‌ی چوە پیشەوە و کرنوشیکی بو برد ووتی : گەرەی ئەم کومەلە کی‌یە ؟••

ووتی : خوم گەورەی هەموو یانم ، ئەمانە تو ئەیانبینی هەموو هەتیوو چەتیوی بەر دەرگای خومن • ئەمیش ووتی : گەورەم ! من

هەژاریکی لی قەو ماوم ، چەن دیبەر و بەراویکم لە باپیرمەوە بو بەجی ماوە کەوا لەم نزیکانە ، زور داریکی خوا نەناس بە زور لی ی داگــیر کردووم • منیش وا هاتووم هاوارم بو تو هیناوە • وە زور ئومیدم بە هیزە کە دادم بپرسن و بوم بسیننەوە • ئەمیش ووتی : ئەمەشتیکی زور ئاسانە بەلامەوە لەموویەك لە هەویری دەر بکیشیت ئاسان ترە • زور زوو بوت ئە سینمەوە ، بەیانی ئەنیرم بە دوایا فەرمانی ئەدەمی کــــە بتداتەوە • خو ئەگەر سەر پیچی بکات ئەوە ئیتر بە رەچەلەکیا ئەچمە خوارەوە ، هەلوکە زور سوپاسی کرد و ووتی خوا پایە دارو دەست دریژتان بکات •

هەلوکە توز یكدوور کەوتەوە ، روانی وا کەلە شیریکی تر لەو لاوە لە ناو کومەلیك مریشکایە ، لەوی پیشوو گەرە ترو جوانتر و بە دەق ترە • چوو بە لایەوە و کرنو شیکیشی بو ئەم برد و پرسی گەورەی ئەم کومەلە کی یە ؟••

و تی: خومم • ئەمیش ووتی : گەورەم خو ئەو کەلەشیرەی وا لەو لایەوە ووتی : من گەورەم ، ووتی : کورە ناشی سەگبابە ئەم گووەی خواردبی !!؟•• پەیمانم بی ئەبی ئەوەندە شەق لە بەر سنگی هەلدەم بی پچرینم و هەموو پوپنەی بە دەنووك ئەنجن ئەنجن بکەم ، کی رایەی ئە کەوی بلی من گەورەم تاخوم وەستابم ؟!•• هەروەها هەلو کە ئە چوو بەلای هەر کەلەشیریکا ، خوی بە گەورە و خاوەن تەخت و نگینی بوو •

ئینجا هەلو کە هەلفری و لە گەل ئەوی ترا چوونە سەر هیلانە کەی ، وە لەوی پی ی ووت : هاوری ی خوشە ویست •• هیچ لەم

کومەلە مەترسیت نەبی ، چونکی ئەمانە بیجگە لە فشە و خو هەل کیشان و سازندەی یەتی هیچیان لە بارا نیە ، کەسیان دان بە گەورەیی کەسی تریانا نانین وە هیچیان ئەوی تریان بە هیچ نازانیت ، وە دلیان بە یەکەوە نیە ، بیجگە لەمانە رقیشیان لە یەکە ، کەواتە تو لە باتی ئەوە کە لی‌یان بترسیت ، ئەبی بە تیکە یەکی چەور یان بزانیت بو خوت کە خوا لەم چولیەدا بوی رەخسانوی ، هیچ مەترسە و دەمیان لی بمالەوە ، هەر کاتیك برسیت بوو پەلاماری یەکدوویەکیان بدە و بیخو • لە دواییدا منیش تکا یەکم هەیە کە ریگام بدەیت بیمە لات وە بە هەر دوو لامان بیانخوین ، ئەویش ووتی : باشە مەرو رەوە •

ئینجا هەردووکیان کەوتنە گرتن و هەلدرین و خواردنی کەلەشیر و مریشـــــك ، زوری پی نەچو قەلاچویان تی‌خستن ئەمانیش چیـــــان مابوو کو بوونەوە ، وتیان : هەر لە بنە رەتەوە ئیمە چونکە لەگەل یەکا نا پاکین وە یەکترمان خوش ناویت و هەرگیز بە ئاوات ناگەین ، وە هەر چی هەلسیت ئەمانخوات و بلاومان ئەکا تەوە • کەواتە با بگەریینەوە بو ئاوای ئادەمی یەکان هیچ نەبی ئەوان باشترن لە پەلەورو و جانە وەری کیوی ، بەس نیە ئەمان هەر وەکو ئەمانخون بە تەنگیشمانەوەن •• هیلا نەمان بو ئەکەن ، و لە جانەوەر ئە مانپاریزن و دان و ئاومان ئەدەنی •

دوای ئەم گفتو گویە کەوتنە ری هاتنەوە ئاوایی یەکەی پیشوو یان بو ژیر دەست و چەقوی ئادەمی دل‌رەق •

# بەشی هیواو خوێندەوارانی

خویندەوارانی مەزن سوپاسی ئەم تی‌کوشانەتان ئەکەین کەمزگینی ئەدا بە هینانە جیی ئاواتەکانی هیوا • ئەو نووسینانەی ناردووتانە کە لەژیر چاودیری ئیمەدا لە چاپ بدریت هەموی گەیشتووە •

بو لە چاپ دانی نووسیناکانتان کاك رەشید عارف سەد دنیاری دابە ئیدارەی گوفاری هیوا کەببی بەدەسمایە بەرە بەرە نووسینە بە نرخەکانتان بلاو بکریتەوە بو سەرپەرشتی‌کردنی هەلبژاردن‌و لە چاپ دانیان لیژنەیەك پیك‌هیزا بەم هویەوە ئیمە سوپاسی هەموساماندارێك‌مان ئەکەین کە بو خزمەتی گەلەکەی وەك کاك رەشید عارف دەرگای کیسەی کرابیتەوە ئەگەرچی ناوبراو پیی خوش نیە لەگوفاری هیوادا ئەم سوپاسەی بکریت بەلام نووکی قەلەم‌و راست‌گویی خویان پی نەگیرا وابەم توزەباسە وازمان هینا ••

ئنجا کاك محمد فدا ، کاك میرزا محمد ئەمین مەنگوری‌و کاك هومەرو کاك عثمان خوشناو سوپاسی ئیوەیش ئەکەین کە رەنجتان داوەو بوخزمەتی خویندەواری چەن نووسراویکتان نووسیوە •

وە ئیمەیش بوئەمەی رەنج بە خەسارنەبن لیژنەیەك پیك هینراکە لە نووسینەکانتان سەرنج بدەن کە بەنودە نووسینەکانتان بلاو بکریتەوە ئیترپشت بەیەزدان •

تکای دووەمیش لەنووسەران ئەکەین هەرچی نووسین وەیا شعری بوبلاو نەکرایەوە گوفاری‌هیوا تەرزەباران نەکەن • چونکە ئەو

نووسینانەی پوختو جوان نە نووسرابیتەوەو خزمەتیکی پیشکەوتنی نیشتمانی تیا هەست نەکریت لەگەڵشتی پروو پوچو بی کەلکا خومان ماندوو ناکەین •

ئەگەرچی پیشینانمان ووتویانە کەس بەدوی خوی نالیت ترشە بەلام ئیستا ئەبی لە ئاقار راستی هەمو فرمانیکا ملکەچو دل فراوان بینو شوین خەیالو خەوی خۆ پەرستی نەکەوین ئیتر ئەخوازین کەس لیمان دلگیر نەبیتو لەریگای خزمەتی پیشکەوتنی وولاتەکەمانا هەمو یەكدلو یەك گیان وە بویەکتری پشتو پەنابین •

---

نازەنین

ریزە هونراوەیەکی نایابی کاك کامیل ژیرە هەستو بیری نیشتمان پەروەریت ئەبوو ژینیتەوە

# بو کلاوه کوره

چـــــەن پارچەیەکێ لە هەلبـــــەستی
هی « شـــــــیلی » ئەم (To ask lark)
هەلبە ستەی بو بو بەسەر چاوەی ئیلهام بو
هەلبەستە رەنگینەکەی ماموســـتا گوران :ــ
« بوبلبل » بیمار

تو ئەی گیانی زور پیروز
ــ تو هیچ کاتیك بالدار نیت ــ
ئەو گیانەی کاکلی دلی ، لە ئاسمانو نزیکی ،
ئەرژینێتە ئاوازیك گەرمو گوررو هەڵقولیوو
لە هونەری بەهەرەی جوان !

* * *

تادێ ، بەرز ئەبیە وە
لەخاك دوور ئەکە ویەوە
وەك هەوریکی ئاگربیت
لەدەوری گۆمی شینی ئاسمانا ، باڵ ئەفرینی ،
کەبەرز ئەبیتەوە ، هەردەنگت دیو ئەخوینی

که ئەچریتو ئەخوینیت ، هەر بەرز ئەبیتەوە • (۱)

لەکاتی روژ ئاوابوونا
لە زەردەی زیرینا
کە هەورەکان سەرتاپا بەروناکی بەبریقە کەوتوون
ئەتبینم دێیتو ئەچیت
هەروەک تو شادومانیەکی بێ توێژ بیتو هەرتازە
بەرەللا بوبیت !

کە ئەفریت ••
ئاسۆی پەمەیی رەنگ هەڵبزرکاو بەدەورتا
ئەخوینی ••
وەکو ئەستیرەیەکی ئاسمان چێشتەنگاو لەروناکی روژا
دای پۆشی بیت •
ئاوا لەپیش چاوا وون بویت ،
بەلام هەر گوێم لە هاواری مەستیتە •

گوێم لێیەتی وا دەرئەپەری وەکوتیریك لەم ئەستیرە زیوینەوە
کە کزکز ئەکوژیتەوە هەرکە سپیدەی بەیان روناکی لیوە دەر
کەوێ ••

---

(۱) چرین : خویندنە ( بۆ بالداران بە تەنها )

کز ئەبیت ، تاوای لێیەت نای بینین ، تەنها هەست
بەشوینەکەی ئەکەین •

زەوی‌و ئاسمان بەدەنگی تۆ ئەگر مینن
ئەلێی مانگە لەشەوا خۆی رووت ئەکاتەوە ،
هیچ پەلە هەوریك پەردەی لی ناکات •
ئەلێی مانگە پرشنگەکانی لی ئەپرژی‌و
وشوینی ئاسمان پرر ئەکات ••

# نیشتمان

دانەر : أمیلی کامیر
ـ کچە شاعیری بەلچیکایی ـ
وەرگیراوە

نیشتمان
دەنگیکی تایبەتیە :
دەنگی زەنگیکی بورجیکی دوورە ،
روناکی روژی ناودارو درەختی سەرزەویە ،
یا ، نەرمە بارانیکە ،
خوی بن‌میچیکە ، لەژیر ئاسمانیک ،

گولاوی کولانەی شەقامیکە •
سنوریکە کە چاندنگەیێکی لەبەر دەما راکشاوە •
شیلانی سەوزەگیای ژیر پیلاوەو
روانینیکی تیچاوو راوەشانی دەستیکی سپیە :
شتیکە لە رابردوو ، لەبەر تیژرەوی پیاو تیی ناگات ،
نیشتمان ••
ئەوەیە هەستی پیئەکەیت ، بەلام ناتوانی بیلیی
تەنانەت بەگورانیش •
وە چاکترین ووتە دەربارەی ئەو
( ئەم شتانە هەموویەتی )
ئەوەیە ئەی چیژیتو ئەی دینی ،

ئەوەیە بەهەناسە هەلیئەکیشیو گویی لیرادەگری ،
توتنو ، پەنیرو ، نانە ،
گەلای داری رەنگاو رەنگە ، گفەی بایە ،
دیمەنی ناسراوو دەنگەکانە
حەپەی سەگو •
شووشەی شەرابیکە تا لیی تیبکەیت هەر پررە ،
میزیکە لەپیک گەیشتن :
نیشتمان ••
ئەوەیە هەستی پیدەکەیو ناتوانی بیلیی

تەنانەت بەگورانیش ،
جا ، چاکترین ووتە دەربارەی ئەو بگوتری ،
ئەوەیە کەئەم شتانە هەموو خویەتی !!
خوشی لەشە ،

کوتەکوتی دلمانە ، کاتی منداڵەکانمان ئەنیین بەسنگمانەوە ،
بیرکردنەوەی مردووەکانمانە ،
بونی ریگایە ،
تامی گورانیە ،
خەوبینینە ،
گررو تاویکە بو ئەوەی ببی بەشتیک
ویستەی سەپانە بو دروینە
ویستەی دلدارە بو مولکداری
ئەو شتەیە هەستی پی ئەکەیت
بەلام بە گورانیش ناتوانی بیلییت •
وەچاکترین ووتە دەربارەی ئەو بگوتری ئەوەیە
کە ئەم شتانە هەموویەتی •

# لە پێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی ماندا

کەرکوك : بەختیار

ئاشکرایە یەکی لەوشتانەی کە نەتەوەیەکی پی جوی ئەکریتەوە لە نەتەوەیەکی کە ، زوبانە • هەمو نەتەوە یەك زوبانیکی تایبەتی خوی هەیە پی‌ی ئەدوی ، هەرچەند زور واش ئەبی لەبەر هەندی هوی بنج و ریشە داکوتاو بەو زوبانەی خوی نانوسی • نەتەوەی کوردیش ، وەکو هەمو نەتەوەیەکی کە زوبانیکی تایبەتی هەیە پی‌ی ئەدوی • ئیستا لەبەر نەبونی قەوارە ( کیان ) یکی سیاسی بو هەمو کوردوستان ، شیوەی جوی جوی لەم زوبانی کوردی‌یەدا هەیە ، وە گەیوەتە رادەیەك کە کورد تیکرا لە هەمو شیوەکانی زوبانی کوردی‌ناگا ، بەلام ئەمە نابی بە هوی ئەوە کە خوا نەخواستە کورد بکەین بە چەند نەتەوەو ، زوبانی کوردی بکەین بە چەند زوبانی جوی جوی ، چونکە هەر روژی کە توانیمان پەیوەندی‌یکی راست لە مابەینی بەشەکانی کوردستانا پەیدا بکەین ، بە ئاسانی ئەتوانین شیوەکانی کوردیش زور نزیك بخەینەوە ، وە کاریکی وا بکەین کە هەمو کوردیك لە هەمو شیوەکانی زوبانی کوردی بگات •

بەر لەوەی ئایینی ئیسلام بە کوردەواری‌دا بلاو ببیتەوە ، نەتەوەی کورد وەك بە کوردی دواوە ، پیتی کوردی تایبەتیشی بوە پی‌ی نوسیوە ، هەر چەند کە خویندن و نوسین لەناو تاقمیکی کەم بەولاوە بلاونەبوەو

کومەلانی خەلك لە ئیستا خراپتر نەخویندەوار و نەزان بوون ، بەلام چونکە ئەو روژە هەستی نەتەوایەتی ـ وەك ئەمرو تیی ئەگەین ـ نەبووە ، هەر بە هاتنی موسولمانەکان و بلاو بونەوەی زوبانی عەرەبی ، کە زوبانی ئاینی بوە ، نوسینی کوردی و کتیب بە کوردی دانان لەناو چوە ، ئەوەی کە مابیتەوە تەنها بە کوردی دوین و هەلبەست وتن بوە • هەندی دوزراوەی کون بومان دەرئەخا کە وەختی خوی نوسینی کوردی لە کوردستانا هەبوە ، بو وینە : ( پیرنیا ) میژو نوسی بەناوبانگی ئیرانی لە کتیبە کەیا ( تأریخ ایران قدیم ) ئەیگیریتەوە ، کابرایەکی هەورامی کە بو راو ریی ئەکەویتە یەکی لە ئەشکەوتەکانی شاخی هەورامان ، پینج دوبەرەی گلین ئەدوزیتەوە ، کە ئەیانشکینی سەیر ئەکا پرن لە هەرزن ، وە لەناو هەریەکیکیانا توماریك هەیە لە پیستی ئاسك کە چەند دیریکیان لی‌نوسراوە ، کابرا ئەم دوزراوە عەنتیکەیە ئەبا تەبو شیخ علاءالدینی شیخی هەورامان ، بەریکەوت لەوکاتەدا دوکتور سەعیدخان ناویکی ئیرانی لای شیخ ئەبی ، دوبەرە کانی لی وەرئەگری ، وە ئەیبا لە تاران ، بە نرخیکی گران ئەیفروشی بە یەکی لە روژەلات ناسەکانی روژاوا ، کە ئەیانخوننەوە سەیر ئەکەن سەنەدی چەند پارچە باخیکە لەو چەمەدا ، بە کوردی کون نوسراوە ـ کە ئەو دەمە جیاوازییکی وای لەگەل نوسینی عەجەمەکانا نەبوە ـ ، هەروا ئایەتاللەی کوردوستانی لە میژوەکەیا (تاریخ مردوخ) ئەگیریتەوە کە لە نزیکی عەربەتی ئیستادا ، پارچە هەلبەستیك دوزراوەتەوە ، گلەیی لە هاتنی ئیسلام و لە ناوچونی ئاینی کونی کوردەواری ئەکا • سەنگ ( وەزن ) ی ئەم پارچـــــــە هەلبەستە وەکو هی شیعری مەولەوی وایە کە لە کوردەواری‌دا شیعر

ووتن بەو شیوەیە زور باو بوە ، ووشەکانیشی کوردی پەتین ، وە هەندیکیان لەوانەن کە ئیستا بە کار ناهینرین و کویر بونەتەوە •

ووتمان بە هوی زمانی ئاینی ئیسلامەوە ، ئادابی کوردی کەوتە کزیو ، بەرەو لەناوچون کەوتە ری ، وە ئەوەندەی پی‌نەچو کە لە پی‌دوین و هەلبەستن بەولاوە هیچی نەمایەوە بەلام ، هەروەکو ووتمان ، بە هوی ئەوەوە کە زوبانی عەرەبی زوبانی ئایین و خویندەواری تازە و زوبانی نەتەوەی زال بو ، ووشەیەکی عەرەبی زور جیی خوی لە زوبانی کوردی‌یا کردەوە ، ئەوەتە ئیستا پاش هەول‌دانیکی زور ، هیشتا پیمان نەکراوە کە بتوانین بە کوردییکی رەوان بنوسین •

ئیستا کوردەواری بەو ریگایەدا ئەروا کە هەمو جوی کەرەوە (ممیزات) یکی نەتەوایەتی مان ببوژینینەوە ، بو ئەوەی خومان بناسینەوە ، وە چە خومان و چە خەلك ، هەمو لایەك بزانین لە چی‌یا لە نەتەوەی‌تر جوی‌ین ، وە بە چی‌یا کوردین ؟ من لەو باوەرەدام ناتوانین بە تەواوی بەم ئامانجە بگەین تا نەتوانین قەوارەیەکی تایبەتی بو ولاتەکەمان دوروست بکەین ، بەلام دوروست کردنی ئەم قەوارەیە ئەمرو کوسپیکی گەورەی لەری‌دایە هەرچەند لە زور شتی گرنگیشا وەك یەکن ، بەلام ئاخو لە پیش ئەوەدا کە بگەینە ئەوە خومان سەروکاری کاروباری خومان بکەین، نابی ئەوەندەی لە توانادا بی هـــــەول بدەین بو بوژاندنەوەی ئەو جوی‌کەرەوە نەتەوەیی‌یانەمان ؟ بەلی ، ئەبی و پیویستیشە بو ئەم ئامانجە پیروزە پیویستمان بە زیندو کردنەوەی میژوی نەتەوەی کورد ، نوسین لەسەر هونەر و ئەدەبی کورد ، یاد کردنەوەی پیاوە شـــــــانازی پیوەکراوەکانی کوردستان ، وەرگـــــیرانی شتی کوردی بی‌گەرد بو سەر زوبانەکانی کە ، بە تایبەتی عەرەبی ، هەول‌دانی گـــــــەرم بو

پاك كردنەوەی زوبانی كوردی لە ووشەی بیگانە ـ هەیە ، وە بو ئەم ئامانجەی دوایی پێویستە لە لادی‌یە دورەكانەوە فیر ببین ، كە تا رادەیەكی باش توانیویانە كوردی خاوینی خویان بپاریزن ، هەروا ری ئەكەوی لە شیوەیەكی كوردی یا ووشەیەكی وا هەیە كە لە شیوەیەكی كەدا نیە ئەبی ئەو ووشەیە لەو شیوەیەوە وەرگرین ، لەمیشا بەكاری بینین • نوسینیش لە خوو رەوشت و نەفسیەتی نەتەوەی كورد ، سودیكی هیجگار جی‌گری هەیە •

ئیستا لە كوردوستانی عیراقا ، تا رادەیەك ئەم هەنگاوانە باش ئەرون ، بەلام لە بەشەكانی كەی كوردەواری‌دا ، یا هەر نیە ، یا زور سستە ، گوی راگرە بو ئیستگەی رادیوی سنە ، كە بە ناو بە كوردی ئەدوی ، ئەوەی كە ئەبیسی لە عەرەبی و فارسی‌یەوە نزیكترە تا كوردی ! خو نامە نووسین و كتیب دانان و گوفارو روژنامە بە كوردی دەركردن ، لـــە كوردستانی ئیرانا ، مەگەر تەنها بیری لی بكەنەوە ، داخەكەم وەنەبی تەنها كونەكان لەوی بە كوردی نامە نەنوسن ، بەلكو گەنجـــــــــە تی‌گەیشتوەكانیش نوسین‌یان بە زوبانی باوكو باپیریان ناوەتە لاوە ، خو كوردەكانی توركیا هەر هیچ ••

زورمان پیویستی بە كتیبی وا هەیە كە باسی چونیەتی كومەلایەتی‌و خویندەواری‌و سەروەت‌و سامانی كوردە واری بكا •

ئیمە ، ئەمرو بەسەر جیهانیكی نوی‌دا ئەروانین كە هەمو نەتەوەیەك لەو جیهانەدا مافی خوی بەتەواوی وەرئەگری ، وە هیچ چەشـــــــنە چەوساندنەوەیەكی رەگەز نامینی نەتەوەی كوردیش ئەبی بە چوست‌و چالاكی خوی بو ئەو روژە ئامادە بكات •

ساخومان و غیرەتی كوردایەتی‌مان •

# لەکەرکوکەوە

## داواکردنی روژنامە کەبەزمانی کوردی بلاو بکریتەوە

حەمە غەریب تالەبانی

زورجار لەباب‌و براو کەس‌و کارو برادەرمان ئەبیەین شــــکاتی ئەوە دەکـــەن کەزور ئارەزوو ئەکەن دەنگ‌و باســـی ناوشــــارە خوشەویستەکەمان کە کەرکوکـــــە بەزمانی کوردی لەروژنامەیەکا بخویننەوەو تی‌ی‌بگەن لەبەرئەمە تکائەکەین کــــەروژنامەی کەرکوك کەبەشیکی بەعەرەبی‌و بەشیکی بەزمانی تورکی بلاو ئەکریتەوە بەشکیشی بو نووسینی زمانی کوردی تەرخان بکریت چونکە دانیشتووانی ئەم‌لوایە بەزوری کوردن وە کورد زمانن ، بەتایبەتی روژنامەی کەرکوك لەسەر حسابی بلدیە بلاوئەکریتەوە ، وە دانیشتووانی ئەم‌لوایە لە ٩٥٪ی کوردن حەق‌وابوو بەوجورە روژنامەکەش بەزوری چەن‌لاپەرە یەکی بونووسینی زمانی‌کوردی تەرخان‌بکرایە وەدوو لاپەرەش بەنووسینی ئەدەب‌و شعری بەرزی عەرەبی بوفیربونی زمانی عەرەبی جیا بکرایەوەو بەزمانی کوردی بگوررایە وەزمانی تورکیش نووسینەکەی ئەبوایە بەلاتینی بنووســـرایە چونکە تورکەکان پیتی لاتینی بە کار ئەهینن •

# هەوال

لە ژێر چاودیری قایمقامی زاخو ماموستا شاکر فتاح دا لیژنەیەك بو پیتاکی لیقەوماوانی لافاوی سلیمانی پیکهاتوە تا ئەم دەمە (٧٧٠ر٨٢٠) دینار کو کراوەتەوە ، جگەلەمە دوو لوری گەنمیش نیرراوە بو سلیمانی کە بەسەر لیقەوماوانا دابەش بکری ، و ماموستا شاکر فەتاحیش ـ٢٥ـ دینار بە جیاو ـ ١٠ ـ دیناری تریشی لەگەل خانوە کەی خویا لە سلیمانی بەخشیوە بە لیقەوماوانی لافاو بەم حسابە قضای زاخو ٧٧٠ر١١٢٠ دینـــــــاری تبرع کردوە بەم هویەوە لــــــــە یەزدان ئەخوازین وینەی ئەم جورە نیشتمان پەروەرانەمان هەر زوربیت و هەمیشە بەسەر بەرزی بژین ..

---

لە طوز خورماتو لیژنە یەك دانرا بو کوکردنەوەی پیتاك بو شاری سلیمانی لە ژیر چاودیری قایمقامی قضاء کاك صبحی مجید یعقوبی وە سەرە کی لیژنە حاکمی قضاء کاك شوکت احمد بابان وئەندامە کان کاك زین العابدین احمد نجار ومهدی اغا محمد باقر اغا وکاك سلیمانی حسین غائب وکاك نوری رشید وە لە کوبونەوەیەکدا نزیکەی هەزار دینار کوکرایەوە ئەوکەسانەی کەوا یارمەتیەکی تەواویان داوە شـــــیخ طالب شیخ فیض الله طالبانی سەدو پەنجا دینار کاك زین العابدین احمد نجار سەد دینار کاك سلیمان حسین غالب سەد دینار توفیق اغا منصور اغا سەد دینار فریق نامق اغا پەنجا دینار علی نامق ئەغا شەست دینار گەلی کەسی کە لەقضای طوز خورماتو یارمەتیان داوە وەلیژنە لەجیـــــاتی دانشتوانی شاری سلیمانی سپاسیئەوکەسانە ئەکات کەیارمەتیان داوە .

سکتیری لژنە : نوری رشید

**بەبونەی روژی چلەی لاویکی جوانەمەرگ خوالیخوشبو عبـــــدالقادر مارانیەوە قوتابیانی کولیەکان لەیانەی ســـەرکەوتنا کوبونەوە بەو • بونەیەوە چەنووتاریکی پرماتەمو پرر مانا خوینرایەوە ئەمە ووتاریکە لـــەو ووتارانە**

# خوشك‌و برایانی خوش ویست

بەغداد : نووری تالەبانی

کولیەی حقوق

دیسانەوە شین‌و گریانە ، دیسانەوە تەمیکی رەش ئاسمانی پاکی کوردستانی داپوشی ، روناکی ئەستیرەیك لەئەستیرە پرشـــەنگەکانی کوژایەوە ، گولیك لەگولە ئالو گەشەکانی هەلوەری ، لاویك لەلاوە بەریزەکانی ، لافاوی مردن هەلی مژی •

لاویك‌بوو ئەیویست بژی ، سوودی ببی بو وولات‌و هاوولاتیانی ، بەلام پلاری قەدەر نەیهیشت !

ئەمە تەنیا ئەول جارنیە وا قەدەر پلاری خوی ئەوەشینی ، چونکە کارەساتەکەی سلیمانیمان لیوە دورنیە ، کە هەرگیز بەبیرەوەری کەسدا نەئەهات ئەم شارە جوان‌و گەورەی کوردستانمان ئەمەی بەسەرابیت •

لیم مەگرن ئەگەر بلیم ئاتیستا بروام بە ( بەخت ) نەبوو ! بەلام کوچ‌کردنی قادری جوانەمەرگ‌و لافاوەکەی سلیمانی وای لی کردم پربە بروابم •

ئایا کلولیو بەدبەختی‌نیە ئەم میلەتە رولەیکی پی‌گەیشتوی بمریت لەکاتیکا کەزور پیویستی بەگەنجیکی تازە پی‌گەیشتوهەیە ؟! بەلی وادیارە بەدبەختی ئەم‌میلەتە لەلایکەوەنیە !

لاوی کوچ کردومان زور دلسوزی گەل‌و نیشـــــتمانەکەی‌بوو ، رەوشت باش‌و دل پاك‌و بی‌دەنگ ، لەچاکە بەولاوە زیانی بوکەس‌نەبو ، لەبەرئەوە هەموکەس گەورەو بچوك‌نزیك‌و دوور زور ســــــوتاوو بەپەروشن بوی •

قادر گیان !

کەی وادەی کوچ‌کردن‌بوو ، بوچی پەلـــــەت‌بوو وازوو بەجیت هیشتین لەکاتیکا دایکی نیشتمان چاوەریی رولەکانی ئەکرد کـــــــــە رزگاری‌کەن ، بەلام کوچی‌تو هیزی هەمومانی بری ، هەمومانی کزو کەساس کرد ، چونکە بەراستی جی‌گیربوبوی لەدلمانا ، جیگات دیارەو پرنابیتەوە !

ئیتر لەکوتایی‌دا داوا لە یەزدان ئەکەم کەسەبوری بەکەسوکاری‌و هەمولایك ببەخشی ،وئەم میلەتە دوورخا لە گشت کارەساتیکی ناپەسەند •

# راپەرینی آسیا

لە گوفاری ( الفصول ) وەرگیراوە
کەلار : محمد سعید جاف

لەو کتیبەدا ( روبرت باین ) نوسیویەتی وە باسی وولاتەکانی ئاسیا ئەکا ئەلیت : « راپەرینی ئاسیا گرنگترین شتیکە پاش شـــەری گەورەی دووەم رویدابی • ئاسیا کە پارچەیەکە لە پارچە گەورەکانی جیهان ماوەیەکی زورە وەکو لاشەیەکی مردو درندەو جـــانەوەران خەریکی خواردن و فەوتاندنی بون • ئەم وولاتە بەشیکی گـــەورەی جیهانە ، وە وولاتی هەزاران رەنگ میللەتە ، ماوەیەکی زورە ئادەمییە سپیەکانی روژئاوا بە چاوی سوك تەماشایان ئەکەن چونکی دانیشتوەکانی بە بی دەستەلات وە بە تەمەلو تەوەزەلو بیهیزو بیهوش ئەزانی وە هەمیشە بە چاویکی رقەوە سەیریان ئەکردن • پاش شەری دووەم ئەم میللەتانە کە سالەها بو نوستبون لە هەمو لایەکەوە هوشیار بونەوە و سەریان بەرز کردەوە داوای سەربەستییان ئەکرد • بەرامبەر بە بیگانە داگیرکەرەکان دەستیان دایە چەك بە شەرو خوین رژتن بیگانەکایان دورخستەوە وە خویان بون بە خاوەنی سامانیو ووەلاتی خویان • لە راستیدا ئادەمییە سپیەکان ئەوەندە خویان بە بەرز ئەزانی لەخو بایی بوبون وایان نەئەزانی ئەم میللەتانە وەکو خویان ئادەمزادبن ، پیویستە زور نەزانو بیمیشك بناسرین ، چونـــکی لەو بروایەدابون ئادەمزاد هەمو چون یەك نین وە بەرزیو نزمی لەناویانا هەر ببیت وە تیگەیشتبون میللەتانی ئاسیا هەمیشە نوکەرو ژیر دەستەیان بن وە بە تەمای ئەوە

بون وولاته‌کانی هه‌مو وه‌ختی کانگای نه‌خوشی و لافاوو ، ده‌ردو به‌لا بیت ئه‌وه‌نده که‌مته‌رخه‌م بون خویان ماندو نه‌ئه‌کرد ته‌ماشایه‌کی لاپه‌ره‌ی میژو بکه‌ن هه‌تاتی‌بگه‌ن‌و ده‌رسیکی لی‌وه‌رگرن ئه‌م وولاتانه ماوه‌یه‌کی زور جیگای زانستی‌و زانیاری هونه‌رمه‌ندان بون ئه‌و کاته‌ی ئه‌م وولاتانه له هه‌مو رویه‌که‌وه پایه به‌رز بوه به پیچه‌وانه‌ی وولاتانی خویانه‌وه که له تاریکی ژیان‌و جه‌وه‌روسزای ده‌ره‌به‌گیتیـــا ئه‌یان نالان به‌لام دوای داگیرکردنی وولاته‌کانی ئاسیاو زال بون به سه‌ریاندا ده‌ستیان کرد به شانازی‌و له‌خوبایی‌بون وه ئه‌م میلله‌تانه‌یان هه‌مو به به‌نگ‌کیـــش‌و تلیاك‌خورو میلله‌تی ره‌نگ زردو چاو پچوك‌ناو ئه‌برد • هیچ له‌و بیرو باوه‌ره‌دا نه‌بون روژیك ئه‌بیت شورشیك دائه‌گیرسی له ناو ئه‌م میلله‌تانه‌دا بو رزگاربونیان له ئازاری ژیر چه‌پوکی ئه‌وان وه‌کو هیچ ئاگایان له‌وه نه‌بیت میژو هه‌مو کاتیك له گورینایه •

(روبرت باین) له کتیبه‌که‌یدا دورو دویژ باس ئه‌کا که روژئاوایه‌کان ئه‌م راپه‌رینه به‌وه نازانن که میژو بریاری داوه روژیك لی‌یان رائه‌په‌رن ، به‌لکو وا ئه‌زانن ئه‌م میلله‌تانه هه‌ل‌خه‌له‌تاوی بیرو باوه‌ریکی بیگانه‌ن به‌لام له‌راستی‌دا زور دورن وه زور به هه‌له چون هیچ بیریکی بیگانه له‌م کاره‌دا نیه •

ته‌نیا ئه‌وه نه‌بیت ئه‌م میلله‌تانه نایانه‌ویت ژیر ده‌سته‌ی بیگانه‌کان بن وه مایه‌ی ره‌نج‌یان وه‌سامانی وولاته‌که‌یان به تالان ببریت‌و خویان لـــه دوره‌وه ته‌ماشا بکه‌ن وه له ناو لافاوی نه‌خوینه‌واری و نه‌خوشیـــــدا بمیننه‌وه بروام هه‌یه له‌مه‌ویاش له ماوه‌یه‌کی زور که‌م دا خویان تی‌ئه‌گه‌ن که به هه‌له چوبون •

# چیرۆکی ژمارە

## « قینی .. لیم بو »

شەقلاوە ــ مەم

هیشتا تازە •• لە دەرگای گازینوکە هاتبومە دەرەوە کە رووبە رووی دابەش کەری پوستە هاتم •• دەستی بردە کیسە قایشەکەی و نامەیکی بو دریژ کردم • پیشەکی خەریك بووم لی ی وەرنەگرم ، وام ئەزانی کە بە هەلە چوە ــ یا بە یەکیکی تری داناوم ، چونکی ئەو روژە چاوەروانی چە نامەیکم نە ئەکرد •

کی بی نامەم بو بنوسیٚ ؟! ئەو برادەرانەی هەمن هەمویان وەك خوم پاش هەمو شتیك بیر لەنامە نوسین ئەکەنەوە !!• وە لەو جورە پیاوانەن کە نامە نوسین بە چەشنە ریاکاریك ئەژمیرن ، منیش لەسەر ئەم رەوشتەوە ئەگەر ئیشیکی پەلەو گرنگ نەبوایە وە پیویستیەکی زور پیویست نەبوایە •• نامەم نەئەنوسی و نامەشم بو نە ئەهات ، بویە بە تایبەتی ئەو روژە چاوەنواری ئەو نامەیەم هەر نە ئەکرد ••

بەلام کە چاوم بە بەرگی نامەکە کەوت •• گومانم نەماو ئاشکرا بو کە راستەو راست بو خومە !! هەروەك من ئەوەم لەلا شتیکی سەیر بو ••

وا دیار بو مامەی پوستەچیش لەسەر سورمانی منو دەستنوسی بەرگی نامەکە شتیکی بە بیردا ئەهات • بویە بە مونی بە چاویکی پرر گالتەو •• مانا •• لە ژیرەوە سەیری ئەکردم •

سەیرتریش لە هەمو ئەم شتانە •• ئەوە بوو کە نامەکە ناو خویی ( داخلی ) بو •• بەوە یەکجار پەشوکام •• بو ئەوەی لەم چــــەلەمەیە رزگارم بی •• زوو وە بە پەلە نامەکەم وەرگرتو بەرگـــــــەکەیم هەلپچری ، هەروەکو لە دەست نووسی بەرگەکەی گومانی لی ئەکرا دیار بو نامە لە ئافرەتیکەوە بو ، وە ئەم دیرانەم بو نوسرابو :ــ

« ئەمرو ئیوارە سەعات ٦ ( نەسرین ) لە باخی شار •• لەلای راستی باخەکە •• ناو میرگە رەنگینەی سەر چاوە ئاوە روونو جوانەکەی ژیر دار کەژە بالا بەرزەکە چاوەروانی‌تان ئەکات » •

لیت نەشارمەوە کە ئەمەم خویندەوە هەستم بەجورە خوشیەکو سەر بەرزیك کرد •• کە وەك کارەبا بەهەمو لەشما رابورد ، پاش کاتیك تاسان ، لیشاوە بیرەوەریك هیرشی بو هینام •• بیرەوەریکی وا کە وام لی بکات بریاری ئەوە بدەم کە ئەم ( نەسرین •• ) ەش لەو نەسرینانەیە کە هەمو گەنجیك لەژیانیا وە بە تایبەتی لە شاریکی وا •• بەزوری تووشیان ئەبن ، بویە ئەوەم بە چاك ترین کار زانی کە نامەو بانگ‌کردنە بی‌جی‌و پیشەکی‌یە •• لە ئافرەتیکەوە •• بو من •• بو منیکی کە هەمو کاتیك لە ئافرەت پشتاو پشت راوەستاوم •• وە زور هیرشی وام بو هیناوە کە هەمو کەسیك بزانی کە من •• هەرگیز دوستی ئافرەت نیم •• وە ژن بە تەوقو کوتیکی ژیان دائەنیم بو پیاو • وە خوشم لەسەر ئەو

بیرو باوەرە بووم کە ژن شایانی ئەوە نیە •• پیاو •• کەمو زور چــە کاتیك لە ژیانو بیری خوی بو تەرخان بکات •• وە ئەوەم جیـــگای دلخوشی بو کە ئافرەت •• من نەك بە دوستی خو نازانن •• بەلکو بە دوژمنیکی راستەو راستم دا ئەنین •• جا لەسەر ئەم باوەرەو پیلانە ئەم کارەم بە چاکترین کار زانیبو وەرام دانەوەو دەرچونم لەو کیشەو بیشەیە •• کە نامەو •• نەسرین •• و ئافرەت •• لە بیر بەرمەوەو بانگ‌کردنەکەش بخەمە پشت گوی •

نامەکەم •• بە توورەییکەوە پچر •• پچر •• کرد •• وە بە لووت بەرزیو چاویکی کراوەو •• بە فیز سەیریکی دەورو پشتی خومم کرد •• و کەوتمە ریگا •

لە ریگا بیریکی وام بو هات •• کە بوی بگەریمەوە گازینوکەو دوانیکی خو بەخویی دوورو دریژ بە سەرو گویلاکی دانیشتوانیدا بدەمو •• بەلام ••

هەر کە گەیشتمە مالەوە بو نانی نیوەرو خواردن دایکم پیش هەمو شتیك لی‌ی پرسیم :ـ

ـ کورم •• ئەمرو بو وا داماوی ؟! بوچ وا رەنگت تیك چووە ؟• چە کزیکت هەیە ؟!• وا دیاربو دایکیشم گوررانیکی لی هەســـت کردبووم •• زور پیم سەیر بو •• ئەو نیورویە وەکی نیوەرویانی رابردوش خواردنم پی نەخورا •

زور جار بی ئەوەی بیر بکەمەوە • وە لەخومەوە •• نەسرین •• و

باخی شار •• وه نامەم بە یاد دا ئەهاتنەوه •• ئاگادار بوم کە هەر جاریك ئەو یادانەم بو ئەهاتن •• تەزوییکم‌لەتەوقی سەر تی روو ئەبو لە ئەنگوستی پیم ئەچوه دەرەوه •• وه هەرچەندە هەولم داو کە ئەو ئیوارەیە لە دەرەوەی شار رابویرم •

سواری تاکسیەك بووم وه بە شوفیرەکەم گوت :ـ

ـ بو دەرەوەی شار •• تاکو ئیوارەیکی درەنگ بمگیره •

کە لە شەقامی گەوره دەرچوین •• وه گەیشتینە تەنیشت باخی شار بەبی هەست ئاوریکم لەلای راستی باخەکە دایەوه •• راستەو راست چاوم لە دار کەژه بالا بەرزەکە چەقی •• بە توندی وەکو بلی‌ی چاوم بە دوژمنیکم کەوتبی وا رووم وەرگیراو بە شوفیرم گوت :ـ

ـ زوو لی‌خوره •• زوو ••

شوفیر لە وەراما پی‌ی گوتم :ـ

ـ چە قەوماوه •• میرم •• بو سەفەر ئەچی یان بو سەیران ؟!• کە زوو تی پەرین تامی چیە ؟•• سەیریکی ئەم باخە رەنگینە بکە « باخی دلداران» من هەر پی‌ی ئەلیم باخی دلداران پاش کاتیك ئەبینی لە بن هەر داریکی شوخو بالابەرز دوو لاوی شوخ دانیشتون کە بە بیرو هوش‌و چاوو دەم تیکەلاوی یەکتر بوون • گوی لە خورە خوری ئەم جوگە ئاوە رونە بگرە چەند جوانو بە لەنجە لەسەر ئەو میرگە گولزارینە ئەخزی • سەیری ئەو هەمو کچولە شوخو شەنگانە بکە دەنگ‌و ئاوازی خەندەیان تیکەل بە ئاوازی « شالوور [1] »و مەلە دەنگ خوشەکانی سەرچـلە

---

[1] شالوور ـ مەلیکی هیجگار دەنگ خوشە (لە شەقلاوە زورە) •

داره‌کان ئه‌بیت •• سه‌یری •• »

به‌راستی به گوفتوگو له‌سه‌ر خوکه‌ی شوفیر زور په‌ست بووم •• وام هاته به‌رچاو که ئه‌و منی به‌کری گرتبی •• نه‌ك ئه‌و کری گرته‌ی من بی • •وا •• که دیم سه‌عات گه‌یشته پینجو ئه‌و هه‌ر له‌و ته‌له ئه‌دات • وه هه‌ر له ده‌ورو پشتی باخه‌که سور ئه‌خوا •

به توره‌ییکه‌وه پیم گوت :ـ

ـ ده به‌سیه بیره‌وه •• مال به قوررگیراو •• من توم نه‌هیناوه که ده‌رسیکی دلداریت لی وه‌رگرم •• یا وه‌صفی کردگارم بو بکه‌یتو شیعرم بو بخوینیته‌وه !••

وا دیاربو شوفیری زوربلی قسه‌که‌ی منی به‌گوی‌دا نه‌چو •• هه‌ر له‌سه‌ر هی خوی دریژه‌ی دایی •• ئنجا ده‌ستی کرد به گیرانه‌وه‌ی به‌سه‌رهاتی خوی‌و ژنه‌که‌ی •• که چون له‌م باخه به یه‌کتری گه‌یشتن•• و •• و •• تا وام لی هات له گیانی خوم وه‌رس بیم •

هه‌ر که سه‌یری سه‌عاته‌که‌م کرد چاوم هاتنه ته‌وقی سه‌رم •• کوره خو سه‌عات بو به پینجو نیو و ئیمه هه‌ر ده‌ورو پشتی باخه‌کـــــــه ئه‌کوتینه‌وه !!•• تا من خه‌ریك بوم به‌سه‌ریا بقیژینم •• دیم •• کابرا •• له‌لای راستی باخه‌که وه‌ستاو ده‌رگای ته‌کســــــیه‌که‌ی بو کردمه‌وه‌و گوتی :ـ

به‌گم •• ئاره‌زوو نافه‌رمون گه‌شتیك له‌م به‌هه‌شته ره‌نگینه بکه‌ن ؟•

ئیمانم له که‌لله نه‌ما •• و هه‌ر ئه‌وه‌نده‌م بو مایه‌وه خوم رزگار

بەگم !•• گورج لە ئوتومویلەکە دابەزیم •• و بە تووریی •• لە ئاخ دوور کەوتمەوە • بەبیرما هات کە لە نزیك ترین گازینو رابویرم •• تاکو سەعات شەش‌و ئەم ( گەوارەیە ) تی ئەپەری •

هەر کە هەنگاویکم ئەهاویشت ساردیکم ئەهاتە دل •• هەر ئافرەتیکم ئەدی •• را ئەبورد بو باخەکە بە ( نەسرین )م ئەزانی زوو چاوم لی ئەسوراندەوەو رووم لی وەرئەگیرا •• وام ئەزانی بە گالتەوە تەماشام ئەکات !•• لە بەد بەختی‌و ریکەوتی رەش •• لەو کاتە تووشی ناسیاویکم هاتم •• هەر کە منی دی •• بەسەر سوومانیکەوە وە بە (گرژینەوەیکی) پرر مانا لی‌ی پرسیم :ــ

ــ ئا • کاك ئەوە چونە ئیمرو ریگات بزر کردوە ؟!••

هەروا هەرچی چاوم پی‌ی ئەکەوت وام ئەزانی •• بە سەیرەوەو بەگالتە ئەروانتە من •• وە چاو بزوتنەوەیان پرسیاری ئەوەیە کە چون لەم ناوچەیە ئەبینریم ؟•• لە ماوەی ئەو نیو سەعاتەی کە لە ئوتومویلەکە دابەزیم •• وام ئەزانی ماوەیکی زور لە باخەکە دوور کەوتومەتەوە •• کەچی •• خوشم هەستی ئەوەم نەکرد •• کە وادەی معلوم چون هات ؟!•• چون لەودیوی شوورە جوانەکەی ــ باخ ــ و لەناو میرگە مافوررینەکەی ژیر کەژە بالا بەرزەکە خوم دوزیەوە !؟••

لە سەرەوی میرگەکەو لە تەنیشت کانیاوە روونوو جوانەکەی لە ژیر دارەکە •• هەلئەقولی و لەسەر کورسیکی داری بە سەوز رەنگ کراو •• ئافرەتیکی رەنگین‌و شوخ‌و ( خنجیلەم ) بەرچاوکەوت لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو چاوی بریبوە هەلقولینی ئاوەکە •• وە هەرگیز

بزوتنەوەو جولەیکی لیوە نە ئەهات •• هەر وەکو بلی‌ی هەستیش بە بونی من لەم جیگەیە ناکات ••

بە راستی کاتیکی بەسام بو •• لە دلی خوما ئەم گوت « تووشی چە چەلەمەیکی •• توندو بە تین •• بووم » زور هەولو کوششم کرد کە خومی لی رزگار بکەم •• بەلام دلم لە دەست دەرچوبو کە هاناشم بو لاقەکانم ئەبرد ـ ئەوانیش لە دووم ـ نە ئەهاتن •• بویە نەم توانی چە هەنگاویك بهاویژم •

لە پر ئافرەتە سەری بەرز کردەوە •• بە هیمنایی و لەسەر خوو بەبی ئەهمیت گوتی :ـ

ـ ئاوا •• لە دوایدا •• هاتی •• ئا •• وا نیە •• وا دیارە من بە هەلە چووبووم لەو باوەریەم کە ئەم گوت •• هەرگیز •• لیرە ناتبینم !•

لە پاشان لەسەر خو •• و بە فیزیکەوە سیٚ چوار جار ئەمەی دوربارە کردەوە :ـ

ـ بەلی بە هەلە چووبوم •• بە هەلە •• بە هەلە ••

ئەمەندەو سەری هەلبریو •• ســـــەیریکی دارو درەختو گولە جوانەکانی دەورەی کرد •• یەك دوو هەنگاو بەرەو ( کوزە ) گولە نیرگسە هات کە من لە روخیکیا راوەستابووم ، چەمایەوەو چەند چلە نیرگسیکی گولداری گەشی چنین‌و •• کەوتە بون کردنیان •• ئاوریکیشی لە من دایە لەبەر خویەوە •• بە دەنگیکی ناسك گوتی :ـ

ـ نیرگسیش گولیکی کیوی‌و مل رەقە •• بەلام کە خوی لەو باخە دەست چنە جوانە ئەبینی سەیری بە خوی نایەتەوە !••

دوا بەدوای ئەوە بە واتەیێکی پر مەکر •• و خەندەییـــــکی بایی پرسی :ـ

ـ ئیمەش •• پیمان سەیرنیە •• وا نیە ؟!••

دەمم گیرابو •• نەم توانی چە وەلامیك بدەمەوە •• لەپرر کە چاوم کەوتە ناو چاوە رەشە گەش‌و جوانەکانی موچرکەو بروسکەییکی بەتین بە هەمو لەشمدا هات •• و لەگەلیا راچلەکیم •• چاوم لەبەر خوم نا وە بی دەنگ لە جیگاکەی خوم چەقیم ـ ئینجا نەسرین بە دەنگیکی خوشی شمشالی گوتی :ـ

ـ دوور نیە کە ئا ئیستا لەسەر ئەم بیرو باوەریە بیت کە •• ئەم ئافرەتەی بەرامبەرت وەستاوە یەکیك بیت لەو ئافرەتانە کە ئەشی هەمو کاتیك لەگەل هەمو گەنجیکی وەکو تو لە کونجیکی چولی باخچەیەك •• یان لە کولانەییکی تەنگ •• لە شەویکی تاریکا •• یان ئیواران •• لەسەر روخی زی یان لە تیاترو و سینەما •• یا لەو جورە جیگا ناشایستانە بە زوری ئەبینرین !•• بو ئارەزوو هینانە دی •• وە یان لەو چەشنە ئافرەتانە بیت کە تو وە هاوتای تو •• بە دەم ( زمان ) و بە نوسین پەلاماریان ئەدەن •• وە بە چاویکی سووك وە ناشرین تەماشـــــایان ئەکەن !!•• بەلام ••

هەستم بەوە کرد کە ( نەسرین ) بە دووچاوی گەش‌و کراوە •• و مونیکی تورەییەوە بەقینەوە پی بە پی لیم ئەهاتە پیشەوە •• ماوەی ئەوەی نەدام کە وەلامیکی بدەمەوە •• وە پاراستیکی خوم بکەم •• کە بە هەمو هیزی توورەیی‌و رقەکەیەوە •• لەسەر قسەکانی رویشت :ـ

ـ بەلام •• ئەمەویت هەر ئیستا کە لەسەر ئەم باوەریەت لادەم ••
ئەم بیرو باوەریەت پی فری بدەم •• ئەمەویت بە ئاشکرا •• و دەم بە
دەم •• پیت بلیم •• وە روو بە روو بوت بە دەرخەم •• کە •• ئای
چەند قینم لیتە •• ئای گەلی پیاوی دروزنو کلك پان •• چەند رقم‌لیتان
ئەبیتەوە •• ئای ما •• ماموستا ( ــــ ) ی دوژمنی ژن بەتایبەتی چەند
قینم لە تویە •• لەتو •• لەتو •• وە ئەمەویت دەرسیکی عەمەلیت لە
رقو قین بدەمی دەرسیکی عەمەلیو راستەقینە •• راستەقینە •• ئە ••
ئا •• وا •• »

ئەمەی گوتو وەك تیر پەلاماری دام •• توند دەستی کرد بە ملما ••
تاکو تینی هەبوو کەوتە ••

کەوتە هەلمژینی دەمو چاوو روومەتم کەوتە گوشـــینمو خو تی
هەلسونم ••

هەر کە پرچە ( قژە ) بریقدارە نەرمو بون خوشەکەی بەسەر رووما
بەخشان بو •• وە هەستم بە هەلمی گەرمی لیو و •• هەناسە پرر
چوشەکەی کرد •• بی‌هوش بووم •• توند •• توند •• گوشیم ••
گوشیم •• بی ئەوەی ترسی ئەوەم بیت کە ئەم پەراسوە ناسکانە •• یا
ئەم بالا باریکو شوشە ئازاری پی بگات •• گوشیم بەهیز •• بە هەمو
هیزیکم •• دەمم نا بە گولە سوورەکەی دەمی ، لووتم نا بە روومەتە وەك
سیو سورو بون‌دارەکانی •• کەوتمە مژینی هەنگوینی ئەو گولە جوانەو
بون کردنی ئەم سیوە خوشە •• وە لە دەریاییکی •• پرر خوشی •• و

کامەرانیی‌وە بی هەستی نقووم بووم •• ئارەزوو ئاواتم هەر ئەوەبو •• کە کات •• گەردوون بوەستی هەمو شتیك وەك خوی بمینیتەوە •• وە گورانیك نەیەتە سەریان •

لەم هەستە •• بەرزو سحریە کاریگەرەدا بووم کە (نەسرین) لە باوەشما دەرپەری‌و وەك کار مامز لە ناو میرگەکە بە رمبازی کشایە دواوە •• هەر هەنگاویکی ئەهاویشت جاریك ئەی‌گوت :ـ

ـ ئای •• چەند قینم لیتە •• ئای کە رقم‌لیت ئەبیتەوە •• ئاوا •• بوت ئاشکرا ئەکەم کە چەند قینم‌لیتە ئاوا • ئاوا •• دوورکەوە لیم •• قینم لیتە •• دوورکەوە • دوور •• دوور ••

کەوتە پەنا دار کەژ•کەو لەناو کومەلی گولە جوانەکان •• وەك روژ لیم ئاوا •• بو ••

هەستی ئەوەم نەمابو کە بزانم من چیم ؟! • وە لە کویم ؟! • تەوانای بیرکردنەوەم نەمابو •• وام ئەزانی •• هەر ئیستاکە هاتوومەتە سەر رووی زەمین ••

پاش چەندیك •• کە هاتمەوە هوش خوم •• باوەشم کردە •• ئەو جیگایەی کە ئەو سنگو لەشە ریکو شوخەی نەسرینی پیوە نوسابو لە لەشما •• دەستم جاریکی‌تر نەکەوتەوە سەر ئەو بەژنە بلورینە •• دەستیکم تەنها کەوتە سەر گیرفانە بچکولەکەی ژوری چاکەتەکەم •• چلە نیرگسەکانم لی دەرهینان کە نەسرین لە میرگە جوانەکەی چنیبون •• تا توانیم •• بە تین بونم کردن •• و لە رووی خوم خشاندن • دووبارە خستمنەوە ئەو گیرفانەم •• بو یادی ئەوەی •• لە بیرم نەچی کە •• بە راستی •• خانمەکە قینی لیم‌بو ••

# مژده

شتیکی ئاشکرایه پەندی پیشینیان بو هەموو گەلیک ئاوینەیەکی بی خەوشی بالا روانه که له دەمی دیرینیەوە ئەندازەی شارستانیتیو پلەی زانیارییو هوی بەرزییو نزمیو ریگای پیش کەوتنو پاش کەوتنو یەك کەوتنو بلاو بوونەوەی ئەو گەله دەر ئەخات ، وە زور باش چونیتی گوزەرانو ئابوورییو دەستدارییو بی دەستیو زوردارییو زور لی کراویی پیشان ئەدات •

بەشـــــی زوری گەلانی تر هاتوون پەندی پیشـــــینانی خویان کوکردوەتەوەو له چاپیان داوەو بلاویان کردوەتەوە ، وە گـــەورەو پچووکیان بەهرەی لی وەر ئەگرنو وا بە سەر دەمیانەوە ••

گەلی کورد وەکو گەلانی تر هەر چەن پەندی پیشینانیان هەیە ، وە بگرە له هی ئەوان زیاترە بەلام داخەکەم تا ئیستا ئەم هەنـــگاوەی نەناوە ، وە لەم گەنجه شاراوەیه بی بەهرە ماوەتەوە ••

ئیستا ( مژدەبی ) وا ماموستای بەرزی بەنرخ شیخ محمدی خال هاتوە ئەم ئەرکە گەورەیەی خستوەته سەر خوی ، وە شانی داوەته بەر ، له دەمیکەوە بە جەختیی خەریکی کوکردنەوەی پەندی پیشینانی گەلی کوردە له شیوەیەکی دل چەسپی قەشەنگا • وە کوکردنەوەکەشی بەپیی

ریزی پیتەکانی کوردیی‌یە لەگەل ئەوەشا هەموو پەندیکیشی زور جوان رووناك کردوەتەوە کە لە چیەوە هاتوە ، وە بوچی دانراوە ، وە لە چی‌دا بەکار ئەهینریت •

ئەم نوسراوە بەنرخە ئیستا وا لەژیر چاپایە ، بەم زوانە بەناو کوردەواری دابلاو ئەکریتەوە • بەراستیی ئەم نوسراوە جوانە کەلینیکی زور گەورەو دەلاقەیەکی زور زلی لە ریزی نوسراوەکانی کوردی‌دا پرکردەوە ، وە هەموو کوردیکی خوندەوار بە تاسەو تاسوقی‌یەوە چاوەروانی ئەکات ، وە پر بە دل بە تەماشەکە (فەرهەنگە) نایابەکەشی بەم زوانە بیتە کایەوە ، وە لە ئاسوی کوردە واریی‌یەوە هەل بیتو سەردەربینی •

ـ هیوا ـ

# رەمزی هیوا

ئەو هونەرمەندو رەسامەی لە رەسم کردنی « دروشمیك » شعاریك بوسەر بەرگی گوفاری هیوا لەئەنجامی هەلبژاردنا گرەوی مسابەقە بباتەوە قەلەم پاندانیکی پارکەری زور چاکی خەلات ئەکریت •

-٩٣-

# پاشماوەی جەلالی

نووسینی : ئەحمەد خواجە

لەسەر ئەم کردەوە ناشیرینە • موســــی دادی خوی ئەباتە لای ( قائممقام ) مصطفی کوری احمد پاشا • بەلام لەلاینی پیاوانی میری‌وە لەجیاتی پرسینی دادەکەی زور سەرزەنشت ( تحقیر ) ئەکریت وریشی ئەبرن و لەپاش ئەوەی ئەیدەنە دەستی زور بەناشیرینیش دەری ئەکەن جا ئەم کردەوە ناشیرین و چەپەلە بەلای هەمو خزم و عشرەتەکەیەوە بە ئەتك و سەر شوریکی گەورە زانرا • پشتیان دایە یەك لەژیر سەروکی موسی‌دا دەستیان دایە چەك و تفنگ ولەناکاو وروژمیان بردە سەریان بەگی ناوچە ومصلح الدین وکاتبەکەیانیان کووشــــتو هەر لەرووی ناپیاوی پیاوانی میریەوە ئەم کارەساتە زور یەگران کەوتە سەر عثمانیەکان وبەبی پچرانەوە لەروژی **٢٩** اغســتوس **١٥٢٦** دا لای ژووررووی « قیصری » لە « قورشونلی‌بیلی » دایان بەسەر والی دا خوورەم پاشا کە بەقارەمان ناونرابوو زور پەریشانیان کردن هەر لەم جەنگەدا متصرفەکە و خوورەم پاشا وزور ماقولانی میریان لەکوری شەرەکەدا بەکووژراوی فری دا هەروها دوایەدوای یەك هەرچی لشکرو سپایەکی میریان ئەنیررایە سەر لەدەردی خوورەم پاشا ولشکرەکەی ئەبران بەناچاری هەرچــی لشکر وسپایە کە لەشام هەبوو تیکەلی لشکری دیار بکر کران بەهیزیکی

زور گەورە وبی شورمارەوە لەناکاو شەو نوخنیکی موسی ولشکرەکەیان کرد • ایتر بوئەوەی دواروژ نەدورینن خویان و بەتیـــکەلی تیرەی « سوکلان » یش کەلە « بوزوك » دائەنیشتن لەگەلی برایەکی تریان بەزووربەیی رویشتن بوایران •

سپاەو حکومتی عثمانی گەیشتنە ( یوزگات ) بەلام هیشتا بنجبەست نەبووبوون • هەروها بەدوای ئەو جەنگەدا کەزوریان لەلشکری موسی کووشتبوو بوتولەی ئەو کووژراوانە لەلاینی کوری زنون وە لشکریکی زور کوکرایەوە • لەینزیکی « ترسوس » ولەناحیـــەی « اولوش » پینجە بگ ولە « اطنە » لەناوچەی « قرەعیسالی » ولە ناحیەی «بەراندی» کوری دووموو دەستیان دایە یەك لەسەر یەك ووتەو سویند هەستان بانگی یاخیەتیان دا هەر لەو کاتەدا سالی « ١٥٢٧ » حاجی بەکتاش لەنەوەی وەلی قلندر چلبی‌یش یاخی بوود ئنجا بو بەر بەســـــــت وکووژانەوەی ئەم ئاگرە سلیمانی قانونی بەناچاری ام بیرەی کردەوە •

صدری اعظم ابراهیم پاشا کەیەکە خوشەویستی خوی بوو بوئەم فرمانە رووی لی‌نا • بەلەشکریکی سێ هەزار یەنی چەری و ، هەزار گووندی ( عسکر ) وە ناردیە سەر ئەم یاخیانە • وکارهەلسوورینی یاخیەکانیش لەپیاوە ناودارەکان بوون • وەکوو ، ناسراوەکانی جلالی و لەپیاوە کاربەدەستەکانی میری کەلە متصرف و یا والی‌یەتیدا بوون • جا لەتەواوبوونی نووسینەکەدا ناوونیشانی ئەمروفانە کەکــــــاری یاخیەکانیان هەلسووراندوە یەکەیەکە ئەخوێننەوە :

هەروها لەمیژووی ـ تأریخ ـ تورکیادا ئەلیت : لەدوا دوای شانزەمین سەد سالەدا گرنگترین هەستان ویاخیەتی جلالی لەلاین عبد الحلیم ناو کەبە ( قەرەیازیچی ) ناوئەبرا روویدا • وە ئەبی ئەم پیاوە ناودارو بەبرشتە لەسەروکە هەرە گەورەکانی جلالی بی • بەلام ئەم ناوی قەرەیازیچیەی چون پەیدا کردوە نازانریت •

قەرەیازیچی لەسپای عثمانیدا لەپیشترین سەروك « ضـــــــابط » وتفنگچیکی زور وریا بوە • لەسالی **١٥٩٦** دا لە ایالتی « ســــــیواس » لەپاش سەرکەوتنیکی زور گەورە نزیکەی **٢٠** هەزار کەســــــیکی لی کوبووە وعثمانیەکان بیمو ترسیکی زور گەورەیان لی‌نیشـــــــت • بو لەناوبردنی ئەوسەروکە گەورەیەی جلالی لە استمولەوە حاجی ابراهیم پاشای وزیریان ناردەسەری لەنزیکی « قیصری » لەیەکتریاندا شرتو شریان لەلشکری پاشا برری وزور پریشان کران لەم لیك‌دانەدا **١٥** ضابطی یەینچەری وپتر لەهـــــــزار گووندی کووژرا وبەتەنـــــگ و چەلەمەیکی زورگران سەردار حاج ابراهیم پاشایش خوی هاویشتە ناو حصاری « قیصری » ئەو یەینچەرییانەو لەوگووندیانەی کە چەبەدییل گیران وچە ئاوارە ئاوەکی بووبوون زوریان لی کووژرا لەپاش ئەم سەرکەوتنە گەورەو پیروزە قەرەیازیچی بانگی حکمـــــداری بوخویدا ودەستی کرد بەحکم وفرمان •

ـ ماویەتی ـ

# باوەڕ پێکراوی هیوا

لە :ـ

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە .

ســـولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ .

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کـــرکـــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو


هەولـــــێر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رؤف معروف

کـــــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیــــــە :ـ توفیق مەلا سەدیق

# گۆڤاری هیوا

## ژماره ٧ ساڵی ١ کانوونی دووەمی ١٩٥٨



# هیوا

گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جارێک دەرئەچێ

ژمارە ــ ٧ ــ سال ــ ١ ــ رێبەندان ــ کانونی دووەم ١٩٥٨

دیمەنیکی شــاری کویە

**لەم ژمارەیەدا**

١ ــ میژووی شاری کویە ·
٢ ــ میژووی بەدرخان پاشا ·
٣ ــ ویژە « ئەدەب » ·
٤ ــ بەرەو خویندە داری ·
٥ ــ دیوانی هیوا ·
٦ ــ کوردانی بەناو بانك ·
٧ ــ تەندروستی ·
٨ ــ هیواو خویندە وارانی ·
٩ ــ لەزنجی هەژارانا ·
١٠ــ چیروکی ژمارەو ·

# ناو و نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

ـ ئابوونە ـ

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ـ ٣٩
( حافظ مصطفی قاضی )



## برایه

سالّی نویّو سەردەمی ژیانتان هەر بەخۆشی بیتو دووربن لەتالاّیی ژیانی ناکۆکیو دوو بەرەکیتیو دوودڵیو هەموو نەخوشی‌یـــــکی کۆمەلایتیو بەدەنی •

براگیان وا لەناوەندی یەکەمین مانگی سالی ١٩٥٨دا ژمارە حەوتی گۆفاری هیوات گرت بەدەستەوە بەروویکی خۆشو گەشەوە پەرەکانی هەل ئەدەیتەوەو لەدلّی خۆتا ئەلّییت ئۆخەی بەواتەی ، ئەمو ئەو هەلّەمان نەکردو بەرامبەر بەیانەو بەرێوە بەرانی گۆفاری هیوا دلمان نەگۆری •

کاکی خۆیندەوار لاموایە ئەزانیت هەرفرمانیك لەناوئیمـــــەدا لەپیشەوە کە دەستی بدریتێ زۆر کۆسپی دیتـــــــەرێ ، بەلاّم چەکۆسپێك ؟ ئەنجامی یابەسەرو مالەوە تیاچوونە یابەپەلە پروزکێ هەلاّتنە ، بەلام لەگەل ئەمەشا ئەلّیم بۆئیمەی دواکەوتوو کەویستمان بۆسوودی کۆمەلایتی وەیا بۆخۆمان فرمانیك بکەین یەکەمین شەرت کۆل نەدانەو بەس ! ئەوە میژووی گۆتەمبەرگ داهینەری چاپ‌گەری بخۆیننەوە • بزانن لەدوای‌چەرمە سەرێیکی زۆر توانی بەئاواتی

خۆی بگات وە ٥٢٥ سال لەمەوبەر چاپی داهیناو بەئامانجی خۆی گەیشت ٠

بەلام لەدوای ٥٢٥ سال کەهەموو جورێکی چاپی تازە داهاتو زۆربوو گەیشتینە سەدەی زەرەو کەشفی مانگ‌و ئەستیرە بەناشکوری نالیم تازە ئیمە هەول ئەدەین وەکو نەتەوەکانی هەرەدواکەوتووی جیهان چاپخانە یەکمان بیی‌و ئەمانەوی پیاوە مەزنەکانمان هەست بەم ناتەواوییە جەرگ‌بڕە بکەن‌و دەستی یارمەتیمان بدەنەدەست کە هیچ نەبیت لاسایی ئەم هەمو شیرکەتانە بکەینەوە کەچۆن پیك هاتووە ئیمەیش بەکرینی بەش وەیا ( سەهم ) چاپخانەیەکی باش بکرین‌و بەناوی چاپخانەی هیواوە بیخەینەگەرر ٠ بەلام داخەکەم زۆرترسم لێ نیشتووە ٥٢٥ سال لەمەوپیش کە گۆتەنبەرگ چاپی داهینا لەدوای خۆی وەصیەتی کردبیت کەنابێ نەتەوەی کورد چاپخانەی هەبیت ! ئنجا نازانم براینە ئیوە ئەلێن چی !

لامان وایە ئەگەر برا خوێندەوارە کانیشمان کەمیك دەس لەووردە خەرجی یەك بگرنەوە دیسان هەرباشە ئەتوانن پارەی سالانەی گوفاری هیوا دوانەخەن‌و بەپوستەدا وەیا بەهوی باوەوپیکراوە کانمانەوە بومان بنیرن تاوەکو هیزی تی کوشانمان بەگورر تربیت !

# میژوی کویە

نووسینی طاهر احمد حویزی

کویە شاریکی زور کونە لەسەرسنگی چیـــــای هەیبەت سولطان جی‌نیشن بووە کارە ساتی میژوویی لەگەل میژوی هەولیرا جیاوازی‌یەکی ئەوتوی نیە ، لای ژووروو وەروژەلاتی کویە بەچیا وەلای روژئاوای بەهەندی‌گرد ، لای‌خواروی بەدەشت دەورە دراوە وە لەروژەلاتی هەولیرەوە هەشتا کیلومەتر دوورە • دیمەنی ئەم شارە بەزستانان کەبەفری لی ئەباریت هیجگار جوانە ، لەبەهارانا کەدەشتو چیا سەوزئەبی‌و تیشکی روژ لەبەفری پاشماوەی زستانان ئەدا ، پرشەی سەوزەگیاو بریسکەی بەفرو کانیاو ئەمەندە جوانن هەمو ئادەمزادیك بەدیتنی هەست بەژیانیکی ئازادی‌و کامەرانی ئەکاتو ماندویتی‌و سزای روژانی رابوردووی لەبیر ئەچیتـــــەوە •

هەر لەرووی جوانی سروشتی ئەم نیشتمانە پیروزە وەیە کەزور پیاوانی زاناو شاعری بەناوبانگ‌یان تیا هەل‌کەوتووە وەکو خوالیخوشبوو شاعری‌مەزن حاجی‌قادر وەزاناو عالمی ناودار مەلای گەورە وەبە سەخاوەت وینـــــەی حاتەم حەماغای کویە ، ئائەم پیـــــاوانەو زور لاوانی‌تری تازەپیگەیشتو هەمو زادەی ئەمووڵاتە پیروزەن •

کویە قەزایەکی هەولیرە تەنیا ناحیەی تەق‌تەقی لەسەرە ، سەرژماری سالی ١٩٥٧ ی گەیشتوتە ( ٣٠٢٠٢ ) کەس •

میژووی رابووردووی پرره لەکارەسات بەتایبەتی لەســــــەردەمی شەروهەرای بەینی ئاشوریو میــــــدیەکانو ئەودەولەتانەی لەئــــــیرانا دامەزراون وەك ئاخەمەنی ، ئەشـــــــکانی ، ساسانی وە رومەکــــــان لەوسەردەمەدا شاری کویە بوتە پیشیلگەی لەشـــــــــکر ئارایی بەینی ئەمدەولەتانەو دانیشتووەکانی گەلیك سزایان دیوەو زورجار شارەکەیان ویران کراوەو ئاوا بوتەوە هەر وەها لەدەوری (فتوحاتی ئیسلامی) دا کە عەرەبەکان لەریگەی هەولیرەوە توانیویانە شاری هەرموتە بگرن کەنزیکی چوار کیلومەتر لەخوارووی روژئاوای کویە دوورە وەلەپاشانا لەدوای شەرەشیریکی زور شاری کوهساریشیان گرتووە کە کویەی ئیســــتایە **لەبەرئەمەی کوهسار بەوشوینانە ئەلین کەناوچەیەکی پرچیاو شاخاوییە دوورنیە ناوی کوهساریش کورت کرابیتەوە و بوبیت « بەکـــــــۆیە »** وەلەدوای دەوری عەباسیەکان وەك زور جیگای دی حوکمی دەربەگی لەکویە دامەزراوە وەسنووری تا روخی راستی زیی کویە (زابی گچکە) رویشتووە ، لەوسەردەمەدا لەگەل حکومەتی سورانو حـــــــــکومەتی ئەردەلانا هاوسنوور بوون وەلەپاشانا ئەمناوچەیە خراوەتەسەر حکومەتی سوران • هەروەکو لەپیشەوە باسمان کرد زور لەمیژەوە شاری کویە کانگای زانستیو علمبووە ئیستایش لەمرووەوە بەدواکەوتو ناژمیرریت پانزە مزکەوتو سیّ تەکیەو خانەقایەكو سیّ قوتابخانەی سەرەتایی کورانو دووقوتابخانەی کچانو مەکتەبیکی ناوەندی کورانو باغچەی ساوایان وەقوتابخانەی ئیوارەیی تیاهەیە وا ئەمسالیش بنای خویندنگای گشتی تەواو ئەکریت ، وەدوورنیە لەماوەیەکی کەما ئەم شــــــارەش لەرووی خویندەواریو پیشــــــکەوتنی بازرگانیو ئابوریو کشتو کـــــــالەوە زورپیشکەویتو ببیتەشاریکی گەورە •

نووسینی : حافظ مصطفی قاضی

# بەدرخان پاشا



بەدرخان پاشا کوری ( عبد الخانی ) سالا ١٨١٢م وپشتی مرنا بابی وی عەمری وی هەژدا سال بو ئەکو بویە میری جزیرا ( بوتان ) • ئەو وولات وی وەختی بن دەستی حکومەتا ترکا بو ••

بەدرخان پاشای دوو شوول دانانە برام بەری خو :

١ – ریکی نەدەتە مفسدیی ترکا لناف وولاتی • ٢ – کوردستانی ژ بن دەستی ترکا دەربکەت ، وبراییینی لناف هەمی کوردا پەیدا بکەت •

راستی ئەوی وەختی مازن وشیخیت ( وانی وحکاری وخیزان وموشی ) حازر بون بو هاریکاریا بەدرخان پاشای بو فی شوولا باش وهەمیا سەربەستیا کوردستانی تفیا • ئەکو میری دیتی وصانە ، خو حازر کر بوو شوول کرنی •

بەری هەمی شوولا کارخانەیەکا فیشەکو وتفەنگا لباژیری (جزیری) دانا ، ودەست بگەلەك شوولا کر کو خیرا ملەتی تیدابیت •

ترکا دیت ئەفە خرابە بوو وان ، چنکی دی ژ بن دەستی وان چنە دەری ، رابون دەست دانە فسادیی لنا بینا میری وفەلیت بوتان ، فەلا قانع کرن کو پارە نە دەنە میری ودژمنیا وی بکەن ( میجر « سون » خودانی کتیبا « سیاحة متنكرة وخفية في كردستان ص ١٥٦ » تبیژت : « سبەبی راستی ئەوی هیلای میر شەری فەلا بکەت ، ئەوان فەلا گوهی خو دا ترکا ودژمنیا میری کرن چنکی ترکا تفیا لیك بکەفن دا هەردو رەخ زەعیف بن ودا نە شین بەرام بەری وان رابوەستن چنکی هندی کورد وفەلا بون گەلەك مروفیت ایك بوون » ) میر رابو سەرخو لگەل ـ ١٠ ـ هزار میری بچەك وشەری فەلا کر ، وبی بەلا اینانە سەریوان • حکومەتا ترکا گەلەك بی سەرو بەربو وصەهما میری کەتە سەری ، رابو جەند مەندوب فریکرن دا میری قانع بکەن کو شفی شوولی فەبت وکوردستانی دانتە رەخەکی وهەچی تشتی بفیت دا بدەنی ، بەلی ئەو مەندوب نەشیان میری قانع بکەن •

ئەوی وەختی حکومەتیت اوربا ژ حکومەتا ترکا خاصت کو حەقی فەلا ئەویت میری شەریوان کری تفیت بیتە اسطاندن ، ترکا دیت ئەفە حیجەتەکا باشە بو طەفاندنا میری ومروفیت وی رابو ئەمرەك دا ( حافظ باشای ) مازنی عەسکەری اناضولی کو میری بینتە استانبولی ، ئەوی مەندوبەك هنارتە نك میری دا قانع بکەت بەلی نەشیایی وەکو مەندوبیت بەری حکومەتا ترکا مەجبور بو عەسکەرەکی گەلەك مازن هنارتە شەری میری ، بەلی میر شاوی عەسکەری وبی بەلا اینانە سەریوان ،ورابو پشتی هینگی بی

طرس وبی لەرز سەربەستیا وولاتی خو بلاف کر •

وسالا **١٨٤٢**م پارە بنافی خو دەری خاندن ، وحدیدی خو مازن کر حەتا گەهیشتا ( وان وسابلاخ ورواندز وموصل وسنجار وسعرد ویرانشهر وسیوزك ودیاربكر واشنه وارمیة ) •

حکومەتا ترکا رابو عەسکەرەکی مازن بسەروکیا ( عثمان باشای ) هنارتە شەری میری هەردو عەسکەر گەهیشتنا ایك نیزیکی ( ارمیة ) ودەست بشەری کرن • لفی وەختی نە خوش ( میر عزالدین ) مروفی میری وسەروکی رەخی چەبی یی عەسکەری وی بو رابو هاری ترکا کر بمیرفا وشیان جزیری بسطینن • میری ئەکو گولی بوی ، هندە عەسکەری خو هیلا لشەری ( عثمان باشای ) وهندەك لگەل خو برە جزیری بو شەری عزالدینی وئەو ترکی لگەل وی ، بشتی شەرەکی باش شیا جزیری بسطینته فه •

بەلی خیانەتا عزالدینی قوەتا میری بی سەرو بەر کر ، نەشیا شەری بکەت لجزیری ، جو قەلعا ( أروخ ) ودەست بشەری ( عثمان باشای ) کرەفە ، هەشت هەیفا ترکا وعزالدینی رەخیت وی گرتن ، میر ومروفیت خو بی نان وئاف مان ، مەجبور بو لگەل مروفیت مایی خو بافینە لناف شەری وقەلعی پیلین ، شەرەك کرن وەکو شیرا ، بەلی نەشیانە دوژمنا ، دیماهیکی میر ودوو کوریت وی هاتنا گرتن وهنارتنە استانبولی سالا **١٨٤٨** م •

هندی هند حکومەتا ترکا بی خوشبو کو شیانە بەدرخان پاشای ( مەدالیەك ) چی کرن نافی وی کرنا ( مەدالیا شەری کوردستانی )

دانە وان مروفا ئەویت شەری میری کرین •

باشی میر هنارتنە جزیرا ( کریت ) والویری گەلەك خزمەتا کورد وکوردستانی کر باشی زفراندنە استانبولی وپاشی هاتە ( شامی ) وما لویری ١٠ سالا حتی چویە بەر رحمەتا خودی سالا **١٨٥٨** وهاتە فەشاردن لمحلا ( صالحیی ) •

یاوەرگریتە

لەخولاصـــــەی تأریخی کوردو کوردوستانو کوردانی بەناوبانگـــی خوالیخوش‌بوو ئەمین زەکـــی بەگ وەرگراوە •

## پرسە

ئیمامی مزگەوتی شیخ فتاح لەخانەقین خوالیخوش‌بوو ماموستا مەلا سید حکیم کەپیاویکی زاناو خوشەویستی هەموو کوردان‌بوو روژی **١٥-١٢-١٩٥٧** گیانی‌پیروزی بەبەهەشت سپارد ئەخوازین یەزدانی‌مەزن سەبووری هەمولایەك بدات •

# ویژە

نووسینی : شیخ محمدی خال

ویژە « أدب » ی هەموو گەلیک وەک کالایەک وایە بوئەو گەلە ، ئنجا یا وەک کالایەکی فراوانی ، پانو پوری ، بالاپوشی ، ئاودامان وایە کەبەقەد گەلەکەی بی ، لەبەرزییو گەورەییو پانو پورریی‌دا ، وەبەتەواوی دای پوشی ، یا وەک کالایەکی کەمو کووری ، کورتو کویر وایە کەلە لە شیا نەچەرخی •

ئنجا بەمپی‌یە کەتەماشائەکەین لەناو ویژەدا ویژەی واهەیە وەک کالایەکی بالاپوش وایە لەبەر گەلەکەیا ، وەلەسەرەوە تاخوار دای گرتوە ، بەلکو گەزیکیش لەبەرپی‌ی ئەخشی ، وەک ویژەی فەرەنسزی وانگلیزیو رووسیو گەلی ویژەی‌تر ، کەبەراستی لەگەل گەورەیی گەلەکەیانا جووتو بەرامبەرە ، وەبەموو کەمو کووړیی نیە •

وەیا لەئەژنویایەتی ، وەنیوەی لەشی بەدەرەوەیە ، وەک گـــەلی ویژەی‌تر یەکیکیان ویژەی عەرەبیە •

وەیا لەسەر سنگیتی وەک سوخمە ، قولانجیک نەبی لەلەشی کەدای ئەپوشی ، ئیتر هەموو گیانی بەدەرەوەیە ، وەک ویژەی فارســـــیو کوردیی •

یا وەک پەتیک وایە لەملی گەلەکەیا کەهیچ دا ناپوشی لەلەشی ، وەلەهیچ بابەتیکەوە بەتەواوی مەبەسی بەجی ناهینی ، وەهەرچی کەلک

بی نیەتی وەك ویژەی تورکی ، کە ئەگەر ووتەی بیـــــگانەی لیدەر بینیت هیچی نامینیتەوە •

یاخوبلیین : ویژەی هەموو گەلیك کاتیـــــك پیی ئەلین باش کەوەك ئاوینەی بالاپیاو وا بی بوگەلەکەی ، وەلەهیچ رووپەررەیەك لە رووپەررەکانی ژیانا کەمو کووری نەبی ، نەلەبەشی منالانا ، نەلەبەشی پیاوانو ژنانا ، نەلەبەشی خوشییدا ، نەلەبەشی ناخوشییدا ، نەلەبەشی کومەلایەتیدا ، نەلەبەشی بازرگانیدا ، نەلەبەشی کشتوکالا ، نەلەبەشی پاشەکەوتیو ئابوورییدا ، نەلەبەشی پیشە سازیدا ، نەلەبەشی ئاینیدا ، نەلەناومالا ، نەلەدەرەوە ، نەلەمزگەوتا ، نەلە قوتابخانە و زانستگادا ، نەلەسینەماو سەرشانودا ، نەلەتەمسیلو لاسایکەدا •

ویژەی هەموو گەلیك کەئەمانەی پرکردەوەو بوشایی تیـــــا نەهیشتەوە ، ئەوویژەیە ویژەیەکی باشو تەواوە ، وەکالایەکـــــی ئاودامانی وایە بوگەلەگەی کە بیپاریزی لەهەموو سەرماو گەرمایەکی روزگارەوە ئاوینەیەکی بالاپیاوی وایە کەگەورەیی کەلەکەی بە تەواویی پیشانبدا •

ئنجا با ئیمە بەمچاوە تەماشایەکی ویژەی کوردی بکەین ، وەبەم دەستورە لەسەنگی محەکی بدەین تالەتەرا زوودا بیکیشـــــین ، وەبزانین کەلەکام جورە لەم جورانەی پیشووە •

ئەمە ئاشکراو نومایانە کەویژەی کوردی ـ وەك زورترینی ویژەی روژهەلاتی ناوەراست ـ بەشی خوراكو پیبژیوی ئیمرومان ناکات ، وەپی ویستانی ژیانمان پرناکاتەوە ، نابینیت ؟ ئەگەربتەوی نامیلکەیەکی کوردی لەچیروکا ، یا لەداستانو سەر گوزەشتا ، یا لەئاگادارییەکی

تیگرایی « معلوماتیکی عامه » دا بدءیته دەست منالەکانت هەریەکــە بەپێی ئەندازەی تێ گەیشتن‌و تەمەنی خوی زور زور سەرســـــامو سەراسیمە ئەمی‌نیت‌و نازانیت چی بکەیت‌و چونی پەیدابکەیت ، چونکی نیەو نەنووسراوە وەئەوەی کە هەشە کەم‌و کووررو کورت‌و کویرو چلکن‌و ناشیرینە لەهەمووروویەکەوە .

وەئەگەر بتەوی نامیلکەیەکی گورانی بکریت لە نامیـــلکەکەی پیشوو سەرسام‌تر ئەبیت ، نازاینت چی‌بکەیت ، وەچونی پەیدابکەیت ، چونکی هەژاریمان لەم‌روەوە گەلی گەلی زیاترە لەهەژاریی پیشوومان .

وەئەگـــەر بتەوی نووسراویک پەیدابکەیت کەبو کومەل‌و گەل دەست بدات بەتیگرایی ، وە ببی بەخوراکی ژیری‌و بیری ئەوان ، ئەوەهەر هیچ نابی قسەی لی‌بکەیت .

بەلام لەوولاتی بیگانانا ئەگەر بتەوی شتیکی‌وا بکرییت لەبەر زوری نازاینیت کامیان هەل بژیریت ، یەک لەیەک جوانترو ریک‌و پیک ترە ، بەم‌رەنگە بەرگ‌جوان ، کاغەزجوان ، چاپ جوان ، ســـەری باسەکان جوان ، ووتارجوان ، مەبەس‌جوان ، وینەجوان ، نرخ هەرزان ، واتە ئەوەندەی ئیمە سەرسام ئەبین لەبەر نەبوونی ئەم نامیـــــلکانە ، ئەوەندە ئەوان سەرسام ئەبن لەهەل بژاردنی لەبەر زوری‌یان .

ئەگەر راستت ئەوی روژیک چاومان روون ئەبیتەوە کەببینین بەشی منال‌و بەشی‌ژنان‌و بەشی خویندەوارانی لاکولان‌و بەشی‌قوتابی مەکتبەکان‌و بەشی فەقی‌و بەشی مەلاو بەشی خویندەوارە بەرزەکان نامیلکەو سیی‌پارەی چاپ‌کراوبی ، وەهەریەکە خوراک‌و پی‌بژیوی خوی بەئاسانی دەست بکەوی ، وەئەگەر یەکیک ویستی لورە لوریک ، یاگورانی‌یەک بلی

بەشی ئەویش بەزیادەوە ببی •

جا کەوابوو ویژەی کوردیی بوایمروی ئیمە وەك کـــــالایەکی تەسكو کورت وایە بوپیاویکی گەورەی بالابەرز •

چاك ترینی دەرمان بوئەم دەردە کوشندەیە ئەمەیە هەرچی ئەزانی بنووسی دەستبکا بەنووسینی ، وەهەرکەســـە لەچیدا بەهرەی هەیە بیخاتە سەرکاغەز ، تا لەماوەیەکی کەما تفاقو کەرەسەو کەلەپووریکی زور بەجیبیلین بودوای خومان ، ئنجا لەپاشەروژا ئەم نووســـراوانە لەبیژنگ ئەدرین ، هەرچی باشو بەکەلك بی ئەمی نیتەوە ، وەهەرچی خراپیشبی ئەررواو ئەچیتـــــەوە پەردەی نەبوون ، وەك قورئان ئەفەرموی :

(فاما الزبد فیذهب جفاء ، واما ما ینفع الناس فیمکث فی الارض) •

ـ ماویتی ـ

---

## مژدە

میژووی کوردو کوردستان دانەری شـــــیخ محمدی مەردوخ وەرگیری محمدفدا بەم نزیـــکانە پیشکەش بەخوینـــــدەوارانی بەریز ئەکریت ئەمەش ژمارەیەکە لەچاپ کراوی هیوا •

# بەرەو خوێندەوارای

کەرکوك : کچەکورد : پرشنگ



نەخوێندەواری دەردێکی گرانی کومەلایەتی گەلەکەمانە ، دەستێکی گەورەی هەیە لەدواکەوتنیا ، وەیەکێکە لەسەرچاوەکانی سەرلێشێوانو ژێردەسی ، کوتو زنجیری کونەپەرستی‌مان ئەکاتە ملو لەرێگەی راستمان لائەداو تروسکەی شادیو بەختیاریو کامەرانی مان لەناوا نایەلی • بەهوی‌ئەوەوە هەژاریو نەخوشیو دەردی سەری ئەمانگرێتەوە وەلەهەمولایەکەوە گەمارومان ئەداو تەنگ‌مان پی‌هەل ئەچنی تائەمان خاتە چالی قوولی هەست بەهیچ‌نەکردنو دل‌مردنەوە •

گەلی نەخوێندەوار لەهەمولایەکەوە دوژمن دانی لی جیر ئەکاتەوەو لەهەموخوشی‌یەکی ژیانی بی‌بەش ئەکاو ئەیکا بەهویەك بو هینانە بەرهەم بوسودی خوی ، تاشەوەی نائومیدیو میردەزمەی باوەر بەخونەمان

هەمو گیانو لەشی دائەگریو ئەبی بەمەکینەیەکی بی گیان کەخاوەنەکەی ئەیخاتە گەرو شتومەکی پی دینیتە بەرهەم •

بەلام گەلانی خویندەوار زاناو وریان ، پی گەیشتوو تی گەیشتون ، روژ بەروژ هەنگاوی نوی ئەنین بوپیشەوە ، وەئالای نیشتمان پەروەری بەرزئەکەنەوەو تی ئەکوشن بوسەربەستیو ژیانی بەختیـــــاری وەبو بەرزکردنەوەی پایەی ئابوریو کومەلایەتیووو ••• تاد •• یان •

گەلانی خویندەوار لەژیانی خویانا هیچ کوسپیکی وایان نایەتەری وەکەس بەئاشکرا ناتوانی دەس بینیتە رییان ، وەئەگەر بەتەلەکەو پیلان ریی خوش کرد بوئەوە ، بەخیرایی پیی ئەزانن وەبە سزای خوی ئەگەیەننو نایەلن بەوئامانجە پیسەتاوان کارانەی خوی بگات •

جالەمەوە بوهاوولاتییانی بەنرخم دەرئەکەوی کەخوینــــدەواری بەهرەیەکی چەندپیروزو بەنرخو پیویستە بونەتەوەی کوردی لەکاروانی گەلان بەجیماوو پاش کەوتوو •

پیویستی سەرشانی هەمولایەکمانە هەول بدەین ئەمبەهرەیە دەسی خومان بخەین ، تابگەینە ریزی ئەوگەلە پیش کەوتوانە کەئەمرو ناوبانگی پیش کەوتنو زانیارییان دەنگی داوەتەوە لە جیهانا • لەم ســەدەیەدا کەسەدەی زایینو هونەرمەندییە ، سەدەی ئەتومو هیدروژینو مانگی دەس کردە ، واجبیکی زور گەورە لەسەرهەمو براو باوکیــــــکە ، لەسەرهەموئادەمی زادیکی بەشەرەفی نیازپاکە هەول بدا بوبلاو کردنەوەی خویندەواری لەناوگەلە کەمانا ، دەسی یارمەتی دریژکا بوخوشکو برا نەخویندە وارەکانی ، ریگای راستیان بورون کاتەوە تابەکویریو نەزانی

نەمیننەوە وبەنەشارەزایی هەنـــگاو نەنێن لەقوناغی ژیانیـــانا • ئەبێ هەمولایەکمان ببێن بەرەشەبایەکی سەختو بەهێز ، وەئەوهەورە رەشە برەوێنینەوە کەبەری ئاسمانی روناكو شینی لەگەلەکەمان گرتوە وەنایەلی تیشکی هەتاوی بەتینی لەئاسوەوە هەلهاتوو بدا بەسەریا وەئەو میکروبە پیسانە بکوژی کەتوشی دەردی گرانی نەخوێندەواریو دواکـــەوتنو ژێردەسی کردوە •

بافێری خوێندنو نوسێن ببێن ، باهێچ نەبێ چـــــاومان لەزوبانە پیروزەکەی خومانا بکریتەوە ، قەت نەبوەتەوە ئەمرو کورد نەزانیو نەتوانی بەزوبانی هەزاران سالی باوكو باپیری خوی بخوێنی وبنوســـیو بخوێنیتەوە •

پیویستمان بەزور کردنی قوتابخانەیە بەتایبەتی لەلادی کانمانا ،وەئەبێ میری ئەم پیویستی‌یەمان بو جیبەجی بکات ، پیویستمان بەقوتابخانەی ( بەربەرەکانی کردنی نەخوێندەواری ) هەیە بوگەورەکان پیویســـتمان بەقوتابخانەی پیشەسازیو نەخش کاریو رازاندنەوەو فێربونی چونیەتی بەریوە بردنی مالو بەخیوکردنی مندالە بوئافرەتان ، بەلام نەك ئەمەو بەس ، ئەبێ چاری ئەو کوسپانەش بکری کەنایەلن ژنو مندالەکان بچنە قوتابخانە ئەگەر قوتابخانەش هەبێ •

ئەبێ یاسایەك دانری کە بەپێی ئەو یاسایە لەماوەی چەند ســالا خوێندنی سەرەتایی بلاوبکریتەوە لە کوروکچ هەمو تاپولی شــەش بخوێنێن •

نەوەی نویمان فێری خوێنـــــدەواری بکەن تابنە ئەندامیـــــکی

سودبەخشو بەکەلك بوگەلو وولاتو ، بنە دایكو باوکیـــکی وریاو تی‌گەیشتو تانەوەکانی پاشە وەمان لەو کەمو کوری‌یانە رزگـــاربن • کەپاشماوەی هەزارسالەی ئەو یاساو عورفو عادەتە بوگەنە رزیوانەیە کەخومان باوك وباپیرمان تیاژیاوین وەئیستا ئیمەبەدەسیەوە ئەنالینین •

دەرگای خویندەواری بوگەل بخەنەسەرپشت ، تاجی‌ی خومان بکەینەوە لە ناو کاروانی ئادەمی‌زادی هەمیشە بەرەو پیش‌رویشتوو •

## بوشارەوانی بەریزی سنندج

بەبونەی بومە لەرزەی مال ویرانکەری ئەمجارەی نیشـــتمانی پیروزەوە بەناوی دانیشتووانی سلیمانییەوە هاوبەشی سزای لی‌قەوماوانی هاوزمانەکانی شاری سنندجو کرماشانو همدانین

**احمد هەردی ، احمد زرنگ ، فریدون علی امین ، نجم‌الدین مەلا محرم محمد امین ، سعید شفیق**

# نووسینی زمانی کوردی

## نوسینی تیپی «دال» بەشیوەی سلیمانی

فوئاد زەکی هەناری
کولیەی پزیشکی

هەمومان ئەزانین کە تیپی ( دال ) یەك لە تیپەکانی زمانی کوردیەو لەهەمو شیوەکانی ئەم زمانەدا بەکار ئەهینذری وەلیرەدا هیچ نمونەی پیناوی بوپیشاندانی ئەم بەکار هینانە بەلام ئەوەی کە ئەمەوی لیی بدویم درەخستنی ئەمەیە کەچون تیپی ( دال ) ـ ئەتوانم بلیم ـ بەرەو نەمان ئەروا لەبەکار هینانیدا بەتایبەتی لە ناوچەی سلیمانی •

ئەگەر بیتو تەماشای شیوەی زمانی سلیمانی بکەین ئەبینین کـــە لەکاتی قسەکردنیـــاندا تیپی ( دال ) قووت ئەدەن یاخود ئەیگورن بوتیپیـــــکی‌تر ، ئەگەرچی قووت دانی هەندی تیپ یاخود گورینی بوشیوەیەکی تر لەکاتی ئاخافتندا شتیکی بلاوە نەك هەر لەناو شیوەکانی زمانی کوردیدا بەلکو لەگەلیك زمانی تری جیهـــان وەکو عەرەبی‌و ئینگلیزی تورکی •• هتد ، بونمونە ، لە عارەبیدا میریەکان پیتی (ج) ئەکەن بە ( گ ) وە ( ق ) ئەکەن بە ( ء ) •• وەبەغدادیەکان ( ق ) ئەگورن بە ( گ ) وەبەدوەکان ئەیکەن بە ( غ ) و ( ك ) ئەکەن بە ( چ ) وەهەر وەها لەزمانی ئینگلیزیدا تیپی ( ر ) چاك نوتق ناکەن

بەتایبەتی ئەگەر هات لەناو یاخود لە دوایی ووشەکەدا بی هەروەهــا نمونەی تریش زوە لەزمانەکانی ترا •• بەلام ئەوەی کە پی‌یان ناکری لی‌ی لادەن ئەوەیە کە لەکاتی نوسیندا ناتوانن ئەم پیتەی کەخواردویانە تەوە لەکاتی قســـەکردندا نەینوسن‌و بیخەنە پشـــت‌گوی یاخود پی‌گورردراوەکەی بنوسن بەلکو بەپیچەوانەی ئەمە هەرچەند شیوەکان لیك‌دورو جیاوازبن لەکاتی نوسیندا هەمویان وەك یەك ئەنوسن‌و هەمویان تیی ئەگەن‌و نابیتە هوی جیاوازی لەکاتی خویندنەوەی زمانەکەیان •

بەلام لەزمانی کوردی‌دا ـ بەپەروشەوە ـ ئەم‌ریك‌و پیکیە نابینین ، ئەگەرچی گەلیك کوسپە هەیە بوەتە هوی جیـــاوازی زمانەکەمان ونوسینی وەریگای چارەکردنیشی لەمەزورترە کەبەچەند نوسراویك بکری بەلام لیرەدا ئەمەوی کەقوژبنیك لەنوســـینی زمانی کوردی بخەمەپیش چاوی خوینەوارو نوسەرەکانمـــان مان بوئەوەی ئەوان بەتی‌بنی‌یەکی زورتر لی‌وورد بنەوە و لی‌ی‌بکولنـــەوە تاکو بەهەول‌و تەقەلای هەمولایەك بتوانین چوارچیوەیەکی ریك بوزمانەکەمان دانین وەلی‌ی دەرنەچین وەچی‌تر نەتوانری هەندیك لەپانی‌و هەندیك لەدریژی بەهەوەسی خومان رایکیشین بەتایبەتی لەکاتی نوسیندا •

ئەگەر سرنجیك بدەینە نوسراوەکانی کوردی کەلە ناوچەی سلیمانی دەردەچی ئەبینین کەتیپی ( دال ) لەجی‌ی خوی وەبەچاکی بەکـــار ناهینن لەکاتی نوسیندا بەتەنها ئەو تیپە نەبی کە لەسەرەتای ووشــــە دایە ( وەکو : دار ، دیوار ، دوکان •• هتد ) بەلام ئەوانەی کە لەناو یاخود دوای ووشەکە ئەکەوی ئەیگورن وەهەرچون لەکاتی دوواندنا ئەیلیین ئەیخەنە سەرقاقەز بی‌ئەوەی بیر لەرەگی ئەم وشەیە بکەنەوە

وەبی‌گەرینەوە سەر شیوەی راســـــتی خوی وائەزانن کەئەوەی‌بەزار ئەگوتری ئەتواندری بەراست لەقەلەم بدری • لیرەدا چەند نمونەیەك پیشانی خویندەوارانی بەریز ئەدەم کە چ لەروژنامەکـــــــان یاخود لەکتیبەکان‌دا هاتوتە پیش چاوم :

١ – نوسینی ( زامار ) لەجیاتی ( زامدار ) ، تیپی ( دال ) نەنوسراوە ، کەهەمومان ئەزانین ( دار ) نەك ( ار ) بەمانای ( خاوەن ) دی‌و ئەخریتە دوای ناو بوئەوەی ببیتە ناوی‌مفعول •

٢ – نوسینی ( قەراغ ) لەباتی ( قەرەداغ ) ، کە ووشەیەکی تورکیە ( قەرە ) مانای ( رەش ) و ( داغ ) مانای ( شاخ ) پیك هاتوە •

٣ – نووسینی ( خوینەوار ) لەجیاتی ( خویندەوار ) •

٤ – نووسینی ( میخەك‌بەنگ ) لەباتی ( میخەك‌بەند ) ، تیپی ( دال ) گوردراوە بە ( گ ) ، وەئەزانین ( بەند ) نەك ( بەنگ ) مانای ( بەستراو ) یاخود ( هوندراو )ە •

٥ – نووسینی ( ئەمەنگە ) لەجیاتی ( ئەمەندە ) ، کە خوی لە ( ئەم هەندە ) وە هاتوە وەبوەتە ( ئەمەندە ) نە ( ئەمەنگە ) •

ئیتر ئەم رەخنانە نابی سستمان بکاتەوە لەخزمەت‌کردن یاخود ببیتە هوی قین‌هەلگرتن بەلکو ئەبی بەدلیکی بی گەردەوە وەری بگرین وئەبی زورتر هانمان بدا بوئیش کردن بودانانی ســـــنوریك بوزمانی نەتەوایەتیمان ، بوتیمار کردنی ئەم‌برینانەی کەبە ئازاریەوە ئەنالینی ، ئەوسا ئە توانین پیشی بخەین‌و بەرزی بکەینەوە ، بەلام بەشپرزەیی هەر ناتوانین بی‌جولینینەوە •

# نموونەی کوردی پەتی

# « نازداری »

نووسینی : محمد مصطفی کوردیی : سلیمانی

ئاشکرایە کەهەموو کەسیک مندالی خوی خوش ئەوی ، وەچاوی سەرودلی لیوەیەو پیی رووناک ئەبیتەوە ، وەلەسەرماو گەرماو برسیتیو تینویتیوورووتو قووتی ئەی پاریزی ، وەهەر حەلیک پەنجەیەکی گەرمبیی سەری ئەمجیهانەی لیدیتەوەیەک ، وەبە بزەیەکی گەشکەدار ئەبی •

خوش ویستنیش ئەندازەیەکی هەیە ، ئەگەر لەوئەندازەیە تیپەرریی ئەوە ئەبیتە هوی زیانو چارەرەشییو بەدبەختی ئەومناله لەباشەروژیا چونکی تاسەر ئەوباوکو دیکەی نامینی ، وەزور نزیکیشە شتیکی واشیبو بەجی نەهیلن کەپیی بژیی ، وەلەبەرئەمەی کەبەنازداریش بەخیو کراوەو نازی راگیراوەو بەمندالی نەشکیندراوەتەوە لەهەموو پیشەیەکیش بیبەش ئەبی ، وەبەدەست سپیی ئەمینیتەوە ، لەبەرئەمە لەژیانی خویا زور تالیی ئەچیژیو گریو قورت دیتە ریی •

کەواتە هەر باوکو دایکیک لەبەر خوشە ویستیی ، مندالیان بەمتەحرە بهیننەبەرهەم ئەوەبەدەستی خویان پەردەیەکی رەشی ئەستووری ئاوادامانی بەسەرا دائەدەنەوەو هەموو ریگایەکی ژیانی لیئەشارنەوە ،

وەهەر بەزیندویەتیی ئەی خەنە گورری هەژاریی‌و زەبوونی‌و لاتیی‌و تەنگ‌و چەلەمەوە ، وەئەی‌دەنە دەست خەفەت‌و مەینەت‌و جەخار ، تاماوە هەرتیا بتلیتەوە ، ( هەمووکەس نانی‌خوش ئەوی بەلام وەک‌شوان نای‌گری بەسەر سنگیەوە ) •

لەم نازداری باوک‌و دایکانە ( فەرهاد ) ناو کورری مام (پیروت)ە ، ئەم‌کوررە تاقانەی مام‌پیروت‌و پورکە ( وەنەوش ) ە لەدەمی پیری دا خوا دای‌بوونی ،وەزور خوشیان ئەویست چەخوش ویستنیک ؟!ئەت‌ووت خوا لەئاسمانەوە بەبالی فریشتەدا بەدیاری بوی ناردوون ، ناتوانم چونیتی بەرهەم هینانی بنووسم ، هەرە وەك ناتوانم ئەندازەی خوشەویستی ئەم منداله لای ئەم پیرەمیردو پیرە ژنە بخەمەروو • جاری تا ووردبوو هەردوکیان خواردنیان بەدەست ئەکرد بەدەمیەوە ، وەهەمیشە بەباوەش‌و شەپکی شانیانەوە بوو ، داوای هەر شتیکی بکردایە دەم‌و دەست بوی ئامادە ئەکراو ئەی درایە ، جاریک ئەگەر لەکولان منالیك پیا هەل پژایە ئیتر باوکەو دایکە چاویان تاریك ئەبوو ، بیجگەلەمە کەئەو منالەیان ئەتەزان ئەچوونە سەرباوک‌و دایکیشی‌و گەزارەیان لی ئەکیشان وپررجوینیان ئەکردن ، وە ئەگەر ئەم لەمنالیکی بدایەو کەس‌و کاری بهاتنایە سەریان ، هەربەقالەی دەم ئەیان توقاندن‌و ، وەئەیان ووت جاچی‌بوە ؟ خوئاسمان نەرووخاوە ؟ ئەوە شوورەیی ناکەن دینەسەرایمە کەتاقەفەرهادی نازدرمان هەیە ؟ فەرهاد ئەگەرسەری منالەکە شتان بشکینی ئەبی ایوە رووتان نەیەت بینەسەرمان •

فەرهادیش هەرکاتیک بتدی‌یایە هەردوو گیرفانی پرربوون لەهەلمات‌و میچ ، وەباخەلەکانی ئاخنرابوو لەمزراح‌و قورقوررە ، وەچل

پەنجا سنجووقیکی سەردادراویشی کردبوو بەپشتینەکەیا ، دەمیـــــک خەریکی مووشین بوو ، کاتیک مزراحو قورر قوررەی دائەکوتا ، حەلیکیش سنجووقینی ئەکرد ، کەلەمانە تەسەل ئەبوو ئەیکردە سەربان کولارەی هەل‌ئەدا ، دوای‌ئەوە بەدارلاستیک بەم‌لاو بەو لادا بەردی ئەهاویشت ، ئنجا کاتی زەردەپەرر بەبازدەل بازدو خانەوخان ئەهاتەوە بولای باوکو دایکی ، کەچاویان پی‌ئەکەوت لەخوشی‌دا بست‌بست بالایان ئەکردو ئەم‌لاو ئەولایان ماچ ئەکرد ●

هەندی لەهاوتەمەنە کانی فەرهاد لەمنـــــــالانی گەررەک نیررانە بەرخویندن ، وەهەندیکیشیان نیررانە بەرشاگردیی ، وەک دارتاشینیو کەوش درویتی‌و چەقوگەریی‌و قوررەکاریی ، فەرهادو هەندیکیــــش لەهاو نازدارە کانی هەرمانەوە لە کولانەکانی گەررەکدا بوموشین‌و سنجووقین ومزراحین‌و سەگ بەگزیەکا دان‌و پلارگرتنە مریشک‌و کەلەشیرو هەنارو بەرسییلە دزین لەباخی دەرو دراوسی ●

جارجار ریش‌سپیی‌و سەرسپیی گەررەک بەمام پیروت‌و پورکە وەنەوشیان ئەووت : وافەرهاد ــ بی‌چاوینی بی ــ گەورە بوە ، بوچی نای‌کەی بە شاگردی شتیک ؟ بالەدوا روژا بەدەست‌سپیی نەمی‌نیتەوە ، وەئەوانیش هەل ئەشاخان بەدەمیا نەوە و ئەیان ووت : توخوا ئەمەبە ئیمە مەلین ،فەرهاد هیشتا منالە زەردینە بەدەمیەوە یەتی ،بەرگەی شاگردی ناگری ، دل‌مان نایەت جاری بیکەین بە ژیر بارەوەو بیشکیننـــــەوە ، لەگەل ئەوەشا بەقەد گایەکی لی‌هاتبوو ●

روژی فەرهاد بەرە بەرە بەرەو ئاوابوون بوەوە ، زوری پی‌نەچوو مام پیروتی باوکی مرد ، کاک‌فەرهادو دایکی مانەوە ، فەرهاد لە بەر

دەست سپیتیو بی کارەییو نازداریی هیچی پی نەئەکرا ، دایکە پیرەکەی زوری بوهات ، دەستی کرد بەنان پیوەدەریو مامانی ناووک گرتنەوە وە ئاوکیشان بوگەرەک ، بەمە بەکولە مەرگی خویو فەرهاد ئەژیان ، فەرهاد ئەوەندە بەدبەختبوو تەنانەت نەشیان ئەکرد بەسەرباز چونکی داشدیار « معیل » ی دیکیبوو •

لەئەنجاما پورکە وەنەوش لەبەرپیری یەکی کارو هەل سووررانی کەوت بەپالەوە گردە نشیین بوو ، انجا نورەی رەنجو تەقەلای فەرهاد دەستی پی کرد ، بەلام کام رەنج ؟ وەکـــام نان پەیاکردن ؟ خورووی نایەت کول هەلگریی و کریکاری بکا ، ناتوانی قوررەکارییو سەپانیی بکا ، ئەی چی بـــکا کەپارچە نانیـــکو لویەک بەرگ بوخویو دایکەپیرەکەی پەیابکات ، هات = چاکلە « قولاب » یەکی ئاسنو تاسەویەکی شررو توورریکی پەیاکردو خوویدایە راوەماسیی ، هەموو دەمیک لەسەرماو گەرمادا ایستەش ئەچی بوتانجەرو بوراوە ماسیی ، جاری وا هەیە بەبی بەشو نا هومیدی ئەگەرریتەوە ، جاری واش هەیە چەن دانە یەک ماسیی ئەگرییو ئەیهینیتەوە بوشار ئەیفروشی ، بەوە نەمرو نەژیین ، لەگەل ئەمەشا فەرهاد تائەندازە یەک جییسوپاسو ریزە ، بەپیی نازدارییو ناز راگرتنی دەمی منالیی ئەبوایە پیاویکی بەدخووی دزی ریگری سەرسەریی لی دەرچوایە •

ئنجا ئاکامی نازداریی ئەگەر لەمەبەدتر نەبی چاتر نابیت •

# شوپان



**موسیقاری بەناوبانگی پولونیایی ، ئەوەی کەشیرین ترین ئاوازەی وەجوان‌ترین گورانی بەخشی بەبەرەی ئادەمیزاد وە لەپاداشی ئەوەدا لەریزی گەورەپیاوانی میژوودا ناسراو هەتا ، هەتایە ناوونیشانی هەر ئەمینی !**

**وەرگیرە : فاتح عبدالکریم**

فرانکو فردویك شوپان لەیەکی ئاذاری سالی ۱۸۰۹ دا لەشاری وارشو لەدایك بوە •

باوکی ماموستای زمانی فەرەنسی بوو لەقوتابخانە ثانەویەکـــــانی وارشودا ، دایکیشی پیانوی لی ئەداو گورانی میللی ئەووت ، بی‌گومان ئەم ژیانە خیزانیە پرلەزانستە کاریکی زوری کردە سەر پی‌گەیاندنی زیرەکی‌و هەل‌کەوتنی هەرلە منالییەوە بە شیوەیەکی زور دیاری‌دا چونکە شوپان هیشتا لەتەوقی منالی رزگار نەبوبو کەزیرەکی‌یە بی‌هاوتا کەی دەرکەوت لە لیدانی‌پیانودا ، ئەمەش کاریکی باشی‌کرد لەدلی باوکیا ، بویە هەولی ئەدا بو پی‌گەیاندن‌و پەروەردەکردنی ئەم هونەرەی هەر لەمنالیەوە ناردیە قوتابخانەی موسیقا کە لەوکـــــاتەدا هونەر مەندیکی بەناوبانگ ویستی لەبنج‌وبناوانی هونەرەکەی بگەیینی‌و بناغەی‌موسیقای راستی پیشان‌بدا ، ئەم منالەش تەواناو لی‌هاتنیکی گرنگی پیشـــــان‌دا بو وەرگرتنی دەرسەکانی وەرەوان کردنی بەپوختی‌و بەگورجی ، تەنانەت جاریك لەئاهەنگیکی گشتی‌دا موسیقای لی‌داو سەرنجی هەمو گویگرە

پولونیایەکانی راکیشا کەهیشتا عومری لەنوسال تیپەرر نەبوبو !٠٠ ئیتر بوهەمو ئاهەنگیکی گشتی بانگ ئەکراو دائەنیشتە سەرپیانو لەژیر پەنجەکانیەوە ئاوازی بەرزو دل رفین هەل ئەقولا ، نیشانەی پاشـــە روژیکی گەورەی لیوە ئەدرەو شایەوە !٠٠

لەسالی **١٨٢٨** دا بو یەکەم جار نیشتمانی بەجی هیشتو بەهاوری‌یەتی (پروفیسورچاروکی) گەشتیکی هونەری کرد بەهەمو لایەکی ئەوروپادا ، چو بو ئەلمانیاو نەمسە ، بەهوی ماموستا گەورەکەی زور کەسی ناسی وەئەم گەرانەی گەرانیکی زور سەر کەوتوبو ، بوو بەهوی ئەوەی ئەمموسیقارە گەنجە گەلی‌تەجربەو وورییایی لەهونەری موسیقا دەســت بکەوی ٠٠

هەر کە گەرایەوە لەگەشتەکەی لەپولونیـــــــادا ئاگری شورش هەل‌گیرسا ، شوپان چاوی کەوت بەئازادی خواهانی نیشتمانەکەی روبە روی داگیر کەران ئەوەستن‌و پاریزگاری سەر بەخویی وولاتەکەیان ئەکەن ٠

ئەم شورشە خوینی موسیقاری بەناوبانگی جولاندو هەرچـــــــــی زیرەکی‌و هونەرەکەی بوو خستیە کار بوخزمەت کردنی شــــورش ، دەستی کرد بە دانانی ســـــرودی نیشتمانی بو تیـــــکوشەرە ئازادی خوازەکان ٠

بەلام لەپاشان کە داگیرکەران ویستیان ئەم زیرەکی‌و بلیمەتیەی شوپان ــ کەوەك شالاوی ئاگری بەتین‌بوو ــ ویستیان کپی‌بکەن ، شوپان دلی تەنگ‌بوو خوی‌پی رانەگیراو نەی‌توانی لەپولونیادا بمینیتەوە ، ناچار بریاری‌دا کەبچیتە دەرەوەی ولات ، لەوی هەستی بەپیویســــــتی پاریزگاری سەربەخویی نیشتمانە کەی‌کرد ٠

لەکاتی سەفەرە کەیدا دوستەکاتی ئاهەنگیکی خواحافزی‌یان بوپیك هیناو بەدیاری کاسەیەکی زیوینیان پیش کەش‌کردو مشـــــتی لەخولی پولونیایان بوتی کرد ـ ئەو پولونیایەی کەشوپان بەگەرمی‌و بی‌ووچان لەسەری ئەهاتەجواب پی‌یان ووت :ـ

**﴿ ئەی فردریک ئەم‌مشتە خولەی نیشـــــتمانە پیروزەکەت هەلـــــکرە بو ئەوەی یادمان بکەیتەوە لەهەرشوینیک بوی !•• ﴾**

لەدەرە وەی وولات بلیمەتیەکەی شوپان کەزادەی خاکی پولونیا بوو تەقی‌و لیشاوی کرد ! هەمو کات گورانی بەبالای ئامانجە پیروزەکانی شورشدا ئەووت ، هەر وەها شوپان بوبەدرشمی ( رمزی ) پالەوانی‌و تیکوشان ، بی ووچان خەریکی ئاهەنگ پیك هینـــــان بوو دەرامەتی ئاهەنگەکەی لەپیناوی ئازادی پولونیادا بەخت ئەکرد !•• هـــەر ئەم مەبەستە پالی پیوەنا بو ئەوەی هەمو پای تەختەکانی ئەوروپا بگەری‌و هەمو هونەر مەندە بەناوبانگەکان بناسیت‌و بەئاوازەسحراویەکانی سەرسامیان بـــــکات !•••

بەم جورە شوپان لەپاریسدا دای‌کوتاو پاریس بووبە نیشتمانی بیرو باوەرری ، لەویدا لەگەل کومەلیك لەپیاوە هەلکەوتو کانی بیروباوەرر وویژەو هەلبەست موسیقادا رای ئەبوارد •

ئەوەندەی پی نەچوو لەوولاتی پارسدا ناوی ئەم موسیقارە بلاو بووەوە ، وەلەم روەوە دلدارانی ئاوازو موسیقا لەهەمو لایەکەوە رویان تی‌ئەکرد و مالی‌دنیا بەلیشاو لەبەردەسیابوو بەلام شوپانی نەمر هەرگیز نیشتمانە جوانەکەی ـ پولونیای لەبیر نەئەچو ، ئەو هەمو ســـــامانەی

ئەناردەوە بو بەهیزکردنی شورشی نیشتمانی !•• هەر ئاهەنگیـــکی لەپایتەختی نور ـ پاریس ـ دا پیك بهینایە بەشی هەرە گەورەی دەرامەتە کەی هی شورش گیرە نیشتمانیە کانی بوو •

هەر لەپاریس شوپان گەیشت بەکیژولەی ئامانجی خەیالی « ماریا فودشنسکا » کە ئەویش پولونیایی‌بوو پەیوەندی دووره وولاتی یەکـــی خستن ، شوپان ئیجگار گیرودەی دلداری ئەم کچەبوو بوو بە سەرچاوەی شیرین‌ترین ئاوازی ، بەتایبەتی ئاوازیکی بودانا بەناوی :ـ « شیوەی ماریای جوان» بەم جورە ئەم‌هونەرمەندە گەورەیە ویستی دلبەرە نازارەکەی بخوازی ! بەلام لەکوی ئەمەی بو ریك ئەکوی ؟ کە ئەو هونەرمەندیکی هەژارو کوری‌چینی ناونجی‌و خوشەویستەکەش کچی‌ئارستقراتی‌یەکی زور گەورەو بنەچە داربوو !•• باوکی ماریا نەی هیشت ئەم دوانە بویەك ســـوتاوە بگەن بەیەك‌و ئەوەندەی پی‌نەچو بەبووکی سردیان‌بو ـ کونت ساریك ـ •

ئەم کارە ساتە زەربەیەکی ئیجگار زل‌بوو بوسەردلی شـــــوپانی موسیقاری هەست ناسك ، لەبەر ئەوە بوو کەتوشی نەخوش ئەعصاب‌و نەخوشی سی‌بوو ، وەموسیقاکەش لەم ماوەیەدا پلەیەکی گـــــەلی سەختی‌بری •

ئالەم وەختە ناسکەدا شوپان ناسیاری پەیداکرد لەگەل « جورج صاند » کە ئافرەتیکی خاوەن ویژەو بەناوبانگ‌بوو ، ئەمەش لەســـالی **١٨٣٨** دابوو کەشوپان لە ناو شەپولی ناهومیدیەکی دلداری ئیجـــــگار نالەباردا گیژی ئەخوارد •

بویە تووشی خوش ویستنی جورج ساند بوو ، چونکە زور پیویستی بەبەزەییی‌و دل‌نەرمی هەبوو کە جورج ساند لەگەلیا بەکاری ئەهینا ، هەروەها لەگەل‌خویا شوپانی برد بو گەرانیکی خوش بودورگـــــە ( جزیرە ) ی « ماجورکا » لە ئەسپانیا بەشکم هەتاوی خوارو ( جنوب ) نەختی لەش ساغ‌و دلی بەهیزبکات ، شوپان چەن پارچەیەك موسیقای نایابی لە وشوینە خوشە پرر باغچەو دارستانەدا دانا •

بەلام زستان هات •• سەرماو تەرو توشی هیرشی هینایە ســــەریان نەخوشی زوری لی‌سەند چەن جار کوکەو بریندار سیەکانی سەری لی‌داو دەستی کرد بەخوین هەل هینانەوە لەبەر ئەوە بریاری‌دا بگەریتەوە بوفەرەنسە ، پەیوەندی شوپان لەگەل جورج ساندا دەسال دەوامی‌کرد کە لەو ماوەیەدا خوش ترین شیوەی دل‌نەرمی‌و خوشەویستی چیشت ، کە لەیەك جیابونەوە پەژارە زوری لی‌سەندو باری‌قورسی خـــەفەت سەرسینگی گرت !••

لەسالی ١٨٤٨ دا شوپان برریاری‌دا کە پاریس بەجی بیلی روی کردە ئینگلتەرە دانیشتوانی لەندەنیش کوتایی‌یان نەکرد لەبەخیرهاتن‌و زور بەگەرمی بەپیریەوە چوون‌و ریزیان گرت‌و چەند ئاهەنگیکی پیك هینا لەسەرشانوە کانی لەندەن‌و کوشکی دەستەلات دارەکانی ، هەرلەوی‌دا ناسیاوی پەیدا کرد لەگەل کچیکی اسکەتەندەیی‌یا ناوی « جان ستیرلنج » وەموسیقاریکی ئیجگار زیرەك‌بوو ، ئەم کچە بریاری‌دا سەرپەرشـــتی کارو باری شوپان بگریتە ئەستو ، بەلام سەرماو تەمو مژی بەتەوژمی لەندن قورسایەتی نەخوشیەکەی دوچەندان کردەوە ، بویە هەســـتی

کرد بەنزیك بونەوەی کوچی‌دواییو برریاری‌دا بگەریتەوە بوپاریس بوئەوەی هیچ‌نەبی لەنیشتمانی بیرو یاوەربا گیانی بسپیری !••

روژی ٧ی‌تشرینی یەکەم بلیمەتی ئاوازە لەژیر ئاسمانی پاریسدا دواهەناسەی‌دا بەلام بوی ریک نەکەوت لە نیشتمانە کەی خوی‌دا ، لەجیی لەدایك‌بونی ، لەوارشو دا بمری ! چونکە ئەوولاتەی کەسەرچاوەی ئیلهامی ئەوبوو لەوەدەمەدا •• داگیرکراوو دیلی دەستی بیگانەبو ••

## بوشارەوانی شاری ( سنە )

بەناوی دانشتوانی شاری سلیمانیو کوردەوە بەناوی جەرگ سوتاوانی لافاوەوە ،هاوبەشی خەمتانین لەکارەساتی بومەلەرزەی جگەر برتانا! هیوامانە کورد دوای ئەم هەمو بەلایە روژی شادی لی هەلبیت •

| | |
|---|---|
| أمین محی‌الدین | محامی عبدالرحمن فرج |
| محمد حاجی طاهر کویی | نوری احمد طه |
| عطا شالی | نوری حکیم |



# دیوانی هیوا

## هیوا ...

م • شاربازیری

هیوا لەژینا ری پیشـــــاندەرمە ،
ویلوو ئاوارەم ، هەر ئەو رابەرمە ،
بو لوتکەی بەرزی پال پیوە نەرمە ،
بوشەری ژیان قەلاو سوپەرمە ،
خوراکی گیانو تویشوی سەفەرمە ••

بیهیوا ، ژیان زیندانی تەنگە ،
تاریکوو نوتەك ، وەك شەوە زەنگە •

هیوا هەلدینی چاوی خەوتنـــم ،
ئەبیتە مایەو هوی سەر کەوتنم :
بە جولانە وەم ، بە نەسرەو تنم ،

بەگوی نەدانم ، بە دەرکەوتنم ،
بە هەلسانەوەم لەپاش کەوتنم ••

بیهیوا ، ژیان ووشکو بیتامە ،
بی پاشە روژە ، بێ سەرئەنجامە ••

تەنیـــــا بەهیوا دل ئەکریتەوە ،
دەرون زاخاوی پی ئەدریتەوە ،
گیان ژەنگو ژاری خوی ئەسرریتەوە ،
وورەو هیز جیگای زووی ئەگریتەوە ،
هەنگاو گرەوی پی ئەبریتەوە ••

بی هیوا ، ژیان نا ئومیـــدی یە ،
رەنجە روییە ، نا مرادی یە ••

هیوایە ساریژ ئەکا برینـــــم ،
ئەسرێ فرمیسکی چاوی گرینم ،
خوشی ئەخاتە دلەی غەمگینـــــم ،
گریان ئەگوری بە پیکەنینـــم ،
شەبەق ئەبە خشی بەشەوی ژینم ••

بێهیوا ، ژیان پەستو ناخوشـــە ،
گورستا نیکی ماتو خاموشە !!•

# خوینده واریکم

أ • ب • هەوری

خوینـــــدە واریکم روو لەسێ تەمەن
لای خوم کەم وینەم مەگەر بەدەگمەن

چاکـــــەتو پانتـــــول ووتوو لێدراو
شەوقی تەوالیت ئەبا ئاوی چــــاو

کراســــــی ئاررو بویمباغـــــی ئال
وەك دانەی داون بو زور پەشیو حال

بریقەی روومەت بزەی گوشەی لیو
ئەکەمە کەمەن بوکچی سەر بزیو

بەپەلە پیتـــــــکە خوم ئەتە کینم
لام وایە زور دل دا ئەخور پینم

لەگوشەی شەقام وەکو کیلی گورر
بەبەدەن قیتو ملکەچو سەر شورر

ڕەپ ڕا ئەوەستم هەرکـــەس ڕیبوارە
بومن وەك یەکەو جیـــگەی پلارە

دەمی خور ئاواو کاتی زەردە پەڕر
بوجیێ خواردنەوە ڕی ئەگرمە بەر

کاتی دەمی پیك ماچی کرد لیوم
ئیتر بزانــــە خیوی پارشـــــیوم

خواردنەوەو خواردن دوامێ لە دواقوم
ئەکەم بەپی خوی تاتیا ئەبم گوم

ئەوســـــا ئەکەومە باسی نیشـــــتمان
باسی چونیەتی فەلســـــەفەی ژیان

خو هەلکیشـــــانو وەتەن پەروەری
ئەبنـــــە بابەتو مەزەش لەدەوری

کـــــەلی بوومەوەو نیوقاپم فتکرد
بو ژووری یاری ئەروم دەسو برد

نیـــــوو پەنجـــــایی بورابواردن
داو بەرەلایە پوت بەســـــەد کردن

چاوی خومـــــارم یەك ، دووئەبینی
بەیەك ئاس ژیریـــــم ئیتر نامینی

ئەکـــەومە بلوف وەکو ژیانـــم
تا هەل ئەتەکی کیســـەو گیرفانم

که خانەی کیســەم پشکنی یەکسەر
خـــــالی لەپارە روو لەقاپی دەر

ئەوســـا رووەو مال ئەروم لەگەل رەت
بەلام چون رەتی ، ســاتیسەد کەرەت

قاچ وەك تو رابی نایەت لەشوینـــــم
تو لەی کیسەی چول من لەو ئەسینم

بەکیش ئەکەم پی ریـــگە ئەمالم
حەلی تی گەییم کەوا لەمالـــــم

هەیوان‌بی یا ژوور من لی‌ئەکەوم
راستی بی هوشم گوا یە ئەخە وم

---

١ ــ پوکەری مەکشوف نیو دینار بیتو « ٥٠ فلس » پوت .

# بونی گول

سلیمانی : مەحموود زیوەر

پەری ئاسمان جوانی بی دەنگ
نە رمو نیان لە سەرخوو مەنگ •
هە نگاوی سستی جی ماویت •
هە ستی هوشم ئە جولینی •
سەر چاوەی دل هەل ئەقولینی
تریقەی سەر لیوانی رووت •
دیتە بە رگویم وەکو فلوت (١)
بالا بە رزیو گە ردن بلوور •
جوانی تارادەی بی سنوور •
باز نی رەشی دەستو قۆل •
پەنجەی خەناوی نەرمو نوول •
نە خشانوتی بۆ کوردستان •
رە خسانوتی بوناو جوانان •
بویە بی پەرواو بی سەنا •

---

(١) فلوت : ئالە تیکیموسیقایە •

گیانە ئەلیم تۆوت روا •
لەناو گوشەی دلو سینەم •
شەرتبی بە خوین ئاوی بدەم •
لەانجانەی دلەوە بیت •
گولو خونچە کەت بۆنی بێت •
انجابلیم گولە کە ی خۆم •
(نە سرین ) منم شەیدای تۆم •

## گولیك لەیادا

**ئەژی گوران**

دیتوئەروا سروشتی جوان •
لەبەهاری گوڵێك یا دوان •
بیرو باوەر لە تاسەدا •
دینیتیە جوش شمشاڵی شوان •
ئەو دوو گولەش گولالەی آل •
لەگەل نیر گسی دەمی یال •
هەستی گەرمی شوانی دوای مەر
ئەخاتە جوش بو چاوی کال •

منیش له چولی ئه‌ندیشه •
ویلی جوانیکم هه‌میشه •
له‌شوین پی‌ی فریشته‌ی هه‌لبه‌ست •
چنینم کردوته پیشه •
به‌یادی ئه‌و جوانه‌ی ته‌لار •
جار ، جار ، له‌کاروانی قه‌تار •
دیته سه‌ر ریم کوشیکی به‌ختم •
کوشکی سه‌ر بنچینه‌ی دینار •
برین پر زوخاوی سه‌ختم •
نه‌هامه‌ته نوخشه‌ی به‌ختم •
فریشته‌ی ره‌شپوشی تاسه •
سه‌بر ئه‌نیته شوینی جه‌ختم •

---

# تکای‌لی بوردن

له‌لاپه‌ره ٤٤دا مانای هه‌ندی ووشه‌ی بادینانیتان پیش‌چاو ئه‌که‌ویت تیپ ریکخه‌ر زمانی کوردی نه‌زانیوه مانای ووشه‌کانی به‌پیچه‌وانه‌ی یه‌کتری داناوه‌و بی‌ئه‌مه‌ی پیشانی ئیمه‌ی بدات په‌له‌ی بووه له‌چاپی‌داوه وا له‌دوا په‌ره‌دا ئه‌م هه‌لانه‌راست کرانه‌وه ببورن •

---

# دلی من

کەرکوک : پشکو

ئەیدڵ وەك دەریای پرو مەنو لیل
شا مەلەوانان لەکەنارت ویل
کەس تی نەگەیشت چی‌یە ئەسرارت
کەس بوی‌نەکراوە گریی ئازارت
خوشم بیگانەی هەفتا فرسەخ دوور
لیت تی‌نەگەیم ئاگری یا « نوور »
چوا لەی « دوبراله»ی لەگەل خەفەتا
«نازەو ناخونی » لەتەك میحنە تا
شاسواری هەردەی دەردو بەردو بەرد
ئارام‌ناگری بی‌دەرد دونیات سەرد
ساردیکی وەها توی‌تیا ناژیەی
بەبی ئاخو داخ هیچ ناکەی أوخەی
وەك قورسی هەوا بوسەر خوینمان
توش بەبی خەفەت ناتوانی ژیان

چیلکەو چویلی خەفەت تازوربی
توش وینەی ئاگر بلیسەت‌ئەبی
بەدەورو پشتت ئەدەی روناکی
بەلام دونیای خوت هەرگز تاریکی
ئەو تاریکیەی نایەتە بەرچاو
لی‌ی هەلبیتەوە جاری ترهەتاو
هەتاوی نیگار یاری لی‌ون بووم
بەهەشتی دلم زور زووله دەس چووم
کەی جاریکی‌تر نیگار دیتەوە
جوانی بەسەرچوو ناگەریتەوە
کاتی کە لاوبووم یار وەك پەررە گول
گوریمانەوە لەگەل یەکتر ... دل
بەوینەی دومەل لەئاسمانی عەشق
بی‌ترسو پەروا ئەمانکرد مەشق
نەکوتر وینەی ئیمە ئازادبوو
نەبەهار شەنتر لە دلەی شادبوو
نەگاووگرو ناسکو بەنازتر
نەقومریو بولبول چریکە سازتر
نەئاوی روونی کاریزوو کانی
نەشینی‌ئاسمان لەدوا بارانی

بەوینەی روونی دلی ئیمەپاك
بەتیشكی روژی دلداری روناك
هەروەك خەوی بووئەوژینە خوشە
لەپرر را چەلین چی دونیا بوشە
نەخوشی تیایە نەجوانی پاكی
نەسەر فرازیو شادیو بی‌باكی
نەخوشە ویستی نەخوشەویستی
دونیای فراوان چۆتە ناومستی
بەپرو پیتال ئەلین مولكومال
بەدەردو ئازار ئەلین حالوبال
گوبچر گوبچرەو بگرەو بیهینە
سەرم سرماوە لەم كەینو بەینە
پارە ناوجەرگی خوشی پارەكرد
ئەم وورگە پیسە پاكی « لارە » كرد
جیهانیكی گرژ خەلكەكەی وەك شیت
هیچ كەس نازانی چی بوچی ئەویت
لام ئاشكرایە نەدیمەنی گول
نەتافگەی شیرین نەچریكەی بولبول
بەوینەی شینی تەنها دیناری
یا زرنگەی دەنگی تاكە دولاری

خورپە بخاتە دلی ئەم خەلکە
ئەویان لاھیچە ئەمیان پی کەلکە
لیکدانەوەیان لام نا پەسەنگە
تەرازوی ھەستیان لام لارەسەنگە
درۆو فیشالو دوو روویی‌و چەوتی
ناخوینیتەوە کاتی سەرکەوتی
سەرکەوتن لەچی لەدزیو فزی
وەك مارپیوە دەی وەك ھاربگەزی
ئەمەت پی نەکری نایەیتە کایە
بی‌سایە ئەبیو ناگەیتە پایە
ئەیدل تەرازوی راستیش وەھایە
ئەم کەینو بەینە گشت کاووبایە
ناھینی ھەرگیز دەمی ژینی پاك
راستو رەوان بی بی‌خەوشو خاشاك
روکەیتە قیبلەی راستیو ئازادی
شادی توشادی ئادەمی زادی
لەگەنکاو دەرچی لەدەردو ئازار
رزگاربی جیھان بکا بەگولزار
بەوینە بەھار بوھەمرکە س‌بی
ھەر خوشیە ویستی بوگشت مەبەس بی

ئەوسا ئەی‌دلەی فەلەك زەدەی‌پیر
سوی برینەکەی یارت هەر لەبیر
هەرچەند گولی تر خەزان لی‌ی دابی
پەررەی ناسکو چلی نەمابی
لەشوین تو هەزارهەزار دلی‌لاو
توپیرو ئەوان بەتینو بەتاو
لەشوین گولەکەی خەزان ئەفگەندە
هەهزاران خونچەی نەکراوە بەندە

---

لە لایەرە حەوتا لەباس میژووی بەدرخان باشادا مانای ئەم‌ووشانە بزانە

| | |
|---|---|
| ئەکوبویە = | کەبوو |
| وەهالەفەشاردن = | ئیش |
| رەخیت‌دی = | لە بن |
| هەیف = | هاوی‌کاری ـ پیکەوەئیش‌کردن |
| فری‌کرن = | وپستن |
| دانەشن = | وایە |
| رەخ = | هەلسان |
| رابوون = | هەردوولا |
| وصیانە = | نەتوانن |
| تفیە = | ناردن |
| هاری‌کاری = | مانگ |
| ژبن = | دەوری کرتن |
| شۆل = | ناشتیان |

# گوردنی بەناوبانگ
# دینەوەری یەکان

بەخامەی جەمیل بەندی

زوژبەیانی : مەندەلی

**١٥ ـ ئیبن گەچ دنیەوەری**

« یوسف کورری ئەحمەد کورری یوسف گەچ»ی گەچی : لای « ئیبن قەطان » وەچەند زانایەکی تری خویندوویە ، وەهەر لە «دینەوەر» دا خووی‌داوە بەفیرکردنی ، قوتابی ، وزانست بلاوکردنەوە ،زور کەس بوفیربوون وەبەهرەوەر بوون لەزانستی روویان تی‌کردووە ، وە لەلاییکی تریشەوە فەرمان رەوای ئایینی ( قاضی )ی«دینەوەر » بووە ،وەبەم جورە جلەوی سەرەکی‌ی دولایەی ( ئایینی‌و جیهانی ) گرتووتە دەس •

ئەمەوەها ، وبوپالشت کردنی ئەورچی ئایینی‌یەی کەلەسەری‌بووە (رچی شافیعی) گەلی‌نووسراوی‌بەنرخی داناوە ، یەکی لەوانە نووسراوی دوورو دریژی «تەجرید»ە ، کەئیمامی رافیعی» دیویەو باسی کردووە • سەمعانی» ووتویە (ئەبوعەلی‌سنجی) چوو بووەلای (ئەبوحامیدی «ئیسفیرائینی» بەناوبانگ کەسوودی لی‌وەربگری ،پاش‌ئەوەی کەئەوی بەجی هیشت چووە لای«ئیبن گەچ»،هەرکە بیری‌لەزانست وهونەر مەندی ئەم کروەوە ووتی : توی زانا ، کەچی ئەبوحامید ناوبانگی دەرکردووە؟ ـ ئیبن ـ گەچ لەوەلاما ووتی : ئەو بەغدای بەرزی کردووتەوە بەلام‌من ، ـ دینە وەر ـ پە ستی کردووم ـ • بی‌گومان مەبەستی ئەوەبووە کەبەغدا پایتە خت‌بووە ، وجیگای زانست وزایناری‌وبووە پتیشکەوتن‌و دەرکەتن بووە

زانایه شەوی ۲۷/مانگی روزوو ٤٠٥کو٠ ـ١٠١٤زاـ لەلایەن ـعەیاری (۱) پە کانەوە کوژراوە ـ ۲ ـ

۱٦ ـ ئە بو القاسم القەطان الذینەوەری :

---

عیسا کورری عەبدالرەحیم یەکی بووە لەزانایانی فەرمایشت ، وولاتی خوی‌بەجی هیشتووە وەرووی کردووەتە بەغدا ، وەلەوی فەرمایشتی بە خەلك راگەیاندووە یەکی لەوانەی کەلەم زانایە، سوودو بەهرەیان وەرگرتووە ،لەلایەن فەرمایشت فیربوونە ـوە دارەقوطنی ـی بەناوبانگە لەمە پتر سەرگوروشتی نەزانراوە ـ ۳ ـ ٠

۱۷ ـ ئەبو عەمری دینەوەری :

---

عوثمان کوری جەعفەر کورری‌محەمەد کوری هەیتەم کورری عە بدوللاە : لەزانای بەناوبانگك ـوەرراق ـ فەرمایشتی وەرگرتووە٠ لە سەدەی چوارە ماژیاوە ٠

---

ـ۱ـ هەندی لەوانەی کەئەم باسەیان گیرراوەتەوە ، ووشەی عە یاریان یان کردووە بەهاوتای ـدزـ ٠ بەلام من لام وایە لەلایەن سەردارانی کوردی عەیاری یەوە کوژراوە کەلەوحەلانەدا سەرداری ـدینەوەرـ ودەوروبشتی بوون،وەـئیبن‌ـگەچ‌بەپی‌ی ئارەزوویان نەجولاوەتەوە٠

ـ۲ـ لهەبەقات الشافعیەکـــەی گورانی ـ ٤۲ ـ ، وقاموس الاعــلام (٦٥٩/١) و٠

ئیبن‌خە لەکان ـ٦/٦٣ـ ٠

ـ۳ـ خە طیب بە غدادی ـ١١ـ١٧٦ـ ٠

ـ٤ـ خەطیب بەغدادی ـ ١١ـ٣٠٠ ـ

# دلداری غەمگین

دانەری بویژ دیلیو أج : دیفز

گورینی کمال غەمبار

ئەی کلاوکورە گورانی بلی بوخور گورانیە شیرینەکەت هەربلی جاریك‌و دەهەزار جار ، وەتو ئەی بولبولەکان بچریکینە بومانگی ویل ، رووناکییــە زیوینــەکانی ملە جوانەکانت ماچ ئەکات ، وەتو ئەی چولەکەکان گـــورانی بلی بوبارانی بەخـورر دلوپە نەرمو شــلەکانی پرروباله جوانەکانت ئەشواتەوە وەلەو کاتەی پەلکەزیرینە لەئاسمان بەرز ئەبیتەوە هەموتان گورانی بلین ••• کوکو ••• کوکو

وەتو ئەی بالداری شەیدا گورانی بلی •

بوهیلکە شینەکانت ، وەتو ئەی چولەکەی کیوی گورانی‌بلی لەهەمو باغ‌و دارستانیکا •

بەلام‌من ••• منم کەسەر نەکەوتم لەخەلات‌کردنی خـوشەویستیم عەمی پاکو قوولم شیرینترە لەوانە هەموو !

لەبەلینـا ، جوانیەکەی ئەمــەیە کەخوشم ویست هەناسەی دووروو دریژ بەرز ئەبیتەوەو ئەمە شتیکی پیروزە لەلام •

# ئەبراهام لنکولن

هەلەبچە ـ ف • نەگور

یە کێکە لەو قارەمانانە کە له ئەمەریکادا چرای ئازادی و رزگاری هەلکردوە وە خەلکی ئەمەریکای فێری شیرنی ژیان چیشتن کردوە ،ئەم پیاوە بەجەر گە نیشتمان پەروەرە پێویستەناوو، گفتو گوو، بیروروەوشت و کردەوەی بەرزی لە مێژووی ئازادی ئادەمیزادا بە واتەی زێرین لە لاپەرە کانیا بنوسرێت •

لە نکولن وەنەبێ لە خێزانیکی سەرمایەدار بوونبیت بەلکو کوری دوو هەژاری لی قەوماوە وە خوشی تابلینیت کویرەوەری و نەبوونی و برسیەتی و بێئیشی دیووە • لە ١٢-٢-١٨٠٨دا لە دیی ـ کنتکی ـ لەئەمەریکا لە دایك بووە •• کە بووبە سەر کوماری ئەمەریکا هەولیکی زوری دا بوپیك هینانی یەکیتی سیاسی وئابووری لە ناوگەلەکەیدا کە سوکاری ـ لەنکولن ـ لەبەردەستکورتی دییەکەیان بەجی ئەهیلن ، زنجەکەیان ئەدەنبەدە ـ ١٠ ـ بەرمیل ویسکی بەلامئەم سەرمایەیشیان لە ریگا ئەکەویتە ووبارەوە لەنکولن بیئەوەی گرژی بکەویتە ناو چەوانیەوە بەرامبەر بەمکوسپە • لەگەل ئەوەش دا کەزور منال بوو لەو کاتەدا نەزانەوەك پلنگ لە مەیدانیئیش کردنا دانەما تەورداسیکی لیئەگری بەدەستەوە و

لەو دارستانە بی پایانەی ئەمەریکادا دەست ئەکات بەداربرین ، بەم جورە ماوەیەك بە دار فروشتن خوی ئەژینینی •
لە نکولن هەرگیز فرمان کردنی بە لاوە شوورەیی نەبووە ، تەنیا ئەوەی بە شوورەیی زانیوە کەپیاو ببی بە بار بەسەر کومەلەیەوە • وە بەسەریانە وە بلەوەری ، بە دەم فرمان کردنەوە فیری خویندن و نووسین بووە زوری خویندوەتەوە و لیکی داوەتەوە کە چون پیش بکەوی وە چون گە لەکەی رزگار بکات •
کەئەم ئاواتەیشی هاتووەتە دی هیشتا هەر کولی نەداوە و لەتەقەلادان نەکەوتووە هەمیشەخەریکی خویندن و خویندنەوە بووە بە جوریك کە بووە بە خووی بە شیك لەژیانی •
لە نکولن کریکاری ، نامەی پوستەی دابەش کردوەو دار فروشـــی کردوە ، لە بیستوویەك سالیدا بووە بە سەر کردەی کە شتیەك لە جیاتی ئە وەی خوی خەریك بکا بەئەمر کردن بە سەر ژیر دەستەکانیا خوی هەرخەریکی خویندنەوە بووە بە چوار سال لەـحقوق دەرجووە و بووە بە پاریژەر ـمحامیـ پاریزەریکی بە نرخو دلسوزی راســـتی ئادەمیزاد ، لەنکولن زور بە وەفا بووە ، کە وەفاکاری هەوینی رەوشتو خووی بە زرە ، برادەریکی ئەبیت کە ئەمری گەلیك قەرزار ئەبیت لەنکولن ـ**١٥**ـ سال قەرزی ئەو ئەداتەوە ، لە پاریزە ریشدا هەرگیز فیلی نە کردوە و لایەنگیری بی مافانی نە گرتوە ،کە رەتیك کابرایەك لـە سە رمایە دارەکانی ئەمەریکا ـ٦٠٠ـ دولاری ئەداتی کە لە دەعوایەکا سەری خا ت، ئەبراهام لە وەلاما بەکابرائە لیت من ناپاك نیم بی ماف

ـحەق ی ناکەم لایە نگیری ماف ئەگرم ئەگەر لە برسانا بشمرم •
کایتك لە نکولن چۆوە مەیانی هەلبژاردنەوە لەبەرنامە کـــە یائەمەی ئەووت بە هەلبژیرەکانی ـ هاو وولاتیە بەنرخەکـــانم ئەی ئەوانەی سەرتان دانەنەواندوە بو هیچ داگیرکەریك ، ئەوا خوم تەرشیح کرد بەپشتیوانی ئیوەوە بەلام ئەوەبزانن ژیانی پارلەمانیم وەك ســـەمای پیریژنیك کورت وخوش ئەبیت هەلم بژیرن یان هەلم نەبژیرن لام وەك یەکـــە ـ •

ئنجا سەیر ئەوەیە کە هەلبژیرریت پارەی نابی کە دەستی بەرگی پارلەمانی بکری ، جیگای نابی لیٚی بنوی پەنائەباتە بەر دوکانداریك لـــە مالەکەیا ئەی نوینیت •

هەر لەکاتی سەرکوماری ئەما بوو جەنگی ناو خوی ئەمەریـــکا هەلگیرسا لە سەر ئەو یاسایە ـ قانون ـ ی کەوا کرینو فروشتنی قولە رەشی قەدەغە ئەکرد ، بەلام سەرمایە دارەکان ئەم یاسایەیان بە دل نەبووە کە قەدەغەی کرین و فروشتنی قولەرەشە بەسەزمانەکانی ئەکرد هانە هانەی دانیشتوانی ناوچەکانی خواروویان ئەدا بو جەنگ لەگەل میری ـ حکومەت ـ دا لەبابەت ئەم یاسایەوە کەجاران قولەکانیان وەکو ئاژەل ـ حیوان ـ ئەکری و ئەفروشت بە نرخیکی هەرزان وە لەژیانیکی ئەندیشەیی و کەموکوری‌یا بوون و ئەیان چەوساندنەوە ، وە ئەمە شتیکی ئاشکرایە هەرگیز ئەوانە لەگەل یاسای ئەودا ریك ناکـــەون چونکە ژیانیان لە سەر چەوساندنەوەی قولەرەشەکان بوو کـــە ئەمە بوو یەکیك لەو هویانەی بوو بە هوی هەلگرساندنی جەنگ لە بەینی

ئەمان و میریدا • وە جەنگەکەیان لە ـ ٥ ـ سال پتر دریژەی کیشـــا لەمشەرەدا نزیکەی ـ ٨٠٠ ـ هەزار کەسی تیا کوژرا •

بەلام لایە نگیری ماف گرتن هەرگیز ژیر ناکەوی ئەگەرچی جار جار لیی ئەبی بەشەوە زەنـــگ بەلام هەر روژی روناکی لی بەدەر ئەکەوی لەئەنجامی ئەم خەباتەدا روژی هەینی ١٤ نیســـان ١٨٦٥ ، بەبونەی سەرکەو تنیانەوە • لەگشت وولاتە کانی ئەمەریکادا کرا بە شاییو ئاهەنگو بەزمی روژی ئازادی •

بەلام زور مەخابن کەئەم خوشی‌یە زوری نەخایان لەپرر دەستیکی ناپاك لەنکولنی کوشت بی ئەوەی ئاواتە پیروزەکانی لەنکولنو گـــەلی ئەمەریکی وە ئاواتی قولەرەشەکان بە تەواوی بیتەدی بەم جورە چرای ژیانی ئەم میهرەبانە کوژایەوە ، وەتا ئیستاش لەبەینی قولەرەش وسپی یەکانا لە بەشی زوری ناوچەکانی ئەمەریکادا وەلەوشوینانەی ســـپی تیائەژی قەدەغەیە قولە رەشەکان توخنی بکەون وە زور جار لەبەینی ئەم دووتیرە یەدا شەرو هەرا بەرپا بووەو لەبەینیانا خوین رژاوە •

# پاشماوەی جەلالی

نووسینی ئەحمەد خواجە

« ئەمە فرمانیکە لەفرمانیەکانی قرەیازیجی »

لەدانیشتوانی قیصری : هەلگری ئەم فەرمانە پیروزە محمد ناو لەوجەنگەدا کەسەردار حاجی ئیبراهیم پاشایم تیدا شکاند ولەشکرەکەیم پەرشوبلاو کردەوە وپەریشانم کردن یاریدەیکی زوری ئیمـــەی‌دا • جالە هموو باج‌و رسوماتیك عفوکرا • وفەرمایشیم کرد کـــە دەستی عثمانیەکان بەتەواوی وبىرای بىرای لەم ولاتە ببرری • سلطنت بومنە • هروها لەتکالیفی سالیك عفو کران وهر کەسیك پیچەوانەی ام امرو فەرمانم بزویتەوە سزا ئەکیش وئەم امری همایونیـــــەم ئەبی‌بمینی لەربیع الاول ١٠٠٩هـ ١٦٠٠م دا نووسراوە :ـ

قرەیازیجی لەجەنگی پریشـــــــان کردنی حاج ابراهیم پاشا دا بویاریەدەرانی ئەم چەشنە فرمانەی دەر ئەکرت • وچاکەی ئەدانەوە بەئاشکرا بوئەوەی نیشتمانەکەی لەزور وزورداری عثمانیەکان رزگار بکات بانگی سلطنتی بوخوی ئەدا • تەنانت قرەیازیجی کەناوی عبدالحلیم بوە بەناوی خویەوە دراو ـ سکە ، پارە ـ یشی لیداوە •

برامبەر بەلشکرە زور وبی پایانەکەی سوکوللوزادە حسن پاشای والی بغداد خویو لشکرەکەی کشایەوە چیاکانی ـ سامسون ـ لەمنطقەی « گونا » ی ولەپاش بەینیکی کەم گیانی سپارد بەلام لەترسی عثمانیەکان نەوەکوو لەشەکەی بەمردویەتی ببەن لەشەکەیان لەت لەت کرد وهەر

پارچه یکیان لەجیگیك ناشت انجا ، لەپاش مردنی قرەیازیجی لەلاین پیاوه ناسراو و دلسوزەکانی قرەیازیجی وه دەلی حسن براپچوکی یان خسته جیی وبەجی نشینی دانرا :ـ

دەلی حسن لشکروسپای پیك هینا بوتوله سندن لەحسن پاشا لەگەل چند هەزار جلالیکدا وروژمیکی ناکاوی برده سەر لشکرەکەی عثمانی لەدوای پەریشانیکی زور حسن پاشا وسپاکەی خزانده ناو قلاکەی ـ توکات ـ وبەینیك زور تەنگاو کران روژیك لەلاین چند تفنگچی ونشانچی جلالیەکانەوه دوور بەدوور دەستریژیکیان کرده حسن پاشا ولەناو قلاکەدا کووژرا بەلام واری کەوتهەر لەوروژەدا خزینەو دارای و ژنەکەی حسن پاشا کەلە بغدادەوە هاتوون بولای پاشا لەریگه بەدیل گیران هرچنده مالو خزینه و داریەکەیان داگیر کرا بەلام ژنەکەیان لەگەل چند پیاویکی لیرابیزاو وناسراودا زور بەریز وحرمت بوئەم جیگەیەی ویستی نیررا :ـ

دوا بەدوای ئەم سەرکەوتنەی جلالیەکان وپەریشـــــان کردنی ئەوسپایە دیسان خسروپاشاو حافظ پاشایان نارده سەریان • هەر لەهەول هەلتدا پاشاکانو لشکرەکەیان بە پەریشانیـــــکی زور خراپ رزادان وگەیشتنه ـ کوتاهی ـ یه ولەم شارەدا محاصره کران ودەورەیان درا لەبەر ناوەختی وەرز وزوری بەفر وباران بەناچاری جلالیەکان گەرانەوە ـ ئافیون قرەحصار ـ •

هەر بەدوای ئەم سەرکەوتنەدا لەزور لای انادولدا جلالیەکان خویان پیشان ئەدا • لەارضروم ، اولکەی کوسه سفر پاشا ، سیواس ئەلەجە ، کەلەژیر حکمی بەسوار چاك مشهور احمد پاشادا بوو قسطمونی ، وچانگیر ، کەوتە ژیر دەستی جلالیەکان •

# زه حیری

نووسینی : دكتور عبدالرحمن عبدالله

دوچەشن زەحیری هەیە ١ – ئەمی ى ٢ – باسیلی ٠

ئەوی کەزیاتر لەناوماندا بلاوبوتەوە چەشنی ئەمیبە لەبەر ئەوە لیرەدا هەرباسی دیزانتری ئەکەین ٠

ئەم نەخوشیە لەئەنجامی توش بونی ریخولەوە بەمیـــــــکروبی Entamohae Hostolotica وە پەیدا ئەبی ، ئەم توش بونەش بەهوی ئەو خواردنانەوە ئەبی کەئەم چەشنە میکروبانەی تیـــکەل ، ئەم نەخوشیە لەولاتە گەرم وفینکەکاندا بلاو بوتەوە ، زور جاربش لەولاتە ساردەکاندا ئەبینریت ، میکروبی ئەم نەخوشــــــیە بەهوی خواردنو خواردنەوەوە لەدەمەوە ئەچیتە ریخولەکانەوە و لەریخولە ئەستورەکاندا جی گیرئەبی وئەبی بەهوی سوتاندنەوەی ئەو پەردە تەنکەی کە لەناوەوە ریخولەکەی دپوشیوە ٠ ئەگەر ئەو خواردەمەنیە کەئەم میکروبانەی تی چوە لەپیش خواردنیدا زور چاك پاك نەکریتەوە کەمیــــکروبەکان بکوژریت ئەوسا لەچەشنی کیسدا لەگەل خواردنەکە ئەچیتـــە ناوەوە وبی ئەوەی معدە کاری تی بکا بەرەو خوار دەبیتەوە بو ریخولەکـــــان لەویدا شیرەی پانکریاسی کیسەکان ئەتوینیتەوە وئەو ئەمیـــــا وردە بی کیسانە پەیدائەبن کەلە تویی ناوەوەی ریخولە ئەستورەکاندا خویان

جی گیر ئەکەن کەوابو ئەم نەخوشیە بەهوی ئەو خواردەمەنیەوە پەیدائەبی کەلەیەکیکی نەخوشەوە میکروبەکان تیکەلاوی بوە وەکو ئەو سەوزانەی کەبەئاوی جوگە پیسەکانی ناوشارەکان ئاو ئەدرین‌و لەپاشا بی‌ئەوەی باش پاك بکرینەوە کە میکروبەکـــان بکوژرین ئەخورین وەیا بەهوی میشەوە لەخواردنیکەوە وەیالەشتی پیسەوە میکروبەکان ئەگویزیتـــەوە بوخواردنیکی‌تر کەوابو میش هویەکی گـــەورەی بلاو بونەوەی ئەم نەخوشیەیە ، هەروەها یەکیکی ساغ راستەوخو لەنەخوشـــــیکەوە توش‌ئەبیت بەهوی تیکەلاویەوە • مدەی دەرکەوتنی ئەم نەخوشیە دوای توش‌بونی یەکیـــك باش نەدوزراوەتەوە لەچوار روژەوە تا ٣ مانگ ئەخایینی • ئەم نەخوشیە یاکوتوپر وەیا بەرەبەرە دەر ئەکەوی •

نیشانەکانی سك‌چونە بەئازارەوە ، روژی لە ٣ جارەوە نزیکەی پانزەجار پیســـــایکی کیماوی خوینـــاوی بەئازار وقوەت کردن وخوگوشینەوە دەر ئەچی ، پیچ بەسکدا دیت • هەندی جار ژانەسەرو تاو دل تیك هەل هاتن ورشانەوە پەیدا ئەبی ، پیست وشـــك‌ئەبی ، نەخوشەکە لەخواردن ناکەوی بەلام بەرەبەرە بی‌هیزو لاواز ئەبی ، تینی نامینی ئەوسا خواردنی کەم ئەکاتەوە وتوشی کەم خوینی دیت •

بەهوی ئەم نەخوشیەوە ریخولە ئەستورە توشی سوتانـــــــەوە وسوربونەوە ئەبی ، ریخولە پژان‌و کون‌بونی و سوتانەوەی پریتون هەندی جار لەزامەکانی ریخولەوە پەیدا ئەبن ، جاری‌واش هەیە ئەم سوتانەوەیە تاریخولە کویرە پەرە ئەسینیت • ماکی ئەم نەخوشیە بەزوری ئەداتە جگەر و ئەی ئاوسینی وکیمی تیا پەیدائەکا ، جارجاریش لەسپل‌و میشکدا ئەم ماکە ئەبینریت •

ئەم نەخوشیە ئەگەر دەرمانیش نەکریت لەپاش چەند هەفتەیەك نیشانەکانی بەرەبەرە نامینی ونەخوشـــەکە وائەزانی کەچاك بوتەوە بەلام پاش چەندانیك هەل ئەداتەوە • هەندی نەخوش هەن توشی ئەم نەخوشیە ئەبن بی ئەوەی نیشانەکانی دەرکەویت ئەمانە هەلـــگریان پی‌ئەلین وزور خەتەرن بو کومەل چونـــکی زور کەس لەوانەوە توشی نەخوشی ئەبن بی‌ئەوەی بەخویان بزانن‌و خویان دەرمان بکەن •

هەروەکو لەسەرەوە وتمان مکروبی ئەم نەخوشیە بەهوی خواردن‌و خواردنەوەوە بلاو ئەبیتەوە لەبەر ئەوە بو پاریزگاری لەم نەخوشیە ئەبی هەمو تەقەلایەك بدریت کەسەوزەو میوە زور چاك بشورریتەوە تویکل بکریت اینجا بخوریت ، میش نەهیلریت چونـــکە میش هویەکی زور گەورەی بلاوبونەوەی زەحیریە ، ئەوانەی توش بون خویان باش دەرمان بکەن ، چاکترین ئەوەیە خویان پیشانی دوکتوریکی باش بدەن ولەژیر چاویری ئەو دوکتورەدا دەرمان بکرین چونـــکە دەرمان کردنی ئەم نەخوشیە ئەوەندە ئاسان‌نیە هەموکەس بتوانی بیکا •

چاکترین دەرمانی دیزانتری ئەمتینە ، روژی دەنکیك یا لەژیر پیست وەیا لەماسولکە ئەدری تادەروژ ، بەلام ئەم دەرمـــانە نەخوشەکە بی‌هیز ودل لاواز ئەکا لەبەر ئەوە بەدەگمەن بەتەنیا بەکار دینریت هەمو جاریك ئەبی سترکنین لەگەل بەکار بهیزیت وەلە دە شرنقە زیاتر باش نیە ، ئەگەر هاتو بەم دە شرنقەیە چاك نەبووە پاش چەند هەفتەیەك دوبارە ئەکریتەوە وەیا دوکتورەکە بەپی‌ی وضـــعی نەخوشەکە دەرمانەکەی بوئەگوریت • بودیزانتری تا ئیستا گەلی دەرمان دوزراوەتەوە کە ئەمتین لەهەمویان بەکەلکتر وبەسودترە ، پنسلین لەگەل

ئەمیتین هەندی جار بەکار ئەهیزیت • ستوفارسول وئەمیتین بزموت ئیداداید بو دیزانتری کون خراپ نین •
یاتەرین وهاو کارەکانی بەدەم وەیابەدەستور زور باشن ، لەم بابەتە دەرمانانە تا ئیستە زور دروست کراوە ، تیرامایسین کار ناکاتە سەر میکروبی دیزانتری بەلام ئەومیکروبانەی لەگەلیا ئەژین ئەیان کوژیت زور دەرمانی‌تر هەیە بودیزانتری لیرەدا ناتوانین باسی هەمویان بکەین •
خواردنی ئەم نەخوشیە ئەبی ئەو خواردنانەبی گەزوو هضم ئەبن وریخوا ماندو ناکەن ، ماستو چا زورباشن •
کەجگەر ئاوسا لەئەنجامی دیزانتریدا ئەمیتین لەهەمویان کاریگەرترە لەگەل ریزوکینی بەلام.کەجگەر کیمی کرد لەگەل بەکار هینانی دەرماندا ئەبی ریگە بوکیمەکە بکریت بیتە دەرەوە •

## تکای تایبەتی

بو کوکردنەوەی پارەی ئابوونەی سالانەی گوفاری هیوا کاك جەلال عمر دیتە لاتان تکائەکەین ئیوەش وەك ئیمە بەباوەر پیکراوی گوفارەکەتانی بناسن •

# لە زنجی هەژارانا ..

گورینی : ع . ر . پەروش

شەو هیشتا کەمیکی ماوە ، تاریکی بالی بەسەر هەمولایەکا کیشاوەو ئەستیرەکان لە ژیر کراسی رەشی هەورا وونن ، چاوچاو ناکاو ئاسمان وەك دەریایەکی رەشی بیپایان نەکەناری دیارە نەبن ، بارانیش لەسەر وەك شولیتەر دیتەخوارەوە . لەزنجەکەی « فیلیب »ی ماسیگرا نەبی کەئەوپەری زنجەکان کەوتوە تروسکەیەکی تر روناکی لەو ناوەدا بەدەرەوەنیە ، ئەویش لەپرتەپرتایە وادیارە شەونخونی ماندوی کردوە وەئەشیەویت تادوا دلوپی خوینەکەی لەگەل هیزی تاریکا بجەنگیت ، پاشماوەی پشکوی ناو ئاگردانەکە وەك ئەو تینەی لەسەرەمەرگا دیتەوە لەشی نەخوش تاوەناتاوی پزیسکیکی بیتینو شەوق ئەدەن وئیتر بەتەواوی دائەمرکینەوە ، دیوارەکانیش چەن توریکی کونی پیاهەلواسراوە بەگران لەخانوی جالجالوکەکان جیا ئەکرینەوە ، لەناوەراستی ژورەکەدا میزیك چەن قاپیکی مسی والەسەر تروسکەی چراکە هەرلەزیتەی چاوی مشکەکان ئەچیتیانا ، سی مندالی ووردیش لەسەر بەرەیەك سەرما وەك بیچوی ناوهیلانە بەسەریەکیا خستون ونوستون ، دایکەکەشیان لەو لاوە نویژ ئەکاو لەخوائەپاریتەوە میردەکەی بەساغی بگەریتەوە ، لەم کاتەدا رەشەباکە هەلیکردو زنجەکەی هیناوبرد

ژنه ئەوەندەی تر ترســـاو کەوتە ســـیودوی میردەکـــەیەوە کەوالەم کاتەسەخت وساماناکەدا لەدەریاکەدا راو ئەکا ، لەبەر خویەوە ئەیوت : خوایە بەزەییت بەبی کەسی ئەم ووردەلانەدا بیتەوە ، آگات لیی‌بی، روی کردوتە قاپی‌تو ، خـــوی خستوتە مەترسیەوە بوایمـــە ، لەدوینیوە چوە بوراو ، هیچ جاریك ئەوەندەی پی‌نەچوە ، ئای ایمـــەی ماسیگر چەن کلولین ، لەم زنجە چولانەدا جیمان ئەهیلن‌و خوشـــیان رو ئەکەنە ئەو دەریا توشە ئازوخەی بوایمە لی بسینن ، ئیستا دەریاکە بەم‌باوبارانە تەواو هار بوەو شلەقاوەو شەپول شەبەقی تی‌خستوەو هەمولایەکی‌وەك نەهەنگ دەمی داپچریوە هەرچی تی‌کەوی دەرهاتنەوەی‌نیە ، کی چـــوزانی ئەو دو تەختـــەدارەی پی‌ی ئەلین کەشتی ئـــەم رەشـــەبایە تیکی‌نەشکاندوەو ئەویش مەلە پەلو پوی لی بریوە و گیژیك لولی نەداوە بوناخ بوخوراکی ئەو ماسیانەی بەتەمابو بیکات بەخـــوراکی ایمـــە ، دەك بەزوخاومان بیت ، جیمان دەسەلاتە مەگەر هەر لەدورەوە هاوارکەین : ئـــەی دەریای رەش تو مایەی ژیانمان بوی ، روی بەزەییت بوچ لی‌وەرگیراین‌و بویتە خەنیمی تاقەکەسەکەمان ، ئەوراوی بو ایمە ئەکرد ، توبوکی ئەوت کردەراو ، بەلام دەریا نەگویچکەی هـــەیە نـــە چـــاو ئەترسم تەرمەکەشی نەداتەوە دەسمان •• ئالیرەدا سروشت وەك بیەوی توزی باری ســـەرو دلی ئەم ئافرەتە سوك بکات باو و بارانەکە هیواشی کردەوە • چراکەی هەلگرت‌و هەســـتا سەیریکی دەرەوەی کرد کە کەسی نە دی زنجەکەی ( جانیت ) بیوەژنی دراوسییان نەبی کەچەن مانگیکە میردەکەی لەشەویکی وادا بوە خوراکی نەهەنگ‌و ماسی ، ئەشیزانی « جانیت » نەخوشە پیویستی بەیارمەتی ودلدانەوە هەیە وەك خوی پیویستی بەیەکیك هەیە توزی

خەمو پەژارەی لابەبا بدا ، یەکیکی دلسوز ، لە « جانیت » یش بەولاوە کی هەیە لەدلی بـــگاتو گویی بوشـــلبکات ، بەرراستی هەرئەوانەی ژیانیـــان وەك یەکە ولەیەك ئەچـــی بەدەردی یەکتر ئەزانن‌و بیرو باوەریان وەك یەکەو سەبوریان بەیەکتر دیت بویە بەسوکی هاتە دەرەوەوروی کردە مالی ( جانیت ) گەلی لە دەرگاکـــە یانی دا دەنگ نەبو پالی پیوە ناو چوە ژورەوە بەلام بە سەرچیاچو و چی دی ؟ ، دیمەنیك **هەمو گیانی** هینایە لە رزین‌و لە جیـــگەی خویا ووشك بو ، روانی وازوورەکە ئاوی‌تی زاوەو کردویەتی بە زەلـــکاو وەخوشی نوســـتوە ، بە لایەوەسەیر بو لەناو ئەم ئاوو ســـە رمایەدا چون خەوی لی‌کەوتوە ، بانگی کرد جانیت ... جانیت ... کەچی جانیت ، بەلام دەنگ لە داروبەردی زنجەکەوە کـــە باکە هینابویە چرکە هات دەنگ لە جانیتەوە نە هات ، لی‌ی نزیك بوەوەو چەن جاری رای وەشان جولەی هەر لیوەنەهات ، تومەز ـجانیت ـ ی‌کەساس نوستنی یەکجاری نوستوە ! ئەوەندەی‌تر واقی وورماو دوش داماو چـــاوی بریە دلوپەکانی بەدەم و چاویائەهاتە خوارەوە وەك جواناوی مەرگ‌ئەهاتە بەر چاوی ، هەروا تاس ئەیبردەوە ونەی ئەازنی چی‌بکا تابانگی گریان‌و شیوەنی هەلدا : ئائەمەیە دواروژی هەژار ، ئەمەیە ئەنجامی هەمورەنج وکویرەوەریکمان ، تاهەین بواسزاو مەینەتی هەین کەمردیشین ئە ئاوا لەزەلکاوا لەناخی‌دەریاو خویناوا ، مردنەکەشمان وەك ژیانەکەمان‌بەژان وناسورە ، کی‌ئەلی دواروژی ایمەش لەمەی ــ جانیت ــ ومنداله کانی باشترە ، کی‌سەریکمان‌لی‌ئەداو بەزەییکی پیماما دیتەوە وەك من ئیستا

قرچەم لەجەرگەوە دیت، ئابابزانم منداله کانی چونن ، ئەوەتا بەدەم خەوەوە پیئەکەنن ، ئەلین فریشته خوی پیشانی منـــال ئەدا بوئەو پیئەکەنن ؟ نازانم وایه سەرماو برسیتی تەزانونیوا باکیان لەسام وتاوپوی مەرگی دایکیان نیە، کی چوزانی پیکەنینو گەزارەی گالته هاتن نیه بەم کردەوە سەیرو پرر ستەمەی گەردونی نالەبار !! دەك رولــــه کویر بم بوتان ، ئەوەش کراسەکەی دایکیانه بەســـەر یانەوە وادیارە لەگیانەلایشا چاویکی هەر لییانبوه کەدیوپتی لە سەرماکوور هەلاتون چشـــی لەخوی کردوە دایکەندوەو داویتی بەسەریانا ٠ واسەر لەنوی سروشت کەوتەوە قین رشتن ، بوبار گرانی ئەم باوبارانه کەی توند کرد ، وە دلوپەکانی سەر ( جانیت ) زورتربو ئەتووت فرمیســــکی بە خورە بوسەر گەردانی روله کانی ئەیرژی ،هەستا سەیریکی دەرەوەی کرر ، دی واله شکری شەو لەشکانایەو ئەکشیتەوە بوکەناری ئاسمان وئاسوکان رەنکی شینکاری شــــەبەقی لی نیشتوەو هەر روناکیـــەو پەراگەندەی شــــپرزەی تاریکی هەلئەبریت ، بەلی گــــــەردون تیشــــــــکی سەرفرازی تیکـــــەوت ، ئەی کـــــەی ئەم وروله کانی ـ جانیت ـ وهەمو ـ جانیت ـ یك ئە رەویتەوە وشەبەق شەبەق ئەخاته جه رگی تاریکی ژیانیان ، کام شەبەقو کام خور تاریکی وزوقمی زنجەکان ودەرونی دانیشتوانی روشنئەکاتەوەو دەمـــاری سرریان ئەبوژینتەوە ، کەی ٠٠کەی !٠ چراکەی کوژاندەوەو لەسەر تەرمەکە نویژی کرد تاخوا ئەلی بەسە ، لەوەدابو دایبەستیتەوە دەنگی هاتە گویی: نویژ بەسە خوا نویژی بیکرداری ناوی بە فرمانی چاکە بە ندایەتی خوائەکری ، هەستە هەستە خەمیکی ئەو منالانه بخو ، زوری

پی ئەچو منداڵەکانی بردو لەپاڵ سی منداڵەی خویا پاڵی خستن‌و دانیشت لەبەر خویەوە ئەیوت : نازانم چاکم کرد یاخراپ ، ئەوەندەئەزانم مەگەر هەر دەریاوسەرماو برسیتی دلی بویان نەسوتی ئەویش چونکە نی‌یانە دل ، خومن دارو بەردو ستەم نیم و دلم هەیەو لەگوشت‌و خوین‌و هەست پەیابوە ، چون لەوزنجەدا لای تەرمەکەی دایکیان بەجییان بهیلم خو اگەر خراپیشم کردبی دلنیام هەر کەسیکی کە بوایە لەباتی من نەی ئەتوانی ئەم خراپەیەنەکا ، بەلی میردەکەم هەژارەو ایمە منداڵەکانی خومان لی‌بارە ، بەلام باتوزی رەنج‌و ئەرکی‌لە شمان زیاتر کەین لەو ئازارو داخە گەلی باشترە کەمردنی دومنالی وابی گوناح لەپالمـــانا پی بەجەرگی دەرون‌و گیانمانا ، کەپیاوەکەم هـــاتەوە ئەمانەی هـــەمـو پی‌ئەلیم ، خوتازە فریان ناداتە دەرەوە ، نەء باوەر ناکـــەم لەو دل رقانە نیە ، بەم جورە چەشنەها بیروباوەر وەك وەیشومەکەی دەرەوە لەسەریا ژاوەی ئەهات ، تو بلی‌ی میردەکەم بەمە قایل بی ، آخو پی‌ی خوشە یاپی‌ی ناخوشە ؟ دەمیك زەردخەنەو خوشی ، دەمیك گرژی‌و تالی • پەشیوی‌و دلنیایی ، هیواو ناهومیدی بەسەر یەکا تیکشیشاو لەدەم و چاوە جوانە زەردەکەیا ئەینواند‌و تەواو شپرزەو شەکەت ئەهـــاتە بەرچاو ، سەریکی هەل بری‌بو ریگاکە ، وا تارماییك بەرەو زنجەکە هات ، واهاتە پیشەوە ، بەلی خویەتی ، میردە کەیەتی ، تورە تەرەکانی لەشانی داگرت‌و دوای ماندونەبونی کردنی ووتی : ئاخو ئەمشەو چەن ئەرك وئازارت دیوە ، لەگەل ئەم باوبورانە چون بوی ، بەلام « فلیپ » کەدی ژنەکەی رەنگی تیك‌چوە ئەوەندەی تر ماندوبو ووتی : شەوی وا ترش‌وتوشم نەدیوە هەروا بەدەستی خالیش هاتمەوە ، ماسیکم بونەگیرا ،

بەلام ماری « ماری » پیم بلی ایوە چونن ، بوچی وا پەشوکاوی ، تولەمن
ماندوتر دیاری ئەلی‌ی ئەمشەو لەگەل من بوی ، ووتی ایمە چاکین ،
ئەمشەو من هەر خەمی توم بو ، چش لەماسی ، بەس نیە خوت بەوەی
بوی ، ئیتر هەر وەکو بیەوی هەمو کارەساتەکەی بوتەواو بـــکا و
نەش‌ویرا بیدرکینی بی‌دەنگ بو تاپی‌ی‌نابە جـــەرگی دودلی‌و گوماناو
وتی : بەخوا «فلیب» ئیمشەو شتیکی ناخوش رویدا ، ئوف •• لال‌بم‌بو •
پیش هاتنەوەی تو بەزورنا زانیم بیوەژنە کەساسەکەی دراوسیمان مردوە
دومندالەکەی لەم دنیا گەورەیەدا وەك زنجەکەیان کەسی ئەوانی تیانیەو
بی‌کەس‌و بی‌دەر ماونەوە ، « فلیب » وەك دوپشکی پیوە بدا راپەری‌و
هەستایە سەرپی‌و بەناو ژورەکەدا کەوتە هاتوچو ، « ماری » یش هەر
لی‌ی وورد ئەبوەوە زور بەپەروشەوە ئەیویست ئەو کارەی هەوالەکە
لەدەرونیا بەرپای کردوە لەئاوینەی دەمو چاویا بخوینیتەوە تادانیشتەوە
ووتی : خوایە هەرچەن سەر ئەهینم‌و ئەیبەم سەر لە کاری تو دەرناکەم ،
هەتیو خستنی دو منالی وا بەسزمانی بی‌گوناح چ هونەرو سودیکی تیایە ،
ئەلین زانا هەن سەری لی‌دەر ئەکەن‌و لی‌ی تی‌ئەگەن بەلام بەخوا هەمویان
بکەونە سەریەك ناتوانن پیم بسەلمینن ئەم کارە ساتانە هیـــچ هونەرو
سودیکی بوکەس تیایە !•• من‌کابرایەکی هەژارم ئەوی لەسکی دەریا
روژبەروژ دەری نەهینم نیە بیخوین ، زور جاری وەك دوینی و ئەمشەو
ریك ئەکەوی هیچم دەس ناکەوی ئیستا ایمە چی لەم دو هەتیوە بکەین
کە ئیستا لەئیشی برسیتی‌و سەرما زیاتر ئازاری پیاو ئەدا • انجا روی
کردەوە ماری : ماری بەرراستی هەوالیکی ناخوشە ، ئیستا زور چاك
لەبەر چاومە گیانی « جانیت » بەدەوری زنجەکـــەمانا وەك پەپولەیەك

ئەگەریت وداوامان لیئەکا منداله‌کانی بگریته خومانو نەهیلین لەبرسا بمرن ••• ئاه چیبکەین •• ژنه هەلی دایه بەخوامنیش لەشەویوه دەنگی بەگویچکەی دلما ئەچرپینی ئەلی : منالەکانی جانیت •• منالەکانی جانیت بەسزمانو بیکەسن •

« فلیب » دوباره کەمیك چوەوه بەبیرا لەپرر وەك مژدەی بدەنی رەنگی رونبوەوەو لەماری نزیك بوەوە ، ئەری ماری خو ایمه زورنیه دو منالمان مردوه اگەر هەر بمانایه خو سەرمان نەئەبرینو لەبرسانیشا نەئەمردین گریمان توزی لەئیستا برسیترمان ئەبو ، ماری ووتی نەء ، سا بەخوا بشمانایه هەروەك ئیستا ئەبوین • دەکەوابی ماری باهەروا بزانین نەمردون ، هەسته بچو دومنالەکەی « جانیت » بهینه بوراخه جیگایان مەهیله بیدار بنەوه با دیمەنی مەرگو تەرمەکەی دایکیان نەبینن ، جا چەن دیمەنیکی خوشه کەخەبەریان بوەوە هەمو بەیەکا هەل ئەروانن‌و یاری اکەن ، منال دلیان زور بەیەکتر اکریتەوەو بەهوی سێ منالەکەی تر مانەوه زوش هوگری ایمه ئەبن •• دەهەسته توئەمەیکه منیش بەلین بی ئیتر شەراب و گوشت نەخوم و هەول زیاتر بدەم بو ژیانی ئەم خیزانه کەهەر من کەسیانم ، برو بیانهینه کی چوزانی بەپاکیو بی گوناحی ئەوانەوه ئازوخەکەمان فەری تیناکەوی وخەلوزو نانەکەمان پیت پەیا ناکات ؟• « ماری » یش هەروەکو تیشکی خور لەدەرونه ساردو سرەتاریکەکەیدا هەلبی دەموچاوی روشنایی سەرکەوتن‌و خوینی شادی تیزاو بەهیواشیو بیدەنگی هەستاو چوه سەر منالەکان وتەماشایەکی « فلیب » ی کردو جاجمەکەی لەسەر لادان ، « فلیب » یش کەدیمەنی هەرپیچ منالەکەی دی واپیکەوه نوستون دوای توزی سەرسامیو حەپەسان

چاوە فرمیسکاویە کانی بریە مارێ ودەستێ کردە ملی ، ئوخەی ماری ، ئافرەتی چاك ، ئوخەی چەن دل چال و باكو جوامیری •• خوزگـــــە ئەیدانیشتوانی کوشكو تەلار ایوەش دلتان وەك دلی دانیشتوانی رنج بوایە تاچاکەو پیاوەتیتان لەدەست بهاتایە ••

ـ تەواو ـ

---

لەلاپەرە حەوتا لەباسی میژووی بەدرخان پاشادا مانای ئەمووشانە بزانە

ئەکۆبۆیە = کەبوو

شۆل = ئیش

ژبن = لە بن

هاریکاری = هاو کاری ـ پیکەوەئیش کردن

تفیە = ویستن

وصیانە = وایە

رابوون = هەلسان

رەخ = هەردوولا

دانەشن = نەتوانن

فریکرن = ناردن

هەیف = مانگ

رەحیتدی = دەوری گرتن

وەهاتەفەشاردن = ناشتیان

# هەستیك

هەستیك بەمژدەی بووژاندنەوەی نوسینی نووسەران ئەکریت کە لەماوەیەکی زورکەما گەلیك کیتبی‌کوردی لەچاپ دراون وەکو ئەلفـو بی‌ی ماموستا ئیبراهیم بالدار کە ، بەئاسانی منالان فیری خویندن ئەکات وەلە رووی نیگاری رەنگاو رەنگ‌و جوانی‌و بەئاسانی فیربوونی مندالانەوە بەیەکەمین ئەلفـوبا ئەژمیرریت • وەدیوانی خوالیخوش‌بوو حمدی‌بەگی صاحبقران کەلەسەر ئەرکی نامە خانەی گەلاویژ چاپکراوە وینـــــەی بەرزترین ویژەیە کەوینەی پەردەی سینما هەموو جورە ژیانیکی ئادمیزاد ئەخاتە پیش چاوو دەرمانی نەخوشییەکانی کومەلایتی ئەدوزیتەوە •

دیاری کاك کامەران کەزنجیرە هەلبەستیکی پرر هەستەو بزوینەری گیانی نیشتمان پەروە رییە •

- پەندی پیشینان : نووسینی ماموستای بەرزو زانا شیخ‌محمدی خال
- خویندەواری زمانی کوردی : ماموستا نەبەز •
- نازەنین : دیوانی کامل ژیر •
- گومی شلەقاو : نووسینی محرم محمد ئەمین •
- گزنگی هەتاو : هی‌کاك خالد دلیرو گەلی پەراوی‌تر بی‌گومان ئەمانە هەمویان مژدەی روژی خوشی ئەدەن • بام کاك شەمال صائبیش‌مان لەبیر نەچیت ئەم‌لاوە شیرینە هەموکاتیك بوبووژاندنەوەو زیندوو کردنەوەی موسیقای کوردی شەووروژ هەر خەریکە لەپاداشتی ئەم هەول‌و تی‌کوشینەیانا ئەخوازین وینەیان زور بیت‌و بگاتە پلەی موسیقارە بەناوبانگەکانی جیهان •

هیـــــوا

# كومه لايتى

# بارى ايستاى ژنه شارى يه كانمان

عبدالقادر قه‌زاز

ده‌میکه ئه‌مه‌وی که‌میك له‌باری ایستای ژنه شاری‌یه‌کانمان بدویم ،
وا ایستا هیوای خوشه‌ویست ئه‌م ئاواته‌می هینایه دیی •

هه‌رچه‌نده له‌باسه‌که‌ما که‌میك سه‌رزه‌نشتی خووشکوو دایکه شارستانیه‌کانم کردوه به‌لام تکا ئه‌که‌م که‌س واتی‌نه‌گا که‌به‌تایبه‌تی مه‌به‌س له‌وه : به‌لکه به‌چه‌شنیکی تیکرایی‌یه وه‌ئه‌وی خوی به نیشتمان په‌روه‌ری راسته‌قینه ئه‌زانی به‌ته‌واوی دانی‌پیائه‌نی که‌هه‌رچی له‌م وتاره‌دا هاتووه ته‌واوه به‌دلیکی سافوو نیازیکی پاکه‌وه په‌ی‌ره‌وی‌ی ئه‌کا •

ئه‌گه‌ر ژنه شاری‌یه‌کانمان بیانه‌وی تی‌بگه‌ن مه‌به‌سی ته‌واو له‌یاریده‌دانی پیاوچی‌یه ، باش سه‌رنج ، ئه‌دنه چه‌شنی رابواردنی ژنه لادی‌یی‌یه‌ك که‌چون له‌تاریکوو روونی به‌یانی‌یه‌وه • تادوای بانگی خه‌وتنان وه‌ك مه‌کوی جولا یه‌تووه ئه‌چی وه‌یاریده‌ی‌میردوو باوکوو برای ئه‌دا ، مه‌رر ئه‌دوشی ، دو ، ماست ، که‌ره ، رون ، قه‌یماغ وه‌توراغ درووست ئه‌کا ، مال کوئه‌کاته‌وه خوارده‌مه‌نی ئاماده ئه‌کا ، منال به‌خیوئه‌کا ، نان‌ئه‌کا ، جل‌ئه‌شوا ، ئاوئه‌هینی چیلکه‌چنی ئه‌کا ،

لەئاودانی زەوییو دروینە کردنا یاریدەی پیاوئەدات وەبەشان ئەوشتانە هەلئەگری کەهیناویانەتە بەرهەم وەبەپی ئەچیتە شارووو دیهاتان بوساغ کردنەوەی ئەوشتانە •

ئەم ئافرەتانە ئەم هەموو ئەرکە زورەیان لەسەرەوەبی نارەزایـــــی پیشاندان وەیامنەت کردن بەسەر کەسووکارا پیکی ئەهینن وەئەگەر بگاتە تینیان لەکانی دلیانەوە تکا لەمیردەکانیان ئەکەن کـــــــە ژنی تربینن تا هەوی‌کانیان باری شانیان سووك بکەن •

هەروەك ئەزانن لادی‌یەکان بەدانیشتوانی شارئەلین « شلەشاری » بەراســــــتی ئەمە ناوو نەتورەیەکی زور خراپە وەئەگـــــــەر باش لەمەبەسەکەی وەردبیینەوە خومانمان‌لا سووك ئەبی چونکە لەهەموو جولانەوەیەکمــــــانا شلو شیواوو سستو تەمەلین بە تایبـــــەتی ئافرەت لەشارەکانا تایەت ئەدەنە دواوە وەئەگەر هەر لەم پی‌یەبررون هیــــــچ اومیدی ئەوەیان لی‌ناکری کەبگەن بەئامانج •

هەرچەندە بەشیکی کەم لەئافرەتەکانمان بەهوی خویندنەوە چاویان کراوەتەوە وەهەست بەچاکەو خراپە ئەکەن وەبەدل ئەیانەوی گەلەکەمان لە هەموو سەریکەوە پیش‌کەوی بەلام‌هەر ئەمان بەتەنیا ناتوانن دەردمان دەرمان وەبرینمان ساریژ بکەن •

بەداخەوە ئەلیم دەردە مودە کەوتوتە ناو ئافرەتە شارستانیە کانەوە وە هەموو شوینیکی شارەکانمانی گرتوتەوە وە بووە بەهوی تیك‌دانی باری ژیانی گەلی خیزان وەنەوینی تاتەرازووی بورجەیان • گەلی قووماشی ژنانەی وا هەیە کەهیشتا لە کارخانەکانی ژاپونوو ئەورووپاو ئەمەریکا دەر نەچون هەر لەسەر نمونەکەیان فروشراون وەســـــاغ کراونەتەوە •

زورقووماشی واهەیە کەلە کارخانەکانی ئەم ولاتانەدا بەتایبەتی بوژنانی شاری سلیمانی یا کویە یاهەولیر وەیاکەرکووك درووســـــتئەکرین •
بەدبەختی لەوەدایە کە دوای داوا کردنی ئەم جلانە بەمانگیـــــك یادوومانگ لەبەرچاو ئەکەون وەسەر لەنوی بەدوای شتی تازە بابەتی ترا ئەگەررین وەایستا ژنیوا هەیە دە دەستوو پانزە دەست جـــــلی قەدکراوی لەبووغچەدا هەیە وەهیشتا دەقی نەشکاوە •
ئەوژنەی یادەستی نەرروا وەیا حەز لەمودە گوررین نەکـــــا لەناوکومەلی ئەم ژنانەدا ناوینیە وە ئەگەر ریی کەوتە ناویان رووی نادریتی وەچەند ئاغروو سەنگینو وەجاغ زادەبی بەچاوی سووك تەماشای ئەکری وەئەبی بەکولك بوگالتە پیکردنو تیرەو توانـــج تیگرتن لەبەرئەمە بەناچاری لەمالەوە ئەخزینەوە بەدەگمەن ئەچنە دەرەو •
انجا بی ینە سەر باسی خشلوو متوومووروو • پیاوی بەســــەزمان سالدوانزە مانگە رەنج ئەدا ، شانوو قول ئەکووتی وەئارەقی رەشووشیین دەرئەدا وەکیکە کردەی ئەوەو بردەی زەررەنگەرو ووردە والافروش• گەلیئافرەتی وا هەیە کەبەبیئاگاداریی میردو کەسووکاریان سەریان کردوتە سەر کرریینو الووگورر کردنی خشلوو متووموورروو وەگەلی شتیتری بیکەلك بەم هویەوە خویان تووشی قەرزارییەکی تەواوکردوە وەایستا کەم ژن هەیە پارەی زوری ئەم صنعەتکارانەی لانەبی وەروژ بەروژ ئەم قەرزە لەسەریان کەلەکە نەبی •
ئەوی دووربیین وەتیگەگیشتووبی ئەازنی ئەم کردەوە بیجییەی ژن چون دەستووری ژیانی خیزانی تیك ئەدا ، شیرازەی رابواردنی کومەلایەتی ئەپچرینی وە دلیمیرد لەژن پیسئەکا تا بەنەتیجـــە ئەبی

بەهوی لەیەك جیابوونەوەو سەرگەردانیو ماڵویرانی بوهەردوولا •

ژن چوونکە ناشییو بیدەسەلاتە ئەمپیشە سازانە زور کوولیـــان لیئەدەن وەساختەیان لەگەلا ئەکـــــەن ، گوارەیەك کەنیوەی التوون وەنیوەکەیتری مسووزەردوو توونجبی بەنرخی ئالتوونیتیزاب پییان ئەفروشن خو ئەگەر بەمووچەشبی دووچەندانەی نرخەکەی سوودی ئەخەنەسەر • وەئەگەر ژن بیەوی پارچەیەك ئالتوونی خوی بشکینیتەوە وەبیبکا بەشتیکیتر زەررەنگەرەکە تائەتوانی ساختەی تیائەکا هـــــەم لەئالتوونەکە ئەدزی وەیا ئەیگوریی وەهەم حەقی دەســـتکردەکەی خوشی زیادئەکا ، وەایستا پیشەی زەررەنگەری کیمیایی ناگاتی •

هەرچەندە منکونەپەرست نیم بەلام ئەتوانم بلیم رەوشتی پیشیینانمان لەزور سەرەوە گەلی جوانتر وەبەجیتربوو لەهی ایستامان • جاران ئەگەر ئافرەت حەزی بکردایە لەپارچە خشلیك ، میردەکـــــەی وەیا باوکوبرای رائەسپارد ئەوان لایزەرەنگەر بویانئەدا بەکردن بیئەوەی بتوانی هیچ ساختەو فیلی تیابکا چوونکە ئەیزانی بەرامبەرەکەی پیاوە نەك ژنی بیهیزوو بیدەسەلات •

انجا بینە سەرقبوول : هەر چەندە بەش بەحالیخوم قبوولـــم لا باشووپەسەندە وەحەق وایە هەموو خیزانیك بیبکا بەخوو وەمانگی جاریك میوان رابگری تا لەروژەکانی تری ئەومانگەدا لە ناوەختا میوان روویان نینەکا وەنەپەرژینە سەر ایشووکاری ناومال ، لەگەل ئەمەشا حەزناکەم قبوول بخریتە ئەو شکلەوە کەایستا لەسلیمانیوە شارەکانی ترمانا باوە •

وەك ئەبیەمەوە هەموو قبوولیك لەسلیمانی بەلایەنی کەمەوە دە دوانزە دیناری تیئەچی ، چوونکە ئەبی هەموو جورە میوەو شیرینیو خواردە

مەنی‌یەکی تیا بگیرری وەبەزور بکری بەدەم میوانوو مناله وردەکانیاتا •

زور خیزانی واهەیە کە دەستکەوتی مانگانەیان هەردوو یاسـێ ئەوەندەی مەسرەفی قبوولە کەیانە سەرەرای ئەو هەموو زەحمـەتیو ماندویتی‌یە کە تووشی‌ئەبن خو ئەگەر لەشوینیکەوە بوت ریسـکەوی وەگوی لە قسەکانیان بگریت تاس ئەت‌یاتەوە وە دەسـتت لە کاروو کاسپیو رەنجدان بونان پەیاکردن سارد ئەبیتەوە وەلە دلی خوتا ئاخ بوئەو پارەجوانە هەلئەکیشییت کە تو چونی پەیائەکەیت وەژن چونی لەناوئەبا •

لەو حەلەوە کەدائەنیشن تا ئەوکاتەی کەهەلئەستن باسیان لەجلی جوانوو خواردنوو خشلوو بەسەرا هەلدانی یەکتر تی‌پەررناکـا وە ئەوخیزانە دوای روژی قبوولیـان تاپانزە روژیش‌زیاتر هـەر بەچوونەوەی قبوول رای‌ئەبوین •

ئەمەیە چەشنی رابواردنی ژنانمان لەشارەکانا ، ایتر چون اومیدی پیشکەوتن بکەین وەرووومان‌بی لەناو کومەلا خومان دەرخەین •

# دەورەی کشتوکال

ئەکرەم جـــــاف

بوئەوەی هەمو جوتیاریك بەخوشیو کامەرانی خەریکی کشتوکالی خوی بیتو بەرهەمیکی باشی لەزەویەکەی دەست کەویت ، ئەبی چەند شتیك هەیە باش بیزانیتو چاویری بکات • یەکی لەوانە دەورەی کشتوکالیە •

دەورەی کشتو کالی ئەوەیە کەزەوییەك بەنورە ئەکریت بەکشتوکال• بەجوریکیوا کەئەرزەکە بیهیز نەبیتو بەرهەمی زور بیت هیچ مەگەزوو نەخوشیو گیای خراپی لەناوا نەبیت • چونکە لەولاتی ئیمەدا پەینـــی کیماوی ناکەینە زەویەکانمانەوە ، جائەگەر بەجوریکیتر خزمـــــەتی ئەرزەکانمان نەکەین ئەوا زیانمان ئەبیت •

ئەو زەویانەی کەجوتیارەکان ئەلین خرابوەو بیبەرەکەتەو گیای پیسی زور تیایە • هەموی خەتای ئەوەیە نورەی کشتوکالی تیا نەکراوە ، وەرەنگە هەیە سال لەدوای سال کرابیت بەوجورە حاصلاتانە کەزەوی بیهیز ئەکات ، وەکو لوکە •

زەوی پیویستی بەخزمەت زورە ، وەبە تایبەتی دەورەی کشتوکالو کشتوکال کەبو چوار سال دانرابیت بەم جورە ئەبیت .

یەکەم سال زەویەکە بکریت بە وینجە ، یا پاقلە لەگەل لەوەریکی باش ••

دوهەم سال بکریت بەلوکە •

سیهەمین سال بەبوری ــ وەیابەبەیار ــ ئەهیلریتەوە •

چوارەم سال ئەکریت بەلوکە یا بە توتن وەیا بە مەرەزە ، بەپیی ئەو شوینە •

رەنگ هەیە ایستا بلین ئیمە چون زەویەکانمان بکەین بە وینجە !• ئەی ئەوساله چی بخوین !•• ئەتوانن زەویە کانتان وا دابەش بکەن کەهەر پارچەیەکی بکەن بەیەکیك لەمانەی باسمان کرد • دیسان واش مەزانن کەوینجە کەلکی لیوەر ناگیریت • چونکە هەمو جوتیـــاریك حیوانو ئاژەلی هەیەو پیویستی بەخواردن هەیە •

لەزەویدا مادەیەك هەیە پیی ئەوتریت ــ نایتروجــــین ــ بوهەمو بەرهەمیك ئەم نایتروجینە زور پیویستەو بەکەلکە • بەلام بوهەمویان بەقەد یەك نا •• لوکە زوری پیویستە ، گەنمو جوش هەر زور ، بەلام هەندی نەباتی تر هەن ئەتوانن ئەم نایتروجینە بگەریننەوە • وەزەویەکەی پی بەهیز بکەن • وەئەم جورە نەباتانە پییان ئەوتریت ــبقولیاتــ وەکو : وینجە ، سیپەرە ، پاقلە ، فاسولیاو زور شتی تر • جالەبەر ئەمەیە کە ئەلیین وینجەو سیپەرە بەکەلکە بو زەوی •

هەلبژاردنی دەورەی کشتوکالی بەپیی جیگەو زەویو بەرهــــەمو جوری خاکو ئاوەو هەواو نەخوشیو مەگەزو چونیەتی ئەو جیگەیەیە ،

گەلی جار ئەبیسین پارچە زەوییەك بژاری زوری پیویســــتە ، وەپارەیەکی زور سەرف ئەکەن بو پاك کردنەوەی بەلام کەلکی نابیت

بوچ ؟ چونکه زەوی تەنها بەبژار بەپیت نابیت •• پیویستی بەدەورەی کشتو کالو موادی کیماوی هەیە •

لەوولاتە پیشکەوتوەکاندا هەموشوینیك دەورەی کشتوکالی بو دانراوە لەلایەن دائرەی کشتوکالەوە ، وەئەم دەورەیەش هەروا بەگالتە نەکراوە بەلکو لەئەنجامی گەلی تەجرەبەو تاقی کردنەوەی علمی و ماندو بونی عالمە کشتوکالیەکانەوە بوە •

جا ئومیدەوارم کە ایمەیش لەمەو دوا کشتوکال بەریکو پیکی بکەین وە بەنورە ؟ شت بچینین تاکو سودمان زورتر دەست کەویت ، دیارە بوئەم ئامانجە ئەبی وەزارەتی کشتوکال چاودیری بکاتو خەریك بیت • بەیارمەتی جوتیارەکان بەگوی‌رایەل کردن بوفرمانی بەکەلك •

---

کچ لەپیش شووکردنا ئەگری کوریش لەدوای ژن هینان • • •

کونفشیوس

هەمو ژنیکی جوان شەرتنیە چاكبی بەلام هەموژنیکی چاك هەمیشە جوانە • • •

نیون دولا

سەربەستی باشترین دەرمانی ژیردەستانە ، بەهەولدان بەشیکی زوری دەست ئەکەویت • • • •

# هومـــەر

نووسینی : ت •ب • مەریوانی

لەبابەت هومەر ـ ئومیروس ـ ی ـ ئودیس ـ و ـ الیاد ـ ســـەر گورشته بیژی یونانی ، زانیاری زور کەمە • وەکو ئەلین هومەر کویر بوە • هەندیك ئەلین له سمیرنا ـ ازمیر ـ لەدایك بوە • سەر گورشتەی ئەم کویرە ، لەپاش ۳ هەزار سال ، هیشتا کانگایەکی روونو بیگەردو راســـتیە •

لەشەبەقی مەنیەتدا کەهیشتا خونچەی گول نەگەشابوەوە ، هەر شتیك تازەو نەژاکاو بوو •• هومەر بەسەر گورشتەکانی چرای مدنیەتی هەلکرد • پرشنگی ئەو چرایە هیشتا ئەدرەوشیتەوە •

لەو روژەوە هومەر مردوە تائەمرو هیشتا کەسیك نەیتوانیوە شان بەشانی برروات •• زورەها کەس هەولیدا ، بەلام له لاسایی بەولاوە هیچی کەیان پی‌نەکراو نەیان توانی بە پەریزیا بررون •

ـ الیاد ـ و ـ ئودیس ـ کە بەشیعری جوان وتویە ، کاریکی زوری کردە سەر ویژەی روژئاوا • بگرە سەر کوردیش • چونکە تاچرای شارستانیتی یونان کزنەبوو ـ کەتورك یونانستانی داگیر کرد ، ئەوسا چراکەی کزبوو ، وەهەر کاری ٥٠٠ سال دیل کردنی یونان لەلایەن تورکەکانەوە ، ئەو یونانە بەرزەی دوینیی کرد بەم یونانە دواکەوتوەی ئەمرو زانای میدەکانو یونانەکان هاتوچویان ئەکرد بو ولاتی یەکتری ، بو راویژو گفتو گو •

ئودیس کتیبێکی گەشتیەو باسی ئەو کتیبە ئەکات کەلەو چەرخەدا یونانیەکان شارەزای بوون • یەکێکە لەچاکترین کتیبی گەشـــتی ، یایەکێکە لەچاکترین کتیبی سەر گورشتە • هەر چەندە هەندی شتی ئەفسانەشی تیایە •• هومەر باسی ـ ئودیپوس ـ ئەکات کەچون تووشی ـ سیکلوپس ـ دیوی یەك‌چاو ئەبی لەگەل ـ سیرسە ـی کەربازدا • ئەم دیوە هەرچەند بیگرمانایە ، گیانداری ناو ئاویشی زارەترەك ئەکرد •• ئەمە یەکێکە لەو بەسەرهاتە گرنگانەی ئودیس •

بەشیکی ئودیس باسی چونە ژیر زەویەوە ئەکات • لیرە لەناو ـمردوە بی‌هیزەکاندا ـ لەشەبەقی بەیاندا چاویان بە ـ تانتالوس ـ ئەکـــەوی کەلەناو حەوزیکدا سزای ئەدەن • ـ سیس فوس ـ هەر خەریکی ئەوە بوو کە بەرداشە زلەکەی بەرەو سەر گردەکە ببات ، تاخلی بکاتەوە بو خوارەوە ـ ئوریون ـ لەچیمەنەکەدا بوو ، بو گولە نیرگس ئەگەرا •
ـ ئاچیلەس ـ بە هەناسەی ساردەوە ئەیوت « هەژاربیتو زیندوو ، خوشترە لەوەی سەرکردەی مردوان بی » • چونکە بەراستو رەوانی باسی ژین‌و خوو رەوشتی یونانیەکان ئەکات ، کتیبەکە بەلگەیەکـــی بەنرخی میژوییە بەبی دروو دەلەسە • باسی ژنان‌و پیاوان‌و فرمانیان ئەکات • زورچاك باسی ژیان ئەکات لەکاتی ـ شەرو ئاشـــتیدا ـ و ـوەرزین‌و ئایندا ـ • باسی دراوسیو خەلکی گەرەك ، مال‌و منال • ژیانی هوگری زور جوان هونیوەتەوە •

ئودیس بەشیوەیەکی زور بەرزو جوان نووسراوە ، وەکو ئاوی روون لیلی تیانیە • کەئەیخوینیتەوە هەست بە مەزنی هومەر ئەکەیت • ـئودیس‌ـی پالەوان نمونەی زیرەکیو ئازاییو نەبەزیو لاو چاکیە • ئەو

بیست ساڵەی کە لەدەرەوە بوو ، پیاوی گەورە گەورەو بەناو بانگ دەوری ــ پەنەلوپ ــی ژنیاندا • بەڵام ژنەکەی لەوانە نەبوو لەخشتەی بەرن • نمونەی رەوشت بەرزی بوو • هینری خەیالی هومەرو شیوەو دولبەرەکەی لەهەمو دیرریکی کتیبەکەیدا ئەبینریت • چ لە باســـی بەکەلکدا و چ لەهی بی کەلکدا •

ئودیس لەوکتیبانەیە کەمناڵ ، باوك ، دایك ، نەنك ، باپیر ئارەوزی خویندنەوەی ئەکەن • ئەم کتیبە بەنرخە لەوانەنیە کە هەرگیز کون ببی ، پیاو لیی تیرنابیت ئەوەندە خوشە

# لە شیعری خیام

گورینی : سەلام

ئەیدل زەمانە غەمی لیت ئەوی
گیانی شیرینت دەرئەچی شـەوی
خوش بژی ئیمرو لەسـەبزە زارا
بەرلەوەی سەبزەی خاکت سەرکەوی
بەهەوری نەوروز گوڵ چاوی شوریا
توو پیالە شەراب دامینی چیبیـــــا
ئیمرو تیر سەیری سەوزە گیابکە
سبەی لەخاکت سەوز ئەبی گیـــا

# لیـــکو لینـــەوە

خوینەوارنی بەریز : ئاشکرایە کەبەبی لیکولینەوەو رەخنەو راویژ ، هیچ کاریك ناگاتە ئەنجامو کەلکیکی ئەوتوی نابیت • ئەدەبیش لەم بارەیەوەو بگرە لەهەمو فرمانیکی‌تر ، پتر پیویستی بەلیکولینەوەو رەخنە هەیە • چونکە ئەدەب ژیانەو ژیانیش هەموشتییەکەو ئەبی بەوردیو هوشیارانە بژینو دووربین لەهەلەوە • جابوئەوەی هەلە نەکەینو ئەوەی ئەیخوینینەوە بزانین لەچ پلەیەکدایەو تاچ ردایەك بەکەلــــــکەو چ کەموکورتیەکی تیایە •• بریارماندا کەدەرگایەکی تایبەتیو هەمیشەیی بکەینەوە لەژیر ناوی لیکولینەوەدا بوبەراورد کردنو لیوردبونەوەی نوسراوەکانی ــ هیوا ــ •

جاتو ئەی خوینەواری دلسوز : لەکاتکدا کەلاپەررەکـــــانی هیوا ئەخوینیتەوە ، بەروکەشی بەسەریامەررو ، وردبەرەوە لەهەمو نوسراوو وشەیەکی ، زیاتر سەرنج بدەرە نوسین نەك سەروتارو ناوی نوسەر !• دوای ئەمانە لەخوت بپرسە کە تاچ رادەیەك کەلـــــکت لەم ژمارەیە وەرگرتوە ؟ چ ناریکیو کورتیەکی تیایە ؟• چی‌بکریت بوپیشکەوتنی ئەم گوفارە ؟• انجا بەدەرونیکی پاکو بیریکی روشـــــــنەوە وەرام

بدەرەوە •

لەکاتیکدا دینە سەر رەخنەو لیکولینەوە ، ئەبی کینەو دوو دلی بخەینە لاوە ، ئەبی بزانین کەرە خنەو لیکولینەوە هەروا شتیکی ئاسان نیە ، پیویستی بەشارەزاییەکی تەواو هەیە ، ئەبی بەهیچ جوریك هەلەی تیانەبیتو هەموشتیك نرخی خوی بدریتی • وا باشەبەپیی تـــــواناو پیویستی وزانین ، لەووتار یاچیروك ، یاهەلبەست رەخنە بگیریت ئەگەر پیویستی کرد • دوای ئەمانە تائەتوانیت رەخنەو لیکولینەوەکەت کورت کەرەوە ، تاکو زور جیگە نەگریت •

## ووتەی بەجی

ئیش‌بکە بەئیش‌کردن قەرزی ژیان ئەدەیتەوە ،
پیاوی بی‌ئیش دزی ناو کومە لەکەیەتی •

فولتـــــیر

پیاوی چاك ئەخوا بو ئەوەی بژی پیاوی خراپ
ئەژی بوئەوەی بخوات •

سوقرات

لەگەل نەفســـــیخوت بەرقبە لەگەل هاوزبانت
نـــــەرم • • • •

کونفشیوس

# نوبل کی‌یە

چەمچەمال : محمد نوری توفیق

وەرگیراوە

زور کەس لە ئیمە ناو بەناویان لە ئیستگەکانەوە گویمان لی ئەبیت وەیان لە روژنامەو گوفارەکانەوە ئەیخوینینەوە کە فلانجائزەی نوبلی پی بەخشراوە لەپزیشکیدا یان لەفیتەریا لە کیمیاویا یان لە ئاشتی عالەمیدا • یان •• یان •• ئایا ئەم جائزەی نوبلە چیەو بەکی ئەدریت ؟

الفرد نوبل زانایەکی کیمیاویە کەلەسالی ۱۸۳۳ لەشاری استکهولم ەسوید لە دایك بووە وە لە سالی ۱۸۹٦ لە روژی ۱۰ کانونی یەکەم شاری سان ریمو لە ایطالیا گیانی بە خاك سپاردوە نوبل لە سەرەتادا ەندازەر ـ مهندس ـ ئەبیت لە پاشا هەموو هەولیکی ئەداتە سەر ئەو شتانەی کە ئەتەقنەوە وکو ـ دینامیت ـ کە لە سالی ۱۸٦۲ دروستی ئەکات • ئەم کابرایە لە ژیانیا پارەیەکی زور کوئەکاتەوە بی ئەوەی کە سوودیك لەو پارەیەی وەرگریت ژیانی پرر ئەبیت لە ناخوشـــیو ناسووری بی‌ژن هینانوو مندال بوون ئەبرریتەوە پاش مردنی نزیکەی ۹ ملیون دولاری لی بەجی ئەمینیت لە پیش مردنی خویا فەرمان ئەدات کە ئەو پارەیەو قازانجەکەی بدریت بەو کەسانەی کە ژیانی خویان تەرخان ئەکەن لەری‌یی سوودی بەشەریەتاو خوشی رابواردنیا • وە ئەو پارەیە بەسەر ئەو کەسانەیا بە ناوی ـ جائزەی نوبلەوە ـ دابەش بکریت •

چونیەتی دابەش کردنی جائزەی نوبل

---

نوبل ئەو جائزە نایابەیە کەبو وولاتیکی تایەبەتی یان بو گەلیکی

تایبەتی دانەنراوە • بەلکوو بو هەموو کەسیك کە لە پیناوی سوودی گشتیی‌و خزمەتی بەشەریەت ژیانی خەبات ئەکات • ئەدریت بەهندی • بەفرنسی • ئەمەریکی • ئینگلیزی • روسی • کندی • هولندی • وە هەموو ئینسانیەك • بەلام ئەو زانینانەی کە ئەم جائزەیەیان بو دانراوە پینجن فیزیاو کیمیا • پزیشکی • فیزیولوجیا • ویژە • ئاشتی‌عالەم • وەبریاری دابەشی کردنی ئەو جائزانەش لە چوار شوینەوە ئەدریت • ١ ـ ئەکادیمیەی پزیشکی بو فیزیاو کیمیا لە سوید ٢ ـ جامعـــــەی استکهولم بو فیزیولوجیاو پزیشکی ٣ ـ ئەکادیمیەی ویژە لـە سوید • ٤ ـ ئەو دوو کومەلە زانیاریەو فرنساو اسپانیا بو ویژە • وە جائزەی ئاشتی عالەمیش لە لایەن پینج زانای بە ناو بانگەوە کـــــە پارلوومانی نەرویجی هەلیان ئەبژیریت • ئەو کەسانەی کە ســــــەریەی نوبل هەلئەسووررینن لیژنەیەکە کە حکومەتی ســــوید دایان ئەنیت • ئەم جائزەیە لە پاش پینجەم یادگاری مردنی الفرد نوبلەوە کە ئەکـــاتە ١٠ کانوونی یەکەمی ١٩١٠ دەست کرابە دابەش کردنی • سالی وا هەیە تەنها یەك جائزە ئەدری بە چەند کەسیك بەنیوەیی وە یان چەند کەسیك یەك چەشنە جائزە وەرئەگرن وە یان کەس شاد نابیت بە وەرگرتنی ئەو جائزەیە • ئەو کەسانەی کە بەشداری وەرگرتنی ئەو جائزەیە ئەبن لەو زانا بلیمەت‌و بیر تیژانەن کە گەیشتوونەتە ئەو پەرری زانیاری‌و داهینان و دوزینەوەو زانستی •

هەتاکوو ئیستا جائزەی نوبل بەکی دراوە ؟

ئەو جائزەیە لەو روژەوە کە دەست کراوە بە دابەش کردنی تاکوو پیرار ١٩٥٦ بەم جورە دابەش کراوە • لە زانستی فیزیا ماموســــتا

رونتجنی ئەلمانی کەتیشکی ئیکسی دوزیەوە لە سالی ــ ۱۹۰۱ ــ وەری گرت هەر لە زانستی فیزیاو کیمیادا مدام کوریو میردەکەی کـــــە فەرنسینو رادیومیان دوزیەوە لە سالی ۱۹۰۳ وەریان گرت • مارکونی ایطالی کە جهازی بیتەلی دوزیەوە لە ۹۱۰۹ داوەریگرت لە زانستی پزیشکیدا : السیر فریدریك غرانتی کەنەدی کە مادەی ئەنســـولینی دوزیەوە لە ۱۹۲۳ دا وەری گرت وە والسیر الکسندر فلیمنغی کـــە مادەی پنسلینی دوزیەوە لە ۱۹٤٥ وەری گرت •

وە جائزەی ویژەیش ــ ادب ــ ماموستای چیروك نووســـی ردیارد کبلنجی ئینگلیزی لە ۱۹۰۷ دا وە هەلبەست بیژی هندی رابندرانات طاغور لە ۱۹۱۳ دا وە چیروك نووسی فەرەنسی اناتول فرانس ۱۹۲۱ دا وەری گرت •

ئەو کەسانەی کە جائزەی ئاشتی عالەمیان وەرگرتووە : سەرەك تیودو روزفلتی ئەمەریکی لە سالی ۱۹۱٦ دا وەودرو ولسن کە هەر ئەمەریکیە لە ۱۹۱۹ داوە سیاسی بەناوبانگی فەرەنسی ارستید بریان لە ۱۹۲٦ دا وەری گرتوە •

ئەو کەسانەی کە لە سالی ۱۹٥٦ دا وەریان گرتووە ئەمانەن •

جائزەی ویژە : هەلبەست بیژی اســـپانی جوان رامون جیمینز ماموستای جامعەی بویرتوریکو کە تەمەنی ۷٤ سالە •

جائزەی فیزیا بەسەر سێ زانای ئەمەریکیدا کە لە بابەت گویزەرەوەی هیزی کارەباوە تیکوشاوون •

جائزەی کیمیا بە سەر سیر هنشیوودی ئینگلیزی ماموســــتای جامعەی ئوکسفورد کە تەمەنی ٥۹ سالە لەگەل زانای روسی سمنیوفی

روسی که تەمەنی ٥٨ ساله جائزەی پزیشکیو فیزیولوجیاش بەسەر سێ کەسدا بەش کرا فورسمانی ئەلەمانی که تەمەنی ٥٢ ساله وە دکتور دیکشون که ئەمەریکیەو تەمەنی ٦٠ ساله وکتور کورناند که هەر ئەمەریکیه وەتەمەنی ٦٠ ساله •

هیوادارین روژیکیش ببی کەئیمەیش وەرگری جائزەی نوبلمان تیا هەلکەویت •

---

# شەفەق

لەئاسوی نیشتمانی پیروزی شاری کەرکوکەوه کەشـــەفەقیداو تیشکی زیرینی پەخشانکرد خونچەی هیوا گەشایەوەو لەخوشیانا نیوه ئاله بون خوشەکەی لەرانەوەو دووسی دلوپ ئاورنگی عەتراوی رژانەسەر خاکی‌نیشتمانو بەروو یەکی گەشـــەوه • پیروزبایی لەشەفەق‌کردو ووتی ئوخەی کاکەگیان بابەسبی لەتاریکستانا ژیان ، ژیانی رووزەردی ریشەو گەلاو چلی زەرد کردم •

— هیــوا —

# هیواو خوینده وارانی

تی‌بینـــی

١ ـ وەلامی پرسیاریك ئەدریتەوە کەسوودی گشـــــتی تیابیت‌و دووربیت لەسیاسەت •

٢ ـ پرسیارەکان کورتبن‌و نرخی زانیاری تیاهەبیت •

٣ ـ هەرپرسیاریك لیژنە بەسەندی نەکرد وەلامی نادریتەوە :

ژیان علی :ـ لەبەرچی حکومەتان سکەپارەی خریان پەسەندکرد پارەی چوارسووچ‌و دریژکولەیان پەسەندنەکرد •

هیوا چونکە سکەپارەی خرر لەکیسەدا باشترکوئەبیتـــــەوە پارەی چوارسووچ‌و دریژکولەو سێ سووچ لەکیسەدا جیی خوی ناگریت‌و بوشایی ئەهیلیتەوە •

شوان حافظ :ـ چ پیاویك قەلای بعلبەگی بناکرد و کەی بناکرا •

هیوا بەتەواوی میژووی بناکردنی قەلای بەعلبەگ نەزانراوە بەلام لەدەوری صلاح الدینی ایوبی دا بناکە تەواو بووە ، چونکە نەخشەی صلاح الدینی پیوەیە •

شەرمین قادر :ـ جگەرە کیشان زیانی هەیە ؟

هیوا جگەرە کیشان بوپیرو جوان زیانی زورە بەتایبەتی بوکچان وژنان چونکە بونی دەمی جگەرە کیش‌و زەردبوونی دەست‌وپەنجـــــە بوکچان‌و ئافرەت شتیکی پەسەندکراونیە لای پیاو •

پەروین سعید :ـ بوچی هەندی جار شیت لەخویەوە بی‌دەرمانکردن چاك ئەبیتەوە •

هیوا هەندی شیت‌بوون لەرووی کارنەکردنی اعصاب‌وەیا یالەخەفەتیکی

زورو ترسیکی زورەوە رووئەدات ئەم چورە شیتانە لەدوای ماوەیەك چاك ئەبنەوە •

بەلام ئەوانەی بەهوی نەخوشی‌ســـــفلس وەیابرینداربونی جیهازی عصبی‌یەوە شیت‌بوون بی‌دەرمانکردن چا کنابنەوە •

شمدین دلیر :ــ ئایا لەکیشانی جگەرەوە نەخوشی سەرتان پەیدائەبیت ؟

هیوا بەزوری ئوکەسانەی جگەرەکیشن نەخوشی سەرتان ئەگرن لە ٢٧٪ ئەوانەی جگەرەکیشن تووشی سەرەتان ئەبن •

لەکفری‌یەوە کاك صابری حاجی فتح‌الله ئەنوسیت کە ژمارەکانی هیوا زوری ناگاتە دەس خاوەندەکانیان •

هیوا تاوانی دائرەی پوستەیە ئیمە وا خەریکین بەهوی کاربەدەستانی مەسئولەوە چاریکی ئەمەبکەین !

لەدوا جارا تکائەکەین چەن کەس ژمارەیان پی‌ئەگەیشتووە ئاگادارمان‌بکەن تاوەکوسەرلەنوی ئەوژمارانەی نەگەیشــــتووە بویان بنیرین •

بو کاك • أ • م

لەبارەی نوسینەکانی گوفاری هیواوە کاك أ • م لی‌کولینەوە یەکی دوو رو دریژت بوناردوین ئەگەرچی ووتارەکە لەزور سەرەوە سوود بەخشە بەلام لەبەر دریژەی ووتارەکە بلاونەکرایەوە ئەی برای دلسوز تکای ئەمەت لی‌ئەکەین رەخنەکانت بەکورتی بنوســــە تاوەکو بتوانین هەلەکانمان راست کەینەوە •

کاك شین ئەلیت بەرگی گوفاری هیوا سادە بی جوانترەو ناوبەناو لەبەینی ووتارە کانا شیعر بلاویکریتەوە ئیمە لەم باســـەوە بیروورای خویندەواران وەرئەگرین تکائەکەین ئیوە چو نتان لاباشە •

# یانەی سەرکەوتنی کوردان

ئەندامە گشتییە کانی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەسعات پینجی ئیوارەی روژی ۳-۱-۱۹۵۸دا بوهەلبژاردنی لیژنەی تازەی ئیدارە کوبونەوە لەئەنجامی هەلبژردنا کاك رەشیدعارف بو بەموعتەمەد ، دکتور هاشم دوغرەمچی بەنائبی موعتەمەد کریم سعید زانستی بەسکرتیر وەکاك حافظ مصطفی قاضی بەئەمینداری حسابات وەجنابی شیخ مصطفی قەرەداغی وەکاك احسان شیرزاد وەانوەر صائب وەدکتور صدیق ئەتروشی وەکاك جەمیل شەرەف کران بەئەندام •

وەپایەبلند محمود بابان بوو بەسەرەکی فخری یانە •

هەروەها بەریوەبەرانی تازەی یانەش بوتولەسەندن لەسستی سالانی رابوردوو بەگورجی کەوتنە کردوکوشی •

دەرگای یانە هەمو روژیك لەسعات سێی پاش ینوەروانەوە کرایەوە قوتابیان مەئموران کەوتنەهاتو چو کردنوەتا درەنگ قوتابیەکان لەژووری خویندنەوەدا لەدەرسەکانی مەکتەب یانا خەریکی خویندنو تیکو شین ئەبن •

بویاریەدانی قوتابیان سندوقی پیتاك هەلواسرا ئەوپیاوە دلسوزانەی هاتو چوی یانە ئەکەن کەموزور بەئارەزووی خویان پارە ئەخەنە ناو ئەوسندوقەوە وە ماموستایانو قوتابیانو نیشتمان پەرەوران پیکەوە هەموو لەژوری رابواردنو حەسانەوەدا لەژووری ئیدارە دائەنیشو بەروویەکی گەش و

خوشەوە لەگەل یەکتریدا گفتوگو ئەکەنو بوژیانی کامەرانی وولاتەکە بوبەرزی خویندەواری بوبەجیهینانی فرمانیکی سود بەخش هەریەکە بەجیا بیرلەکاریك ئەکاتەوە • دیارە ئەمجورە دەزگاو موئسەسـانە هەموی بوخزمەتی گشـتییە وەئەو مروفانەی خزمەتی ئەمتەرحە جیگایانە بکەن خزمەتی خویان ئەکەن بو دواروژی نەوە کانیـان تیئەکوشن •

ئیتر ئەخوازین پیاوە نیشتمانییەکانمان هەمیشە بەردەوام بن •

---

بوئەوانەی ئەیانەوی فیری زمانی کوردی بن ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتن بریاریاندا لەسەری مانگی شوباتەوە دەرسـی کوردی بخوینریت • ئەمەیش بوفیربونی زمانیك هەلیکەبوتان ، تاشوین هەیە بەزوویی بچنە ئیدارەی هیوا ناوی خوتان بنوسن •

---

## لیون تولستوئەلی

روژنامە موزیقەی ئاشتییە ، دەنگی میلەتە شمشـیری هەقە ، پشتوپەنای کلولانە ، لغاوی دەمی زور دارانە ، لەرزینەری تەختی قەیسەرو زور دارانە •

پیش ئەوەی بیرلە چاکە کردن بکەیتەوە بیر لەوە بکەرەوە کە خراپە نەکەیت •

شەر بەچاکە نەبی بە زور لەناو ناچیت •

چيروك

له ئاسوى كورده واريه‌وه :

# كاروان

نوسه‌رى

**محمد سعيد جاف**

كات له چله‌ى زستاندابو روژ خه‌ريك‌بو پرشنگى روشنايى جهان داگيربكا • كاروانيكى كورد له‌دى‌يه‌كى سه‌د مالى‌دا له‌قوژبنيكى كوردستاندا بون • سه‌روكى كاروان له‌مالى خانه‌خويى خه‌به‌ريى بوه‌وه دواى ئه‌وه‌ى له‌گه‌ل هاورى كانى‌دا • نانو چايان خوارد خانه‌خويى‌كه‌يان • روى‌كرده سه‌ركاروان پى‌ووت براى شيرينم من تاليو ترشى روزگارم زور ديوه • وه‌زور شاره‌زايى ئه‌م ناوه‌م • ايوه ريگه‌كه‌تان دورو دريژه پيويسته له‌لاريوه كاروانه‌كه‌تان ببه‌ن • چونكى ماوه‌يه‌كى زوره جه‌رده‌و ريى‌گران ئه‌م وولاته‌يان داگير كردوه • هه‌مو روژيك خه‌ريكى تالانو پياو كوشتنن • ژيانيان به‌دانيشتوانى ئه‌م وولاته تال كردوه •

هه‌مو روژيك به‌بيانوى شتيكه‌وه له‌ئازاردان وه‌كوشتنو برين مان • ده‌ست كوتايى ناكه‌ن • ئه‌م وولاته جوانه پرسامانه‌ى ايمه‌يان داگير كردووه •

هه‌ر سه‌ر جه‌رده‌يه‌ك پارچه‌يه‌كى كردوه به فه‌رمان ره‌وايى خوى •

روژی هزاران کەس بدەن بەدەم شیرو تیرەوە • داد خوایەك نیە بگا بەهاواری ئەم ناوچەیەوە • کەوابو دەستم بە داوین‌تان • لەریگا خوتان بپاریزن • بەریگەدا مەرون هەتا پیتان ئەکریت لەلاریەوە وەلەهیــــچ جیگایەك لامەدەن • چونکی هرچی ئەم ناوچەیە هەیە داگیریان کردوە • ئەگەر بەسەر ریو دیدا برون بی‌گومان توشی ئەو جەردانە ئەبن • روت‌تان ئەکەنەوە وەهەرچی‌تان هەیە بەتالان ئەیبەن • وەخوتانیش بەبی ئازارو کوشتن رزگار نابن • سەرکاروان گەنجیکی لاو چاکی بالا بەرز وە ناوشان پان‌بو • تفەنگیکی برنەویی دریژیی بەدەستەوە بو •

دەمانچەیەکی مان‌هیر وەخنجریکی مشتو سپی • لەگــــەل چوار فیشك‌دانی پرلە فیشەکی هەل گرتبو • رووی‌کردە خانە خویی پی‌ی ووت لالوی ریش سپی زورسوپاسی هەست‌تان ئەکم لەخەتەریی جەردە داگیرکەرەکان ئاگاداریت کردین • ئەوا ئەبینیت ایمە بیست کەسین • وەهەمومان چەك‌مان هەل گرتووە • ئەم ریگەیەمان داوەتە بەر ، خومان ئامادە کردوە بو هەمو بەرهەلستیەکی دزو ریی‌گران • وەئەو وەختەی لەمال دەرچوین زانیومانە ریگاکەمان پرە لەترسو تەگەرە • لالوی خاوەن مال ووتی رولەی باشم • من مەبەستم ئەوەیە • لەسزاو خوین ریژیی دزو جەردەی وولات ئاگادارتان بکەم • بوئەوەی بتوانی لەشەریان خوتان بپاریزن • سەرکاروان روی‌کردە خاوەن مال •

ووتی لالەگیان ئەزانیت بوچی وولاتەکەمان دزو جەردە • داگیری کردوە • لالوی ریش سپی مژیکی لەقەندەکەی‌دا وەهەنا ســــەیەکی گەرمی هەل‌کیشا • لەوەلام‌دا ووتی رولەی خوین گەرمم بەلی ئەزانم • بەلام تەنها بەزانینی من هیچ ناکریت •

ســــــەرکاروان ووتی لالوگیا ن هەرچندە لەسەر ئەم باسە بروین لەسەفەرەکەمان دوا ئەکەوین • وەدزو جەردە کان لیمان ئاگادار ئەبن • بەپیویستی ئەزانم دوا بکەو ین • بوئەوەی هرچی دانیشتوانی دیکەتان هەیە • گەورەو • بچوك لەژنو لەپیاو هەمو کوبنەوە چەند ئاموژگاریەك یان بکەم • بوئەوەی تو لەتەنیایی دەرچیت وەهاوریت بو پەیدا ببیت • لالوی خاوەن مال کورەکەی نارد بوناو ئاوایی هرچی دانیشتوانی دیی هەبو هەموی بانگ کردن دووسی ریز لەدەوریی ئاگردانی ژوری مالی لالو دانیشتن • کوری گەنجی سەرکاروان • وەکو ماموستایەك ووتار بدا روی کردە دانیشتوان • ووتی خوشکو برا خوشەویســـــتەکانم وولاتەکەمان لەژیر جەورو سزای جەردە داگیرکەرە کانا • ئەنالینیت • ئەم دزە رەوشت پیسانە نیشتمانی خوشەویســــــتی ایمەیان کردوە بەجەولانگای زور و زولم • وەکردەوەی ناشیرینی خویان • دەردو سزایان گەیشتوتە رادەیەك دانیشتووانی وولات هەمو کاتی سەرو مالو ئابرویان لەخەتەر دایە وەلە کوشتنو ئابرو بردنمان دەســـت کوتایی ناکەن • پیویستە • بوپاك کردنەوەی نیشتمانەکەمان • لەم دورندانە • دەستی یەکیتی بو یەکتری دریژبکەین • وە هەستی بەربەرەکــــانی لەهەموو ولاتدا بلاو بکەینەوە بوئەوەی روژیك گورجتر بتوانین ئەم جەردانە لەنیشتمان دور بخەینەوە • وەدانیشـــــتوانی وولات لەئازارو ستەم یان رزگار بکەین • پیویستە تیبگەین • ئەم دزە نامردانە • بو فەوتاندن وەلەناو بردنی ایمە هەمو جورە سزاو فرو فیلیك بەکـــــار ئەهینن •• خوشەویستەکانم بو بەربەرەکانی یان بەهەستیکی پر برواوە

خومان ئامادە بکەین • بەبی گومان ئەتوانین وولات لەدیمەنی بەد رەزایان پاك بکەینەوە •

سەر کاروان • دوای ئەوەی قسەکانی تواو کرد • هرچـــــی دانیشتوان هەبو بەیەك دەنگ ووتیان بەراستی ووتە لەمەجوان‌تر وە بەجی‌تر نیە • بو لەمەولا بەهرچی هیزمانەوە هەیە بەرهەلستی دزوجەردە نەکەین •• دوای ئەوەی دانیشتوانی ئاوایی یەك بەیەك دەست گوشین‌یان لەگەل کاروانکە رەکاندا کرد رویشتنەوە بومـــــالی خویان • پاش رویشتنی دانیشتوانی دی • کاروانکەرەکان وولاخەکانیان بار کرد وەهەمویان مال ئاواییان لەلالوی ریش سپی خاوەن مال‌کرد •

بەرەو ئامانج لەئاوایی دور کەوتنەوە • وەلە چاو گوم‌بوون کاروان ماوەی چوار سەعات لەدی دورکەوتنەوە • کــــــات بەرەو ایوارە ئەرویشت بایەکی ساردی لی‌هـــــەل کردن • هەوریکی رەش بەریی روژیی‌گرت • توزەتوزە باران دەستی پی‌کرد • کاروان لەترسی دزو جەردە ناویرن لابدەنە جیگایەك • بوئەوەی ئارامی تیابگرن • کە دوای هەوا خوش بون • لەسەر سەفرەکەیان برون • روژیش لـــــەئاوا بوونابوو • بەرچاو وور دەوردە تاریك‌ئەبو کاروان ریگای کەوتـــــــە دەربەنیك • ئەم بەرەو بەری دوکیویی بەرز وەسەرلوتـــــکەکانی پر بەفربو • شەویان بەسەرا هات بارانی تیکەل بە بەفر بەسەریانا ئەباریی • بەر چاویان زور تاریك بو چەند جاریك لەبەر تاریکی ریگایان لی‌گوم‌بو • بەتیشکی روشنایی بروسکە ریگا کەیان ئەدوزیەوە • هیچ پەنایەك نەبو پەنای بوبەرن • بەناچاریی هەر ریگایان گرتە بەرو • بەم جورە ماوەیەکی زور رویشتن زوریی نەمابو • سەرماو برسیتی • بەتواویی کاریان‌تی‌بکا

بلام سەروکی کاروان کەلەپیشی هەمویانەوە بو • بەدەنگیکی بەرز بانگی هاوریی‌کانی ئەکرد • ئەی‌ووت هیچ مەترسن ئەوەنەمان نەماوە لەم تەنگانەیە رزگار ببین بەماوەیەکی کەم ئەگەینە دیی خان • لەویی ئەتوانین مانویەتی دەر بکەین • وەخواردنیك بخوین وە هەروەها وولاخەکانیش ئالیـــــك ئەدەین • لەدیی خانەوە ئەوەنەمان نامی‌نیت بودیی خومان • لەتاریکیو ریی‌گران رزگارمان ئەبیت • لەپاش ئەوەی سەر کاروان بەم قسانە هیوای خستە دلی هاوریی کانیەوە سرنجیدا ئەسپەکەی باش ریی ناکات وەلە شتیك ئەسەلەمیتەوە • وەکو هەستی بە ترسیك کردبیت • سەرکاروان رەفتاریی ئەسپەکەی شارەزا بو ئەویش زو بەدەستو برد تفنگەکەی ، لەشانی کردەوە پر یی‌کرد لەفیشەك وەخوی ئامادە کرد بو کارەساتیك هەر ئەوەندە زانرا لە پرر • لەبەر دەمیا چوار زەلامی چەك بەدەس لەبن بەردیکا راست بونەوە بانگ‌یان کرد ووتیان کاروان هیچ بەرو دوا مەکەن هەر چیتان پی‌هەیەبەجی‌ی بهیلن • ئەگەر زیادو کەم بجولینەوە جـــــگە لەوەی بارو وولاخەکان‌تان بـــــەین هەموتان ئەکوژین سەرکاروان تی‌گەیشت جەردە ریـــــگای لی‌گرتون بریاری دا بەرگریی‌یان بکا کتو پر لە لەئەسپەکەی دابەزیی • بانگی هاوریی‌کانی کرد وەکو سەر لەشکریك فەرمان بدات پی ووتن هموتان لەوولاخەکان‌تان دابەزن

ــ ماویتی ــ

# چیرۆکی ژمارە



## مانگ گـــیران

نووسینی : ساجد ئاوار

کات شەوە •• مانگ لەبوشایی ئاسمانا تانەیەکی رەشی بەســـەرا کیشراوەو ئەلین ـ گیراوە ـ وەك ئەو تانە رەشەی کەبەسەر دلی هەمو مروفە هەستداریکی ئەم شارە خوشەویستە کە ـ سلیمانیە ـ کیشراوە ، وەك ئەو پەردە رەشە قەترانیەی بەسەر روی ناسکە مەردمی روخسار شیرینا کیشرابی کە ـ پەچەیە ـ •

لەشەوە زەنکی تاریکا ، لەکاتی دل پەستیو پرر خەمو پەژارەیی هەستی مروف ویلە بەشوین تروســـــکەیەکا کەتوزی باری خەفەتی ســـــوك کات •

هیوای ئەو دلە پەستانە تروسکەی ئەستیرە جریوە دارەکانی ئاسمانە ، یا تریفەی زیرینی مانگە ، کەچی بەهەوری ماتەمی شــــــەوی پایزا

ئەستیرەکان پوشراون ، مانگیش کزو لیلایی داهاتوەو ئەلین ـ گیراوە ـ •
دلانیش ویلن بەشوین تروسکەیەکا •

وا هەنگاو ئەنیم‌و ملی ریگام گرتوە بی ئامانج ئەروم‌و لەدەریای بیرا مەلە ئەکەم‌و زاخاوی دلەی پەستمی پی ئەدەمەوەو کوشکی بەختیاری لەبوشایی ئاسمانا بو دروست ئەکەم‌و لەدەست ژیانی رراستەقینـــەی شیواوم رراﺋەکەم ، •• هەستی مروفایەتی ، خەبات‌و تی‌کوشان کـــە خولیای سەرمن بەبیری پوچی بی واتە مەست ئەکەم‌و خوم دەست خەرو ئەکەم ، •• چونکە لەشکری ئەشکەنجەو زیان‌و هەژاری‌و لی قەوماوی زالەو بەرگریم پی ناکریت‌و لەدەستیان رراﺋەکەم ، ئەگـــەرچی بو ماوەیەکی زور کەمیش بیت •

ـ «مانگ گیراوە» وشەیەك لەدەمی مروفیکی « ریبوار کەدامی بەلاما هاتە دەرەوەو کزەی لەجگەرم هەلساندو لەخەوی شیرینی بیری کردم‌و کەدیم لەکولانیکی تاریکی پرر کەلاوەو ویران بووا خومم دوزیەوە ، •• سەیریکی ئەم لاو ئەولای خومم کرد کەسم تیایا بەدی نەکرد ، تاچاو برری ئەکرد خانوی تەپی‌و هەرەسی هینا بوو •• چەند نیوە دیواریك مابونەوەو قوت قوت لەم لاو لەولا چەواشەیی بلاو بویونەوە وەك تاپوی رەش کەئامادەی هیرش‌و پەلامار دان ین •

نەخشی دەستی سروشتی چەپگەردی نالەبار بوون ، تادوینی بو خیزانی دەرون پرر لە هیوای بەختیاری تیا ئەژیاو لەشەوە زەنـــگا تروسکەی هیوای پەردەی رەشی ئەم گوزەرەی دائەدرری ، وا ئەمرو ویرانەو بوە بە مەلبەندی ـ پەپو ـ و جی ئاوازی خەمگینی •

ووردە ووردە وەك مروفیکی قەلەمی دەست‌و قاچ شکاو ملی ریگام

گرت ••

•• گویی قولاغ بوم •• چونکه دەنگیکی دلگیر ، دوور ئەهاتە گویم، زور بە ئەسپایی بەدەم دەنگەکەوە چوم ، تائەهات دەنگی پتر ئەبو •• « دم •• دم •• دم •• دم » هاتمە بەردەم کولانیکی پیچاو پیچ ، کـــە کانگای دەنگەکە لەویوە بو ، تیلە چاویکم گرتە پال پایەیەکی قوتی ئەو ناوچەیە ، •• کەدیم •• کچیکی هەشت نو سالان لەسەر تەپولکەیەکی پال پایەکە راوەستاوەو پالی پیوە داوەو هەردوو دەستی خستوتە سەر سنگیو تیلە چاوە وورشە دارەکانی بریوەتە ئاسمان ، ئەو جیــــگایەی کەمانگی تیا گیراوە ••!

لەتەنشتی ئەم لایەوە منالیکی تەمەن دوو سێ سال لەخوی کەمتر رراوەستاوەو قتویەکی قوپاوی بەدەستوەیەو بەداریك زور بەهیمنیو لەسەرخو لی ئەدا ••

( دم •• دم •• دم •• دم •• دم •• )

بەسرنجیکی تایبەتی بوم ساغ بوەوە کە هەردوکیان پی خاووسو سەر روتن ، کچە کراسیکی ســـــــادەی خاکی لەبەردایەو بەس ، لاوازیەکەشی بیگومان هوی دەردو برسیەتیە ، منالەکەش هەر لەو بابەتەبو ، شەروالو کراسیکی بوری لەبەرابو ، زانیم کە برایەتی •

( دم •• دم •• دم •• دم •• ) بی وەستان ئەم ئاوازە خاموشە لی ئەداتو جار جاریکیش سرنج لەخوشکە تاساوەکەی ئەداو روو ئەکاتەوە ئاسمان •

لەژیانی رراستە قینەیاندا بی گومان بی تروسکەو هیواو ئامانـــج ئەژین ، دلیان بەروژ خوشەو لییان دوور کەوتوتەوە ، •• تروسکەی

مانگ لەشەوەزەنگا زاخاوی دلەی پەستیان ئەداتەوەو باری لی قەوماویان لەسەر سوك ئەکاتو کەچی ئەویشیان لی گیراوە ، ناچار ئەبنو ئەچن رووی تی ئەکـــەنو تەنەکە بەئاوازیکی خوش وەك ئاوازی دەرونی خاموشیان کەپرر لەمهرەبانیە ، بوی لی ئەدەن ، بەلکو لایەکیان لی بکاتەوە لەژیانی رراستە قینەیان تیبگاتو دل نەرم بیتو خوی لەحەشار دەر بهینیو بەتریفەی زیرینی توزە روشنایی بەختیاری بگەیەنیت بەدلی ئەم هەژارانە ، باری خەمو پەژارەیان سوك کات •

لەم کاتەدا یادی – بی کەس –ی نەمرم کردەوە کە ووتبوی :

« ئەی مانگ تو قیبلەی دەردە دارانی »

بی چرپە ، بەئەسپایی خوم کشانە دواوە بوئەوەی پەتی خەیالیان نەپچرم وەكو ئەو کابرا ریبوارەی کە لەخیالی دامو ووتی « مانگ گـــیراوە » •

---

﴿ ژان ژاك روسوئەلی ﴾

- لەئازادی وازهینان وەك واز هینـــان وایە لەژیان •
- نەگبـــەتی میلەتیك لەمەدایە بی گەورە بیـــــت •
- تاریــــکی نەزانین باشترە لەروونا کـــی دروزن •

# باوەڕ پێکراوی هیوا

**ل :-**

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

ســولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ ٠
٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکـــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طه ئەحمد خوشناو

هەولـــــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رؤف معروف

کـــــــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــــــە :ـ توفیق مەلا سەدیق

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە
## مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî u Zanistîye
## Mangî Carék Dereçê

---

Bexdad - Gapxaney Temedun
M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن
محمد صالح الاعظمی


# گۆڤـاری هیوا

## ژمارە  ٨ ساڵی ١ شوبـاتـی ١٩٥٨

# هیوا

گوڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جارێک دەرئەچێ

ژمارە ـ ٨ ـ ساڵ ـ ١ ـ ڕەشەمی ـ شوبات ١٩٥٨



دیمەنیکی کویستانی سولاڤ

**لەم ژمارەیەدا**

١ ـ میژووی شاری کفری
٢ ـ ویژە ـ ئەدەب
٣ ـ نووسینی زمانی کوردی
٤ ـ مانگی دەست کرد
٥ ـ پیاوانی نەمر
٦ ـ بیرەوەری
٧ ـ تەندروستی
٨ ـ هونەروەریکی نەمر موزارت
وەگەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ـ ٣٩
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبیو زانستی‌یە مانگی جاریك دەرئەچی

ژمارە ـ ٨ ـ ساڵ ـ ١ ـ رەشەمی شوبات ١٩٥٨

١ ـ دیمەنی بەرگ سولاف
٢ ـ میژوی شاری کفری : هاشم بەرزنجی
٣ ـ ویژە ـ ئەدەب : شیخ محمدی خال
٤ ـ نوسینی زمانی کوردی : کەرکوك ـ م ٠ م
٥ ـ باغچەی پەری‌یان : مەسعودی کەتانی ئامیدی
٦ ـ مانگی دەست کرد : عەزیز
٧ ـ زەنگ : هیمن
٨ ـ نمونەی کوردی پەتی : محمد مصطفی کوردی
٩ ـ پیاوانی نەمر لورکا : وەرگیری کامەران
١٠ ـ پاراستنی دایکو منال : کەرکوك کچەکورد ـ پرشنگ
١١ ـ منم نەسرین : نەسرین فەخری
١٢ ـ ئافرەتی سك پر : ئەنوەر کریم کولیەی پزیشکی

١٣ ـ بیروەری
١٤ ـ پیش ئەوەی بمرین : کاکە شوان
١٥ ـ ملە خری : شیکاگو ـ ت • ب : مەریوانی
١٦ ـ سەربەستی نووسەر : عەبدول رەزاق بیمار
١٧ ـ هونەر وەریکی ئەمر ـ موزارت ـ : کویە ـ باکوری
١٨ ـ یادوپەیمان
١٩ ـ لەریگای یەك بونی زمانەکەمان : شـــــەوکەت هوشیار قوتابی زانستگای دەرمان گەری
٢٠ ـ پایز لامارتین : گورینی دلزار
٢١ ـ بەشی هیواو خویندەوارانی
٢٢ ـ پاشماوەی کاروان : محمد سعید جاف
٢٣ ـ ئەو نەتەوەیەی : م • رەسول
٢٤ ـ پاشماوەی جەلالی : احمد خواجە
٢٥ ـ چیروکی ژمارە : مصطفی صالح کریم

**ئەشعەری کامەران**

بلبـــــل ، ژیانی ئەکـــــا بەقوربان
نمی شـــــەونمی خونچەیەکی جوان
پەروانەی عاشـــق لـــەدەوری چرا
گرر ، ئەخوا ، تاگرر ، نە خوی بەرئەدا
ئەی من ، بو ، نەبم ، بە قوربانی کورد
بو ئازادی گەل ، خوم نەکەم بە پرد



# خوێندەواری بەڕێز :ـ

بە دڵێکی بێ گەرد و چاوێکی گەشەوە ، ئەگەر سەرنج بدەنە ئەو نوسینانەی لەم گوڤارەدا بڵاو ئەکرێتەوە بۆت دەرئەکەوێت کە ئێمە لە ڕێگەیەکی خاوێنەوە ئامانجمان خزمەت کردنە ، نەك خۆهەڵکێشان .

هیچ کاتێك بەرامبەر بەم تۆزە ، تێکۆشانە نەمان ویستووە شانازی بەسەر کەسا بکەین بە پێچەوانەی ئەمە بەرامبەر بە پشتگرتن و یارمەتیدانی ئێوەی دڵسۆز لە سەرمانە لە گەڵ سوپاسکردنتانا بڵێن : پەرەکانی گۆڤاری هیوا بەهۆی نوسینە پڕزانیاری و بەرزەکانی ئێوەوە ڕازێنراوەتەوە لە بەر ئەمە خۆمان بە بەختیار دائەنێن کە بە دڵ و گیان سوپاسی هێزی ئەو بیروباوەڕە بەرزەتان بکەین کە ئامانجتان ئەمەیە بە تیشکی ڕوناکی لە تاریکی ژیانا پێش چاوی نەتەوەکەتان ڕوون بکەنەوە ، چونکە هەمومان

هەستمان پی‌کردووە لە چاو پیش‌کەوتنی گەلانی رووی جیهانا ئیمە ئەمەندە دووا کەوتوین ئەگەر بە هیزی ئەتوم بکەوینە باتەفرە هیشتا هەر لـــــە دووایین و ئەم دوواکەوتنەش تاوانی کارەســـــاتەکانی رابوردووە ٠

جا بەم بونەیەوە ئەتوانین بلین : کاتی ئەوەبەسەر چووە خومان بە یاری‌کردن بە سەر بەرین ، چونکە باری ژیانی ئەمرو هیجـــــگار گرانە و بو ئەوە ناشی وەکو جاران بە خەیالو راو و شکار و یاری کردن تی‌ی پەرینین یان خومان لە یەکتری بتورینین و پشت لە یەك هەلگەین و پەنگ و باوی سوك و نارەوا شوین یەکتری بخەین و سەر و پوتەلاکی یەکتر بکوتینەوە٠ یانەی سەرکەوتن ،گوقاری هیوا ، ئامانجی خزمەت کردنە ، ئەم دەستگایە هی هەمو کوردیـــــکە ، هەمومان ، تیا بەشدارین ئەوانەی راست‌بن و نیشتمان پەروەربن خویان ناتورینن بە پیچەوانەی ئەمە لەسەر هەمومانە دەســـــــتی یاریدەری بو هەمو سەرچاوەیەکی هوی ژیانی کامەرانی‌مان دریژ بکەین و درك و چل وچیوەی سەرە ریگای خومان پاك بکەینەوە ، نەك لە لاوە خەریکی کنەکردن وگیرەشیوینی بین ٠

# میژوی شاری کفری

نوسینی هاشم برزنجی

کفری لە شارە کونەکانی کوردستان ئەژمیری لەکاتی ساسانیکانەوە پەیدا بوە ، شوینی پیشوی ئەسکی‌کفری بوە کە لە شوینی ئیستای شاری کفری‌وە ــ ١٢ ــ کیلومەتر دورە لە کاتی خویا ساسانیەکان وە هەندێ نەتەوەی‌تر ئەو ناوچەیەیان ئاوەدان کردوتەوە • بەلام دوای ئەوە روژ بەروژ بەهوی نەخوشی‌و شەروهەراوە دواکەوتون تا حوکمی نیشتمانی عراق دامەزرا بزوی‌کردە پیش‌کەوتن •

میستر ریچ لە گەشتەکەیا ئەلی :ــ لەکفری ئاثاری کون هەیە وە ئەمیش نیشانەی ئەوەیە کە شارەکە زور کونە وەئەو شتانەی تیـــــا دوزراوەتەوە لەو شتانە ئەچی کە ساسانیەکان بەکاریان هیناوە • ناوی ئەم شارە لە کفرەوە نیە ، لە داری کفرەوەیە ، چونکە لە کاتی خویا دارستانیکی تیابوە دارەکانی زوری داری‌کفر بوە ، لە بومەلەرزەیەکا شارەکە ویران‌بوە ، دانیشتوانی دوای ئەوە دەستیان داوەتە کشتوکال و ئەو دارانەیان لە بنەرەت هەلکەندوە وناوەکە بو شارەکە ماوەتەوە •

کفری شاریکی زور خوشە ــ ٧ ــ هەزار کەسی تیایە وەنزیکەی ١٥٠٠ مالیك‌ئەبیت خانوکانی بە گەچو بەرد دروســـــتکراوە زوری دانیشتوانی بە بازرگانی‌یە وە ئەوانی‌تری خەریکی کشتوکالن •

ئاوو هەوای لەزستانا ساردو لە هاوینا گەرمە بە بەهاران زور خوشە لەناوچەی کفریدا گەلیك کانی خەلوزو نەوت هەیە ، خەلوزەکەی بو سوتەمەنی بەکار ئەهینری لەشاری کفریدا دوو قوتابخانەی سەرەتایی کوڕانو قوتابخانە یەکی کچانی تیایە لەگەل قوتابخـــانە یەکی ناوەند بوکوران •

## سولاف

دیمەنی بەرگ سولاف هاوینە هەواریکی زور خوشو دلـــگیرە ئەگەر بیتو دەستی تیکوشین تیا بکەویتە کار بوخوشو سازگاری لەجیهانا ناو دەرئەکات ، لەگەلی شوینی ناوچیاکانی سولاڤەوە کانیاوی تیا هەل ئەقولیتو ئەبن بەیەك سەرچاوەو تافگەی زیوینی لەسەر لوتکەی چیای بەرزەوە قەلبەزە ئەکاتو ئەرژیتە خواری سولاڤ لەبەینی سێ چیا دایە چیای ، مەتینا ، چیای بەشیشو ، چیای گارا لەرووی زەریاوە بەرزایی ١١٥٠ مەترەیە ، لەسەری عمادیەوە کەلەگەلیەکەوە بەسواری بوی بچیت نزیکی سعاتو نیویك ئەبیت لەچلەی هاوینا پلەی گەرما لە ٢٢ـ ٢٦ تیپەر ناکات •

لە گەشتەکەی ماموستا (علاءالدين سجادی)
ئەم باسە بە کورتکراوەیی
وەرگـیراوە

# ویژه

نوسراوی شیخ محمدی خال

ئاشکراو عایانە لە هەموو کەسیکەوە کەویژەی هەموو گەلیــــک ئەگورری بەپی‌ی گوررانی ویژەر ـ ادیب ـ د کانیان ، وەبەپی‌ی خویندەواریی‌یان وئارەزوویانو پەی‌دەستەیی‌یان لەگـــــەل ئەو بیرو باوەررانەی کە هەیانە ، هەر وەک ئەگورری بەپی‌ی ناوچەیان ، انجا ئەم‌ناوچەیە ناوچەی کومە لایەتی بی لەسیاسەتو ئایینو باوی ناوخویان ، یا ناوچەی سروشتیی ـ طبیعی ـ بی لە سەرماو گەرماو شاخو داخو دەشتو دەرو چەشمەنداز •

هەموو ویژەیەک ئەگورری بەگوررانی گەل ، وە لەگەل ئەوا ئاویتە ئەبی ، وەهەر دوولا کار لەیەک تریی ئەکەن ، بی گومان لەهەر دەمیکا وورد ببیتەوە لەویژەی هەر گەلیک لەهەر سەد سالیکا لەساڵەهای ژیانی ، وەپوست‌کەندەی بکەیت وبچیتیە بنجو بناوانی ئەتوانی تی بگەیت لەچونیتی ئەو گەلە لەو ماوەیەدا ، لەبابەت کومەلایەتی‌و ئایینو سیاسەت ودەستوور وباوو هەموو شتیکی تریانەوە •

کەوابوو هەموو گەلیک ئەبی ویژەکەی لەگەل خویا هەنـــــگاو بەهەنگاو پیش کەوی ، وەبەو پلەیەی کە ئەو گەلە پیــــا سەرکەوتوە ویژەکەشی پیا سەر کەوی •

هیچ گەلیک ناتوانی بژیی هەر لەسەر خوانی ویژەی کونی خوی ، وەشانازیی هەر بەوەوە بکات ، وە ئیمررو خوی هیچی نەبی لەویژەی تازە ، هەر گەلیک وای لی‌هات ئەوە وەک بازرگانیک وایە کەهیچـــی

بەدەستەوە نەمابی ، وەبچی بگەرری بەشوین دەفتەری کونیا •

ئەم ویژەیەی کەئیمررو هەمانە خوراکی تەواومان نیە ، وەناتوانین پی‌ی بژیین ، چونکی گەلی جور ـ فیتامین ـ ی کەمە •

پی‌ویستە لەسەر ویژەر ـ ادیب ـ ە کان چاویک بخشینن بەسەر ویژەکەمانا ، وەبزانن لەچە روویەکەوە کەم‌و کورریی و ناتەواویی هەیە تەواوی بکەن ، وەهەرچی‌یەکی نیە بوی دروست بکەن •

زور زور پی‌ویستینی بەنووسیینی ژیانی پیاوی گەورەو هەل کەوتوو ، وەبەلی کولیینەوەو هەل وەشاندن ـ تحلیل ـ ی خویەتی ـ شخصیت ـ یەکەی تابن یەمایەی ئەوەی کەلەمەولا پیاوی گەورەو بلیمەتمان تیا هەل‌کەوی •

زور زور پی‌ویستین بە نووسینی جوانجوان ، لە نامیلکەی شیرین‌و سپاردەی رەنگینی‌و شتی تری وا کە ببن بە خوراکی گیان‌و پی بژیوی میشکی تازە پی‌گەیشتوەکانمان •

زور زور پی‌ویستین بە هونراوە ـ شـــــعر ـ ی رەوان لەبابەت رەووشت‌و خووی بەرزو ئایینی راست‌و چەشمەندازی ســــــروشتیی ـ طبیعی ـ نەخوازەلا ئەوانەی کەلە ولاتی خومانا هەن •

زور زور پی‌ویستین بە نووسینی چیروک‌و سەرگوزەشت‌و داستانی رابوردوو بەرەنگیکی‌وا کە هەرچی نەنگی کومەلایەتی‌مان هەیە بیخانە پیش چاو ، وەدەرمانی بو بدوزیتەوە ، بەلام بە رەنگیکی دلچەسپی وا کەبەبی ئاگاداری خومان بچیتە میشک‌و دلمانەوە •

کەوابوو ئیمررو روژی هەول‌و تەقەلایە ، روژی کوشش‌و ئیش کردنە ، روژی خو کوتان‌و ماندوو بوونە • هەزار درووود لەپیشینانمان کە ووتوویانە : ـ شوان تا دابنیشی گەلەی دوور ئەکەویتەوە ـ •

# نووسینی زمانی کوردی

کەرکوك – م • م –

بەر لەوەی بیمە سەر نوسینی مەبەسی وتارەکەم ، ئەمەوی سوپاسیکی گەرمی ماموستا – ب – بکەم لەسەرئەو زنجیرە نوسینەی کەلە – هیوا – دا دەستی پی‌کردوە لەبابەتی چونیەتی نوسینی زمانەکەمانەوە بەراستی کردنەوەی دەرگای ئەم چەشنە باسانە ، کەلینیکی گەورەمان بوئەگری لەدیواری پر لە درزو کونی نوسینی کوردی‌دا •

هەر وەکوما موستا ( ب ) لەو دو وتارەی‌دا رونی کردوتەوە ، بەراستی نوســــینی لاتینی تاقە نوسینیکە کـــــە بوزوبانی کوردی دەس‌بدا ، ئەمە نەك تەنهـــا لەبەر ئەوە کـــــە پیتـــی لاتینی زور لەپیتی عەرەبی باشتر لەگەل ئەودەنگو پیتانە یەك ئەکەوی کەلەزوبانی کوردی‌دا هەن ، وەنەك تەنها لەبەر ئەوە کەوا نەخویندەواری کورد زوتر فیری ئەو ئەبی ، بەلـــکو لەبەر ئەوەش کـــەئەمرو زوربەی نەتەوەی کورد بەنوسینی لاتینی ئاشـــناترە : براکوردەکانمان لەیەکیەتی سوڤیەت و لەسوریا بەپیتی لاتینی ئەنوسن ، براکوردەکانی تورکیا شمان هەرچەند ری‌یان نادری بەزوبانی هەزار سالەی خویانو باو باپیریان بنوسن ، بەلام نوسینی تورکی‌یان بەتیپی لاتینی‌یە ، براکانی ئیرانو ناوچەی بادینانیشمان بەفارسی‌و عەرەبی ئەنوسن وەزور بەزەحمەت نوسینی کوردی ئیمـــــــەیان بوئەخوینریتەوە ، وەپیویست‌یان بە فیر کردنی نوسینی کوردی هەیە کەئەتوانری زوتر

لەوەی فیری ئەم نوسینە کوردی‌یەی خومانیان بکەین کەبەتیپی عەرەبی ئەی‌نوسین ، فیری پیتی لاتینی‌یان بکەین • ئەمینیتە سەر کوردە کانی ناوچەی سلیمانی‌و دەوروپشتی کەنوسینی کوردی مان بەپیتی عەرەبی‌یە ، ئیمەیش بە نیسبەت هەمو نەتەودی کوردەوە زور کەمین ، ئەمە لەسەریکەوە ، لەسەریکی کەشەوە ، نیسبەتی خویندەوارانمان کەئەزانین بەپیتی عەرەبی بنوسین زور کەمترە لەنەخویندەوارەکانمان وەبو نەخویندەوارەکانمان کەپیویستیان بەفیرکردنی خویندەواری‌یە ، جیاوازی نیە لەوەدا کەئاخو بەپیتی عەرەبی فیری نوسینی کوردی‌یان بکەین ، یابەپیتی لاتینی ، بەلکو وەکو وتمان ، بەلاتینی ئاسان ترە ، کەواتە بوچی راستەو خو فیری ئەم چەشنە نوسینەیان نەکەین ؟ بەلام ئەمە وەستاوە لەسەر ئەوە کەیەکەم دەرس وتنەوە لەسەر پاکی قوتابخانەکانی کوردوستانی عیراقا بکری بەکوردی ، جا ماموستا کانیش کوردی بەپیتی لاتینی فیری قوتابی‌یەکانیان بکەن ، ئەمینیتە سەر ئەو تاك و تەرا کەخویندەوارەکە هەین ، ئەوانەمان نەزانین بەپیتی لاتینی بنوسین ئەتوانین لەماوەیەکی کەما فیری ببین •

وابومان دەرکەوت کەباشترین نوسینی کەلەگەل سروشتی زوبانەکەمانا ری‌بکەوی نوسین بە پیتی لاتینی‌یە ، بەلام ئاخو پیش لەوەی کەبگەینە ئەوروژەی ئەم ئاواتە شیرینەمان بیتە دی‌و نوسین بەلاتینی بەهەموکون‌و قوژبنیکی نیشتمانە پیروزەکەمانا بلاوبیتەوە ، نابی چاریکی ئەو هەمو کەم‌و کوری یانە بکەین کەلەنوسینی بەپیتی عەرەبی ـ مانا هەیە ؟

بەلی ، مەسەلەی کوردی ئەلی : بزن بوشەوی جی‌ی خوی خوش.

ئەکات • ئیمەیش هەرچەند هەتا هەتایە بەپیتی عەرەبی ئانوسین ، بەلام چونکە جاری ، وەتا ماوەیەکی دوور یانزیك پی‌ی ئەنوسین ، ئەبی دەسیکی وای پیابینین وای‌لی‌بی تا رادەیەکی باش بتوانی بەکەلکـــــی داخوازی‌یە نوســـــینی‌یەکانمان بیت ، وەبەفریامان بگات بوخســـــتنە سەرقاقەزی ئەوەی لەدلمانایە •

من لاموایە مادام کەئەمرو بومان نالوی کوریکی زوبانەوانی ( مجمع لغوی ) کوبکەینەوە ، وەکو ماموستا نەبەز پیشنیاز ئەکات ، بوئەوەی لەم مەسەلە بکولیتەوە ، لەپیش هەمو شتیکا پیویستە یەکیکی وەکـــــو ماموستا ( ب ) شارەزا ، ناميلکەیەکی بچوك دەرکا ، وەبە تایبەتی لەهەمو نوسەرەکانی کوردەواری‌و زوبان زانەکانی داوا بکات کەبە وردی سەیری بکەن ، لەم ناميلکەدا لەوکەندو کوسپانە بکولیتەوە کەلەریگەی جوان کردنی نوسینی کوردی‌دان بەپیتی عەرەبی ، وەچە پیشنیاریکی باشـــــی بەدلا دی لەم‌بابەتەوە دەری بخا ، تالە ئەنجاما چەئەونوسەرانە وەچە خویندەوا رانی تر کامیان لەوپیشنیارانە بەلاوە باش‌بو ، وەکامیـــــــان بەدلانەچو ، وەچی تریان بەپیویست زانی بوی بنیرن ، وەلەئەنجامی هەمو ئەمەدا پەیرەویکی ریك‌وپیك‌و یەك‌گرتو دانری بونوسینی کوردی بەپیتی عەرەبی ، بوئەوەی تائەگەینــــــە ئەوروژەی کەهەمومان بەلاتینی بنوسین ، لەسەری بروین ، وەروژ نامەو گوڤارەکانیشمان هەر وتارو هەلبەستیکیان‌بو بچی کەبەپی‌ی ئەو پەیرەوە نەنوسرابیتەوە بیخــــــەنە پشت‌گوی ، یاخود بەوشیوە لەچاپی بدەن ، ئەوکتیب‌خانانەش کەلەچاپدانی کتیبی خەلکی ئەگرنە ئەستو هەروابکەن ، بەم چەشنە ئەتوانین لەم‌پاشا گەردانی‌یەی ئیستا رزگار ببین کەلەیەك گوڤــــارا چەند وتار ئەبینین ،

هەریەکی بەچەشینکی تایبەتی نوسراوە : یەکیك ( ٧ ) یکی لەسەر (یی) و ( واو )ی بوش و ( لام ی قەلەو داناوە ، یەکیکی تر ئەمەی خستوەتە پشت گوی ، یەکیك ( ری ) ی زبر بەدو ری ئەنوسی ، یەکیکی تر (واو)ی دریژ و ( لام ) ی گیراو ئەکا بە دوان •

جا بوئەم مەبەسە من ئەم پیشنیارانەی خوارەوەم بەدلاچوە کـــــەوا لیرەدا ئەیان گیرمەوە ، وە هەندی نوسەرمان بەپیی هەندیکیـــــــان ئەجولینەوە :

١ ـ هەمیشە ( ٧ ) یك بنوسری لەسەر ( یی ) و ( واو ) ی بوش و ( لام ) قەلەو ، وەلەژیر ( ری ) ی قەلەو ، وەك ( دیوانە ، دوشاو ، منال ، روژ ) •

٢ ـ ( نون ) و ( گاف ) کە کوئەبنەوە وەك خویان ناخوینرینەوە ، مەسەلا ( منگە ) ـ دەنگی کەسی کە لوتی گیرابیو دەنگی دەرنەچی ـ ئەوە لەنون و گافەکەی پیتیکی تایبەتی پەیدائەبی ، جابو ئەوە کەلەخویندەواری بکەیەنین کەئەمانە وەکوخویان ناخوینرینەوە ، ئەبی نیشانەیەکیان بودا نیین کەراستەو خو خویندەوار بەهوی ئەونیشانەوە حالی ببی کــــــەچونی بەکاردینی مەبەسم لەخویندە واریکە کەخوی پیشان شارەزای چونیەنی خویندنەوەی ئەو وشە نەبی •

٣ ـ پیتی تری وامان هەیە نوسین و خویندنەوەیان جوین لەیەك ، مەسەلا ( دال ) ی ( قادر ) و ( بدە ) بەپیتیکی تر ئەخوینرینەوە کەهیشتا ناوی لەکوردییانیە ، وەتارادەیەك لە ( یی ) وە نزیکەو ( یی ) یش نیە ، ئەمەیش هەروا نیشانەیەکی ئەوی بودیاری کردنی ، وەك ئەوەی مەسەلا نوختەیەك لەژیریەوە بنوسین •

٤ ـ وتمان ئەو دەنگانەی کەهیشتا بەپیتیکی تایبەتی نەناسراوان‌و شکلیکی تایبەتی‌یان نیە وەبەشکلی پیتیکی‌تر ئەناسرینەوە ، نیشانەیەکیان لەسەر دانری ، تالەو پیتە جوی بنەوە • لە غەیری ئەوشوینـــانەدا خویندنەوەو نوسین بکرین بەیەك ، چون ؟ ئیستا ئەبینین عەرەب زوبانیکی یەك‌گرتوی تایبەتی‌یان هەیە پی‌ی ئەنوسن ، بەلام بودوین چەندشیوەی جیاوازیان هەیە ، ئەمە یەکیکە لەوکوســـــپە گەورانەی کەلەبەردەمی بوژاندنەوەی زوبانی عەرەبی یان ، کوردی هەرچەند وانیە ،بەلام ئەمیش کەمیکی لەم جیاوازی نوسین‌و خویندنەوەی تیا هەیە مەسەلا ئەنوســین ( هومەر مەندان ) بەلام لەخویندنەوەدا ئەو ( دال ) د ناخوینینەوە ، ئەیکەین بە ( نون ) یکی کەو چەسپی ئەکەین لەو نونەکەی‌تر • ئەمە ئەبی یاخود وەك ( لام ) ی گیراو ـ کە للە ـ بەدو نونی بنوسین ، ئەبی ئەویش بەیەك لام‌و ئەم بەیەك نون بنوسین ونیشانەیەکیان لەسەر دانیین کەپی‌ی‌بزانری کەلام ونونی گیراون •

یاخود پیتی وا هەیە کەلەخویندنەوەدا هەر دیارنیە ، کەچی ئەشی نوسین ، وەکو ( مەحمود ) ئەمە لەقسەکردنمانا ( دال ) ەکەی ئەخوین ، کەواتە ئەبی لەنوسینیشا نەی‌نوسین •

٥ ـ هەندی وشـــــەی عەرەبی کەوتونەتە ناوزوبانەکەمانەوە ، وەبەدریژایی روژ لەقسەی خەلکا ئەوترینـــــەوە ، ئەمانە لەزوبانی میللەتەکەمانا بەتەواوی بوون بەوشەیەکی کوردی ، جـــاله بەرئەوە پیویستە بی‌سی‌ودو لی‌کردن هەموئوسولیکی نوســـــینی کوردی‌یان بەسەرابنیین ، چونکە تازە بوون بەمالی خومان ، ئەگەر ( ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ ) یان تیابو بە ( سین ، زی ، تی ) بیان نوسین ، وەلە دوای

هەرتیپیکی سەرەداریانەوە ( هی ) یەك ، وەلەدوای هەرتیپیــــــکی ژێرەداریانەوە ــیی ــ یەك ، وەلەدوای هەر تیپیکی بورەداریانەوە ــ واو ــ یك بنوسین هەر وەك وشەیەکی کوردی بی گەرد ،بەم چەشنە (ئیسبات : اثبات ، تەلاق : طلاق ، تایر : طاهر ، زایر : ظاهر ، سالح : صالح ، زابت : ضابط ، حوکومەت : حکومە ) ، بەلام بەپیچـــەوانەی ئەوەوە کەماموستا روژ بەیانی ئەیکا ، ئەو وشە عەرەبی‌یانەی کەبەسیفەتی عەرەبی پەتی‌یان بەکاریان بینین ، ئەبی هەربەشیوەی عەرەبیش بیان نوسین ، نەك (ابو الفضل) بکەین بە (ئەبو الفەضل) • سەیر ئەوەیە ماموستا روژبەیانی وەك دینی سەر بەم وشە عەرەبی‌یانە شور ئەکا بەشیوەی نوسینی کوردی ناکا پیتە عەرەبی‌یەکانیشـــــــیان بکا بەکوردی و ئەوانەیان لەکوردی‌دا پیویست نین لایان بەری ، واتە بنوسی ( ئەبو لفەزل ) !

لیرەدا ئەبی ئەوەمان لەیاد بی و ئەبی هەریەك وشە جاری واهەیە بەو سیفەتە بەکاری دینین کەبوە بەکوردی وەك ئەلیین ( عوسمان بەگ ) ئەمە ئەبی بەشیوەی کوردی بینوسین • واش ئەبی بەوسیفەتە بەکاری دینین کە وشە یەکی عەرەبی‌یە وەکو ئەلیین ( عثمان کوری عفان ) ئەمە ئەبی بەشیوەی عەرەبی بینوسین •

ئەمانە کەئیستا بەبیرما هات لەم بابەتەوە بینوسم ، هیوام وایە بەهەولی دلسوزانەی هەمو کوردیکی کورد دوست و کار لی‌هاتو بتوانین بگەینە چارەکردنیکی باشی ئەوکەندو کوسپانەی کەریـــــگای پیشکەوتن‌یان لەزوبانەکەمان گرتوە ونایەلن بگاتەوە بەکاروانی زوبانە پیشکەوتوەکانی گیتـــــــی‌یا •

# باغچەی پەریان

مەسعود کەتانی ئامیدی

چومە باغـــــی پەریـــــا
سوحبـــــەتا ڤا زەریـــــا
ناڤ گولاو جومو گیـــــا
رەخ نزارو بەر چیـــــا

لاوو طـــــولازو بچـــــیك
خرر بوون دوور بەغچەو جنیك
پر گولن لی ئەو جـــــەویك
دلی گـــوت بوو وان خوزیـــــك

بو ئەڤینـــــی لاندکـــــە
وا کوررا وکجـــکا رکـــە
لاوی دلـــــدارو نازکـــــە
کـــــچ دبیت خوش لاوکـــــە

دەنگو ئاوازی شـــــیرین
گر خەمیلین سوورو شـــین
من هـــەبو ژ وا ئەڤـــین
چـــــەند تازەیە ئەو هەبـــین

-١٥-

ســـــپی لکەســـــکی ئالوزی
رویســـــوور بون وەك قرمزی
هاتنە خاری رەش کـــــەزی
لەمن گەهشـــــتن بو خوزی

چاڤ لمن بدیتنا خو بەســـــت
کاکلا دل گرتو گەســـــت
زراڤ ژ جەرگی من ڤەرەست
کەفتم یێ بێ هوش ومەســـــت

برمە ناڤ باغەکـــــی جان
پر دورری‌و میوو گـــــولان
لی بو ئاوازی شـــــڤان
هلکەتی کەیفـــــی ژ ڤـــــان

کەتمـــــە داڤـــــا جانیـــــی
بەر گـــــەرا ڤی کانیـــــی
ئوسیبەرا بەلـــــکیت بیهیی
بەلـــــك وەراندن ڤی تیی

کرمـــــە ریڤنیـــــکو رەبەن
گوت بو زیندانی بـــــەن
خورتیی کەس لی نەکـــــەن
لمن گیـــــان بویە لەڤـــــەن

-١٦-

# مانگی دەست کرد

نووسینی : عزیز

نزیکەی دوومانگێك پێش تەواوبونی سالی – ١٩٥٧ – باسـێکی زانیاری گرنگ هاتە کایەوە ، باسێکی ئەوتو کەبوو بە شەوچەرەی زمان‌و دووانی هەمو مروڤێك‌و هەمو کونجێکی گیتی گرتەوە • زورەهای سەرسام کرد ، زوریش بی‌دەنگ بوون ، گەلێکیش شـادمان بوون بەسەرکەوتنی ئەم پلە زانیاریە •

ئەمەوی لیرەدا کورتەیەکی ئەم باس‌و دروست‌کردنە بخەمە بەرچاوی خوینەرانی کورد ، تاکو ئاگاداربین لەهەموو رووداویك‌و هـەمو پیشکەوتنێکی زانیاری ••

پیش‌ئەوەی بیمە سەر باسەکە ، ئەلیم مروڤ گیانداریکی بەهیزەو خاوەنی هەست‌و هوشیکی زورە ، هەمیشە ئەیەویت لەگەل سروشت‌دا بجەنگیت‌و بەسەر هەمو کوسپیکدا سـەرکەویت‌و هەمو شارراوەیەك بدوزیتەوە • تائیستا گەلی شتی نەزانراوی سـەرزەوی دوزیوەتەوەو شارەزای هەمو کەل‌و قوژبنیکی بوە ، بەلام ئیستا ئەیەویت روو لەئاسمان بکات‌و نهینی‌و گریکانی بکاتەوە •

بو ئەم ئامانجانە ، داهینانی ئەستیرەی دەست‌کرد ، هەنگاویکی زور بەجی‌و پیروزە • چونکە تائیستا گەلیك کوسپی نالەبار هاتوتە ریگـەو پیش‌چاوی زاناکان ، وەکو نەبوونی سووتەمەنی تەواو ،نەمانی ئوکسجین، زوربوونی پالەپەسـتو بوسەر گیان ، کەئەبیتـە یژاندنی خوین‌و

نەگیرسانەوەی وە وشك بونەوەی لەش ، هەروەها تیشك ـ اشعە ـ ی کەون •• وەگەلی شتی تر •

میژوو ئەلییت کە بابلیەکان دەستیان لە زانیاری فەلەکدا بوە ، وە ئەگیرنەوە یەکیك لەشاکانیان منالی نەئەبوو ، زانایەك پیی ئەلیت کە لە ئاسمان میوەی بەری داریك هەیە ئەبی ئەو میوەیە بخوات ئەوسا منالی ئەبیت ، ئەویش ئەهینی خوی ئەبەستیتەوە بەدالیکەوە ، وە بوماوەیەك ئەفرن بەلام پاشا ترسی لی‌ئەنیشیت‌و ئەگەریتەوە •

ئەرەستوی ئەغریقی ئەلیت ، هەوای دەوری زەوی کوتایی نایەت ، وەلەسەر ئەم باوەررە هەندیك چیروکیان داناوە بوگەیشتن بەمانگ •

بەلام ـ پاسکال ـ ئەلیت هەتا بەرز بیتەوە هەواو پالەپەستو کەم ئەبیتەوە ، وە ئەگاتە رادەیەك کەهیچ بالندەیەك ناتوانیت تیا بفرریت •

بومان دەرئەکەوی کەمروڤ لەکونەوە ویستویەتی شـــــــارەزایی لەئاسماندا پەیابکات ، وتوانیویەتی تا ماوەی ٣٥ تا ٥٠ کیلومتر شارەزایی پەیا بکەن ، ئەویش بەهوی ناردنی بالونەوە • بەلام لەم دوایەدا بەهوی دروست کردنی ساروخەوە توانی تا ٤٠٠ کیلومەتر زانیاری وەرگریت ، بەلام وەنەبی بەهوی ئەم ساروخەوە شتیان زور بوساغ بوویتەوە ، چونکە تەنها چەند چرکە ـ ثانیە ـ یەك ئەمایەوە •

ئەتوانین بلیین کە چینیەکان بو یەکەم جار ناوی ساروخیان هیناوەتە کایەوە ، وەلە ئاهەنگ‌و جەژنەکانیانا بەکاریان هیناوە • وەلە ســــالی ـ ١٦٨٠ ـ م دا لە روسیا کومەلیکیــــان دامەزران بەناوی ـ کومەلی باسکردنی ساروخ ـ ەوە • بەسەرکردەی ـ کوستانینوف ـی زانا • وەلەسالی ١٨٨١ م دا زانایەکی تر ـ کی‌بالشیش ـ • توانی وینەی

فروکەیەکی ساروخی بکات •

بەم جورە باسکردنی ساروخ‌و چونیەتی دروست کردنی کەوتە ناو وولاتە پیشکەوتوە کانەوە ،وە گەلیك لەزاناکان بو ئەم ئامانجە هەولیان داوە ، وەکو ــ روبرت بلتری ــ لەفەرەنسا ، ــ هەرمان ئوبەر زینجر ــ لە ئەلمانیا دا ــ رویبرت جودارلیشای ــ لە ئەمەریکا • وە ــ کلارك بوجریز ــ لە بەریتانیا ، وە ــ تسیل کوفسکی ــ لەروسیا لە سالی ١٩٣٥ دا توانی ئەم باسە بخاتە قالبیکی تازەوە • توانی لەسەر جولانەوەی ساروخ چەند یاسا ــ قانون ــ یك دابنی ، وەکو :

ئەبی ساروخ بجولیتـــەوەو خوی پال بەخویەوە بنی بەبی یارمەتی هیزیکی تر ، بەپیی یاسای ٣ هەمی نیوتن ( هەمو کاریك سلەمینەوەی هەیە ــ لکل فعل رد الفعل ) لەسالی ١٩٤٠ دا ساروخیك دروست کرا ، بوماوەی ١٣کم بەرز بوەوە بەلام کەوتە خوارەوە • لەســـالی ١٩٥٢ گەیشتە ٢١٧ کم وەلە سالی ١٩٥٤ دا گەیشتە بەرزی ٢٥٤کم ، وەلە سالی ١٩٥٧ دا گەیشتە ئەوەی بەهەزاران کیلو مەتر بەرز بیتەوە •

ساروخ لە لەشیکی استوانی سەرباریك ــ لەشیوەی کەللە شەکردا ــ دروست کراوە وە دینەمویەك عەماریکی سوتەمەنی‌و جیهازیکی گیرانی لەگەلایە • ئەبی سووتەمەنیەکە زور بەخیرایی بسوتیت وە دوکەلیکی زور بەهیز لەپشتەکەیەوە دەرچی تاکو ببیتە هوی پال پیوەنانی بوپیشەوە بەخیرایی • بەپیی یاسای ٣ هەمی نیوتن کەخیراییەکەی گەیشتە ــ ٢٥ ــ هەزار میل لەساعاتیکدا ، وای لی‌دیت لەهیزی راکیشانی ــ جاذبە ــ ئەرز دەر ئەچیت • جا لەبەر ئەوەی ناردنی ساروخ بو ئاسمان ئامانجیکی لەدوایە ، نابی لەم هیزی راکیشانە دەرچیت ، بەلکو ئەبی وای لی‌بکریت

که به دەوری ئەرزا بسووڕریتەوە •

لەم دوایيەدا توانرا وای لی‌بکریت ، وە ئەمەش بوە هوی ئەوەی – ئەستیرەی دەستکردی – پی هەلبگیریت ، وەلە ماوەیەکی جی‌گیردا لی‌ی جیا ببیتەوە • ئەم مانگەش ئەنیرریت بو لیکولینەوەی نهینی ئاسمان بەپی‌ی ئەو جیهازانەی کەهەلی ئەگریت •

بو ئەوەی ئەم ئەستیرەیە بگاتە ئەو بەرزیيەی کە پیویستە ، ۳ جور سووتەمەنی دروست کراوە بو ئەو ساروخەی هەلی ئەگریت ، وەیە ۳ قوناخ ئەیگەینیت • لە قوناخی یەکەمدا کە بە تیژی – ٤٥٠٠ – میـــل لەساتیکدا ئەروا ، بوماوەی –٥٠– میل –نەوت‌و کحول– بەکار ئەهینی ، لەقوناخی دووهەمدا کەبە تیژی – ١١٠٠٠ – میل لەساتیکدا ئەروا ، بو ماوەی – ٣٠٠ – میل – ترشی‌و نیتریك و کحول – بەکار ئەهینی • لەقوناخی ۳ هەمدا کەبەخیرایی – ١٨٠٠٠ – میل لەساتیکدا ئەروا بو بەرزی – ٥٦٠ – میل یان زیاتر ، چەند ســــووتەمەنیەکی رەق وەك – بورون وکاربون – و – هایدروجین – بەکار ئەهینی • وەلە هەر قوناخیکدا گەنجینەیەکی تایبەتی هەیە بو غازی ئوکسجین بوئــــــەوەی یارمەتی سوتانن بدات •

لە دوا قوناخدا ئەستیرەکە لەساروخەکە جیا ئەبیتەوە ، وە هەردوکیان ئەکەونە سووڕرانەوە بەدەوری ئەرزدا ، بەهوی هەندی جیهازەوە کە ئەیان‌گیرریت ، وە سووڕرانەوەکەیان هیندە بەهیزە کە هیزی راکیشانی زەوی کاریان تی‌ناکات •

ئەم ئەستیرەیە سەنگ‌و قەوارەیەکی تایبەتی هەیە ، لەگەل تویکلیکی – ئەلەمینیوم – بو ئەوەی – نیازك – لەبەر کەوتنیا کاری تی نەکات •

دیسان بە مادەیەکی تایبەتی بویە کراوە ، لەترسی گوورینی پلەی گەرما ، چونکە لەو ماوەیەدا کەروژ لی ی ئەدات پلەی گەرمای ئەگاتە ـ ۱۰۰ ـ پلەی فهرنهایتی ، وکەروژی لی ئاوا بیت ئەگاتە ـ ۷۰ ـ پلەی فهرنهایتی لەژیر صفرەوە ، وناوەکەی غازی ـ نایتروجینی ـ تی ئەکریت بو نەگورینی گەرمای ناوەوەی •

ئەم ئەستیرەیە بە سێ جور دەرك بەبونی ئەکری ، یەکەم بەهوی ـ رادارە ـ وە ، دوهەم بەهوی رادیوەوە کە ـ جهازی ـ بی تەلەکەی لەسەر شەپولیکی تایبەتی ایش ئەکا ،سێهەم بەچاو ،بەهوی (تلسکوبیکی) دوربینیکی پچوك • چاکترین کات بو بینینی بەیانیانو ئیوارانە چونکە بەشەو ئەو تیشکی مانگو استیرانەی کە ئەکەویتە سەر بەباشی نایداتەوە، وبە روژیش تیشکی بەهیزی روژ نایەلیت ببینریت • پاش ئەم بەشە ئەمانەویت بزانین سودی ئەم ئەستیرەیە چیە ، ولەسەرچی ئەدویت ؟

هەروەکو باسمان کرد زور گیروگرفتو کوسپ هەیە بو باس کردنیکی تەواوی ئەو شتانەی لەئاسماندا هیە کەبەچاو ئەبینریتو بەگیـــان نای گەینیو گەلی باسیتر وەکو :

۱ ـ شکلی ئەرز : هەروەکو ئەلین ئەرز وەکو توپیك خرە ، ولەدو ( قطبە ) کەیدا قوپاوە ، ئەم باسە هیشتا بەتەواوی راست نەبوتەوە •

۲ ـ خـــەتی دریژو پانی ـ خطوط الطول والعرض ـ وجولانەوەی ـ قارەکان • تائیستا بە تەواوی نەتوانراوە ئەم دو خەتە لەسەر روی ئەرز دامەزرینن ، وهەروەها جولانەوەی ـ قارە ـ کانیان بوراست نەبوتەوە •

۳ ـ بەش کردنی هەور لەئاسماندا : هەر چەندە زانیاری لەسەر چەشنی

هەورو چونیەتی بلاو بونەوەی و خیرای گەیشتوتە رادەیکی باش •
بەلام هیشتا نەزانراوە پەلەیەك هەور لەروی ئاسماندا چەند لەروی زەوی‌و دەریا ئەگریتەوە ، دەرکەوتنی ئەم باسە سودیکی باشـــی هیە بوکشتوکال‌و گەرانی ناو دەریا •• هتد •

٤ ـ ئالو گوری گەرمای ئەستیرەکان لەگەل ئاسماندا هەر وەکـــو زانراوە ئاسمان گەرمای لەروژو کەمیکی لەئەرزەوە وەر ئەگریت ، بەلام گەرمای ئەســـتیرەکان بەتەواوی نەزانراوە وەزانینی ئەم گەرمایانە و چونیەتی ئالوگوری زور پی‌ویستە ، تاوەکو بتوانریت گیان‌لەبەر بنیرریت بو یەکیك لە ئەستیرەکان ، هەروەکو ــلایکای‌ــ سەگ نیرا بو ماوەیەك ، وتاچەند روژیك ژیا •

٥ ـ کثافەتی هوا : هەروەکو زانراوە هوا تا بەرزی ــ **١٨٠٠٠** ــ میل هیە ، وەتا لە ئەرز نزیك بیتەوە ــ کثافەتی ــ زیاتر ئەبیت • بلام رادەی بەرزی هوا هیشتا جی‌ی بروا نیــــــە ، و ئومید هیە ئەم ئەستیرەیە لە جولانەوەو مانەوەیدا هەمو کاتیـــــك کثافەتی هوا بپیویت ، بلکو لەوکاتەی لە ئەرز بەرز ئەبیتەوە دەست ئەکات بەپیوانن ، دوزینەوەی ئەم باسە سودی هیە بوناردنی ئەستیرە بو ئاسمان و گەرانەوەی بەساغی •

٦ ـ ( نیازیك ) و توزی جیهان : نیازیك پارچەیـــــکی ــ معدنی ــ گەورەیە لەلەشی ــ مذنبات ــ جیا ئەبیتەوە • وکە ئەگاتە هەریمی راکیشانی ئەرز بەر هواکەی ئەکەویت‌و ئەسوتیت‌و ئەبیتە توز ، هەر وەها گەلی توزی تر لە استیرەکانی تر ئەکەویتە سەر ئەرز ، بەسەنگی هەزار تەن لەروژیکدا • زانینی ئەم توزە وە قورساییە

کەی لای جیولوجیەکانو فلەکیەکان زور بەسودە ، لەبەر ئەمە ئەستیرەکە ـ ئالەتیکی میکروفونی ـ تیدایە دەنگی ئەو پارچـــە ـ نیازیکانەی ـ بەری ئەکەویت ـ تسجیلی ـ ئەکا ، بەم جورە قورسای لاشەکەی ئەدوزیتەوە وهەروەها تویکلیکی لەســـەرە ، بەرەبەرە تەنك ئەبیت بە لیخشاندنی لەگەل توزی جیهاندا ، بەم جورەش هەندی ـ کمیەی ـ ئەم توزە ئەزانی •

٧ ـ روژ چەن کاریك ئەکاتە سەر دەورو پشتی : وەکو ئەلین پلەی گەرمای ناو روژ ئەگاتە ـ ٢٠ ـ ملیون پلەی ـ سنتکراتی ـ و بونی ئەم گەرمایەش بوتە هوی گورینی ئەتومی ئەو غازانەی روژی لی پیدا بوە ، بە لیكبونەوەیان ، یان بە یەك گرتنیان • و بونی ئەم جولانەوەیە بوتە هوی ئەوەی روژ لە تەقاندنیکی بەردەوامدا بیت ، و چەند چەشنە تیشکیکی لی جیائەبیتەوە ، وبەناو ئاسماندا بلاو ئەبیتەوە ، وهیندیکی روی ئەرز ئەگریتەوە • بەشیك لەم تیشکانە پیویستە بوژیانی گیان لەبەر وەکو گەرمـــایی و روناکی • و بەشەکەی تری زیانیکی زوری هیە وەکو تیشکی ـ س ـ وتیشکی ژورئەر خەوانی ـ بنفسجی • زانینی ئەم بزوتنی ـ روژ ـ ە دەرگایەکە بوزانینی مغناتیسی ئەرز و فیزیای چینی ئایونی لەچینە بەرزەکانی سەر ئەرز ، وروناکی قطبەکان ، وتیشکی جیهان • لەبزوتنەوەی روژو لەکاتی تەقینیا زور جار ئەبیتە هوی وەستاندنی شەپو لی رادیوو بیتەل ، و قبلەنامە ، رادارو گەلی شتی تر •

زانراوە هوای چینە بەرزەکانی ئەرز لە ـ ٦٠ ـ میل بەرەوژورتر ـ لەشیوەیەکی ئایونیدایە ( ئایون بە ئەوتومیك یان چەند ئەوتومیك

ئەلین کە یەك چەشن شحنەی الکتریکی هەل بـــگریت ) • ئەم چینەش لەسەر لیشاوی ئەو لاشە الکتریکیانەی لەروژەوە دیت بەشیوەی تیشك وەستاوە ، لەبەر بونی چینیك لەغازی ــ ئەوزون ــ کەزوری ئەم تیشکانە ئەمژیت و بەشیکی کەمی ئەگاتە سەر ئەرز ، ناتوانریت باسی ئەو چینە ئایونیە بکریت • و هەروەها ئەو لاشە الکتریکیانە کە ئەگاتە هەریمی مغناتیس ئەرز ، رو ئەکاتە قطبەکان ، ولە بەرزیەکی تایبەتیدا کو ئەبیتەوەو روناکی قطبەکانی لی پیـدا ئەبیت • بونی ئەم روناکیەش کار ئەکاتە سەر رادارو شەپولی رادیوو بی‌تەل • جاران وائەزانرا کـــــە ئەم روناکی‌یە لەدانەوەی تیشکی روژ پەیدا ئەبیت کە ئەکەویتە سەر ئەو چینە بەفرەی رووی قطبەکـــــانی گرتوە • بلام دەرکەوت ئەم روناکیـــــە پاش ئەو تەقاندنەوەیەی لە ناو روژدا روو ئەدا دەرئەکەویتو ماوەکەیان لە ٢٠ سعات زیاترە •

بەهوی ئەم ئەستیرەیەوە گەلیك شارەزایی لەم باسانەدا پەیدا ئەکەین، بومان دەر اکەویت ئەو چینە ئایونیە ماوەکەی چەند و چون پیدا ئەبیت ، وپیوەندی چیە لەگەل تیشکی روژدا ، وهەروەها دریژی تیشکی روژمان بو ئەپیویت •

ولە هەمویان بەسودتر کەتا ئیستا نهینیکی زانیاریە ، ئەویش دوزینە وەی توانای تیشکی جهانو چونی‌یەتی پەیدابونی‌یەتی،وە دوزینەوەی ئەو هویانەی تواناکەی ــ طاقە ــ کەم اکەنەوە • بونی ئەم تیشــکە کوشندەیە تا ایستا کوسپیکی زور گەورەیە لەروی زانیاری فلکیدا ، و هەر بونی ئەم تیشکە بوە کە تا ئەم دوایە نەتوانراوە ــ صاروخ ــ

یان ئەستیرەبو ئاسمان بنیرریت •

٨ – بونی ئەم استیرەیە ومانەوەی لە ئاسماندا باسی ئەو تأثیرە فسیولوجیەو نفسیانە ئەکا کە کارئەکاتە سەر گیانلەبەر ، پاش چەند تاقی کردنەوەیك و ساغ بونەوەی گەلیك لەم کوسپانە توانرا سەگیك لەگەل مانگی دوهەمدا بنیرن ، تاوەکو ئەو کارانەیان بو دەرکەویت •

بوناردنی سەگ پیش هەمو گیان لەبەریکیتر چەند هویەك هیە :

١ – سەگ لەپیستەوە هەناسە ناداو عرەق ناکاتەوە ، لەبەر ئەوە ئەتوانری بخریتە ناو شوشەیکی داخراوەوە ، بەچەشنیکی تایبەتی هواو خواردنی بدریتی وپیسایەکەی فری بدریتە دەرەوە •

٢ – توکی لەشی گەرمایی ناگویزیتەوە بلکو ئەی پاریزیو گلی ئەداتەوە •

٣ – بەئاسانی ئەو هەستو جولانەوەیەی بەسەر لەشیدا دیت دیاری ئەدا ، وئەتوانریت بپیوریت •

٤ – ئەم چەشنە سەگانە بەئاسانی پەروەردە ئەکرین بو هەموکاریکی تایبەتی • لەپیش ناردنی ئەم سەگەدا ئەبیت جییکی تایبەتی لەناو استیرەکەدا بو دوروست بکریت ، تاوەکو ماوەیەك بمینیتەوە ، و ئەوشتانەی بەسەریا دیت بزانریت ، بوئەوەی دوا روژ بەسەر ئادمیزادا نەیەت ئەگەر نیررا • وئەبیت ئاگاداری ئەم شتانەی خوارەوە بکریت :

١ – بونی خواردەمەنیو فەوتاندنی پیسایی •

٢ – بونی اوکسجین بو هەناسەدان •

٣ ـ گەرم کردنی ژورە تایبەتیەکەی بو ئەوەی گورینی پلەی گەرمای ئاسمان کاری تی نەکات •

٤ ـ ئاگاداربونی پالە پەســـــتوی ناولەش ، بو ئەمەش خراوەتە ناو ناو کراسیکی تایبەتیەوە • پاش ئەم بەشە ئنجا بزانین لایکا چی بەسەر دیت :

١ ـ گیژبون : هەروەکو زانراوە ئەستیرەکە بەچەشنیکی پیچاو پیچ و لەسەر مداریکی هیلکەیی بەدەوری ئەرزدا ئەسوریتەوە • ئەگەر بیتو ئەستیرەکە زور بەخیرای بسوریتەوە ، ئەوا زو گیژ ئەبیتو لەهوش خوی ئەچیت و بەزوی ئەمریت ، لەبەرئەوە ئەستیرەکە لەسەرخو ئەسوریتەوە تا ماوەی ژیانی سەگەکە ئنجا خیرایەکەی ئەگوریت •

٢ ـ نیازکو نەمانی پالە پەستو : لەچینە بەرزەکانی ئاسماندا پالەپەستو هیجگار کەم ئەبیتەوە ، ئەبیت ئاگاداری ئەم گورینە بکریت • و هەروەها بونی ـ نیازیکیکی ـ زورو کەوتنی بەسەر ئەستیرەکەدا ، لەوانەیە کونی بکات وهەمو جهازەکانی بوەستینیت ، وئەو گیان لەبەرە بکوژیت •

٣ ـ گەرانەوەی بو ئەرز : هەر چەندە ئەم باسە قالبیـــــکی تەواوی وەرنەگرتوە ، بلام وەکو ئەلین ئەستیرەکە جهازیکی تایبەتی هەل ئەگریت ، لەکاتی پیویستا شوشەی گیان لەبەرەکە فری ئەداتە دەرەوە ، بەرەو ئەرز بەهیزیکی قایم ، تا ئەگاتە هەریمی مغناتیسی ئەرز • وهەروەها ئەبیت ئاگاداری شوشەکە بکریت لەگەرمای ئاســـــمان •

٤ ـ نەمانی سەنگ : ئاشکرایە تا بەرز بینەوە سەنگ و قورسای کەم ئەبیتەوە تا ئەگاتە رادەیەك سەنگ نامینیت • وئەم نەمانەش کار ئەکاتە سەر هەمو جولانەوەیکی گیان لەبەر •

٥ ـ تەئسیری تیشکی جهان وەکو باسمان کرد •

بەم جورە جهازی تایبەتی لەگەل سەگەکە ئەنیریت بو پیوانی پالەپەستویو هناسەدانی ، ولیدانی دلی و پلەی گەرمای و گەلی باسی تر ، ئەمانەش هەمویان ئەبنە بنکەیەك بو چونیەتی ناردنی ئادمیزاد • بەم چەشنە کوتای بەباسەکەمان دینین وئەلین ئەو ئەنجامانەی لەم ئەستیرەیە دەستمان ئەکەویت ، خستنە سەر پشتی دەرگای باس‌کردنی جیهانە کە ئەبیتە هوی هینانەدی ژیانیکی پیروزبو ئادەمیزاد ، و هەروەها بەم بونەیەوە نابیت کوششی ئەو زانایانەمان لەبیر چیت کە شەوروژی خویان تەرخان کرد بو دوزینەی ریگای بەختیاری ولاتەکەیان،وە ئیمەش ئەگەر بمانەویت پەیرەوی ئەو ولاتە پیش‌کەوتوانە بکەین نابیت دەرگای زانستی لەسەر خومان داخەین •

---


ئەم باسە لەمانەوە وەرگیراوە :

١ ـ الکوکب الاصطناعی — مجلة المهندس ـ علی الکاظمی ـ
٢ ـ القمر الصناعی — دار الثقافة ـ بیروت
٣ ـ مجلة العلوم

# زەنگ

هیمن

زایەڵەی زەنگی کاروان (١)
کاروانی گەل

دیتە گویم بەرزو رەوان
لەئاسۆ و کەل

زەنگی ئەمجارە زوڵاڵە (٢)
نەئاخەو نەئای

چریکەو بانگەو هەڵاڵە (٣)
بەسوزە هەوای

چریکەی کوردی دلیرە
بو کوردستان

لەکۆرایە نەرەی نیرە
ئەلێ ژیان

ئەلێ دارژاوین پررین
بەبیری نوێ

چالاکو نەبەردو دررین
بیگرنە گوێ

ئەزانینو دامان ناوە
قوناغی رێ

ئەگەرچی ریگە تەنراوە
بەلام لەکێ !؟

---

١ ــ زایەلە ــ دەنگ دانەوە ــ سەدا .

٢ ــ زولال ــ ساف ــ پاك .

٣ ــ هەلالە ــ نداء ــ بانگ کردن .

لەگەلی چـــاوی خەوالووی
هەلهینـــــــابێ
پەڵاسی کۆنی ئاوەژووی (٤)
فڕێ دابـــێ
گـــــــەلی بانگیوازی بڵێ
ئەبـــــی بژین
ئەبی بۆ بونی هەر گوڵی
خوین بڕیژین
ئەبی تێزی جەنگو شورش (٥)
قوربانی بـــێ
سوپای ڕاپەڕرینو هیرش (٦)
یەکســـانی بێ

گـــەلی ئەمانەو نەبەزیـــــن
پێڕرەوی بێ
کام ڕێ گرو دیوی زەمین
لەکۆڵەی دێ ؟
ئەوگـــــــەلە ئەبێ کاروانی
لەگـــەل ئاوات
بگاتە مەنزڵ ، سامانی (٧)
بۆخۆی ببـــات
ئەبـــێ بژی کـــــامەران
هیمن و مەنگ
دووربی لەدیـــــــــلی لەزیان
وائەڵی زەنگ

---

٤ ــ پەلاس ــ جلەکون ٠
٥ ــ تیز ــ پووشوو ــ فتیلە ٠
٦ ــ سوپا ــ لەشکر ٠
٧ ــ مەنزڵ ــ دواقوناغ ٠

# ژنیش هەیە و ژانیش هەیە

نووسینی محمد مصطفی کوردیی : سلیمانی

هەرچەن لەبازاری کومەلایەتیدا دەستیکی دریژم نیە ، وە ناتوانم وەکو مەبەستمە پێنووسی تیا رادەم ، وکولی سواریشم ناتوانم لەدەشتی ویژەدا ئەسپی گەیوی ـ بلاغت ـ تاو بدەم ، وەپەزیشکیکی پسپوریش نیم کە چاری دەردی کومەلایەتی بکەم ، بەلام هەندی جار وەهەندە شتیک ئەم بزوینیت بو نووسینی تەحرە شـــــتیک ـ کەبەلای خومەوە وای‌ئەزانم کەلکیکی هەبی بو گەلەکەم ( باکەمیش‌بی ) ـ •

ئەمجارە بەپیی تواناو زایینی خوم لەلایەن مەبەستی سەرەوە ئەدویم ئومیدم بەهیزە کە خوینەرەوەی بەریز لە کـــــــەمو کورتی‌و هەلەی ببووریت •

نیوەی ژیانی ئادەمی پەیوەندی هەیە بەژنەوە ، وە ژن خوی نیوەی ئادەمی‌یە ، وەزنجیرەی کومەلایەتی بەشی زوری بەســــتراوە بە ژیان لەگەل ژنا •

لەرووی بەراوردەوە پیشنان ووتوویانە : ( ژنیش هەیەو ژانیش هەیە ) ، ئەم پەندە هەروا لەگوترە وە لەپرر نەووتراوە ، بی‌گومان بەسەرهات وە چیروکیکی هەیە ، ایمە لیرەدا چیروکەکەیمان مەبەست نیە وەلی نادوین • وەئەمانەوی پیشانی خوینەوارانی بەریزی بدەین کە ـ ژن ـ کی‌یە وەئەبی چون‌بی چونکە بەراستی هەر ژنە کەخانوو بەرە

ئەکات بە بەهەشت ، هەر ژنە کە منداڵە جگەرگوشەکانت بۆ بەرهەم ئەهێنێت‌و پاک‌و خاوێن رایان ئەگرێت ، وەفێری وێڵ‌و رەفتاری باشیان ئەکات‌وەراستی‌و دروستی ئەکات بە بەشێک لەسروشـــــتیان وەرایان ئەهێنێت لەکاتێکا سەربەستی پێویست بێ سەربەست وە لەکاتێکا شەرم‌و کۆکردن پێویست‌بێ شەرمن بن ، وە هەر ژنە کە خۆش ویســــتنی تاک‌و کۆمەڵ‌و خاک‌و نیشتمان لەدڵی منالا هەر بەساوایی ئەرروێنی ، وە هەر ژنە کەچرا چون نەوتی تێ ئەکری‌و شووشــــــەکەی پاک ئەکریتەوەو پلیتەکەی ریک ئەخری‌و ئامادەی داگیرسان ئەکری ، ئەمیش منداڵەکانی وا بە ئامادەیی ئەداتە دەست باوکیان یا دەست داشدیار ـ معیل ـ یان یا دەست ماموستایان ، هەر ژنە دارایی‌و سامان ئەپارێزی‌و نایەلیت بەفیرۆ برروات ، هەر ژنە لەناو خزم‌و خویش‌و ئاشناو ناسیاوو نەناسیاوا سەرت بەرز ئەکاتەوە هەر ئەم جورە ژنانەیە کەویژەری بەرزی نەمر ـ سعدی ـ خوالی‌خوش‌بوو دەربارەیان فورموویە :ـ

( ژنی چالاکی زیرەکی دانا )

( ئەت گەینیتە ریزەیی دارا )

ئنجا بو نموونە باسی یەکیکتان بو ئەنووسم کەبەراســـــتی وینەیەکی سەرانسەرە لەگەل ئەو ژنانەی کەنووسیمان •

ئەم ژنە میردیکی هەبوو ، مانگانەیەکی پچووک فەرمان‌بەر بوو ، وەئیمە و ئەوان هەردوولامان لەخانوویەکـــــا بووین ، ئەم ژن‌و میردە ئەرکی خیزانیان سووکەلەبوو هەر تەنیا ساوایەکی بەرمەمــــکانەیان هـــــەبوو •

هەر کە ڕوژ ئەبوەوە چا ئەخورایەوەو میردەکەی ئەچوە دەرەوە بو سەرکاری خوی ئەمیش هەل ئەستاو سەبەتولکەیەکی هەل ئەگرتو بالا پوش ـ عەبا ـ ەکەی ئەدا بەسەریاو ئەچوو بو بازارر ، کەئەهـــاتەوە تەماشام ئەکرد واپەنجا درەم گوشتو پەنجادرەم بامیەو ئەوەندەش تەماتەو یەک هیشوو تریی بول گەورەی بزمار کوتو یەک قاش. کالەکو یەکقاش شووتیو سێچوار دەنک هەلووژەی زور جوانی هیناوەتەوە ئەم شتانە لەگەل ئەوەدا کە گەلیک جوربوو بەلام نرخیان کەم بوو • کە ئەهاتەوە یەشتا مندالەکەی لەبیشکەدا هەر نووستبوو • ئیتر دەستوبرد گوشتەکەی ئەخستە سەر ئاگر ، ئنجا ئەگەر منالە کەی هەل بســـــتایە ئەچوو مەمکی ئەدایەو ئەی کردەو خەو ، خو ئەگەر هەلنەســـــتایە گەسکیکی ئەگرت بەدەستەوە دەرو ژووری گەسک ئەداو ئاوورشینی ئەکردو ئەیکرد بەبەری مست انجا بەهەلپە ئەچوو بەرگی چلکن چی هەبوو کوی ئەکردەوە ، وەبەوئاوەی کەنابوویە بەر هەتاو پاک پاک ئەی ششتنو هەلی ئەخستن ، انجا ئەچوو سەریکی چیشتەکەی ئەداو تامو خوی ئەچەشت ، تا ئەمانەی ئەکرد بەرگە شوراوە کان ووشک ئەبوونەوەو ئەیکردنەوەو گورج ووتووی ئەدانو بەستەی ئەکردن ، لەپاشا مندالەکەیدەرئەهیناو پاکی ئەکردەوەو هەلی ئەپەرران بو ئەوەی کە گەشە بکاو سرریی جەستەی دەرچی ، دوای نەختیک ئەینایەوە ناو بیشکەکەیو ئەی نواندەوە • کەمنالەکە چاوی ئەچوە خەو ئەمیش بو ماوەیەکی کەم وون ئەبوو ، تومەز چوەتە سەرشورکەکە خوی ششتوەو بە جوریک خوی ئارایشت داوەو گوررییوە ئەتووت بەبووکی ئەچیت

تا ئەمانەی ئەکرد کاتی هاتنەوەی میردەکەی ئەهات ، ئیتر زوری نەئەخایان لەدەرگا ئەدرا ئەمیش وەک کیـــــــچ رائەپەررییو ئەچوو

پەدەمیەوەو دەرگاکەی لی ئەکردەوە وە بەزەردەخەنەیەکەوە ماندوو نەبوونی‌یەکی گەرم‌و گورری لی ئەکرد ، وەمیردەکە کە ئەهاتە ژوورەوە رائەوەستاو ژنەکەی کالاکانی لەبەر دائەکەندو کالای حەســـانەوەی ئەکردە بەریی ئنجا ئەچوو مەسینەو لەگەن‌و سابوون‌و خاولی ئەهینا سەرو دەستو دەم‌و چاوی ئەششت‌و ووشکی ئەکردەوە ، ئنجا فرکەیەکـــی ئەکردو ئەچوو میزو کورسی ریک ئەخست‌و ئەچوو نانی تی ئەکردو میزەکەی بەجوریک ئەرازا ندەوە نەك دلیك هەزار دل ئاواتی بوئەخواست وەهەرگیز باوەرر ناکەم هیچ گەورەو دەست داریك میزی وا ریکوپیکو جوانی دیی‌بی • ئنجا هەردوکیان زور بەخوشی‌و بەختیاریی دائەنیشتن نانەکەیان ئەخوارد •

بەراستی میردەکەی کە ئەهاتەوە ، وەکو هاتبیتە بەهەشتەوە وابوو ، وەهەرچی ماندویتی هەیە لەجەســـتەی دەرئەچوو وە وەك گول ئەگەشایەوە •

لەمیانەی گفتو گودا ژنانی گەررەك سەریان ئەخستە سەر ژنەکەی‌و لی‌یان ئەپرسی بوچی وایتە دەربارەی ئەم میردەت ؟ ئەویش لەوەرامـــا ئەی‌ووت : چون وانابم !! ئەی ئەو ئەچیت گیانی خوی بو من ئەخاتە سەغلەتی‌و کەشمەکەش‌و رەنجەوە ، وەنانم بوپەیائەکات ، ئەی من چون خوالیم هەل ئەگریت نەی حەسینمەوەو بەتەنگیەوە نەبم‌و خواردنیکی پاك‌و پوختە نەهینمە بەر دەمی ؟!! کە ئەم ماندوویەتی‌و سەغلەتی‌یەی لەبیر بەرمەوە •

ئنجا ئەی خویندەواری بەریز ! ئائەمانەن کەپی‌یان ئەلین هاوسەر ، هەر ئەمانەن کە پی‌یان ئەلین ــ ژن ــ

ماویتی

# « لورکا »

لاپەڕەیەکی خویناوی لە میژو

کـــامەران
وەرگیراوە

**باوەر ، ئەی زورداری خوین ریژ**
**دەروونـــــم ، دلی ســـزا چیژ**
**بەهیزترن ، لە پەت ، ئاســـن**
**بویە ، ســــل ناکەم لە مردن**
**ئەی ملکـــەچانی تر ســـنوك**
**وەك ئیوە ، نایەمە ، سەرچوك**

**ـ کامەران ـ**

کە ـ لورکا ـ م بیر ئەکەویتەوە ، ژیان ، بە رەنگی خولەمیشیو سوور لە یادما ، ئەنوسیت ـ سەرکەوتن ـ ، لە یادما ئەکیشیت وینەی ـ گوللەو سیدارەو زیندان ـ •

ـ فیدیریکو کارسیا لورکا ـ ی بویژی مەزنی ( ئیسپانیا ) تا کوشتیان ئاوازی سەمتوری هونراوەی کپ نەبو ••

تا ئەمروش ، ئەو هونراوە ئاگرینانەی ، لە سەرکەوتنا ، لە هەلمەتا ، لە زنجیجوتیارەکانی ئیسپانیادا لە سەر زمانی هەمو کەسـێکە •• سبەینیش لە کوشکی کارگەرەکانا ، لە شەقامەکـانی ـ مەدرید ـ و غرناتەدا بە دەنگی بەرز ئەوتریتو هەر ئەوتریتەوە •• چونـکە هونراوەکانی زیندون ، لە گیانی گەلەوە هەلقولاون ••

ـ لورکا ـ لە روژی ـ٥ـ ی حوزەیرانی سالی **١٨٩٩** ی زاینیدا ، لە ناوچەی ـ فوینتیفاکیروس ـ نزیك شاری ـ غرناطە ـ لەدایك بو •• ئەگەرچی لە بنەمالەیەکی ـ بورجوازی ـ بو ، بەلام هەسـتو ئاواتی رەنجبەرەکانی لە میشکە گورەکەیا توانبوە وە •• گورانی ئەوت بو قەرەجە دەربەدەرەکان ، بو تیکوشەرە هەلمەت بەرەکان ، بو رەنجبەران •

لە سالی **١٩٣٦** ی زاینیدا ، لە سەر داوای هەندیك نوسەر و بویژی ئەمەریکاییان بریاری دا بچیت بو گەشتی ولاتی ئەمەریکای لاتینی ، نیازی هەبو بچیت بو ـ نیویورك ـ ئینجا ، لەویوە بروات بو ـ مەکسیکو ، کولومبیا ، بەرازیل ، وئەرجەنتین •• ـ

بو ئەم گەشتە ئەدەبی‌یە ، سێ مانگ خەریکی خو کوکردنەوە بو ، لەم سێ مانگەدا کومەلیك هونراوە و چیروکی شانویی ئامادەکرد بیانبا بە دیاری ••

گەرمای بەتینی هاوین هیرشی بردە سەر ـ مەدرید ـ هیشتا لورکا ، نەچوبو بو گەشتەکەی •• بەلام وای‌نیازبو ، کە لەو گەرمایەدا برروات ،

بو ئەوەی نەختی لە تینی دوور کەویتەوە ، بەلام بیجگە لە گەرماش ، گیژەلوکەیەکی سیاسی ئەوتو هەلی‌کرد ، کە نەك هەر پوش و پەلاش بەلکو قەلای ئاســــنینیشی رائەمالی •• ئیسپانیـــا کەوتە گەرداوی تەنگو چـــە لەمەیەکی ـ بەسامەوە ، ( دەستەراستیە شـــوول‌لی هەلکیشەکان [1] ) بە سەرکردەیەتی ( بریمو دی ریڤیرا ) ی کوری ـ دکتاتوری ـ پیشو ، تیپیکی خوین ریژی درندەیان پیك هینا بە ناوی ـ تیپی رەش ـ ەوە •• ئەندامانی ئەم تیپە ئەوەندە درندە بوون ، کە باسیان ئەکرا ، پیش باس‌کردن نیشانەی ـ چلیپایان ـ ئەکرد ، چونکە ئەو تیپە بریتی‌بو ، لەبەتین‌ترین ، درندەترین ـ هیزی مەرگ ـ ••

لورکا ، ئەگەرچی لە هیچ پارتیکی سیاسیشدا نەبو ، بەلام ئاشکرا بو ، کەتیپیکی وا کونەپەرستی دوژمنی ئازادی هەر ئەبی دوژمن بی ، بەلی ، دوژمن بی ، کاتیك سەری‌بو دوژمنی ئازادی دانەنەواندوە ••

لورکـــا قوتابی و هاوریی = فرناندو دی لوس‌ریوس ـ بو •• ـ فرناندو ـ ش یەکی بو لە سەرکردە ناودارەکانی ـ سوشیالیزمەکان ـ وە وەزیری ـتەربیەـ ی حکومەتی جمهوری‌بو •• وە هەر وەها هاوریی ـ ئەنطونیو ماخادو ـ ی بویژی نیشتمان پەروەر ، وە ـ روفائیل البرتی ـ و ـ مانوئیل دی فالا ـ ش بو ، کە ئەمانە هیچ کامیان پشـــــــتی کونەپەرستەکانیان نەئەگرت ••

هاوریەتی لورکا لە گەل ئەمانە ، بە تایبەتی ـ فرناندو ـ بەس بو بو ئەوەی ـ تیپی رەش ـ بە خوینی سەری تینوبن ، ئەمە جگە لەوەش

---

(1) یەمینیە متطرفەکان •

که لورکا ، له زەمانی دکتاتوری پیشــــودا ــ دی ریڤیرا ــ ی باوك •• چیروکی ــ ماریانا بینیدا ــ ی بلاو کردەوە ، که بریتیبو ، لەئاگرینترین بانگی ئازادی •

بەم چەشنه لورکا ، لەو تەنگو چەلەمەیەدا ، ژیانی کـــــــەوتە مەترسیەوە ، ئەم بویژە بەرزە دلسوزە ، ئەگەرچی له ــ سوشیالیزمه کانیش ــ نەبو ، بەلام ــ ئایدیولوجی (١) ــ سوشیالیزمی (٢) هەبو •• چون ؟ بویژیك بوبیت بەکەرەنای هەژار ، رەنجبەر ، بویژیك بوبیت بەپرریشکی بلیسەی ئازادی ــ سوشیالیزمیکی شورشی ــ نابیت ؟!!

لورکا سوشیالیزمیکی شورشی نەبەرد بو •• بەلام لەگەل ئەوەشا ناسیاوی لەگەل هەندیك له کونەپەرستە کان هەبو ، ئەویش هوی ئەوەبو ، که له بنەمالەیەکی بورجوازیبو،وە بە شیوەیەکی تەبیعی پەیوەندیان لەگەل ــ ئەرستقراطیەکانا ــ هەبو •• ئەم ئەرستقراطیانەش زوربەیان کونه پەرستبون ، بەلام له هیچ کاتیکدا ، لورکا ، نه لەبیرو باوەررا لەگەلیانا بوە ، وەنەپشتیشی گرتون ، بەلکو بەپیچەوانه بیووچان تیئەکوشـــــا بو ئازادیگەل ••

لورکا ــ سوشیالیزمیکی شورشی راستەقینه ــ بو ، چونکه وەکو به هونراوەو نوسینەکانیا ، وە بەکردەوەیا دەرئەکەویت ئەیویست ــ یاسای ژیانی کومەلایەتی له بنه رەتەوە بگوریت ــ دام و دەزگای کون یەکسەر بفەوتینری و دام و دەزگای تازەی ــ سوشیالیزمی ــ لەئیسپانیادا دانریت ،

---

(١) بیرو باوەر ، (٢) کومەلایەتی •

لورکا جگە لە ویستن و لایەنگرتنی ئەم بیرە بە کولی دلیشـــــــەوە بو گەیشتن بەو ئامانجە تی ئەکوشا •

لە مانگی تەموزدا ، ئاژاوەو کوشتار گەیشتە ئەوپەری توندو تیژی ، دوو هیزی گەورە چوبون بە گژ یەکدا ، هیزی دیمـــــکراتیو هیزی کونەپەرستی •• لەم کاتەدا ـ لورکا ـ لە گەشتەکەی ئەمریکای پەشیمان بووبوەوە ، بەلام نەشی ئەزانی چی بکات ؟! چونکە هیچ گومانی تیا نەبو کە ـ تیپی رەش ـ لە هەلیك ئەگەرا دلی گەرمی بپلیشینیتەوە ، کاسەی سەری کە ئەو میشکە گەورەیەی تیا بو ، بدەنە بەر لیزمەی تفەنگ •• چی بکات ؟ ئایا لە ـ مەدرید ـ پایتەخت بمینیتـــــــەوە ! یان بچیت بو ـ غرناطە ـ !! ـ لویس روزالیس ـ ی هاوریی کە بویژ بو ، وای بە باش زانی کە خوی بگەیەنیتە غرناطە ، چونکە زور دوستو ناسیاوی لەو شارەدا هەیە ••

ئەوەبو ، بە قسەی ـ لویس ـ ی کرد و ، لە روژی ـ١٥ـ تەموزدا مال ئاوایی لە هاورریکانی کرد و بەرەو غرناطە کەوتە ری ، بەلام مال ئاوایی کردنەکەی تك تك نائومیدیی لی ئەتکا ، وتی ـ با بزانین خوا چی ئەکا !! ـ

لە غرناطە ، لە هاوینە هەوارەکەی خوی دابەزی کوشتار کەوتە غرناطەوە ، دەستە چەپی‌یەکان ، نیشتمان پەروەرەکان روژ بە روژ بەرەو ژیرکەوتن ئەچون •• لەشکری ـ فرانکو ـ ش کەوتبوە تالان کردنو کوشتنو برین ••

لە روژی ـ ١٨ ـ ی تەموزدا ، کونە پەرستەکان ـ شارەوانی ـ

غرناطەیان لە ماوەی چەند سەعاتیکا داگیر کرد •• لە هەمو گوشەیەکی غرناطەدا ، لە کولانەکانا ، خانوەکانا ، لە ژورەکانیشا هەر کوشتار بو ، خوین رشتن بو ، •• گەرەکی ــ بیسین ــ ی کریکارەکان قارەمانانە خوی لەبەر هیرشی سەختی کونەپەرستەکانا راگرتبو •• تا ئاگر زیاتر بەر ئەدرایە گەرەك ، کریکارە پیشمەرگەکان بە جوش تر شەریان ئەکرد ••

کارگەرە نەبەزەکان ، لە ــ بیسین ــ لە دارستانەکانا ، لە کولانەکانا لە دیی ــ قەرەج ــ ی سەر لوتکەی ــ پیروز ــ مەردانە سـوپیریان دامەزراندبوو قارەمانانە شەریان لەگەل کونەپەرستە فاشـیزمیەکان ئەکرد ••

قەرەجەکان ، ئەو قەرەجانەی کە ــ لورکا ــ گورانی بو ئەوتن ئازایانە ، بی پەروا سنگیان ئەنا بە گوللەوە •• فاشیزمیەکانیش بە تایبەتی ــ تیپی رەشی کاثولیکی ــ هەر شوینیکیان لەو شارە ئەگرت ، درندانە ئەکەوتنە قەلاچو کردنی دانیشتوانی ئەو شوینە •

لە ــ **۱۸** ــ ی تەموزدا حاکمی غرناطە لەلایەن تیپی رەشەوە گیرا ، وە هەروەها پاش چەند روژیکی تر ــ سەرەکی شار = محافظ ــ و زور لە ئازادی خواکانیان گرت ••

روژیکیان کەهیشتا گەرمەی کوشتاربو ، دوو رەش پوش هاتنـە نزیك مالی لورکا ، نەختی چرپە چرپیان کردو رویشتن ، لورکا هەستی پیکرد کە ئەم دوانە ریوشوین دائەنین بوگرتنی ، هەرئەو روژە بو ئیوارە نامەیەکی بی ــ ئیمزای ــ بوهات پرربو لەجنیو ، تیا نوسرابو

ـ لورکا ،بی‌دینه ،خوا ناپه‌رستیت ، ره‌وشت نزمه •• هتد ـ وه له‌نامه‌که‌دا هه‌ره‌شه‌ی کوشتنیشی لی‌کرابو •• هه‌رئه‌و ئیواره‌یه دووره‌ش پوشه‌که په‌یدا بوونه‌وه‌و پاش نه‌ختی چرپه چرپ دیسان رویشتن ••

لورکا برریاری دا که ئه‌وشه‌وه بوی ده‌رچیت •• به‌لام نه‌یئه‌توانی بچیت بولادی ،هه‌رئه‌بو له‌شارا خوی بشاریته‌وه ،چونکه له‌شکری فرانکو هه‌مو ریگاکانیان به‌ربه‌ست کردبو •• له‌به‌رئه‌مه ئه‌بوایه بچیته جیگایه‌ك له‌ناوشارا ، وه‌باشترین جیگه‌ش بوروژی وا ، مالی یه‌کیکه که سه‌ر به دوژمن‌بیت •• له‌پرر به‌بیریا هات که بچیته مالی ـ روزالیس ـ که‌برای هاورییه‌کی‌بو •• ئه‌م روزالیسه سه‌ر به‌ده‌سته‌ی ـ فرانکو ـ بو •• وه ده‌وله‌مه‌ندیکی بازرگان‌بو ، له‌مالیکی گه‌وره‌دا ئه‌ژیا ••

شه‌وی لورکا هاته ده‌ره‌وه ، دوای ئه‌وه‌ی ـ کوری = ساحه ـ ( بیبارمبلا ) ی برری خوی گه‌یانده شه‌قامی ـ قدیس ئه‌نطونیو ـ ، یاساوله‌کانیش وه‌ك په‌پووله ئه‌سوورانه‌وه ، هه‌رچونیـــــــك‌بو ، خوی گه‌یانده شه‌قامی ـ هوندیغا ـ ئنجا به‌شه‌قامی ـ بونتی‌زویلاس ـ دا پیچی کرده‌وه تا گه‌یشته ناوه‌راستی شار ، هیشتا ئاگری کوشتار له‌گه‌رره‌کی ـ بیسنیدا ـ هه‌ر له‌کلپه سه‌ندنابو •• هه‌رچونیك‌بو خوی گه‌یانده مالی ـ روزالیس ـ ••

ئه‌وناوه نه‌ختیك چول‌بو ، شار په‌رده‌ی مه‌رگ‌و سامی به‌ســـــه‌را کشابو •• له‌زه‌نگی سه‌ر ده‌رگای مالی ـ روزالیس ـ ی دا • دوای تاویك ، ترپه‌ی پی هات به‌ترسه‌وه ••

ـ کی‌یه‌ئه‌وه ؟

ـ منم ، روزالیس توی ؟

ــ بەلی !

ــ من لورکام لورکا ، فریاکەوە ، زوو بیکەرەوە ••

لورکای بویژی خوشەویست لەوماله ناسیاوه دا حەسایەوە جارجار لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە ئەینوارریە شاری ئاگر تیبەر بوو پەیتا پەیتا تەزو بەهەمو لەشیا ئەگەررا ، بەلام هیچ چاریشی نەبو •

گەررەکی بەرگەگری کریکارەکان فیشەکوتەرو تفاقیـــان کوتایی هات •• فروکەش بەتین هەر بوردومانی ئەکردو منـــالو ژنو خانوی بەسەریەکا تیك ئەترشان ••

ــ بیسین ــ ی قارەمان دوای ئەوەی کە دوا فیشەکو دوا نانی نەما ، گیرا ، لەلایەن کونە پەرستە کانەوە داگیر کرا • بەگرتنی ئەوی کوتایی شەر هات لەهەمو شاری غرناطەدا •• شار هیمن بوەوە ، ئەم هیمنیەش لورکای هەل خەلەتان ، ئیوارەی روژی ــ ۱۷ ــ ی اغسطس چوبو ناوشار بوگەرران ، وای ئەزانی کەس پی نازانیت ، بەلام پییان زانی وەبوسبەینی بەیانی مەلا بانگدان ــ تیپیرەش ــ خوی گـــــەیاندە مالی ــ روزالیس کە لەدەرگایاندا لییان نەکردنەوە ، لورکا زوری هەولدا لەسەربانەوە بوی دەرچیت بەلام ریگەنەبو •• ئنجا دررندەکـــــــانی ــ تیپیرەش ــ دەرگاکەیان شکان ، لورکا کەزانی دەست کردنەوە هیچ سودیك نابەخشـــــی هیچ دەستی لینەکردنەوە ، گرتیانو نـــــایانە ــ ئوتوموبیلیکەوە ــ و تیژ بەناو شارا تیپەربوون ••

وەکو ئەلین ــ لویس روزالیس ــ ی بویژ هەولیـــــکی بی پایانیدا بورزگار کردنی لورکا لەکوشتن بەلام بیسوودبو ، ئەگیرنەوە کــــــە گوایا ــ لویس ــ شەویك تابەیانی هەولی داوە لەگەل یەکی لەسەرکردە

دەستدارەکانی ـ تیپی‌رەش ـ دا بوئەوەی لورکا نەکوژن بەلام بی‌سوودبو ، چونکە ئەو درنجانە وازیان لەکوشتنی لورکا نەئەهینا ئەگەرچـــــــــی گەورەترین بویژی اسپانیاش بیت ..

لەرژی ـ ۱۹ ـ ی ئاغستوسدا لە سەر گردی ـ فیزنار ـ نزیك ـ کانی‌ی فرمیسك ـ لورکای بویژی بزورگیان کوشت ..

ـ کلودکوفون ـ ی میژو نوسی فرەنسی ئەلیت ـ ئەوجورە سزایەی کە هی‌لورکا درا ، وە ئەوچەشنە کوشتنەی‌کە ئەویان کوشت ، ئەمەندە دررندانەبو کەئیستەش خەلکی غرناطە کەبیریان ئەکەویتـــەوە مووچر کەیان پیادیت ، وەبەبی دەنگیەکی خەمگینیەوە سەریان ئەلەقینن‌و بەس ..

ئەوانەی (تیپی‌رەش) ئەیانبردن بوکوشتن بەم چەشنە ئەکوژران : جاری پیش هەموشـــــتیك ، بەزور گورریان بوخویان‌و هاورریکانیــــان پی هەلئەکەندن ، ئنجا ئەیانبردنە لای ـ کاهن ـ یك کەخوی ئەندامە لەتیپی ئەو چەتانەدا ، دوای ئەمە ، پیوەندەکانیان دائەمالین ، وەناچاریان ئەکردن کەراکەن ، کاتی کەرایان ئەکرد لەپشتەوە ئەیاندانە بەر دەسریژ .

بەم چەشنە لورکایان لەتەمەنی ـ ۲۷ ـ سالیدا کوشت ..

بەم چەشنە بلیمە تیکیان هەر زوو لەکیس بەشەردا ..

بەم رەنگە لاپەرە یەکی رەشیان لەمیژودا نوسی ، لاپەرەیەك کـــە لی‌ی نواسروە ـ ئەمەیە تاوان باریتی کونە پەرستەکان ـ .

بەم جورە لاپەرەیەکی خویناویمان لەمیژوی ویژەی گەلی اســـپانیا خویندەوە ..

ئنجا گوی بگرن له ـ ئەنطونیو ـ ماخادوی ـ بویژی اسپانیا کــــه شعرئەلی بو لورکا ••

سەرنجماندا ، ئەرروی ، بیدەنگ (١)
لــــەملاو ، لەولایەوە ، تفەنگ

لەوی ، نزیك ، ئاســـوی رووناك
کوژرا ، بەتفــــــەنگی ناپاك •

دیمان ئەرروی ، لەگەل مەرگا
ـ وورە ـ مەلاس ، لەناو جەرگـــــا

---

(١) ئەم هونراوەیەی ـ ئەنتونیونوماخـــــــادو ـ له ـ دیاری ـ دا بلاو کراوەتەوه لەبەرئەوه بەپیویستم نەزانی هەموی بنوسمەوه ••

# پاراستنی دایك و منال

کەرکوك : کچەکورد : پرشنگ

هەرکەس توزی شارەزایی لە وەزعی ئافرەتانی عیراق و کوردەواری هەبی ، ئاشکرایە لای کە زوربەیان هەمیشە گیرودەی جورە دەردیکن ، وە لە ژیانیانا توشی ئازار و چەرمەسەری وا ئەبن ، کە هەر بەناو بردنیان ئادەمیزاد موچرکە دی بە لەشیا • خو وەزعی ســـــاوایان و ماوەی شیرخواردن و پی‌کرتن و کەوتنە ناوکولان و تا چونە قوتابخانەیان ، هەردەمیکی مایەی هەزار چەشنە نارەحەتی‌یە چ بو ساواکان خویان و چ بو دایکەکانیان !

ژمارەیەکی زور لە ئافرەتەکان بەسەر منالەوە ئەرون گوایە هال و شەوە بردونیەتەوە ساواکانیش زوریان ناژین و مردنی ناوادەیان بە قسەی درو و دەلەسە و پروپوچ پاساو ئەدری •

بی‌گومان ئەم هویانەی مردنی دایکی زەیسان و ساوای خنجیلەی جوان ، هوی راستەقینە نین ، وە لەگەل زانستی‌یا یەك ناکەون ، بەلام ئاخو ئەم دایکانە لەبەرچی پەنائەبەنە بەر ئەو مامانی لاکولان و داودەرمانی پروپیری‌ژنان و قسە پروپوچەکانیان ؟ ئاخو وەزعیکی وایان بو ئامادە کراوە کە بتوانین لەسەر شیوەی علمی تازە منالیان ببی و پەروەردەی بکەن ؟ تا ئیمەش هەقی گلەیی کردنمان ببی لی‌یان و بین بەســـــەرو پوتەلاکیانا ؟

بی‌گومان وەرامی ئەم پرسیارەمان ــ نە ــ یە ، ئیستاش لەم سەدەی پیستەما کە ولاتان هیزی ــ ئەتوم ــ بەکاردینن بو پیش‌خستنی ئادەمیزاد و کە ئەستیرەی دەست‌کرد دوروست ئەکەن و ئەیانەوی بگەنە ئەستیرە گەشەکانی عاسمان ، ئیمە هیشتا لە وەزعی سەدەکانی ناوەراستا ئەژین لە بەشی زوری سوچەکانی ژیانمانا ، هیشتا لە شارە شارەکانیشمانا کـــە گوایە بە قسەی خەلك بە پیشکەوتو دائەنرین ، ئەهیمەتی پیویســـت نەدراوە بە پاراستنی دایکو ساوایان و بە ئامادەکردنی میشکی کومەل بو دەس هەل‌گرتن لەکونی‌رزیو و گرتنە بەری ریگای نوی • ژمارەی ئەو خەستە خانانەی کە منالیان تیا لە دایك ببی هیشـــتا بە پەنجەی دەس ئەژمیرری ، خو ئیتر هیچ باسی گوی‌دان بە ئافرەت پیش منال‌بون و پاش منال‌بونی ناکەم ، چونکە ئەوە لەم وەزعەدا وەك خواردنی ئیمە نیە ! باسی لادی‌یش با هەر ــ دیزە بە دەرخونەبی ــ کـــــــە مەگەر خواو لادی‌یی‌یەکان خویان بزانن چون قوناغی منال‌بون ئەبەنە سەر ؟!

بەلام لە دەرەوەی ولاتی ئیمە ، لە ولاتانی خوا پیداوانا ئەوپەری ئەهمیەت بە منال بون ئەدری ، بە دەها خەستەخانەی منال‌بون و بـــــە سەدەها پزیشکی شارەزای تایبەتی و بەردەسیان تیایە ، لە هەمو کارخانەو کیلگەکانا خەستەخانەی منال‌بون و یانەی منال بەخیوکردن باخچەی ساوایان هەیە ، کە دوکتور و پەروەردەکەری پسپوریان بە سەرەوەیە ، بە شەو و روژ چاودیری‌یان ئەکەن ، ئافرەتانی سك‌پر مانگی چەندجار فەحس ئەکرین • ئافرەتانی سك‌پری ئیشکەر ماوەیەکی زور بەر لە منال‌بون و پاش منال‌بونیان روخسەتیان ئەدریتی بحەسینەوە ، بی ئەوە

که روژانه‌یان پولی که‌م بکا ، خواردنی باش و ده‌رمانی پیویست زورو زه‌به‌نده‌یه• بویه له وولاتا نه‌دا ژماره‌ی ئه‌و ساوایانه‌ی که سال پر ناکه‌نه‌وه ئه‌مرن له ٢٪ تی ناپه‌ری ، که‌چی له ولاتیکی وه‌کو عیراقا له ٤٠٪ زیاتر نه‌بی که‌متر نی‌یه • ئه‌مه جگه له‌و هه‌مو زروفه باشه‌ی که ئاماده ئه‌کری بو منال تا به ته‌ندروستی و وریاو زیره‌ك پی‌بگا وه وكو ساوا به‌سه‌زمانه‌کانی ئیمه نه‌که‌ونه ناوکولان و پیس و پوخل و نه‌خوش نه‌بن و ده‌میان به جنیودان و قسه‌ی ناشیرین و بی ئه‌ده‌بانه و به شه‌رنانه‌وه فیر نه‌بی ••

وولاتانی پیشکه‌وتو زور چاك له‌وه ئه‌گه‌ن که منالی ئه‌مرو دورو سکه‌رانی سبه‌ینی‌ی وولات و بو پیشه‌وه به‌رینی ، وه ئه‌زانن بو سبه‌ینی چ ئه‌رکیکیان ئه‌که‌ویته سه‌رشان به‌رامبه‌ر به گه‌ل و نیشتمانه‌که‌یان و به‌رامبه‌ر به هه‌مو ئاده‌میزاد ، له‌به‌ر ئه‌وه‌یه وا هه‌ول ئه‌ده‌ن بو ئه‌وه منال به له‌ش‌ساغی بیته به‌رهه‌م و له دایك ببی و گه‌وره ببی و به شیوه‌یه‌کی جوان و به که‌لك په‌روه‌رده بکری تا شایانی ئه‌و ئه‌رکه بی که له‌پاشه روژا ئه‌خریته سه‌رشانی •

بی‌گومان ئیمه وه‌نه‌بی له وه‌زعی ئه‌مرومان‌دا چاوه‌روانی ئه‌وه بین که بگه‌ینه‌وه به‌و ولاتانه ، هه‌رچه‌ند ئه‌بی له دواروژا پی‌یان بگرینه‌وه ، به‌لام ئه‌مه مانای وانیه که بی ده‌نگ بین له وه‌زعی ئیستامان ، ئه‌بی ژماره‌یه‌کی زور له خه‌سته‌خانه‌ی منال‌بون و یانه‌ی منال به‌خیوکردن له شاره‌کان و گه‌وره دی‌کانا بکریته‌وه وه بو ناوچه لادی‌یی‌یه‌کان و هوزه

کوچەری یەکانیش خەستەخانەی گەروک دابنری •

وە ئەبی قوتابخـــانەو باخچەی منالانی زور بکریتەوە ، وە بە دەرس‌ووتنەوە و فلیم پیشان‌دانەوە چاوی ئافرەتان بکریتەوە و فیری شیوەی راستی پاراستنی تەندوروستی خویان و منال‌یان و بەخیو کردن‌یان بکرین ••

ئیمە ئەبی چاومان لەپاشەروژیکی زور جوان‌بی بو ساواکانمان کە کولەکەی ژیانی سبەینی‌ی گەل و نیشتمانەکەمانن ، وە بە هەمومانەوە خومان ماندو بکەین بو پیک‌هینانی ژیانیکی جوان و بەختیار بویان •

---

# ووتەی بەجی

– ئەو کەسەی لای وابیت بە پارە هەمو شتیك ئەکریت بەپارە هەمو شتیك ئەکات •

ئەبیتیان رای

– بو چاکە بگەری لە خەلقا بو خراپە لە خوتا •

جەفرسون

– دیل ئەو کەسەیەکە نەتوانی بیری خوی دەربریت •

ئوریبیدسی

– ترسنوك ئەو کەسەیە لەراستی لائەدا •

کونفوشیوس

# منم نەسرین

نەسرین فەخری

گــەر گوێ نەگرن لــە دەنگم
نە پرســـن حـــاڵو رەنگم
پڕ بە دڵ هـــاوار ئەکـــەم
خەو لــە خۆم بێزار ئەکـــەم

چـــەن کەســـی دڵ بریندار
چـــەن بێزار لـــە دەس ئازار
ژینیـــان بوە بە زینـــدان
ئەنالیـــنن بێ ووچـــان

چاو پڕ فرمێســـك هەڵئەبڕێ
نالـــەی پەردەی دڵ ئەدڕێ
چەن کەس لەرێ بەجێمـــاو
بێ هێز کـــەوتوو جەرگ براو

بـــە بە هـــاورێی ئەوان
ئەوان مـــەڕو تۆ شـــوان
ئیتر هـــاوڕیان بەســـە
بەســـە درۆو دەلەســـە

روژی ئیشە نەك قسە
ئیمرۆ رۆژی همەتە
بەدانیشتن زەحمەتە
سەرکەوێ ئەم مللەتە

کەلکی نیە گریەو شین
بەسەر بەستی تێکوشین
ئەوی نەبری رێگای ژین
بی بەشە لە دیناو دین

حەرام کەن لە چاوتان خەو
تێکوشن روژو شەو
تەمەلی بخەنە لاوە
مەلێن هێزمان نەماوە

هێند دانیشتن پشت چەماو
بێ هێز کەوتو بێ هەناو
هەستن پەیاکەن قووەت
بەرەنجێ شان بە همەت

بە تێکوشێن ئەی مللەت
بەرەنجێ شان بە همەت
وەرنە پێشێ وەك بلنگ
پرر کەن ئاسمان لە پرشنگ

تێکوشن شێرانه
بانگ کەن ئیمرو روژمانه
تێکوشن بابزانن
شێرو شیری مەیدانن

نەلێن هیچن بێکارن
لە ژێر غەم لەش بە بارن
ببرن رەگی شکستی
بگرن رێگای سەربەستی

لە سەر داری ژین وەك گوڵ
داگیری کەن چڵ بە چڵ
گەر ئەپرسن لە من کێم ؟
ئەوەم کە ناگۆرم رێم

ئەپرسن شوێنو ناوم ؟
من ئەوەم لە بەر چاوم
بە قەلەم و بە زمان
بۆتانی ئەکەم بەیان

کچە کوردم نەك بە ناو
بە دل وریام و بە چاو
بە هێزو تینی گیانم
بەرەنجو زەبری شانم

به پاکـــــی و راستی ژینـــم
ســــــارێژ ئەکـــەم برینـــــم
ئەوی کـــــە لە دلمـــــایە
نامــــــــرێو ئەگــــــاتە پایە

شـــــــەرتە ئەگـــەر بمێنـــم
حـــــەق لە زور دار بســـێنم
رێی راســــــت بگرم هەتا سەر
نەکــــــەم ئەم بەروو ئەو بەر

مێشـــــــکم هاورێی ژینم بێ
هانەری گشـــــــت تینم بـــێ
پشـــــــــتیوانم بـــێ یەزدان
چرام بی شــــــەوقی ئیمـــــان

---

ـ گیانی سەربەست هەرگیز پیرنابی •

یول ریچارد

ـ ئیش کردن قەرز دانەوەی ژیانە ، پیـــــاوی بی‌ئیش دزی ناو کومەلەکەیەتی •

ڤولتیر

# ئافرەتی سك پڕ

انور کریم
کولیەی پزیشکی

هەمو مروڤێك پێویستە پاریزگاری تەندروستی خوی بکات ، بەلام ئافرەتی سك‌پڕ ئەبی زیاتر ئاگاداری خوی بیت ، چونکە بە پاریزگاری کردنی خوی ، گیانیکی تریش ئەپاریزیت •

بو ئافرەتی سك‌پڕ تەنها تەندروستی لەش بەس نیە ، بەلکو پێویستی بە تەندروستی ( دەرونی ـ نەفسی ـ سایك ) یش هەیە • چونکە هەموو ئافرەتیکی سك‌پڕ ، بەتایبەتی یەکەم سك ، ورە بەرئەداو ئەپەشوکیت‌و ترسی لی‌ئەنیشیت ، بەبی ئەوەی دەری برریت‌و ئەم ترسە لای کەسیك بدرکینی • لەناو ئیمەدا بەشی زوری پەیابوونی ئەم ترسە ، هوی نەفامی‌و زور وتنی بی‌جی‌ی پررو پیریژنانە •

ئەم شلەژانەو ئەوترسە ، زورجار ئەبی بەهوی تەنگ‌و چەلەمە بەلکو مەترسی لە منال‌بوندا وە یان لەلای کەمەوە ئەبیتەهو ی کەم‌بونی شیر ، بەپیچەوانەی ئەمەوە یەکیك‌کە بەخوشی وەهەستیکی واکەئەبیت بەدایك وەشتەکە بەئاسانی ئەخاتە فکریەوە زوربەئاسانی بەبی هیچ تەنگو چەلە مەیەك منالەکەی ئەبیت وە بەئاسانی ئەنجامی دیت ، لە راستیا هیچ مەترسیەك لە سك‌پڕبوون ناکریت ئەگەر ئەو ئافرەتە

ئاگاداری خوی بکاتو وره بەرنەدا ، وەبو دلنیاییو پاریز گاری تەواو پیویستە ئەم ئاموژگاریانە بکریت :

١ ـ وەرزشو حەوانەوەو نوستن :

ئافرەتی سكپرر پیویستە ماسوولـــــكەكانی لەشی وەبەتایبەتی ماسوولكەكانی ســـــكی بەهیز بیت • لەبەر ئەمە پیویستی بە وەرزشیكی لەسەر خوو هیمن هەیە ، وەكو گەرانو پیاســـە كردنیكی كەم •

دوای پینجەم مانگ هاتو چو كردنی دریژ بە ئوتوموبیل باش نیە • وە پیویستی بە حـــــەوانەوەو وچاندان زورە ، وە هەمو پاش نیوەرویەك پیویستە پال كەویت ، هەروەها پیویستە جلو بەرگی تەسك لەبەر نەكات • وەبو نوستن ئەبی شەوی هەشت سەعات كەمتر نەنویت ، وەباشترە ئەگـــــــەر پەنجەرەیەكی ژوورەكە بكریتەوە •

٢ ـ خـــــواردن :ـ

بو ژنی سكپرر خواردنی زور باش نیە ، هەروەهـــا خواردنی كەمیش هەرباش نیە ، بەلكو خواردنیكی بەش كردوو ـ كافی ـ پروتینو ڤیتامین كەلە : شیر ، هیلكە ، گوشت ، كەرە ، پەنیردا زورن ، ئەم خواردنانە بەكەلكن بوسكپرر • هەروەها میوەی تازەو سەوزەش پیویستە • بەلام دوای پینج مانگ ـ خوی ـ نابی زور بخوریت ئاو بەزوری بخوریتەوە ، وە لە مەوادی مەعدەندا

ئاسنو کالیسیوم زور پیویستن بومنال هەروەها بودایکیش ، وە ئەمانە لەو خواردنانەی سەرەوەدا زور هەن بەتایبەتی شیرکەرە پەنیربو کالسیوم وەگوشت ، جگەر ، گورچیلە هیلکەو سەوزە بوئاسن • دوای ئەمانەش پیویستە ـ رەوان ـ بن ، بەلام نەك بەهوی خواردنەوەی ـ مسهل ـ ی زور بەهیزەوە •

٣ ـ خوشـــــتن :ـ

خوشتن هەروەكو جارانی خوی بیت بوكەمو زوری ، بەلام ئاوی زور گەرم یا سارد باش نیە •

٤ ـ بـــــەرگ :ـ

ئەبی لەش بپاریزریت لەجلی تەسكو تروســـك ، بەتایبەتی ناو قەدو مەمك • وەپیلاوی بیپاژنە یان پاژنە نزم لەپی بكریت •

٥ ـ مەمــــــك :ـ

ئەبی هەموو روژیک پاك كریتەوە و بشوریت و وشك كریتەوە بەپەرویەكی نەرمی كەمیك زبر • وەئەگەر مەمك زور شورر بوو ئەبیت هەلواسریت •

جگە لەمانەی باسمان كرد ، پیویستە لەدوو مانــــگی دواییدا ، بەتەواوی خو دوور بخریتەوە لەمیرد •

هەندی ئافرەت هەست بەچەند نەخوشیەك ئەكەن ، وەكو :

١ ـ نەخوشـــــی بەیانیان :ـ

زور ئافرەتی سكپرر كەلەخەو هەلئەسن دلیان تیــــكەل دیت

وئەرشینەوە ، ئەمە بەزوری لەدوەم مانگەوە دەست پی ئەکات وە نزیکەی دوو مانگیك ئەخایینی • ئەم دل تیکەل هاتنە ئەتوانریت چار بکریت ، بەوەی کەبەیانیان لەخەو هەلئەسیت ، یەك دوو پارچە نانی رەقی برژاو یا بسکویت بخون ، پاش ئەوە پیالەیەك چای روون بخونەوە ، انجا نزیکەی سەعاتیك پال کەویتەوە ، وەدوای ئەوە هەلسیت •


ئەگەر بەمە باش نەبوو ، انجا ئەو خواردنەی کە ئەیخوات لە روژیکدا بەسی جار ، بیکات بە پینج یا شەش جار ، بەمەرجیك کە کەم کەم بخوات • وە میوەو شتی سووك بخوات • وەگوشتو چەوری نەخوات تاکو چاك ئەبیتەوە ، وەئەگـــــەر لەماوەی سیّوچوار روژدا بەمەش چـــاك نەبوەوە ئەوا ئەوسا ئەبیت پزیشکی شارەزا ببینیت •

٢ ـ دلـــــــەکزی :ـ

بەزوری لەمانگەکانی دووایدا دەرئەکەویت وەبەزوری بەشـــــەو خراپترە لەروژ ، لەبەر ئەوە رەنگە خەو هەراسان بکات ، جا ئەگەر دل کزیکە کەم بوو ئەوا کەوچکیکی قاوە ـ سودە ـ بکریتە ناو پەرداخیـــــك ئاوی گەرم وەبیخـــــواتەوە ، باش ئەبیت ، وەخواردنەکەشی وەکو لەسەرەوە باسمان کرد ریکی بخات • بەلام ئەگەر هەر مایەوەو چاك نەبو ، ئەوســـــا ئەبیت بچیت بولای پزیشـــــــك •

# هەلگری چرای زانستی

# خواجە ئەفەندی



ناوی عزیز کوری وەسمان ئاغای لە نەوەی علی بانو و لەبنەمالی ناوداری دی گەلالەیە کە چ لە قەلاچوالان و چ لە سلیمانی لەپیشتر پیاوبون لەلای بابانەکان ، وە هەر بە سەروکی هاتون تا دواروژی روژانی بابانەکان •

لەسالی ١٨٤١ م لەدایك بوە و لەسالی ١٩٤٢ دا لەپاش ١٠١ سال ژیان هەر لە سلیمانی کوچی دوایی کردوە •

خوالیخوشبو لەتەمەنی - ٧ - سالیدا خویندەوار بوە لەلای ماموستا ملاسعیدی ئەورە خویندویەتی و رشدیەی ملکی تەواو کردوە •

لەتەمەنی -١٨- سالیدا لەسەر ووتەی ماموستای لەلایەن - کاك ئەحمەدی شیخ - دوە پیی فەرموراوە بو کردنەوەی قوتابخانەیەك •

لەسالی **١٨٥٨** داقوتابخانەیەکی کردەوە ، بە وینەکی‌وا بە قوتابی ئەخویند کە سودی تەواویان لی‌وەرئەگرت ، وە بو بە هوی هان‌دانی هەمو دانیشتوانی شاری سلیمانی بو چونە بەرخویندن ، گەورەو بچوك بەجاریك رویان‌کردە ئەو جیگا پیروزە کە بوبو بە کانگای زانستی • لە چەند سالیکا وای لی‌هات کورەئاغا و کورە کویخاکانی لادیش رویان تی‌کرد ، بەجوریکی وا خویندەواری لەسلیمانی‌دا بلاو بوەوە کە خواجە ئەفەندی توانی هانی‌یان بدات بو کردنەوەی قوتابخانەیەکی بەرزتر لەلای خوی کە میری بویان بکاتەوە •

هەر لەسەر ئەو هان‌دانە سعیدپاشا ی_ صدری اعظم _ کە _ خەلقی سلیمانی‌یە _ دوابەدوای ئەم داواکردنەیان نامەیەکی نارد بو خواجە ئەفەندی بە _ تورکی _ ئەمە کوردیەکەیەتی •

_ ماموستای مەزن خواجە ئەفەندی لە هەمو دەرو دیوانیـــــــکدا چاکەبیژتم ، بو کردنەوەی قوتابخانەکە خەریکم ، نابی ئەو قوتابخانەیە لە پیت‌و پیروزی تو بی‌بەش بیت _•

فریق تحسین پاشای والی کە هاتە سلیمانی لە ریزەی گەرانی بەناو شارا سەری لە قوتابخانەکەی خواجە ئەفەندیش‌دا لە وینەی پی‌خویندنی و ریکوپیکی قوتابیەکانی خوشحال بو لەسەر ئەم پی‌خوشبونەی لەسەر کیسەی میری قوتابخانەکەی بو ریکخست و کورسی و میزی بو درست کرد بە بەزم‌و ئاهەنگیکی گەورەوە بە فەرزەوە لەگەل هەمو پیـــــاوە گەورەو بەریزەکانی سلیمانی‌و بە ئاوازی موسیقای عســــــکری‌یەوە

لەبەردەمی قوتابخانە کەیدا پیروزی خواجە ئەفندی‌یان کرد لەپاشا دو ریگەی بو خواجە ئەفەندی دانا :ـ

١ ـ قوتابخانە کەی بکا بە رەســـــمی و بە ناوی ـ تحسین ـ ەوە ناوببریت ، ئەگەر ئەمە پەسند نەکرا :
٢ ـ لە گەلیا بچیت بو ئەستەمول ، لەوی بیکات بە مأموریکی گەورەو ژوانی دایە کە بیکات بە ـ شیخ الاسلام ـ •

بو ئەم دوو خواستە وەسمان‌ئاغای ڕاوکی ماوەی نەداو هەر لـــە سلیمانی چرای زانستی روژبەروژ لە بروزا بو ، لەو قوتابخانەیە کە ـ سعید پاشا ـ بەناوی رشدیەی عسکری‌وە لە سلیمانی کردی‌یەوە کرا بە ماموستا وە دەرسی تیا ئەووتەوە وە دەرسیکی فەرەنسزیشی ئەدا بە قوتابی‌یە پیشکەوتوەکان •

خوالیخوشبو لە تەمەنی **١٨** سالی‌یەوە تا سالیك پیش کوچ کردنی دوایی لە پیگەیاندن‌و پیشخستنی زانستی لە سلیمانی بی‌ووچان لـــــــە کوشش‌و هەول‌دانا بوە •

# پیش ئەوەی بمرین کاکە شوان

پیش ئەوەی بمرین ! بینە مستی خول
بنیژرینـــــــە ناو قەبری تارو چول

پەپـــــو بیتە سەر گوررمان بخوینی !
ناومان وەك بی‌ناو وون‌بی نەمینی !

دلمان باپرکـــــەین لە خوشــــــەویستی
یەکەم ئامانجمان بیتـــــــە سەربەســـتی

خوشەویســـــــتیە بونیشـــــتمان بی
سەربەســــــتی تەنها ئالای ژیان‌بی !

لاپەررەی میژوو ســـــــورکرا بەخوین
هەزاران مردن بی ســـــەر و بی شـــوین

هینــــــــدە خوینی گەش رژایە بانی
بو بەرزی گەلان بوونە قوربانی !

ئیمـــــــەش مەردانە بازوی لی‌هەلکەین
سستی‌و مەترسی لەدلمان دەرکــــــەین

کوشش کەین لەناو جــــــەرگەی ژیانا
تیکوشــــــــین لەریی مانو نەمانا !!

بی ســـــەر شوری هەلســـــە بشکینـــین
گەلان سەرانســـــــەر بابدرکینـــــــین

بی دەنگی پیشەی بەردو دار ، بتە !
کورد بەش خوراوە بەلام میللەتە !

پیش رەوین ئیمە ! نابی کول بدەین
ریگای تیکوشـــــین نابی چول بکەین

ئەبیت رەنجی زور ، عارەق هەلریژین
بو ئەوەی نەوەی دواروژمان بژین !

کوردستان تاکەی کویلەو پەشیوبی !
ووتەی ئازادی هـــــــەر بوژیر لیوبی

یا دەستە ئەژنو هەژار وەســـــــتابین
گەلان هەلبچن : ئیمەش بوی‌دابین !!

# ملەخری

شیکاگو : دوکتور ت • ب مەریوانی

نەخوشیکی — ساری — یە ڤیروس ، گلاندەکانی (GLAND)

لیك دەئاوسینی ، ڤیروسی ئەم ئەخوشی‌یە پەلاماری گونی — پیاو — وئوڤاری — ژن — ئەوانەی لە تەمەنی بالقی تیپەریان کردوە ئەدا ، دوور نیە ئەوڤیروسە خوی بگەینیتە مێشکی نەخوشەکە ، هەندی نەخوش بەهوی ڤیروسی ئەم نەخوشی‌یەوە گونیان ئەپەنمی کەچی گلاندی لیکیان نائاوسی ئەم نەخوشی‌یە بە دەگمەن نە خوش ئەکوژی •

هوی : هوی‌ئەم نەخوشی‌یە ڤیروسی ملەخری‌یە •

هوی بلاوبوئەوەی :ـ بەهوی لیك‌و ئەو کەلوپەلەی نەخوشـــــەکە بەکاری هیناوە بلاوئەبیتەوە •

لەو روژەوە ڤیروسەکە ئەچیتە لەشی نەخوشەکەوە — ١٢-٢٦- روژی پی‌ئەچی تا نیشانەی دەرئەکەوی • ئەم نەخوشی‌یە کە جاریك توشـــی یەکیك بو جاریکی‌کە توشی نابیتەوە •

ئەم نەخوشی‌یە بەزوری لە زستان‌و بەهارا زورترە •

کورنتیتە :ـ ئەبی نەخوشەکە جیا بکریتەوە تا ئاوســـــاوی گلاندی ئەنیشیتەوە •

پاریزگاری : نابی توخنــــــی ئەوانە بکەوی کە نەخوشـــــی ملەخری‌یان هەیە ، وە ئەبی کەلوپەلو ئەوشتانەی نەخوشەکە بەکاری هیناوە بکولینری‌و پاك بکریتەوە •

چارە کردنی :ـ هیشتا چارەکردنی نەخوشی ملەخری نەدوزرا وەتەوە •

# سەربەستی نووسەر

عبــــدالرزاق بیمار

زور لەمیژە ئەم پرسیارە کراوە ( ئایا نووسەر ، سەربەستە لەوەی دەینوسیت ، یاخو بلیین ، ئایا ئەم نووسەرە حەقە سەربەست بی ؟ )

نووسەر ــ چە هەلبەستهون ( واتا شاعر ) ، یان چیروك نووسی یا ئەدیب ــ مروڤیکە وەکو ئەو مروڤان ، لەسەر زەویدا ئەژین ٠٠ واتا ، بیرو هوشی ، ژیانی ، هەلسانو رابواردنی وەکو خەلکەکەی‌تر وایە ، وەئەوەی بەسەر خەلکەکە دیت ، ئەویش ئامادەیە بەسەریابیت ٠٠ چە خوشی بی یا ناخوشی!٠ ئاهەنگ بی یا شیوەن!٠ ژیان بەهەمو رووەکانیەوە خوی نیشان نووسەر ئەدات ٠٠

نوسەر لیرەدا چە جیاوازیەکی لەگەل خەلکی تردا نیە تەنها ئەوەندە نەبیت وەکو ئیلیا ئەهرەنبورگ دەلی ــ عاطفەی بەهەستترە ــ وەیان گورکی ئەلی ــ نووسەران ئەندازیاری دەروونی خەلکەکـــــەن ــ بویە دەس‌دەکەن بەوینەکیشانی ئەم بینین ــ مشاهدات ــ و هەست کردنانەیان لەژیان‌دا !

بی‌گومان ، سەرنجی هەر نووسەریك لەگەل ئەوانی‌تر گشتیان لەوانەیە یەك نەبیت ٠٠ بەلکو سەرنجو سەیرکردنی نووسەریك لەگەل نووسەریکی‌تر دەگوریت چ بەهوی کاتەوە ــ زەمەن ــ ەوەبیت ، یا بەهوی شوینو دەوروپشـــــــتەوە بیت ٠٠ چ بەهوی پی‌گەیشتنو جوری منالیەتی‌و ژیانی نوسەرەوەبیتو ــ هتد ــ !٠٠

ئەمانەو گەلی هوی تری وەکو خویندەواری زانیاریو سیاسەت کار

دەکەنە سەر ــ بەرو بومی ــ ( واتا ئینتاجی ) نووسەرەکە ، وەبەرەنگیکی تایبەتی رەنگی دەکەن ! وائەکەن •• ــ کوردی ــ هەر ئاخی دلداریو ئاواتی دلو گری جوانی لاویك لەمەیان هەلبەستەکانیەوە بخوینینەوەو ــ بی‌کەس ــ بە بەرەللایی لەنەریتو رەوشتی ئەم دەورە بناســـین •• ــ حاجی قادر ــ بە داخ لەدلو قەلەندەریك بیتە بەرچاوو هەروها ••

نووسەر بایی خوی دیلە ، دیلی ژیانو کومەلو دەروونی خویەتی ! کە ئەنووسیت هەرچونیك بیت ئامانجی لەم نووسینەدا مورکیکی ــطابعــ تایبەتی هەر پیوەئەبیت •• ئەم موركو دروشمەش ئەوەبو کەمیـــکی لی‌وە دواین •

بەلام زور لەرەخنەگرەکانی بیگانە ــ پیاو راست بلی لەناو خوماندا ئەم جورەکەسانە کەمن ــ • وەگەلیکیش لەنووسەرەکان لەعاســـتیی مروڤایەتی سەر بلند ناکەن وە نایانەوی قەوماوو راستەو خوی ژیانی خویانو گەلەکەی خویان ببینن‌و لەناویا بژین •• نایانەوی خو بەیەکیك لەرولەی ئەو سەردەمە بژمیرن ، بەلکو جیگای نەرمو گەرمی قەلای ئاوریشمین‌و بیرو لیکدانەوەی پر لەخەون‌و خەوبینین‌و گەران لە دەریای خەیال‌و مانەوە لەکوشکی گوشەگیری وهەلاتن •• ئەمـــانە بەمەیدانی خەباتو ژیانی‌و واقعی بەئازارو پیویست بەئیش‌و تەلاش ناگورنەوە !

ئەوەش هەمووی بە بیانوی ئەوەوە کە ــ نووسەر سەربەستە ! ــ ، سەربەستە لەوەی ئەینووسی •• بام باسەکەی پووچو بی‌کەلك‌بیت ، خو ، پەیرەوی هونەری نووسینی کردوە •• خو بەووشەی پر موســـیقاو بەندو گردەی ــجوملەیــ وەستایانە رازاندویەتیەوەو سەرتاپا ئەدەبەکەی پارچە شوشەیکە لەجوانی •• هەروەها دەلین •• ئەدەب جوانیە وەبو

هینانەدی ئەم جوانیە نووسەر هەول ئەدات •

لیرەدا نامەوی بەدریژی باسی ئەوە بکەم کەئایا ئەدەب بوجوانیە یان بوگەلە چونکە زور باسکراوە ، بەلام ئەوەی هینامیە سەر ئەم باسە ئەوەبوو کەئەو نووسەرانەی نایانەوی راستەقینەی ژیان ببینن و شان نادەنە بەر پیویستی مروڤایەتی بیانویان – سەربەستی نووسەرە ! – بەلام کەسەیری بەرو بومیان ئەکەیت ، دەبینی ئەو جوانیەی ئەوان دەیپەرستن وبەدویا ویلن •• وەکردوویانە بە – مەتاری – خوپاراستن لەهیرشی دوژمنەکانیان ! ئەم جوانیە – سەرپوشیە – داویانە بەسەر ناتوانایەتی و بەزینیان لەژیان وە رەنگیکە بیرو باوەری خاکەو بەرچاو رەشی و بی‌خەمی خویان پی رەنگین کردوە •• لیرەوە دەردەکەوی ، ئەم شتانە رەوشتیانە بویە نایەنە ژیر باری گەلو نیشتمان و مروڤایەتی •• وەبی گومانم لەوە هەمو کوردیك دەزانی کەئەم رەوشتانە لەگەل سروشتی پیاو زور دوورەو ناگونجیت ••

لەلایەکی تریشەوە کومەلیکی تر هەیە کەلای وایە پیویستە – نووسەر – بە بیرو باوەریکی تایبەتیەوە بەند بکری •• بەتایبەتی کەلە کومەلەیەك یان لەپارتیکی سیاسی ئیشی کرد •• بیرو بەهرەی خوی لەناو ئەم پارتە یائەم کومەلەیە بتوی‌نیتەوە ، بو هەر رووداویك کومەلەکەی بکا بەکانیاویك الهام‌وشیوەی نووسینی لی هەل‌هینجی ! ئەمە ، ئەگەر ، لەگەلیك جارا راستیش بیت •• ببرای‌ببرای لەگشت جارەکانا راست نابیت ! بام ئەم کومەلانەش هەرپیش کەوتووبن ، بەلام وەکو ئەهرەنبورگ لەووتاریکیا لەژیر ناوی ( بەلی ، ئەدەبەکەمان بەلایەن نیە ! ) دەلی ( ئەمە شتیکە لەخورسکەوەیە [1] ) کە نووسەران هەندی

(١) مانای ئەمە شتیکی تەبیعیە •

شتیان خوش‌بویت‌و ڤینیشیان لەهەندی شتی‌تر ببیتەوە • ئەگـــەر ئەو نووسەرانە لەخەلکەکەی هاو ــ چەرخیان جیابن ، جیاوازیەکەیان ئەوەیە کە عاتیفەیان بەهەست ترە وکز نیە •• )

دەتوانین بلیین مانای ئەوەیە بیرو باوەری پیش‌کەوتوانە ریگە لە سەربەستی نووسەر بەتەواوی ناگریت ••

بەلام ناش‌هیلی نووســـەر بەرەللابیت بەجاریک •• چونـــکە سەربەستی‌تەواو بەرەللابوون‌و ـ پی‌لی‌هەلبرین ــ نیە ، وەهیچ‌کاتیک مانای ئەوەنیە گوی‌نەدەیتە یاساو رەوشتی مروڤایەتی ! بەلکوسەربەستی بەژیانەوەو بەرووداوی پیش‌چاوەوە بەستراوەتەوە • سەربەستی‌ئەوەیە ، بەهوی زانین‌و هەستی خوتەوە پاش سەرنج دانی ئیستا و دواروژ ، لیکدانەوەی بەرژەوەندی کومەلەوە هەنگاو بهــــاوی. •• ئەوەیە سەربەستی ، نەك هەر شتیك ئارەزوو دلت کاری کردە سەر هوش‌و هەست وپالی پیوەنایت‌بیکەیت •• سەربەستیت لەئەم ئیشە !

کەوابی سەربەستی ئارەزویەکی بی تویکل‌نیە •• نووسەر بتوانی بیکاتە داردەستی‌خوی • انجا کەزانیمان سەربەستی لەچاو ــ بەنیسبەت ــ نووسەرەوە چونەوچون‌نیە ،دی‌ینەوە سەرباسەکەمان ئەلی‌ین ئەوکەسانەی دەیانەوی ــ نووسەر ــ سەربەستیەکی بی‌گیرانەوەی نەبیت وبی‌پەروا نەبیت وەدەیانەوی نووسەر دیلیش‌بیت •• بیانویان ــ واقیعیەتە ! ــ •• بەلام واقیعیەتیش هەرچەندە ئامانجیکی بەرزو پیروزە وریگەیەکی پاکە نووسەر دەیگری •• ئەگەر نەزانرا بەریگەی راستی خوی بەکاربهینریت ئەوا نووسەر پی‌ی‌ئەگوتری ــ دیل ــ بەهەمو مانایەکەوە ! هەروەکو لە لەدواییدا باسی دەکەین •

# موزارت

باکوری ـ کویە



٢٠٢ ســـــال لەمەوپیش لەسالی ١٧٥٦ دا لە شاریکی بچوکی نەمســـــا کە ناوی ـ سالزبورگ ـ ە ـ موزارت ـ موسیقاری بەناوبانگ لەدایک بوە • باوکی موزارت (ئەرغن) ژەنیک بو لە کەنیسەی شارەکـــــــە

هەروەها دەرسی تایبەتی موسیقای ئەووتەوە بە منالی دەولەمەندەکان ، کەچی لەگەل ئەوەشا ژیانیکی ـکولەمەرگیـ و بەهەزارحال خیزانەکەی پی ئەبرد بەریوە ، بەم جورە موزارت ـ لەبەر دەست کورتی ـ نەیتوانیوە بچیتە قوتابخانە یا لە زانیستگایەکا بخوینیت ، بەلام موزارت خوی هەر لە منالیەوە بلیمەتو زیرەك بوو هەمیشە لاسایی باوکی ئەکردەوە هەر باوکی لە مالەوە نەبوایە ئەچوە سەر پیانوکەی باوکیو زور بە ریکوپیکی دەستی ئەکردبەلیدانی ، لە تەمەنی سێ سالیدا بو کە روژیکیان باوکی ئەبینی ئەوا لە ژورەوە بەتەنها دانیشتوەو شتیکی بەدەستەوەیە ئەنوسی لیی نزیك بوەوە وپرسی :

ـ کورم ئەوە چی ئەکەی ؟

ـ پارچەیە موسیقا ئەنوسمەوە بابەگیان !

کە لی‌ی نزیك کەوتەوە بینی ئەوا پارچە موسیقایەکی زور جوانی نوسیوەتەوە ، سەری سورما چون لەم تەمەنەدا منال بتوانی‌شـــــتی وا درست‌بکات ! پی‌ی ووت ئەتوانی ئەم پارچەیە لەسەر پیانو لی‌بدەیت ؟• دەست‌بەجی موزارت بە دلیکی پر بروا بەخو هەستاو چوە سەر پیانوکەو دەستی کرد بەلیدانی ، باوکی ? ئەمەی دی لە خوشـــــیانا گرتی‌یە باوەشی‌و ماچیکی گەرمی کرد •

موزارت لەتەمەنی شەش سالیا ناوبانگی بە هەمو لایەکی وولاتی نەمسادا بلاو بوبوەوە ، روژیك قەرالیچە بانگی ئەکا بو ئا هەنگیکی شاهانە پاش ئەوەی بە بانگ کراوەکانی ئەناسی لی‌ی ئەپرسی :

ـ ئەتوانی لەم ئاهەنگەدا پارچەیە موسیقامان بو لی‌بدەیت ؟

ئەمیش زور لەسەر خوو بە هیمنی ئەلی :

ـ بەلی زور چاك ئامادەم کە جوانترین پارچە موسیقایەکتان پیشکەش بکەم چونکە ئەوەندە بروام بەخوم هەیە کە هەلەی تیا ناکەم ، ئەمەی ووتو : روی کردە سەرشانوکەو دەستی‌کرد بەلیدان ، بەلام چ لیدانیك بە جوریکی ئەوتو کە هەمو دانیشتوەکانی ئەو ئاهەنـــــگە بە تەواوی سەرسام بون و واقیان وورما لەم بلیمەتە بچوکە سەیرە !

موزارت بە هەمو وولاتانی ئەوروپادا گەراوە ناوی بە هـــــەمو شوینیکی روژهەلاتو روژئاوادا بلاو بوبوەوە ، وەگەلیك ـ سیمفونیە ـی نایاب و خوشی نوسیوەتەوە •

ئەم هونەروەرە ئەگەر چی سەرتاپا لەتەمەنی ژیانیدا دەستکورتو هەمو روژیکی بە کەساسی چوتە سەر بەلام لەگەل ئەوەشا هەمیشە دلیکی پر نەشئەو دلی زور بە دنیاوە بوە ، مالەکەی کردوە بە جیی کوبونەوە ، وەتا ئەو کاتەی گیانی سپاردوە ـ کەژیانیکی کورت تەنها **٣٥** سال ژیاوە ـ هەر لەگەل موسیقاو بە نوسینەوەی ـ سیمفونیە ـ وە خەریك بوە ، تا لە سالی **١٧٩١** دا کوچی دوایی کردوە •

ووتو :

## با پی بزانین

ئەو پیاوانەی دلسوزو نیشتمان پەروەربن تەنیا بەقسە نا ، بەلکو ، بەسەرو مالیانەوە خزمەت ئەکەن • یەکیك لەم مروڤانەش کـــــاك رەشید عارفە ، کە لەهەمو هەلیکا بوپیشکەوتنی خویندەواری خزمەتی کردووە• جگە لە گەلی یاریەدانی ترودەرهینانی گوڤاری هیـــــوا وا بولەچاپدانی میژووی کورد و کوردوستان دووسەد دیناری تری بە لیژنەی هیوا بەخشی •

بەم بونەیەوە بەناوی گشت خویندەوارانەوە سوپاسی ئەم پیـــــاوە دلسوزەمان ئەکەین‌و ئەخوازین وینەیان فرەبیت •

# یادو پەیمـــــان

کرمانـــــج

لێرەدا نێژرای باوکـــــی نازدارم
بەبەرگی خوینین سەر بڵندو بەرز
بۆچی نابیسم پەرچی پرسیارم ؟!
چونکە تۆ نوستوی لەناو تویی ئەرز
منیش بەجی مام بەبی پشتیوان
بابەگیان کوانی نازی جـــــارانت
لەخوشەویستیت بۆچی بێبەش بوم
کوا تاسەی بەکوڵ ، یا ، دیاری جوانت
وەرام بۆ هوشی شیواوو تیکچووم
تاکو بوت بڵیم بەستەی نیشتمان
تو لەژیر خاکای ؟ چون باوەر بکەم
کەواتە باوەك بارانی بەهـــــار
فرمیسك بریژم گورەکەت تەرر کەم
چونکە کوڵی دڵ گەرمەو بەئازار
بۆکوچی ناکات هی توی نەوجوان
ئامانجـــــم بەرزە ، بابە بزانە
ئەو رییەی گرتت منیش ئەیگرم
بوئەم وولاتە ئەم کوردســـــتانە
قورگی دوژمنی خوینە خوی ئەدرم
ایتر تو بنو منیش بو کاروان




# لەریگای یەك بوونی زمانەکەمانا

بەپێ نوسی : سەرکەوت هوشیار
قوتابی زانســـتگای دەرمانچی‌تی
لەبەغـدا

لەژمارەی مانگی پیشوی گوڤاری هیوای نازداردا ووتاریکی گەلیك بەنرخم خویندەوە لەژیر ناوی ـ نوسینی تیپی ( دال ) بەشیوەی سلیمانی ـ کە لەلالایەن کاك فوئاد زەکی هەنارەوە نوسرابو • لەووتارەکەیدا ئەوەی باس کردبو کەچون قوت دانو گورینی تیپی ـ دال ـ لەشیوەی سلیمانیدا دەبیتە دواکەوتنی زمانەکەمان •• بەلی ئەمەراستە وەمن تائیرە لەگـــەل کاك فوئاد دام •• بەلام ئەوەی کەسەرنجی راکیشام ئەوەبو کە ئەو خوشی لەهەمان کاتدا ئەو هەلەیەی کردووە وەکو : لەسەرەتای ووتارەکەیدا لەباتی بنوسیت ـ دەزانین ـ نوسیبوی ـ ئەزانین ـ وەلەباتی ـ دەمەویت ـ نوسیبوی ـ ئەمەوی ـ ••و• لەباتی ـ دەتوانم بلیم ـ نوســـــیبوی ـ ئەتوانم بلیم ـ •• ئەمەوا ••

بەلام ـ ئەی کاکی خوشەویست ـ تو بوچی لەووشەی ـ دەمەویت ـ دا تیپی ـت ـ کە لەدوایی ووشەکەدایە نەت نوسیووە بەلکو تەنها نوسیوتە

ـئەمەوی ـ چونکە ئاشکرایە کە نەژادی ـاصلی ـ ووشەکە ـدەمەویت ـە نەك ـ ئەمەوی ـ • برادەر : ئەگەر ئیمە لەمتیپ نەنوسین و قوتدان و گورینە بکولینەوە ئەوە باسیکی زور قولی دەویت چونکە هەر شیوەیەك لەزمانی کوردی دا وەکو (١) ـ کرمانجی ، لوری ، گورانی ، زازایی ـ دەکریت بەچەند بەشیکەوە وەکو لەشیوەی کرمانجی دا دەبیت بەکرمانجی سەرو ـ شمالی ـ وەکرمانجی خواروو ـ جنوبی ـ وە کرمانجی سەروش دەبیتە بەشی پچوکتر وەکو ـ بایزیدی ، بوتانی ، ئاشتیایی ، هەکاری ، وەبادینانی ـ •• ئینجا بەمەدا بوە ٪ روون دەبیتەوە کەهەر شیوەیەك جورە گوفتوگویەکی تایبەتی جیاوازی هەیە وەهەرشیوەیە لەسنوری ناوچەیەك دا بەکار دەهینریت •

هاوریێ خوشەویست : پیویسترین شت بەلکو گرنگترین شت ئەوەیە کەئەم هەمو شیوانەی زمانەکەمان یەك بخەین •• ئەمەش کاریکی ئاسان نیە بەلکوبە رەنجوتەقەلایەکی بی ووچان و دلسوزانە دیتە بەرهەم •• بوگەیشتنە ئەم ئامانجەش باشترین وە پیویسترین شت ئەوەیە کە کوزمانیکی کوردی ـ مجمع لغوی ـ پیك بهینریت بوزمانەکەمان نەك تەنها بوشیوەیەك بەلکو بوهەمو شیوەکان زانایان و نوسەران وبییر روناکان لەهەموشیوەکـــاندا دەبیت تیایدا بەشداربن بەوهیوایە کـــە بناغەیەکی پولای بەهیز بو زمانەکەمان دابمرزینین وەهەمو شیوەکان لەیەکتری نزیك بـــکەنەوە

(١) بوشارە زایی لەشیوەکانی زمانی کوردی داسەیری پەراوی ئەشکەوتەکەی گوندوك بکەن ،

وەشیوەیەکی تایەبەتی پیك بهینین کە هەمو کوردیك پیی بنووسیتو بخوینیتەوەو بدویت •

ئینجا دەبیت لیرەشدا ئەوەشمان لەیاد نەچیت کـــە بلاوکردنەوەو فیربونی ـ نوسینی کوردی بەتیپی لاتینی ـ هویەکە بوهینانە دی ئەم ئامانجە چونکە بی‌گومان تەنها بەهوی بەکارهینانی ئەم تیپە لاتینیانەوە دەتوانین پرکیکی ـ املاء ـ تەواو راستو دروست بوزمانەکەمان دابنین چونکە ئاشکرایە نوسینی زمانەکەمان بەم تیپە عەرەبیانە گەلیـــــــــك تەنگوچەلەمەی دیتەری کەماموستای بەریز جەمال نەبەز لەپەراوەکەیدا ـ نوسینی کوردی لاتینی ـ دا بەدوورودریژی باسی‌کردووە •

ئینجا (ئەی خویندەواری خوشەویست) تیکوشە لەریگای پیش‌خستنی زمانەکەتدا •• تی‌کوشە لەریـــــگای بەرزکردنەوەی میژوو ویژەی کورد دا •• سامانی نەتەوایتیمان بوژینەوە کەلەپووری ـ میراث ـ رابوردومان بهینەوەیاد و سودی‌لی وەربگرە چونکە بی‌گومان سەرەتای هەمو گوررانو پیش‌کەوتنیك لەکونەوە دەست پی‌ئەکات بەرەوتازە ••

لەکوتایشدا تکای لی‌بوردن لەکاك‌فوئاد ئەکەم وسپاسیشی ئەکـــەم کەریگای ئەوەی دام توزیك لەم باسە بدویم •

# گیانی مەولەوی



دل دیارنیـــــە هەی نەی کردبی
هانای بوخزمــــــەت ئازیز بردبی

ئیستامن هاوار بەرم بو لای کـــــی
چون بەنابەدل ریم لەبەر دەچی

دلیش بی سوتاو هەردەیش زور سەختە
هاوارە نەسیم بمگەری وەختـــــە

دل بگیرەوە خوت بچو لای لەیل
بلی شیتەکەی دل لەخەما کەیل

بیزارە لەدەست چاوو دلی خوی
هەردو لی ی یاخین ئەمیش بیانو توی

چاو لەبەر ئەمەی کـــەتو نابینی
دلیش کەســــــوتا چاری نامینی

کورەی دەرونم وای گر گرتووە
ســـمد لانەی خوی تیـــاکردووە

گیانە فیداتبم جەبین پەرەی گول
بوم داگیرنەکری نەچـــــاوو نەدل

بـــــگەرە فریام ئامان هـــــانایە
وەرە بانەلین ســـــــەیرکە هانایە

چاو ئاشتەوەکە بەو شوعلەی نورە
دلیش جیی خوتە پییدا رابورە

بەلکو دیدەو دل بینە سروشـــــت
هەردو بەندەی تون بالەدەست نەچن

# پایز

هەلبەستی لامارتین

گورینی : دلزار : لەعەرەبیەوە

سلاویك ئەی دارستانە تاج بەسەرەکانی پاشماوەی گولان •

ئەی گەلا زەردە پەرش‌و بلاوەکان بەسەر گیادا •

سلاویك ئەی دوا روژە جوانەکان •

شیوەنی سروشت لەگەل ئازارا چاك ریك ئەکەوی و جوان دیتە بەرچـــــاوم •

★ ★ ★

بە هەنگاویکی خوالوەوە لەرییەکی چولا ئەرروم •

ئەمەوی بو دوا جار ئەم خورە زەرد هەلگەرراوە ببینمەوە کەبە حال تیشکە کزەکەی ریگام بو روون ئەکاتەوە لەتا ریکایی دارستاندا •

★ ★ ★

بەلی لەم روژانەدا کە سروشـــــتیان‌تیا ئەمری ، چـــــاوە بەقوولا چووەکانی سیحراوی تر ئەبینم •

ئەمە بەری کردنی هاورری یەکە •

ئەمە دوا زەردە خەنەیە بەسەر لیوما ئەکیشری ، وەهەتا هـــــەتایی ئەکەونە سەریەك •

★ ★ ★

ئاوا ئامادەم بو بەجی هیشتنی ئاسوی ژیان شیوەن بوهیوای زور

ژیان ئەکەم کە نەهاتە دی •

بەرەو دوا ئەکشیمەوەو بەحەسودی سەیری بەهەشتیك ئەکەم کە تامم لی وەر نەگرت !

★ ★ ★

ئەی زەمین ، ئەی خور ، ئەی شیوەکان ، ئەی سروشتی جوانی شیرین ، فرمیسکیکتان لەسەرمە ئەی ریژمو لەسەر لیوی گوررم •

چەند خوشە سروەی شەمالو چەند پاکە رووناکیو چەند جوانە خور لەبەر چاوی ئەو کەسەی دووا هەناسە ئەدا •

★ ★ ★

ئیستا ئەمەوی تادووا دلوپ ئەم شووشەیە بخومەوە کە تالیو شیرینی یەك ئەخاتەوە ، بەشکوو لەناو بنکی ئەو پیالەیەدا کەژیانم پی ئەخواردەوە دلوپیك لە هەنگوین ببینم •

★ ★ ★

ئەگەر کەسیکم خوش بویستایە تکام ئەکرد روژیك بەختیار بومایە• لەوانەشە لەناو گەلدا گیانیك هەبی کەمن نایزانم لەگیانی منئەگـــــاو خوشەویستیم لەگەلدا ئەگوریتەوە ، بەلام هەیهوو !

گول هەل ئەوەریو بونی خوش تیکەل بەهەناسەی نەسیم ئەکـــا ئائەمەیە دوعا خوازی لەژیانو خور ، بەلام من ،ئەمرمو گیانم لەکاتی مردنا بەرز ئەبیتەوە وەك ئاوازیکی غەمگینی موسیقا !

★ ★ ★

# هیواو خوینەوارانی :ـ

لە ژمارە شەشی گوڤاری هیوادا گرەوی پەسندکردنی دروشمیکمان بلاو کردبوەوە ، دوا کاتی هەلبژاردن خرایە روژی ــ ۲۱ ــ ی مانگی نەوروز ، ئەوانەی تا ئیستا دروشمیان بو ناردوین : کاك جەمال بەختیار وە ماموستا شاکر عارف لە سلیمانی وە کاك عبدالله نجم سراج پیشـــەکی سوپاسیان ئەکەین •

کاك اکرم فوزی قوتابی پولی پینجەمی قوتابخانەی ثانوی لە سلیمانی نامەیەکی بو ناردوین ئەلی : ( لەژمارە ــ۷ــ هیوادا گورینیك بەناوی کاك ع • ر پەروش بلاو کراوەتەوە کە ئەم گورینە لە سالی ۱۹٤۰ ژمارە ــ ۱۰ ــ گەلاویژدا لەژیر ناوی کاك عمر قەزازدا بلاوکراوەتەوە ) ئینجا نازانین کاك پەروش خوی چی ئەلیت ؟ •

هەروەها کاك ساجد ئاواریش چیروکی مانگ گیرانی بو هیواو هەتاو ناردبو بە ریکەوت لە هەردو گوڤارەکەدا بلاو کرایەوە ••

کاك ساجد لام وایە توش ئەمەت بە دل نەبیت ، ئومید ئەکـــەین جاریکی تر شتی وا لە ئیوە وە نە لەهیچ نوســـەریکی‌تری بەریزەوە دوبارە نەکریتەوە •

ماموستا طاهر احمد حویزی لە باسی نوسینی میژوی ــ کویە ــ دا گلەیی کردوە کە دەستکاری کراوە •

کاك طاهر نوسینەکەت لەلامانە وە ئەو دەستکاری‌یە نەکراوە کەمانای


نوسراوەکەت بگوری ئەگەر گورینی هەندی لە ووشە بیـــــگانەکان یا لەنگەکان بە دەستکاری دابنیت ئەوا بزانە کە ئیمە نەوەکو تەنهـــا لەنوسراوەکەی تودا بەلکو بەم شیوەیە دەستکاری نوســـــراوی تریش کراوە ، چونکە ئیمە بە پیویستی ئەزانین ئەم جورە دەستکاری‌یە چ لـــە ئیملاو چ لە گورینی ووشە بیگانەکانا بکەین •

کاك غفور سعید نامەکەت گەیشت زور سوپاسی بیرو هەستت ئەکەین وە هەروەکو لەمەوپیش بلاومان کردوتەوە هەر نوسراویك ســـــوودی گشتی تیا بیتو بواری بلاو کردنەوەی هەبی وەلیژنەی بریاری لەسەر بدات بلاو ئەکریتەوە ، بو ئەو ژمارانەی پیتان نەگەیشتوە لە پوستەخانە پرسیار بکەن ، ئەگەر نەبو ئاگادارمان بکە •

---

# مەبو تومە توبوکیتە ؟

ئەگەر ویستت بەنرخیکی هەرزان دارو تەختەی ساجو جاوی‌و چام‌و معاکس بکریت هیچ مەوەستە ، لەبەغداد بچورە شەقامی سباع بەتەنیشت دارتاشخانەی ئەبو عـــلی‌یەوە دوکانی ژمارە ٥د°ـ١ـ٨٨ لای کاك **عبدالحسين علي فەیلی** لەوی بەئامانجی خوت ئەگەیت •




# نامەیەك بو دلسوزانی کورد

لەدوای ئاواتی ژیانی کامەرانی‌تان ، ئیوه کەنیشتمان پەروەریکی دلسوزن داواتان لی‌ئەکەین بوسودی گشتی یارمەتیمان بدەن :

یانەی سەرکەوتن کەدروشمیکی کوردەواری‌یەو بوخزمەت کردنی قوتابیانی دەس کورت و باوی خویندەواری گـــەلی کورد کراوەتەوە وهەول‌ئەدا پیویستە نیشتمان پەروەریکی وەك ئیوەی دلســـوزو بەریز دەستی یارمەتی بو دریژبکاتو بەپی‌ی توواناییی مالی ، سالانە وەیا مانگانە یەك بوئەم کوگای خیرە ببرنەوە کە بتوانریت ئەرکی‌ئەم خزمەتکردنە بگرینە ئەستوو خزمەتی نەوەکانی دواروژمان بکەین‌و پی‌یان بـــگەیەنین ئیتر لەگەل چاوەڕووانی کردنی کیسەی کراوەی کەرەمتانا پیشەکی سوپاستان ئەکەین ، کاکی گەورەمان •

رشید عارف
باوەرپی کراوی‌یانە

# پاشماوەی کاروانە

محمد سعید جاف

چونکە جەردە ریگای لی گرتوین پیویستە خومان نەدەین بەدەستیانەوە بەهەرچی تواناماں هەیە بەرگرییان بکەین • یەکی لەجەردەکان گویی لەم گفتوگویە بو بە دەنگیکی بەرز وتی بەهاورییکانی : وادەرئەکەویت ئەم کاروانە • ناوبانگی ایمەیان نەبیستبیت کەوابو تەنها بەبردنی بارەکانیان رازی نەبین پیویستە هەمویان بەگوللە قوربکەین بوئەوەی چاویی دانیشتوانی ئەم وولاتەی پیبترسینین تاکەسیتر نەویریت بەر هەلستیمان بکا • جەردەکان لەم قسانەدابون یەکیکیان پربەدەم هاوارییکرد ئای کوژرام • سەرکاروان وەهاورییکانی دوای ئەوەی بریاریاندا خویان بەدەستەوە نەدەن • هەمویان لە وولاخەکانیان دابەزین هەشت کەسیان ئاگاداریی وولاخەکانیان کرد بوئەوەی لەتەقەی تفەنگ رانەکەن وەلییان گوم نەبیت یانزەپیاوەکەیتریان لەگەل سەرەك کارواندا هەر یەکو دوانیان چونە پال بەردیك وەخویان ئامادەکرد بوشەر کردن لەگەل جەردەکان • لەبەر ئەوەی بەرچاویان زور تاریكبو هیچ لایەكیان یەکترییان نەئەبینی • وتی بەیەکی لەهاورییکانی کەلە تەنیشتیەوەبو • نیازم وایە بەخەنجەر پەلاماریی جەردەکان بدەم • چونکی بەتەقە تفەنگ لەدەستیان رزگار نابین • وەلەدەنگی تفەنگ هاوریی کە بو جەردەکان پەیدا ئەبیت • هاوری کەی لە وەلامدا بەسەروکەکەی وتبرام ئەم بیرەی تو زور خەتەریی

تی‌دایه • چونکی ئەوان چوار کەسن بەبی گومان هیچ سودیکی نیــــە یەکیکیانت کوشت ئەو سیانەکەی تر توئەکوژنەوە • سەروك وتی براگیان بیری ترس بلاو مەکەرەوە ، بەلکو بیریی هیوا وەسەرکەوتن بخەرە میشك‌مانەوە • سەروك لەراستی بلاچەی تەقەی تفەنگی جەردەکان ، رویشت هەتا نزیك‌یان بوەوە • خەنجەرەکەی هەل‌کیشا پەلاماریی‌دان • لەبەر تاریکی ئاگایان لی‌نەبو هتاوەکو لەپشتەوە یەکی لەجەردەکانی دایە بەر خەنجەر وەکو لەپی‌شا باس‌مان کرد پربەدەنگ هاواریی کردئای کوژرام •• جەردەکان زانی‌یان یەکی لەهاوریی‌کان‌یان کوژرا ترس‌یان لی‌نیشت • وەبە پەشوکاویو پەلەپەل رایان کرد • هاوریی کەیان بەجی هیشت • بەبی ئەوەی بزانن چی بەسەر هات • سەروك دو خەنجەری یەك لەسەریەك دابو لەوجەردەیە • لەپاش ماوەیەکی کەم بەدەم هاوارو ژانەوە گیانی دەرچو • بەلام سەروك لەودو خەنجەرە زیاتر کەلە پیشا لی دابو • خەنجەریی تریی لی نەدا • چونکی بەنامەردی ئەزانی دوای ئەوەی بریندار بو • وەهاوریی کانی رایان کرد لەوە زیاتر خەنجەری لی‌بدات وەبەتەوایی لەگیانی بکا دوای ئەوەی جەردەکان رایان کرد • سەرکاروان بانگی هاوریی‌کانی کرد پی‌وتن بەگورجی ســــــواربن ولاخەکان‌تان بینن بوئەوەی لەم تەنگانە رزگار ببین • نەوەکـــــو جەردەکان دوبارە هاواریی‌یان بوبیت وەریگەمان لی‌بگرنەوە چونکی یەکی لەجەردەکان کوژرا • وەئەوانی تریان رایان‌کرد • کاروان بەپەلە پەل سواربون وەتەرمی جەردەیان بەجی هیشت • لەپاش نیوسعات ریی کردن سەر کاروان سەرنجی سەر لوتکەی شاخی لای روژهە لاتی‌دا• روشنایی

شەفەقی لی دەرکەوت • لای کردەوە بولای هاوریی‌کانی • وەکـــو مژدەیان بداتی پی ووتن •

ئەوا شەفەقی‌دا گیتی روناك ئەبی‌تەوە • ایمەیش • لە دەردیی تاریکی ئەمشەو رزگارمان ئەبیت • بو روژکەوتن گەیشتنە دیی‌خان • لەویی هیچ ترسی ئەوەیان نەما جەردە روت‌یان بکاتەوە • چونـــکی لەبەر هوشیاریی وەیەکی‌تی ئەوناوچەیە • دزو جەردە • نە یان ئەویرا لەو ناوچەیەدا • جەردەیی وەدەست دریژیی بکەن • کاروان بەم جورە لەدەست دزو جەردەو سەرماو تاریکی رزگاریان بو • لەپاش چەند روژیك دەنگو باسی کوژرانی یەکی لەسەر جەردەکانی ئەو ناوچەیە بەدەستی کاروانیکی کورد بلاوبوەوە •• سەر دەق شـــــکا بوئەوەی دانیشتوانی نیشتمان بتوانن وەبزانن بەرهەلستی دزە داگیرکـــەرەکان بکەن •• دوای ئەم کارەساتە سامی دزو جەردەکان لەبەر چاوی گەلی وولات شکا لەهەمو لایەکەوە شورشو تەقە تفەنگ بەرامبەر بەو داگیر کەرانە دەستی پی‌کرد • دوای چەند مانگیك شـــەرو خوین رشتن • وولات‌یان لەو جەردە ناپاکانە پاك کردەوە وەگەلو وولات‌یان خســـنە ژیانیکی ئاسایشەوە •

# پاشماوەی جەلالی

نووسینی ئەحمـــەد خواجە

وەنەبی لەمێژوی تورکیادا پیش هەستانی جەلال یاخیەتی رووی نەدابی ، هەر لەکاتی دەس روینی دووەمین سولتانی ســـلجوقیەکان غیاثالدین کەیخەسرەو لەسالی ١٢٤٠ دا یاخیەتی بابا ئیســــحاقی بەناوبانگ ، لەکاتی چەلەبی محمدی حکومداری عثمانیدا ، شـــیخ بدالدینو خەلیفەکەی مصــــطفیناو ، لەوەختی بایزیدی دووەمـــدا لەدەوروپشتی انطاکیا ، شاقوولی بابای کوری حسەن خەلیفــــەدا رووی‌داوە .

لەکاتی ئەو جەنگو ئالوزیەی دەلی حسنی جلالیدا حکومتی عثمانی لەگەل ئاوستریایش لە جەنگابوو کاربەدەستەکانی میری زانیان کەدەرقەتی دەلی حسن نایەن وچارەی ناکەن بە ناچاری بە زور تـــکاو دلنوازی کردیان بە بەگی بگان ـ والی ـ ( بوزان ) وەلەسەر بەش ونـاوی سوارەی تایبەتی سلطان ٤٠٠ سواریشیان دایە .

لەپاش ئەم پەیمانە دەلی حسن نەیتوانی بی وەفایی بکات ، بە دەهەزار جنگاوەری خویەوە بەروم ایلیدا رویشت وتیکەل بە جەنگی ئاوستریا بوو . لە پاش ـ بوسنە ـ دوو سالیش والی ـ تامشوار ـ بوو بەلام .

لەدوای ئەوەی کەحکومتی عثمان گەیشت بەمەرام لەولاوە ئاگر و بلیسەی جلالیەکانی کووژاندەوە ولەم لاوە جەنگی اوستریای پیتەواو کرد لەباتی بەرات ونمکداری لەگەل زاواکەی کە بە بەگی بچوك ناو

ئەبرا هەردوکیانی بەجاریك کوشت •

حکومتی عثمانی نەیزانی کەبەم ناپیاویە بی وەفاییەو مردنی قرەیازیچی وکووشتنی دەلی حسن ئاشوب وبنەچەی جلالی نابریتەوە •

پاش ئەم لی قەومانەی ئەو سەروکە ناوداره ــ دەلی حسن ــ انجا نورە هاتە سەر ئەم گەورانە ، بو تولەی خویان ونشتمانیان هاتنـــــە پیشـــــەوە •

١ ــ طویل قلندر اوغلی قرە سعید

٢ ــ جانبلات اوغلی ابازە احمد پاشا •

٣ ــ ابازە حسن پاشا •

بەسەر دەرهیانی وبزوتنەوەی امانە جـــلالی زور بە هیزتر بوون ولەژیر سەر کردەیی ئەم ناوانەو پیاوە دلیرانەدا دەستیان کرد بەئیش کردن

١ ــ پیرەی ئاغا چاتان •

٢ ــ بالداری کیسا داغلی دەلیس •

٣ ــ خلیل دەرەیی •

٤ ــ دەلی ئال ئاچاخی •

٥ ــ قرە حیدر اوغلی •

٦ ــ قاطری اوغلی

ئەم ناوانە ناوی راستی خویان نیە • بەلام بەم ناوانە ناونراون وناو ئەبران •

لەو سەروك‌و پیاوە ناودارانەی کە لەشکر گیری جلالیەکان بوون ویەکە یەکە ناویان نووسراوە ــ قاطرچی اوغلی ــ

بەم‌ناوەوە کە ناوی خوی نیە ناوی شوینە وونیە • قاطر چی‌اوغلی لە

سالی ١٦٤٧ دا له لاینی عثمانیه کانەوه باوکی کوژرا له تولەی باوکی دا بەهاو شانی دەلی حسن له تەمەنی ٢١ ، ٢٢ سالیدا کەوتە جەنگەوە وەبەرامبەر به لشکری عثمانیه‌کان دلاوەرانه ویستا ناویکی زور بەرزی بوخوی وەرگرت له لاپەرە ١١٧٢ و ١١٩٢ دا ئەگیریتەوە • ئەلی :

ـ هەر که بانگی یاخیەتی‌دا و داوای تولەی باوکی کرد لەبەینیکی زور کەمدا دەستی بەسەر نیوەی انادولدا کیشاو خەرج وباجی ئەساند لەژیر دەست رویوی عثمانی‌دا نەمان • زور به ژیرانه ئەبزوتنەوە لەپاش چەند وەختی له سەر ویستنی خوی لەگەل مـــیری‌دا ری‌کەوتن به کردەوەی جوان وژیر خوی زور بردە پیشەوە • بەئازای ودەسەلاتی خویدا رائەپرموا لەسەر خواستی میری لەگەل سپاکەی خویدا ناردیان بوجەنگی ـ گرید ـ وله سالی ١٦٦٩ دا قاطرچی اوغلی محمد پاشـــا لەجەنگی ـ گاندیاـ دا له هەرە گەورە خوین رشتنا کووژرا که لەو کاتەدا لەرتبەی بەگی بەگانی انادول‌دا بۆو • وە دلاوەرانی ناودار غازی احمد مختار پاشا ومحمود پاشا لەنەوەی ئەوبوون وخانیك کەله استەمول هەیه ایستاش به ناوی خانی قاطرچی اوغلی وە ناو ئەبری هی ئەو بوە •

ئەم پیاوە ناوداره به پیچەوانەی ناوەکـــەی لاویکی زور جوانی بالابەرز ولاو چاکیکی زور شـــیرین بوو له لاپەرە ـ ١٦٠٣ ـ دا ئەنوسریت• باوکیکی باشترین ودەولەمەندترین پیاوی دانیشتوانی سنجاغی حمیدیه بوو ومیژوو نووسەکانی تورك ئەم لاوچاکه ناوداره لەپیـــاوە گەورەکانی جلالی دائەنین لەوەقتی سەلطەنەتی سلطان ابراهیم دا لەدەس زوری جەور و جەفای ئازاری لەدەس متصرفو کار بەدەستانی میری

شەویك حاكمیك ئەكوژیت و ئەداتە چیاو شەویك لەكاتی نووستندا ئە تەكیەی وەلی بابادا ئەدەن بەسەریاو ئەیكوژن• بەلام وەختیك كەدایە چیاو لشكریكی لی كوبووەوە برامبەر بە ابراهیم پاشا ویستا لەپاش جەنگیكی زور لشكری ابراهیم پاشا شكاو ابراهیم پاشای بەدیل گرت كە قرە حیدر اوغلی محمد بك پاشای زور بە پەریشانی وروتو قووتی چاو پی كەوت زور بەزەی پیدا هاتەوە لی بوورد و ولاغیكی دایە و گیرایەوە بوشار بەلام لەوكاتەدا قاطرچی اوغلی كە لەپیشەوە باس كرا گەیشتەوە جی • وپی‌وت كە لی بوردوم • توورە بوو وتی ئەگەر ئەو تو ویامنی بگرتایە سەرمانی ئەنارد بوسلطان • بەغار كەوتە دووی ولەریگە گرتی وكوشتی هەروەها بەینیكی زور لەبەر بەرەكانی دا ویستا و بەمەردانە ژیا • بەلام لەجەنگیكی زورگرنگدا بریندار بوو وتوانای دەرچوونی نەبوو بەدیل گیرا وبە برینداری ناردیان بو ئەستەموول ئەو وەختە صدری اعظم صوفی محمد پاشا بوو ئەم پیاوە زور ظالم وپیاویكی بەد كردار بوو بەبی ئەوەی تكای كەس قبول بكات امری خنكاندنی داو خنكینرا •

---

# هەوال

میژووی كوردو كوردوستان دانەری زانای مەزن ماموستا شـــــیخ محمدی مەردوخ گورینی كاك محمدفدا پیشكەش بەخوینەواران كرا لای باوەریپكراوەكانی گوڤاری هیوا بەنرخیـــــكی زور هەرزان دەس ئەكەویت تا تەواو نەبوە • فریاكەون •



# چیرۆکی ژماره

## ماچی خویناوی*

گورینی : مصطفی صالح کریم

گەورەم مودەعی گشتی !

لیم ئەپرسی بو ئەم لاوەت کوشت ؟ لەبەرچی ؟ ئایا هیچ پیوەندیەك هەیە لەبەینی ئەم تاوانەی منو ئەو تاوانەی کەکچەکەم کردویەتی ؟

گەورەم مودەعی گشتی !

من ناتوانم بدویم ، چونکە لالم • واحوکم دراوە بەسەرما کە ئەبی هەر ووتەیکی بمبی بەند بی لەسنگما ، ناتوانم وەك خەلکی کە چیم ئەوی

* ماچی خویناوی : نوسینی چیروك نوسی ایتالی مادام کراتسیا دلیدا ئـــەو ئافرە تەی کە لەسالی ۱۹۲۷دا خەلاتی ( نوبل ) ی پی‌درا • ، وەئەم چیروکە لەفارسیەوە گورراوەتە سەر عەرەبی، ئیمەش لەعەرەبیەکەوە گوریمـــــان بوکوردی •

دەری برم ، لەبەر ئەوە بریارمدا ئەم نامەیەت بوبنوسم ، بوئەوەنا کە بمبەخشی ، نەء •• بو ئەوەی دادگاه ریگەی خوی باش بزانی و چی هەل‌بگرم سزاکەی بدری بەسەرما لەپاش ئەم دان‌پیانانەم •

بەراستی من کەئیستا لەم تەمەنەدام ، هیچ هیوایەکم نیە بەخۆشی ژیان ، من لەلام هیچ جیاوازیەك نیە چ بەمردنیکی خوای بمرمو چ فرمان بدری بە بەندکردنم تاکوتایی ژیانم • چونکە ژیان لەوکاتەوە کـــە خوشەویست‌ترین کەسمم وون کردوە ، وەك بیابانیکی وشك وایـــە لەپیش چاوم •

ئەمەش چیروکی بەسەر هاتمە :

لەسەرەتای گەنجیما ( مومەسیلیکی ) ناودارو ناسراو بوم ، بی‌گومان یەتە خەیالت کە چاوت پیم کەوتبی لەسەرشانو کە دەوری ( رومیو ) و ( هاملت و ئابیکار ) م تەمسیل ئەکرد ئەو کاتانەی کەلە هەرە لوتکەی بلندی ناسراویما بومو کە هەمو چاوو گیانی دانیشتوان هیچی کەیان بەدی نەئەکرد من نەبی ، بەلام ( قەدەر ) ی زور دار لەوکاتەدا دلی پرکینەبو لەمن لەناکاوا هەرچی ئاواتم هەیە تیکی شکان ، کاتیکم‌زانی ئەو کەسەی کەدەستی ئەگرتمو ری پیشان دەرم بوو بەرەو دوایین پلەی بەرزی ، ئەوەی کەشەریکی ژیانم‌بوو لەخوشی‌و تالی‌یا مرد ، بەلی ژنەکەم مرد ، لەکاتیکی زور ناوەختا ، زوریشم خوش ئەویســـت ، هەرئەوە نەبوو کەشیت ببمو بدەمە کیوان دوای ئەو ، بەلام لەدوایی‌دا بەناچاری رووم‌کردە تاقەکچەکەم ــ پیانکا ــ کەبونی دایکی لی‌ئەهات وە هەمو خوشی ژیانی خوم تەرخان‌کرد بو پی‌گەیاندنی ئەم • بەم پی‌یە وام ئەزانی کە ئەتوانم کچەکەشم پی‌بگەیەنم و ( هونەرمەندیتی ) شم بپاریزم

وەك جاری جاران ، نەمزانی کە پلاری دووەمی ( قەدەر ) گەلی کوشندەتر ئەبی لەیەکەمیان • روژێکیان لەگەل هەندی لەبرادەرەکانما ســـــواری اوتوموبیلێك بوبوین بو سەیران ئەچوین لەپر شوفیرەکەمان چالیـــــکی گەورەی بەدی کرد ، پیش ئەوەی بکەوینە ناویەوە ، ویستی رووی اوتوموبیلەکە وەرچەرخێنی بەلایەکیترا بەلام اوتوموبیل وەرگـــەراو سەرەو بن بوو ، من لەژێریا بوم ، مردنم بەچاوی خوم دی ، بەلام فایەیچی نەمردم ، توشی شتی بووم کە گەلی لە مردن ناخوشترە کاتی کە هاتمەوە هوش خوم و ویستم بدویم ئەبینم زمانم بەستراوە ، هەرچەندم کرد نەم توانی یەك ووشە دەربرم ، ئیمجا زانیم کـــــە خورپەی ئەو وەرگەرانە کاری کردوتە سەر دەمارم ئەوەندەی ساتی لەمروڤیکی ساغەوە بوم بەپیاویکی لالی زمان لەکلیلەدراو •

بەم جورە ئەستیرەی بەختم رووی کردە ئاوا بوونو تارمای تاریکی بالی رەشی بەسەر دواروژما کیشا ، ئیتر جاریکی کە روناکی شانو نابینمو گویم لە چەپلەی دانیشتوان نەبی ، کە بیرم لەوانە ئەکردەوە هەر ئەوەنەبوو بەنگی دلم نەئەپچرا ، ناچاربوم کەواز لە ( هونەر ) بینمو کونجی مالەوە بگرم بەدیار کچە کەمەوە •

(پیانکا) لەدامەزراویکا (مؤسسە) ئیشی ئەکردو موچەکەی ئەدا بەپێیویستی ژیانی هەردوکمان ، نەك هەر خوشم‌ئەویست بەلکو ئەم‌پەرست ، هەمو کاتیکیش ترسی ئەوەم هەبوو کەئەم کچە نازدارەم توشی نەبی بەتوشی لاویکی بی فەرەوە فریی بداتە ناو زەلکاوی پیسی ، لەبەر ئەوە لەخوا ئەپارامەوە کە لاویکی دلسوزی بو برەخسینی بیدەمی کەقەدری گولەکەم بزانی •

هەرگیز بە یادما نەئەهات کە ( پیانکا ) بی ئاگاداری من دلی خوی ئەدا بەیەکیکی کە یان نهینیو رازی خویم لی ئەشاریتەوە •

( پیانکا ) لەراستییا جوانی بوو بەرادەیە چاو شەرمەزار ئەبوو لەعاستیا ،بەلام ئەمیش زور لەخوی بایی بوو ، حەزی بەسەر بەستیو سـەربەخوی ئەکرد ، ئەیوویست دوا روژی خوی بەدەستی خوی دامەزرینی •

دەمەدەمی ئیوارەییك بوو کەهەرگیز بیرم ناچیتەوە ، کە هەموشتی لەژیانما بەجاری گوررا ، کەتاریکی بەری ئاسمانمی لی گرتم ، ( پیانکا ) خوی کرد بەمالا بەلام چون ؟ قژی ژاکاو ، چـاوی دەرپەریو ، هەموگیانی ئەلەرزی لەترسانا وخوی فری دایە بەرپیم وقیژانی :

ــ بابەگیان ! رزگارم کە !

منیش زور پیی تیك چوم ، زوریشم داخ خوارد کەناتوانم بدویم ، دەستم دایە بالی و هەلم سان ، چاوم بریە چاویو بەئیشارەت تکام لی کرد کە تیم بگەیەنی •

خوی فری دایە سەر کورسیەکو وەکو ئاوبردویەك پەلەقاژیبـکا بو رزگاربونو دەس بکوتی بو پارچە تەختەیە خوی پیوە هەلواسی وتی :

ــ بابە ، پیویستە هەمو شتیکت بوبگیرمەوە : دلم بەکوریکەوەیە ناوی ( ئانزیکو ) یە محاسبە لەو شوینەی خوم ایشی تیا ئەکەم ، هەرچـی پارەییکی لی زیاد ئەبو ئەمدا بەدیارییو بەشت بو ئەو ، سەیرکە بابە ئائەم شتە بەنرخانەم تازە بوکریوە بەلام بیرم چو لەتاوا بیدەمی •••• ) لەدوایا ــ پیانکا ــ هەستا پیچراوەیەکی پیشان دام کە کردیەوە ملپیچیکی

شینی جوان‌و بویمباخیکی ئال ( چاوی پیاوی ئه‌برد ) و ده‌سکیشیکی چه‌رمینی سفتی تیا بوو ، به ده‌م گریانه‌وه ووتی :

ـ نرخی ئه‌مانه‌م له‌پاره‌ی پاشه‌که‌وتی خوم داوه ، به‌لام ( ئانزیکو ) ده‌سی بریم،هه‌لی خه‌له‌تانم لاویکی قومارکه‌رو دایمه سه‌رخوش ده‌رچو ، هه‌رچه‌نده من گویم نه‌دایه ئه‌م ره‌وشتانه‌ی‌و ویستم بیخه‌مه سه‌ر ریگای‌راست ، به‌لام له‌ناکاوا ده‌ستی دریژ ئه‌کا بوئه‌و قاسه‌یه‌ی که له‌به‌رده‌ستیایه‌تی‌و پاره‌یبکی زوری لی‌ده‌رئه‌هینی بوقومار ، دوابه‌دوای ئه‌وه خوی گه‌یانده‌من‌و که‌وته پارانه‌وه ( فریام که‌وه ) منیش هه‌رچی خشلیکم هه‌یه بردم بولای مامم ، ئه‌و مامه رژده پاره‌پیسه‌ی که هه‌ر ناشمان‌ناسی ، که‌چوم خه‌ریکی پاره ژماردن بوو ، هه‌رچه‌ند لی‌ی پارامه‌وه که خشله‌کانم به ( ره‌هن ) وه‌رگری و هه‌ندی پاره‌م بداتی به‌ناوی ده‌رمان بوتو وه به‌لام ئه‌و هه‌رنه‌ی بیست ، ته‌نانه‌ت ویستی ده‌ریشم‌کا ، ایتر من دنیام له‌به‌رچاو تاریك‌بوو ، هیچم له‌یادا نه‌ما رزگار کردنی ( ئانزیکو ) نه‌بی ، بویه به‌هه‌ردو چنگ ده‌ستم نایه بینی تا نه‌م‌تاسان وازم لی نه‌هینا ، له‌پاشا به په‌له‌په‌ل که‌وتمه کوکردنه‌وه‌ی پاره‌کان‌و رام کرده ده‌ری ، به‌لام له‌شله‌ژاوی خوما ( خشله‌کانم ) له‌وی له‌بیر چوو،هه‌ر که‌له ده‌رگاش هاتمه ده‌ره‌وه خزمه‌تکاره گه‌نم ره‌نگه‌که‌ی مامم پی‌گه‌یشت که‌له‌بازاره‌وه ئه‌هاته‌وه منیش به‌شپرزه‌یبه‌که‌وه سلاوم لی‌کردو گورج تی‌په‌ریم تا خوم گه‌یانده مالی ( ئانزیکو ) هه‌رکه چاوی به‌پاره‌که که‌وت وه‌ك گوله‌باخ گه‌ش بوه‌وه ئیتر منیش خیرا په‌لم گرت‌و بردم بو ( دائره ) و له‌وی قاسه‌که‌م پی‌کرده‌وه چ که‌میه‌کی هه‌بو پرمان کرده‌وه ئابه‌م پی‌یه ( ئانزیکو ) م رزگارکرد به‌لام ژیانی خوم

لەتالوکەدایە ، کەسیشم نیە رزگارم کاتونەبی • ( پیانکا ) بی‌دەنگ بوو بەلام من وەك مەنجەلە ئاو ئەکولام پەررەی دلم هەر ئەوەنەبوو کوت کوت نەئەبوو نەئەکەوتە خوارەوە ، منیش بریارمدا کەخوم بەختکەم لەپیناوی کچەکەما بویە بە دلما هات کەبچمە پولسیخانە و بلیم من براکەی خومم کوشتو پارەکەییم برد ، هەرکە ئەم بیرەم نوسی بوپیانکا رەنگی هەلبزرکاو قیژانی :ــ نەء نەء ، نامەوی توخوت توش کەی ، باســـی ئانزیکوش مەکە ، من خوم ئەدەم بەدەسەوە بەلام تو لای پولیس خوت وادەرمەخە کەئاگات لەهیچ هەیە تەنیا ئەوەندە هەیە ( ئەوشتانە کەبو ئانزیکوم کریبو بەدیاری بوی بەرە ) ئەوەندەی پی‌نەچو لەدەرگا درا کە ( پیانکا ) کردیەوە فەرمانبەری پولیس خوی کرد بەژورا نوکەرەکەی مالی براکەمیشیان لەگەلابوو ، کوتوپریش دەستی راکیشا بو پیانـــکاو ووتی :ــ

ــ گەورەم ئەم ئەم کچەبوو کەبە پەلە لەمالی ئاغام ئەهاتە دەرەوە پیش کوشتنی ئەمەش خشلەکانیەتی لی‌ی بەجی‌مابوو •

ئیتر دەست بەجی بە بەرچاوی منەوە ( دەستی پیانکا ) یان بەستو پیش خویاندا ئیتر بەجاری هیزم لی‌براو پشتم شکاو چاوم کـــەوتە ریشکەوپیشکە و لەهوش خوم چوم •

هەرکە هوشم هاتەوەبەر خیرا بریارمدا کەبچمە لای (ئانزیکو) دیاریەکانی بوبەرمو داوای هەندی پارەی لی‌بکەم کەپاریزەر ــ محامی ــ یکی باش بگرم بو بەردانی پیانکا کاتی کەگەیشتمە لای‌و ئەوی لەدلمابوو بوم نوسی بەگالتەکردنیکەوە سەیری کردم ووتی :ــ

ــ گەورەم کچەکەت دەزگیرانم نەبوە تەنیا هاوریم‌بوەو بەس ،

هەرگیز پارەشم لی وەرنەگرتوە ئەم شتانەش بەرە بیفروشەو جاریکی تریش ئەم باسەم مەدە بەگوی‌دا •

لەبەری پیمەوە تا تەوقی سەرم هاتە لەرزین کە ئەمەم بیست ، بەبی مالاوایی هاتمە دەری کاتی کە گەیشتمە سەر جادەکەو بایەکی سارد دای بەسەروچاوماو سەیریکی دیاریەکانی پیانکام کرد کە بەدەستمەوەیە کەمیك هوشم جیگیربوەوە •• دەست‌بەجیش رووم‌کردە بەندیخـــانە بولای ــ پیانکا ــ ، کە چاوم پی‌ی‌کەوت باسی گفتوگوکەی خوم‌و ئاتریکوم بونەگیرایەوە بوئەوەی ئەوەندەی تر باری سەرشانی گران‌نەبی بەلکو پیم ووت :ــ

ــ دیاریەکانتم پی‌گەیاند ، ئەویش لەتاوانائاگای لەخوی نیە ، ویستیشی بیت بولات بەلام نەخوشەو لەجی‌دا کەوتوە •

هەرکە ئەمەی بیست چاوە رەشە جوانەکانی پربو لەفرمیسك‌و لیم پارایەوە کەبچم بەلایەوە هەتا چاك ئەبیتەوە • لەدەرگای بەندیخانە هاتمە دەرەوە ئەم دنیافراوانە جی‌ی منی تیا نەمابوو لەپەستی‌و غەمباری خوما ، هەموکاتی بیرم لەخیانەت‌و ناپاکی •• ( ئانزیکو ) ئەکردەوە ، بەم جورە چەند هەفتەیەك تی‌پەری تا ئەوروژەهات کەئیستاش موچرکەم پیا دی کەبیری لی‌ئەکەمەوە چونکە ــ موحاکەمە ــی پیانکای تیاکراو فرمان درا بەدوور خستنەوەی بوشاریکی بچوك لەنیوەروی ئیتالیا •

وەك هەورە تریشقە ئەم حوکمە دای سەرما بریارم‌دا کە هەرئەو رەوانەکرا منیش خوم بکوژم ، بویە هەلسام چوم بولای پیانکا کەچاوم روون‌بکەمەوە بەبینینی پیانکا بودوایین جار ، لەودیو شیشەکـــانی بەندیخانەوە بەدیم کرد هەرچەندە زوری لەخوی ئەکرد کەخوی تیك

نەدا بەلام لەدوایيا بەدەم گريانەوە سوێندی دام کە ئەبی ( ئاتریکو ) ی بوبهینمو چاوی پی بکەوی بەمەرجی ملپیچو بویمباخەکەشی لە ملدا بی دوا ووتەی ئەمەبوو :

ـ ئەمەوی ماچی کەم ماچی مال ئاوای بوئەوەی بزانم کەهەمیشە منی خوش ئەوی ، گەر بیتو بی بەری بم لەبینینی ئەمرم پیش ئەوە بگەمە زیندانی تازەم .

دلم کەوتە لیدان ، قورگم پربوو لەگریان ، بەلام پەیمانم دایە کەئەبی هەر بی هینم .

کە گەیشتمە بەرمالی ـ ئاتریکو ـ لەپەنجەرەکەوە بەدیم کرد ، لەگەل ئەوەشا نوکەرەکەی نەی هیشت سەرکەومە ســـەرەوەو قیژانی بەســـــەرما :

ـ برو دەرەوە کەس لەمال نیە .

منیش خوم فری دایە سەر کورسیەکەو بەپارانەوەو ئیشارەت تیـــم گەیاند کەتینومە هــــەر ئەو دوورکەوتەوە پەلامارم دایە شەپقەکـــەی ـئانزیکوـ کەبە سنگەکەوەبوو پالتوکەم دا بەسەرياو ئاوەکەم خواردەوەو رووم کردە مالەوە ، خیرا چراکەم داگیرسانو کەوتمە گەران بەدوای بویەو قژی دەستکردو ئەو شتانەی کەزوو بەکارم ئەهینا ، بەم پی یە بەرامبەر ئاوینەکە وەستامو شیوەی ئانزیکوم هینایە پیش چاوی خومو دەستم کرد بەریك خستنی چالو چولی رومەتم لەدوایيا شەپقەکەی ئەوم کردە سەرمو ملپیچە شینەکەم کردە ملمو بویمباخەکەم بەســـــتو دەست کیشەکانیشم لەدەست کردو بەدلیکی خوشـــــەوە رووم کردە بەندیخانە ، بەراستی هەرکەس بیدیمایە نەی ئەناسیمەوە چونکە هــــەر

لەئانزیکو ئەچوم •

کەدەرگای بەندیخانەم لی‌کرایەوە ، بەرا رەوە تەسکە تاریکەکانیا رویشتم بەگورجی بی‌لادان ، تا تارمای پیانکام بەدی‌کرد کەهاواری کردو هەر دو دەستی بلاو کردەوە :

ــ ئانزیکو ، ئیتر ئەم‌دیوەو دیو دەستی ئالان لەملمەوەو وەك تینو کەوتە لستنەوەم روناکی رارەوەکەش زور کزبوو ، منیش بوئەوەی ئەمسیلەکەم باش‌بی دامە پرمەی گریان کە وەلامی هیچ‌شتیکم پی‌نەدریتەوە جگە لەسەر راوەشاندن وماچ‌کردنی نەبی ، بەلام هەر چونی بـــــی ــ پیانکا ــ وا تی‌گەیی کەخوشەویستی من‌وئەو هیچ هیزی نیە رای‌مالی ئەوەندەی پی‌نەچوو دەرگاوانەکە لیکی جیاکردینەوە چونکە کاتی چاو پیك‌کەوتن کوتای هات •

هەرکە چومە دەرەوە تی‌گەیشتم ئەگەر بیتو خوم بەمەوە دەوری جارانم‌و بچمەوە بوچاو پی‌کەوتنی پیانکا ئەوەندەم لی‌ئەپاریتـــــەوە تاوام لی‌ئەکا هیچ دەستم نەچیتە ئانزیکو چونکە ئەو وائەزانی کەپیش چەند دەقیقەیەك ئەوبوە چوە بولای ، منیش ئیتر خیرا چومە مالەوە شەپقەکەم فری‌داو چەند پیالەیەك ــ شەرابم ــ خواردەوەو بەگورجی چومە دەری بەرەو مالی ــ ئانزیکو ــ هەر کە نوکەرەکەی دەرگاکەی لی‌کردمەوە خیرا پالیکم پیوەناو رام کردە سەری بەقیژو هور کەئانزیکو چاوی پیم کەوت سەرسام‌بوو بەلام من مولەتم نەدا لەو کولینی کینەو پەژارەیەدا رووی دەمانچەکەمم تی‌کردو پەنجەم پیانا ، یەك هاواری کردو کەوت بەزەویا ، ئیتر بی دواکەوتن رووی دەمانچەکەم کردە خوم بەلام پیش ئەوەی دەستی پیابینم نوکەرەکەی گرتمی‌و دەمانچەکەی لی‌سەندم پاش

ئەوەی بەیەك چەپوك بی هوشی کردم لەدوایدا پولیسیان بانگ کردو گیرام •

گەورەم مودەعی گشتی !

ئەمەیە رەوشتی ژیانم بی‌کەمو زیاد بوم نوسیت ، توش هیچ بەزەییت پیاما نەیەو بەندی‌سەرشانم سووك مەکە ، نەشورەتم ماوەو نەزمـــانو نەکچەکەم ئیتر چی لەژیان کەم ؟ بم خنکینەو رزگارم کە لەئازاری ژیان •

* * *

فرمان درا بەبەندکردنی هونەرمەندی ئیتالی بەناوبانگ ــجیاکومی ــ خوشەویستی کچانی ئیتالیا بوماوەی دەسال بەلام ئەم پەیامە نەگەیەنرا بە ــ پیانکا ــ ی کچی لەترسی ئەوەی نەوەك خوی بکوژی • هەرچەندە کە (جیاکومو) ش توانای ایش‌و ئازاری بەندیخانەی نەبوو توشی نەخوشیەکی کوشندەبو پاش‌سالیك دوای ئەم کارەساتە کوشتی‌و مال ئاوای کرد لەژیان •


**برای بەریز**

لیمان خوش بە کە داوای سالانەی گوڤاری هیواتان لی‌ئەکەین !

# باوەڕ پێکراوی هیوا

## لە:ـ

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

سـولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ ٠

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکـــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رؤف معروف

کـــــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــــــە :ـ توفیق مەلا سەدیق

هلبجـــــة :ـ سید حسین ئەمین

زاخــــــو :ـ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî u Zanistîye

Mangî Carék Dereçê

---

Beẍdad - Gapxaney Temedun
M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن
محمد صالح الاعظمی

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره ٩ ساڵی ١ مارتـی ١٩٥٨


هیوا

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ـ ٣٩
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبی‌و زانسـتی‌یە مانگی جاریك دەرئەچی

ژمارە ـ ٩ ـ سال ـ ١ ـ خاکەلیوە ، مارت ١٩٥٨

١ ـ نیشتمانە کەت بناسە ـ رەواندز ـ بەدرە : صلاح .

٢ ـ فرمانی ئیستەمان .. ب

٣ ـ بەرخەکە !؟.. نوسەری شاکر فتاح

٤ ـ بەهار .. بەقەلەمی شیخ محمدی خال .

٥ ـ بەهار نامەوی .. خوالیخوشبو بی‌کەس

٦ ـ عبدالرحمان پاشای بابان : خەسرەو

٧ ـ گوڤاریکی تایبەتی بو ئافرەت : کچەکورد پرشنگ ـ کەرکوك

٨ ـ نامەیەك بو جەمیلە .. ك . ح غەمبار

٩ ـ تەندروستی .. جگەرەکیشان : کولیەی پزیشکی فواد هەناری

١٠ ـ بیرەوەری ماموستا زیوەر .

١١ ـ نەوروزی نوی .. أ . ب . هەوری

١٢ ـ خاکەلیوە .. سیوسینان ـ میدیا

١٣ ـ شارلی شاپلن . بەغداد : وەرزیر

«لەشعری کامەران»

توانەوەی شەهۆڵ لەشانەوەی گوڵ

لەرەی شنەیی گەڵا وپۆپی چڵ

بەتەنیا گەرمی وجۆش نادەن بەدڵ

کاتێ دڵی من ئەگەر شێنەوە

کەبەفری خەمی کورد بتوێتەوە

١٤ ـ تەلەفون ـ قوتابی ئەندازەی پیشە سازی •• فرج علی •

١٥ ـ چیروکی کورت •• داپیرە • مەم

١٦ ـ لی‌کولینەوە •• کەرکوك •• م • م

١٧ ـ هیواو خویندەوارانی ••

١٨ ـ نەوروز : کاکە شوان

١٩ ـ ئەختەر کی‌یە !؟•• نزار

وەگەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە •

# خوشك و برایانی

بەریز :



روژی نویتان پیروز هەموو کاتیکتان هەر بەخوشی ، بەخوشی ژیانی کامەرانی و برایەتی و یەکیەتی و گەردن ئازادی ·· ئەمرو جەژنی نەوروزەو ئەلین جەژنی کوردانە ، لە هەموو شوینیـــــك کراوە بە سەیران ، ئەوجەژنەیە کە بەرگی سپی چیاکان ئەگورری ، کانیاوەکان هاژە ئەکەن بوناو دلی زەوی و زار هەموو شوینیك بەرگـــی ئالاو والای ئەپوشی ، سروشت بەگولی زەردو سوور و سەوز دەشت و چیاکان ئەرازینیتەوە ، گیان لەبەران بولبول و مەلەکانیش بەسوزی پر لە کولیان ئەچریکینن و ئەلین ئەمرو جەژنەو جەژنی نەوروزە : بەلام تاوانی چیبوو ··· لەم کوری بەزمەدا تەنیا هەر نەتەوەی کوردە کزو ماتو مەنگ و داماوە و نازانی روو لەکی بکات و سکالای خوی لای کی بکات !


بەلی : ئەلین جەژنی کوردە ، ئەو کوردەی هەزاران سالە دلیرانە بوخەلکی ئەچەوسیتەوە و لە پیناوی سوودی گەلانا خوی لەبـــیر خوی بردوتەوە کەچی هیشتا لەهیچ کورریکا ریزی ناگیری !·

بەڵێ : ئەڵێن جەژنە ، هەزاران ساڵە لەڕۆژێکاکە کاوەی ئاسنگەر گەیشتە ئینی سـەــــــەری زورداری پانکردەوە ، ئەو ڕۆژە کرابەجەژن بەڵام ئەو ڕۆژەش ڕووی لێ وەرگێڕراین و جارێکی تر هەڵ نەهاتەوەو هەروەها ئێمەی ئەبەرگی چەوساوەی ڕوزگارا هێشتەوە ٠

بەڵێ : جەژنی نەوروزە ، دارو درەخت چرویکرد ، خونچەی گوڵ گەشایەوە سروشت تارای ڕەنگاو ڕەنگی پوشی مەڵو گیانلەبەران بووژانەوە ئەهەموو لایەك کرا بە زەماوەند ، کزەی بای بەیانیانیش بەبونی خوشی عەتراوی میشکی هەموو گەلانی جیهانی کاسکردو ، هەرنەتەوەی کورد نەبی بەتاساوی مایەوە ، وئەڵێن جەژنە ٠ دەسا خوشکو براینە جەژنتان پیروز بیت ! !

# شاری ڕەواندز

بدرە ـ صلاح ـ



١٣٠ کیلومتر لەسەرو هەولیرەوەیە ، شاریکی بچوکی خنجیلانەی شاخاویە ، بە هەرچوار دەوریا شاخ زنجیرەی بەستوە دوو دولی گەورەو قوول بەراستو چەپیا تیئەپەریو ئەم شارە جوانە ئەخەنە ناوەراستیانەوە ئەمانەش بە دولی ( خەرەند ) و ( گەری ) ناو ئەبرین .

لەبەر ئەوەی شاری رەواندز لە بەرزیایە ، ئەگـــــەر لە دورەوە ووردبیتەوە ئەبینیت چەند ریزە خانویەك بە دەوری یەکـــا ریزبون ، قەلایەکی گەورەیان دروست کردوە ، خو ئەگەر بەشەو لە دورەوە تەماشایەکی دیمەنی شاری رەواندز بکەیت ئەبینیت بەسەر گردیکـــــی بەزرەوەیە کە بە هەرچوار دەوریا ، هەروەکو شەوی جلوس گلوپی

روناك ئەسوتىو ئەدرەوشيتەوە ، تا نزيك بيتەوە لىی ئەم بەرز ئەبيتەوە لەبەر ئەوە تا ئەگەيتە ناوشار ئەبيت بەچەند پيچاو پيچيكی دورو دريژا سەركەويت ،كە چويتە ناوشار وا ئەزانيت خانوەكانی لەسەر تاشە بەرديكی پانی راخراو دروست كراوە •

پرە لەميوە ، سەوزە ، ئاويكی زوری هەيە ، هەروا باغچـــەی زورە كە جيگای هاوينە هەوارو رابواردنن • لە هارينا دانيشتوانی ئەم شارە هەمو بە بەرگی ئالو والای سەوزو سورەوە بە كومەل بو سەيران رووئەكەنە ( بيخال ) كە سەيرانگايەكی دلگيروخوشە ، لەوی بەرامبەر بە تاڤگەی بيخال هەلپەرينو دەهول و جوزەلەو شمشال ليدانە ،لەولاشەوە تفەنگ تەقاندن و نيشانە شكانە تا ئيواری •

لە تاريكوليلی ئيواری خەلكی ئەگەريتەوە ناوشار جا ئەگەر سەيريكی ميژوی ئەم شارە بەريزە بكەين ، بومان دەرئەكەوی رەواندز لە شارە كونەكانی كوردستانە ، بەلام لەبەر ئەوەی زورجار توشی ويرانەو كاولی بوە بەتايبەتی لەلايەن توركەكانو ئينگليزەكانەوە ، لەروی ئاوا كردنىيەوە بەدوا كەوتوی ماوەتەوە ، تا لەم ماوەيەی دوالىيەدا چەند شەقاميكی تيا كرايەوە ، لە بيخالەوە بە بوری ئاوی بو راكيشراوە ئەم شارە كوردەواريە كەوتوتە نيوانی ئيرانو عيراقو توركياوە لەبەر ئەمە لە ميژەوە جيگايەكی بازرگانی گرنگ بوە جا ئەگەر توزيك لەناو شارەكەی ووردبيتەوە ، شەقاميكی قيرتاوی پان ودريژ بەناو بازارەكەيا تیئەپەری ئەيكا بە دوو بەشەوە •

دوو قوتابخانەی ابتدائی كوران قوتابخانەيەكی كچانو متوسطيەكی كورانو كچانی بەيەكەوە لەگەل خەستەخانەيەك وسەرای حكومەتی تيايە •

# فرمانی ئیستەمانە

## - ب -

لەژمارەی پیشووتری هیوادا باسی ئەو فرمانانەم کردبوو لەسەرشانی زاناو تیگەیشتووان و خوێندەوارانە ـ لە مەســـەلەی کوردی بەلاتینی نووسیندا ـ لەویدا ووتبووم کە : « دووفرمان ، یان راستتر ، فرمانیکی دوولانەیان لەسەرشانە ، دووای ئەوەی چاکترین ئەلفوبی بو زمانی کوردی دائەنین ، وە لەو ماوەیەشدا کە خەریکی دانانی ئەم ئەلفوبیەن • لەلایەکەوە پیویستە لەسەریان نەك هەر باشیو بەکەلکی ئەم هەنگاوە لە گەلی کورد بگەیەنن بگرە ئەبی یارمەتی و پشتیوانیش دەست خویان بخەن بو سەرخستنی کارەکەیان • لەلایەکی تریشەوە ئەبی تیکوشن بو ئەوەی نەك هەر رەزای حکومەت وەرگرن بو هاویشتنی ئەم شەقاوە ، پیویستە هەموو یارمەتیکی مادی و مەعنەویشی لیوەربـــــــگرن بو لەناوبردنی ئەو قورتانەی بەرهەلستی جیبەجی کردنی ئەکەن • »

ئەگەرچی ئەمەم نووسیبوو ، بەلام شتیکی ئاشکرایە کە ئەم فرمانە ، هەر خوی بە تەبیعەتی ، لەوانە نییە بە مانگو دوو مانگ پیــــــكبیت نەخوازەلا سستی و بیباکی و کەمتەرخەمی خوشمانی بچیتە پال • ئەوە بیگومان خوی ئەدا لە سالان • ئەی کەواتە تا ئەوسا ، تا جیبەجی کردنی ئەم فرمانە چون بنووسین ؟

هەروا راوەستین ؟ حەزیش بکەین روژگار لەسەرمان راناوەستی بویە ئەبی بیری لەم روشمان وە لە دووا روژی نزیکیشمان بکەینەوە ••

لام وایە کە مەسەلەکە لەم بارەیەوە سەرنجی درایە دوو رەئی دیتە مەیدان • دەستەیەك ئەلین :

« کە نووسینی کوردی بە پیتی عەرەبی کاریکی پینجو دوو روژی بی ، کە زور بی یا درەنگ ، روژیك بی ئیمە تیایا واز لەم پیتە عەرەبیانە بهینین ئیتر هیچ پیویست بەوە ناکات کە خومان بە چاکـــــکردن و ریکخستنیەوە خەریك بکەین • هەتا ئیستە بەگشتی چونمان نووسیوە ، چون راهاتووین هەروا بنووسین : واتە لەبریتی «سەر» ی عەرەبی «ە» ، وە لە بریتی « بور » «و» وە لە جیاتی «ژیر» ی عەرەبی «ی» بەکار بهینین لە کوردیدا بەبی حەوت و هەشت و چوکلە و زەنە و داکشـــــاوی و هەلکشاوی و گیراوی لەسەرو لەژیر و لەملاو لەولای پیتەوە دانان • وە ئەو تەقەلایەی لەگەل چاککردن و ریکخستنی پیتی عەرەبی بە فـــیرو ئەیدەین لەگەل پەلە لی کردن و زوو دەستپی کردن بە پیتی لاتینی بدەین زور چاتر و بە کەلکترە ، بە تایبەتیش هیشتنەوەی ئەلفوبیی عەرەبی ، وەکوو تا ئیستە بەکارمان هیناوە ، ناتەواویەکانیمان لە کوردی نووسیندا باشتر بو دەردەخات و کەشمەکەمان زیاتر و دیارتر ئەهینیتە پیشچاو کە ئەمە بە تەنیا خوی هاندەریکی باشـــــــە بو تەقەلادان لە ریگەی لیرزگاربوونیا • بە پیچەوانەی پینەو پەروکردن کەوا موشکلەکەمان لی ئەشاریتەوە و دەستخەرومان ئەکات بەبی ئەوەی هیچ چارەیەکی بنەرەتی کرابی یا بکری • ئەمە جگەلەوەی کە ئەو نیشانانەی ئەخرینە سەر پیتەکانی

لەرووی زوری و جوی جوی‌یی و هەرکەس بو خویی نووسەرانەوە ئەوەندە سەر لەخوینەرەوە تیك ئەدەن لەوانەیە کە بە تەواوی پەکی خویندنەوەی هەندی لە کولەوارەکانیان بخەن • نەك هەر ئەمە لە باتی ئەوەی ببن بەهوی یەکخستنی زمانی کوردی ئەبن بە هوی فراوانکردنی ئەو کەلینەی لەنیو شیوەکانی کوردیدا هەیە وەکوو ئەوەی کە بتەوی بنووسی « سور » « گول » یا « رون » بەبی هیچ نیشانەیەك خوینەوار بەپی‌ی شوین مەعنای راستی خوی بو ئەدوزیتەوە وە بەم جورە بەشـــی زوری خوینەرەوان تی‌ی ئەگەن چونکە هەر یەکەیان وەکوو شیوەی قسەکردنی خوی ئەی‌خوینیتەوە بەلام ئەگەر هاتین ئیشارەتمان لەســـەر « و » یا « ل » ە کە دانا وەکوو ئەوە وایە کە موری شیوەیەکی تایبەتی کوردی لی‌بدەین وە سەبارەت بەمە هەر خوینەرەوەی ئەو شیوە تایبەتی‌یە بەباشی تی‌ی ئەگەن ئەوانی‌تریان هەر تی‌ی ناگەن ، یان بە هەلە ئەچن لە مەعناکەیدا ، لەپاشا ئەوە هەموو زمانانی دنیا هیچ یەکیکیان نی‌یە کە بو هەموو دەنگیك کە تیایاندا هەیە ئیشارەتیکی تایبـــــەتی دانرابی • خویندنەوەی زور دەنگ هیشتتراوەتەوە بو « سەلیقە » و فیربوون و راهاتن و بیستن • وە ئەم کارە لە هیچ کامیکیاندا نەبووە بەهوی دوواکەوتنی زمانەکە ئیتر بوچی ئەبی ئیمەی لەهەموو کەس بی‌بەشتر قەپالی لەهەمووان زلتر داگرین !؟ »

دەستەیەکی کە ئەلین : « نووسینی کوردی بە ئەلفوبی‌ی عەرەبی بی‌نیشانە نیازی خویندەواری بە تەواوی ئاوەژوو ئەکات لەباتی ئەوەی کەبخوینینەوە بو ئەوەی فیربین ئەبی فیربین بو ئەوەی بخوینینەوە کە ئەمە ئەگەرچی بە دریژایی روژ دیتەوە سەر دیبوی خوی بەلام وەخت وە

تیکوشینیکی زورمان بە فیرو ئەدا • بویە ئەگەرچی ئیمە ئەش‌زانین کە بە ئەلفوبی‌ی عەرەبی کوردی نووسین شتیك نی‌یە هەتا سەربی ، بەلام لەبەر ئەوەی نازانین بە چەندی‌تر لەم پیتانە رزگارمان ئەبی پیویستە لەسەرمان ، دەردی کوردە ووتەنی : بزن بو شەوی جی‌ی خوی خوش ئەکات ، ئیمەش بو ئەم ماوەیە تا ئەو وەختەی کوردی بە لاتینی ئەنووسری شان بەشانی هەولدانمان بو گەیشتن بەو ئامانجە ئەبی تی‌بکوشین کە ئەم ئەلفوبی عەرەبی‌یەش وا لی‌بکەین کە کەمو زور پیویســـــتی نووسینی زمانەکەمانی پی بەجی بهینری بە تایبەتی لەم کاتەدا کەوا زمانیــــــکی نەتەوایەتی کوردی لە پەیدابووندایە ، لەهەموو کاتیکی کە پتر پیویستمان بە راستوورەوان نووسین و خویندنەوەی هەموو ووشەیەکی زمانەکەمان هەیە نەك هەر بو ئەوەی هەموو کوردیك ووشەکانی شیوەی ناوچەکەی خوی بە ئاسانی و راستی بخوینیتەوە بگرە بو ئەوەش کە ووشەکانی شیوەکانی کەی کوردیش بە راستو رەوانی بخوینیتەوە و فیر ببی • وە بو ئەوەی بگەین بەم نیازە چارەمان نی‌یە خوشمان‌بی و ترشمان‌بی ئەبی ئیشارەتی وەك : حەوت ،هەشت ،نوختە ، چوکلە داکشاوی ،هەلکشاوی و یا شتی وا بخەینە سەر پیتە عەرەبی‌یەکان بە پی‌ی پیویستی زمانەکەمان • »

رەنگە لەمیانی ئەم دوو رەئیە پیچەوانەیەشدا ، رەئیەکی مامناوەندیش هەبی کە خاوەنەکانی بلین : لە هەردوو رەئی پیشوودا بەشیك راستی هەیە نەك هەموو راستی ، چونکە جاری خاوەنانی رەئی یەکەم چ ریگایەکیان دانەناوە بو نووسینی ئەو ووشە بیگانانە کە لە کوردیدا بەکار ئەهینرین بەتایبەتی ئەو ووشە عەرەبی‌یانەی پیتی ( ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ ) یان تیدایە • هەروەها بو نووسین ئەو ووشە کوردی‌یانەش کە لەچەند

ووشه یا پارچه ووشه‌یه‌ك پیك‌هاتوون وه‌كوو « ده‌ست لی‌هه‌ل گرتن ، پی‌خور ، تی‌كوشین لی‌كولینه‌وه •• هتد • » • خاوه‌نانی ره‌ئی دووه‌میش نه‌ك هه‌ر ئه‌م قورتانه‌یان چاره نه‌كردووه ، هه‌ریه‌كه‌شیان بوخوی جوره نیشانه‌یه‌ك دا ئه‌نی یه‌كیكیان ( ر ) ی « روژ ، كور » له یه‌كه‌میاندا هه‌روه‌كوو خوی وه له دووه‌میاندا به دوو «ر» ئه‌نووسیت ، یه‌كیكی كه‌یان له هه‌ردوو ووشه‌كه‌دا به «رر» ی ئه‌نووسیت هه‌ندیكیان « ۷ » له‌سه‌ر «ر» یه‌كه دائه‌نین هه‌ندیك «۸» و هه‌ندیك «حه‌وت» یا«هه‌شت» ه‌كه، یا « ۳ نوخته » یا « نوخته » یه‌ك ئه‌خه‌نه ژیری • هه‌روه‌ها له نووسینی ئیشاره‌تو جورو جیگه‌ی دانانی ئیشاره‌تی پیته‌كانی تریشدا جیاوازی‌یه‌كی زوریان هه‌یه •

جگه له‌مانه خاوه‌نانی ئه‌م ره‌ئیانه هیچ كامیكیان نه‌چوونه بنج‌وبناوانی ده‌رده‌كه ، ده‌ردی گرانی نووسینی كوردی ئه‌وه نی‌یه كه دابنری به پیتی ئیشاره‌تدار بنووسری باشه یان هی بی‌ئیشاره‌ت • ده‌ردی بی‌ده‌رمان ــ یان هیچ نه‌بی تا ئیسته بی‌ده‌رمان ــ نه‌بوونی یه‌ك ــ چه‌شنی یان یه‌ك نه‌سه‌قی یه له‌نووسین ( = ئیملا ) ی كوردیدا • كوردی به پیتی ئیشاره‌تدار چاتر بنووسریت یان به هی بی ئیشاره‌ت زانینی ئه‌م راستی‌یه به كرده‌وه چ بایه‌خیكی ئه‌وتوی نیه و ناشی‌بی ئه‌گه‌ر هه‌موو خوینده‌واران و نووسه‌ران به‌گشتی ئه‌و جوره نووسینه په‌سند نه‌كه‌ن ، وه ئه‌گه‌ر وه‌كوو جوری نووسینی زمانانی كه‌ی لی‌نه‌كری كه‌وا په‌یره‌وی نه‌كردنی ده‌ستووری نووسینی له‌سه‌ر رویشـــتراو ئه‌بی به مایه‌ی نزم‌بوونه‌وه‌ی پلـــــه‌ی خوینده‌واری ئه‌وكه‌سه له‌ناو خه‌لكدا •

ئنجا بابی‌ینه سه‌ر پیشاندانی ئه‌و قورتانه‌ی له مه‌سه‌له‌ی نووسینی

کوردی به پیتی عەرەبیدا دیتە ری‌مان وە چونی بو چوونی چارەکردنیان ، هەندی لەم قورتانە ئەمانەن :

١ ـ چەند پیت نیشانەی پیویستە ، وە نیشانەکان چون بن‌و لە کویدا بنووسرین ؟ (١)

٢ ـ ووشەی بیگانە ، بە تایبەتی ئەو ووشە عەرەبی‌یانەی ( ص ، ض ، ط ، ظ ، ذ ) یان تیایە ، چون بنووسرین ؟

٣ ـ ئەو ووشـــــە کوردی‌یانەی لە چەند ووشەیەکی لیـــــکدراو دورستکراوون چون بنووسرین ؟

ئنجا ئەمەش ئەهیلمەوە بو جاریکی تر •

---

(١) بەر لەوەی دەست بدەمە ئەم بەشە دووای‌یەی باسەکەم ، بە پیویستی ئەزانم چەند قسەیەك لە نووسراوی بکەم کە روژی **٧ـ١٠ـ٩٥٧** هاوری‌ی دیرینم ماموستا ـ علاءالدین سجادی ـ بوی ناردبووم •

ماموستا سەجاری لە نووسراوەکەیا ئەلی : « بیستم مقالیکت ناردوە بو گوڤاری هیوا لەلایەن ئیشارەتەکانەوە قسەت کردوە • هەر ئەوەندەم بیستوە و هیچی‌تر ئیتر نازانم چیە ؟»

نازانم لە بیرتە یان نەء •• ئەو سالە کە من و تو دانیشتین و قسەمان لیوە کرد فیکری هەردووکمان هاتە سەر ئەوە کە چوار حەرف هەیە مشکلە پەیدا ئەکا ( ر ، ی ، ل ، و ) ئەمانە بوون • ئەوە بوو قرار وابو کە ئەمانە بو ئەوە لیك جیا بکرینەوە هەریەکە حەوتیکیان لەسەر بی • لەپاشا من ناردم ئەم ئیشارەتانەیان دارشت و یەکەم شتیك کە بەمانە لەچاپ درا رسالەی ( ناوی کوردی ) بو • لەویدا من باسم کردووە لە مقدمەکەدا

کە ئەمانە لەسەر فیکری من و تو بوە ئیتر لەغەیری ئەم چوارە من بەش بەحالی خوم موافق نیم بو هیچی‌تر •

مەبەست لەو کاغەزە ئەوەیە کە تو ئەوەت لە فیکر بی بو ئەوە نەوەک قسەکان یەك نەگرنەوە • داهینانی ئەم چوار حەرفە لە فیکری ئیمەیەو کەس حقی نیە بیکا بە هی خوی دلیلیش تأریخە یەکەم شتیك کە لە پیشا چاپ کرابی بەمانە ئەو رسالەی ناوی کوردی‌یە •

ئیشارەتەکانی‌تر هەرشتیك هەن ، من موافق نیم و لە باوەری منا هەمویان غەلەتن • غەلەتەکەشیان دیارە لـــە ناحیەی عیلمیەوەیە ئەوە دریژەیەکی زوری ئەوی لەم کاغەزەدا جی نابیتەوە •••••• » ( وەك ماموستا سەجادی نووسیویەتی بەبی دەستکاری ئیملا روونووس کراوەە • )

ئەگەرچی داهینانی ئیشارەتەکانی سەر ئەم چوار حەرفە داهینانی مانگە دەستکردەکە نی‌یە شانازی بوی لەگەل ئەمەشدا باوەر بکەن گەلیکم پی‌خوش‌بوو کەوا لە ( فیکری ماموستا علاءالدین و منەوە بیت ) و « هیچ کەس هەقی نەبی بیکا بە هی خوی » • بەلام داخەکەم وادیارە میژوو هاوکاری ئەم داهینانە نابایەخەش بە من رەوا نابینی ـ ئەلیم بە من چونکە ماموستاسەجادی کەلەبەری تری وای لـــە میژووی ئەدەبی کوردیدا دوزیوەتەوە کە ئەگەر ئەمەشی لە کیس چی باکی نەبی •

ئنجا بو ئەوەی هەروەك لە هونەری داهینانەکە بی‌بەش بووم تاوانی ناراستیشم نەدریتە پال بە پیویستی ئەزانم کە بلیم : داهینانی ئیشارەت بو پیتی عەرەبی ، جگە لەوانەی کە عەرەب خوی دایناوە ، شتیکی ئەوەندە

کونه لام وایه میژووش به تەواوی نەزانی کە کەی و لەلایەن کی‌وە « دوو نوختەی‌تر » خراونەتە بن ( ب ) و ناو ( ج ) و سەر ( ز ، ف ) و « سەریکی‌تر » خراوەتە سەر ( ک ) بو ئەوەی بکرین بە ( پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ ) • بو نووسینی ئەو پیت و دەنگانەی کە عەرەب هەر نەیانزانیوە هەن وە تا ئیستەش بە ئاسانی و رەوانی لە دەمیان نایەنە دەری ، ئەمە بە گشتی • لە کوردیشا ئەوەی من بزانم و ئاگاداربم وەختی خوی لـــە گوڤاری « رۆژ کرد » دا کە لە زەمانی عوسمانیا لە ئەستەموول دەرئەچوو پروژەی یا « گەلالە » ی ئەلفوبی‌یەکی عەرەبی ئیشارەتدار نووسراوە بەلام وا دەرئەکەوی ئەم بیرە نەهینراوەتە دی و هەر لە خانەی پروژەدا ماوەتەوە چونکە هیچ نووسراویك ، یا چاپکراویکمان بو نەماوەتەوە کە بەم ئەلفوبی نیشانە دارانە نووسرابی تەنانەت گوڤاری « روژکرد » خوشی بەو پیتە نەنووسراوە •

لە ســــالی ١٩٢٨ دا لەلایەن ماموستا مەلا سەعید صدقی کابانەوە نامیلکەیەکی هەفتا لاپەرەیی لە بەغدا لە چاپدرا بەناوی ( مختصر صرف و نحوی کوردی ) بەوە کەوا پیش لەچاپدانیشی بە چەند ســــــالیك بە دەستنووسی لەناو قوتابی‌یاندا هەبووە وە لە قوتابخانەکانی سلیمانیدا بە دەرس ئەووترایەوە • ماموستای ناوبراو لە لاپەرە ( ٣ )ی نامیلکەکەیا ئەنووسی :

« دەبی بزانین ئەو حرفە هجایانەی کە لە کوردی‌دا لە عمل دینرین و کلماتیان لی درست دەبی چندن و چین • ئەو حرفانە ( ٢٨ ) حرف هجای عربی و (٨) حرفی ترن کە غیر عربین و ئەمانەن : ( پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ ، ل ، و ، ی ) کەوابو حرفان هجای کوردی ( ٣٦ )

حرفن • ( ا ب ت ث ج چ ح خ د ذ ر ز س ش ص ض ط ظ ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن و ۆ ه ی ێ ) • ئەو کلمانەی کە کوردی پەتی بن ( ث ، ذ ، ض ، ط ، ظ ) یان تیدا نیە هەر کلمەیی کە لە کوردیدا دەبیژری و لەم حرفانەی تیدا بو ئەو کلمەیە کوردی اصل نیە و نابی بکوردی بزانین یا دەبی ئەو نوعە کلمانە بەجاری لەکوردیدا ترك بکرین خو ئەمەش ممکن نیە ،یا دەبی لەسر شکلو شیوەی خویان بنوسرین فقط لە تلفضدا بە شیوەی کوردی دەخوینرینەوە •

ئەو هشت حرفانەی کە عربی نین شکلیلی جوییان نیە اما بعضیکیان بە نقطەی زیاد و بعضیکیان یا بە تیفکرینیکی کەم و یا بە دانان اشارت

( ۷ ) لە سریان جوی دەکرینەوە •

ئەوانەی کە بە نقطەی زیاد جوی دەکرینەوە حرفان ( پ ، چ ، ژ ، ڤ ، ڵ ) کە بە سە ۳ نقطە [۱] لە « ب ، ج ، ز ، ف » و ئەوانەی کەبەتیفکرینیکی کەم یا بە اشارە ( ۷ ) جوی دەکرینەوە ( و ) کراوە ، ( ی ) ی خوارە لە ( و ) ی گوشراو ، و ( ی ) ی راست جوی دەکرینەوە ـ » ـ کوتومت وەك نووسینی ماموستا سەعید صـــــدقی نووسراوەتەوە • )

وەکوو ئەبینن ماموستا سەعید صدقی دانانی ( ۷ )ی سەر ( و ) و ( ی )ی هەروەکوو نوختە زیادەکانی ( ڤ ، ژ ، چ ) باسکردووە بی ئەوەی هیچ بایەخیکی تایبەتی پیوە بەستی • زورتری وای پیشان ئەدا

[۱] ئەبوو بلی بە دوو نقطە بو پیتی ب و ج و ز و ف

که ( ٧ ) لەسەر ( و ) و ( ی ) دانان شتیکی زانراو بووبی لەو کات و ناوچەیەدا کە ئەو نامیلکەکەی تیا نووسیوە • هیچ موریکی دەستکردی خوی یا یەکیکی کەی لی نەداوە کە لاموایە ئەگەر بیویستایە لەگیانی زانستی پەروەری نەختی کەم بکاتەوە هەر راست ورەوان بوی ئەلوا ناوی خوی لی بنی •

لیرەدا نابی ئەوەمان لەبیر بچی کە ئەم قسانەی ماموستا سەعید صدقیش لە خانەی قسە نەترازان ، مەیدانی بەکارهینانیان تاقی نەکردەوە نەك هەر لە چاپکردنا ـ کە ئەتوانری نەبوونی پیتی نیشانەدار بکری بە بەهانەیەکی راستەقینە • بەلام ماموستای ناوبراو لە نووسینەکانیشیا ، هەروەها لەناو قوتابیەکانشیا دانانی ئەم ئیشارەتانەی ئەوەندە مەبەس نەبوو زورتری پشت ئەستوور بوو بەوەی کە بە ( تی فکرینیکی کەم ) (و) و (ی) یەکان لیك جوی بکرینەوە •

دووای ئەمە لە سالی ١٩٢٩ـ١٩٣٠ دا ماموستا توفیق وەهبی جزمی یەکەمی « دەستوری زمانی کوردی » • چاپـــــکرد بە ئەلفوبی یەکی ئیشارەتدار کە پیتەکانی بەتایبەتی بو ئەم نیازە داریژرابوو •• لەم کتیبەدا نەك هەر ئەو ( چوار حەرفە )ی کە ماموستا سەجادی بە داهینانی خوی و خومی دائەنی ، ئیشارەتیان بو دانراوە گەلی پیت و دەنگ و بزوینی کەش ئیشارەتیان بو کراوە بە ئەندازە یەك کە ئەو زور ئیشارەتە لەگەل گەورەیی گورین و فراوانی شەقاوەکە و دوواکەوتووی خویندەواری کوردی پەکی ئەوەیان خست کە ئەم کتیبە نایابە کەلکی خوی لی وەربگیری •

نەك هەر ئەمە ، لە دەوری متصرفیەتی ماموســـــتا توفیق وەهبی دا روژنامەی «ژیان» لە سلیمانی چەند ژمارەیەکی بەم چەشنە پیتە عەرەبی یە

فره ـ نیشانەیە دەرکرد کە لیرەشدا وەکوو لە پیشەوە ووتم گورینەکە ئەوەندە زور بوو بە خەلك قووت نەچوو بویە تەقەلاکە سەری نەگرت •

لە هەموو ئەم ماوەیەشدا تاکوتەرا خویندەوارانی کورد لە نووسراو و نووسینی تایبەتی خویاندا ئەم ئیشارەتانەیان بەکارهیناوە بە تایبەتی بو نووسینی پیتی ( ی ، ل ، و ) •

بەمانەی لای ژووروودا دەرئەکەوی مەسەلەی داهینانی ئیشارەت لەسەر پیتی عەرەبی لە کوریدا شتیکی کونە ، نەریتیك نیە ماموستا سەجادی و من دامانهینابی ، بەلام وەنەبی ئیمەش ، یا ووردتر بووشم ، ماموستا سەجادی هیچی لەم مەیدانەدا نەکردبیت • ئەوی راست بی من خوم لە دەرهینانی یەکەم ژمارەی « کەلاویژ » ەوە مەسەلەی یەکخستنی نووسین و بە تایبەتی نووسینی پیتی ( ل ، ی ، و ) ی کوردیم وەکوو قورتیکی گەورە بەرەنگار بوو کەوا بەبی لابردنی ماوەی پیشکەوتنی خویندەواری لە ناو کوردا زور تەنگ و تەسك ئەبی • بە بیرما هات کە بوچی تەقەلایەك نەدری کە ئەو ئیشارتی ( ٧ ) ی خەلك لە خویانەوە بریاری دانانیان داوە لەسەر پیتی ( ل ، و ، ی ) پتیی تایبەتی بو دانەریژریت لەچاپدا بو ئەم نیازە قسەم لەگەل « سەید حسین عانی » مودیری « مدرسة التفیض الاهلیة » کرد کەوا مەکینەیەکی لاینوتایپیان هینابوو • ئەگەرچی ناوبراو بریاریدا کە بنووسی بو ئەمەریکا بو هینانی ئەو پیتانەی لە کوردیدا بەکار ئەهینرین و دارشتنی پیتی ( ل ، ی ، و ) بە ئیشارەتی حەوتەوە بەلام هەندی هوی تایبەتی هەردوولا و گەرم بوونی شەر پەکی ئەم تەقەلایەیان خست • دووای ئەمە بە چەند سالیك

له کاتیکی به تەواوی جیاوازدا ئەم قسەیەم لەگەل ماموستا سەجادی کرد کەوا پەیوەندیکی تەواوی لەگەل چاپکاری پەیدا کردبوو •

ئەوی من ئەمویست لە ماموستا سەجادی ئەوەبوو کە لەسەر حسابی خوی داوا بکات نەک هەر پیتی ( ڵ ، ڕ ، ۆ ، ێ ) ی بو دابیریژن بگرە ( ی ) یەکی داکشاوی دار و ( ک ، گ ) یکی سەر نووشتاوە و ( چوکلە ) یەکی بی نوختەش بو نووسینی ( ی ) ی ( شیر ) و ( ك ) ی « کویر » وە « گ » ی « گویز » و ئەو بزوینەی لە بەینی ( ك ) و (ر) ی ووشەی ( شەکر ) دا هەیە • ئەوی راست بی ماموستا علاء الدین پیی سەلماندم کە ئەم هەمو پیتانە پیویست نین وە ئەم هەمو ئیشارەتانە سەر لە خویندەوار تیک ئەدەن •

ئنجا فیکری هەردوکمان هاتە سەر ئەوە کە چوار تەنیا حەرف هەیە مشکلە پەیدا ئەکەن ( ر ، ی ، ل ، و ) وە قەرار وابوو هەریەکە لەمانە بو ناسینەوەیان ( ٧ ) یکی لەسەر دابنری • وە ئەو ناردی ئەم ئیشارەتانەیان دارشت ماموستا علاءالدین سجادی نەبووایە دارشتنی وینەی ئەم «داهینانی خەلکە » ئەکەوتە قافیکیتر • کە ئەمەش بە بیری من خزمەتیکی شایانی سوپاسی م اموستا علاء الدینە لای ئەوانەی ئیشارەت دانان بە پیویست ئەزانن لە نووسینی کوردیدا •

# بەرخەکە !؟ .

نوسەری : شاکر فتاح

کورەکەم لەتەمەنی دوانزەسالاندا بو . روژیك هەستی کرد بە ئاوارەیی‌و تەنیایی . ئەگەرا بو شـــــتیك دلی خوی پی‌خوش بکات : خوشەویستی‌و دلسوزی‌و چاودیری‌ی خوی تیا بەخت‌کات . ناچاری کردم بەرخولەیەکی بوبکرم لە مەرسەربریك ( قصـــاب ) . زوری پی‌نەچو کورەکەم بو بەدوستیکی گیانی بەگیانی‌ی بەرخەکە . بەرخە بەسەزمانەکە وای هوگری بوبو ، کە کورەکەم ئەرویشت رای‌ئەکرد بەدوایا . لی‌ی ئەچوە پیشەوە .خوی تی‌هەل‌ئەسو .یاری لەگەل ئەکرد . کورەکەمی لەجیگای دایکی دانابو . ئەو دایکەی کە خوپەرستی‌ی ناپەسەندی نەوەی ئادەم لەوی جوی کردبوەوە هەرچەند بەرخەکە بە تەنیا بمایەوە ، ئەی‌باراند : کورەکەمی بانگ ئەکرد پیویستی‌ی جی‌بەجی بکات ، هاودەمی بکات ، دل‌خوشی بکات . جا کورەکەم چەند بەختیار بوبو بەو بەرخە بەسەزمانە !.. بەرخەکە هەمو کاتیـــــــکی ، هەمو بیرەوەری‌یەکی کورەکەمی داگیر کردبو . کورەکەم ئەوەندەی بەتەنگ دلی ئەو بەرخەوە بو ، بە تەنگ دلی کەسی ترەوە نەبو !..

بەلام بە لای منەوە ، باراندنی بەرخەکە لە بانگ‌کردنی کورەکەم زورتری تیابو. شتیکی گرنگ‌تری تیابو. دیلی‌و بەندەیی و بی‌دەسەلاتی‌ی بەرخەکەشی ئەنواند بەرامبەر بە هیزیکی وا کە نەی‌ئەتوانی بەرەنگاری

بکا !•• بەرخەکە لە خوشەویستیو دلسوزیو چاودیری دایکی بیبەش کرابو • لە خوشەویستیو دلسوزیو چاودیری کورەکەم دلنیا نەبو • بە شتیکی دەستکردی ئەدایە قەلەم • ئەو حـــەزی ئەکرد بچیتەوە لای دایـــکی • حەزی ئەکرد سەربەستیی خوی دەستکەویتەوە • لـــە زورداری دور کەویتەوە • لەبەر ئەوە هەستی بە ترس ئەکرد • ئەترسا لەوەی شتیکی بەسەربی !••

لەراستیا بەرخەکە بەهەلەدا نەچوبو !••

چون ئەبو باوەر بکا بەدوستایەتیی کورەکەمو ئەو مەرسەربرەی کە ئەو بەسەزمانەیان لە دایکی جوی کردبوەوە !؟•• بەرخەکە بە دل هەستی ئەکرد بە جیاوازییەکی گەورە لە ناوەند خوشەویستیی دایکی کە پربو لە دلسوزیو خوبەختکردنو خوشەویستیی کورەکەم و مەرسەربرەکە کە پربون لە خوپەرستی !•• لەبەرئەوە هەرچەند بە تەنیا بمایەوە ئەیباراند ، ئەلالایەوە • چونکە خوی لە تەنگو چەلەمـــەدا ئەدی • ئەترسا لەوەی لەناو بچی • وا تیگەیشتبو کە ئەگـــەر بەهوی کەمتەرخەمی کورەکەمەوە ، لەبەر بیئاویو بیخوراکـــی ، نەمری ، دورنیە سەگو گورگ لەپەرژینی خانوەکـــەوە بازبدەنە ژورەوە ، پەلاماری بدەن ، بیخون • یاخود دزو دروزنو زورداریک بەشـــەو بیدزنو سەریبرن و گوشتەکەی بفروشن • بەلکو بوی هەیە کورەکەم خوی سەریبریو بیبرژینیو بیخوا • ئەمە راستە کورەکەم دوستیتیو دلسوزیتی • بەلام تەقو ئارەزوی چوە سەر گوشتە ناسکە خوشەکەی !؟• کی ئەلی سەری نابری ؟ بوچ هەمو روژ هەزاران بەرخی وەک خوی سەرنابرینبو خوشیی بندانی کورەکەمو هاوتای کورەکەم !؟

لەبەرئەوە بارەباری ئەو بەرخە لە باوکو دایک برراوە کلولە ، کە وەک هاواریکی بیدەسەلاتو بیچارانم ئەهاتە بەرگوی ، کە سیدارە لەنزیکیانە وە هەلخرابی دلی ئەسوتاند ، جەرگمی ئەبرژاند !؟• تەنانەت ئەوەشی لەبیر ئەبردمەوە کە کورەکەمو هەمو خیزان نازیان ئەکیشاو چاودیری‌یان ئەکرد !•• بەلام منیش بە هەلەدا نەچوبوم • زوری پی نەچو دوستایەتی‌و نازکیشانی‌و دلسوزی ، بەرامبەر بەرخەکە ، لەبیر کورەکەمو خیزان چوەوە • کاتیکم زانی بەرخی بەسەزمانیان داوە بە زەویدا ، ئەیانەوی سەریبرن و گوشتەکەی بکەن بە چیشت کە لە سەیرانیکا دەرخواردی میوانیکی زورداری وەک‌خویانیان بدەن !•• باش بو فریاکەوتمو بەرخی بەسەزمانم لەدەستیان رزگار کرد !•

گەلیک لەنەتەوەکانی روژهەلاتیش ، داخەکەم ، لەو بەرخە بەسەزمانە ئەکەن !•• ئەوانیش هەرچەندە سەروکە خوپەرستەکانیان خوشەویستی‌یان بو ئەنوینن‌و یارمەتی‌یان پیشان ئەدەن‌و چاودیری یان پیشکەش ئەکەن •• بەلام ، هەی‌هوو !؟•• تازە چاویان کراوەتەوە •• قەت چەواشە نابن •• لە ترسی گیانی خویان ناچارن هەر هاوارو فەریاد بکەن ، تا خوا دەرگایەکی رزگاربونیان لی‌ئەکاتەوە !••



# بەهار

به قەلەمی شیخ محمدی خال

شەوی ٢١-٣-١٩٥٨ لە سەعات دوانزەی نیوەشەوا روژ لە کەلوی نەهەنگ - برجی حوت - ەوە چووە ناو کەلوی بەرخ - برجی حمل - شەوو روژ وەك یەك ویستانەوە ،واتە شەو دوانزە سەعاتو روژ دوانزە سەعاتە ، نە ئەو زوروستەم لەم ، وە نە ئەم زوروستەم لەو ئەکات ، وە هیچیـــــان بەسەر هیچیانا ناچن وە دەست دریژی بو یەکتــــــری یا بەشیك لە قەلەمرەوی یەکتری داگیر ناکەن،بەلکو روژ وەك پاشایەکی دادپرسی لە خوا ترس بە ژور سەری زەوی‌یەوە ئەویستی ، وە تەرازوی دادپرسی هەلئەواسی بە رەنگیکی‌وا کە بە موو سەرنەکات وە لاسەنگ نەبی وە هیچ لایەکی لە هیچ لایەکی زوروستەم نەکات •

ئەم دادپرسی‌یەی وەنەبی هەر بو ناوچەیەك بی نەك ناوچەیەکی‌تر بەلکو وەك پشتین بە ناوەراستی زەوی‌دا دیتەوە لە روژهەلاتی‌یەوە تا روژئاوای ، وە لە روژئاوایەوە تا روژهەلاتی ، ئەم دادپرسی‌یەشی هەر وەك لە ناوەندی شەووروژا هەیە ، لە ناوەندی سەرماو گەرماشا هەر هەیە ، بەم رەنگە جیهان نەساردەو نەگەرمە ، نە لرفەیەو نە قرچەیە ، نە سەهول‌بەندانو نە چلورەیە نەگرەو هالاوو شەرایە ، روژ بە ئاسمانەوە

نە توندو تیژو گرژو مونو بە خەشمو قینە وەك هاوین نە ساردو سرو لالوتە وەك زستان ، بەلکو وەك پاشایەکی گەل‌پەروەری میهرەبان ، یا وەك دادپرسیکی رووخوشی دل فراوان ، رووناکیو تیینی خوی دابەش ئەکات بەسەر رولەو جگەر گوشەکەیا ـ کە زەوی‌یە ـ وە تارای زیرینی خوی ئەدا بەسەریا ، تا کەم کەم گەرمی ئەکاتەوە وە سرری ئەندام و پەلوپوی دەرئەکات ، وە تەزوومو چرکی لەشی ناهیلی ، وە سامی زستان لە بیر ئە باتەوە ، لەپاشا وەك دایکیکی دلسوزی دل‌نەرم زەوی ئەگریتە باوەش هەروەك مەلوتکەیەکی تاقانە ئەینووسینی بەسەر سنگی‌یەوە و ە بەرەبەرە بە شیری باران گوشی ئەکات وە بە باوشەمالی خوشی خوی لای‌لایەی بو ئەکات وە ئەیبوژینیتەوە ، لەپاشا هەمو بەیانیـــك لەپیش گزنگی هەتاوا بە ئاوی شەونم دەموچاوی ئەشوات ، وە کالاوبەرگـــی رەنگاورەنگی بون‌خوشی نەرموشلی پاکوتەمیزی فراوانی لەبەر ئەکات لەپەرەی گولی گولالەو نەسرین ، لەپاشا خوشیو کەیفو ئاهەنـــگو سەربەستیتی بلاو ئەکاتەوە لە ناویا بە جوریکی وا کە هەر گولەی ئالایەکی سەربەخویی هەلئەکات ، وە چی لەبارا بی لەرەنگو بونو وینەو تەحرو سروشتی خوی بی پەردە دەری ئەبری وە بەبی ترس ئەیخاتە روو ، وە هەمو مەلو بالندەو گیان‌لەبەریك پربەدەم ئەچریکینی گورانی گـــەلی ـ قومی ـخوی بە دەنگی بەرزو ئاوازی زولال ئەلیو ئەلیتەوە وە هیچ لایەکیان لەکەس ناترسن چونکە بەهار روژی ئاشتیو سەربەستی‌یە ، روژی خوشیو خوشەویستی‌یە ، روژی پیـــکەنینو ئازادی‌یە ، روژی نمایشو خو دەرخستنە •



# بەهار نامەوی ...

خوالیخوشبو ـ بی کەس

بەهار نامەوی جوانیت ببینم
ئەمرو من بە دل پەستو غەمگینم
دوژمنی لالەو گولو نەسرینم
دوورم لەخوشی خەریکی شینم
زارو بیزارم تاریکە ژینم
بەهار نامەوی جوانیت ببینم

بەهار بولبولت با هەر بخوینی
گولیشت لە دەشت با خوی بنوینی
کانیت ئاوی روون با هەلقولینی
گژوگیات هەوا با بیشەکینی
ئەمانە دلی من نابزوینی
بەهار نامەوی جوانیت ببینم

بەهارو دەشتو ئاسمانی شینی
بولبول و قومری و گول و نەسرینی
نەشئەی دیمەنی جوانو شیرینی
پەشمە لای کەسی سەراپا ژینی
پرر بی لە دیلی و دەردو غەمگینی
بەهار نامەوی جوانیت ببینم

# نەورۆز

لە شیعری کامەران

نەورۆز گوڵاڵەی نایە سەرپەرچەم
نێرگسی ڕشتە دەشت و کەنارچەم
لەگەڵ توانەوەی بەستەهۆڵ، چرۆ
تیایا، توایەوە، پڕشنگی ئاسۆ
ئەم ڕۆژە تەنیا بۆ بەهار نییە
هەر جەژنی گوڵ و لالەزار نییە
یادی ڕۆژێکە کوردی قارەمان
قەڵا نەخنەکەی دوژمنی ڕمان
کورد، دلێرانە خۆی ئەدا بەکوشت
بۆ ئازادی بۆ، خوێناوی ئەڕشت

# قارەمانی میرنشینی بابان عبدالرحمن پاشا

« یەك کاسە ئاوی سازگاری بەفری
سەرکەژە رەنگینەکانی وولاتەکـــــەم
نـــــادەم بەهەمو پاشـــــایەتی ئەم
سەرزەمینە »

به پینوسی خەسرەو

ئەورەحمان پاشا کوری محمد پاشای کوری خالدپاشای بابانە ئەم پاشا گەورەیە لە هەرە پاشا گەورەکانی میرنشینی بابان ئەژمیری کە ناوی بە زرنگیو جەوامیری و نیشتمان پەروەری دەر کردووە وە یەکەم پاشایە لە پاشاکانی بابان کە بەربەرەکانی دەستدریژی تورکو فارسەکانی کردووە بو سەر وولاتەکەی وە بەرەنگاریان بووە وە شورشی لە راستیانا بەرپا کردوە • ئەم پاشا گەورەیە لە سالی ١٢٠٤ کوچیدا بو بەمیری میرنشینی بابان هەشت سال مایەوە تا بە فەرمانی تورکەکان لابرا ،بەلام دوای ابراهیم پاشا یارمەتی تورکەکانی دا لە دامرکاندنەوەی شورشی « وەهابیەکان » وە چووەوە سەر وولاتەکەی خوی بەلام لەگەل والی ـ بەغدا ـ دا تیکچو لەسەر کوشتنی میر محمد پاشا میری هەریمی ـ حەریر ـ بە دەستی تورکەکان ، لەسەر ئەو دەستدریژیەی ، تورکەکان لەشکریکی گەورەی پیکەوەنا وە چووە سەر لەشکری بادینان بە سەروکیتی ـ خالد بەگی ابراهیم پاشا ـ وە تەفروتونای کرد والی ـ بەغدا ـ ش کە بەمەی زانی هیرشیکی گەورەی بردە سەر ئەورەحمان پاشـــــا لە دەربەندی بازیان

بەرەنگاری یەك بون ، داخەکەم لەبەر زوری لەشکری والی ئەورەحمان پاشا نەیتوانی خوی بگری کشایەوە ایران •

کاتی کە لە ایران بو پەیمانیکی سێ قولی پیکەوەنا لەگەل میرنشینی ئەردەلان و کاربەدەستانی ایراندا لەسەر ئەوەی کە یارمەتی بدەن و سلیمانی لە دەست تورکەکان بسەندنەوە • بەم جورە بەپێی ئەو پەیمانە لەشکریکی پیکەوەنا و بەرەو سلیمانی کەوتە ری لە مەریوان لە نزیك گومی ـ زریبار ـ ەوە لەگەل لەشکری تورك دایان لەیەك ئەورحمان پاشا سەرکەوت و میرنشینەکەی لەدەست نەمان و درندەیی تورکەکان رزگار کرد ، ناچار والی ـ بغدا ـ ش ـ دانی بە پاشایەتی ئەورحمان پاشا نا لەسەر میرنشینی بابان •

بەلام ئەوەندەی پی‌نەچو والی ـ بەغدا ـ کوژرا سلیمان پاشا کرا بە والی ـ بغدا ـ وە لەبەر ئەوەی ئەورەحمان پاشا بروای بە تورکەکان نەمابو دەمی نەی‌هینا کە پیروزبایی لە والی تازە بکا والی ـ بەغدا ـ ش لەسەر ئەمە زور تورەبو وە ترسا لە گەورەیی‌و پایەبەرزی ئەورەحمان پاشا ، بە لەشکریکی گەورەوە چووە سەری لە دەربەندی بازیان دای‌بەسەریا و کشانیەوە بو ایران بەلام بە یارمەتیەك لە ایرانەوە توانی دیسان بیتەوە بو وولاتەکەی •

سلیمان پاشا یاخی بو لە تورکەکەکان وە بو دامرکاندنەوەی ئەمەش ـ بابی عالی ـ فەرمانی‌دا بە ئەورەحمان پاشا ئەویش بە لەشکریکەوە چووە سەری وە بغدادی داگیر کرد ، لەسەر ئەم‌ئیشە گەورەیە کە کردی فەرمان لە ـبابی عالی‌ـ یەوە دەرچو کە ئەورەحمان پاشا ببی بە والی بەغدا

بەلام جوانمەردیکی وەك ئەورەحمان پاشا ئەمەی بو مالی دنیـــا و پایەبەرزی نەکرد بەلکو هەموی بو گەورەیی‌و سەربەرزی و سەربەستی میرنشینی بابان کرد وە دەستی بە پایەی بەرزەوە نا وە پاشایەتی نیشتمان و میرنشینی خوی نەگوریەوە بە والیتی بەغدا وەکو خوی لەوەرامی فەرمانەکەیدا کە بو ـ بابی عالی ـ نوسی‌یەوە ئەفەرموی :

(یەك کاسە ئاوی سازگاری بەفری سەرکەژە رەنگینەکانی وولاتەکەم نادەم بە هەمو پاشایەتی ئەم سەرزەمینە) •

لە سالی ١٢٢٥ کوچیدا میر محمد علی میرزای ئیران هیرشیکی زوری بردە سەر بابان ،ئەورەحمان پاشا لە پیشا توانی هیرشەکەی بوەستینی بەلام خیانەتی خالد پاشا بو بە هوی سەرنەکەوتنی و کشانەوەی بو ـکویەـ ••
دوای ئەوە پەیمانیکی لەگەل کاربەدەستانی ئیراندا بەست توانی کە بگەریتەوە بو سەر میرنشینەکەی ••

وە لە سالی ـ ١٢٢٦ ـ کوچیدا فەرمانی لابردنی لە ـ بابی عالی ـ یەوە هات،ئەورەحمان پاشا بە لەشکریکی گەورەوە چو بەگژ تورکەکاندا لە کفری لەروژی یەکەمی شەرەکەدا کوردەکان ئازایەتیەکی مەردانەیان نواند بەلام لەدواییدا لەبەر زوری هیزی دوشمن خوی پی‌رانەگـــیراو بەرەو ئیران کشایەوە •

دیسان بە یارمەتی ئیرانیەکان هاتەوە بو سەر نیشتمانەکەی خوی وە قەلاچوی تورك و لەشکری تورکی کرد • وە ئەم جارە توانی سالیك پاشایەتی بابان بکات بی بەرهەلستی تا لە سالی ـ ١٢٢٨ ـ کوچیدا کوچی دوای کردوە •

# ئەو نەتەوەیەی ...

م • رەســـول

ئەو نەتەوەیەی تائیستا وەك شـــیر
لەم ناو خاكەدا ژیابی وەك نـــیر

بەرامبەر چەرخی چەواشەی زووردار
بەرامبەر هەلپەی دوشمنی خوین‌خوار

وەكو كیویـــكی قایم وەســــــتابی
خوی راگرتبیـــــو وەكو خوی مابی

ئەو نەتەوەیەی زمانەكـــەی خوی
بووبی بە بەلگەی رابوردو و میژوی

زمــــانی پەتی خوی بە مــــەردانە
باش پاراستبی لەهی بیـــگانە

درویە نەوەی وا نـــیر نامری
بەهـــــەمو دنیـــــا لەناو نابری

نامری هەر ئەژی هەتا هـــەتایە
بەهیچ توانایەك قـــەت لەبن نایە

ئەوی هــــــەولیدا لەناوی بەری
هیچی بو نەكرا دەبا شەق بەری

ئەوی بە •• شاخی •• ناوی برد
ســـەری‌دا لەبەرد ناماقوولی كرد

داخـــــی دلی‌بی كەوا لاوی كورد :
هاكا شەربەتی جەژنی خوی نوش كرد



# گوڤاریکی تایبەتی
# بو ئافرەت

نوسینی : کچەکورد ، پرشنك ٠
کەرکوك

پیش دەسکردن بە مەبەسی وتارەکەم ، بەپیویستی ئەزانم ئەم چەند دیرەی خوارەوە بنوسم من لەو کەسانە نیم کە ئەیانەوی پیاوان لە ئافرەت بە جیاوازی هەریەکەیان لەلایەکەوە دابنی ، وە هەمیشە وا لە ئافرەتی بەشخوراو بگەیەنن کە وا گوایە دوژمنو بەشخورو کوسپی ریگای پیشکەوتنی بریتی‌یە لە پیاو ٠

من لەو کەسانە نیم ، چونکە دل نیام‌دوژمنی ئافرەت پیاو نیە ، وە وەنەبی پیاو بی بوبی بە بەرهەلستی کەری پیگەیشتنی ئافرەت ، لەبەرئەوە کە ئەو پیاوەو ئەم ئافرەتە ، ئەگەر وابی ئەی کوسپی ریگای پیشکەوتنی پیاوەکان خویان کی‌یە ؟ کە هەمومان ئەزانین زوربەی ئەوانیش لەبەشی زوری بارەکانی ژیانیانا دوا کەوتون !٠ ئەی هوی بیرو باوەری پوچو نەخویندەواریو نەخوشیو هەژاریو رەنج خوراوی‌یان کی‌یە ؟ خو ناشی بلیین ئافرەتە !

بەلی راستە لە کومەلی دواکەوتوی وەك کومەلی ئیمەدا زور لـــە پیاوان بە چاویکی سوك سەیری ئافرەتان ئەکەن ، وە دان بەراستی حقوقی ئافرەتا نانین ، وە وەکو هویەکی رابواردنی خویانی سەیر ئەکەن ، بەلام ئەمە لەوەوە نەهاتوە کە ئەوان پیاون‌و ئەمان ژنن • سەرچاوەی هەمو ئەمە بریتی‌یە لەو چەشنە یاسای کومەلایەتی‌و ئابوری‌یەی کە بوە بە پاریز گاری ئەم وەزعە ، بەلکو ئەم وەزعە بەشیکە لی‌ی • پیاوان‌و ژنانی ئیمە زوربەیان ئەمرو چەوساوەو بەشخوراون هەرچەند ئافرەتان زورتر ، وە ئەمرو بو دەس‌خستنی حقوقی ئادەمی‌زادانەی ئافرەت ، پیویســـــتی سەرشانی ئافرەت ئەوەیە کە لەگەل پیاوانی روشن‌بیرا ، ئەو پیاوانەی کە هەول بو دەس‌خستنی حقوقی ئادەمی‌زاد ئەدەن ـ لە پیاوو لە ژن ـ بەرەیەکی گەورەی یەك‌گرتو بکەنەوەو دەس بخەنە ناو دەســـــی یەکتری‌یەوە بو گەیشتن بە ئامانجی هەردولا •

میژوی ولاتانی تر کە جاران وەکو ئیمە ئەژیان‌و بەلکو خراپتریش ، زور بەرونی ئەمەمان پیشان ئەدا • لەو ولاتانەدا حقوقی ئافرەتان گەلی لە حقوقی ئافرەتانی کورد خراپتر خرابوە ژیرپیوە ،یاسای ژیانیشیان گەلی ناخوش تر بو ،بەلام هەر کە بە راپەرینی هەمولایەك باری ژیانی خویان‌یان راست کردەوەو قوناغی سەدەکانی ناوەراست‌یان بری ، یەکسەر ژیانی ئافرەتیش گورا • بویە ئەبینین ئیستا لەو شوینانەدا ئافرەتانیش وەك پیاوان وەزیرو نوینەرو دوکتورو ماموستاو ئەندازیارو زاناو کاربەدەستی گەورەیان بەسەدەها تیا پەیدابوە ، وە شان‌بەشانی پیـــــاوان لە هەمو پروژەیەکا بەهەمو سەربەستی‌یەك ئیش ئەکەن ، وە لەگەل ئەوەشا

ظروفی تایبەتی‌یان بەو سیفەتەی کە ئافرەتن نەخراوەتە پشت گوی‌وە •
وە هەندی حقوقی تایبەتی ئافرەت هەیە وەک ئیش نەکردنی پیش منال‌بون‌و پاش منال‌بون‌و کەم ئیش‌کردن لەکاتی دوگیانی‌داو خو خەریک نەکردن بە ئیشی واوە کە زبری پیویست‌بی ، ئەو حقوقانەشیان بە تەواوی دەستگیر بوە •

بەلی راستە هیشتا لە پیشکەوتوترین ولاتانی روی زەوی‌دا ، ئەندازەی سەدی ــ النسبة المئوية ــ ی ئافرەتانی هەل‌کەوتو لە کاروباری دەولەت‌و پروژەزانیاری‌یەکانا نەگەیوەتە پلەی پیاوان ، بەلام ئەمە هویەکەی ئەوە نیە کە ئافرەت لە سروشتا دواکەوتوترن لە پیاو ، بەلکو ئەگەریتەوە سەر ئەوە کە ئافرەتان لەژیانی کونی ئەو ولاتانەدا بەشی سەدەها سال ریگا لە دوای پیاوانەوە بون ، بویە ئیستاش هیشتا لەگەل ئەو هەمو هەولەدا کە ئەدری ماوەی بەینی خویان‌و پیاوان‌یان نەبریوە •

من دل‌نیام کە زوری پی‌ناچی ــ بەپی‌ی عومری میژو ــ هیچ جورە جیاوازی‌یەک لەبەینی نیسبەتی هولکەوتوانی ئافرەتان‌و پیاوانا نامینی ••

( دیسان هیوام لە خویندەوارانی خوشەویست‌و نوسەرانی هیوا ئەوەیە لیم‌ببورن کە بەم پیشەکی‌یە دریژە توزی سەرم ئیشاندن ، چونکە لام وابو پیویستە بو مەبەسی وتارەکەم ، کەوا دیمە سەری !• )

وتم من لەو کەسانە نیم کە پیاوان جیابکەمەوە لە ئافرەت وە هەریەکەیان‌لە شوینیکی تایبەتی‌دا دابنیم وە لە یەکیان جوی بکەمەوە ، وە تیکوشانی هەرلایەکیان ئاراستەی ئەولاکەیان بکەم •

بەلام ئەمە مەعنای وانیە کە ئافرەتان خویان گیروگرفتی تایبەتی‌یان

نایەتە ر ی‌و ئیش‌وکاری خویان‌یان نیە بەو سیفەتەی کە ئافرەتن ، وە پیویست‌بی بو خویان هەولی بو بدەن و لی‌ی بکولنەوە ، نەخیر ئەمە شتیکی راستەو کەس ناتوانی بلی وا نیە • کاروباری بەخیوکردنی ســـاواو پەروەردەکردنی‌و ، چاودیری‌کردنی دایك بو پی‌گەیاندنی وەچەیەکی نوی‌ی تی‌گەیشتوی پی‌گەیشتو ، دوین لەحقوقی کومەلایەتی‌و سیاسی‌و هەمو حقوقیکی‌تری ئادەمی زادانەی ئافرەت ، بو وینە پزیشکی‌یەکانی تایبەتی ئافرەتان ، ریکخستنی ئیش‌وکاری ئافرەت لەناو مالاو لە دەرەوە ، دەس‌خستنی حەقی ئیش کردن لە پروژەگشتی‌یەکانا ، ئەمانەو چەندەها مەسەلەی‌تری تایبەتی بە ئافرەتان ، پیویستیان بە یەك‌خستنی رەنج‌و تەقەلای ئافرەتانە بو باس‌کردن‌و لیکولینەوەو چارەکردنیان ، چارەکردنیکی راست ، هەربویەکەش لە ژمارەیەکی پیشتری ــ هیوا ــ دا پیشنیارم کرد کە خوشکە کوردە تی‌گەیشتوەکانمان ، هەولیك بدەن بو کردنەوەی چەند لکیك بو ــ یەکیەتی ئافرەتانی عیراق ــ لە شارەکانی کوردستانا •

بی‌گومان ئەمروش گرنـــــگ‌ترین هویەك بو گەیاندنی دەنگو بیروباوەری خەلکی بە یەکتری ، گوڤارو روژنامەیە ، جا لەبەر ئەوە من وا ئەم هاوارەم لیرەدا ، لەسەر لاپەرەکانی ــ هیوا ــ روبەروی هەمو خوشکە تی‌گەیشتوە پی‌گەیشتوە کوردە کان ئەکەمەوە ، بەلکو بینـــە کوری ئیشکردنەوە بو هەول‌دانی دەس خستنی حەقی دەرکردنی گوڤاریك بو ئافرەتان بەکوردی ، تا راست‌کردنەوەی باری ژیانی ئافرەتەکانمان‌و هەول‌دان بو پیش‌خستن‌و پی‌گەیاندنیان بگریتە ئەستو • من دل‌نیام کە ئەو خوشکانە زور بەباشی ئەتوانن بەم ئەرکە هەستن وە گوڤارەکە بە

شیوەیەکی جوانو ریکو پیک دەرکەن و بیبەن بەریوە •

خوشکە عەرەبەکانمان گوڤاری دایکو منال ــ ألام والطفل ــ یان هەیە ، هەروا هەفتەی لاپەرەیەکی تایبەتی یان هەیە لە روژنامەکـــــانی بەغدادا ــ هەرچەند گەلیکیشی قسەی هیچو پوچە ــ ، بەلام ئیمە روژنامەی وامان نیە بتوانی ئەم ئەرکە بخاتە سەرشان • ــ ژین ــ هەرچەند کونجیکی تەرخان کردوە بو ئافرەتانو ــ هیوا ــ و ــ هەتاو ــ هەر چەند سنگیان کردوەتەوە بو هەمو نوسینیکی بەکەلکی خوشکەکان ، بەلام بەتی گەیشتنی من بەش ناکاو پیویستمان بەزیاتر هەیە •

من ئەمەم بە بیرا هاتوا نوسیم ، هیوام وایە ئەگەر خوشـــــــکە پیشکەوتوەکانیشمان پەسەندیان کرد هەول بدەن هەول بدەن تا ئەبی بە راست •

---

دە شتم هیند لاگرانە راستی پیی سەختم تەواو نازی عاشق ، نویژی فاسق ، کبرو خوبادانی پیاو دەردی بەرتیل ، روی بەخیل ، گالتەی رەزیل ئەرکی دەلیل دەنگی ناسازی مؤذن ، برسیتیو هەورازو دیل نازو نووزی تازە پیاکەوتو لەگەل ئەم عالەمە لیرە نازی نازییەکان پییان بلی ئیتلەر کەمە

لەگەلاویژی سالی ١٩٤٥
ژمارە ــ ٣ ــ مارتی ١٩٤٥
وەرگیراوە



# نامەیەك بو ( جەمیلە )

ك . ح . غەمبار

وەك فروكە بكەوە گـــەر
ئەی كوتری جوانی نامـــەبەر
بفرە ، ببرە ، جەرگی ئاسمان
بەسەر زەریا ، دەشت ، بیابان
تاكو ئەگەیتـــــە ـ جەزایر ـ
وولاتی ئاســـن و ئاگـــر
لە پیشـــا پیشكەش كە سلاو
بو رولەی بەجوش و بە تاو
بو گیان بەختكەران تیـــكرا
ئەوانەی وان لەنیو شـــەرا
بـــە باوەری توندوپتـــەر
كە كول نادەن بە روژ و شەو
ئەوســـا برو لای ـ جەمیلە ـ
ئەو قارەمـــانەی كە دلـــە
نامـــە بـــەرە ئازایـــانە
بو ناو زوری بەندیخـــانە

پیشکەش کە نامەی کوردستان
نامەی راستی نەک داستان

نامەی کچەکانی بارزان
ئەوانەی لە خوینا گەوزان

نامەی نوسراو بە خوینی گەش
خوینی ئالی روژانی رەش

خوینی هەمو لاویکی پاک
کە رژا رەنگینی کرد روی خاک

بلی : ـ ئەی دوشمنی خەبات ـ
ـ ئەی ئەستیرەی بەرزی ئاوات ـ

ئەی پالەوانی ـ جەزایر ـ
ئەی عەزم لە پولا پتەوتر

ـ بولبولەکەی ـ لە کوت و داو
لە زوری تەنگ و تار نراو

بلی : ئەی ـ ژاندارک ـ ، ـ تانیا ـ
هەر تەنیا تونیت بە تەنیا

ئازاد خواهانی دنیا گشت
لەگەل تونە وورد و درشت

تی ئەکوشن بو بەردانت
قایل نابن بە خنکانت

-٣٦-

ئەی ـ جەمیلە ـ ئەی قارەمان
ئەی رابەری ریـــــگەی ژیان

ئەمرو کـــــە لاپەرەی میژوو
نـــــاوی بەرزت دینیتـــــە روو

ئەینوســـــێ بە ووتەی زیرین
ناووت ئەبات بە ـ مەردی ژین ـ

ئازایەتـــــی تو لە جیهـــــان
بو گشت گەلان بو بە نیشان

کە لە ریـــــگەی بەختیاری
هەر چەندە بدری ئازاری ..!

هیچ کول نادا ، راناوەستی
تاکو ئەســـــینی سەربەستی

---

ـ جوانترین رەنگ بو ئالای سەربەخویی میللەتان خوینی
ئەو قارەمانانیمە کەلە پیناوی سەربەستیا ریژراوە .

جمال الدینی ئەفغـــــانی

## تەندروستی

# جگەرە کیشان

فوئاد هەناری
کولیەی پزیشکی

لیرەدا مرازمان لە جگەرەکیشان تەنها جگەرە نیە بەلکو قەنەو سەبیل و نیرگەلەشە تەنانەت مەبەسمان توتن کیشانە • توتن بو یەکەم جار لە ئەمریکا هیندیە سورەکان بەکاریان هیناوە وە لەوانەوە بلاو بوتەوە بو ولاتانیتر تا وایلیهات هەر چوار لای جیهان بگریتەوە • وە ئیستا لە ئەمریکا نزیکەی ٤٠٠ بلیون جگەرە لە سالیکدا دەکیشری •

گرنگترین خووکانی توتن ئەوەیە کە : مروف گەلیك زوو فیری کیشانی ئەبی زووتر لە فیربونی مەی و بەنگ و تریاك چونکە زوو هەمو ( ئەنسجە ) کانی لەشی مروف لەوە رادی کە پیویستە هەندیك لە مادەی نیکوتینی (نیکوتین یەکیکە لەو مادانەی کە لە جگەرەدایە) تیدا هەبی ، وە هەندیکیش لەناو خویندا بسوریتەوە ، لەبەر ئەوە ئەوانەی کە تازە دەستیان بە جگەرە کیشان کردوەناخوشیەکی زور تووش دەبن لەبەجیهیشتنی •

لەلایەکی ترەوە ، کە یەکەم جار مروف دەست بە توتن کیشان دەکا کاریکی تایبەتی تارادەیەك دەبەخشی ،بەلام لەدوای ماوەیەك لە کیشان هەر ئەو رادەیە لەکار زور تری توتن دەوی ،لەبەر ئەوەتەماشا ئەکەین کە هەمو ئەوانەی کە ئیستا جگەرەیەکی زور دەکیشن لەسەرەتاوە هەر بە یەك یاخود

دو جگەرە لە روژیکدا دەستیان پی کردوە و بەرەبەرە زور بوە و پیان نەکراوە کە وازی لی بهینن •

لەم باسەدا ئەمانەوی لە چاکەو خراپەی توتن کیشان بدویین تاکـو خویندەواران بو خویان بریاری لەسەر بدەن •

چاکەی جگەرەکیشان ئەوەیە کە هەستیکی خوش‌و خەم‌رەوینی ئەدا و هوی ئەمەش (نەفسیە) ، چونکە مروف دوکەلەکە بە با دەکا و بلاو دەبیتەوە هەست بە حەسانەوەیەك دەکا هەر وەك هەندی خەفەتی دەرونی لەگەل هاتبیتە دەر ، هەروەها خوش کردنی ( هضم ) خواردن ئاسان تر دەکا ئەگەر هاتو بە رادەیەکی زور کەم کیشرا •

بەلام •• زیانی زورە و بە راستی هیچ سودیکی ئەوتوی نیە کە بخریتە پیش چاو و ببیتە هوی دەست پی کردنی یاخود رویشتن لەسەر کیشانی توتن کەم وزور ئەم زیانانەی خوارەوەی هەیە : ــ

١ ــ چوزانەوە و خورانی گەرو و لوت •
٢ ــتەنگە نەفەسی و قورگ کرانەوە و ئازاری سنگ •
٣ ــ پەشیوی ئیش کردنی دل و کەم‌بونەوەی هیزی •
٤ ــ تەسك بونەوەی ئەو بوریانەی کە خوین بو ماسولکەکانی دل ئەبەن ، خو ئەوانەی کە لە پیشەوە ئەم نەخوشیەیان هەبی « نەخوشی تەسك بونەوەی بوریەکانی خوینی دل » توتن‌کیشان زور ستەمە و لەوانەیە ببیتە هوی مردنیان •
٦ ــ بی هیزی چاو و کویربونی ئەگەر زو چارە نەکرا •
٥ ــ زیادبونی پالەپەستوی خوین ( ضغط الدم ) •

٧ ـ پاش لی‌کولینه‌وه‌یه‌کی زور ده‌رکه‌وتوه که ئه‌وانه‌ی زور جگه‌ر ، ئه‌کیشن گه‌لیکیان توشی ئه‌م دوو نه‌خوشیه کوشنده‌یه ده‌بن ٠

١ ـ برینداربونی مه‌عده ـ قرحه ـ ٠

٢ ـ سه‌ره‌تانی سیه‌کان ٠

که‌واته برای به‌ریز هه‌تا پیت ده‌کری خوت له توتن کیشـــــان دوورخه‌ره‌و ، مه‌ی‌کیشه ، وازی لی‌بینه چونکه له زیان‌به‌خشین زیاتر هیچ سوودیك نابه‌خشی ٠


---

زورکه‌س له‌و باوه‌رره‌دان که وازهینان له جگه‌ره کیشان کاریکی گرانه ، که‌چی من به پیچه‌وانه‌وه به ئاسانترینی شتی ئه‌زانم ، چونکه تا ئیستا له هه‌زار جار زیاتر وازم لی هیناوه !؟

مارك توین

# پیرەوەری شاعری مەزن

ماموستا زیوەر



خوالیخوش‌بو ناوی عبدالله کوری محمدی ملارەســـولە ، لەســـالی ۱۸۷٥ی زاینی‌دا لەسلیمانی هاتوتە دنیا لەعلومی دینی داشارەزاوە لەزمانی فارس‌و تورکی وعەرەبیدا شارەزابووە لەزەمانی تورك دا لەروشدیەی عسکری وە لە دەوری حکومەتی عراقدا تا ۳۰ سال ماموستا وە خزمەتی زانستی کردووە •

لە روژی ۱۰-۱۱-۱۹٤۸دا لەتەمەنی ۷۳ سالیدا لە سلیمانی کوچی دوایی کردو گیانی بە بەهەشت سپارد خوالی‌ی خوشبیت •

ئەمە پارچە شعریکی نیشتمانییەتی لەبارەی پاراســـتنی ئابووری وولاتەوە •

مامەهومەر سەدشکور تو قووەت‌و چاوت هـــەیە

هەرلەدی‌یك چەند رەزو عەردو بەراوت هەیە

توتنەکەت قیمەت نەکا سەد ئیشی‌تر بوت قابلە

دیبەرت زەرعی پەموکەی تاوەریس جاوت هەیە

توتنەکەت قیمەت نەکا مازوو گە زوو پیستەو خوری

شالی زور نایابو جوانی دەشتی خوشناوت هەیە

قول لەپەستەك هەل‌بکیشە بچورە کیوی بو شکار

بوتیجارەت وەك دەلەك وەك ریوی سەدراوت هەیـــە

خەلکی گوندی روخی‌زیی بادین‌و کیوی وانەك ئەبی

توش بەلام زورگوشتی‌ماسی‌و پیستی سەگلاوت هەیە

شازدەکوندەی بوش‌و دووسەد بررچنار بوو بەکەلەك

هەربەبا ئەرواتە بەغدا چونـــکە توش ئاوت هەیە

مەسرەفت گەر زورە چایی لی‌مەنی بوداعیـــــە

باسوق‌و سنجوق‌و گویزو میوژە خولاوت هەیە

هەرچی میوەی ناوبەهەشتە تو لەبەر دەستتا هەیە

کالەك‌و هەرمی‌و بەهی‌و هەنجیری ریژاوت هەیە

عادەت‌و چاولیکەری واچای بەحورمەت کردوە

ریگەیی خوت بگرە شەهدو شوك‌و دوشاوت هەیە

قوندەرەو پوتین نەبی کەوشی سلیمانی‌و کەلاش

وەختی بەفریش کالەی گازەرو پیتاوت هەیە

توتنەکەت قیمـــەت بکا ئەوپارەیەش بوتونیـــە

قەرزی کوتال‌و شەکر ، توش رەنجی ناو ئاوت هەیە

بەوسەروپیچە زلەو پشتینە هەشتازەرعییـــــــە

بەوکولونجە مەخمەرە لوچی ئەتو ناوت هەیە ؟

# یەکی خاکەلیوە

سیوسینان ـ میدیا ـ

روژی بیستو هەشتی رەشەمە بو لەمالەوە بەتاقی تەنیا لە ژوریکا شانم دادابو تاکو کەمیك ماندوم بحەسیتەوە ، هیشتا جگەرە کیشیکی پی نەچوبو کەروانیم دەرگای ژورەکەم کرایەوەو برا بچکولەکەم هاتە ژورەوەو نووسراویکی بەدەستەوەبو بەدەم پیکەنینو راکردنەوە بەرەو روم هاتو بەدەنگە ناسکەکەی بانگی کرد :

ـ کاکە •• کاکە ••

ـ گیان ، دلیر ئەلییت چی ؟

ـ ئەمە هی تویە •

ـ کامە ، ئەم نووسراوە ، کی بوی هینام ؟

ـ کوریك •

ـ ئەی کوا کورەکە ؟

ـ رویشت •

ـ ئەی هیچ قسەی نەکرد ؟ •

ـ بەلی ، ووتی عەسر یەمەوە •

کە دلیر چوە دەرەوە منیش گورج نووســـــــراوەکەم کردەوەو دەستم کرد بەخویندنەوەی ، نوسرابو :

هاوریم ••

روژباش

دوای دەست گوشین وەهەوال پرسین • پیشەکی لەناخی هوش و دەرونمەوە پیروزبایی پیروزترین جەژنی نەتەوایەتیمانت لی ئەکـــــەم کەسبەی نی‌یە •

هاوری : شار خروشاوە ، هەمو خەریکی ریکخســـــتنی ئاهەنگی سبەینین ، بەختیار ئەوکەسەیە کەئیشیکی بچکولەی پی بسپیرریت لە ئاهەنگەکەدا ، توش بەریك‌خەر دانراویت لەبەر ئەوە پیویستە سبەینی هەر لەنیوەرووە بی‌یت بو شوینی ئاهەنگەکە ئەوسا تیشت ئەگەیەنریت کە ئیشتچی ئەبیت ، ئەم عەسرەش دیمەوە بولات پیویستە پیکەوە بچـــین بو شوینی ئاهەنگەکە بو ئیش کردن •

کەلەخویندنەوەی نووسراوەکە بومەوە دام‌نا لەتەنیشتمەوە ، پاش تاویك جاریکی ترم خویندوە ، بەم جورەتا سێ چوار جارم خویندەوە ، لەخوشیا هەروا تاس ئەی بردمەوە چونکە سبەینی ـ نەوروزە ـ ••• دیمەنی ئاهەنگەکەم هاتەبەرچاو ، لەسی چوار شوین کلپەی ئاگر بەرز بوبوەوەو کوری هەلپەرکی بو بەدەوریا ، لەهەمولایەکەوە دەنگی دەهول و زورناو قاقای پی‌کەنینی ئەم و ئەوبو لەناو ئەو دەشتە سەوزە نەخشاوەدا بە گولالە سورەو گولەزەردە ، لەهەموی دلگیرتر ئەوەیەکەهەمو کەسیك بە ژن و پیاوەوە هەرجلی کوردی لەبەرایە‌م لەپرریکا دەنگیك لەموکەبەرەکەوە بەرز بوەوە ئەی ووت :

ـ ئیستا ئاهەنگ دەست پی‌ئەکات ، تکایە بی دەنگ بن •• تکایە بی دەنگ بن ••

دەنگی دەهول‌و زورنا وەستاو هەمو بی دەنگ بوون‌و کوبونەوە لەدەوری جیگای تایبەتی ئاهەنگەکە ، هەرکەس لەجیگەیەکەوە وەستاو چاوە نواربو •

دووبارە دەنگ لەموکەبەرەکەوە بەرزبوەوە :

ـ جەژنتان پیروز بیت ، جەژنتان پیروز بیت •• هاو وولاتیانی خوشەویست ئیستا گویتان لەسـرودی ـ نەوروز ـ ئەبیت لەلایەن شورش‌و ئاشتی‌و بەهارەوە ••

سێ منالی بچکولە دوو کوروکچیك هەروایەکی دەسالیك ئەبون هاتنە بەردەم جیگەی تایبەتی تەرخان‌کراو بو خویندنەوەی ووتارو سرودو گورانی کەلەشیوەی دوکانەکەی کاوەی ئاسنگەرابو ، کورە بچکولەکان یەکیـکیان بەرگیکی سەرتاپا سورو ئەوی کەیان سەرتاپای سـپی‌بو کچولەکەش سەرتاپای سەوزبو ، بەراستی جوانن سپی نیشانەی راستی‌و دل‌پاکی‌و ئاشتی‌یەو سوریش نیشانەی خوینی ئالی ریژراوە سەوزەکەش نیشانەی پیت‌و فەرری کوردوستانی خوشەویستە ، بە هەر سـیکیان سرودیك ئەلـین بو ـ نەوروز ـ نەوروزیش پیروزترین جەژنی نەتەوایەتی‌کوردە •

دوای تەواو بونی سرودەکە دەست‌کرا بەدابەش کردنی نیرگس بەسەر دانیشتوانا ئەمجا تاویك هەل‌پەررکی ، دوای هەل پەررکی‌کە سەر لەنوی دەنگ لە موکەبەرەکە بەرزبوەوە :

ـ براو خوشکانی بەریز ئیستا گویتان لەووتاریك ئەبیت • ووتار بیژ هاتە بەردەمی دوکانەکەو بەخیر هاتنیکی گەرمی خەلکەکەی کردو ئەمجا ووتی :

هاو وولاتیانی خوشەویست :

« هەروا بەخوررایی وەبو رابواردنو کات بەسەر بردن نەهاتوین بو ئیرە وە ئەم ئاهەنگەمان پیك نەهیناوە ، بەلکو نیازمان یاد کردنەوەی ئەم جەژنەو روون کردنەوە تی گەیاندنی ئەوانەی کەتیی نەگەیشتون ، جگە لەوەش بو راست کردنەوەی بیروباوەری ئەوانەی کە هاشەو هوشەو قسەی پررو پوچی هەندی لا بەهەلەی بردون ، هەروەهـــا بو تازە کردنەوەی پەیمان بو خوش کردنی ئەو مەشخەلەی کەسەدان سالە هەل کراوەو گەلی جاریش ئاوی پیاکراوە بە نیــــازی کوژانەوەی بەلام خوینی گەلی کوردی نەبەز سوتەمەنی بوە بـــویە نەکوژاوەتەوەو ناش کوژیتـــەوە » •

هاو وولاتیانی بەریز :

لەم کاتەدا بو بەدەنگە دەنگ ووتار بیژ لەخویندنەوەی ووتارەکەی وەستا ، خەلکەکەش هەمو کەوتنە وورتە وورت لە ناو خویانا تالەپرر ووتار بیژ ووتی :

ــ تکایە بیّ دەنگ بن با ئەم خەبەرەتان بو بخوینمەوە •• تکایە بی دەنگ بن •

یەکیك هاواری کرد :

ــ بیخوینەرەوە ، بیخوینەرەوە •

یەکیکی کە ووتی :

ــ درەنگە بو مان بخوینەرەوە •

ئیتر هەر دەنگ بو بەرزئەبوەوەو هەر یەکە بەجوری :

ــ بو نای خوینیتەوە !؟

ـ لەسەرچی راوەستاویت !؟

ـ درەنگە ••

ـ کوا •• دەی ••

دەنگ لە موکەبەرەوە هات : « بیدەنگ ، گوی بگرن • »

هەمو بی دەنگ بون ئەمجا ووتار بێژ دەستی کرد بەخویندنەوە :

« فەرمانی لەکار بەدەستی شارەوە »

«لەبەر ئەوەی زور بەتەنگ پاریزگاری کردنی ژیانو سامانی خەلکی شارەوەین وەناما نەوی هیچ ئاژاوەیەك بقەومی بریارماندا کە ئاهەنگی نەوروز نەکریت • «

بەتەواو بونی خویندنەوەی فەرمانەکە دەنگە دەنگ پەیابو لەنـــاو خەلکەکەداو هەر بەیەکا ئەهاتنو ئەچون ، تا ئەهات نەررەو هاوارو قیژە زیادی ئەکرد ،شیرازەی ریكو پیکی ئاهەنگەکە پچرا دەنگی : بررون •• بررون ، بلاوەی لیبکەن ، مەوەستن ، پەیابو ، بو بەتەقە ، دەنگی تەقەکان تا ئەهات زیادی ئەکرد ، راچەنیم ، چاوم کردەوە ، کە گویم گرت وا لەدەرگای ژورەکەم ئەدەن هەلسام کردمەوە روانیم دلیری برامە ووتی :

ـ کاکە ، ئەو کورەی بەیانی نوسراوەکەی هینا هاتوە بەشوینتا ئەلی بابیت بررویین بو شوینی ئاهەنگەکە بو ئیش کردن •

منیش بەدەم زەردە خەنەوە ووتم :

ـ باشە ، بچو بلی هەر ئیستا دیت •

هاو وولاتیه خوشەویستەکانم: ئەمەویت هەندی لە ژیانی هونەرمەندی ـ شارلی شاپلن ـ بدویم کە بە شیوەیەکی پر لە گالتە و پیکەنین ، زورداری و کردەوەی چەوت ئەخاتە پیش چاوی گــــەلان بە هوی هوونەرە جوانەکانیەوە •



# چارلی چاپلن

بەغدا ـ وەرزیر

لە دایك و باوکیکی هەژار لە ـ لەندەن ـ سالی ۱۸۸۹ هاتووەتە جیهانەوە •• وە لەم کاتەدا ئابووری بەریتانیا چەلەمەیەکی گەورەی تی کەوتبوو بی ئیشی بە ناو بەشی زوری کریکارەکانا بلاو بوو بووەوە ، وە بەشی زوری دانیشتوانی لەندەن لە ناخوشیا بوون •• بی گومان شارلی یەکیك بوو لەوانە •

هیشتا شارلی منال بوو باوکی مرد وە کەس نەبوو کە بەخیویان بکات دایکی نەبی ئەویش ئەوەندەی پی نەچوو شیت بوو وەخستیانە بیمار خانە • لەو کاتەدا شارلیو (سەدنی) برایان نارده هەتیو خانە ،پاش ماوەیەك دایکی چاك بووە وە هەردوو منالەکەیان بو ناردەوە بەلام ژیانیان زور ناخوش بوو لە ژووریکی پچووکا ئەژیان وە زور جار بە برسیەتی ئەمانەوە •

وا ئەگیرنەوە لەبەر بی دەستی شارلی و براکەی هەتا پیلاویان نەبوو لەپێی کەن جا لەبەر ئەوە کە پچوونایەتە دەرەوە بە نورە پیلاوەکـــانی دایکیان لە پی ئەکرد •

شارلی هەر لە تەمەنی شەش سالیا بوو دەستی دایە گورانیی و لە دوایا فیری سەماو تەمسیلیش بوو • لە تەمەنی - ١٤ - سالیا ئارەزوویەکی تەواوی هەبوو لە خویندنەوەدا ، وە زور کەس لەم کاتەدا پییان ئەووت شیتە وە گالتەیان پی ئەکرد وە هەر لەو کاتەدا بوو رویشت بو ئەمەریکا لەگەل کومەلیکی تەمسیلی بیدەنگا •• لە تەمەنی - ٢٠ - سالیا ژیانی بەرەو باشی دەستی پی کرد ، ئەو پارانەی چنگی ئەکـــەوت لەریی بیهوودەدا لە ناوی نەئەبرد بەلکو بەشی زوری ئەدا بە پەرتووك -کتیب- بو ئەوەی سوودیان لی وەربگریت وەك فەلسەفەکانی - نیتشـــە - و -شوبنهور- وە نووسراوەکانی -شکسپیر- و -دیکەنز- • لەو کاتەدا خەلك شارلیان بە پیاویکی ئاژاوەچی دا ئەنا بەلام ئەوگویی نەئەدایە بەلکو زیاتر تیئەکوشا •• وە هەندی لە مومەسیلە گەورەکان ئەیان ووت بەکەلکی تەمسیل نایەت چونکە زور شەرمنە و هەمیشە مات و مەلوومە ، وە نابی ئەوەمان لە بیر بچیت کە هوی بیدەنگی و زویری شــــارلی ئەگەریتەوە بو ژیانی رابووردووی کە پر بوو لە دەردی ســـەری و ناخوشی •• بەلام شارلی دوای هەولدانیکی مەردانە بە هوی فلیمە بە نرخەکانیەوە لە هەموو جیهانا ناوبانگی پەیا کرد وە بوو بەو کەسە کە لە هەموو جیگایەکا بە گرنگی ناوی بەرن و بخریتـــــە ریزی گەورە پیاوانەوە ئیستا ئەمەوی بە کورتی هەندی لە شیوەی یەکیك لە فیلمەکانی بخەمە پیش چاو ئەویش - سەدەی تازە - یە •• ل یرەدا شارلی لـــــە

کارخانەیەکی گەورەدا کریکار ەوە خاوەن کارخانەکە هەولی ئەوەئەدا کە بەرووبوومی ـ ئینتاج ـ زیاتربیت جا لەبەر ئەوە پیاویك مەکینەیەکی نان خواردن دروست ئەکا و ئەیبات بو خاوەن کارخانەکە بو ئەوەی خواردن بە شیوەیەکی زور خیرا بکات بەدەمی کریکاردا وە ئەوانیش بەدەم خوارد نەوە هەر ئیشی خویان بکەن بەبی ووچان دان ، کە ئەبیتـــە هوی ئەوەی ماوەی ئیش کردنیان زور تر ئەبیت ••

بی گومان ئەمەش ئەبیتە هوی زور بوونی بەرووبووم بو خاوەن کارخانە • بو تاقی کردنەوەی مەکینەکە شارلی شاپلن هەلئەبژیرن وە دائەنین بونان خواردن و پری ئەکەن لە شوربا هەروەها گلکە زەراتیکی کولاویش ئەکەن بە شوینی تایبەتی خویەوە کە ئەسووریتەوە لە بەردەمی مەکینەکەوە • مەکینەکە ئەخەنە ئیش کەوچکە شوربا ئەبات بو دەمی شارلی دوای ئەوە شتیك دەمی ئەسریتەوە لە سەر خو ئنجا گلکە زەراتەکە نزیك دەمی ئەکەویتەوە وە بە ئاسانی هەلئەوەری و ئەچیتە دەمیەوە • لەپریکا مەکینەتیك ئەچی بەلام چون تیکچوونی ؟ گلکەزەرات بە خیرایی ئەسووریتەوە و پال بە لووتی شارلیەوە ئەنیو کەوچك پەیتا پەیتا شوربای گەرمی کولاو ئەکات بە دەم و چاویا وە ئەو شتەی دەم ئەسریتەوە وەکو کوتەکیکی لی دیت و دەم وچاوی دائەگریتەوە ، لە ئەنجاما ئەو مەکینەی نان خواردنە ئەبیت بەمەکینەی ئازاردان • هەورەها لەم فیلمەدا کردەوەی خاوەن کارخانەکان دەرئەخا کە چون هەتا لە سەدەی تازەیشا کریکار ئەچەوسیننەوە لەبەر سوودی بی شوماری خویان •

وەکو باسمان کرد شارلی بەم جورە کردەوەی چـــەوت و هوی تەنگ و چەلەمەی ژیان ئەخاتە پیش چاو • وە هەست و بیر و هوشی ئادەمیزاد ئەخاتە کار بو ئەوەی هەول بدا کە چاری ئەو دەردانە بکات •

# تولستوی Tolstoy

شیکاگو : دوکتور ت • ب • مەریوانی

لە تەمەنی ــ ٨٢ ــ سالیدا ــ کونت لیو نیکولا ئەڤیچ تولستوی ــ ــ ١٨٢٨ ــ ١٩١٠ ــ سەری خوی هەلگرتو لە مال چوە دەرەوە ، کە ئەمە راستی جملەی سەرەتای کتیبەکەی ــئانا کارەنیناــ ی دەرخست کە ئەلی :ــ « خیزانی دلخوش هەمو وەکو یەك وانە ، وە خیزانی دلتەنگ دلتەنگی‌یەکەیان بو خویانە »

تولستوی ــ ١٣ ــ منالی هەبو وەخیزانەکەی زور باش ئەیان‌زانی کە حەقی بو بو ئەم خو دەربازکردنو سەر هەلگرتنەی ، لەسەر ئەم دەردەی خوی هەمیشە ئەی‌ووت : پیاو نابی لەگەل ژنەکەیا بنوی ، نەی‌ئەزانی کە ژن ئەتوانی لەگەل میردەکەیا بنوی نەش‌یەلی سـکی پرر ببی •

تولستوی خاوەنی سامانیکی زور بو ویستی هەرچیکی هەیە دابەشی‌بکا بەسەر هەژارانا بەلام یەکی لەخیزانەکەی پیی ووت « لیو ، کەرەی سەرنانەکەی لستەوە •• کەچی نانە رەقەکەشمان پی رەوا نابینی » •

ئەم نوسەرە بەرزە مەزن‌ترین مروڤی بوو لەروسیادا ، کەچـی ئەوەندەی لەدەرەوە ناسراوو ناوبانگی پەیداکردبو ئەوەندە لەروسیا ناوی نەبوو • چیروکەکەی ــ شەرو ئاشتی ــ سەرپشکە • لەم کتیبـەدا ــ تولستوی ــ چەوتی‌و هەلەکانی ــ تەورات و انجیل ــ ی بەتەواوی دەرخستوە وە راستی یەکەی لە پالیدا ئەلی ئەبوایە وابوایە ، کە خەلکی

کتیبەکەیان خویندەوە وایانزانی کە مهدی یا مسیحی موعودە بەلام کە مرد ئنجا ووتیان نەء تولستوی شای چیروک نوسەران بو •

ـ ئانا کارەنینا ـ کە چیروکیکی ـ دلداری ـ یە وە ـ ڤینوس ـ ی بەخوای گەورە داناوە کەچی لەگەل ئەوەشا پاک نەبو ، لەم چیروکەدا ـ ئانا ـ کە ئافرەتیکی خاوەن منالو میرد بوو کەچی دلی بە ـ ڤرونسکی ـ ضابطیکی شوخوشەنگەوە بو ، نوسەری چیروکو خویندەوارانی چیروکەکە تیکرا دلیان بەم جوتە دلدارە ئەسوتاو بەزەییان پیانا ئەهاتەوە ، بەوەدا کە هەرچییەکیان بکردایە ئەیانووت چونکە حەز لەیەک کردون تاوانیان لەسەر نیە ، وە ـ ئانا ـ وای ئەزانی بەزور کوت کراوەو خراوەتە داوەوە ، لەبەر ئەوە هەرچی چاکیکی هەبو نەیهیشت سەری لیشیواو ترسنوکی دایگرت ، خو پەسندیو حەسوودی بە تەواوی لیی دیاری دا کە ئەمانە بون بەهوی ئەوەی هانی بدەنە سەر تلیاککیشان بو ئەوەی هەمو شتیکی لەبیر بچیتەوە ، تا لە ئەنجاما خوی ئەکوژی •

دوای ئەم کارەساتە ـ ڤرونسکی ـ بە دلشکاوی بەرەو لەشکرگا مل ئەنیو هەر خوا خوای ئەوەی ئەبی کە لە شوینیکا شەریک هەلگیرسی بەلکو بینیرن و لەو شەرەدا بکوژری •

تولستوی زور ئارەزوی دووان و قسەی فەلسەفەی ئەکرد ،رقی زور لە مجتمع بو ، مەفتوونی لادیو لادییبو ، ئەم پیاوە هەرچەندە دایکو باوکی گاور بونو لەسەر بیرو باوەری ئەوان هاتبوە بەرهەم بەلام کەچاوی کردەوە رووناکی چرای راستی دی لە کتیبیکیدا کە ناوی ـ لە چایخانەیەکی سووەرتدا ـ یە بە تەواوی بیرو باوەری خویت بو دەرئەخا •

# تەلەفون

ف • ع

تەلەفون ووشەیەکی یونانی کونە لە دوو پارچە پیکهاتوە Tele مانای ــ ماوەیە ــ ، Phone مانای قسەکردنە Speech ، واتــە ماناکەی بەسەریەکەوە ــ ناردنی قسەکردن بو ماوەیەکـــی دوور ــ ئەگەیینی • پیش ئەوەی بزانین تەلەفون چی‌یە ؟ پیویستە بزانین دەنگ چی‌یە ؟ •• دەنگ جوریکە لە هیز ( طاقە = Enerey ) سەرچاوەی هەمو دەنگیک جسمیکە کە بلەریتەوە ، دەنگ بەهوی لەرینەوە پەیدا ئەبی وە بە شەپول Waves لەناو هەوادا بلاو ئەبیتەوە ، هەروەک چون بەردیک فری‌ئەدەیتە ناو ئاویکی مەنگەوە•دەنگ بەهوی حەرەکەتی ماسولکەکانی زمان لەناو دەمدا پەیدا ئەبی ، کاتیک دوکەس لەگەل یەکتر قسەبکەن تا ماوە لەبەینیانا کەمتر بیت گوی یان باشتر لە دەنگی یەکتر ئەبی وە تا ماوەیەکی تایبەتی دەنگی یەکتر ئەبیستن ئەگەر هاتو لەو ماوەیە تیپەری کرد ئەوا هیچ کامیکیان دەنگی یەکتری نابیستن ، ئەگەر یەکیک ویستی لە شاریکەوە بو شاریکی‌تر قسە لەگەل برادەریکیا بکات پیویستە تەلەفون یا بی‌تەل بەکاربهینیت ، بو یەکەم‌جار تەلەفون لەسالی **١٨٧٦** زایینی لە لایەن زانای بەناوبانگ ــ ئەلەکساندەر گراهام ــ ەوە داهینراوە، وەبەرە بەرە دەستکاری کراوە تا گەیشتوتە ئەم شیوەیەی ئیستای •

تەلەفون ئیشەکەی ئەوەیە کە دەنگ ئەگوری بە کارەبا ، وە ئەم کارەبایە بە ـ تەل ـ دا ئەنیرریت دوای ئەمە بەهوی جیهازیکی تایبەتی‌یەوە کارەباکە ئەبیتەوە بەودەنگەی لەپیشەوە نیرراوە ، بەم جورە دەنگەکە ئەبیستریت ، وەبو ئەم ئامانجەش دوو جیهازی تایبەتی هەیە : یەکەم ( نـــیرەر Reciever ) ، دوهەم ( وەرگر

١ ـ نیرەر : کاتیك لە تەلەفون دا قسە ئەکەیت دەنگەکەت ئەیدا لە پەردەیەك « Diaphram » ئەم پەردەیە ئەلەریتـــەوە بەپی‌ی بەرزی‌و نزمی دەنگەکە وە بەم هویەوە هیزی کارەبای ـ راکیشان = مغناطیس ـ لەناو تەلەفونەکەدا پەیدا ئەبی وە ئەمەش ـ ڤولتیە ـ پەیدا ئەکات بەم جورە دەنگ ئەگورریت بو کارەبا •

٢ ـ وەرگر : هەروەکو جیهازی نیرەر وایە لەدروستکردنیا بەلام ئیشەکەی ئەوەیە کە کارەباکە ئەکاتەوە بەدەنگ •

تەلەفون دوو جورە : ١ ـ تەلەفونی اعتیادی کە بە هوی بدالەوە ئەتوانیت تەلی وەرگرو نیرەر بەیەك بگەینیت وەقسە بکەیت •

٢ ـ تەلەفونی ـ ئوتوماتیـــــك ـ کە بەبی داواکردن لە بدالـــە یەکسەر قسە بکەیت •

---

ـ ئەوانەی ئەلین مروڤ هەر لەخویا خراپە ، خویان سوكو پەستن •

گورکـی

# جەژنە پیرۆزەکەی کورد

نەوروز



سلیمانی : غ • س غەمبار

دەنگی هاتە گویم هەستن سەیرانە
هەستن نەوروزە کوردینە گیـــانە
ئەو تەپلە چی‌یە ؟ ئەو نالەو سوزە
ئەو گرمەگرمە ئـــــەو تەپوتوزە
چی‌یە وا دەنگی موسیقای هەستان ؟
بە ئاواز ئەلی : « یەکیتی‌و یەکسان ! »
نەپەی پی‌سوارو هەستەو برو دەی
چەپلەریزان‌و قریوەو ئوخـــــەی
هیشتا هەر شەوە ئاسو هەر تارە
بەلام دنیا خوش چونکە بەهارە
لەدەنگە دەنـــــگو تریەو هاتوبرد
شەویان کرد بە روژ درشت تاکو ورد

دەهول‌و زورنای رەمزی هەلپەرین
خروشی خستە ناو شاری رەنگین

ئنجا کە کاتی ئلسوی پەمەیی
گزنگی دەرخست وورد بە شینەیی

ئەیدا لە ئاوونگ ، ئاوونگیش لە چاو
چاویش ئەیدایە بەرلی رەنگ کراو

بەرگیش کە ئەیدا لە ئاسمانی شـــین
سەرپاک فریشتەی خســـتە پی‌کەنین

ئەوسا کە ووتەی فریشـــتەی پیروز
چین چین ئەنیشتە سەر کوردی دلسوز

قاقای پی‌کەنین زەردە خـــەنەی ناز
تیکەلاو ئەبوون لەگەل دەنگی ساز

ئەیان‌ووت لەجی‌ی جاری هەزارجار
لیتان پیروز بی ــ نەوروزی ــ نازدار

پیویستە کوردیش یەک ووتەو دل بی
هیواو ئاواتی هەر لەرەی چـــل بی

# داپیرەم

شەقلاوە ـ مەم

ئەم سالە هەمومان زور لە تەنگانەو چەلەمە دابوین •• تازە سالیکی ووشکو پر دەردو خەفەتو نەخوشی بەسەر شەردا تیپەربوبو ، سروشتی دەوریشمان وەکو رووی ئیمە گەردی رەشی قاتی یان هەر لەسەر مابو •• گوندە کەی ئیمە کە نزیکەی سەدوپەنجا مال ئەبو ئەوسالە لە بیست مالی شپرزە زورتر نەبو •• جگە لەچەند کەسی رەش‌و رووتی پەراگەندەو دەربەدەر کە لە ژووروی وولاتەوە چارەنوسیان کەوتبوە گوندەکەمان ••و سەریان بەسەری ئیمەوە نابو دواروژیان بە دوا روژی ئیمەوە بەستبوەوە •

لە هەموو دانیشتوانی ئەو سالەی گوندەکە یەکیك نەبو کە چەند کەسوکاریکی نەکوتبیتە بەر توفی • گرانی‌و قاتی و نەخوشی شەر •• لە بنەمالەی ئیمە کە لەو هەریمە دا ناودار بو •• و لە ـ ٣٥ ـ کەس پیکهاتبو ئەو کاتە تەنها من‌و داپیرەم مابوین ، داپیرەم تەمەنی لە سەد سال تیپەری کردبو •• ئەوەش شتیکی سەیر نەبو چونکی هەر ئەو داپیرەیەم بو لە گرانی گەورەی پیشوش رزگاری‌بوبو ••• گەلیك جار داپیرەم پی‌ی ئەگوتم :ـ

ـ کورم •• تو ماوەی ئەو بنەماله خانەدانو گەورەیەی •• ژنیك بینە تاکو کەلاوە روخاوەکانی و دیوارە راهاتوەکانی راست بکەیتەوە •

بەراستی منیش ئەو فەرمودەی داپیرەم زور لا خوش بوو و ئارەزو ئاواتم‌ئەوە بو کە ژنیك بینم بەلام هەرچەندە چاوم ئەگـــــیرا •• چ ئافرەتیکی وا ـ دەرباز ـ رزگاری نەبو بو کە دلم بوی بزوی وە ئەوانەی رزگاریشیان بوبو چ کامیکیان تەمەنی لە تەمەنی باوکی رەحمەتیم کەم‌تر نەبو •• سەرەرای ئەوەش ئیشتا برینی کوچ کردنی ـ نیرگـــــی ـ دەسگیرانە خوشەویستەکەم کە لە رشانەوەی دوای شەر پاش قاتی و فریەکە لە بەهاری ژیانیا وەك خونچە کولی تازە پشکوتو سیس و پوچ بو و هەلوەرا ، ئەو برینەی دلم هیشتا هەر کول بو و خوینی لی ئەتکا ، بویە هەر تەنیا بیرکردنەوەش لە ئافرەتیکی ترکە جیگای ئەو نازدارە جوانەمەرگە لەهەستو کانگای دلما پر بکاتەوە •• هەرتەنیـــــا ئەو بیرکردنەوەیە سامیکی ئەخستە سەرم •

بەچاوینی نەبی ئەو سالە نەختیك بوژابوینەوە •• حال‌و ئەحوالمان خوشتربو •• داپیرەشم چەند لیرەیکی ، شاردبووەوە و لەچنگ جەندرمە و راو رووت کەر و دوژمن رزگاری کردبون •• هەروەکو بزانی خوی لەو کەسانە نیەکە بە نارەوایی فری‌درانە ناو بەرداشی شــــەرو • • هاویژرانە باوەشی نەخوشی ومردن ، • وە ئەم لیرانەی بو ئەم جورە روژە رەشەی ئیمرومان هەلگرتین •

خواحەقە پیریکی دووربین و ژیر بو •• کە شەر کوتایی‌هات •• وە ئاگرە سوتینەرەکەی کلپەوبلیسەی دامرکایەوە •• و داسووکـــــە ژەهراویەکەی کول بو وە لە درونەوەی گیانان وەستا •• ئنجا لیرەکانی

هینایه دەرەوە •

رۆژێك لەو رۆژە رەشانە •• منو داپیرەم •• دووبەدوو لە هەیوانی کەلاوە سوتاوی کوشکەکەی رابوردومان هەلتروشکابوین •• بە داماوی تەماشای ئەنجامی شەرەکەمان ئەکرد کە نیشانەی بەئاشکرا لە گوندەکە دیاربو •• لەخانوە سوتاوو روخاوەکان •• لە دارە سەرهەلبروژاوەکان • لە کەندو کوسپەو رەشایی ناو کولانەکان •• و لە گەلی شتی تر کە پیاوی ووریەوەکو من •• لەو جورە روژانە تەوانای بینینیانی نەبو •• و هەتا کەلاوەکان هەلنەدەیتەوە •• نازانی چین ؟!•• کە داپیرەم چاوە – پووشاوی – و نوساو و گرینوك و ئاخ هەلکیشان •• چەند لیرەیەکی پیدام و گوتی :–

– کورم •• ئەو زەوی‌و زارە •• ئەبینی ئەمسال چەند سالە بـــی خاوەن ماوەتەوە ، چاوەنواری یارە خوشەویســـتەکانی ئەکات •• بی ئەوە فامی ئەوە بکات کە ئیستا گەلیك لەو یارانەی لەناو دەرونیــــــا نوستوون •• و بە خاکو خولی داپوشراون • هەلسە برو هەندی دانەویلە – تو – بکرە •• و پیاوانە •• لەگەل براکانتا خەلقی‌گوند پیـــــکەوە بکەونەوە کار •• و چاندن •• بو سود و بوژانەوەتان •

بەگور فرمیسك لەچاوی داپیرەم ئەباری کە گوتی :–

– خوزگە منیش لەگەل ئەو یارانە ئەچومە ناو گور •• جوانەمەزگان رەسولی باوکت •• رەوشەنی دایکت شەنگەو عزیز •• و مارف‌و نازی و شلیری براو خوشکەکانت •• و •• دەستی کرد بە ژماردنی •• خزمو خویشو •• دانیشتوانی پیشوی گوند •• کە بەر چەپوکی گرانی و شەر کەوتبون • هەتا پیی گوتمەوە :

– کورم •• ژن بینە تاکو کومەلیکی نوی دروست بکەینەوە ••
تا سەرلەنوی بناغەی دونیا کەمان دایمەزرینینەوە •
ئاگادار بوم داپیرەم ئەوسالە دەستی زور کەسی تری لە گوند گرتبو ،
بویە هەمومان کرداریکی باشمان کرد • هەر کە بەهـــــار رابورد و
دروینەتەواو بو •• و خەرمان هەلگیرا •• داپیرە هەمو خەلکەکــــەی
گەراندەوە سەر رەوشتی جاران و کە هاوین داهات بەرەو کویستانی
– هورنە – ی رەنگین کوچمان کرد •
هورنەی رەنگین کە جاران مروف بەرامبەری ئەوەستا هەوەسیکو
کامەرانیکی خوشی پەیدا ئەکرد • وە ئارەزووی ئەکرد کە بەگورر خوی
بهاویژیتە باوەشی ، وە لەناو میرگە جوانەکانیا بگەوزی •• ئەو ســــالە
هەروەکو رەنگە پووتو زەردو گەرداویەکەی ئیمە ئەویش بە بەرگیکی
بور داپوشرابو •• ئەو دیمەنە جوانو شوخەی لەکوی ؟!• ئەو میرگو
گولزارە مافورینیانە چییان بەسەرهات ؟!• هەموی •• گورابون ••
گورا ••هەتا بونە گولاوی‌یەکەی گولە سیسو ژاکاوەکانی کویستانەکەش
کە شنەبا ئەیدا بە رووماندا • ئەویش تیکەل بە بونسوتو • و بوگەنیکی
گرانی شەر بوبون •
کە ئیوارە داهات هەمو خەلکەکە • لەبەر ئاگری ئیمە کوبوبونەوە ••
کررو بیدەنگ چاویان لە دەمی داپیرەم بزیبو کە بە قسە خوشەکانی
ئەو پەردەی ترسو ماتەمینەی ئابلوقەی دابوین بیدری •
داپیرەش هەستی بەوە ئەکرد •• کە سامی گرانی ئەو قەومــــــاوە
گرنگانەی لەو سالانە بە سەرمانا هاتبون وورد گیژی کردبوین •• وە
واقوررماو •• زمانی بەستبوین •

بەلام •• لە چ بدواینایە ؟ باسی چیمان بکردایە ؟ جاران باســـــی زەوی‌وزار •• راوشکار •• زەماوەند هاتوچوی شار •• و کردەوەی ئەوو ئەممان ئەکرد • جاران باسی مەرومالات باسی جوانی‌و دلداری و خوشی •• باسی کامەرانی گەل‌یکی رابوردوو •• باسی گەلی رووداوی سەیرو پیکەنینەرمان ئەکرد و شەومان پی‌ئەبردە سەر •• ئیستا باسی چی‌بکەین ؟!•• هەمو کارەساتیکی ئەوساله شومانە •• ئەوەندە بەسام‌و پر خەفەت بون‌و ترسینەر ، وە بە جوریک بە دەریاییکی تاریک‌و بی پایانی وەرەسی نقومی کردبوین کە تەوانای ئەوەشمان نەبیت هەرتەنیا باسیشیان بگیرینەوە ، چونکی یادکردنەوەشیان موچرکی بەلەشمانا ئەهینا • خو - صوفی ملیل - یش کە بە گولی هەمو ئەنجومەنیکی ناوچەکەمـــان ئەژمیررا ، لەبەرقسەی خوش‌و پر گالتەی‌و ئیسک سوکی‌و دەنگوئاوازە دلفرینەکانی ، ئەویش تاسایو •• بە ووری و گیلی دانیشتبو ، هەروەکو ئەو صوفی‌ملیلەش نەبیت •• هەمو بزوتنەوەییکی ئەوەبو •• کە زوو •• زوو •• چاوی لە یەك ئەدان و روی لەم‌بو ئەو وەرئەگیرا •• بی ئەوەی بتوانی دەم بکاتەوە • باسی چیمان بکردایە ؟ باسی •• توپ •• بومبا •• سوتان •• ویران کردن •• کوشتارو تالان !؟• باسی‌ژاندرمە ، باسی کەساسی‌و برسیەتی •• و ستەم ؟ • باسی ئەونارەوایانەی لە پیناوی شەرا بەسەرمانا هاتبون ؟!• باسی ئەو خوینەرژاوانە •• ئەو ئەشکەنجەو نالەباریەی بوبوە هوی ئاوابونی •• لەناوچونی گەلی خوشەویست •• و هاوخوین‌و کە سوکارمان ؟!• ئەبوایە لەو باسانە بدواینایە ، یادی ئەو روژە رەشانەمان بگیرابایەوە • چونکی ئەو تەرحە دیمەنانەمان لەگلینەی‌چاو و لەمیشکمانا چەسپی‌بو •• وە هەمو سەریکی لی‌شیواندبوین ، مروفیش کە

وەرەس بو •• و پەشوکا سەزی لیشیوا •• تیشکی روناکی لەبەرچاو ئەبی بە ئاگرو •• دوکەل و تاریکی • ئیمەش وەرسی •• هەستو بیرکردنەوە وەستاندبوینی • وە دەمی گریدابوین •• بویە هەمو بەکرری چاومان بریبوە دەمی داپیرەو گویچکەمان ئارەزوی بیستنی دەنگە هیمنەکەی ئەکرد •• کە ئەو تەمو ناریکیەی دەروونمان برەوینیتەوە •

داپیرە سەری هەلبڕیو بەریز سەیری هەمومانی کرد •• و ئاهیکی هەلکیشاو رووی‌سوراندەوە •• و چاوی بری‌یە ئەو دولو شیو و پانایی و گرد و دارستانانەی بەرامبەر هورنە •• کەجاران ئەگەر بەشەو تەماشایکیت بکردایە ئاگری پەنجاگوندت ئەژمارد کە وەك ئەستیرەی گەش ، ئەو کردگارە جوانەیان ئەدرەوشاندەوە ،• ئیمەش بەبی‌دەستی خومان ئاوریکمان لەگەل داپیرە دایەوە •• ئەو دونیا بەرینە لە ناو جەرگی تاریکای ئەوشەوەدا توابوەوە •• تاقە ئاگری گوندیکمان نەهاتە بەرچاو ، چ دەنگیکمان نەبیست جگە لە قرەی بوقو ـ تووکە ـ ی ـ کوننە بەبویەك ـ کە با ئەی‌هیناو ئەی‌دا بە پەردەی گویچکەمان‌دا کە سەریشمان لە ئاسمان بەرز کردەوە دەریاییکی لیلمان هاتە بەرچاو کە چەند ئەستیرەییکی سیسی پووتی وەك چاوی برسی لەناویا جریوەیان ئەهات ، دەتگوت ئاسمانیش دیمەنی دونیا کرەکەی ئیمەی دووبارە کردبوەوە •

داپیرەم چاوی لەو دیمەنانە گویزایەوە •• و روی کردەوە ئیمە و بە دەنگیکی پر سوزو نوساو گوتی :ـ

ـ ئای ئادەمیزاد •• ئای چەند بەهیزو تین‌و ملرەقی •• ئای ئادەمیزاد چەوەستاییکی دروستکەرو کریکاریکی پوختو زیکی •• کە ئارەزوی پیروزی دروست کردنت بیت •• وە چەند درندەییکی کوشندەو

خوینخوارو جەردەیکی روخینەری کە بیری رەشی بەدیو ناکوکی بیتە میشکتەوە •• و تەمی رەشی بەد خوییو خو پەرستی و تەماع بەرچاوت بگری •• ــ دەستیکی بوئەو دونیا تاریکە دریژ کرد ــ •• ئەمە کەلاوەی کوشکی ئاوەدانیو کامەرانیو پیشکەوتنیەتی ، کەلاوەی ئەو کوشکەیە کە ملیونان کەس هەزاران سال بەشان‌کوتانو ئارەقرشتن و ئاوی چاو و خوینی دل بەردوداره رەنگینەکانیان لەسەریەکتر دانان •• وا بە ماوەیەکی کەم •• کەم •• کەمتر لەوەی کــــە مروف بتوانی بیری لیبکاتەوە ، بەسەریەکا روخاندی •• و خوشی لەژیریا تەفرو تونـــاو سەرنخون‌کرد !•• لەپاشا داپیره سەری بەرزکردەوە هەروەکو لەگەل ئاسمانا قسە بکات لەسەر قسەکەی رویشت :ــ

ــ ئیمەش •• هەر ئەو ئادەمیزادەین •• ئەو درندە روخینەرەین •• و ئەو گیانە پیروزە وەستا دورستکەرەشین ،•• تامی •• سویری •• و تالی •• و ناخوشیمان زور چیشت ، ئنجا ئیستا ئەتوانین سەرلەنوی •• دەستبکەینەوە بە ئاوەدان کردنەوەی دونیاکەمان •• بە دروست‌کردنەوەی کەلاوە روخاوەکانی کوشکەروخاوەکەی ، وە لەتەك ئەم کوشکەدا •• با بناغەیەکی نوی •• خوشەویستی و کامەرانی •• و ئاسایش دابمەزرینین•• بناغەیەکی وا کە جاریکیتر •• چە هیزیك نەتوانی بیروخینیتەوە •• بەلی ئەتوانین •• جا با دەستی بدەینی •• با هەمومان تیکرا دەســـت بکەینەوە بە دروست‌کردن •• و لەنوی دامەزراندن •• با دونیاییکی وا دابمەزرینین کە تیشکی روناکو پیروزی رووی نەتەوە کامەرانو ئازادەکەی روناکی بکاتەوە ــ •

ئینجا •• داپیرەم بە تەوسەوە پیکەنی •• وە هەناسەییکی دوور و

دریژی هەلکیشا •• و رووبەرووی هەمو دانیشتوەکان •• فەرموی :ـ

ـ وا نیە •• گەلی خوشەویستەکان ـ ••

هەمو دانیشتوان •• پاش کانیک تاسان و بیهەست بون •• وەکو هەریەکە بەسەر رستەی قەوماوانی بچیتەوە •• هەمو بە یەك دەنـــگ وەلاممان دایەوە :ـ

ـ « بەلی داپیرەی پیروز •• راست ئەفەرمون •• با دەست بکەین بە دروستکردنەوە با •• دەست بکەینەوە و •• بیربکەینەوە » •

لە دوای ئەو هەمو قەوماوانەدا •• داپیرەم روی کردەوە من •• و بە دەنگیکی پر سوزو خوشەویستی پیی گوتم :ـ

ـ کورم •• ژن بینە ••

---

بوتە شعارو کردەوەم سەربەســـــتی ئازادی وەتەن

روحی لەریگەی میللەتما صەرفی نەکەم ئەینیمەچـــال

---

بیتو گـــــەر من کوهکەن بم وەصلی شـــــیرینم بوی

تیشـــــەیەك نادەم لە بەردت توی کە شـــیرینی منی

زیوەر

# لیکولینەوەیەک لە ووتاری

# ( ویژە ) ی ماموستا خال

کەرکوك : م • م

لە ژمارەیەکی پیشوتری ـ هیوا ـ دا وتاریکی ماموستای مەزن شیخ محمدی خالم ، لەژیر عینوانی ـ ویژە ـ دا خویندەوە ، لەو وتارەدا هەندی شت سرنجی راکیشام ، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە پاشماوەی وتارەکە هیلرا بوەوە بو ژمارەی دوایی ، هەر ئەوکاتە بیری خومم دەربارەی دەرئەبری ، بەلام لەبەر ئەو هویە ناچار بوم دوام حست بو ئیستا کە ژمارەی هەشتەمی ـ هیوا ـ دەرچو ، وە وتارەکەش تەواوبو ، وە ماوەی دەربرینی بیرەکەی خومم بو کرایەوە •

پیش هەمو شتی هیوام وایە ماموستای خال بە چاوی لیکولینەوەی روت ـ البحث المجرد ـ ەوە وتارەکەم وەرگری ، چونکە من بەو نیازەوە ئەم قسانە ئەنوسم کە خزمەتی خویندەواری کورد بکەم ، چونکە لەو باوەرەدام ، کە رەخنەی دورستکەر ـ النقد الانشائي ـ ریگایەکی راستەو ئەکیشیتەوە بو پوختە بونی بیری دەربرراو •

ماموستا ئەلی :[1] « ویژەی هەرگەلیک لە کالایەک ئەچی لە بالای

---

[1] من لەبەر تەسکی جیگا ، پوختە ـ خولاسە ـ ی بیرەکـــانی ماموستا ئەگیرمەوە • م • م •

ئەو گەلەدا ، جا یان وەك كالایەكی پر بە پیست وایە ، یاخود زور یا كەم تەسكو تروسكەو لە لەشیا ناچەرخی » وە لەمەوە ئەگاتە ئەو ئەنجامە كە « لەناو ویژەی گەلەكانی جیهانا ویژەی لە هەردو رەنگ هەیە ، وە ویژەی دەولەمەندەو گەلی واش هەیە ویژەی هەژارە ، بەلام گەلی وانیە ویژەی وەك كراسی دەرەودامانی یاخود وەك كراسی تا ئەژنو گەیشتو یاخود وەك سوخمە ، یا پەنكیك بی لە ملدا ، واتە ویژەی ، یاسەرو وەك پەتكیك وایە لە ملیا وەك ویژەی توركی » .

ماموستای مەزن !

وەك بزانم ویژە بەم چەشنە دابەش ناكریت ، بەلی گەلی وا هەیە ویژەی دەولەمەندەو گەلی واش هەیە ویژەی هەژارە ، بەلام گەلی واینە ویژەی وەك كراسی دەرەودامانی یاخود وەك كراسی تا ئەژنو گەشتو یاخود وەك سوخمە ، یا پەنكیك بی لە ملدا ، واتە ویژەی ، یاسەرو زیادی بی ، یاخود بە ئەندازەیەكی جوی‌جوی ، بەشی پیویستی ئەو گەلە نەكـــا .

ویژە ، وەك هەمو بوویەكی زیندو ـ كائن حي ـ سەری شورە بو یاسای كوران ـ قانون التطور ـ ، وە لە هەر قوناغی لە قوناغەكانی ژیانا ویژەی هەر گەلی بەشی جوری ژیانی كومەلایەتی و ئابوری و سیاسی ئەو گەلە ئەكا ، وە لەگەل گوزانی ئەو جوری ژیانەدا ئەمیش بەپی‌ی پیویست ئەگوری .

با بو ئەم قسەیە ویژەی كوردی بكەین بە نمونە . پیشان كە هیشتا بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە كوردستانا پەیدا نەبوبو ، وە ئیشو كاری

کورد له چوار چیوەی ئەمارەتە دەرەبەگی‌یەکانا ئەسورایەوە ، ویژەی کوردیش تەنها یا لە تەعریف کردنی خواو پیغەمبەر ـ ص ـ ، یا لە دلداری ، یا لە بەشانو بال هەلدانی گەورە گەوران ، یا لە چیروکی شەرو ئازایی‌و سوارچاکی ئەدوا • بەلام هەر بە بزوتنەوەی گیـــانی نەتەوایەتی لە کوردستانا شیعرو چیروک و نوسینی تازەش هاتە بەرهەم • ئەمە لە شیعرەکانی ـ کوردی ـ و ـ سالم ـ دا تا رادەیەک وە لـــــە شیعرەکانی ـحاجی قادرـ و شیعرو نوسینەکانی ـجەنابی مەلای کویەـ دا باش بەدی ئەکری • پاش شەری یەکە میش شیعرەکانی ـ پیرەمیرد ـ و ـ احمد مختار ـ و ـ بی‌کەس ـ و دەهای‌تر ئاوینەیەکی گەورە و پاکن بو دەرخستنی ئەم راستی‌یە • ئیستاش کە تیکوشانی نەتەوەی کورد بوە بە بەشی لە تیکوشانی هەمو نەتەوەکانی کەی گیتی‌و گیانی دوستایەتی لەگەل گەلانا لە دلی نەتەوەی کوردا لە بروزایە ، بویژی وا پەیدا بوون کە ئەم هەستەی دەرئەبرن ، چاو گیرانیک بە شیعرەکانی ـ هەردی ـ و ـگورانـ و ـدیلانـ و ـکامەرانـ و ـهەژارـو گەلی کەسی‌تر زورباش ئەمەمان بو دەرئەخا •

ئەم باسە دریژەی زورە ، لەبەر ئەوە ئەوەندە بزانین بەسە کـــــە ویژەی هەر نەتەوەیەک لە هەرقوناغی لە قوناغەکانی ژیانی ئەو نەتەوەدا پر بە پیستیەتی ، وە هەر نەتەوەیەک تا پیشتر بکەوی ، ویژەشی بەرەو پیشتر ئەروا •

بەلام نازانم ماموستا چون هاتوە ئەم ویژە عالەمی‌یانەی بەم شیوە

دابەش کردوە ؟ من بەش بەحالی خوم ئەزانم حوکمی وا ئەبی کەسی بیدا کە شارەزاییەیکی باشی لە هەمو سەریکی ویژەکانی جیهان هەبی وە ئەو زوبانانە بزانی کە ئەو ویژانەیان پی نوسراوە • سا ئەبی ماموستای خال بەپیی چی ئەم ویژانەی دابەش کردبی ؟ لە نوسینەکەی ماموستا خویەوە وا دەرئەکەوی کە دو شتی کردوە بە ترازو بو ئەم حوکمدانەی یەکەم : ئەوەتە ئەو زوبانە تا چ رادەیەک پاکە لەوشەی بیگانە ؟ دوهەم : ئەوەیە تا چ رادەیەک لە هەمو باسیکا نوسراوو دانراوی هەیە ؟ جـــا بابین توزی لەمەش بکولینەوە :

یەکەم ، پاکی لە ووشەی بیگانە و زوری ووشەی خومالی ترازوی سەنگو کیشانە کردنی دەولە مەندیو هەژاری هیچ ویژەیەک نیە ، چونکە کەموزوری ووشەی خومالی لە زروفی ژیانی نەتە وەی خاوەن ووشەوە دین ، هەر نەتەوەیەک لە ناوخویا یەک پارچـــــە نەبوبی و پەیوەندییەکی گەرم لە میانی هوزەکانیا نەبوبی ، بو یەک مەعنـــــا گەلی ووشەی هەیە ، هەروا ئەو نەتەوە بە هەر جورە شتیکەوە هوگری گرتبی و لە چ جەویکا ژیابی بەپیی ئەوە ووشەی هەیە • بو وینـــە عەرەب چونکە عەشایری زوری جویجوی یان هەبوە ، بو هەر شتی کەهەمیشە تیکەلی ژیانیان بوبی ووشەی زوریان هەیە ، ئەبینین وشترو پیرەژنو کەشتیو تیروکەوانو شیر لە عەرەبییا چەند ووشەی زوریان بو دانراوە • ئەگەر وابوایە کە ماموستا ئەلی ، ئەبو خوی ویژەی عەرەبی لە ویژە ئەوروپایی یەکان بە دەولەمەندتر دانایە ، چونکە بی گومان تاک ـ مفردات ـ ەکانی زوبانی عەرەبی دە ئەوەندەی تاکەکـــانی زوبانی ئینگلیزی ئەبن •

ــشاهنامهــ ی ــفیردەوسیــ که چەند هەزار شیعرە تاقه ووشەیەکی عەرەبی تیانیه ، کەچی ئیستا هەرچی نوسینو هەڵبەستی ئیرانییە هەمو تیکەڵی ووشەی عەرەبییە ، بەڵام نوسینی کوردی ئیستای ئیمەیش کەم ووشەی عەرەبی تیا دەسگیر ئەبی ، ئاخو لەمەوە ئەتوانین بڵیین ویژەی کوردی لەسەریکەوە لە ویژەی فارسی دەوڵەمەندترەو لە سەریکیتریشەوە لیی هەژارترە ؟ کەس ئەمرو گومانی نیه لەوەدا کە نەتەوەی فارس پیشکەوتوترە لە ئیمە ، کەچی زوبانەکەی ئیمە لە هی ئەوان خاوینترە !

دوهەم ، زوریو کەمی نوسراو نیشانەی دەوڵەمەندی ویژە نیـــــە • بیگومان زوریو کەمی نوسراو لە چونیەتی ژیانی گەلەوە دین ، هەمو ئەبینین لەپیش ئیسلامەتییا لە کاتیکا کە لەعەرەبستانا بە دەگمـــــەن خویندەواریک دەس ئەکەوت ، لە یونانا بە دەها خویندەوارو بە هەزاران بەرگ کتیب هەبو لە هەمو باسیکا بە پیی ئەو روژە • پاشان کە ئایینی پیروزی ئسلام هاتو عەرەبستانی لە نەزانی رزگار کرد دنیا وایلیهات بە میلیونەها بەرگ کتیب لە جیهانی ئیسلاما هەبو ، کەچی لە ئەوروپادا هەزاریەکی ئەوە نەبو ، ئیستاش لە ئەوروپاو ئەمەریکادا بە میلیونەها کتیبو گوڤارو روژنامە هەیە و هەمو روژی دەرئەچی ، کەچی جیهانی ئیسلام زور لە دواترەوەیە ، ئەفەریقا لە جیهانی ئیسلام خراپترە ، کەوابو زوریو کەمی نوسراو لە دواکەوتنو پیشکەوتنی نەتەوەوەیە ، نەک لە دەوڵەمەندیو هەژاری ویژەوە •

نەتەوەی کوردیش ، چونکە وەک هەمومان ئەیزانین نەتەوەیەکی دواکەوتوە ، وە لە هەمو حقوقیکی ژیانی بیبەشە ، نوسراوی کەمە • بیگومان کاتیك کە ئەمیش گەیشتە ئامانجی خوی ، دەرگای نوسینیو

خویندەواری بو ئەکریتەوە • ئەمە زور شتیکی ئاشکرایە نازانم چون هەندی کەس گوێی خویانی لی ئەخەوینن ؟ کەس ئەتوانی بلی ئەو چەند هەزار کوردە کە لە ـ ئەریقان ـ ئەژین چەند بار لە ئیمە زیاتر نوسراوو دانراوی کوردییان نیە ؟ بی‌گومان نەء ، چونکە ئەوان باشتریان بو لواوە •

لیرەدا شتیکی تریش هەیە نابی لە یادمان بچی ، ئەویش بونو نەبونی ئازادییە دیموکراتییەکانە • تا ئازادی دیموکراتی زورتربی نوسینو بلاوکردنەوە زورتر ئەبی ، بویە ئەبینین ئەندازەی نواسراوی کوردی لە عیراقا بەراورد ناکری لەگەل ئیرانو تورکیادا ، وە بویە ئەبینین وەرزی وا هەیە بە دەها کتیبی کوردی دەرئەچی ، وەرزی واش هەیە وەختە بە کوردیش نەتوانین بدوین !

ماموستای مەزن لەبەشی دوهەمی وتارەکەیا ئەلی ـ ئاشکرایە ویژە بەپیی گورانی ویژەر ئەگوری ـ بەلام ماموستا ئاشکرا ئەوەیە کـــــە ویژەو ویژەر هەردوکیان بەپیی گورانی وەزعی کومەلایەتیو ئابووریو سیاسی گەل ئەگورین ، وە ئەمانە هەمو ئاوینـــــــەیەکی ئەو زوران بازییەن کە لەو سەردەمەدا هەیە لە بەینی گەلو بیگانەدا ، یا لەناو چینەکانی گەل خویا ، یاخود لە بەینی خەلکو سروشتا •

ماموستامان لەدوادواییی وتارەکەیا هەندی لە قسەکانی خوی راست ئەکاتەوە ، کە ئەلی : « ویژە بە گورانی گەل ئەگوری ، وە هیچ گەلی ناتوانی لەســـــەر خوانی ویژەی کونـــــی خوی بژی ، وە پیویستە ویژەی هەمو گەلیك هەنگاو بە هەنگاو لەگەل گەلەکەدا بو پیشەوە بروات » • ئەگەر ماموستا هەر لە پیشەوە لەسەر ئەم بنچینـــــــە

نوسینەکەی دەس پی‌بکردایە پیویستمان بەم وەرام دانەوە نەئەبو ، وە نوسینەکەی سەرکەوتوتر ئەبو .

ماموستای مەزن !

تو پیویستی‌یەکانی سەرشانی ویژەرە کوردەکانت دەربریوەو باسی داخوازی‌یەکانی خویندەواری کوردت کردوە ، بەلام راستت ئەوی ئیمە بەر لە هەمو شتی پیویستمان بە ئازادی نوسین‌و بلاوکردنەوە هەیە ، تا نوسەرانی کورد بتوانن زادەی بیرو میشکیان بخەنە سەر قاقەز ، وە زوتر نەتەوەکەمان لە تاریکی شەوی نەزانی‌و نەخویندەواری‌یەوە بکەونە روژی روناکی پیشکەوتن ، وە بەبی ئەمە هەرچی‌یەک بنوسین لەوە ئەچی کون‌و تاقی مالمان بگرین ، بەلام دەرگامان خرابیتە سەرپشت ، وەک مەسەلەی کوردی ئەلی : « بە مازوان تی‌شکاوە ، بە سیچکان هەل ئەسیتەوە ! »

---

# خویندنی دەرسی کوردی

لەیانەی سەرکەوتنی کوردانا لەشەوانی هەینی‌و دووشەمەدا هەفتەی دوودەرس کوردی ئەخوینریت ، بوفیربوونی نووسین‌و خویندنەوەی زمانی کوردی تا ژمارەی پولی یەکەم پر نەبوتەوە بوناوونوسین بچورەیانە مانگانەش لە ٢٥٠ فلسەوە تا ٥٠٠ فلسە .

# هەڵەبجەوە

بەئیمزای ـ ٩٥ ـ کەس لەپیاوانی ناوداری ناوچەی هەڵەبجـــە نامەیەك بوخاوەن شکومەلیکیمەزن وە کاربەدەستانی حکومەتی عراق نیرراوە داوائەکەن بەهوی یەك گرتنی عراقو ئەردەنەوە پاریزگاری ئەوحقوقە بکریت کە لەدەستورو قوانینی عراقدا هەیانە ، وە ئەیانەوی بەپیی پیشکەوتنی نەتەوەکانی جیهان ، نەتەوەی کوردیش بەخاوەن هەق بناسرین ئەمەیش وینەی نامەکەیانە •

ئیمە کەلەرولەکانی گەلیکوردین داوا ئەکەین ئەو هەقە قەومیانەمان پاریزگاری بکریت کەلە دەستوری عیراقی وە قوانینی ایش پیکراوا وە لە اتفاقاتی دەولیدا دانراوە وەکەحکومتی عیراق خوی پیوە بەستوە لە روژی دا مەزراندنیەوە وە داوا ئەکەین کەلە دەستوری تا زەشـــدا کەنیـــــا زوایە دابنریت ئەم هەقانەی تیا بنوسری بەشـــیوەیەکی فراوانتر بوئەوەی گەلی کورد هەقی قەومی وە سەربەستی مشروعی خوی پاریزراو بیت •

بە ئیمزای ـ ٩٥ ـ کەس

# شــەر

نوسینی : جبران خلیل جبران
وەرگیراوە

شەویك لە كوشكی پاشادا ئاهەنگی گواستنەوەی بوك بو بویە هەر بانگ كراو بون ئەهاتنو ئەویشتن ، كابرایەك هەرچەند بانگیش نەكرابو لەگەل هەندی لەبانگ كراوەكان خوی كرد بەژورا زور لەسەرخو و بەر بزەوە سلاوی لە پاشا كرد ، خەلكەكەش هەمو زور بە سەرسامیەوە روانیانە ئەو كابرایە چونكە چاویكی دەرهاتبو و خوین لە چالایەكەی ئەچورا •

پاشا لیی پرسی : ــ كابرا ئەوە چیتە ؟! ــ

كابراش وەرامی پاشای دایەوە ووتی : ــ پاشام من دزم وە هەر لەسەر پیشەی جارانم تاریكی ئەم شەوم بە هەلكەوت زانی وە چوم بو برینی دوكانی كابرایەكی سەراف ، بەلام لە كاتیكا بە دیوارەكەدا هەل ئەگەرام بو ئەوەی بچمە ژوری دوكانی كابرای سەرافەوە ریگام لی وون بو لە پەنجەرەی جولاكەی دراوسی یەوە چومە ژورەوە ئەنگوستە چاویكیش بو بەر پیی خوم نە ئەبینی ئیتر هەر هەولی ئەوەم بو كە خوم رزگار كەم لە پریكا تەونی جولاكە چو بە چاوماو كویری كردم لەبەر ئەوە وا هاتوم بو لاتان وە لیتان ئەپاریمەوە كە تولەم لەكابرای جولا بكەنەوە •

پاشا ناردی گورج جولاكەیان هانی وە فەرمانی دا كە چاویكی دەربهینریت •

جولاكه ووتى : پاشام ، ئەو فەرمانەى كە داتان لە جىى خويايەتى چونكە دادپەروەرى لە دەرهينانى چاوى منايە ، بەلام بى گومان خاوەن شكوتان ليتان ر ونە كە بەندە لە جولايىدا پيويستم بە دوو چاو هەيە بو ئەوەى هەردوولاى ئەو پارچە قوماشە ببينم كە ئەىچنم ، جا ئەگەر ئارەزو ئەفەرمون دراوسىيەكى پينەچيم هەيە ئەويش وەكو من دوو چاوى هەيە وە لە ئيشەكەشيا پيويستى بە چاويك زياتر نيە بنيرن بە شوينيا و بلين با چاويكى ئەو دەربهينريت لە پيناوى پاريزگارى ياسادا •

ئەمجا پاشا گورج ناردى پينەچيەكەيان هانى وە چاويكيان دەرهانى ، ئا بەم جورە ئەوەى دادپەروەرى ويستى ئەوە كرا •

## ( سوپاس )

لەژمارەى پيشودا بەنامەيەك كەداواى يارىەدانى يانەى سەركەوتنمان لە هاو نيشتمانيەكانمان كرد يەكەم كەس لە طوزخورماتووەوە كــــاك سليمان حسين هاتەيانە پانزە ــ دينارى بەخشى ــ • لەدواى چەن روژيك كاك على كمال بەگ سەرى يانەىدا ئەويش پەنجا دينارى بەخشــــى كەئەمەيش بەرامبەر بەم پياوە نيشتمان پەروەرانە مان شتيكى تازە نىيە ! لەهەموى خوشــــتر كە تأسيريكى جوانى بەخشى لاويكى دلســــوز كەناوى ــ عبدالرزاق بيمارە ــ لەرەواندز معاونى بيطرىيە بەپوستەدا دينارىكى بونادبوينو بەلينيشىداوە كە لەمەودوا هەمو مانگيك بەناوى يارىەدانى يانەى سەركەوتنى كوردانەوە دينارىك بنيريت • وە پايە بلند جەنابى شيخ بابا على لەم روژانەدا هاتە يانە (٥٠) دينارى بەخشى سوپاسيان ئەكەين ئەخوازين وينەيان فرەبيت •

# جەژنی دارودرەخت

کویە ـ شفیق صابر

لەسەرەتای میژوو تاکو ئیمرو ئادەمیزاد گەلی روژی پیروزی پەسند کردوە کە هەمو سالیک یاد بکریت و لەبیر نەچیتەوە وە هەستی جیاوازی بکریت لەگەل روژەکانی‌تر • وە ئەم روژانەش ئایا بە ناوی دین یان نیشتمان پەروەری یان ئازادی بناغەیان دامەزراوە و پی‌یان دەلین جەژن ، وەک جەژنی قوربان و لەدایک بونی پیغەمبەرو جی‌نوشینی پادشا •• هتـــــد ••

بەم ناوەوە لەسەدەی بیستەمدا روژیکی پیروز پەسندکرا لەلایەن گەلی وولاتە پیش‌کەوتوەکان هەرچەند ئەم روژە لە یەک کات نابی بەپی‌ی ئاووهوا دەگوری بەلام بو یەک ئامانج دانراوە کە پی‌ی دەلین جەژنی دارودرەخت یان روژی درەخت •

ئەم جەژنە لەگەل جەژنەکانی‌تر جیاوازی هەیە چونکی جەژنەکانی‌تر دانراوە بو حەسانەوەو گەرانو سەیران بەلام جەژنی درەخت هیلاک‌بونو ئیش‌کردنی تیدا هەیە ئەویش چاندنی درختە •

میژووی ئەم جەژنەش لە ئەمریکا داهاتوە لەوکاتەی گەلەکـــانی روژئاوای ئەوروپا دەستیان کرد بە چون بو ئەمریکا کە بیـــــــکەن بە جی‌نشینی یەک‌جاریان دەستیان‌کرد بە برینی دارستانەکان بو چاندنی

دانەویلەو دروستکردنی خانو وە بەکارهینانی دار بو هەمو پیویستیەکیان، بی ئەوەی دواروژ لیک بدەنەوە تا وای لی هات دارستانەکان زور تەنک بون و دارودرەخت سال بەسال روو لە کەمی بو ، پیاوە دلسوزو داناکانیان هەستیان بەم کەمو کورتیە کرد و جولانەوە بو وازهینان لەم کارە چەوتە بەتایبەتی لە هەریمی ــ نبراسکا ــ کە یەکیکە لە وولاتەکانی ئەمەریکا ، لەم هەریمە پیاویکی زور دلسوز کە ناوی ــ جولیوس مورتون ــ بو زور پەروشی دواروژی دارودرەخت بو کومەلیکی دانا بەناوی ــ کومەلی دوستایەتی درەخت ــ ئەویش لەکاتی پیش تەواوبونی سەدەی نوزدەمین ، ئەم بیاوە بەنرخە دەستی کرد بە هەولدان بو نەبرینی درەختو دوبارە چاندنی • تا توانی کاربەدەستانی ــ نبراسکا ــ وا لی بکات کە روژیک دابنی بو چاندنی درەختو ناوی لی بنری ــ جەژنی درەخت ــ و لە پارەی حکومەت بەشیک تەرخان بکری بو ئەم روژە پیروزە • حـــــکومەتی ــ بنراسکا ــ پیشنیارەکەی ــ جولیوس مورتونی ــ پەسند کرد وە دایان نا روژی ــ ٢٢ ــ ی نیسان کە روژی لە دایکبونی ــجولیوس مورتونەــ بکریت بە جەژنی درەخت • وە جائزە دانرا بو ئەو شارەی کە زیاتر لە شارەکانی تر درەخت دەچینی وە دەی پاریزی تاکو وای لی هات ژمارەی چاندنی دار لە ولاتی ــ نبراســــــکا ــ گەیشتە بیست ملیون درەخت لەسالیکدا •

ئنجا وولاتەکانی تر لە ئەمەریکا لاسایی ــ نبراسکا ــ یان کردەوە وە دەستیان کرد بە چاندنی درەختو سالی روژیکیان کرد بە جەژنـــــــی درەخت ••

لەدوای ئەمە کە بیری مورتون لە ئەمەریکا جی گیر بوو وولاتەکانی‌تر ئەم کارەیان زور پەسند کرد وەک کندا واسترالیاو اورپاو هەندی وولات لە ئاسیا • وە گەلی کومەل بو ئەم ئامانجە دانرا وە بە دەگمەن وولات هەلئەکەوی ئیمرو کە کومەلی دوستایەتی درەختی تیدا نەبی •

لە سالی ١٩٤٦ دا لە عراق وەزارتی ناوخو ریگای‌دا بو دامەزراندنی کومەلی دوستایەتی درەخت ـ جمعیة اصدقاء الشجرة ـ لە بغداد بەلام ئیشی ئەم کومەلە تەنها بو بغداد سوودی هەبو • وە لەم سـالانەی دوای‌یەدا مدیری گشتی کشتوکال ویستی ئەم بیرە جوانە تازە بکاتەوەو روژیک دابنی بەناوی تاقی کردنەوە لەو جیگایەی کە نەمامی حکومەتی لی‌دەچیندری • لوای هەولیر بو ئەم ئامانجە پەسندکرا • مدیری گشتی دارستان سیٚ‌هەزار نەمامی دا بە شارەوانی هەولیر بەخورایی لە روژی ٦ مارتی ١٩٥٢ دا متصرفی هەولیر لەگەل فەرما نبەران وە پیاوە بەریزەکانی شار وە قوتابی‌و ماموستایانی ئانوی دەستیان‌کرد بە چاندنی ئەم نەمامانە وە ئاهەنگیکی جوانیان پیک‌هینا و ئەمە بو بەسەرەتا کە گەلی شاری‌تر لە عراق روژیک دابنین بو جەژنی درەخت بەتایبەتی پار حـکومەت ئەم پروژەیەی زور بەمهم گرت •

زور بە پەروشەوە دەلیم گەر بیتو سەرنج بدینە چیاکانمان بومان دەرئەکەوی کە سال‌بەسال لە رووت‌بونەوەدایە کەچی لـە وولاتە پیش‌کەوتوەکان‌دا سال بەسال لە زیادبون‌دایە ئەویش ى‌خومان تاوان‌بارین لەم رووەوە تەنها لە گورستانەکان نەبیت درەخت وەک خو ی‌ماوە جاری نەبراون دەنا لە هەر شوینیک تەماشا بکەین درەخت لە کەم بونەوەو

نەواوبون‌دایە تاکو وامان لی‌هاتوە کە ئاوات بخوازین هەمو چیایەکانمان گورستان بوایە بو پاراستنی دارو درختە کانمان هەرچەند بڕینی داری تەڕ قەدەغەیە بەلام لادی‌یەکان گوی نادەنە ئەم قەدەغەیە وە هەر لەسەر رەوشتی‌پیشو دەرون • درەختو دارستان چ لەناو شارو چ لە دەرەوە زور سود بەخشەو کالکی لە ژماردن نایە بەکورتی لیرەدا ئەوکەلکانەی کە زور بە دەرەوەیە باسی ئەکەم •

١ ــ جوانی : گەربیتو شەقامەکانمان هەموی بە درەخت رازانرابیتەوە بی‌گومان دەبینین وینەیەکی تر وەردەگری بەم بەرگە سەوزە جوانە هەورەها گەربیتو لە هەرمالیك درەختیك ببی وینەی شارەکە دەگوری •

٢ ــ فینکی : ئاشکرایە بەهاوین هەمو کەسیک ئارەزوی ناو باخچەو دارستان ئەکا چونکی گەلای درەخت تەرایەتی تیدایە ئەویش دەبیتە هوی فینکی‌و پلەی گەرما نزمدەکاتەوە ، هەروەها درەخت دەبیتە پەرژین بو هەوای گەرم یان رەشەبا •

٣ ــ ئابوری : گەلی دارودرەخت هەیە کە ســـــــودی ئابوری لی‌وەرئەگیریت گەربیتو زور بکریت ، جگە لەوەی کە هیچ درەختیک بی سوودنیە بەلام درەختانەی بەردارن دیارە کە ســـــوودیان زیاترە وەئەگەر بیتو گردەکانی دەوروپشتی شارەکانی ژوروی عراق دار زەیتونی‌تیا بنیژریت لە دوا روژ بومان دەر ئەکـــــــەوی کە چەند سوودی ئەبی •

٤ ــ تەندروستی :ــ جگە لەوەی کە دارودرەخت وەکو کارگەیەك وایە بو دروستکردنی (اوکسجین) ــکەهیچ گیان‌لەبەریك بی (اوکسجین) ناژی ــ ئەتوانم بلیم کە زوری ئەو دەرمانانەی بو گەلیك نەخوشی بەکار

ئەهینرین لە گەلاو لقووبوبی ئەم درەختانە دەرئەهینرین ، هەروەها بو ئەو شارانەی کە رەشەبایان هەیە وەکو سلیمانیو کویە ئەگەر بیتو چیای گویژەو هەیبەت سولتان بکرین بە دارستان بیگومان زیانی رەشە با کەم ئەکاتەوە چونکە وەکو پەرژینیکی لیدی وە هیزەکەی کەم ئەکاتەوە ، جگە لەوەی کە تەپوتوزی ناهیلی .

ئەمە هەندیک لەو سوودو قازانجانەی دارودرەختە کە لیرەدا خستمە پیش‌چاو کەواتە پیویستە بە هەمو توانایەکمانەوە یاریدەی ئەو کەسانە بدەین کە ئەم جەژنە بە یاد ئەکەنەوە وەخوشمان تیا بەشداربین وە بە هەمو هیزیکمانەوە هان بدەین وە لە خەلقی بگەینین کە پاراستنی دارو درەخت ئەرکیکی کومەلایەتی نیشتمان پەروەرییە .



# زانیوتە ؟

دارو تەختە بو هەموو پیویستیەکی ناومال و خانوو بەرە بەکار ئەهینریت تەنانەت کەشتیو بەلەم و هەموو جورە ئالەتیکی موسیقاشی لی دروست ئەکری ، داری ساج ، جاوی ، چامەوە معاکـــس هەموو جوریکی بە نرخیکی هەرزان لای « ڤاك عبدالحسین علی قربلی »

دەست ئەکەوی ئەم هەلە لەدەس مەدە تازووە لەبەغداد لەشەقامی – شیخ عمر – بەتەنیشت دا رتاش‌خانەی ئەبو عەلیەوە بچورە دوکانی ژمارە ٥ب° – ١ – ٨٨ – لەوی بەئاواتی خوت ئەگەیت .

# ئه زانیت ...؟

ـ که ژماره‌ی دانیشتوانی سه‌رزه‌مین له هه‌مو روژیکدا نزیکه‌ی ـ ۸۰۰۰ ـ که‌س زیاد ئه‌کا؟ واته له هه‌مو ثانیه‌یه‌کدا متدالیک له دایک ئه‌بـــی ؟

ـ وه ژماره‌ی دانیشتوانی وولاتی چین هه‌موو سالیک ـ۱۵ـ ملیون که‌س زیاد ئه‌کا •

ـ له مروف ـ ۳۰ ـ روژ بی‌خواردن ئه‌ژی به‌لام له ـ۷ـ روژ زیاتر بی‌خواردنه‌وه ناژی ؟

ـ که نه‌خوشی ئینفلونزا ئه‌وه‌ی که سالی پار له ناوچه‌کانی روژهه‌لاتی ناوه‌راستا بلاو بوه‌وه‌و بو به درم نه‌خوشی‌یه‌کی کوشنده نه‌بو ؟

ـ وه ئه‌وانه‌ی به‌م‌نه‌خوشی‌یه مردن نسبه‌تیان به‌چاو توش‌بو‌کانه‌وه له ۱ : ۳۰۰۰ تیپه‌ری‌نه‌کرد ؟

ـئه‌و ئاوه‌ی ـ به تینی گه‌رمی تیشکی خور ـ له شه‌وو‌روژیه‌کدا ئه‌بی به هه‌لم قورسایی‌یه‌که‌ی ـ ۱۳ ـ ملیون طن ئه‌بی ؟

ـ که له سالی ۱۹۵٦ دا ـ ۲٫٤۳۵٫۰۰۰٫۰۰۰ ـ هیـــــــلکه له وولاتی هوله‌نده‌وه نیرراوه‌ته ده‌ره‌وه بو وولاتانی‌تر ؟

# کوردم

بەغدا ـ عثمان عوزیری

پیست و گوشت و ئیسقانەکەم
خوین و دەماری گیـــانەکەم
هوش و بیر و گشت ئامانجم
لەگــــەل ماوەی ژیانەکـــەم

★ ★ ★

ناویــــان بە کوردی نراوە
یەك ئاواتیان تیـــا نیژراوە
ئەویش پەرســـتنی کوردە
بە بنچینـــەم ســـپیرراوە

★ ★ ★

هەتا ئەلیـــم ئەوا مـــردم
بەرەو دوا یانەیـــان بردم
گشت ئەندامم هاوار ئەکـــا
لە ناو گوریشا هـــەر کوردم

# نەوروزی نوی

أ • ب • هەوری

وەتەن مژدە بیلە شاخو هـــەردە
لە دەشتو دولو چیـــاو زەردە
لە کیلگەو باخو لە لالـــەزارت
لە روژی رووتی روو لە بەهارت
ئەوا نەوروزوو روو لە بەهارە
بەلگە بە خوشـــی لە دوور دیارە
کرریوەی دەستو پەنجەی زووردار
وا هەوای خوشی لی کەوتوتە کار
کلیلەی بەفری کوتی هەردەو کیو
چورچورەی ژیری رووی کردە نشیو
چووزەرەی گولی نوستوی ژیرخاك
خەبەربوونەوە بەجاری ســـەرپاك

★ ★ ★

هەرزەو گولالەو سوسەنو نەسرین
بە رازاوەیی وەك بووکی رەنگین
بە ریز بە دەستە لەخاك دەرپەررین
ئەمەیان ئەووت بو دلەی حـــەزین
وەتەن نەوروزە نیشانەی بەهـــار
دەك پیروزت بی نەك جاری سەد جار

تا دوشمن بمری‌و دوستیش به شادی
بژی‌و ببینیـــــــت روژی ئازادی

★ ★ ★

خرمەی رەهیلەی بارانی بەهـــــار
بە شەمال لەرەی شوررەبی‌و چنار

خشـــــپەی درەختو دەوەنی نزار
هەرسێ ئەم دەنگەن بو گویی ستەمکار

وەتەن نەوروزە نیشـــــانەی بەهار
دەك پیروزت بی نەك جاری سەدجار

تا دوشمن بمری و دوستیش بەشادی
بژی‌و ببینیـــــــت روژی ئازادی

★ ★ ★

لەم شەودا (١) کاتی کە بەیان ئەنگوت
تاوی بەر لەوە هەلبی خوری رووت

بە نەوروزی نوی کە شـــاری بزووت
فریشتە لە ئاســـــمان ئەمەیان ئەوت

وەتەن نەوروزە نیشانەی بەهـــــــار
دەك پیروزت بی نەك جاری سەدجار

---

(١) شەوی نەوروز

تا دوشمن بمریو دوستیش بەشادی
بژیو ببینیـــــت روژی ئازادی

* * *

دەستەی قوتابی کچو کوری ورد
نەوەی کەلوررو زازاو هەمو کورد
لە قوتابخانە شیرانە وەك گورد
ئا • ئەم بەیانیـــــە (١) ئەمەیان ئەوت
وەتەن نەوروزە نیشانەی بەهـــــار
دەك پیروزت بی نەك جاری سەدجار
تا دوشمن بمری دوستیش بە شادی
بژیو ببینیـــــت روژی ئازادی

* * *

بریاری لاوی هوگری خوینـــدن
ئـــــاواتی بەرزی لە ریتدا مردن
خولیای هەمیشەی بوت خزمەتکردن
ئەم دوو هەلبەستە بە هورەکردن
وەتەن نەوروزە نیشانەی بەهـــــار
دەك پیروزت بی نەك جاری سەدجار
تا دوشمن بمری دوستیش بە شادی
بژیو ببینیـــــت روژی ئازادی

---

(١) بەیانی نەوروز




# نامەیەك بو دلسوزانی کورد

لەدوای ئاواتی ژیانی کامەرانی‌تان ، ئیوە کەنیشتمان پەروەریکی دلسوزن داواتان لی‌ئەکەین بوسودی گشتی یارمەتیمان بدەن :

یانەی سەرکەوتن کەدروشمیکی کوردەواری‌یەو بوخزمەت کردنی قوتابیانی دەس کورت و باوی خویندەواری گـــەلی کورد کراوەتەوە وهەول‌ئەدا پیویستە نیشتمان پەروەریکی وەك ئیوەی دلسوزو بەریز دەستی یارمەتی بو دریژبکاتو بەپی‌ی توانایی مالی ، سالانە وەیا مانگانە یەك بوئەم کوگای خیرە ببرنەوە کە بتوانریت ئەرکی‌ئەم خزمەت‌کردنە بگرینە ئەستوو خزمەتی نەوەکانی دواروژمان بکەین‌و پی‌یان بگەیەنین ئیتر لەگەل چاوەرووانی کردنی کیسەی کراوەی کەرەمتانا پیشەکی سوپاستان ئەکەین ، کاکی گەورەمان .

رشـید عارف
باوەریی کراوی‌یانە

# ئەختەر کێیە ؟..

سلیمانی ـ نزار

ئەختەر ناوی ئەمین ئاغای کوری حاجی بکر ئاغایە • وە هاونشتمانی حاجی قادری کویی‌یە وە لە بنەمالی (حەویزانە) زورکەرەت ئەنجومەنی بەستوە لەگەل شاعرەکانی ئەودەورە و بەقسەی خوش رای‌بواردوە لە سالی ۱۸۳۹م لە کویە هاتوتە دنیاوە ، لە تەمـــــەنی ۱۰ سالیدا چوتە بەرخویندن لەلای ـ مەلاسمایلی‌فەنگ ـ هەتا فیری خویندنو نوسین بوە • لەپاشا لەگەل براکەیدا ئەچی بو بغدا بو خویندن وە دەس ئەکەن بە خویندن لەلای مەلا ـ طە دیمە لانی ـ وە لەو ماوەیەدا کە لە بەغدا دەرس ئەخوینی باوکیان ئەمری ناچار دەگەرینەوە بو کویە ، وە ئەمین ئاغا ئەبی بە جی‌نشینی باوکی •

ئەمین ئاغا پیاویکی ئازاو بەخشندە بوە • دیواخانەکەی هەمیشـــە شوینی‌کوبونەوەی شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بوە وەکو ، حاجی قادری کویی ، نالی ، کەیفی ، شیخ رەزای تالەبانی •

وە ئەم شاعرەمان زور حەزی بە سەربەستی کردوە ، هەمیشـــە لە بەربەرەکانی‌دا بوە لەگەل تورکەکان‌دا تا جاریـــک بەهوی ـ تقی الدینی ـ والی کرکوکەوە ناچارکراوە خوی داوە بەدەستەوە وە بە دیلی نیرراوە بو ـ حلە ـ لەپاش بەینیک بەپارەو بەرتیلیکی زور نەجاتی ئەبی وە ئەگەریتەوە کویە • ئەمین‌ئاغا زور دل‌تەر بوە بەدایم مالەکەی

بونی ریحانەو گولەمیخەکی لی‌هاتوە • وە لەوکاتەدا کە لە کویە دەبی حەز لە کچیك دەکا ناوی ـ رابی ـ ئەبی ئەمین ئاغا ئەنیریتە خوازبینی بەلام دایکی کچە بوی لیک‌ئەداتەوە کە بە یەک ناشین وە بە مندالی شیری یەکتریان خواردوە ئەم شاعرەمان لە بەهاریکی سالی **١٨٨٧**دا گیانی پاکی‌سپاردوە وە لە کویە نیژراوە •

ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە نمونەیەکە لە شیعرەکانی :ـ

## امان ســــاقی

ئەمان ساقی دلی شەیدا لە جەوری دیدە غەمگینە
لە نەشئەی چاوەکەی مەستت پیالە پرکە بوم بینە
فدای چاوی ساهت بوو ،کە هوشم بو ئەویشم چوو
بەتاراجی نیگاهت چو ، ئەگەرعەقلو ئەگەر دینە
لەهجری قامەتی سەروت وەکو قومری بەروژوشە
لەباغی زیندەگی پیشەم هەمیشە ئاهو نالینـــــە
ئەگەر مقصودەکەت مەرگی منە فەرماندە تا بمرم
لەتوم روح چاونی‌یە روحم لەبەرچی ئەم هەموقینە
بەداغی عەشقی روخسارت وەهالەت‌لەت بوەجەرگم
وەکو لالە هەمو أعضا بەخوینی دیدە رەنگینـــە
گوی‌لەقەولی رەقیبان چاکە نەگری تاکو روح ماوە
لە سینەم خاری هجرانت بەدەستی وەصل دەربینە
گولم سوچم چبو دوو چاوەکەت بی‌رەحمو مروەت بون
دەخیلت بم عنایەتکە کە ـ ئەختەر ـ زارو مســـکینە

# بیرەوەری خوالیخۆش بوو

ماموستای مەزن معروف بەگ جیاوك

بەهوی روژی چلەی خوالیخوش‌بوو معروف بەگ جیـاووکەوە لەسعات پینجی پاش نیوەروی هەینی روژی ١٤ مانگی خاکـــەلیوەدا لەیانەی سەرکەوتنی کوردانا ماتەمیك گیرا لە بنای یانەدا زور پیاوانی مەزنو زانایان وە کـــــەس‌وکاری خوالیخوش‌بوو کوبونەوە لە دوای خویندنی قورئانی پیروز وە وەستانی دوو دەقیقە باوەرپیکراوی یانە کاك رەشید عارف ووتاریکی لەباسی خزمەت‌کردنو چاکەو نیشتمان پەروەری خوالیخوش‌بووەوە خویندەوە ، لەپاشانا ووتاری قاضی‌سلیمانی ماموستا شیخ محمدی خال لەلایەن کاك گوورووون وەبەم مناسبەتەوە شعری ماموستا شیخ سەلام کاك فرج علی ، ووتاری ماموستا جەمیـــــل بەندی روژبەیانی کاك طه بابان وە ووتاری ماموستا بەشیرمشیر کاك عثمان عزیزی خویندرایەوە لە پاشانا دوستو ناسیاوەکانی خوالیخوش‌بوو :ــ

ماموستا عبود فلوجی ،وە قصیدەی ماموستا عبدالسلام حلمی ، لەلایەن ماموستا عبدالمجید محمود غازی‌یەوە وەووتاری ماموستا عبدالمجید لطفی ماموستا شاکر راغب خویندیەوە لەپاشا سکرتیری یانەی ســـەرکەوتن بەکورتی سوپاسی خاوەن ووتارو ئەونامەو تەلگرافانەی کرد کە نـــیر رابوون وە بەناوی هیئتی ئیدارەی یانەی سەرکەوتنەوە سوپاسی گشت ئەو کەسانەشی کرد کە لەیانەدا کو بوو بوو نەوە انجا بەخویندنی چەند ئایەتیک لە قورئانی پیروز دوایی پی هینرا •

# کەلا هە بلیری

صالح یوسفی

حزیران ١٩٤١

شەقا رەش دریژ هەری دکەلیشم
بیهنا من چکبو نەشیم هەلکیشـــــم
لەناف ڤی بەندا مون پوری دل ئیشم
کوڤانا دچینم ئاخا رادکیشـــــــــم

★ ★ ★

چەندا نەخوشە خیسی و بن دەستی
سەر شوری و ژاری بی هشی و مەستی
سستی وبی‌کاری و پرسا ڤەرەستی
بی مالی و وولات بی وچ ئو بەستی

★ ★ ★

من حەویان نینە نە لویری ئو ڤــیری
هەمی‌یی دوشن پەزی مە لبـــیری
هندا یت د گروون هند یت لبن کیری
بهنــــا من بینە کەلاهەبلــــیری

★ ★ ★

چی هاوار لتاقا دەنـــــگی ڤەنادەن
چی ڤندیت هیڤیا رووناهیی نادەن
چی تەبیریت خوش تیلا نا بادەن
چی مزگینیت رون شەوقی بەر نادەن

★ ★ ★

لەلرە خیت تە بژیان سەر هاتی ئو بیدەر
بورین ،کەی ئاخسار، دارا، ئو ،ئەسکەندەر
(بسرمان) هاتن (زەردەشت) کرنە دەر
( خریسانی ) مـــە خورتی پر هەدەر

★ ★ ★

تیپیت ( لەلەرا ) بدەف خوین رابورین
دەستیت بیانیا لســـــەرتە گهورین
( کور پاشا ) میری وەلاتی تورین
پاشی کەس لتولو پرســـانە نورین

★ ★ ★

وەلات بو تالان خودان بی بەهر کر
(تورك) و (ئەجەما) ( فرەنگا ) شەر کر
هەر ئیکی پشکا خو پر ڤەدەر کر
سەپانی سەری مە توزو گەر کر

★ ★ ★

( کەلا ـ هەبلیری ) پر ئاح و ئویی
بیـــــانی میرن رەزیل بون خویی
کانی هەواریت ـ قادری ـ کویی
هونەر بەرزەبون میرانیـــــا چویی

★ ★ ★

ڤیری ئو هەوار تە لسنگی ڤەشارتن
تەخیت کوڤانا لشیرهی پســـــارتن
تالانیت لدیف ئیك هاتنە بژارتن
دەستەك لسەر دەستی تینە گوهارتن

★ ★ ★

دەردیت خەونین لناڤ زکی شیرهی
هیڤی ژەنگی بون داپوشین گیرهی
دی هلون برا بشـــــارینن کیرهی
تازە بەلاڤ کەن پر تیهنی ئو نیرهی

# نامەی باوکێکی دلسوز

ن • تالەبانی ــ بەغدا

رولەکەم : زورباش ئەزانی ئەمرو خویندن بوە بە پیویست بو هەمو کەسیك کوروکچ ، گەورەو بچوك وە هیچ جیاوازی‌یەکی نیە لەگەل خواردن‌و خواردنەوەو خەودا ، ئیتر لام وانیە پیویستمان بەوە ببی دریژە بە لی‌دوانی بدەین • بەلام ئەوەش بزانە ، خویندن تەنهـــــا خوی هەموشتیك نیە بەلکو تەنها ــ هویەکە ــ بو گەیشتن بە ئامانجـــــی هەرەگەورەی هەمومان ــ پیش‌کەوتنی نیشتمان و کامەرانی گەل ــ ، چونکە دەرکەوتوە کە خویندن هەرچەندە دەستیکی ئیجگار بالای هەیە بو پیش‌کەوتنی گەلان ، بەلام تەنها بەویش هەمو شتی نایەتە دیی ، لەبەر ئەوە زورباش بزانە هەرگەلیك بیەوی پیشکەوی‌و بگاتە ئامانجی لە ژیانا پیویستە لەپیش هەمو شتیکا رەوشتی باش بکاو دوربکەویتەوە لە ریگای چەوت و ناپەسەند وەگیانی یارمەتیدانی تیدا بلاو بیتەوە •

ئەمەیە کزەی جەرگەکەم‌پالم پیوەئەنی کە چەن ئاموژگاری‌یەکت بوبنوسم ، هەرچەندە وەنەبی لایشم وابی ئەم ئاموژگاریانەش هەمو شتیکن بەلام ئەوەندە هەیە لام‌وابی کەلینیکی گەورە پرئەکەنەوە لە ژیانتا، وە من داوای ئەوەت لی ئەکەم بیان کەی بە پەیرەوی ژیانت وە چەندت لە تواناداببی لەسەریان بروی •

رولەم راست بەو راست بلی ، چونکە هەر پیاوی راست و راست‌گو گرەو ئەباتەوە هەرچەند بو ماوەیکی زوریش بکەویتە ژیر چەپوکی

روژگار بەلام ئاخری پاشەروژ هەر بو ئەوە ، دلت پاك بی لەگەل هەمو کەسیك ، وە ئەوەی قسەی خراپت بو دینی باوەری پیمەکە تا تەواوی لە بنجو بناوانی نەکولیتەوە ، کە قسەیکی خراپیان پیوتی یا کردەوەیکی خراپیان لەگەل کردی بە دوای خراپە بگەری لەخوتا وە تەنها سەیری لا تاریکە کەی قسەو کردەوەکەیان مەکە • کاتی قسە ئەکەی قسەکەت روون کەرەوە ، چی لە دلتایە دەریخە بی ئەوەی هیچ لە دلتا بهیلیتەوە وە تا بەرامبەرەکەت باش لیت تی بگا و لەپاشان گیرو گرفتتان نەیەتە ری ، قەت بە چاوی کەم تەماشای کەس نەکەی وە خوت زور بە بچوکدانی بەرامبەر بەوکەسانەی کە لوتیان بەرز نیە خویشت زور بە گەورە بگرە بەرامبەر بەوانەی خویان لەتو بەگەورەترو زیاتر ئەگرن ، پارە پەرستی مەکە بە ئامانجی خوت ، وە دوربە لەوانەی هەمو ئامانجیکیان لەژیانا پارە کوکردنەوەیە ، بیئەوەی گوی بدەنە ئەوە چون و لە چ ریگایەکەوە کویئەکەنەوە ، چونکە ئەوکەسانە هەمو سەریکی پیاوەتیو رەوشتی بەرز لەدەس ئەدەنو سودیکیان بو کەس لیناوەشیتەوە • هەمو کەسیکت خوشبوی وە ناوی کەس بە خراپە مەبە ، بیگومان ئەبی نەتەوەی خوت خوشبویو بە پەرستن بیپەرستی وە هیچ دریغی نەکەن لە خزمەت کردنیا وە بە چاوی ریزلیگرتنەوە سەیری هەمو نەتەوەیك بکە • هەول بدە زیانت بو کەس نەبی وە بە پیی توانا هەول بدە ســـــــودت ببی بو کومەلەکەت چونکە مروڤی بیکەلك وەکو داری بیبەر وایە ، چاکەی خەلکیت لەبیر نەچیتەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە تەنگانەدا ئەگەنە فریاتو نایەلن بکەوی ، چاوی لیبوردنت زیاتربی لە کینەوقین لەدل گرتن ،

قسەت یەک‌بی‌و نەیکەی بە دو بەلام ئەگەر زانیت راست‌نیت‌و ریگای چەوتیت گرتوە و بە هەلەدا چوی پیاوانەو بی‌دودلی لی‌ی بگەریرەوە دان بە هەلەی خوتا بنی بەبی شەرم چونکە شورەیی لەوەدایە کە بزانی بە هەلەدا چوی و نەگەریتەوە ، دوو روو مەبەو قسەی ئەم مەبە بو ئەو چونکە راستیت هەر دەرئەکەوی ئابروت ئەچی ، هەرکاری قازانجی گشتی تیدابو بیخەرە پیش کاروباری تایبەتی خوتەوە چونکە پیـــاوی پیاوانە ئەوەیە سودی خوی بخاتە لاوەو چاوی لی‌بپوشی لەپیناوی سودی کومـــــەلا .

---

## ئاهەنگ

تازووە فریاکەوە ، شەوی ٢٧–٢٨ ی خاکەلیوە لەقاعەی مەلیك فیصل ئاهەنگەو زەماوەنە ، تا جی‌مـــــاوە فریاکەوە ، فریاکەوە ..

# هیوا و خوینده واران

هەیئەتی ئیدارەی یانەی سەرکەوتن، کو بوونەوە ئەو دروشمانەی لە لایەن برایانی بە ریز کاك جەمال بەختیار و ماموستا شاکر عارف و کاك عبدالله نەجم سەراج وە کاك محمد فرج رەسامی ئیدارەی محەلی‌یەوە نیررابوون خرانە پیش‌چاو و سەرنجیا نلی‌درا لە ئەنجامی پەسەند کردنا بە زوری بریاردرا دروشمەکەی کاك جەمال بەختیار یەکـــــەم وە دروشمەکەی کاك محمد فرج بە دووەم دانرا یەکەم بو بەرگی هیوا و دووەم بو دروشمی هیوا پەسەند کرا ، لە پاداشتی هونەرەکەیانا قەلەم پاندانیکی پارکەر بو خاوەن خەلاتی یەکەم ، وە لە مانگی نەوروزەوە تا مانگی نەوروزی ئایندە ناردنی گوڤاری هیوا بو خاوەن خەلاتی دووەم بریاردرا • کاك عبدالله نەجم لە کەرکوکەوە نیگاری دەسکردی بو ناردین زور سوپاسی ئەم جورە لاوە دلسوزانە ئەکەین • رەسامی ئیدارەی محەلی کاکە حەمە : چاك بوو نامەکەت فریا کەوت وەختە بوو بە هەلە بچین و خەلاتەکەشت بە یەکیکی کە ببریت •

لە زور لاوە پیش‌نیارمان بو ئەنیریت بەرگ ، یان شیعر یان بەشی لی کولینەوە وە گەلی شتی تریش بو پیشکەوتنی گوڤاری هیوا ئەخەنە پیش‌چاو ، زور سوپاسی ئەو نیشتمانی‌یە دلسوزانەمان ئەکەین کە بو بەرز بوونەوەی خویندەواری ، وە لە کەم و کوری لی کولینـــــەوەی کومەلایەتی‌دا دەستی یارمەتی‌مان ئەدەنە دەست ، دیارە ئیمەیش بەپی‌ی دەسەلات و پری‌کیسەی باخەل تا پیمان بکری تی‌ئەکوشین کـە ئاوات و

خواستەکانی خویندەوارە بە ریزەکانمان بهینینە جی ، لەگەل ئەمەشا ئەمانەوی دلنیابن ناوو ، ناو بانگ لە کوری نووسەری دا خوی نانوینیت وە لایەنگیری کەسیش ناکریت بەلام پیویستە بزانریت سروشت وای رەوا بی نیوە هەر ئادەمیزادیک جورە شتیکی لاخوش و بە تامە رەنگ هەیە تو حەز لە باسیکی ووشکی ماموستایەك نەکەیت ، بەلام هەیە کە حەزیشی لی بکات ، لەبەر ئەمە ئەبی گوفار هەموو جورە بابەتیکی تیابیت تاوەکو ئەو خویندەوارەی ئەیگری بە دەستیەوە چەن باسیکی بوخویندنەوە لا پەسەندبیت و بە خوشی بیخوینیتەوە ئنجا لەبەر ئەمە داوا لـــــــــە خویندوا رانی گوفاری هیوا ئەکەین هەموو جاریک سەرپەرشتیمان بکەن تاوەکو هەموو شتیک بە دلی خوتان بیت و ئیمەیش رەنـــــج بە خەسار نەبین •

**برای بەریز**

**لیمان خوش بە کە داوای سالانەی گوفاری هیواتان لی ئەکەین !**

# نەوروز

# جەژنی رزگاری کورد

کاکە شوان

روژی نەوروز جەژنی سەربەستیو خەباتی میللەتە
وەک نیشانەی لاپەری کوستی هەژاریو مەینەتە

جەژنی نەوروز خوینی دلان تیکەلاوی بەستەتە
ری‌یە بو سەربەستی بروا دیارە سەختو زەحمەتە !

رەنجی کـــــاوە قارەمانی زوری وا هەلســـــانوە
هیزو ئیمانو بروســـــکەی ئەو لە سنگا چانوە !

لاوی کورد هەرگیز بروسکەی باوەری گەرمو گوررە !
راستو سەربەرزە لەریگای کوششا شیری درە !

لاپەرەی میژوی وولاتمان میـــــللەتی جولانەوە
یادی ••• ســــــوروگەش دیارە بەروی لاوانەوە

★ ★ ★

جەژنی نەوروز جەژنیکی پیروزی نەتەوایەتی میللەتی کوردە •• ئەو میللەتەی بە هەزاران سالە گیرودەی هەزاران داوە •• بەلام ئەمرو ئەژی ، سبەینیش ئەگاتە ئامانجە پیروزەکانی •• ئەو ئامانجانەی ـ کاوەـی

قارەمان لە ری‌یا هەولی‌داو سەری زورداری پی‌هارری ••

جەژنی میللەتەکەمان جەژنی سروشتی رازاوەشە •• جەژنی بەرگو دیمەنە دلگیرەکانی کوردستانە •• جەژنی بەهارە •• قەلبەزەی پاکوروون میرگی سەوزوسورە •• گولالەی هەلپەرینی بالندەکانە ! سائیمەش با لەم هەستە پیروزەدا بەشداربین •• لەبیرەوەری ئەم جەژنەدا چەند سالیک بوەستین‌و بیریک لە دواروژی میللەتەکەمان بکەینەوە •• لەسستی‌و خوپەرستی‌و گیرەشیوینی دوورکەوینەوە •• چاومان بە خومان هەلبی بە دلیکی پاکی بی‌گەردەوە •• بە بروایەکی راستەوە رووبکەینە کوری خزمەت‌کردن •• خزمەتی گەلی کورد !

ئیمـــە کە خوینەوارانی کوردین پیویستە قسەی ئەوکەسانەی بە چاویکی تاریکەوە سەیری دواروژ ئەکەن نەچیتە گویمانەوە چونــکە ریگای خزمەت‌کردن کراوەیە بو هەمومان •• وە نابی هیچ شتی کول‌مان پی‌بدات •• نەء !•• نائومیدی برینەکانمان تیمار ناکات •• بەلکو ئازارمان زورتر ئەکات وە پشتمان سارد ئەکاتەوە •• دەستەئەژنو دانیشتن نابی ببیتە پەیرەومان چونکە هەر هەولو هیمەتە ئەمانگەینیتە ئامانجەکانمان •• تا جیگای میللەتەکەمان بە خاموشی نەمینیتەوە لە ریزەی کاروانی میللەتانی دنیـــادا •

ئیتر پیروزبایی ئەم جەژنە لە دلســــوزانی کورد •• وە بو ئەو تیکوشەرانەی کە کاوەی قارەمان رابەرو هەلگری ئالای رزگاری‌یان بوو لەرابوردوی میژوی گەلی کوردا •• ئیستاش ئەمان ئەبنە کاوەی پاشەروژ •

# چیرۆکی ژماره

# « کولوشا »

دانەری : مەکسیم گورکی
وەرگیری : جەلال پەریشان

لە گورستانەکەدا ـلەشوینی هەژارەکاندا ـ وەلەبەینی ئەو گوررانەی گەلای درەختەکانی لەسەر وەری‌بوو ژنیکی رووتەلە دانیشتبوو ، وەشالیکی رەشی بەسەر شانەوەبوو ، وەبەسەر یەکیک لەگورەکـــاندا چەمـــــابوەوە • چەند تاویك قژیش بەسەر یەکیك لەرووەمەتە سیس‌و ژاکاوەکانی‌دا هاتبوە خواری ، لغاوەی دەمی شورر بووبوەوە کە نیشانەی پەستی پیشان‌ئەدا ، پیلوەکانیشـــــی لەزوری گریان‌و بی خەوی کرژ بووبوون •

هەرچەندە لەلایەوە وەستابووم بەلام جوولەی نەکرد • کە زوریش لی‌ی نزیك بوومەوە هەر نەجوولایەوە و بەوە قایل‌بوو کە دوو چاوە گەورە بی تیشکەکانی هەلبری‌و لەسەرخو نزمیان بکاتەوە ، بی‌ئەوەی هیچ نیشانەیەکی بی‌رەزایی پیشان‌بدات ، یان نزیك بوونەوەم لی‌ی هەستی بجوولینیت !

سلاویکی کورتم لی‌کرد ، وەلیم‌پرسی کە کی‌ی لەو گوررەدایە

بەگوی نەدانەوە وەلامی‌دایەوە .

ــ کوررم •

ــ لاویکی گەورەبوو ؟

ــ دوازدە سال‌بوو •

ــ کەی مرد ؟

ــ چوار سالە •

هەناسەییکی دریژی هەلکیشاوقژەکەی سەر رووومەتی خستەوە ژیر شالەکە •

روژ گەرم بوو ، خوریش بی‌بەزەیی تیشکە گەرمەکەی بەوشاری مردووانەدا بلاو ئەکردەوە •• هەتا گیا کانی سەر گورەکانیش لەگەرمی هەواو خولی ژیریان زەرد بووبوون ، گەلا زبرە وەریوەکانیش لە بەینی گوررەکاندا وەك مردووەکان بی دەنگ کەوتبوون •

دەستم کردەوە بەپرس کردن لە ژنەکە ، سەریشم بو لای گورری کورەکەیەوە دریژ کرد :

ــ چون مرد ؟

بەسستیەوە وەلامی دایەوە ، دەستیشی بە لەرزەوە لە خولی ســــەر گورەکەدا ئەگیرا :

ــ بە سمی ئەسپ شیلرا هەتا مرد !

ــ چون ؟

ئەمزانی پرسیاری نارەوا ئەکەم ، بەلام هیمنی ژنەکە هانی دام بو پرسیارکردن ، هەتا هەستم بەئارەزوویەکی زور کرد بو بینینی فرمیسك لە چاویدا !••

شتیکی ناسروشتی لەبی دەنگیە کەیدا بوو کە لەپیشەوە هەســــــتم پی نەکرد دروست کراو بیت !•• پرسیارەکەم وای لی کرد جاریکی تریش چاوی هەلبریت • کە لە پەنجەی پیمەوە هەتا سەرم ، بەبی دەنگی ، سەیری کردم هەناسەییکی کورتی هەلکیشا ، وە بە شەرمو ، هیمنی یەوە دەستی کرد بە گیرانەوەی چیروکەکەی :

( باوکی لەسەر دزی خرایە بەندی خانەوە ، وە سالو نیویــــکی تیامایەوە • لەوماوەیەدا هەموو سامانەکەمان خوارد ــ کە زوریش نەبوو ــ کە میردەکەم بەربوو بەرادەییك هەژار بووبووین ناچار بووم توورکی ووشك بسووتینم • باخەوانیك ــ کە ئەمناسی ــ پرر گالیسکەیەك توورکی دابوومی ، ووشکم کردبووەوەو لەگەل پەیینابو سووتاندن بەکارم ئەهینا • دووکەلیکی خنکینەری لی دەرئەچوو ، وەتامی خواردنی ناخوش ئەکرد ، « کولوشا » ــ کوررەکەم ــ چووبوە قوتابخانە ، مندالیکی گیانسووكو تیکەیشتوو ، وە ئیشکەربوو • لە ریگا هەرپارچە داریکی بەرچاو بکەوتایە بوسووتاندن ئەیهینایەوە مالەوە •

« ئەوکاتە بەهار بوو ، وە سەهول دەستی کردبوو بە تواندنەوە ، کولوشاش لە دوو پارچە لبادی پتر نەبوو بیکاتە پی ی • لەو کاتەدا باوکیان بەرداو بە گالیسکە هینایانەوە ،چونکە بای نزولی لی دابوو • هەمیشە لەسەر جیگا بەزەردە خەنەییکی پیسەوە ســـــــەیرم ئەکرد ، وە لەدلی خومدا پیم ئەووت • « تو بوویتە هوی ئەم هەموو بەسەرهاتانە ، ئیستاش ئەتەویت نانت بدەمی ؟ تو شایانی ئەوەی فری بدری یتە زەلکاویکی پیســـــەوە ، بەهیواشم روژیك ئەمەت لی بکەم • » بەلام کولوشا کە بینی گریا ، وە رەنگی وەك نوینەکە سپی بوو ، وە بە فرمیسکی گەورە گەورەوە پرسی : «دایە چی بەسەر هاتوە ؟» پیم ووت «بەشی خوی ژیانی بەسەر بردوە» •

لەو رۆژەوە لەخراپەوە ئەچووین بوخراپتر ، ئەوەندەم ئیش کرد هەتا پیستم بەسەر ئیسقانما ووشك بوەوە ، بەلام هەرچەندە خوم ماندوو ئەکرد لەبیست کوپیك پترم دەست نەئەکەوت • ئەمەش تەنها لەو روژانەدا ئەبوو کە بەختم ئەکرایەوە !

« ژیان لەمردن ناخوشتربوو ، هەتا زور جار ئەمویست خوم بکوژم ، کولوشاش هەستی بەمە کردو ژیانی تال بوو • کە روژیك لە توانامدا نەما بەبیزاریەوە قیژاندم : خوزگە یان من یان یەکیك لەئیوە ئەمرد ! » مەبەستم لەکولوشاو باوکی بوو • باوکی ووتی : « بەم زوانە کوچ ئەکەم ، لیم بیزار مەبەو بولە مەکە • ئارام بگرە ! » کولوشاش بە چاویکی تیژەوە سەیری کردم ، وە مالەکەی بەجی هیشت • هەرکە رویشت لەو ووتانەی ووتبوومن پەشیمان بوومەوە بەلام کاتی پەشیمانی بەســــەر چووبوو • سەعاتیك تی نەپەرری پولیسیك بەگالیسکەیەکەوە هات ، وەپی ی ووتم : « لە نەخوشخانە بانگت ئەکەن •• وولاخەکـــــانی ـ ئەنوخین ـ ی بازرگان مندالەکەتی شیلاوە • » بەگورجی سواربووم ، بەلام وەك لە ئاگردا سوار بووبم وابوو ، هەر بەخوشم ئەووت : « ژنە کلولەکە چیت کرد ! »

« گەیشتین •• کولوشا لەسەر جیگایەك راکشابوو ، وەهەموو لەشی پیچرابوو • بوم پیکەنی ، فرمیسك لەچاوی هاتە خواری ، وە ووتی : « دایە لیم ببوورە •• پولیسەکە پارەکەی برد ! » ووتم : « کام پارە ؟ » ووتی : «ئەو پارانەی ریبوارەکان و ئەنوخین دایانمی •» ووتم : «لەبەرچی پارەیان دایتی ؟ » ووتی : « لەبەر ئەمە ! » لەپاشدا نالەیەکی کورتی کردو چاوەکانی کرایەوە • ووتم : « کولوشا ، چون وولاخەکانت نەدی ؟ »

ووتی : « بینیمن ، دایە ، بەلام نەمویست خوم لابدەم ، چونکە وام بەمیشکدا هات ئەگەر بووم بەژیریانەوە پارەم ئەدەنی •• داشیانمی ! »
ئەمە قسەکانی کولوشابوو بەتەواوی ! » •
ژنەکە لەسەر قسەکە رویشتو ، ووتی : « ئەوسا هەموو شتیکم بو دەرکەوت ، زانیم کورپەکەم چی لە خوی کردووە • بەلام تازە لەدەست دەرچووبوو • لە بەیانی ئایندەدا مرد • هەتا دواهەناسەش لەسەرزیرەکیو باسی خوی مابوو ، هەرئەیووت : ئەمە بو باوکم بکررەو ئەوەی بوبکرە ، وەك • » ســـــامانیکی زورمان هەبیت • لەراستیا چلو پینج روپیەی هەبوو •• چووم بولای ئەنوخین بەلام لە پینج دولاری پتر نەدامی • ئەشی بولاند ، و ئەی ووت : « مندالەکەت خوی خوی خستە ژیر وولاخەکانەوە ، خەکیش ئەمە ئەزانن ، ئیتر بوچی هاتوویت پارەت بدەمی ؟ »
«لەوەپاش هیچ نەچوومەوە لای •• ئەمە هەموو ئەوەیە کەرووی‌داوە ئەی لاو ! » گوروستانەکە هیمن و چولبوو • چلپاو قە وەریوەکان ، وەخولەکانی سەر گوررەکان ، وەئەم ژنە پەستە وایان لی‌کردم بـــــیر لەمردنو ئەو سزایانە بکەمەوە کەمروڤ ئەیان چیژیت !•• چەند پارچە دراویکم لە گیرفانم دەرهینا ، وەپیشکەش ژنەکەم کرد کە لە ژیاندا مابوو هەرچەندە پیویستبوو بەلاو سزا بیکوژیت !•• بەلام سەری راوەشاند ، وە بەشیوەییکی سەیر ووتی :
ئەی لاو ، خوت ماندوو مەکە ئەمرو بەشی خومم دەستکەوتوە ،لەوە پترم ناویت •• من لەژیاندا تەنیام •• تەواو تەنیام !
هەناسەییکی گەرمی هەلکیشاو دەستی کردەوە بەلیو کروشـــــتن بەوشیوەپەستو دلگیرە کە لەوەپیش بینیم •

## پیروز بایی

باوەر پێکراوی گوڤاری هیوا کاك جەلال عمر
باواجی کچیکی بووە ناوی ناوە هیوا
هاتنە دنیای پیروزبیتو بەژیانی بەختیاری نەتەوەی
کورد •

---

## کەرکوك شەقامی سیروان

لە کتیبخانەی عمر بیکەس هەمو جورە گوڤاریکی
کوردی ئەفروشـــریت گوڤاری هیـــواو میژووی
کوردوستان هەرلای ئەودەس ئەکەویت •

# باوەڕ پێکراوی هیوا

## لە:ـ

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

ســولەیمانی : ١ ـ رۆف معروف ـ خاوەنی کتیبخانای گەلاویژ ٠

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کـــرکـــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رۆف معروف

کـــــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــــە :ـ توفیق مەلا سەدیق

هلبجـــــة :ـ سید حسین ئەمین

زاخـــــو :ـ محمود حاجی احمد مکتب انتحریر

قـــــەلادزە : نورالدین ملا صابر

رەوانـــــدز : علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خـــانقـــین : حبیب برزوو : کتیبخانەی سیروان

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

## مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî u Zanistîye

## Mangî Carêk Dereçê


---

Bexdad - Gapxaney Temedun
M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن
محمد صالح الاعظمی

# گۆڤاری هیوا

## ژماره ۱۰ ساڵی ۱ نیسانی ۱۹۵۸


هیوا
HIWA

# ناو و نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ــ ٣٩
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیوا

گوقاریکی ئەدەبی‌و زانستی‌یە مانگی جاریك دەرئەچی

ژمارە ـ ١٠ ـ سال ـ ١ ـ بانەبەر ، نیسان ١٩٥٨

١ ـ نیشتمانەکەت بناسە ـ خورمال ـ رشید هەورامی

٢ ـ چون زمانەکەمان بنوسین ـ جەمیل بەندی روژبیانی

٣ ـ ئاهەنگی کومەلی ئاواز ....

٤ ـ بەهار محمد شکر خەلیفە ـ هەولیر

٥ ـ کە گیران .. ئەحمەد خواجە

٦ ـ بو گیانی پاکی سەید عەلی ئەسغەر ـ محمد مەلا کەریم

٧ ـ نوبەرەی داری خەباتمان ـ رو ناك

٨ ـ ژنیش هەیەو ژانیش هەیە ـ محمد مصطفی کوردی

٩ ـ بەهاری ژین ـ خالد دلیر ـ کەرکوك

١٠ ـ مردوان .. م.ع.جاف ـ بەغداد

١١ ـ له خه‌وما ٠٠٠٠ وه‌هاب كویی ـ به‌صره

١٢ ـ هیوا ٠٠٠ شیخ محمدی خال

١٣ ـ چون پاریزگاری ٠٠ دوكتور أحمد علی عثمان ـ به‌غداد

١٤ ـ هه‌ندی ده‌ردی كومه‌لایه‌تی ٠٠٠ عبدالقادر قزاز

١٥ ـ چیروكی كوردی ٠٠ ساجد ئاوار

١٧ ـ لای‌لایه‌ی دایكی نیشتمان ـ كریكار

١٨ ـ برایم پاشای بابان ٠٠٠ ج ٠ بابان

١٩ ـ كویستانه‌كانمان ٠٠ هوشه‌نگ ـ شه‌قلاوه

٢٠ ـ بیتهوڤن ٠٠ كمال غفوری

٢١ ـ چیروكی شعر ٠٠ تیشكی چرایه‌ك ـ كامه‌ران

٢٢ ـ مه‌ره‌زه ٠٠٠ بیستون عثمان ـ سلیمانی ٠

وه گه‌لی شتی‌تریش ئه‌خوینیته‌وه ٠٠

## لەشعری کامەران (١)

جەژنی ئەمسالمان دڵتەنگە ، ماتە
تۆماری یادی هــــەوڵو خەباتە
نیــسگاریکی وای بۆکورد هینـــاوە
کە نەخشی هەمو ئەشکو خویناوە
نیگاری دارو کانیـــــەك لیخن
کوردیك لەسەردار رووبەرووی دوژمن
خوین تیکەڵ ئەکا بەئاوی کـــــانی
خوی ئەدا بەکوشت بۆکوردستانی
«دڵ بەکوڵ ئەڵی ئەی کوردی زیندو»
«لەبیرتان نەچی جەژنانی پیشـــو»

---

(١) ئەم هەلبەستە باسی ـ روداویکی تأریکی کورد ـ ئەکات ٠

# خورمال

رشید هەورامی ـ بیارە

شاریکی بچوکی جوانە ،لە بناری شاخی هەورامانایە ، رووباری زەلم بەناو یا تیپەر ئەبیو ئەیکا بە دوو بەشەوە، بەلام روبارەکە هاوینان وشکە چونکە لەسەرەوە ئاوەکەی هەل‌ئەگیری بو کشتوکال • خوی ئاویکی زوری هەیە لە ژیر مالەکانا بەقەد پالی ئەو گردەوە دیتە دەرەوە • ژمارەی مالەکانی ئەگاتە ـ ١٩٤ ـ مال ، وە ژمارەی دانیشتوانی ـ ٨٣٢ ـ کەسە بەپیی ژمارەکردنی سالی رابوردو •

ئاو و هەواکەی زور سازگارە ، بە تایبەتی لە سێ کەژەی سالا پایز ، زستان بەهار ، لە بەهارا سەیرانگایەکی زور خوشو دل‌گیرە •

دانیشتوانی تابلی‌ی هەژارن ، روتن ، نەخویندەوارن ، وە هیشـــتا نەخوشی تیا ماوە • ئەم دانیشتوانە زوربەیان لە بنەرەتەوە لە خورمـــال نەبوون ، بەلکو لەدیهاتەکانی دەوروپشتیو ئیرانەوە هاتوون ، ئیستا بە کشتوکالەوە خەریکن وەکو توتن ، پەمو ، دەغلودان ، زور کەمیان بە دوکان‌داریەوە خەریکنو ژیانی خویان ئەبەنە سەر ، باغاتی میوەی نیە بویە لە دیهاتەکانی ناوچەی هەورامانەوە میوەی بو دیت ، بەتایبەتی لەدبی بیارەوە •

خورمال شاریکی زور کونە ، یەکی لە شاکانی ئاردەلان دروستی

کردوەو کردویەتی بە پایتەختی خوی ، شاریکی زور گەورە بوە ، وەکو ئیستە دەماوەدەم ئەلین شاریك بوە گەیشتوتە خواری سەرچاوەی زەلم ، وە لە لایەکی‌ترەوە ، زور نزیکی دیی هیلانپی‌و خاگیلان بوەتەوە ، لەو پاشماوانە کە ئیستە ماوون ئەو دیوارە گەورەیە کە بەدەوری شـــارا درستیان کردوە ، بەرزی شەش مەترە بوە ، بە بەردی تاشراو گەچ داریژراوە ، بەراستی ئەو کەسەی ئەم دیوارە ئەبینی زور سەری سورئەمینی لەم هونەرە کە ئەم دیوارو کوشکانەی دروست کردوە ، جگە لەم دیوارە ، پاشماوەی دیواری ئەو کوشکو تەلارە کە لەسەر گردەکان درستیان کردون ئیستەش هەروا ماوەتەوە ، بەتایبەتی ئەو گردەی کە سەرای حکومەتی لەسەرە . جگە لەم کەلاوانە ئەو کونو ئەشکەوتانەش کە هەلیان‌کەندوە ، هیشتا ماوەو باش پرر نەبونەتەوە ، بەتایبەتی ئەو کونەدریژەی کە دریژ بوەتەوە بوبناری شاخی‌هەورامان وەکو خوی ماوە ، بەلام سەریان گرتوە ، هوی سەرگرتنەکەشی ئەمـــەیە : لەپیش مردنی شیخ حسام الدین کە لە خورمال دائەنیشت بە چــــەند سالیك سێ چوار کەسی خورمالی خویان ریك ئەخەن کە بەم کونەدا برون بزانن چی تیایەو تا کوی ئەچیت و ئەش‌بیەن گوایا خەزنەی تیدایە ، لەوکاتەدا شیخ حسام الدین ئەمە ئەبیستیت وە ئەنیری سەری ئەو کونە دائەپوشن وە نایەلی کەس بەناویا بروات ، کە تا ئیســـــــتاش کەس نازانی بوچی ؟

لە خورمال لەوبەری ئاوەکەوە کـــــانی ئاویکی تیایە بە ـ گەراو ـ

ناسراوه که هەمو سالیک له گەلی شوینی کوردستانەوه ئەوانەی نەخوشی ـ خارشت ، گەری ، ـ وه نەخوشی پیستیان هەیه ئەچن خویان لەو ئاوه هەلئەکیشن بو ئەوەی چاک بنەوه ، وه بەم کانی ئاوەدا وا دەر ئەکەوی که خورمال کانی ـ گوگردی ـ تیابی وه دور نیه کەکانی نەوتیشی تیابی چونکه که نزیکی ئاوەکه ئەبیتەوه هەست به بونی نەوتیش ئەکەیت ، دانیشتوانی خورمالو دەوروپشتی گەلیک شتی سەیر سەیر له ـگەراوـه که ئەگیرنەوه تەنانەت ئەلین ئەوانەی توکی سەریان ئەوەری ئەگەر بیتو سەریان چەند جاریک بەم ئاوه بشون توکەکەیان ئیتر ناوەری بەلام تا ئیستا ئەمه به تەواوی ساغ نەبوتەوه •

---

# تکایەکی تایبەتی

تکا لەو نوسەره بەریزانه ئەکەین ئەوانەی حەز ئەکەن نوسراوەکانیان لەم گوڤارەدا بلاو بکریتەوه پەیرەوی ئەم ئاموژگاریانەی خوارەوه بکەن :

١ ـ بەپیی توانا تا بویان ئەکریت نوسراوی تازەی عیلمی له زمانه بیگانەکانەوه بگورن به کوردی بو ئەوەی سوودی گشتی ببیت •

٢ ـ ئەو نوسراوەی بلاو نەکریتەوه ،نانیریتەوه بو خاوەنەکەی وه ئەبی ناونیشانی تەواوی ئاشکرا بکات ئەگەر نەیویست بلاوبکریتـــەوه ئاگادارمان بکات •

٣ ـ بەخەتیـــــکی جوان لەسەر رووبەکی کاغەزەکه بلاو بنوسریت چونکه پیتریکخەرەکان کورد زمان نین •

# چون زمانەکەمان بنوسین ؟

بەخامەی :

جەمیل بەندی روژبیانی

لە بابەت ئەم سەرناوەوە ، دمیکە ووتار ئەنوسری چەند نامیلکەو سیپارەیەکیش هینراوەتە ناو •• بەلام هەرگیز نەتوانراوە ــ نە بەهوی ئەو سیپارەو نامیلکەیانەوە کە لەم بابەتانەوە دەرکراوە ــ ، بیروباوەری خوینەرانو نوسەران بخریتە یەک قالب ، وە شیوەیەکی تایەبەتی دابنری بو نوسینی کوردیو خوینەران لەم پاشاگەردانی نوسینە رزگاریان ببی ، کە هیچ هویەکی نیە ، جگە لە خودپەرستیو لەخوباییتی بە جوری کــــە ناکوکیو دووبەرەکی خستوتە ناو نوسەران ، ــ کەس بە دوی خوی نالی ترشە ــ ، ــ کەس لە ئەسپینگریسی خوی دانابەزی ــ وە بیروباوەری ئەوی تری پەسەند ناکا •

ماموستا ــ ب ــ کە یەکیکە لە سەرئامەدانی ئەو نوســــەرە کوردە ووریایانەی کە دلسوزانە خویان بەخت کردوە لە ری‌ی پیکهینانی ئامانجی کوردا ، چ لە گەلاویژی لەدەسچو وە چ لەم زنجـــیرە ووتارانەی دواییەیدا کە لە ــ هیوا ــ دا نوسیویەو ــ هیشتا بە دوایا ئەروا ــ زور راستو رەوان میژوی داهاتنی ئەم بیرە ، وە ــ ناکوکی لەسەر ئەم بیرەشی ــ نیشان داوە ، وە خەریکیشە گەلالەی بیرەکانی تریش بخاتە بەردەس •

جا ، بەر لەوەی کە بە تەواوەتی بچیتە ناو باسەکە یەوە بو ئەوەی

بەرنامەیەکی وا بخاتەوە کە ئومیدی ئەوەی لی‌بکری نوسەران پەسەندی بکەن ، وە لە سایەیەوە لەم پاشاگـــــەردانی‌یە لابدەن ، لە بابەت ئەو پرسیارانەوە کە خستونی‌یە روو ئەمەوی بیری خوم دەربرم کە بتوانی لی‌یان بکولیتەوە هەرچەندە لە ووتارەکەیا ، منیشی لە پەلی‌یەکی لـــەو دەستەیانە داوەتە قەلەم کە گەلالەی بیرەکانیانی نوسیوە •

١ ــ بە پیتی لاتینی یا عەرەبی ؟

من بەش بەحالی خوم ، هەرگیز نالیم ، ــ نابی نوسینەکەمان بگورین بە لاتینی ــ بەلام ئایا ئیمە بە جوریکی دیوانی ــرەسمی‌ــ مەیدانی ئەوەمان ئەدری کە تا سەر بە لاتینی بنوسین‌و ؟ پەت بو شل‌کرانەکەمان وەکو سالانی ــ ٤١،٤٢••تاد•• ــ شتیکی دەمی نیە وە پەیوەند نیە بە گەردشی روزگارو ، بە هەرای ژورو خوارەوە ، ــ تا ئەم بایە لـــــەم کونەوە بی •• ! ــ ؟

ئایا ری‌ی ئەوەە ئەدری کە شیوەی نوسینەکەمان لە قوتابخـــانەو خویندنگاکانا بکری بە ری‌ی چەشاندن (١) ؟ یا تەنها بریتی ئەبی لـــە چەند روژنامەو گوڤارو نوسراویک کە پاش ماوەیەکی‌تری ببەسترین ؟

ئایا ئیمە مافی ئەوەمان هەیە کە باوەری گشتی‌ی نەتەوەی کورد بنوینین کە بیری خومانیان بەسەرا بسەپینین ؟ یا هەروەکو ئەوانەی کە سامان‌و ئەسکەمل کردونی بە پیشەوا وە کورد ئەنوینن ، ئیمەش بە هوی خامە وە پی‌نوسەکانمانەوە بە زوری زوردارەکی خومان بە سەر هەمو کوردا ئەسەپینین ؟

---

(١) چەشاندن = فیرکردن •

هەروا ئایا هیچ جورە ـ لاتینی ـ ی هەیە کە بە جوریکی ریکوپیکو سادەیانە ، بیچوکلەو دردوشم ، بی گیروگرفت ، یەک چیرە ، هەمو ئاتاجیو پیویستی ئەو دەنگانە بەجی‌بهینی کە لە زمانی کوردی‌دا هەیە ؟٠ ئەو زمانە بەستەزمانەی ، کە هەزارەها سالە ، لەژیر چەپوکەی سەدەها گەلو نەتەوەدایەو لە هەر زەبەردەسیکەوە چەشنە دەنگیکو چینە پیتو وشەیەکی وەرگرتوە ؟٠

هیچ باوەرناکەم کە لە هەمو گیتـــــیدا جورە ـ لاتینی ـ یی هەبی کــــە بەبی « چــــەکو پینە پیویستی زمــــانی کوردی بەجی بهینی » ، ـ روژانو ـ و دەستە خوشکەکانی ، کــــە بە لاتینی ئەنوسران لەگەل ئەوەشدا کە شیوەی نوسینەکەیان تی‌هەلکیش بو لە لاتینی ـ تورکی ـ و لاتینی ـ فەرەنسی ـ ، هیشتا ناتەوایان هەبو ، لەگەل ئەو چوکلەو دەوشمانەشدا کە بە تایەبەتی بو هەندی لە پیتەکان بەکار ئەهینرا ٠ تورکەکان خویان کە نزیکەی ـ ٤٠ ـ سالە بە لاتینی ئەنوسن هەرچەندە گەلی پیتی تایەبەتیان بو خویان دروست کردوە ، هیشتا شیوەیەکی راستیان نیە ، پیاو کە روژنامەیەکی تورکی بخوینیتەوە ئەبی هەر بە زرنگی ـ سەلیقە ـ خوی هەندی ووشەی لە یەک جیــا بکاتەوە بو گەواهی سەیری روژنامەکانیان بکەن ـ و ـ ی ئەحمەد بە ـ ت ـ ئەنوسن ٠٠٠ ئەوانی‌تری نالیم ٠٠٠ هەروا سەیری نوسراوی ـدەرسیمـ بکەن ، بزانن چەندەها ناوانی میژوی کوردی تیا تیــــک شکاوون ، وە لە بنەرەتەکە دوورکەوتونەوە ٠٠ جگە لەوەش ، ئا ئەوەتا تورکەکان خویان ، ئیستا لە کردەوەکەیان پەشیمانن ، کـــە لە رووی ـ تورکیزمی ـ یەوە توشی‌هاتن ، وە ئەزانن کە سامانی ٧٠٠ سالی دەوری

عوثمانی‌یان لەدەس چووە ، کە بە رەنجی گەلانی ژیردەسی تورك هاتبووە بەرهەم ، جگە لەوەش کە جیاوازی دیمەنو دەنگی لاتینی‌یەکەی خویان ، سەر لەو قوتابیانە ئەشیوینی کە فیری زمانیکی ئەوروپایی بین ، لەو جیاوازە ••

خو ئەو شیوە لاتینی‌یەی کە ـ ماموستا تەوفیق وەهبی ـ «خویندەواری باو » ی پی‌نوسیبو ، شیوەیەکی ئینگلیزی پەتی بو لەباتی هەمو درەوشمی تەنهـــــــا (H) ی بەکارهینابو •

داخی گرانم تا ئیستا ئەو لاتینی‌یەم نەدیوە کە ئەلین ـ کاك جەمال نەبەز ـ نوسیوی‌یە ، کە بزانم ئەو چونە ؟

جا ، کە لاتینی‌یەکی بی گری‌و قورت نەبی‌و پرر لە چوکـــــلەو درەوشم بی ، ئیتر لەگەل شیوەی ـ عەرەبی ـ یەکەدا جیاوازیان چی‌یە ؟ رەنگە لە بیرتان بی کە لاتینی‌یەکەی «دوکتور داوود چەلەبی موصلاوی» وە شیوەی نوسینەکەی ـ ماموســــــتا عەزیز فەهمی میصری ـ وەکو لاتینی‌یەکەی ـ ماموستا تەوفیق وەهبی ـ جگە لە خویان کەسی‌تر موری نەکرد تەنها بو نمونەی بررشت مەگەر بخرینە نامەخانەی دیرینەخانەو عەنتیکەخانەکانەوە •

بەلی ! مروف ، کاتی ریــــگەیەك بەرئەدا ، کە ریگەیەکی‌تری نزیك‌ترو کەم قورت‌و کوسپەتر بەدی بکات ، من وەکو هەندی کەس نالیم : ـ بورە نەبی بازە بی ، هەر دەس رازەکەی تازەبی ـ بەلکو وەکو پیشینانی کورد ئەلیم : ـ قە •• بە دوو کوتەوە بو لەعنەت لە هەردوکی ـ ماویەتی ـ بروانە لاپەرە ـ ٨٩ ـ



# ئاهەنگی

# کومەلی ئاواز

شەوی ۲۷ ، ۲۸-۳-۱۹۵۸ لەقاعەی مەلیك فەیصل دووشەو لەسەریەك کوری ئاهەنگ گیرا لەم ئاهەنگەدا تیپ تیپ لاوانی بادینانیو سورانی تیکەلاو بوبون ، بەلام چە تیکەلاو بوینك ؟! تیکەلاو بونیکی گیانی بەگیانی ، بو رازاندنەوەی ئەم ئاهەنگە بەتیکرایی ، تیپی ئاوازو هەلپەرکیو موسیقارە بەناوبانگەکانمان بەپەروشەوە هەریەکەیان هونەروەری خویان : ئەخستە روو ئەم دووشەوە قاعەی مەلیك فیصل پرر بوبو جیگەی دانیشتن نەمابوو بەلام وەهاش ئەزانرا کەسی تیدانیە تەنانەت گویت لە سرپەو وورتەیەك نەئەبوو ، سەیرکەران چاویان بریبووە شانوکـــە ئەوشانویەی هونەروەرانی کورد رازاندبویانەوە ، جوشی دەروونییان

لەگەل ئاوازی موسیقاو گورانیدا لەئاسمانی خەیالاتا شـــــەپولی ئەداو سەیرکەرانی سەرسام ئەکرد • والەپرر پیریکی دلسوز هاتە سەرشانو بەناوی بەخیرهاتنەوە هەستی خوی دەربری انجا کچەکوردیك نەسرین فەخری لەدوای ووتەی بەخیرهاتن لەباسی سوودی ئاوازو هونەرەوە ووتی



ئەم ئاهەنگە هەنگاویکە بوپیشکەوتن ، لەم کاتەدا هەست بەمە ئەکریت کە لە ماوەیەکی کـــــەما بتوانین خومان بگەیەنینـــــــە ریزی نەتەوە پیشکەوتووەکان ، وەلەئیستاوە پیروز بایی تان لی ئەکەم •

انجا لەلاوانی هەلکەوتوی نەتەوەی کورد کاك قادر دیلان هاتەروو لەگەل کەمانەکەیا بەدلوسەر سەلامی‌کردو بەئاوازی مەولەوی گیانی



پیروزی مەولەوی هەڵفرانو بەسەر ، سەری رولەکانیا خستەفرینو ئافەرینی هونەر مەندانی کوردی ئەکرد •

وا تیپی لاوانی بادنیانیو سورانی دەست لەناودەستا بەبەرگی خویی یانەوە هاتن ، بەزمی هەلپەرینو گورانیی سازکرا هیلانەی دلی دلدارانیان وورو‌ژانو چاوانی خەوالووە سیس بووی دەستی روزگاریان گەشانەوە •



هەرچی لەقاعەکەدا بوو وەهای ئەزانی لوجو کورسیەکانیش سەما ئەکەنو ، ئەلین بەلی ئەمەتا ئاهەنگ ئەمەتا زەماوەندی کوردانی دلیر •
دوابەدوای ئەم خوشیە گیژو لاوە خوین گەرمەکان چەپلە ریزانیکی بەگەرمیان دەس پی کرد تومەز کاك شەمال صائب لەسەر شانو دیاریدا : بە رابە رابەو دەنگە پرر رەندانەکەی فەنی موسیقاو گورانی گەیاندە



کەشکەلانی فەلەك بەزەبری هونەری خوی وای کرد پــــیرو جوان لەگیژاوی موسیقاو خەیالاتا گیژو نوقوم بن کە کەس ئاگای لەکەس نەمینی • ئەگەرچی شەو درەنگ بوبو بەلام موسیقارەکانو گورانی بیژەکانمان تائەهات گەرمتر ئەبوون وە سەیرکەرانیش لەوان زیاتر خواخوایان بوو هەرشەوبیتو روژ نەبیتەوە بەراستی کومەلی ئاوازی

کوردان هونەری خویان دەرخست بەتایبەتی ماموستا احمد خلیـــــــل وەگورانی بیژە بەناوبانگەکانمان کاك علی مەردانو طاهر توفیقو رەسول گەردی وە هاوریکانی‌تریان کاریکیان کرد کە لەمیژودا ئەمخزمەتەیان



بوبنووسریتو هاونیشتمانیەکانیان سوپاسیان بکەن • بەتایبەتی کـــــاك قادر دیلان وەکاك ئەنوەر توفیق کەلەسلیمانیەوە ئەرکی هاتنە بەغدادیان گرتبووە بەر زورسوپاس ئەکرین بەراستی کاك عومەر هەلمەتو کاك کریم دەلەوتیش زور بە جوانیو ریکوپیکی سەرپەرشتی ئاهەنگەیان کرد کە شایانی سوپاس کردنن • و ە ئەخوازین وینەی ئەم لاوە نیشـــتمان پەروەرانەمان زوربیتو بەکامەرانی بژین بو خزمەتی نیشتمانەکەیان •

# بەهار

محمد شکر خلیفە ـ هەولیر

وا هەتاو تیشکی زیرینی بەسەر بەفری سەرلوتکەی چیـــاکانا بلاو کردەوە •• ئەو بەفرە سەختەی کە بوبو بەهوی سستی جروجانەوەر •• ئەو بەفرە ساردەی گەلیک گیانداری لە کون خزاندبو ••وا وردە وردە خەریکە ئەتویتەوە ••

وەرە دوام کەوە قول لە فەرنجیەکەت هەلکیشەو کالاوپیتاوت بەستە ، ئیتر کاتی وەستان بەسەرچو ، بی گومان نیشتمانەکەت چـــــاوەروانی نیش کردنی تویە •• بروانە ئەوا گژوگیا خەریکە سەر دەردینی •• لقوپولی دارەکان خەریکی پشکوتنن ، توش زورچاک هەست بەوە ئەکەیت کە خوین لە دەمارەکانتا چون ئەبزویت هانت ئەدا بو تیکوشانو نیش کردن •

بەلی وا تویش لەگەلما ئەبینیت ئەو گولە جوانەی کە لە دەمیکەوە بە تاسەوە بوم شیوەی شیرینی ببینـــــــم وە بە ئاواتەوە بوم بونی بونە خوشەکەی بکەم وا خونچەکەی وردە وردە خەریکە ئەکریتەوە ، ئەو گەلا ئەستورە سەوزەی کە شاردبویەوە خوی لەبەر هیزی دەرخستنیا نەگرت •••• بروانە چون شەقی کردوە ، ئیتر ناتوانی ئەو رەنگە

جوانەی بشاریتەوە •••• بی‌گومان گەلیـــک درکی نوک‌تیژ دەورەی داوە بەلام هیچ ترسم نیە ئەوا دەستی بو دریژ ئەکـــــەم ! وە زور چاک دلنیام کە ئەو درکە تیژانەی بەوینەی خەنجـــەری زورداران دەســــــتم لەت لەت ئەکەن ، بەلام من کە گەیشــــــتم بە ئاواتی پیروزم با خوینی پاکم برژیتە ســـــەر ئەو خونچە جوانە ! بەلـــــکو بەخوینی من بگەشیتەوە ••• شیوەی شیرینی خوی دەرخا ئەوسا بە تەواوی بەختیار ئەبم •

ئایا زانیوتە ؟

- لە دانیشتوانی - گینیای - تازە لە نەخوشخانەیەکا - ٢٠ - کەس بە نەخوشی پیکەنین مردوون •
- وە ئەم نەخوشی‌یە کە بە نەخوشی - کورو - ئەناسری زور مەترسی لی ئەکری •
- ئەوانەی دووچاری ئەم نەخوشی‌یە ئەبن تا گیانیان دەرئەچی هەر پی‌ئەکەنن •
- وە زانای بەناوبانگی ئەوسترالیا لەبارەی ئەم نەخوشی‌یەوە ووتویە کە دوور نیە ئەم نەخوشی‌یە نەخوشیکی وەرائی بیت •

# که گـــیران ...

نوسینی : ئەحمەد خواجە

لەبیرمە روژیک کومەلە منالیک دانیشتبوین ، لەپرر منالیکی دولەمەند لەتەمەنی ئیمەدا بە سواری ماینیک تیپەربو ، ئیمەش یەکە یەکـــــە خوزگەمان بەو منالە خواست . کوریکمان لەگەلا بو ووتی :ـ حەزئەکەن ئیوەیش سواری ماین بن ؟ بیگومان هەمو بەجاری ووتمان بەلی !

ووتی : چاوتان لە روژە وا ئاوا ئەبی ؟ ئەوە ئەنیشـــــیتە ناو دەریا بی‌بنەکان ، وەختی کە نوقوم بو ئەبی بە شەو وەکەبوبە شەو لە ناو دەریادا ئەسپی بالدار هەیە بو لەوەر دینە دەرەوەو لە کــــەناری دەریا ئەلەوەرین ، ئنجا نیشتەنی‌یەکانی سەر کەناری دەریا فیربون خویان مات ئەدەن وە بە کەمەند ئەیانگرن وە ئەیانهینن‌و ئیوەیش ســــواری ئەو ئەسپانە بن ! هەمو بە جاریک ووتمان کەی ؟

ووتی :ـ کە گیران .

ئیستاش ئیمە بە ئەیکەین ، بە ئەبی ، خومان ژیرئەکەین وە بە هیوای دواروژ خومان دلخوشی ئەدەینەوە .

لەو روژەوە کە من خومم ناسیوە ئەبینم هەرکەسە بو خوی لـــــە ئاوازیک ئەخوینی لە هەمو کومەلو کوبونەوەو نوسین‌و ووتاریکا تەنیـــا بەباشی‌و لاوچاکی خومانا هەلئەدەین‌و بەقسەو گەزاف خومان بە قەومیکی کون‌و خاوەن قەوارە ـ کیان ـ و ئازاو دلیر دائەنیین ، جارجـــاریش گلەیی لە چەرخی زەمانە ئەکـــەین کە گویا پاشی خســــتوین وە

بی‌دەسەلاتی کردوین •

لەم سەدەی بیستەمەدا مروڤ‌و گەل نابی لە راست ووتن‌و بە ئاشکرا لە قسەکردن بترسیت‌و بسلەمیتەوە •

ئەگەر بیت‌و بی‌ینە سەر راستی هەتا ئیستا لەبەر ناکوکی نەپەرژاوینەتە سەر دامەزراندنی بناغەیەکی وا کە ئیمرو شانازی پیوەبکری ، بەلام ئەوە نالیم پیاوە کونەکانمان هەرکەسە بو خوی وە لە شــــوینی خویا پاریزگاری نەتەوەیی‌یان‌و ئاگاداری زمانەکەیان نەکردوە تا گەیاندیانە دەست ئیمە ، ئیمەش هەمیشە بە نوسین‌و ووتار کە ریگەیەکی بی‌ترسو ئاسانە بەناوی زەند ، بابان ، پاشای رەواندز ••• وە شانازی ئەکەین ، ئەگەر بی‌ینە سەر باسی راستی ئەمانە بیجگە لە راووشکار و مازووری و هینانی بیگانە بو سەر خاکو قەومەکەی چ کردەوەیەکی باش وە چ چاکەو ناوونیشانیکیان بوکورد بەجی‌هیشت ؟ ئەی صلاح الدین چ چاکەو پەیوەندیکی بەسەر کوردەوە هەیە بیجگە لەوەی بە هــــــەزاران لاوی کوردی بە سونێی بیگانە لە و ولاتی بیگانەدا بەکوشتدا وە رەچەلەکی برینەوە ، ئایا چی لەپاش بەجی‌ما بو کورد ؟•• گریمان ووتمان ئەوان لەو زەمانەیەدا ئەوان لەوەیان زیاتر پی‌نەئەکرا ! کەوابو بابی‌ینـــــــــەوە سەرباسی خومان ، وائەزانم نزیکەی چل سالە لە عثمانیەکان جیابوینەوە وە لە بیست سالیش زیاترە کە گەنجی تی‌گەیشتومان پی‌گەیشـــتوە ، بــیروباوەر گوررا لە سەدەی سەربەستی‌دا ئەژین ئەمان‌و ئیمە چیمان کرد ، تا ئیستا لە چوارگوشەی رووی گیتی‌دا ئایا کوردیک نەبو خوی پیشان‌بدا ؟ با هیچ دوور نەروین لەو کومەلە گرنگانەی ــ باندونغ ، قاهرە ــ دا پیاویکی کورد نەبو خوی تیدا هەلقووتینی و کوردیش بەو

پیاوه ناودارانه بناسیت که هەمو قەومو پیاوانی دەولەتە گەورەکان سەروبنی قسەیان ئەوەیە کە ئەیانەویت قەومە بچوکە ژیردەستەکان سەربەستو سەرفرازبکەن ، ئیتر ئیمە بوچی بترسین کە داواکەمان کوردی فیربون بی ، وە بوچی گوی بو ئەو کەسانە شور بکەین کە بە هوی روخاندنی منارەی بەرزی هیوای کوردەوە لە نازو نعمەتدا پەروەردە ئەکرین .

لەسالی ۹۲۸ و ۹۲۹ دا لەو پیاوانەی بە بونەی هەلبژاردن وە نیرراوی – مبعوث – هاتبون داود پاشای حیدری‌م لە مخمور بینی لە بابەت گوڤار وەیا روژنامەیەکەوە کە بە لاتینی بنوسریو بلاو بکریتەوە قسەمان کرد وە ژوانی‌دا ، بەلام لەو کاتەدا کە بو بەجی‌هینانی ئەم ژوانە خەریك بو وورووژمیکی زوری برایەسەر لەبەر ئەوە ناچار بو وازی هینا .

ئەمجارە لە ژمارە – ٦ – لاپەرە – ٨ – ی گوڤاری هیوادا بە – چون زمانەکەمان بنوسین ؟ – نوسراویکی زور بەجی‌و بە فەررم خویندەوە ئاواتەکەو پرسیارەکەی زور بەریزو بە جی‌یە ، بەلام کام زمان ؟ وە لەگەل کی‌یەتی ؟.. ئایا هەمو خویندەوارەکانمان کریاری – هیوا – ن ؟ نەء ! بەخوا نەء ! مەگەر تاك تاکیکی بی‌دەسەلات ، بزانین پیاوە گەورە لی‌وەشاوەکانمان وەرامی ئەدەنەوە ؟ بەلی ! مەگەر کە گیرا .

بو ئەم ئاواتەو هەمو ئاواتیکمان لەپیشترو گرنگتر بو کورد خو بە خو ناسینە ، تا ئیستا نیشتەنی‌یەکانی سلیمانی ، کەرکوك ، هەولیر هیـــــچ ئاگاداری‌و ئاشنایەتیکیان لەگەل برایانی ئاکری ، ئامیـــــدی ، دهوك ، زاخودا نیە . وە تا ئیستا لە زمانی یەکتری ناگەین لە دەردی یەکتر نازانین ، با لە مەبەس لانەدەین بەراستی هەرچەندە بیجگە لەکوردی – لاتینی – نووسین بە هەرچی نوسینیکی‌تر کوردی بنوسری لــــــــە

خویندنەوەدا کوسپو ئەرکیکی گەورە دیتە بەر وە ئەگەر هاتو شیوەی خویندنەوە و قسەکردنیش یەکێ نەگریت ئایا ئەم نوسینە سەرئەگریت ؟ وە ئایا ئەتوانین وەکو عەرەبی نوسینو قسەکردن جیا بکەینەوەو بە دوو جار فیری کوردی ببین ؟ جا بەلای منەوە ئا ئیستا لە جیاتی یەکسەر بو خستنە کایەی ری‌و رەوشتی نوسینەکەمان لە هـــەمو کوردی عراق کومەلیکی پاکی بیگەردی زانستی پیکەوەبنین ، ئەم کومەلەش زانیاریک بە سەروک هەلبژیرن وە ئەم زانیارو سەروکە لەگەل کومەلەکە بە بیریکی خاوینەوە نوسینیک بو زمانەکەمان ئەتوانن ـ ئەلفوبی ـ یە بهیننە بەرهەم ، بەلام ئەوسەروکەیش لەوانە نەبی ئەم فرمانە گرنگ‌و ناسکە بکا بە کەوچکیکی پلاو خواردن بو خوی •

تا لەبیرمان نەچوتەوە با ئەمەیش بلیم : ئیمە وەنەبی لە خوهەلکیشانو باس لە میژوو و ئەفسانەو رازی کوردایەتی لە (١٩٢٠) ەوە لە روژنامەی ـ پیشکەوتن ـ لە باوی دەس بەسەری‌مانا و هەر دوا بەدوای ئەویش لە روژنامەکانی سلیمانی ، روژی کورد ، بانگی کوردستان ، ئومیـــدی استقلال ، ژیانو ژین •• دا کەمتر لەم قسانەی ئیستامان کردبی •• بە ئیمە چی صلاح الدین‌و میژوی کون ئیتر با بی‌ینە سەر ریگەی راست و یەکتر ناسین ، هیچ جی‌ی باوەریش نیە کە ئیمە تەنیا بو بەرز کردنەوەی زانستی خویندەواریمان هەول‌بدەین لە هیچ لایەکەوە بەرهەلست وەیا بەربەستیکمان بیتە ریگە ••

# بو گیانی پاکی سەید عەلی ئەسغەر

محمد مەلا کەریم

خوای گورانیو ئاوازو ساز !
نازانم چون پیاتا هەلدەم ؟!
هەرچی بلیم ناگەمە نیاز :
دەمم لالەو کولە قەلەم

★ ★ ★

چریکەی دەنگی خوش‌نەوات ،
هەســـــــتی کوردیم ئەبزوینی •
گوی‌گرتن بو بەرزی صـــــەدات
داخی دلم ئەررەوینی •

★ ★ ★

ئەگـــــەر روژی زاخـــــاوی گویم
نەدەم بەنەغمـــــــــەی دل گـــیرت ،
ئەلی‌ی زەرەریان داوە لیـــــم
وا گیرودەتمو ئەســـــــیرت

★ ★ ★

داخەکەم ، کاتی تو ئەژیای
کورد ریگای خوی لی‌شــــیوابو
هونەرمەندیکی بی‌هــــــاوتای ،
ری‌ی دیتنی لی‌گـــــیرابو •

★ ★ ★

توش بو گەرران بەدوای نانا
ئەت‌گرتە بەر رری‌ی راستو چەوت
لە کەندو کوسپی ژیانا •
لە هەزار لا پیت هەلە کەوت

★ ★ ★

چونکە نەتەوەی پاش کاروان ،
قەدری رولەی خوی نازانی
هەزار هونەرو فەننی جوان ،
ناگورریتـــــــەوە بە نانی •

★ ★ ★

نە زانستگای هونەر چوبوی ،
نە هیچ کەس ریگای پیشـــاندای ،
نازانم چون بوی بەوە بوی ؟
هی‌چیە ، چون ، وا شا وەستای ؟

★ ★ ★

گەر لە روژیکی وا رەشا ،
نەهاتایەیتە دینـــــاوە
چرای هونەرت ئەدرەوشـــــا
بەســــــەر هەمو عەرزی خواوە •

★ ★ ★

بەلام ، ئیستاش ، هەر دل‌نیام
نەتەوەی کوردی خوین جولاو
حەقی فەوتاوی توی ناکـــــام
ئەداتەوە دەســـــــت تەواو :

★ ★ ★

چەند زانـــــستگای هونەرمەندی ،
بەناوتەوە دوروست ئەکری ،
صەدها دەزگای بەرزی کوردی ،
ناوی پیروزتی لی‌ئەنری •

★ ★ ★

پەیکەریکت بو دائەنی ،
یادت زیندو بکاتەوە •
بو بەختی کورد پی‌بکەنی
کە روژی تیشک بداتەوە !

# نوبەرەی داری خەباتمان

نوسینی : روناك

بی‌گومان گرنگ‌ترین روداویك له ژیانی ئافرەتانی عیراقا ، که لەم چەند سالەی دواییدا ،بەلکو له هەمو میژوی هەولدانیا نا بو دەس‌خستنی مافە پی‌شیل کراوەکانیان ، ئەوەبو کە کاربەدەستان بو یەکەم جار دانیان بەوەدا نا کە ئافرەت نیوەی گەلە ، وە پەیمانیان دا کە دەستوری تازەی عیراق حقوقی سیاسی ئافرەتانی تیا بنوسری •

چاوگیرانیـــــك بە میژوی جولانەوەی ئافرەتانا لەســـــەرەتای پەیدابونیەوە ، بومان دەرئەخا کە تا ئیستا چەند کوسپی گەورەی هاتوەتە ری وە چ بەربەرەکانی‌یەکی کراوە لەلایەن ئەو هیزانەوە کە نوینەری کونن وە ئەیانەوی لەبەر هیزی رەورەوەی میژودا بوەستن بی‌ئەوەی عیبرەت لە میژوی هەزاران سالی ئادەمی‌زاد وەرگرن کە هەزاران وینەمان پیشان ئەدا لەسەر ئەوە کە هەرکەس نیازیکی وای کردبی ، لەجیاتی ئەوەی بتوانـــــی بیوەستینی خوی کەوتوەتە بەرچـــــەرخەکانی‌و فلیقاندویەتیەوە •

چەند سال لەمەوپیش هەر ئافرەتیك پی‌ی بنایە بە جەرگی خویاو عاباو پەچەی فری‌بدایە ، یاخود هەر باوکیك کچی بناردایەتە قوتابخانە ، یا هەر ئافرەتی ببوایە بە موچەخوری میری ، یا لە پروژەیەکی گشتی‌یا

ئیشی بکردایه ئەکەوتە بەرچاوو دەمی خەلکی‌و هەزار تیرو توانجی لی‌ئەدرا ، پیـــــش رەوانی جولانەوەی ئافرەتان کە داوای حقوقـــــی ئادەمی‌زادانەی ئافرەتانیان ئەکرد ، لەلایەن کاربەدەستانەوە گویچکەیان لی‌ئەئاخنراو زوبان‌و قەلەمی کونەپەرستانیان تی‌بەر ئەبو ، هاوارو دادو فوغانی بەکول‌یان لە هەمو کون‌و قوژبنیکەوە بەرز ئەبوەوە ، بو حەیاو حورمەتی فەوتاو ئەگریان‌و سنگیان ئەکوتا • ئەمانە چاوی خویان لە عاستی ئەم هەمو کارەساتە نالەبارە پر لە ئیش‌و ئازارانە ئەنوقان کە روژانە چەند جار لە ولاتا رو ئەدا کەچی کە ئافرەتان داوای مافی خویانیان ئەکرد ئەوان خویان ئەکرد بە پەری بی گوناهو ئەکەوتنە شین‌و شـــــەپور بو رەوشتی بەرزی پلەداخزاو ! •

بەلام لەگەل ئەم بەرە ـ جبهە ـ کونە پەرستی‌یەشا کە لە ضدی ئافرەتان‌و مافە راستە کانیان کرابوەوە ، ئافرەتانی تی‌گەیشتو دەسیان لە خەباتی خویان هەل‌نەگرت‌و لە درک‌و دالی ریگا سل‌یان نەکردەوە ، بەتایبەتی لەم چەند سالەی دواییدا جولانەوەیان ریگایەکی راست‌تری لە ریگای جارانی گرت وە ژمارەیەکی زورتر لە ئافرەتانی ی‌گەیشتو کە ئەوسا بوبون بە چەند دەستەوە ، لەژیر سیبەری یەکیەتی ئافرەتانی عیراقا یەکیان گرت • روژنامەکانیش ـ تارادەیەک ـ بەشداری یەکی باشیان کرد بە تەرخان‌کردنی لاپەرەیەک لە هەر هەفتەیەکا بو نوسینی باسی ئافرەتانە ، وە یەکیەتیش لە جاران گەرم‌تر چ لەناوەوەی ولات‌و چ دەرەوەیا کەوتە ئیش‌کردن • ئەوەبو توانی‌یان بگەن بەوە کە حقوقی

سیاسی‌یان ــ لەسەر بریاری فەخامەتی سەروکی وەزیران ــ لە دەستوری تازەدا بنوسری • بی‌گومان ئەم هەنگاوە هەنگاویکی وابو کە گورانو پیشکەوتنی ولات دەمی بو داوای ئەکرد • ئیمە کە ناتوانین گوی لە عاستی ئەم راستی‌یە بخەوینین کە ئافرەتان نیوەی گەلن ، وە کــــە چ لەشارو چ لە دیهاتا لە بەرهەمهینانا وەك پیاو بەشدارن ، وە کـــــــە سەرشورن بو هەمو یاسایەکی ولات ، وە وەکو پیاو هەمو خەرجو باجی ئەدەن • ناچارین بلیین لەبەر ئەوەی واجباتەکانی سەرشـــــــانی ئەوان لەسەرشانی ئەمانیشە ، ئەبی ئەو حقوقانەی کە ئەوان هەیانە ئەمانیش هەیان‌بی ، وە ئەبی ئەو پەرلەمانەی کە هەمو روژی شـــــیوەی ژیانی کومەل دائەنی‌و پەیوەندی‌یەکانی بەینی خەلك خویانو بەینی خەلكو میری ریکوپیك ئەکا ، ئەبی کومەلانی ئافرەتانیش دەنگیان‌دابی لە دانانیاو نوینەری ئەوانیش بی •

دان‌نان بە چون‌یەکی پیاوو ئافرەتا لـ ە هەمو سەریکی ژیانا ، تازە لەوە دەرچوە کە هەر ئادەمی‌زادی کە بە قسەی خوی لە ســـــەدەی بیستەم ، سەدەی ئەتومو مانگی دەسکردا بژی ، لەعاستیا بکەویتە ملەجری‌و بیەوی دانی پیانەنی ، ئەو جورە کەسانە هەرچەند بە لەش لەم سەدەیەدا بژین ، بەلام مشیکیان هی سەدەکانی ناوەراستە ، هی ئەو دەورەیە کـــــە حوکمی سوتاندنی ــ گالیلو ــ یان دا چونکە ئەی‌وت عەرز ئەسوریتەوە ، وە کە قەشەکان ئەیانوت ئاسان کردنی شیوەی منال‌بون لــــــە ئایین دەرچونە ، چونکە خوا لە عەزەلا کە باوکە ئادەمو دایکە حـــــــەوای دوروست کرد بریاری‌دا کە ئەبی ئافرەت بە ئیشو ئازارەوە منالی ببی‌و

ئەبی تا دنیایە هەروابی !

دان‌نانی کاربەدەستان بەم مافەی ئافرەتانا ، هەرچەند هیشتا ــ تا کاتی نوسینی ئەم وتارە ــ دریژەکەی بلاو نەکراوەتەوە ، وە دەرنەکەوتوە ئاخو هەمو ئافرەتان یاخود تەنها خویندەوارەکانیان سودی لی‌وەرگرن ، وە هەرچەند متمانەمان لەوە نیە کە ئاخو تا چ رادەیەك ماوەمان ئەدریتی کە بە باشی سودی لی‌وەرگرین ، بەلی لەگەل ئەم هەمو ئیحیتمالانەشا ، تەنها دان‌پیانانی و خرانە سەرقاقەزی سەرکەوتنیکی گەورەیە بو ئافرەتان‌و بو جولانەوەی پیروزیان •

بی‌گومان پاش تەواوبونی ئەم هەلبژاردنەش کە بەریوەیە ، کونە پەرستەکان هیرشیکی‌تر ئەبەن ، بەلگەی دەسیان لەم هیرشەدا ئەوە ئەبی ئەلین : ئای ، نەتان‌دی چون ئافرەتان بو ئەوە ناشین ما فی سیاسی‌یان بدریتی ؟ چاوتان لی‌بو چون کە ئەچون بو دەنگ‌دان ئەتوت لە کاتی ژنانان‌دا کردبویان بەهەرا هەراو دەنگە دەنگ ؟ گەلی قسەی‌تری واش ئەکەن ، ئەشکەونە تیرو توانج تی‌گرتنمان ، رەنگیش‌بی ئەو مەسەلــــە کوردی‌یەمان لی‌بیننەوە کە ئەلی : « یەکی بە گەورەیی فیری پلاو خواردن ببی دەس بو لوتی ئەبات ! » دیارە چونکە ــ ناشکوری خوا نەبی ــ ئەمە یەکەمین جاریکمانە کە ئەم مافەمان بە کاربینین وە شارەزایی کونمان تیا نیە دور نیە بکەوینە هەندی هەلەوە ، بەلام ئیمە گویمان لەوە نیە ، و پەیرەومان مەسەلەی کوردی‌یە کە ئەلی : سوار تا نەگلی نابی بە سوار ، ئیمە دل‌نیاین لەوە کە دریژایی ئەم ریگا دورو دریژەی کە لە بەرمانایە

هەمو کەم‌و کوری‌یەکی خومان راست ئەکەینەوە ، وە پەیرەویکی باش‌و راست بوخومان ئەگرین ••

لەم روژانەدا کە ئەم سەرکەوتنە گەورەمان دەسگیر بوە ، کە ئەم هیوا پیروزەمان دانی پیانراو هاتە دی ، داوا لە خوشک‌و دایکە بەریزەکانم ئەکەم کە وا نەزانن ئیتر هەمو شتیک براوەتەوە • نەخیر ! ر یگا هیشتا زوری ماوە ، چەند قوناغی ترمان لەپیشە تا بگەینە جی ، هیشــــــتا گیروگرفتی زورمان هەیە نەکراوە • لەبەر ئەوە ئەبی بە باوەریکی لە جاران بەهیزترو پتەوترەوە لە ئیش‌کردنا بەردەوام بین ، بو ئەوەی بە باشترین شیوە سود لەم مافەمان وەرگرین ، وە بو ئەوەی بتوانین گیرو گرفتەکانی‌تری ژیانمان دیاری بکەین ، وە چارەی بو بدوزینەوە • من هەمو لایەک بانگ ئەکەم بو کومەل بەستن لە دەوری یەکیــــەتی ئافرەتانی عیراق ، وە بو کردنەوەی چەند لکیک بوی لە شارەکانی کوردستانا ،تا ئەو کومەلە بەراستی ببی بە کومەلیکی پیشەوای جولانەوەی پیروزمان وە تا لە هەمو سوچیکی ولاتا هیزە ئیشکەرەکانمان ریکوپیک بن‌وە بە باشی بتوانن ئیشی خویان بکەن •

ئیتر بو پیشەوەو پیروزبایی وەرگرتنی مافی سیاسی‌تان لی‌ئەکــــەم خوشک‌و دایکە بەریزەکانم !

# ژنیش هەیەو ژانیش هەیە

نوسراوی محمد مصطفی کوردی : سلیمانی

لە ژمارە ـ ٨ ـ ی گوڤاری هیوادا لەلایەن ـ ژنە ـ وە شتیکمان نوسی ، وا ئەم جارە لەلایەن ـ ژان ـ ەوە ئەدوین •

هەندی ژن ـ نەء ژان ـ یش هەیە ـ پەنا بەخوا ـ هوی تیکچونی شیرازەی خیزانە ، هوی ئاژاوەو لیک هەلپچرانیانە ، هوی رەنجـــانی خزموخویشو دەرو دراوسیّیە ، هوی پیسیو پوخلیو نەخوشیو دەردە ، هوی لاتیو هەژارییە ، هوی شەرمەزاری میردەکەیەتی لەناو ئاشناو روشنایا ، هوی بیشەرمیو سەرسەریتیو نەخویندەواریو دەستسپیتی منالەکانیتی •

چونکی میردەکەی ئەگەر دایکو خوشکو براو کەسی بوو ، ئەم ـ لەبەر نارەسەنی خوی ـ چاوی پییان هەلنایەت ، وە هەمیشە توانجو پلاریان تیئەگریت وە ئەیانرەنجینی ، وە بەمە میردەکەشی لەپیش چاویان رەش ئەکات ، بو ئەوەی کە جویی بکاتەوە لییان وە وەک ـ گـــای یەک ئاخور ـ هەر خوی بەروبومی بخوات ، بیئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە باوکو دایکی میردەکەی هەزاران رەنجیان لەگەل کیشاوە وە نزای هەمیشەییان ئەوە بوە کە کورەکەیا نبی بە پیـــاو ، وە لە پەنایا

بحەسینەوە ، کەچی ئەم داگیری ئەکاو لەوانی هەلئەپچری وە رەنجیان ئەدا بە باو زنجیرەی خیزانی‌یان ئەپسینی • وە لەبەر ئەمەی کـــــــە سروشتیشی بەدە ، هیچ ریزی دەرو دراوسیشی ناگری وە بە ســـــوکی تەماشایان ئەکات ، وە هەمیشە لەسەر بیانووە لی‌یان ، وە لەسەر هیچ ئەچی بەگژیاناو ناوو نەتورەیان لی‌دەرئەهینی بەمە دراوسی‌یەکانیشـــــی لە میردەکەی ئەکات وە ناسیاوو ئاشناکانی لی ئەتەکینیتەوە •

ژنیک کە ئەمە رەوشتی بی گومان نیە کە هیچ جورە پەروەرش‌و بەرهەم هانینیکی باشی لە باوکو دایکی خوی وەرنەگرتوە ، جاری ئەگەر بیتە سەر ووتار وەک بەرد بدەی بەسەر بەردا وایە ، ئەگەر پرســــیاریکی لی‌بکریت وەرامیک ئەداتەوە کە هوی سەرتیاچونی بی ، نەکەی بچی بەلای پاکی‌و خاوینیا ، چونکی نازانی بەری چ داریکە ! هەر حەلیک بی‌یتە مالەکەی ئەبینی ئەلی‌ی سەرەنویلکە ، شتومەک بەسەر یەکا کەوتوە قاپ‌و قاجاخ چیشتی پیوە ووشک‌بوتەوەو کەروی هەلهیناوە ، سەبەتە لای سەماوەرەوە دانراوە ، قوریەو پیالە لەبەر پی‌دا کەوتون ، مریشک دەرکی کەندوی بە دەنوک بەرەلا کردوەو گەنم هەلرژاوە ، پشـــیلە کوپەلەی رونی قلپ کردوتەوە نوینەکانی بەسەریەکا کەوتون ، منالەکانی چلکن‌و پلکن‌و چلمن‌و سنگ داچەکاو و سەر روت‌و پی‌خاوس وەک گویرەکەی گیژ بە کولانانا ئەسورینەوە وە لەبەر پیسی منالەکانی لە حەوشەو بەردەرگای دەرەوە جی‌ی هەنگاو نیە ، ئەو ژورو حەوش‌و مالە هەرگیز گەسکی نەدیوە مەگەر لەکاتی هاتوچوی خاتونا بە درو

داوینو دەرەلنگی ئاوەل‌کراسە شورەکەی توزیک زبل‌و خول‌و خاشـــی لاچوبی •

لەناو دە جارا ئەگەر جاریک گوشتی مەنجەلەکەی بە بنکیا نەسوتابی کەچی چیشتەکەیان سویرە یان بی‌خویە ، یان ئەوەندە ووشکە وەک بریشکە وایە ، یان ئەوەندە بلە ئەلی لەپەیە ، میردی قوربەسەر چ رایەی ئەکەوی بلی ئەمە بوچی وایە ؟ چونکە ــ خوانەخواستە ــ ئەگەر بلیت وەک ــ دەرمەرقاچان ــ بە دەمو چاویا ئەتەقی‌و بە تەوسەوە ئەلیت : ــ چیشتی وا مەگەر دایکت لی‌ی‌بنیت ــ ، یان ئەلیت : « وام زانی تو وای حەز لی‌ئەکەیت » ، یان ئەلی : خوا ئەم بەشە ببری ، لەجیاتی کارەکەرو دەستوپیوەندو هەی‌بەلی هەی‌بەلی‌و ئالو والاو خشل‌و داکردن ـقبول‌ـ و سەیران‌و گەشتم ئەم برت‌و بول‌و پت‌و لوتە چی‌یە ئەیکەی بەسەرما ؟! هوو ! وا پیت ئەلیم جاریکی‌تر پی لەو پشکویە نەنیت ، ئەمە لە روی منا بلییت • من کە شوم کردوەو روی خومـــــم رەش کردوە بو ئەوەم نەکردوە ؟ خو من نانم لە مالی باوکم دەست ئەکەوت وە جیگاو ریگاشم گەلیک لە کاول‌بوەکەی تو خوشتربو ، چی‌بکەم لەکاری خوا ! ژنی وا هەیە کە ســـــــەگ • • • ناخوات ، کەچی وەک بانوی بانوان لی‌ی دانیشـــــتوەو ئەکەن بە دەمی‌یەوە منیش توشم بوە بە توشـــــــی تووە ، گلەیی لەتو ناکەم خوم بەختەکەم رەشە •

ئیتر میردی بەسەزمانی خاک بەسەر دەمی ئەبی بە تەلەی تەقیو ، وە لە عاست هیرشی واتەی ئەم چل‌دەمە وەک کەو ئەچی لە دلی خویا کە بیر

له بەرەلا کردنی ئەکـــاتەوە گورج منالە بی‌گوناحـــەکانی دیتەوە یاد ، ئیتر واز لەو بیرە ئەهینیت‌و شـــان ئەداتە ژیر ئەم بارە گرانە ، بەلام دلیشی وەك مەنجەلی سەر ئاگر قولپ ئەدا وە لەبەر جەخارو زوخاوی دەرونی نە ئەیپەرژیتە ســـەر پەروەردەی منال ، نە ئەیپەرژیتە ســـەر پیشەو دنیـــاریی‌و نان پەیاکردن ، بە جاریك ناو مالەکەی لی ئەبی بە ئاگریکی سور •

ئنجا ئەی خوینەرەوەی بەریز ئا ئەمانەن کـــە پی‌یان ئەلین : ـ ژان ـ وە هەر دەربارەی ئەمـــانەیە کە ویژەری بەرزی نەمر ـ سعدی ـ خوالیخوشبو فەرمویەتی :ـ

ژنی بەدخـــو ئەگەر لە مالتـــایە
ئاگریکی بە تین لە پالتـــا یە •

> دانا ئەو کەسەیە لەگەل چیژتنی خواردەمەنی خوش‌و بەتاما تالی دەرمانی بیتەوە یاد •
>
> کونفوشیوس

# « بەهاری ژین »

کەرکووك ـ خالد دلیر ـ

با هەڵنیشی لە روی ئاوونگ تیشکی خور
تیکەڵاو بی رەنگی سەوزو رەنگی زور

با هەلفری بولبول لەم چـــل بو ئەو چل
داتەکینی ئاوونگی سارد لــــە روی گول

جی پیی مــــــالات پرر لەئاوی باران بی
باعەی مەرو بزنو بەرخو کـــــــاران بی

ئەو ئاوازەی هیـــــچ کەمانی هیچ نایی
ئاوازی وا نەرمو خوشـــــی لی نایی

قازو قورینگ بەقاژەو دەنگی بەسوز
بینن بومان موژدەی بەهـــــارو نەوروز

بامراوی بەخیراییو لەنــــــــگە لەنگ
بینو بچن بشـــــلەقینن گومی مەنگ

بائەو بەفرەی لەلوتـــــــکە ئەتویتەوە
بەسەر بالای بوکی کیو شـــــور بیتەوە

بلەرزینی لاســـــکی مورو‌ی وردیـــــلە
لاسکی وەنەوشەو نەرگزو حاجیـــــلە

با کەو جیگەی لوتکەی ســـــپی بەرز بی
هیند بخوینی لــە قاسپەی خوی وەرس بی

با وولاتـــــم لەمە زیاتر جوان‌بـــــی
هەمو شتی هوی دل خوشی‌و ژیان بی

ئەگەر ئیمەی خاوەن وولات هەژار بین
چەوسینراوەی دەس بیگانەو زوردار بین

بەئیمە چی جوانی سروشت ؟ هی بەهار ؟
روونی کانی ، وورشەی گیا ، چروی دار ؟

کام جوانی کام ئاواز کـــــام بونی خوش
دلی هەژار لـــــە خەم ئەکـــــەن فەراموش

یاکەی گیانی هوریکی روت‌و برســـــی
جوانی‌و خوشی کەژی بەهار ئەپرســـــی ؟

جوانی وولات هەستی وورد فیر کردووین
بەلام ئەوی هەســـــتی ووردی بردووین

بیــــــگانەیەو کرداری ناشـــــیرینی
ئەو لە کوردی گورریوە یاسای ژینی !

ئەویاسایەی ســـــەربەستی شـــــادمانی
ئامانجیانە هەر یەك لە بەندەکـــــانی !

کەچی ئیستا یاسای ژیان سەرا ســـــەر
تەرخانە بو درزندەی لاساری گەرر !

هەر رروژ بە داوی پیلانی ، تەگبیری
رریگەی شادیو سەربەستی مان ئەگیری

بەلام ئەوی دریغی بی بانەی کـــــەن
بررون لەسەر ئەو کردارانەی ئەی کەن

ئیمـــــەش بەرەو ئامانجمـــــان ئازایانە
ئەررووین • خەبات ، یەك گرتن پیشـــــەمانە

قوناغمان دورتریش بی هەر ئەی گەینی
موژدەی دوا روژی ررەشیان ئەدەینی •

ئەهینیتــــــە کــــــایە بەهـــــاریکی وا
پرر لە شادیو ژیانو باریــــــــکی وا

لەگــــــەل بەهاری برســــــیەتی جیابی
هوی ژیانیــــــکی پرر خوشی تیــــــابی

لەژیر سایەی « بەهاری ژین » گەلی کورد
بی‌باك بژین ، شادمان ، درشتو وورد

کورد ستانی جوان مالی کورد بیو بەس
بەسەریەوە نەبی هەرگیز بەشی کەس

گەلی کوردی گوردیش بەبازو و قولی
خاك بکیلیو کانــــــــگەی ئالتون هەلکولی

کون تیك بداو تازەی لە جی دروســـــت کا
رەنجی مەردوم تیکەل جوانی سروشت کا

لەگەل کاروانی میللەتان هەنــــگاو نی
سوپاس شکســــــتەی دوژمنانی راو نی

ژیانی کورد هەر ئاهەنــــگ بیو هەر شایی
« بەهاری ژین » هـــــــەر گیز نەیی کوتایی

# مردوانه

م • ع • جاف ـ بەغداد

بانگی شیوانی دا ، روژی رویشتو زایەلەو شینی هەلدا بو لەناوچونی روناکیجوانی ، گاگەلو مەرگەل شوانەکان بە گوچان لەدوایانەوە بەرەو پەچەی شەویان ئەیانهینان ،بە هیمنیو لەسەر خو ئەیانخستنە سەر شەقامی راستەخو ، وە تاریکی بەرگی کیشابو بەسەر لەشی سروشتی مـــاتو خاموشا وەك لە سەرمای شەوی بپاریزی ، هەروەك مروف خەوی لیکەوتبو ، و ە کشوماتیەکی سامناك دابوی بەسەر هەمو لایەکیا ، سوزەو هەناسەی سروەیەك نەئەهات ، ئاوازی تاقە بولبولیك نەبی بـــە دەنگە خوشەکەی سوپاسی مانگی ئەکرد کە جوانی زیرینی بالەکانی پەخشیوە ، وە کوکوی بایەقوشیك نەبی بە دەنگە ناسازەکەی روی سکالای کردبوە عاسمان لای خوا ئەیووت ـ مروف لانەو بانە پیروزەکەم بە جیناهیلن ، لەولایشەوە لە ژیر سیبەری دارە زلەکانا پیشـــینانی دانیشتوانی زەویوزاری ئەو ناوەچەیە خەویان لیکەوتبو ، خەویـــکی دریژ ، بەلکو زیاتر لە خەوی دریژ خەوی یەکجاریو دوایی نەهاتو ، نە کزەی بای بەیان ، نە جریوەی مەل ، نە قوقەی کەلەشیر ، نە بانگی مەلا ، نە دەنگی شوان ، هەلی نە ئەسانن لە خەوە گرنەکەیان ، پەستو پەشیو بوم بویان ، وا شیویان کردەوە بی تروسکەی ئاگر لە زنجەکانیاندا بی هاتوچوی ژنە دلسوزەکانیان بو ئامادەکردنی نانی ئیوارەیان ، بی بە

پیرەوەچونی منالەکانیان کە ە کاتی هاتنەوەیاندا ماچیـــــان ئەکردن ، ئا ئەوانە وا خەویان لی‌کەوتوەو دەنگیان لیوە نایە ، هەتا دوینی چەن بە هیزو بە کاربون ، گولی گەنمو جو ملیان رائەکیشا بو داسەکانیان ، سەرزەویو ناخی زەوی ئەی‌نکان لەژیر گاسنی جوتەکانیانا ، لقوپوپەی ئەو دارە زلانە قرچەی ئەهات بە دەم تەورەکانیانەوە ، ئا ئەوانە وا کشوماتو جولەیان لیوە نایە ، هەتا دوینی بو بە هەل‌پەرکیو گورانی ووتن چەندە دلخوش بون وە لەناو باخچەی شادیا پەرژینی بەختیاری کوی‌کردبونەوەو خرمەی پیی وولاخەکانیان کاتی ئەیدا لە خرە بەردەکان لە گوییـــــانا وەک ئاوازی گورانی وابو ، وە راکشانو حەسانەوەیان لەسەر ئەو پوشە ووشکانە وەک راکشانی سەر نوینی نەرمونولی نازداران و ابو ، وە ئەو پاروە ووشکەی ئەیان‌خستە ناوسکی برسیو چولیـــــانەوە ئەوەندە خوش‌بو لە دەمیانا وەک خواردەمەنی رازاوەی سەرخوانی دەولەمەندان وابو ، وە کە بە مستیان ئاویان ئەخواردەوە ئەوەندە خوش‌بو بە گیانیان وەک ئاوی زولالو ساردی ناو پەرداخی زیروزیو وابو ، ئا ئەوانە وان لەژیر خاکی خاموشیاو سروەیان لیوە نایەو گورەکانیان پەیکەرو گومەت نەکراوە قارەمانو هونەر مەند بون لە ژیانیان چونکە هەمویان وەک برا وابون ، وە خوشەویستی یەکتر بون وە چاوچنوکیان لە ناوا نەبوە بەهیزیان زوری لە بی‌هیز نەکردوە رژدی‌و ترسیان لەناوا نەبوە تەنانەت لە مردنیش ، وە کرنوشیان بو بارەگای گەورە نەبی بو هیچ خوایەکی‌تر نەبردوە ، ئا ئەوانە گورپیچاینیەوە هەمیشە خوا خوشی ویســـــتون ، ئەوانەی هەولی ژیانو پایەی بلندیانە با سرنجیک بدەن لەسەر خولو

توزی ئەو گورە پەرتەوازانە وە لە ناو ئەو کیلو بەردە کەوتوانە ئنجا ترسیک بهێننەوە دلیانو بینەوە سەر خویان ، وە پلەیەک لە پەیژەی هەولدانی پایەداری بینە خوارەوە وە کەمی لە کوگای زیرو زیوەکەیان کەم بکەنەوە ، با زەردەخەنەو جولەی لیوی سوکیو گالتەپی‌کردنی لەناو قوولی دەرونیانا بشارنەوە .

ئەی ناسک پەروەردەکراوی ژیان ، ئەی نازداری پایەو تەلاری بەرزی وا بە هیزو جوانیتەوە ، بە چاوی سوکی مەروانە گوری ئەو هەژارانە وا ئەبینن گورەکانیان شیواوەو گومەتەکانیان هەموی روخاوە وە ناش‌بینن ناوەکانیان بە جوانترین رازانەوە نەخش کرابی لەسەر کیلەکانیان ، کەمی گوی بگرن بو جوانترین ئاوازی سوپاس کە ئەیکا لە سەریان جوگەو دیراوی زەویو زارەکان وە جریوەی مەلی سەر پوپەی دارەکان ، وە ئەو چوار پییەی ئەلەوەری لە کەناری روبارەکان ، هەر دەستی زیرینی ئەوان بو تاجی نایە سەر پاشایان وە شمشیری دروست کرد بو دەستی پیشەوایان ، وە خەرقەو بەرمالی چنی بو خوا ناسان وە تەلاری بەرز کردەوە بو سەروکەکان و ە خشلی پەیا کرد بوخانمان وە گیای روان بو ئاژالو دانەویلەی دانا بو بالدارو مەلان ، ئەی گەورەکان لیتان رون بی ئەو پەیکەرانەی لەدوای خوتان بوتان ئەکری لە یادی کردەوەو رەفتارەکانتان بەولاوە زیاتر جی‌ناهیلیو ناخاتەوە ، وە ئەو نوسراوانەی بە زیر نوسراوەو نەخشینراوە لەسەر کیلی گوررەکانتان کویری مەکەنەوە بە نوسینی کردەوەی خراپیتان کەوا میژو لە لاپەرەی یادگاری دوا روژا ئەی‌نوسیتەوە ، زور دەست لە ناو جەرگی ئەم زەمینەدا ئەگەر

لەژیانا بەشی ببوایە دەستی نەیژەنی ئەبو ، گوێی لە ئاوازی خوش پرر ئەکرد ، یا دەستی پالەوانی ئەو تەختو تاجی پاشایانی ئەهینایە لەرزین ، یا دەستی شاعریك ئەبو دەرونی ئەهینایە جوش دلی پرر ئەکرد لە خوشیو زویری ، زور دل هەیە لەناو تاریکی قولی ئەم گوررانەدا ئەگەر ژیانی لە ئاوو هەوایەکا بوایە ئەم ئاوو هەوایە نەبوایە وە لە روژیکا بوایە ئەم روژە نەبوایە دلی پاشایەکی گەورەی پرر لە ئامانجی بە نرخ ئەبو ، یا دلی سەروکیکی ئازا ئەبو سزای زور دارانی ئەدا لەسەر زورەکەیان وە خەوی لە پیلوی چاویان هەل‌ئەگرت یا دلی نوینەریـــــکی ئازا ئەبو ووتارەکانی لە دلو گویچکەی دانشتوانی پرر لەمانا دەنگی ئەدایەوەو چەپلەریزانی بو ئەکرا ، چەن دانەی درر لە ناو دەریای بی‌پەیا هەتا ئیستا د ەستی مەلەوانی بلیمەتی پی‌نەگەیشتوەو هەروا لــــــە دووتوی قاوغەکەیا بەجی‌ماوە ، یا چەن غونچەی تازەپشکوتو رەشەبا هەلی‌وەرانو سیس هەل‌گەران ، یا چەن پارچە ئەلماسی درەوشاوە شارەزایان بویان دەرنەهاتو لە کانا مانەوەو ژەنگیان هینا ، یا چەن بەهرەی بەبەها هەسانی زانینو تاقی‌کردنەوە لە گوشەی فەراموشیو لی‌نەپرسینەوەدا فری‌دراو پرشنگی کوژایەوە ئەو بەهرانە ئەگەر پەروەردە بکرانایە شــــــیوەی گەردونیان ئەگوریو ئەم دونیایە دونیـــــــایەکی‌تر ئەبو ، بەلی لەناو گورری ئەو لادیە رەشو روتانەدا دلیك هەیە وەك دلی ـ همبدن ـ بەلام میژو نەی‌ناسیوەو پی‌ی‌نەزانیوە ، وە زمانیك هەیە وەك زمانی ـ ملتی ـ بەلام پەیکەری بو نەکراوە وە ئازایەك هــــەیە وەك ئازایی ـ کرومویل ـ بەلام نەکراوە بە پیشەوای لەشکر ، ئەوانە ئا ئاوا ژیاوون

لەناو چولەوانیی‌و دور لە شارستانی وە نەزانین بەھرەکانیانی داپوشیوە وە ئاوی ھەژاری ئاگری زیرەکیانی کوژانوتەوە ئەوانە رویشتن بەم دونیایەدا کەس پیی نەزانین وە کوچیان کردو کەس باسی نەکردن نوشیان‌بی نەزانین‌و ھەژاری ، ئەگەر ئەوانە گەورەبونایە لاشـــــەی ھەژارانیان ئەجنی ، وە لە دوای گەران‌و تەقەلای سودی تایەبەتی خویان مافی ھەزارەھا بی‌دەستەلاتیان ئەخوارد وە ھەمو روژانی ژیانیان لە خوین رژانا رائەبوارد • نەء نەء بەلکو ھەر ئەوان گەورەبون وە دوربون لە ھەمو گوناحیکی گەورەیی‌و تاوانیکی •• خوا لی‌یان خوشبی ئەوانە رویشتن لە دوای خویان ھیچ یادگاریکیان بەجی نەھیشت ئەو کیلە کونانە نەبـی تورر دراوە لە ریگەی گوررەکانیانا لەسەری نوسراوە بە دیریکی شیواو ئەم ھەلبەستە بچوکەی خوارەوە :

« ئەی ریبوار بەم گورستانەدا گلی ئەم شوینە بە پیروز بزانە پی‌شیلی نەکەی خولی سەردەمی ئەم مردوانە ، ئەمە ھەمو موچەو بەراتیان بو لە ئیش‌و کاری ژیانیانا لە دوای مردنیان ، نە داوای پەیکەرو گومەتیان کرد لەسەر گورەکانیان تا بمینیتەوە دوای خویان نە لاپەررەیەکی تایبەتی لە لاپەرەکانی میژو کەوا کردەوەو رەفتارەکانیانی تیدا بنوسریو بمینیتەوە بەلکو نە داوای دلوپە ئاوی یا چەپکە گولیکیشیان نەکرد ھەتا ئاوەدانی بخاتە سەر گورەکانیان » •

ئای چەن خاکی بون‌و چەن بەم موچەیەیان قایل بون !

لە کتیبی ــ النظرات ــ ی منفلوطی‌یەوە وەرگیراوە

# لە خەوما

بصرە • وەهاب کویی

روژیکی شـــووم
کە توشـــی بووم
هەنـــگاوی نا بەبـــی شـــەرم
وردە وردە بەرامبـــــەرم
بوی نامـــەوە فاقـــەی چـــاوی
لەســـــەر راو مەبەســـــتی راوی
بە دلیـــکی پرر لـــە ســـەودا
زەردەخـــەنەی نازونـــەوا
جوانی لەنجـــە
لەسەر پەنجـــە
تی روانیـــــکی پرر مەبەســـــت
بی‌ئالوزینـــی تاســـــە ، هەســـت
هـــەلی کـــەنی
لە چـــالی نـــی
ئەو شـــوخەی هیوای بە منـــە
بی مـــــن ژیان لای مردنـــــە
ئەوەی چەندەهـــــا سالومانـــگ
بوم لی‌ئەدا بە زولفـــــی تانـــگ

تانگی جـــــوانی
کامــــــــــەرانی
بەسنــــــتە ، سوزی دلداری پاك
هیـــــوا ، ئامانجی تا ژیرخـــــاك
بی پچررینــــــی
دای رزینــــــــی
زەنجــــــیرەی داســـــــتانەکەم
شـــــادیم ، خوشیم ، بکا بەخەم
بــــــیرم راویـــــژم بو مــــــــردن
ئەکـــــــبردەوە هـــــــانا بـــــــردن
تانەم گـــــەزی ئەو بەد فـــــــەررە
ئەو گورگی گوبەنــــــگی شـــــەررە
چون رزگــــــارم بی لە دەســــتی
خوشـــــیم لی نەکا بە پەســــتی
دای چـــــلەکاند
فاقـــــەی شکاند
دەنــــــگی یەکی لـــــــە هـــــاورریان
ووتی هەســـــــتە روونە بـــــــەیان
کە هەســــتام زوو
دلــــــم خوش‌بوو
هاتــــــە جوولە بەدەنـــــی ســــــــر
کــــــە زانیــــــم خەوەو هیچـــــیتر

# هیوا

بەقەلەمی شیخ محمدی خال

هیوا چرای نائومیدی‌یە ، تاریکی بی‌هیوایی لائەبات •

هیوا چلوسک ـمشعل ـ ی ریگایە مەردومی سەر لی‌شیواو ئەهینیتەوە سەر ری‌و ئەی‌گەینیتە قوناغ •

هیوا کلاوروژنەی دل‌و دەرونە خەم‌و خەفەت بە با ئەدات‌و شەن‌و کەوی تیا ئەکا •هیوا پەنجەرەی روناکی‌یە لە هەرشوینیکا کە بو ئەو شوینە روناک ئەکاتەوە ، هیوا زیندەگانی‌یە لەناو هەر دل‌و دەرونیکا کە بو هەزاران ئاواتی تیا سەوز ئەبی‌و دیتە بەر • هیوا وەک گوچانی دەستی شوان گەل‌و مەردومی تەمەلی تەوەزەل ئەبا بەریوە بو سەرچاوەی خوشی‌و کامەرانی • هیوا وەک دادپرسیکی دلسوزی میهرەبان مەردوم‌و گەلی تەمەل‌و ترسنوکی ئیش‌نەکەر ئەخاتە گەرر • هیوا هەمو دەرگایەک لە مەردوم ئەکاتەوە ، هەروەک بی‌هیوا بی هەمو دەرگایەکی لەسەر دائەخات • هیوا هەزاران گەل‌و مەردومی گەمژی نەخویندەواری هیچوپوچی کردووە بە پیاو ، وە بە پلەی شادمانی‌دا سەری‌خستون تا گەیاندونی‌یە سەر لوتکەو چلو پوپەی خوشی ، بی‌هیوایش هەزاران مەردوم‌و گەلی گەورەو بەرزی هیناوەتەوە خوارەوە لە ئاسمانی خوش‌بەختی‌یەوە بو ناو گوری تەنگوتاریک •

هەر کەسیک یا هەر گەلیک کە هیواو ئومیدی بوو وەک ئوتوموبیلیک وایە کە بەنزینی تەواوی پی‌بی ، وە بە پەلە بو پیشی پیشەوە

بڕواو پیشکەوی ، هەر کەسیک یا هەر گەلیکیش کە پەتی هیوای پچرا وەک ئوتوموبیلی بی بەنزین لەکار ئەکەوی •

کەوابو هیوا گەوهەری گیانو مایەی ژیانە بیهیوایش زەهری مارو مردنی ئیجگاری یە •

هەر منالیکی زیتو زرنگ کەروژی چەند جاریک درا بە گویچکەیا کە تو کەودەنو تەمەلی ئیتر نائومیدی روی تیئەکاو پەتی هیوای ئەپچری وە هەمو زیرەکیو وورییایییەکەی ئەمریو وون ئەبی ، بەلام بە پیچەوانەی ئەمە کە هەمو روژیک دات بە گویچکەی منالیکی کەودەنی تەمەلا کە تو زیتو زرنگو ئازاو زیرەکی ، ئەو حەلە ئەو منالە هیواو ئومید پەیدا ئەکات ،وە هەرچیکی تیا بی لە زیرەکیو وورییاییو تیگەیشتن (با کەمیش بی) دەری ئەخات ، وە روژبەروژ پەروەردەو پەروەرشـــــی ئەو توزە تیگەیشتنەی ئەکات تا لە لایەکەوە سەر دەر ئەخاتو خوی ئەنوینی •

هەر کچیکی ناشیرین کە هەمیشە پیت ووت تو زور جوانی ، خوشیو بیرو باوەری ئەچیتە سەر ئەوە ، وە هیواو ئومیدیکی زور بە هیز پەیدا ئەکات کە لە ماوەی ژیانیا وەک چرا ریگای تاریکو شەوی ئوموستەجاری بەد بەختی بو روناک بکاتەوە ، وە ببی بە خوارکو پیبژیوی لە ژیانا • بەلام بە پیچەوانەی ئەمە هەر کچیکی جوان کە ناوو نەتورەت لینا ، وە روژی چەند جار دات بە گویچکەیا کە ناشرینی ئەو دەمە بیرو باوەری خوشی ئەچیتە سەر ئەوە ، وە وا ئەزانی کە زور ناشرینە ، ئنجا ئەو حەلە چرای ئومیدی ئەکوژیتەوە ، وە هیواو هەوەسی لە ژیانا نامینی وە جیهانی

گەورەو روناکی لی تەنگو تاریک ئەبیتەوە تا بەجاری بەسەریا دا ئەتەپی ، وە هەر بە زیندویتی ئەمری‌و زیندەبەچاڵ ئەکری •

خورایی نیە کە خوا لە قورئانا شرینقەی هیواو ئومیـــدو بەرزی‌و گەورەیی ئەدا لە مسلمانان ، وە پی‌یان ئەفەرموی : (کنتم خیر أمة أخرجت للناس ) واتە ئیوە ئەی مسلمانینە چاکترین گەلن کە نیرراون بو ســـەر مەردوم •

هەروابی مەلامەت نیە کە ئەلمانی‌یەکان لە نەشیدو گورانی خویانا ئەلین : ـ ئەلمان لەژوور هەمو گە لیکەوەیە ـ ، وە هەندی گـــەلی‌تر وا ئەزانن کە خویان ـ گەلی هەلبژاردەی خوان ـ ، هەر وا بەم رەنگە لەم جورە قسانە کە چرای هیواو ئومید هەلئەگیرسینن لەناو دل‌و دەرونی کومەلەدا وە پالی پیوەئەنی بو پیشی پیشەوە •

هەر کەسی کە پەتی هیوای پچرا ئیتر ئەوە نیشانەی دوایی‌یەتی ، وە هەر گەلیک کە رشتەی ئومیدی پسا ئیتر نورەی مردنیتی کە بمری‌و ببی بە واتەی روزگار •

---

میللەتیک هیـــوای بەرزی ژیان بی
تینـــوی ئازادی‌و دیلی زەمـــان بی
بەندی‌و هـــەزاری زور لا گران بی
هیزی مەردانەی کـــە هاتە گەردش
وەک ـ ئوتوم ـ زەمین دینیتـــە جونبوش

بەختیار زیوەر

# چون پاریزگاری دەمو دانت ئەکەی ؟

دوكتور أحمد علی عثمان

كولیەی پزیشكی دان ـ بغداد

لەوەتەی دەستم كردوە بەئیش كردن ـ كە ماوەیەكی زورنیە ـ ئەوەی سەرنجی راكیشاوم ئەوەیە ئەو نەخوشانەی هاتونە لام بەزوری هاواریانە لە دەست پوكیان وە ئەلین لەخویەوە پوكمان خوینی لیدی ، وە هەندیكیان ئەلین كە گوایا پوكەكەیان رزیوە • پاش تەماشاكردنیان بوم دەركەوت كە بەشی زوریان فلچەو دەرمانی دانیان بەكارهیناوە بەلام بی گومان ریگای بەكارهینانیان راست نەبوە •

لەم ووتارەدا ئەمەوی بەكورتی ریگایەكی ئاســـــانو هەرزانو سوودبەخش پیشانی خوینەوارانی ـ هیوا ـ بدەم بو پاك كردنەوەو پاریزگاری دەمو دانیان •

لەپیش هەمو شتیكدا ئەمەوی خوینەوارانی خوشەویست باش بزانن كە ـ دانی ـ دانیشتوانی وولاتی ئیمە لە دانی ئەوروپاییەكان باشترە چونكە ئەو خواردەمەنیانەی ئەیخوین رەقەو پیویستی بە جووینی زور هەیە ، كە ئەم جووینە ئەبیتە هوی پاك كردنەوەی دان ، بەلام ئەگەر بیتو پوكەكانمان لەگەل هی ئەوانا بەراورد بكەین ئەبینین ئەوان باشترن چونكە ئەوان ئاگاداری پاكوتەمیزی دەمیان ئەكەن ، وە ئیمە هیـــــچ گوی‌ی نادەینی ، وە زور كەسی وا هەیە دەمودان شتن هیچ بە پیویست نازانی ، كە هیچ نەبی وەكو ئەندامەكانی‌تری ـ قاچ ، دەست ، گویچكە ـ ی

سەیر بکات کە هەر وەکو ئەمانە پیویستیان بەشتن هەیە دەمو دانیـــــش هەروا ، وە ئەم جورە کەسانە کاتی هەست بەوە ئەکەن دانیان هەیە کـــە ئازاریان توش ئەبیت ، ئەوسا بەراکردن ئەچن بو لای دوکتوری دان یان دانساز یا دەلاکی بو دەرهینانی ، بەلام پیش ئەوەی کە مجبور ببین ئەو دانە هەلبکیشین بو کاریکی وا نەکەین پاریزگاری بکەین ؟.. کە زور بە ئاسانی ئەم دان ئیشەو دەم بوگەنی‌یەمان لە کول ئەبیتەوە ئەگەر هاتو بەلای کەمەوە روژی جاریک دەممان پاک بکەینەوە .

بام بینە سەر باس‌کردنی ریگەی پاک‌کردنەوەی دان . بی‌گومان زور لە دانیشتوانی کوردستان لە دەستیان نایە کە فلچە وە دەرمانی دان بکرن ، بو ئەوانە پییان ئەلیم ــ کە لە دوای هەمو نان خواردنیک یاخود بەلای کەمیەوە پیش‌نوستن پەرداخیک ئاوی گەرم بخەنە بەردەستان‌و کەوچکیکی خواردن خوی تیکەن وە بەمە ئاو لە دەمیان رادەن ، بەلام رادانیکی بەهیز لەم‌گوپەوە بو ئەو گوپ وە زو زو ئاوەکە بگورن هەتا پەرداخەکە تەواو ئەکەن وە زور باشە ئەگەر بتوانن دوای هەمو نان خواردنی یان هەرکاتیك کە دەستت کەوت سیو ، گویزەر ، سیوی بن‌ئەرز ، تروزی .. هتد بخون .

بەلام ئەوانەی کە ئەتوانن فلچەو دەرمانی دان بـــکرن ئەبیت بەم چەشنەی خوارەوە بەکاری بهینن . ئەگەر ئەتوانیت دوای هـــــەمو نان‌خواردنیك دەمت پاک بکەرەوە بەلام زورجار ئەمە ریک ناکەویت لەبەر ئەوە ئەلیم کە بەلای کەمیەوە روژی دوو جار دەمتان بشون پیش نوستن‌و پاش نانی بەیانی بەلام ئەگەر هاتو هەریەک جار دەمت شـــت بیخەرە پیش‌نوستن .

نزیکی نیو ئینج دەرمانی دانەکە بخەرە سەر فلچەکە ـ تەر بیت ـ وە فلچەکە بخەرە ناو دەمتەوە نزیکی پینج ملیم لـە خوار دانەکانتەوە بکرینە لەخوارەوە بو سەرەوە وە لە سەرەوە بوخوارەوە وە هەرگیز فلچەکە بە لا بەلایی بەکار مەهینە ، چونکی بەوە پوکەکەت لە دانەکانت دور ئەخەیتەوە ، بەلام ئەگەر وەکو ئەلیم لەسەرەوە بو خوارەوە وە لە خوارەوە بو سەرەوە بەکاری بهینیت پوکەکەت پال پیوە ئەنیت بولای رەگیکی دانەکانتەوە • بەم چەشنە فلچەکە بەکاربهینە هەتا هەمو دیوی دەرەوەی هەمو دانەکانت ئەشویت ئینجا دەست بکە بە دیوی ناوەوە دوایی سەری دانەکانت پاک بکەرەوە لەپاشا باش ئاو لە دەمت رابدە خو ئەگەر هاتو ئاوەکە خوی تیابو ئەوا زور باشترە •

وەکو ووتم ئەبیت فلچەکە بەسەر پوکەکەتا بهینیت ، چونکی ئەو پوکەی کە نەشوریتو نەکرینریت توشی نەخوشـــــی ئەبیت وە وەکو چەوەندەر سوور ئەبیتەوە • بەپیچەوانەی ئەمە ئەو پوکەی کە بکرینریتو بشوریت بەهیز ئەبیت وە توند ئەبیت • پوکی ساغ رەنگەکەی ئالـــەو توندە • پوکی نەخوش رەنگەکەی سورەو شلە وە هەر لە خویەوە خوینی لی‌دیت •

ئەگـــەر هەتا ئیستا پوکت پاک نەکردبیتەوە یەکەم جـــــار لەوانەیە خوینی لی‌بیت بەلام گوی‌ی مەدەری دوای پاک‌کردنەوەی بە سێ ـ چوار جار توند ئەبیتەوە و بەهیز ئەبیت •

ئیستا ـ رەنگ‌بی ـ بلییت کام دەرمان بەکـــــار بهینین کولینوس ،

کولگیت یان ئەوانی تر ؟ لە وەراما ئەلیم کام دەرمان بەدلتە وە تامی خوشەو پیی راهاتویت ئەوە بەکار بهینە چونکی گرنگ فلچـەکە وە ریگەی بەکار هینانەتی ، دەرمانەکە تەنها یاریدەی پاککردنەوە ئەدات زور کەس هەن کە بە تەنها فلچە بەکار ئەهینن هەر جارجار لە ئاو و خوی هەلی ئەکیشن •

لە کوتایی ئەم وتارەدا ئەمەویت کە بلیم هەتا میوە بخویت بەتایبەتی میوەی رەق وەکو سیو وە گویزەر زور باشە بو دانەکانت و بەتایبەتی دوای خواردن • وە هەروەها شیرینی زور خراپە بو دانەکانت • بام ئەو چایەی ئەیخویتەوە شیرین‌بیت بەلام مەیکە بە دوشاو و مەیکە بە پیشەت کە نوقول‌و شیرینی زور بخویت •

زورباش بزانە کە دەمودانی پاک لە نەخوشی ـ ملەخری ـ و ـ قورگ‌نوسانت ـ دوور ئەخاتەوە ، هەروەها سک‌تیکچونت کەم ئەکاتەوە، سەرەرای ئەمانەش هەموی هەمیشە بونی دەمت خوش ئەبی •

---

پیشینیان ووتویانە :ـ

ـ من بو تومە تو بو کیتە ؟
ـ هەمو دەردیک دەرمانی هەیە گەوجی نەبی •
ـ لە لەشی ساغ کەس نانالینی •
ـ ئەگەر کا ، هی خوت نیە کادان هی خوتە •
ـ دەستی کە شکا خراپ ئەگیریتەوە •

# هەندی دەردی کومەلایەتی کە تەگەرەیان

## تەگەرەیان داوە لە پیشکەوتنمان

عبدالقادر قزاز

دەردی کومەلایەتی‌مان ئەوەندە زورە لە نووسیین نایەت وە رزگاربوونمان لەم دەردانە چەند گرانیش بن بە دەست خومانە وە ئەگەر بەتەمای بیگانە بیین بو فریاکەوتن وە رزگارکردنمان ئیشمان گەنگتر وە دەردمان کاری‌تر ئەبی • لەبەر ئەمە وا چاکە بە خومانا رابپەرموویین وە بە کومەل هەول بدەین بو نەهیشتنی ئەم دەردانە لە ناومانا تا بە لەشی ساغوو میشکی ساغوو پووختەوە ری‌ی تەنگوو تاریکو پیچاوپیچی نەزانی ببرین وە خومان بگەیینینە مەیدانی پانوو رووناکی مەدەنیەت • دەردە گرانەکانمان ئەمانەن :

هەولدانی گشتی : داخی گرانم کورد دووژمنی هەولدانی بەکومەلە بو پیک‌هینانی فرمانیک کە چاکەی گەلی تیابی • هەرچەندە لە پیشەوە بە گەرمی دەست ئەدەینە ئیش بەلام زوری پی‌ناچی هیزی خوپەسەندی بە سەرمانا زال ئەبی وە هەر یەکە لە ئیمە بە هەموو هیزیەوە هەول ئەدا بو ئەوەی قسەو بیرو باوەری خوی سەرکەوی ، چونکە لای وایە قسەو بیرو باوەری هەمو کەسانی‌تر بی‌جی‌یە وە هەر خوی باشی بو چووە • ئەوەندەی پی‌ناچی دووبەرەکی ئەکەویتە بەینەوە وە ئەو خوشەویستیو دل‌پاکی‌یەی پیشوویان لە یەکتر ئەگەری بە دووژمنایەتی‌و دل پیسی تا لە

ئەنجاما لە یەک ئەتەکینەوە ، ئنجا هەرکەسە ئەگەر بیەوی ــ بە تەنیا لەسەر ئیشەکە ئەروا وە یا لی‌ی سارد ئەبیتەوە ئەو حەلە ئەکەونە تیرو توانج وە رەخنە گرتن لە یەک ، وە ناحەز بە خوشیان خوش ئەکەن سەررای ئەوە کە ئیشەکەش لە ناوا نامینی • هەر لەبەر ئەمەیە کـــــە زانایەکی بیگانە بە خومان چەن سالیک لەمەوپیش وتوویە « کورد بە تەنیا کەسە ئیشی لە دەست یەت بەلام کە بوون بە دوانو سیان هیچ •• »

خویندنەوەو نوسین: هەر وەک ئەزانن ئمە هیشتا لە پلەی خوارووی سەرکەوتناین بو گەیشتن بە ئامانج • بەشی زوری ئەم دواکەوتنەمان لە رووی تەمەلی‌یەوەیە ئنجا لە رووی نەبوونییو کەم دەستی • گەنجەکانمان هەر کە سەرە داویك فیر ئەبن وا ئەزانن بوون بە ئەرەستو وە بە نیوە چلی دەست لە خویندن هەلئەگرن وە ئەکەونە هەولدان بو دامەزرانن لە وظیفەی پچوکو بی نموودا بە مانگانەیەک کە زور بە زەحمەت بەشی بویمباغی رەنگاو رەنگو بویاغی قوندەرەو رونی سەریان بکا ، بەم چەشنە بە نەفامی‌و نانەواوی تافی گەنجیتی ئەبەنە سەر •

بەشی زوری مأموورە گەنجەکانمان وە ئەوانەش کە کەوتوونە سالەوە ــ یەکیکیان خوم بم ــ لە خویندنی ئیبتیدائی یا متوسطە وە یا سانەوی تی‌پەر نەکردووە بە دەگمەن تیایانا هەلئەکەوی کە برری کردبی بو تەواو کردنی مەکتەبە بەرزەکان •

بیجگە لەمە تاقەتی خویندنەوەشمان نی‌یە ، ئەوروپاییەکان گەنجوو پیر وە ژنوو پیاویان بەشی زوری کاتی ماندو حەسانەوەو هاتوو چویان بە خویندنەوە رائەبویرن • ئەبینیت لە لوقنتەکانا گەلیکیان لە گەرمەی

نان خواردنا کتیبیان کردوتەوەو ئەی خوینەوە • لە ناو اوتوموبیـــلو شەمەنەفەرو فروکەدا خەریکی خویندنەوەن •

زاناکانیان چەن سالیک خواردنو نووستن لە خویان حەرام ئەکەن تا کتیبیک لە بارەی ئیمەوە ئەنووسنەوە وە بە پاکو پووختەکراوی ئەو کتیبە نایابو پرر معلوماتە ئەخەنە بەردەستمان لەگەل ئەمەشا تەنانەت تاقەتی خویندنەوەشیمان نی‌یە وە زور بە چاوی سووکو بی‌ئەهمیەت تەماشای ئەو کتیبەو نووسەرەکەی ئەکەین •

چەن لە خویندنەوەدا تەمەلین لە نووســــــینیشا دە ئەوەندە ، روژئاوایی‌یەکان بە هەزاران تیایانا هەلکەوتووە کە لە تەمەنی ٨٠ سالی بەرەوژوورتر کتیبی چوارپینج بەرگی ئەنووسنەوە • لەم روژانەدا لە روژنامەیەکا دیم کە ( چرچل ) کە ئیمە بە خرەفاوی دائەنیین زور نی‌یە کتیبیکی زلی نووسییوەتەوە بیجگە لە کتیبەکانی تری کە لە بارەی هەر دوو جەنگی گشتی‌یەوە نوسیویەتەوە •

ئیمەش پیاوی وامان تیا هەیە کە میشکیان پررە لە زانستی بەلام تاقەتوو توانای ئەوەیان نی‌یە قەلەم بخەنە سەر کاغەز تا ئەو روژەی ئەمرن وە ئەم هەموو زانستی‌یە جوانوو بە کەلکەیان لەگەل خویان ئەبەنە گلەوە وە ناویان ئەکووژیتەوە •

ناو دەرکردنو خو پیشان دان : لە ناو ئیمەدا گەلی کەسی وا هەیە کە زیاد لە هیزی خویان ئەفرن وە بو خو پیشاندانو ناو دەرکردن واز لە هاوکارو هاوریکانی خویان ئەهینن وە بی ئیستحقاق ئەچنە ناو چینیکی ترەوە کە هیچ پی‌وەندی یەک نی‌یە لە بەینیانا • بەم چەشنە سەر لە خویان

تیکٔ ئەدەن وە رۆژ بە رۆژ ئەدەنە دواوە تا ڕێی ڕاستیان لێ وون ئەبێ وە لە چوڵو بیابانی لە خۆ بایی بوونا گیر ئەخۆن نازانی ئینسان کە لە خۆیا ئاغرو سەنگینو بە حورمـــــەت نەبێ هەزار هەوڵ بدا بۆ خۆ پێش‌خستنیو خۆ شیرین‌کردن بێ‌سوودە وە ناچێتە دڵی خەڵـــکەوە وە ئەگەر بە سەرزاری خۆشیان بوێ وە بیگرنە خۆیان دیارە ئیشیان پێی هەیە ، هەر کە ئیشەکەیان بۆ چووە سەر ڕووی لێ وەرئەگێرن ئەو حەلە ئەبێ بە کوردەکەی لە هەردوو جەژنان بوو ، نە ئەمان ئیتر ڕووی ئەدەنێ وە نە هاوڕیکانی خۆی بە چاوەکەی جاران سەیری ئەکەن •

زۆر جاری وا بووە لە کۆمەڵیکا کەسیکی وامان دیوە کە لە هیـــچ سەریکەوە ناشی خۆی بخاتە ریزی ئەو کۆمەڵەوە ، لە قسەیانا هەڵئەداتی وە لە کردەوەیانا خۆی ئەنوینی ئیمەش بە سەرزارییو لە پاش‌ملە هەزار تفو لەعنەتی لی‌ئەکەین چونکە لە خۆی گوررییوە • ئەم چەشنە کەسانە لە رووی نەفامی‌یەوە وا ئەکەن ئنجا کەسیکٔ ئەوەندە نەفام بێ وە هەست بە چاکەو خراپەی خۆی نەکا ئیتر بۆچی ئیمە دەمی خۆمانیان لەگــەلا شل‌بکەین ، ئەگەر خۆیان هۆشیان هاتەوە بەر وا باشە ئەگینا با هەر بەشیان سوکیو بێ‌حوورمەتی بێ •

# رەخنەو رەخنەگر

أ • ب • هەوری

بە بونەی کردنەوەی دەرگای رەخنەوە •

وا ئەزانم هیچ پیویست بەوە ناکات کە دوورو دریژ بە شانو باهوی سوودو کەلکی رەخنەدا بینە خوارەوەو لاپەرەی روژنامەو گوڤارەکانی پی رەش بکەینەوە بە تایبەتی لەم روژەدا کە ناتەواوی‌ترمان لە گەلای دار زورترە لەسەری بنووسین ، چونکە کاری رەخنە لە پی گەیاندنو پەروەردەکردنو پەرەپیدانو بەرخستنو سەرخستنی ویژەدا لە خور ئاشکراترە • بەلام کام رەخنە ؟••

ئەو رەخنەیەی کە لە بوتەی میشکو بیریکی خویندەواری دانای پی‌گەیشتوی شارەزا بە باسە رەخنە لی‌گیراوەکەدا قال بووبیو بە هوشیکی پوختی وردبینی دلسوز بە ویژەو گەلو نیشتمان بەبی هیچ هاندەریکی لاوە گیرابیتو لە شیوەی نووسینی رەخنەکەیەوە بی لایەنگیریو دلسوزیو خویندەواری تەواو راستی رەخنەکەی دیاربیت ، دیارە ئەو جورە رەخنەیە ئەبیت بە پاسەوانو برای هاوپشت بو ویژەو نووسین هەروەک باخەوانیک وا ئەبیت باخی ویژە بژار ئەکات لە درکو دالی نووسەرانی بی دەسمایەی ویلی بیابانی خوپەسەندیو خو نواندنو دوای ئامانجی تایبەتی خوکەوتن !•• بەلی رەخنەگری راستی لی‌هاتوو هەروەک وەرزیریک وایە خەرمانەکە گیرەوشەنو کەو ئەکاتو ئەیداتە بەر قەلبیری بیرو گیژو تەتەلەی هوش بو ئەوەی سەرکوزەرو کوتەلە

پووچەکەی بگری‌و فڕێی بدات تاوەکو دانەویلەکەی بە جـــوانی دەرکەویت‌و بی‌خاتە بەر چاوی خویندەواران‌و ئەوانیش بەچاوی کریار لی‌ی وردبنەوە •

وەلی ئەگەر هاتوو رەخنە بە هاندانی کینەی شارراوەی ناو گوشەی بیریکی تاریکی تەسکی نەزان سەبارەت بە خوپەسەندی‌و خو دەرخستن بە خولیای ئەم‌و ئەو شکاندن‌و لاوی تازە نووسەر ساردکردنەوە لـــە نوسین بگیری ئەوا نەک هەر سوودی نابیت‌و بەس بەلکو زیانیـــکی زوریشی ئەبیت‌و ئاژاوەیەکی بی‌سەروپی ئەنیتەوەو ئەبیت بە بەستیکی ئەستوری بەهیز لە ریگەی پیشکەوتنی ویژەدا •

لیرەدا رەنگە هەبیت وای بە بیردا بیت کە من مەبەسم ئەوەیە رەخنە نەگیریت ، •• نا ، مەبەسم ئەوە نیە • ئەگەر رەخنە گرتن وەک ئەوە بیت کە لەلای سەرەوە وتمان ئەوا نەک بگیریت بەلکو ئەبیت بگیریت‌و پیویستە بگیریت بەلام ئەگەر وەک جورەکەی تربیت دووربیت لـــەم بەروبوومەی کە تیـــدا ئەلیم لە لایەکەوە ئەبیتە کوتەکی دەســـتی بی‌دەسمایان لە مەیدانی ویژەدا بو بنا گویی تازە نووسەرو لە لایەکی تریشەوە ئەبیت بە هوی خەریك کردنی روژنامەو گوڤارەکان بە رەخنەو رەخنەبازی‌یەوە وە ناتەواویە جگەر بررەکانمان لە بیر دەباتەوەو ئیمەش لە دەریای ویژەی پەشیودا وەک ماسی ژارماسی خواردو خول‌دەخوین‌و راوکەرانی زمانی کوردیش بە لووتە قاچی تانەو سەرزەنشت فڕیمان ئەدەنە تەنکاوی داماوی بی‌زمانی‌وە•

ئنجا لیرەدا بو خوینەوارانی خوشەویست هەیە پرسیاریکی تر بکەن‌و بلین :ـ

ئەی کەواتە چون لەم ئاژاوەی نووسینە رزگارمان ئەبیت کە زوری نەماوە دەروازەی ویژەی زمانی کوردی بە تەواوی لـــــــە گریژەنە دەربچیتو زمانەکەمان شیوەیەکی بیسەروپییی وەربگریت چونکە زور وشەو رستی کوردی هەیە بە پیچەوانەی مانای خویان بەکار دەهینرین لەبەر نەشارەزایی نووسەر لە زمانی کوردیدا ، لە وەلامی ئەمەدا ئەلیم لەبەر ئەوەی نووسینی رەخنەگرەکانیش تا ئیستا لەو جورە هەلانە دوور نیە مەگەر زور بە دەگمەن ، بەلای منەوە وا باشە تاوکو رەخنەگری توانای بە دەسەلاتی خویندەواری دلپاکی دلسوز پەیدا ئەبیت پیویستە ئەرکەکە هەر لەسەر شانی روژنامەگەرو خاوەن گوڤار بیت • ئەوان زور باشو وردو بە دلیکی پاکی تینو بە ویژەو زمان لەو نووسینانە ورد بنەوە کە بویان ئەچیتو هیچ گوی نەدەنە ئەوەی نووسەرەکە گەورەیە یان نا ، دوستیانە یان نا ، هاوبیریانە یان نا ، داکولی [1] بوکەریانە یان نا ، لەپیشەوە چاکترین دوای ئەو چاکتر ئینجا چاك چاپ بکەنو واز لە خراپەکـــــانیان بینن‌و بیـــــانخەنە پشت گوی ، ئەگەر دەلـــــین نووسەران زویر دەبن لیمان • لە وەلامی ئەمەشدا ئەلیم نووسەر کاتیك زویر ئەبیت لە چاپ نەکردنی نووسینیکی یان هەلبەستیکی کـــە ببینیت هینەکەی ئەو چاپ نەکراوە وە یان بە دەستکارییەکی زور بو باری خراپە چاپ کراوە کەچی گوڤارەکە پررە لە جورە وتارو هەلبەستیك کە لە نوسیارو شیوەو مەبەستو دارشتندا لە نوسینەکەی ئەو پەشیوترو چەواشەترو لاوازترن • جا ئەوان کە مەبەستیان خزمەتی گشتیە بوچی

---

(١) داکوکی = پروپاغەندە = دیعایە

ریگەی ئەم زویربونو دل‌گیریە ئەدەن ؟ خو لە خور ئاشکراترە کە ئەرکی روژنامەگەرو خاوەن گوڤار گرنگترینو پیروزترین ئەرکە بو ئاراستەکردنی گەلیك هەر وەك پیویستە لە سەریان ویژە بپاریزن لە نووسینی بی‌سەروپی هەروەها پیویستیشە نەیەلن کەس بە تەرازوی چەرمینی بن‌قیراوی‌یەوە بکەویتە کیشەکیشی کیشانی خەرمانی ویژە بە ناوی رەخنەگرتنەوە چونکە رەخنەی بی جی زیانی پترە لە نووســینی بی‌جی ، نوسینی بی جی لەبەر ئەوەی کەس گوی‌ی لی‌ناگریت زیانی هەر ئەوەیە کە جیگا داگیر ئەکات وەلی رەخنەی بی جی جگە لە جــیگا داگیرکردن دەبیتە گیرەشیوینو زویریو دوبەرەکیەتی دەخاتەوە کــە ئەمەش دەردی کوشندەی ئیمەیە •

---



# زانیوتە ؟

دارو تەختە بو هەموو پی‌ویستیەکی ناومال و خانوو بەرە بەکار ئەهینریت تەنانەت کەشتیو بەلەم و هەموو جورە ئالەتیکی موسیقاشی لی دروست ئەکری ، داری ساج ، جاوی ، چام‌وە معاکــس هەموو جوریکی بە نرخیکی هەرزان لای **« کاك عبدالحسین علی قربلی »** دەست ئەکەوی، ئەم هەلە لە دەس مەدە تا زووە لە بەغداد لەشەقامی ـ شیخ عمر ـ بە تەنیشت دارتاش‌خانەی ئەبو علی‌یەوە بچورە دوکانی ژمارە ( ٥ب° ـ١ـ٨٨ ) لەوی بە ئاواتی خوت ئەکەی •

# هیزی برسیتی

نوسینی : ســـاجد ئاوار

چلەی زستانی سالی – ١٩٥٦م – بو روژیک لەو روژە ساردانەی کە کریوەیەکی زور توندی هەبو ، خەلکی شار بەجاری لە ئیشوکار کەوتبونو زورترینی دوکانەکان داخرانو فرکان فرکان بەکولانەکانا هەر کەسەی بەرەو مالی خوی رای ئەکردو بە جوریـــکی وەها دەمو چاوویان بەستبو و خویان کزولە کردبو هەرئەت ووت روژی جەنگەو لە ئاسمانەوە بومبەباران ئەکرین •

بە پەلەپروزکی خومم گەیاندە مالەوە ، لە ترسی سەرما خومم لە بنەبانی ژورەکەما مەلاس دابو و خومم خەریکی پەراوی خویندنەوە کردبو ، •• لەپاش نیوەرووە ئارەزوی چیشتیکی وەهام ئەکرد کە تینی گەرما بگەیەنیت بە هەمو ئەندامیکی لەشمو هیزی برسیەتیم بشکینی ••! بانگم کرد :–

دایە :– ( بەلی •• کوری شیرینم •• فەرمانت چیە •• ؟ )

:– دایە گیان ، حەز لە چیشتیکی گەرمو گورر ئەکـــــەم بو ئیوارەمـــان •

:– باشە رولەگیان •

ژورەکەم گەرمو خوش بو •• خەمی نانی ئیوارەشم نەمابو ، بە

دلنیایی لیی راکشابوم ، جلەوی بیرم بەردابو بە سەربەستی بروات بەرەو چاوی کال •• بەرەو سروشتی خاکی رەنگینی وولات •• بەرەو ئاسمانیکی پرر تەمی سپی •• بەرەو لوتکەی شاخە لوت بلندەکان •• بەرەو هەمۆ جوانیک لەسەر رووی زەمین •• بەلام چون جوانیک •• ؟ ( جوانی مروڤ لە روالەتا نیە ، بەلکو جوانی هەمو مەردمیك لە ناخی دەرونە ترسنوکو بی‌باوەرە ، گریمان خاوەن برواش بیت برواکەی بی‌دەسەلاتی‌و پەژارەیی بی‌گومان دەرونیکی نەخوشە ، خـــاوەنی ئەو دەرونە ترسنوکو بی‌باوەرە ، گریمان خاوەن برواش بیت برواکەی بی‌هیزو تینە ، کەواتە مروڤیکی دوودلە پیویستی بە چارکردن هەیە زاخاوی ئەو دەرونانە خەیالیکی نەبوو نەکراوە ، کوشکی بەختیاری‌و کامەرانی لەسەر بوشایی دروست ئەکات ، کوشکیکی بی‌بنکەی پتەویش هەمیشە بەشی روخانە •• ئەم جورە مروڤانە هەمیشە ناشیرینن ، ئەگەر چی روالەتیان بەربەرکانی لەگەل مانگی تابانا بکەن ،•• کەواتە ئەم جورە جوانیە شاراوەیە بەبی لکولینەوە و لیی وورد بونەوە دەرناکەویت ) • تینی گەرمایی ناو پەنجەکانم لە خەیالیدام کە دیم ئاگری جگەرەکە خەریکبو بە گوشتی پەنجەکانمەوە بنوسیت • سەیری کاتژمیرەکەم کرد چەند چرکەیەکی مابو بو بانگی شیوان •

هەر ئەوەندەم زانی دەرگای حەوشە خرایە سەرگازی پشت بە توندی کرایەوەو بە پەلە هاتمە هەیوان ، کە دیم دایکم بەدەم پرر لە ترسیەوە ووتی :ـ

:ـ کی •• یە •؟

بی وەرام دوو کەس خویان کرد بەحەوشەدا •• یەکیکیان پیریکی چەماوەی سەرو ریش سپی کە پرچەکانی بە دەوری سەریا پەخشان بوبو، ریشیشی بە دریژایی بستیک هاتبو ، دەمی لەبەر سمیلو ریشی داپوشرابو، چاوەکانی چوبون بەقولا ، ناوچـــــەوانی گرژ هەروەک ئامادەبی بو پەلاماردانیک ، نیشانەی زەبرو زەنگی روژگاری چەرخی ناهەموار ، بە ئەرکی ناخوشی تیا ئەبینراو ئەخویندرایەوە • دەستیکی بە گوچانەوە بو ، دەستەکـــــەی‌تری توربەیەکی پی‌هەلگرتبو ، چوخـــــەیەکی لەبەرابو بی‌کراس ، توزیک لە سەروی ناوکیەوە نەبیت ئەگینا هەمو سنگو گەردنی بە دەرەوە بو ، موی سنگیشی هەر وەکو سەروریشی سپی بو ،رانکەکەشی لەبەر پینەو درراوی رەنگاو رەنگ بوبو ، جوتی کەلاشی شرەی چەشنی قیری لە پی‌یابو ، ئەوی تریشیان گەنجیکی تەمەن لە دوانزە سالان پتر نەبو ، جلەکانی هەر لەو چەشنەبو کە پیرەلە بەریا بو ، بەلام پیلاوەکانی ئەم نوی‌تری ئەنواند ، سنگی پان ، رومەتی سور ، چاوەکانی زەق وەک چاوی گورگ پرر لە مەترسی بو • رووگرژی‌و مونیەکەی ئەم لە هی پیرە ئەهوەن‌تر بو •

دایکم بە تورەیەکەوە تی‌ی خورین :

:ــ چیتان ئەوی •• هەروەکو درندە خوتان بەمالا ئەکەن •• ؟

منال‌کارەکە بە دەنگیک وەک‌نوزەی نەخوشیکی شەکەت ووتی ــ برسیمانە ــ دایکم لە پیشو تورەترو بە رووگرژتر وەرامی دانەوە :

:ــ قرتان تی‌کەوی ، یەکی ، دووان ، دە ، روژ تا ئیوارە سوالکەر هەراسانی کردوین‌و ژیانی لی‌تال کردوین ، ئەبی وا بەبی نەزاکەتی خوتان

بکەن بە مالانا ••؟ کورەکە بی خو تیکدان ، زور بە ساکاری وەرامی دایەوە ووتی :ــ ( پوری برسیمانە ) ، سەری زور بە داماوی بو بەر پی‌ی شور کرد ، وەک بیەویت گوی قولاغ بیت بو قسەیەکی‌تر •

:ــ برسیتانە ! برسیتانە ! برون لە جی‌یەکی‌تر خوتان تیرکەن •• ئای •• وازمان لی‌بینن • بەم وەرامە توندو تیژە توزیکی‌تر هاتنە پیشەوەو پیرە بە دەنگیکی بزرکاویەوە ووتی :

:ــ دایک‌و خوشکم ، دەست مەنی بەرووومانا برسیمانەو هیلاکین •• ( چیشتم لی‌نەناوە نانیشمان لە بازار بو نەهاتوتەوە • )

کورە گەنجەکە ووردە ووردە هاتە پیشەوەو سەیری ئەم‌لاو ئەو لای مالەکەی کرد بە شلەژاویەوە سەرئاگردانی بەدی کردو رووی کردە دایکم‌و دەستی رووەو ئاگردان دریژ کرد ، دایکیشم ئەوەنەی‌تر پەست بوو لە سروشتی جارانی دەرچو •

ــ بوچی ئەوەندە بی ئابروو چلیسن ، ئەوە هەر بەشی خومانە ! پیرە لەولاوە بە نوزەیەکی لی‌قەومایەوە ووتی :ــ ــ خوشکەگیان بەشی ئیمەی هەر تیا ئەبی ــ • دایکم رووی تی‌کردم ، پەستی‌و رق‌و کینەی لە روو ئەباری ، زور بە تورەیی ووتی : ــ بوچی وەک دار چەقیوی‌و نایان‌کەیتە دەرەوە ئەمانە وا ئەزانن خویان خاوەن مالن •• ؟ •

بە بزەیەکەوە وەرامی دایکم دایەوە :ــ « دایەگیان هیزی برسیەتی لە من بە هیزتوە • • »

:ــ هیزی برسیەتی چی ؟ •• هەروەک درندە خویان ئەکەن بەژورا وەک‌نەدی‌وبدی • بو ئەوەی دایکم بهینمەوە سەر دوخ‌و سروشــــــتی جارانی ووتم :

:ـ « دایە برسیەتی هەرگیزاو هەرگیز سەر بو هیچ دانانەوینیو هیرشو پەلامار ئەباتە سەر هەمو جی‌یەک کە توزیك خوراکی تیا دەست کەویت » •

دایکم بەم ووشەیە ئەوەندەی‌تر پەستو زویر بو ، ناوچەوانی‌دا بە یەکاو ووتی :

:ـ « دەی هانە هانەیان بدە تا دەست بە دەمی سەگیشا بکەن •• ! »

ـ هاندانی من بی‌جی‌یە لە چاو هاندانی برسیەتیا •

ئیمە لەم مقومقویەدا بوین منال‌کارەکە بەرەو مەنجەلەکە رویشت ، لەپر هیرشی بردە سەریو هەلی‌دایەوەو بزەگرتی ! دایکم گورج پەلاماریکی دایەو بە تەکان لە مەنجەلەکەی دوورخستەوەو زور بەتورەییەوە قیژاندی •

:ـ توش دایکمی وەك چون دایکی ئەو کورەی دەستی بو من دویژ بە خەندەیەکەوە زور بە دلیکی مهرەبانی پرر بەزەییەوە ووتی :

:ـ توش دایکمی وەك چون دایکی ئەو کورەی دەستی بو من دریژ کرد کەواتە مەیەلە کوری خوت برسی بی •

دایکم هەردوو دەستی دا بەیەکاو ووتی :ـ تو سەیری ئەم بەلایە ناکەیت کە بەم ئیوارەیە دووچارمان بوە ، •• باوکم • بوچی لە مالەکەمان ناچنە دەرەوە ،دە برون روو بکەنە مالیکی‌تر •• پیرە هەلی دایەو ووتی :ـ دایکەکەم •• خوشکەکەم •• برسیمانەو •• دایکم نەیهیشت قسەکەی تەواو بکاتو ووتی :ـ ئەگەر توزی نەزاکەت‌تان بنواندایە بی‌بەشم نەئەکردنو ریزیشم ئەگرتن •• بەلام ••

قسەی دایکمم زووبری‌و ووتم :ـ دایە •• برسیەتی •• هەست‌و هوش‌و بیر لە کەللەی هیچ زاناو دانایەیەکا نایەلی ، برسیەتی هیزیـــکە پال بە فرشتەوە ئەنیت بو تاوان کردن ، برسیەتی کانگای هەمو خراپەیەکە لەسەر روی زەو ی تو چوزانی ئەگەر برسیەتی نەبوایە کە پالی بەمانەوە ناوە ، کە هیشتا زور بە نەزاکەتی‌و پیاوانەوە هـــــاتونەتە ژورەوە ، قسەخوش‌و مرویەکی ساکارو بی‌وەی‌و خانەدان نەبونایە •• ـ هیشتا ئەمە پەنەزاکەتەوە هاتونەتە ژورەوە •• ؟

:ـ بەلی •• ئەی چون ئەبو دەستیان لە قورقوراگەت بنـــــــایەو بیان‌تاساندیتایە چونکی ری‌ی خوراکیانت لی تەنیون ، خوراکیش هوی مان‌و ژیانە •• ئەمانیش هەروەک‌و ئیمە ئینسانن پیویستیان بە نان‌و ئاوو بەرگ‌و مال هەیە ، •• گوناهیان چیە وا دەربەدەرو ئاوارە بن ؟ خەتابارن تاوانکەرن ، داوین پیسن ، سزایان لەسەرە ئەو چیشتەی کە تو کردوتە هەر هی ئیمە نیە بەتایبەتی ، هینی هەمو ئینسانیکی برسیە ) نەختی دایکم هیمن بوەوەو هاتەوە سەرخو ، سەیریکی کردن لە نوکی پی‌یانەوە تا نەوقی سەریان ، لە روالەتیا هەستی بەزەیی بەدی ئەکرا ، تا بە جوریکی وەها هیزی ئەم هەستە پالیکی وەهای پیوەنا کە بەبی چەندوچونی لەناکاو دەستی کرد بە جیگە داخستن بویان‌و گیزەی لە سەماوەر هەلساندو نانی بو دانان ئیروپرر بوون‌و بای بالی خویاندا •

پیرە رەنگیکی تازەی هینایەوە ، هاتەوە هوش‌و کەوتە گفتوگو بە تەرزیکی هیمن‌و دانایی ، چست‌و چالاکی‌و نەژادی لە روالەتیا ئەبینرا •• ووتی :

:ـ ئەبی ببورن لە هەرچی جولانەوەیەکی ناپەسەند کە لە ئیمەوە

رووی‌دا ، چونکی وەک خوتان ئەزانن برسیەتی بی‌هەستی کردبوین‌و سەرەرای هیلاکی کە چەند قوناغیکمان بریوە بەم سەرماو زوقمە ٠٠ ماوەیەک بی‌دەنگ بو سەرنجیکی تایبەتی دایە منال‌کـــارەکەو پاش لی‌ووردبونەوەیەک هەناسەیەکی دریژی هەلکیشاو رووی کردەوە من‌و دایکم زور بە هیمنی‌و لەسەر خو بەدەم نەشئەی یادیکەوە کە لە ناخی دەرونیا هەلئەقولایە سەر زاری‌و ووتی :

:ـ ئەی خیزانی خانەدان منیش خاوەن خیزان‌و مالی خوم بوم ٠٠ سەیری ئەم‌کورە بکەن کە وا ئیستا وا بەم رەش‌و روتی‌یە ئەیبینن ، داخی بە جەرگم ، کە بە چ نازداریەکەوە بەخیوم کردو پیم‌گەیاند ٠٠ بەلام هیشتا ناکامەو ئاتاجی دایکە ٠٠ توزی بیدەنگ بوو هون هون فرمیسکە قەتیس‌ماوەکانی چاوی بە بناری لوتیا هاتنـــــە خواری رژانە ناو موە چەرمگەکانی سەر گونای ، ٠٠ بەلام دایکی پیش بەسەرهاتی ئیمە کوچی دووایی کرد ٠٠ خوا لی‌ی خوش بی : ژنیکی داناو بیرتیژ بو ـ دوور بی لە رووت خوشکیە ـ هەزار کەم‌و کوری منی ئەپوشی‌و بە ریگەیەکی وەها چەوتی‌یەکانمی ئەخستە پیش چاووم زور دوور ئەکەوتەوە لە ئاشوب‌و ئاژاوەو ناکوکی ، مالەکەمان پرر لە ئاشتی‌و هیمنی‌و کامەرانی بو ، بە راستی ژنیکی داناو زیرەک بو بە دوو ووشەی بەجی هەرچی رق‌و کینەو تورەیی لە کەللەی هەر مروڤیک‌دا بوایە ئەی هینایەوە ســـــەر سروشتی جارانی‌و هیمنی ئەکردەوە ٠ زور ژنیکی دووربین‌بو ـ جیگەت بەهەشت بی ئافتاو ـ کەمیک بی‌دەنگ بوو ، چاوەکانی نابو بەیەکاو یادی رابوردوی وەک فیلمی سینەما ئەهینایە بەرچاوی‌و بومانی ئەگیرایەوە ٠

:ـ له کارەساتی پرر ئیش‌و ئازارو ناسوری رزگاری بو ، بەلام بە کوچی برینیکی تازەی کردە جگەرمان ، کارەساتی ئیمەش دەربەدەری ژیر چەپوک‌و ستەمکاری دەرەبەگە ئەگەر نازانن •• ! قسەی پیرەم لیرەدا بری‌و زور بە دل خاموشیەکەوە ووتم :ـ مامەگیان هەست بە ئیش‌و دەردی ناسوریت ئەکەم ، بنەوانی شارەزام •• بەلام ••! پیویستی بە هیزیکی هەرەگەورە هەیە رەگ‌و ریشەی زور داری بە جاریک هەل بکیشریت تا هەرگیز بنج دانەکوتیتەوە •

ئنجا دایکم هەلی‌دایەو ووتی :ـ خالە نابی ئیوە بەم چلەی زستانە مشوری خوتان بخون ؟•• بە خەندەیەکی پرر خەمخواریەوە وەرامی دایەوەو ووتی

:ـ خوشکی دلسوز ، لانەروخاو هەرگیز کول نادات‌و ئارام ناگری تا لانەیەکی‌تر دروست نەکاتەوە •

دەستی دایە گوچان‌و توربەکەی ، مال‌ئاوایان کردو رویشتن • بەم جورە هیزی برسیەتی بوماوە یەکی کەم بە دوو تیکە نان شکستی هات‌و ئاسودە بو •

# لای‌لایه‌ی دایکی نیشتمانه

ـ کریـــکار ـ

لای‌لایه کوربه‌ی شـــیرین‌و جوانـــم
به‌خیوت ئه‌کـــــه‌م به‌ره‌نجـــی شانم
به‌لام نه‌ک به ناز خو په‌رســـــتانه
دوش دا بمینیت روژی ته‌نـــگانه
بروخــــــی هیواو ده‌مــــــارو تینت
بفروشــــــی گه‌ل‌و ئایـــــــین‌و دینت
لاپه‌ره‌ی میژوی کوردو کوردســــــتان
بتـــــکاته په‌ندی نه‌ته‌وه‌ی جیهـــــان
هـــــه‌ی لایه‌لایه رولــــــه لای‌لایه
دوا روژی رونـــــی کوردم هیوایه
بویه ده‌ست‌و پیت به ده‌سرازه‌ی به‌ن
ئه‌به‌ســــــتم وینـــه‌ی که‌له‌پچه‌و پیوه‌ن
تا که گه‌وره بوی گلینه‌ی چـــــــاوم
ئارامی دلـــــه‌ی پر له زوخــــــاوم
بو ســـــــه‌ربه‌خویی ئه‌م نیشـــتمانه
ســـــل نه‌که‌یتــــــه‌وه له به‌ندیخانه
لایه‌ت بو ئه‌کــــــه‌م به ئاموژگـــــاری
بو لـــــه خو بوردن بو کورده‌واری

روله ریـــگاکەی کاوەی باپـــیرت
هەرگیـــزاو هەرگیز نەچـــی لەبیرت
شاریـــــگەی بەرزیو قارەمانیتــــــە
سەرچاوەی خوشــــیو کامەرانیتـــە
لەویوە روژی راستەقینەی گـــــەل
تیشکی زیرینی هەلدیت لە دەم کەل
هــــــەی لایەلایە گیـــــانە لای‌لایە
چەکی ســــەرکەوتن هـــەولو بروایە
با ، لە پینـــاوی گەلو نیشـــتمان
ببرن بە سەرتا بریاری نەمـــــــان
ئەوســـاکە میژوی بە خوین نوسراوت
هی ، کوردی ئازاو نەبەز ناسراوت
زور بە شـــانازی ناوی پـــیروزت
ئەنوســــــیتەوە بو رولەی هوزت
دەلایـــــە لایە تاقـــانەی دایـــە
خوزگـــــە رەنجەروت نەکردمـــــایە

# برایم پاشای بابانە
# بنیاتنەری شاری سلیمانی

نوسینی : ج بابان

( برایم پاشا ئەگەر لە اسکندر کە شاری ئەسکندریەی دروست کرد وە لە جعفری منصور کە بنیاتی شاری بەغدای نا زیاتر نەبی کەمتر نیە ـ نجم الدین ملا ) •

برایم پاشا کوری أحمد پاشای بابانە ، دوای محمود پاشای مامی واتا لە سالی ۱۱۹۷ی کوچی‌دا میرنشینی وولاتی (بەبە-بابان)ی گرتە ژیر دەس • لە سالی ـ ۱۱۹۹ ـ کوچی ـ ۱۷۸٤ ـ زاینی‌دا بنیاتی شاری سلیمانی دانا لەشوینی ئیستای • برایم پاشا هەر لە منالیەوە لە بەغدا لە شارستانیەتی‌و ژیانیکی بەرزترا ئەژیا بویە کە هاتە سەر حوکم نەیتوانی لە شاریکی پاش‌کەوتوی وەکو قەلاچوالاندا بژی (۱) ، هات سلیمانی دروست کرد لە دەوروپشتی ئەو ـ قەلایەی محمود پاشای

(۱) ئەمە تەنها هویەکە لە گەلی لـــــــە هویەکانی بەجی‌هیشتنی قەلاچوالان‌و دروست‌کردنی شاری سلیمانی کە دورو دریژ لی‌ی دواوم لە باسە چاپ نەکراوەکەم‌دا ـ میژووی شاری سلیمانی ـ •

مامی دروستی کردبو له شوینی دەبو کونەکه ـ وە قەلاکەی کرد به شوینی سەرباز ـ قشلەی عەسکەری ـ و بەم لاتریشەوە سەرای دروست کرد (٢) • بەشی حەرەمو دەستو پیوەندیشی هەر به تەنشت سەراکەوە دروست کرد •

برایم پاشا به دروست کردنی شاری سلیمانی جیماویکی به نرخی بو میللەتی کورد بەجی هیشت ، جگه لەوە خوشی گەلیك ماندو کرد بو پیشکەوتنی وولاتەکەی له رووی ـ تەعمیر ـ و بلاو کردنەوەی ئاسایش‌و شەکاندنەوەی ئالای هەق بەناو خەلکیدا ، هەر له کاتی فەرمانداری ئەوا بو سنوری ژیر دەستەی بابان گەیشته خانەقین‌و قەسری شیرین وە زەهاو •• میللەت له کـــاتی حوکمرانی ئەوا به تەواوەتی کەوتنـــه ئاسودەییەوە له هەر چوار لاوە وولات فراوان بو ، کشـــتوکال‌و بازرگانی پەرەی سەند ، هەراو هوریا نەما •

والی بەغدا گەلی جار هوی ئەکەوته برایم پاشا که کاریکی گرنگ رووی بدایه ، به جوریك بەو نەبوایه ئیشی بو هەل نەئەســـورا • یا ئاگری شورشیك بکەوتایەوە بەو نەبوایه نه ئەکوژایەوە ئەوە بو له سالی ١٢٠٠ کوچی‌دا بەسەرلەشکریەتی هیزی بەغداو لەسەر تکای والی ، برایم پاشا هەستا چو بو عەرەبستانی عیراق لەوی حاجی سلیمانی بەگی شاوی که هەلسابو شکاندی ، بو سالی ئاینده که دیسانەوە حاجی سلیمان بگ هەلسایەوە ، ئەم جاره عوسمان پاشای برای چو بو شکاندنی خوی‌و

---

(٢) هەر له شوینی سەرای ئیستا که له سالی ١٩٢٧ دا سەرلەنوی تازه کرایەوە •

لەشکرەکەی • دیسان شیخ ـ ئوینی ـ شیخی منتفک کە هەلسا ، برایم پاشاو عوسمان پاشا چون شورشەکەیان کوژانەوە • هەروەها کـــــە یەزیدیەکانی ناوچەی سنجار هەلسان برایم پاشا لەسەر تکای والی بەغدا چو بلاوەی پی‌کردن • کەچی والی بەغدا لەگەل ئەمانەشا هەموی چەند جاریک برایم پاشای لە پاشایەتی خست بو ئەوەی کە ئاســـــودەیی‌و ـ استقرار ـ پەیدا نەبی لە وولاتی بابانا وە بو ئەوەی خویان زیاتر لوت بژەننە کاروباری کوردستانەوەو دەست دریژی تیا بکەن ، بابانەکانیش تاپی‌یان بکرایە ری‌یان نەئەدان ، ئەوەبو کە برایم پاشا بو دوا جار کە شوینی خوی گرتەوە تەواو جی‌ی قایم کردو دەستی کرد بە ئیش کردن لە شارەکەداو ناردی لە هەمو لایەکەوە زانای بەناوبانگی هینا ، لە سلیمانی کوی‌کردنەوە ـ مدرسە ـ و مزگەوتی بو دروست کردن‌و (۳) دەستی هینا بە وولاتا ، ئیتر مایەوە تا لە گەرانەوەیا لە کوژاندنەوەی شورشـــــی یەزیدیەکان لە ری‌نەخوش کـــــەوتو فەرمانی یەزدانی بەجی‌هینــــا ، تەرمەکەیان هینــــایە موصل لەوی لـــــە تەنشت گوری ـ نبـــی یونس ـ شــــاردیانەوە ـ ۱۲۱۷ ـ کوچی •

لام‌وایە مەلا نجم الـــــدین زور جوانی فەرموە کـــــە ئەلی : « برایم پاشـــــا » ئەگەر لە اسکندر مەزن‌تر نەبی

---

(۳) مزگەوتی گەورە کە ئیستا گوری ئەورحمـــــان پاشای بابان‌و حاجی کاک أحمـــــدی شیخی تیایە ، هەر ئەم دروستی کرد •

کـــه شاری ئەسکەندریەی دروســـتکردو لــــه جعفری منصور زیاتر نەبی کـــه بەغدای دروســـت کرد ، لەوان کەمتر نیە •

لــــه نەوەی ئەم میرە ئیســـتا لە بەغـــدا ـ جلال بابانو براو برازاکانی ـ و ـ بابانەکـــانی کفری ـ محمدو محمودو عبدالقادر بابان ـ •

لە سلیمانیش ـ سعید بگی أحمد بگ کە ســـعید بگی گومرگی پیئەلینو عبدالرحمن بـــگی نفوسو کورو وەچەیان ـ هـــەن •

---

لەبیرم دی سلیمانی کە دار الملـــــکی ـ بابان ـ بو
نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکیشی ـئالیعثمانـ بو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شیخو مەلاو زاهید
مەطافی کەعبە بو ئەربابی حاجەت ـگردی سەیوانـ بو
لەبەر طابوری عەسکەر ری نەبو بو مەجلیســـی پاشا
سەدای موزیقەو نەقــــارە تا ـ ئەیوانی کەیوان ـ بو
دریغ بو ئـــــەو زەمانە ئەو دەمە ئـــــەو روژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی ـ کانی ئاسکان ـ بو

شیخ رەضای تالەبانی
خوالیخوش‌بوو

# کویستانەکانمان

شەقلاوە :ـ هوشەنگ

کویســــــتانو هاوینە هـــــەوار ،
هەوارگـــــەی فینکوو ، ئاودار ،
شوینـــــگەی پرپیتوو ، دارو بار ،
چـــــاوەندازی دلــگیرو جوان ،
بی ژمـــــارەن لە کوردســـــتان ،
ئەوەی لە باریا بوو ســـــــروشت ،
بو جوانی کوردستان دای رشـــــت
بەلام : ئەوی جیـــــگەی خەمە
دەس پیاهینانیـــــان تیـــا کەمە .

★ ★ ★

بەری داری ، ســـــەوزەو میوە ،
گژوو گیای ، کەتیـــــا خەملیوە ،
لەچاکیـــــا کەس نەی دیـــــوە ،
دانەویـــــلەی هەمـــــە جوری ،
نـــــاونووس ناکرین لەبەر زوری ،
بو بــــــازاری ، بازرگـــــانی ،
جیهـــــان ئەخـــەنە هـــــەرزانی ،

بو کورد ، ئەوەی جیـــــگەی خەمە
ئەکـــــرینو فروختی کەمـــــە •

★ ★ ★

زیر ، زیپو ، نەوتوو ، خەلووزی بەرد
قورقوشموو ، مس ، گوگردو ، زەرد
تا ، تەنانەت ( هەوینـــــی[1] گەرد )
توتیا ، کل ، ئاسن ، قیری[2] گل ،
چیمەنتو و گەچ ، چیوچیو قـــل
لە هـــــەر شوینیکی کوردســـــتان ،
تا بـــــلری ، زورنوو بی پایان ،
ئەفسووس : ئەوەی جیـــگەی خەمە
کارگەو کارگەریان لی کـــــەمە •

★ ★ ★

جوری وورستوو[3] چارەوی[4] ،
لەچـــــاکترین کامـــــەت ئەوی ،
زورەو چـــــاویری پی ئەوی ،•

---

(١) هەوینی گەرد = مەبەس موادی خاوی زررەیە •
(٢) گلەقیرینی کە ئەسوتی لەناوچە شاخاویەکانی حریرو شوینانی ترایە
(٣) وورست = حیوانی وورده
(٤) چارەوی = رەشە وولاخی بەرزە •

چەشـــــنەکانی شـــــــیرەمەنی ،
پیتی (٥) ئاژەلـــــوو تیپـــــەنی ،
گشـــــت سەرمایەن لەکوردســـــتان :
نیشـــــتمانی جوانـــــی کوردان •
بیسووده : تەنیا جیی خـــــەمە
گەلی کورد لیی ، کەمتـــــەرخەمە

★ ★ ★

بو ســـــنووری دیاری کـــــراو ،
بو زمـــــانی ، ویژە و بـــــلاو ،
بو میـــــژوی رووناکتر لەئـــــاو ،
ئەو زمـــــانوو میژوەی کـــــەوا :
بەزەبری گیتـــــی نە ، نـــــەوا ،
گـــــەر سەرنج بدری بە ، ســـــانا
ئەبینـــــرین لەکورد ســـــتانا
بەلام : ئەوەی جیـــــگەی خەمـــــە
کورد ؟ خوناسینی زورکـــــەمە •

★ ★ ★

چـــــاو نەترســـــی ، و ئازایەتی ،
رەووشـــــتی بەرز مەردایەتی ،
جووتن لەگـــــەل کـــــوردایەتی ،

---

(٥) پیتی ئاژەل = ئاژەل مەروبزنو مەبەس لە منتوجاتی حیوانیە •

# بیتهـــــوڤن

کمال غفوری



بیتهوڤن هونەر مەندیکی المانی بەرزە لە سالی ١٧٧٠ ز لە شاری بون لەدایك بوە • ژیانی خوی بە دوو شتەوە خەریك کردوە •

یەکەمیان هونەر وە دو هەمیان پاراستنی مروڤایەتیو سەرکەوتنی • ئەم هونەر مەندە نەبەزە ٥٧ ســـــالی کرد ، لە ژیانیکی نزمدا ژیا • وە لە سالی ١٨٢٧ لە ٢٦ مانکی نەوروز کوچی دوایی کرد ، لەئاسمانی هونەر ئەستیرەیەکی گەشـــی بریقەدار کشاو ون بو ، بەلی خویمرد بەلام بیرو باوەرو هونەرەکەی هەر ماوە ئادمیزاد سودی لی وەر ئەگری • لەم چەرخەدا گشت هونەر مەندەکان تا رادەییك لەسەر پەیرەوی ئەم پیاوە مەزنە ئەرون •

بیتهوڤن لە کونجە خانویك دا ئەژیا کە هەرکیز لە شـــــوینی ئادەمیزادی نە ئەکرد • روژیك یەکی لەهاوریکانی ئەچی بولای سەیری جیگاکەی کردو پیی ووت بیتهوڤن ئەم خانوە چیە تیای هەر لە پەچەی حەیوان ئەچی ، هاوریکەی تری ووتی نەخیر ئەمە نەخانووە وەنە شوینی حیوانە •

بیتهوڤن زیرەکو دلتەو بوو زور حەزی لەگالتە ئەکرد ،روژی ئەچی بو مالی هاووریەکی لەدیوەخانا دائەنیشیت ئاوینەیەکی لە تەنشتەوە ئەبی لەو کاتەدا بیتهوڤن ویستی تف فری بدات ، تفەکەی بە ئاوینەکە دا کرد هاوریکەی ووتی برام ئەمە بوچ ئەم کارە ناشیرینەت کرد ؟ بیتهوڤن ووتی بەخوا من ـ نەینوکم (١) ـ نەدیوە هەر وام زانی پەنجەرەیە • بیتهوڤن لە منالیا لاویکی جوان بوو زور حەزی لە رابواردنی گەرووکچـــان ئەکرد بەلام پاش ئەوەی کـــە توشی نەخوشی ـ خروکە ـ هـــات دەموچاوی تیك چو وەناشـــیرین بوو ئەم نەخوشیە کـــاری کردە سەرچاوەکانی وە بی هیزی کردن وە گویچکەکانی گران بوون ، لەبەر ئەم بەسەر هاتانە هەستی بەناتەواوی خوی ئەکرد وە وازی لـــــە کیژوکالان هینا وە زور جار ویستی خوی بکوژی بەلام هاوریکانی ریان نەئەدا ، هەلسان پیانویەکیـــان بوکری بوئەوەی دلی خوی پی دابمرکینی • پاش کرینی پیانوکە هەردەم لەگەل هاوریکانی باســی پیانووئاوازی خوشو هونەری ئەکرد ، وەئاموژگاری هاوریکانی ئەکرد لەدەربارەی چونیەتی لیـــدانی پیانووە ـ وەئەیووت لەکاتی پیـــانو لیدانا ئەبی لە پیـــانویەکە خوتان دوورخـــەنەوە کەدەنگی پیانووکە بزرنگیتـــەوە وپیشی نەگـــیریت بلیمەتی بیتهوڤن پاش ماوەیەك دەنگی دایەوە لە لیدانی پیانوو رازانەوەی ئاوازەکـــانا گەیشتەربزەی ئاواز بیژە بەرزەکان بگرە زیاتریش • کە پیانوی لی ئەدا هیچ کەس رەخنەی لی نەئەگرت بەلام سەیر ئەوەبو خوی رەخنـــەی

(١) نەینوك مانای ئاوینەیە •

لەخوی ئەگرت • لەهونەرمەندیدا تا رادە یەك خوی زور ماندوئەکرد تەنانەت بە ریگاوە کاغەزوو خامەی دەرئەهیناو ئاوازیریک ئەخست بەلام نابی لەبیرمان بچی کەدانیشتوانی شارەکەی بەشی زوری گالتەیان پیئەکرد بەلام بیتهوڤن گوی نەئەدانی ! بەم چەشنە بی کولدان هەولیدا تاتوانی چەندئاوازیك ریکبخات کەلەبازاری ئاواز بیژەکانا بەشانازیەوە ناوبانگیبروات • لەسالی ــ ١٨٠٠ ــ بەهەستو بیری تیژی توانی کە ــ سیمفونیەی ــ یەکەم تەواو بکات کە بە بەرزترین ئاواز ئەژمیرری وەتائیستاش هونەر مەندانی ئەلمانیا شانازی پیوەئەکەن وە لە سالی (١٨٢٤)دا بە بیری دووروو بەرزی توانی سیمفونیەی نوهەم دەر بچوینی ئەم سیمفونیەی کەبازاری ئاوازبیژانی هەژاندوو روونی کردەوە وە گشت هونەر مەندەکان واقیان لیوورمابو ئاوازەکانی بیتهوڤن هەناسەی هەل ئەکیشاو ئەرویشت وای لەگوی گرەکان ئەکرد وەك ئاوازەکە هەناسە بکیشنو خەیالیان بروات وە ئاوازەکانی گەیشتبونە بەرزترین پلەی بەرزی ، پیاوی لەخەوی مەغناتیس رائەپەراند وەئەمئاوازانە لەهاژەیئاوو شەمالی بەهارو هاوینی ئەکرد وەك لەدلی پیاویکی نەبەزەوە دەربچیبوناو دارستانیك کە ئادەمیزاد گیانی لای خوی نەئەما •

بیتهوڤن سەرەرای هونەرمەندی ووتمان خوی بەپاراستنی مروڤایەتیو سەرکەوتنی مروڤ خەریك ئەکرد وئەی ووت ئادەمیزاد لەتوانایا هەیە بگا بەهەمو ئاواتیکی دورو نزیکی ئەگەر لەرییەکی راستەوە بوی بچیو لە خەبات کولنەدات • زور جار ئەیووت ئاشتیو دیمکراسیو سەربەخوی ئەو پەر یئاواتمە •

ئەم پیاوە زور ریزی هەژارانی ئەگرت وە یاریدەی ئەدان سەرەرای هەژاری خوی زور جار ئاوازی هەژاری بو لی ئەدان وە هانی ئەدان بو یەک گرتن و زال بون بەسەر زوردارانا وە هیرشی ئەبردە سەر کاربەدەستانی نەمساو دەولەمەندە خوین مژەکانی ئەوەی ترس بی لەدلی ئەم هونەرمەندەدا نەبوو • خوی پیاویکی دلسوکو خوشەویست بو لای گەلەکەی وە هەستی نیشتمان پەروەری زور بەرز بوو لەم روەوە ئەی ووت « کەسیک بو نیشتمانی خوی خەبات نەکات ناپەسندو نالەبارە وەلەم نیشتمانەنیە » • هەستی نیشتمانیەتیو مروڤایەتی بەخوین دائەنا ئەی ووت :ـ « لە دلەوە دەر ئەچی ئەبی لەپیشەوە دەورویشتی دل بەخوین ئاووبدات ئەوجا بو پارچەکانی کەی لەش هەول بدات » • خوی دلی بە نیشتمان داناوە وەپارچەکانی کەی لەشی بە گەلانی تر داناوە •



هەلپەرکێی کوردی

# تیشکی چرایەک

**کامەران**

کچی نەشمیلەی شوخ‌و شەنگ     بەرگیان پوشی ، هی رەنگاو رەنگ
ئارایشـــت لەسەر تەختی روو     لە ناو جوانی شەرمەزار بوو
گەردانەی زیر ئالا لە مـــل     پشـــتین گوشی کەمەری شـل
شەرم ، ئەرژا لە ورشەی چاو     بریسکە ، لە ئەگریجەی خاو
ورشە ، لە کەوای سورمەچن     پرشنگ ، لە کولم‌و لە گەردن
بونی ریحانە ، لە پەرچـــەم     بونی گولەعەتریش لـــە دەم
دەس ، کە چەند جوان‌و خرپنـــە     نەخشـــانبویان بە خـــەنە
خەرمانەی دەوری کولمی سوور     لە تەمی تارادا وەک نوور
بووک گەیشتە ژووری تەلار     دەورەیاندا کچـــــی نازدار
جوانترین شتی جوان ، دەگمەن     لـــە ژوریکا ئاوینـــەبەن
جوان ، ریکیان خستبو بو بووک     بووکی وردیلەی ئیسک سووک
پوپە شمینو ، پەردەو ، گولدان     فەرشی رەنگاورەنگی کاشـــان
نەخشیکیان کیشابو ،•• ئیجگار     جوان بو وەکو باخی بەهار
دلی زاواش پـــیری تەرپوش     هەر چاک بو ، نە ئەبو بی‌هوش
زاوا پوشیبوی جـــلی جوان     سەری تاشـــی بو بە گویزان
لە پیوە تا مشکی‌و کـــلاو     هەمو تازەو ورد ریـــکخراو
چاکەتەکەی وەکو جـــاران     نەیبو پینەی ســــەرملبوان

کچیکی هەبو ، جوان ، شیرین     خوین گەرمو شوخو نازەنین
بەلام دایکی ئەبو •• دە سال     جی ی هیشتبو ژیانی مال
لەژیر سایەی ئەرخەوانا     راکشابو لە سەیوانا
باوکی ،•• ئەم بووکەی کە هینا     چوارەمینی بو ، لە ژنا
شەو ، هاتو ، بی‌دەنگی بە سام     کشایە ناو کووچەو شەقام
مانگ ئەینواریە پشت (پەردە)     ـ رووی ـ ئەو نەشمیلە بی گەردەـ
ئەینواریە بووکی وەک گول     ـ پیری ژین روشتوی بەرەو گل ـ
ئەینواریە بەفرو ئاگر     ـ کچ پشکو بوو ، پیرەش بەفر ـ
هەر پارە بو ، هوی ئەم کەتنەش     ( سامان بووکی گرتە باوەش )

★ ★ ★

لەم بەرەوە ، ژوریکی تەنگ     وەکو شەو خەمگینو بی‌دەنگ
کچەکەی حاجی ( بەسزمان )     سەرنجی ئەدا ، لە ئاسمان
دوای هەناسەیەک بی‌دەنگ بوون     ئەسرین زایە ناو چاوی روون
چاوی لیل بو ••، برژانگی ورد ،     پەنایان بو یەکتر ئەبرد
دایمالی کراسی سوور ، کال     نواریە کولمی خررو ئال
دوو دلوپی لیل لە ئەسرین     لەسەر گونای سوور ئەلەرزین
کە نواریە سەرسنگی رووت     دلی خوشی بوی ئەبزووت
سەیری پووزی ئەکرد ، ناسک     شووشە بو ، مەچەکو باسک
کە کەمەری شلی گوشی     پەنجەی نزیک پەنجەی گەیی
هاوارە ، خوای شعری بە جوش     هەر ئەمجارە شعریکی خوش
ببەخشە بە شەیداکەی خوت     تا ماوم کورنوش ئەبەم بوت

سوتام ، ســـــادەی فریامکەوە      ئەم شعرەم بررا زینـــەوە •
کچـــــی بەسزمانی خەمگین      ئەیرشتە چنگیوە ئەســـــرین
وەکو هــــــەلی‌گری بو یاد      ( بو روژیک کچ ئەبن ئازاد )
گلوپی کوژانەوەو •••، تیشک      دەرکەوت ، لە کولمی بە پریشک
دایگیرســان ( چرایەکی کز )      نواریــــــە سروشتی پایــز
دوای هەناسەیەک بی‌دەنـــگی      دیسانەوە ، بالای شەنـــگی
وەک شورەبی کەوتە لەرزین      چەپکی ئەگریجەی ئاگـــــرین
بەسەر ســـنگی نەرمیـــا رژا      بە کول دیســـــــانەوە گریا
ســــنگ قژی ئەگرتە باوەش      وەک بگری بو دلی بی‌بەش
بو ژینیـــــک لەگەل باوەژن      کە هەر خەمەو سزا چەشتن
خوازبینـــــی ئەوەندە کــــرا      تا هیچ کەس هیوای پی‌ی نەما
باوکی زاوایەکی ئەویســـــت      زیری بو بهینی بە مســــت
حاجیەک بی ،وەک خوی دەس‌بر      هەر پارەبوو ، لەلای ئەوکور
تا ئاوا دلی کچەی کوشــــت      شەوو روژ فرمیسکی ئەرشـت
میرزا خوشی ژن لەسەر ژن      ئەیهینـــــاو توشــــــی ئەکردن
حاجی‌ی بە ( درو ) لە خوا ترس      کچەکەی لە ژین کرد وەرس

★ ★ ★

کچی جوانی نەشمیلەو شەنگ      لەپر هاتە گوی‌ی ترپەو دەنگ
کە نواریە بەر پەنجــــــــەرە      سەیری کرد کورە نوکـــــەرە
بیری خەفەتو ژیرکـــــــەوتن      خولیای ( چەشنیک ) تولە سەندن

وروژمیکیان برده سەر گیان ‌‌ ‌ یەکسەر لای تاریکبو ، ژیان
بانگی کرد ، وەرە ، وەرە لام ‌ ‌ من لەگەل تومە ئەی نەفام
حەپەسا ، نوکەری هەژار ‌ ‌ بو بانگی کرد کچی نازدار !!
چوە لای دیی کچی کەژال ‌ ‌ نیوەی سنگی ، سەرشانی ، بال
رووتن ، کافووربکن سپی ‌ ‌ تیکەل بەردنگی پەمەیی
کور هەردو چاوی دانەوان ‌ ‌ ووتی فەرمو خانم ( فرمان )
دوای ری پاك کردنەوە ورد ‌ ‌ خانم دەسی بو دەسی برد
نایە سەر سنگی ناسکی ‌ ‌ کورەی هەژار داچلەکی
دەسی دوور خستەوە لە سنگ ‌ ‌ بەلام کچەکە وەك پلنگ
پەلاماری داو توند گوشی ‌ ‌ وەکو شیت گرتی‌یە باوەشی
ئەو شەوە تا مەلا بانگدان ‌ ‌ مایەوە لەگەل کچی جوان
کە بەیانی هەستان لەخەو ‌ ‌ کچە بەکول گریا بو ( شەو )
هاتە بەر چاوی کە چون ژین ‌ ‌ یەکسەر لی‌ی بو بە گریەو شین
چون تەختی سەربەرزیی ژیان ‌ ‌ کەوتە ناو **گیژاوی نەمان**
قیژانی : چی ئەکەی لەلام ؟! ‌ ‌ ئەی سپلەی نمەك بە حەرام ؟
پەلاماری دایە چەقو ‌ ‌ نەراندی داوین پیس مەرو
بەلام کورەکە بوی دەرچو ‌ ‌ کچەش خوینی زیاتر هەلچو
لەسەر پیلکانەکە چەقوی ‌ ‌ دا ، لە سنگی ناسکی خوی
مرد کچیکی وەکو پەری ‌ ‌ ئاواتو خەمی هەلوەری
باوکی لە پەردە هاتە دەر ‌ ‌ وتی چی بکەین لەگەل قەدەر

چی بکەین روژی بروایەوە ••

# مەرەزە

سلیمانی : بیستون عثمان
وەرگیراوە

یاماتو ، پیریکی چاک ، خاوەن بیرو باوەریکی راست بو ، لەگەل ئەوەشا سامانیکی باشی پیکەوەنابو ، خانوەکەی لە شوینیکی بەرز لەسەر ئەوگردە جوانەی بەسەر دەریای بیسنورا ئەیروانی ، خانوەکانیتر ، کەوتبونە خواروی گردەکەوە ، مەرەزەی چەلتوکی ـیاماتوـ هەر چوار لای گرتبو ، کاتی دروینە بو ، چەلتوک خەرمانە کرابو ، ئەو ئیوارەیە هەرچی لەو دییەوا بو ، دلخوش لە بەزمو زەماوندا بون ، کردبویان بە چراخان ، پارچەی رەنگاو رەنگ هەلدرابو ، سەماو هەلپـــەرکی روژ بەرەو کەل لە ئاوا بونا بو ، یاماتو ، لەگەل کورەزاکـــەیا لە دەرەوەی خانوەکەی دانیشتبو چاویان بریبوە لادییەکان کە چون رائەبویرن لەگەل فینکی شنەی بای دەریا بەسەریانا ئەهات •

لە پریکا گردەکە لەریەوە ، خانوەکانیش جولەیان تیکەوت ، دوای کەمیک دامرکایەوە ، ـیاماتوـ وایزانی ئەمەش یەکیکە لەو بومەلەرزانەی کە لە وولاتی چاپان زور روو ئەدا ، بە پەشوکاوی هەلسا روی کردە خلقەکە ، دوایی روی کردە دەریای تاریکو ، لیـــــــل ، ئاوی دەریا ئەکشایەوە دواوە هەتا هەندی لە زەوی قەراغ دەریا دەرکـــەوت ، دیمەنیکی سەیر بو ، بەلایانەوە ، گەوەرەو بچوک ، نزیک بونەوە لە

دەریا هاتن بو بینین ، ـ یاماتو ـ کە ئەمەی دی کەمێك مات بو ، هەر لە جیی خویەوە بانگی کردە ـ تاوا ـ کوردزاکەی :ـ خیرا ، بە گورجی شاپلیتەیەکی داگیرساوم فریاخە ـ تاوا ـ کتوپر شاپلیتەیەکی داگیرساوی بو هینا ، دایە دەست باپیری ، ـ یاماتو ـ روی کردە خەرمانی چەلتوك ، کە گەیشتە یەکەم ریزی کومەلی خەرمان ئاگری تیبەردا ،لەبەر وشکی ئاگرەکە زوو هەمو خەرمانەکەی داگیر کرد ، لەگەل شنەی بای دەریا ئەهات کلپەو بلیسەی ئەچو بو ئاسمان ، زەنگ لیدەر لە کەنشتەوە کە ئەمەی دی ، کەوتە لیدانی زەنگە گەورەکە پەیتا پەیتا بو ئاگاداری کە فریاکەون ، خەلقەکە ، کە لە نزیك دەریاوە بون ، گوییان لەمە بو چاویان کەوت بە کلپەی ئاگر ، دەس‌بەجی روویان‌کردە گردەکە ، بو رزگارکردنی خەرمانەکەی ـ یاماتو ـ ، یەکەم کەس گەیشتە لای ئاگرەکە ـ یاماتو ـ ریی نەدا بی‌کوژینیتەوە پیی ووت :ـ واز بینە رولەم ، با هەمو کوبنەوە .. ، دوای ئەوەی هەمو کوبونەوە تەماشایان کرد وا ـ یاماتو ـ راوەستاوە سەیری ئاگرەکە ئەکا روژ اوابوبو ، تاریکی هات بە سەرا لە ـ تاوا ـ چونە پیشەوە لییان پرسی چی قەوماوە باپیرت ری نادا ئاگرەکە بکوژینینەوە ؟ کورە هەناسەیەکی قولی هەلکیشاو ووتی : بروا‌تان بی نازانم هوی چییە !

ـ یاماتو ـ ووتی ئایا هەموتان هاتون کەس نەماوە لەقەراغ دەریا ، تەماشای ئەم لاولای خویانیان کرد ، ووتیان کەس نەماوە ، گشتمان هاتوین .. ـ یاماتو ـ روی کردە دەریاو پەنجەی بو دریژ کرد ووتی :

تەماشاکەن ئەوسا بلێن ـ یاماتو ـ شێت بوە • لەناو تاریکی دەریا لەدورەوە چاوتان لەو تارماییی‌یە رەشەیە کە نزیک ئەبێتەوە ؟• ئەوە شەپولی دەریایە ئەگەرێتەوە ، بە هەمو هێزێکیەوە ، بەناڵەو گرمەی بەتینی ئەو ناوچەی هێنابوە لەرزین ، بەجاری قیژانیان هەی هاوار ، هێرشی دەریا هـــــات بکەونە خوتان ••، بەلام دوای چی ؟ کاتی کە شەپول نیشتەوە ئەوسا بویان دەرکەوت چی ویران کردوە ! خانویەک نەمابو لەجیی خوی ، کەوتنە بیرو راویژ کردن •• ئەبی پاش ئەم کارەساتە کوتوپرریە بو کوی بچن ؟

ـ یاماتو ـ لەجیی خویەوە بە هێمنیو نەرمی ووتی :ـ رولەکانم ، هەر لەبەر ئێوە بو ئاگرم نا بە خەرمانەکەمەوە ، بو ئەوەی ئاگادارتان بکەم بگەرێنە دواوە ، دورکەونەوە لە دەریا ، ئێستاش هەرچونی بی خوتان رزگارتان بوە ، خانوەکەی منو کەنشتەکە بەساغی ماونەتەوە لەبەر بلندی جێگایان ، جیی ئێوەی تیا ئەبێت هەتا چاریک ئەدوزنەوە • لەم کاتەدا هوشیان هاتەوە بەر ، بویان دەرکەوت ـ یاماتو ـ لەبەر چیی ئەمەی بوکردن ئیتر هەمو بە جاریک کرنوشیان بو برد بەچوکا هاتن بەرامبەر گەورەیی یاماتو •

## پاشماوەی چون زمانەکەمان بنوسین ؟

هەردوو چیرەکە[1] بو ئیمە بیگانەن ، بەلام ئەوەندە هەیە کە ئیمە ١٣٧٠ سالە لەگەل شیوەی عەرەبیدا تەقەلا ئەدەین ، وە رنجی تیا ئەکیشین !٠٠ جگە لەوەش کە خومان ئەزانین بە ئاسانی لە بەروکمان نابیتەوە ، تەنها خومان ئەخەلەتینین بەوەی کە خەلک ئەمانخلافینی ٠٠! نازانم بوچ ئەو پینجو دوو روژەی کە ئیستا بەهوی گەردشی روزگارەوەو بەهوی دەمودوو خراپی ژورو خوارەوە ، خەریکە دیت بە پیرمانەوە ، بو شتیکیتر سوودی لیوەرناگرین ، وە بوچ یادی گورگان خواردوی ٤٠ سـال لەمەوپیش ناکەین ، وە هەر بە وتووات جیهان بەسەر ئەبەین ؟

٢ ــ چەند پیت نیشانەی ئەوی ؟ وە نیشانەکان چون بن ؟ وە لە کوی بن ؟

أ ــ لە پیش هەمو شتیکا هەمو لایەک ئەزانن کە زمانی کوردی ، لە سارایای کوردستانا پیویستی بە ــ ٣٣ ــ پیتی بیدەنگە کە هەمویان لەسەر شیوەی خویندنی تازە بەجوریکی نیوە زەنەیی ــ سـاکن ــ ئەخوینرینـەوە ، ــ ء ، ب ، پ ، ت ، ث ، ج ، چ ، ح ، خ د ، ذ ، ر ، ز ، ژ ، س ، ش ، ص ، ض ، ط ظ ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ک ، گ ، ل ، م ن ، ه ، و ، ی ــ ٠ لەمانە ــ ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ ــ تەرخان ئەکەین وە لەسەری ئەنوسین ٠

---

(١) ووشەی ــ چیر ــ لەباتی ــ خەط ــ ، یا لە چیرەی نوکی خامەوە هاتوە ٠

ج

ب ـ هەروا هەمو لایەک ئەزانن کە نوسینی کوردی بو ئەوەی
کە بە هەلە نە خوینریتەوە پیویستی بەم هەشت پیتە دنگدارە هەیە :
« ە = سەر ، و = بور ، ی = ژیر ، = راکشاوی ، وو = واوی
وشراو ، ی‌ی = داکشاوی ، ۆ = واوی بلاو ، ێ = یی‌ی‌بلاو » •
بەلام نابی لە یادمان بچیت کە ـ وو ـ لە هەندی شیوەدا وەرئەگەری
بە ـ ڤ ـ ، هەروا ـ ۆ ـ لە هەندی شیوەدا ئەبی بە ـ ۆ ـ وەکو
ـ گۆر = کور ـ « گۆیر » ، کە بە سوکو ئاسانی بومان دەرئەکەوی
کە ئەو دوو دەنگەی دوایی‌یە لە هەمو قورنەیەکی کوردستانا نیە ، شیوەی
هەندی لایە ، ئەتوانری بی‌نیشانەو بی درەوشم بەکاربهینرین وە هەر بە
زرنگی بزانرین ، ئەتوانری ـ ی ـ یا ـ ێ ـ بخریتە دوایان وەک
سەراپا ووشەی‌تر بدرینە قەلەم ـ توی ، توێ ، زوی ، زوێر ـ •
پ ـ لە کوردیدا ، یەک ووشە دەس ناکەوی کە سەرەتاکەی بە
ـ ر ـ نەرم دەس پی‌بکا ، هەموی بە ـر ـ زبر ، یا ـ گیراو ـ دەس پی
ئەکا ، کەوابی ئەمە خ وی دوستوریکە ، وە هیچی‌تری ناوی واتا لە
سەرەتاوە درەوشمی جیاوازی ناوی • بەلام کە لە ناوەندەوە بی ، یا لە
دواوە ئەو حەلە پیویستی بە نیشانە یا درەوشمیکە جیاوازی‌یەکەی
دەرخا ، بو ئاسان کردنی بو قوتابی تازە ، بو بیگانەیەک بیەوی فیر بی ،
ئەمانە ئەگەر لی‌یان‌گەرین‌بو ئەوەی پشت ببەستن بە زرنگی ماموستاکەیان
کە فیریان ئەکا ، بەراستی گوناهو ستەمیکی گەورەیە •
جا ئەم درەوشمە ئەبی چی‌بی ؟ ئەبی دووپات کردنەوەی ـ رر ـ
بی • چونکە دانانی نیشانی لە ژیری یا لەسەری ، لە نووسین‌دا توزیک
دەس هەلگرتنی تیدایە ، جگە لەوەش ، کە هەر نیشانە بی ئەی بوچ

گیراوی نەبی ـ ّ = شەددە ـ کە هەزار سالە لە گەلی راهاتوین ، وە لە چاپخانەکانیشا هەیە ، وە منداڵەکان هەر لە قوتابخانەی عەرەبیدا فیری ئەبن •

ت ـ لە هەندی شیوەی کوردیدا لامی قەڵەو ـ ڵ ـ ئەبی بە ـ ر ـ ، کەوابی ئەمیش سەراپای کوردستان پیویستی نیە لەگەل ئەوەشدا خوینەر بە زرنگی ئەیزانی ، بەلام بو قوتابی تازە بو بیگانە پیویستە کە بە ئاسانی فیربی •• ئەبی ئەوەش بزانری کە لامی قەڵەو ـ ڵ ـ لە کوردیدا بەرامبەر بە ـ ض ـ عەرەبی دانەنراوە عەرەب خویانیش ئەم لامەیان هەیە بەلام لیی گەرراون ، سرنجی ـ شەعشاعی ـ بدەن جار جار ئەلی :ـ ـ صەڵەوات ـ •

ث ـ ( د ، گ ) لە سلیمانیو دەوروپشتی ئەم دوو پیتە ئەشیوینن هەندی لە نوسەران ناوی داڵی کلور و گافی کلوریان لی ناون •• بەلام ئایا پیویستە نیشانەیان بو دابنری ؟ من لام وایە ئەبی نیشانەیان بو دانەنری بەلام هیچ خراپی نابینم ئەگەر لە دوستوری نوسیندا دیاریان بو بکری چونکە ئەمە وەکو ئەو دەسکاریانە وایە کە بەسەر هەندی وشەیتردا دیت وە لە عەرەبیدا ناوی تایەبەتیان هەیە وەکو : ( تبدیل = گوررین ) ، ـ تسهیل = نەرم کردن ـ ، ( اعلال = دەرداوی = کلور ) کردن •• ــــــاد •••

ج ـ کەوابی ئەو پیتانەی نیشانەیان ئەوی ـ ڵ ، ۆ ، ێ ـ ە •

چ ـ ئەو پیتانەی دووپات ئەنوسرین ـ رر ، وو ، یی ـ ە •

ح ـ ئەبی بزانری کە مەبەست لە نیشانە یا درەوشم تەنها ئاگادار کردنەوەی خوینەرە کە ئەم پیتە دەنگیکی جیاوازی هەیە •

۳ ـ ووشەی بیگانە ، بەتایەبەتی ووشەی عەرەبی کە ـ ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ ـ یان تیایە چون بنوسرین ؟

من لام وایە ، ئیمە هەرگیز ما فی ئەوەمان نی‌یە کە دەسکاری پیتی خەلك بکەین‌و بیگورین ، لە کاتیکا کە ئاتاجی‌و پیویستیمان پی‌ی هەیە ، ئا ئەوەتا لە لاتینی‌دا ـ ذ ، ث ـ ، ئا ئیستا ( Th ) بەکار ئەهینن بو ئەوەی مەبەستی و وشەکە بەجی‌بهینی ، هەروا لەباتی ـض ، ظـ ( dh ) بەکار ئەهینن ، جگە لەوەش ووشەی بیگانە ئەبەنەوە سەر بنەرەتەکەی وەکو ئەنوسن ( Abd AL-RRahim ) واتا ئەنوس ـ ئابد الراحیم ـ ، لەگەل ئەوەشدا هیشتا ـ ع ، ح ـ کەیان قووت داوە هەروا لەباتی سەر ـ أ ـ یان بەکارهیناوە •• بویە لەپیشا ووتم هیشتا لە لاتینی‌یەکانا ناتەواوی زورە و پرر نەکراوەتەوە •

جا ئەگەر ئیمە ـ ث ، ص ـ بگورین بە ـ س ـ ، ـ ذ ، ض ، ظ ـ بگورین بە ـ ز ـ ، ـ ط ـ بگورین بە ـ ت ـ تەگەرەیەکی زور لە میژو ئەدەین ، هەروا لە فەرهەنگ ، هەروا لە ئەدەب • ئەلیم لەمیژو چونکە ئیمە زور ناوانی میژویی‌مان گورراوە ئیستا داخی بو ئەخوین وەکو ـ زەنجانی = زەنگانی ـ وە ـ جهشیاری = گوش یاری ـ وە ـ جوزقان = گورەکان ـ تاد •• کە ئەم تەرزە هەلەیە ـ ئیبن بەطوطە ـ وە ـ یاقوت ـ ی ناچار کردوە بلین ـ قل ـ لەبنەرەتا ـ گول ـ ە بە ـ کافی فارسی ـ ••

ئەلیم لە فەرھەنگ چونکە عەرەبەکان ناچار بون فەرھەنگ دروست بکەن بو ئەو ووشەیانە کە بیەنەوە سەر بیگانە وەکو ئەنوسن ـ صدرم = لە چەرم ـ وەرگیراوە بە ( جیمی فارسی ) •• ئەمانە ئەگەر لە کاتی خویا بە ـچـ بیان نوسیایە پیویستی ئەم ئەرکە نەئەبون کە بلین : ـ لە بنەرەتا چەرمە ، بەجیمی فارسی ـ ؟! بەوینە ئەگەر بنوسین ـئەوەبوسادقم کرد !ـ پیاو ئەبی بە رزنگی خویا ، بەپاش و پیشی ووشەکەدا بزانی کە ئەم ووشەیە لە بنەرەتا ـ صادق ـ ی عەرەبی یە یا لە دوو ووشەی ( سا ـ دق ) ەوە هاتوە ، یا کە ناوی کابرایەکی عەرەب ئەنوسین ـ زایەر ـ ئایا ئەم ووشەیە لە بنەرەتا ـ ظاهر ـ ە ، یا ـ زاهر ـ ە ، یا ـ زایر ـ ؟ کە هەر یەکەیان لەوی تر جوی یە وە هەرسیکیان عەرەبی ن •

بەلی ! ئیمە یەک شت ئەتوانین لەگەل ووشەی بیگانە بکەین ئەبی مل کەچی بکەین بو ئەوەی راست بخوینریتەوە نەوەک بە هەلە بو وینە : ووشەی ـ ولد ـ ناویکی عەرەبی یە ، ئەم ووشەیە هەلئەگری بخوینریتەوە : ـ وەلەد ، وولد ، ویلد ، وەلیدە ، تاد •• ـ

ئا ئەمەیە هوی ئەوەی کە من ئەنوسم ـ ئەبو الفەضل ـ وەکاک ـم • مـ بە هەلەی دائەنی ، کە هەلەکەی خوی بە راست ئەزانی •• !

٤ ـ ئەو ووشە کوردی یانەی لەچەند ووشەیەکی لیک دراو پیکهاتون چون بنوسرین ؟

من لاموایە ، ئەگەر ووشەی دووەم ، ووشەی پیشو تەواو بکات ، وەکو بلی ی ـ پیم ووت ـ ئەبی ـمـ لەگەل ـپیـ جیانەکریتەوە ، بەلام ئەگەر تەواوکەر نەبو یا پالشت وە لا دان بو ، وەکو بلی ی ـپی یم ووتـ

هەرگیز نابی پیکەوە بنوسرین ، فارسەکان تا ئیستا ئەنوسن ـ کلبعلیخان ـ ، ـ نجفقلیخان ـ ، لای من ئەم تەرزە شیوەیە وەکو هی فەقیکان وایە کە بو گالتە جاری نوسیبویان ـ سمرلك فلا سبی ـ بە کابرایەکیان ووت : بیخوینەرەوە ، ووتی : ـ سەن قەرە بەگی قەلا تسی ـ • جا ئەمە نمونەی خەرواریکە •

٥ ـ لیرەدا حەز ئەکەم جاریکی‌تریش لە ووشەی دەستکرد بدویم : ووشەی ـ ویژە ـ چەند سالیکە دروست‌کراوە ، ـ هەتاو ـ بەکاری ئەهینی ، کەس لی‌ی نەدواوە لام وایە ـ ماموستا شیخ محەمەدی خال ـ وای‌زانیوە لە ووشەی ـ بیژە = بلی ـ وە هاتوە کە لە بادینان بەکاردیت ، یا لە ووشەی ـ بویژە = بلێی ـ داودەکانەوە هاتوە کە ئەم ووشەیە ، ووشەیەکی ناکامە بەلام لەگەل ئەوەشدا کە ووشەی ـ ویژە ـ لـــە ـ بیژان ـ ەوە هاتوە ، جگەلەوەش کوردەواری کردویانە بە ناو ئەو پارچە پەتەی کە لە پیسی خاو ئەهونریتەوە وە نیبلەی ملی گا و مژانەکە ئەبەستی بە یەکەوە ، لیرەوە لە گەل ووشەی ـ عەقل ـ و ـ عیقال ـ ی عەرەب زور نزیك ئەبنەوە •• بەلام بوچ لە ووشـــــەی ـ ئەدەب ـ لای‌داوە ئایا وای‌زانیوە عەرەبی‌یە ؟ من لام‌وایە عەرەبی نیە •• ماموستا ـ ئەحمەد حەسەن زەیات ـ ٢٠ سال لەمەوبەر ، لە عیراق ووتاریکی دووررودریژی دەربارەی ـ ئەدەب ـ نوسیوە ئەلی : ـ هەرچەندە ووشەی ئەدەب کەس نازانی هی چ نەتەوەیەکە بەلام چونکە پەیغەمبـــــــەر ـ د•خ ـ بەر لە ١٣٦٠ سال ووتویە (ئەددەبەنی رەبی فەحسەنە تەئدیبی = أدبني ربي فأحسن تأديبي ) ئیمە مافی ئەوەمان هەیە بەکاری بهینین ،

لەگەل ئەوەشا کە ئەو مەبەستی رەووشتو خوو بوە ، • ئەمە گەواهی عەرەبی کە •

با ، بی‌ینە سەر - ماموستا وەهبی بەگ - خوی بەرامبەر بە ووشەی - اشتقاق - لی‌بونەوەی بەکارهیناوە لەگەل ئەوەشدا کە -لی‌بونەوە- بەرامبەر بە -انتهاء- ی عەرەبی‌یە •• ئایا ماموستا وای‌زانیوە کە ووشەی اشتقاق -فیعلی مطاوعە- ؟ نەء ، بەلکو ووشەی -اشتقاق- فیعلی متعدیە لە -شەق- ەوە هاتوە کە دووکەرت‌کردنە ، ئەگەر لی‌کردنەوەی بەکاربهینایە گەلیک باشتر بو ، هەرچەندە مەبەسیکی پرراوپرری ناداتە دەسەوە •

هەروا لیرەدا ئەتوانم بلیم : ( ووشەی - تقدم = تەقەددوم ) لە - قدِمَ = قەدیمە - ەوە هاتوە ، کە بو هاتن بەکاردیت ، کەوا بی - تەقەددوم = هاتن - ە • کورد -پیشکەوتن- بو رویین بەکار دینیت نەوەک بو هاتن ، ئا ئەمەش دەردیکی ترە لەو دەردانەی کە لە زانینی زمانی بیگانەوە - باشتر لە زمانی خومان - توشمان دیت •• وەکو لـــە -ژین-دا نوسیبوم •

---

**سوپاس**

لەبەغداد لە شەقامی غازی نزیك بەمزگەوتی فضل خاوەنی ستودیوی صباح کاك جەمال بە دیاری چەن نیـــــگاریکی زور جوانی نارد بویانە سەرەرای ئەمە لەئاهەنگی ئاوازی کوردانا لەقاعەی ملك فیصل زور نیگاری جوانی گرتووە ، سوپاسی ئەم لاوە هونەرمەندە ئەکەین بەراســــــتی لەفەنی‌وینەگری‌دا زور پیشکەوتووە •

# بو پیکەنین

ـ سوالکەر :ـ شتیکم بدەری لەرێی خوادا •

ـ ریبوار :ـ بەخوا هیچ شکێ نابەم •

ـ سوالکەر :ـ دەبینە بتگەریم •

---

ـ ماموستا :ـ بەختیار ، پیستی گا ، بەکەلکی چیدیت ؟

ـ قوتابی :ـ بی بیرکردنەوە ، ئەفەندی بو ئەوەی گاکەی تیابیت •

---

منال :ـ دایە وادیارە زور ماندویت •

دایک :ـ ئا ، کورم بروات ببی ناتوانم دەست بجولینمەوە •

منال :ـ دەسا بەخوا چینی گەورەکە لە دەستم کەوتو شکا •

---

هەرزەکار :ـ دوکتور چاریکم بکە هەمو دەموچاوم بوە بە عازەبە

دوکتور :ـ کورم بچو ژنبهینە چاك ئەبیتەوە •

هەرزەکار :ـ باشە ، رەچەتەیەکم بدەری بو لای باوکم •

---

## زیرەکی قوتابی

ماموستا :ـ پینج پانتولو پینج چاکەتو چوار جوت قوندە ئەکاتە چـــــەند ؟

قوتابی :ـ ئەفەندی ئەکاتە پینج بەلام یەکیکیان پیخاوسە •

---

خاوەنقەرز :ـ ئەمە بەمن ناکریت هەمو روژی سەعاتە ریگایەك بیمو بچم ئەمە چیە دیناریکم لەسەر تویە •

قەرزار :ـ براگیان زویر مەبە مانگی ئایندە ئەبین بە دراوسیتان •

# باوەڕ بێ کراوی هیوا

## لە :ـ

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

ســولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ ٠
٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رؤف معروف

کـــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــــە :ـ توفیق مەلا سەدیق

هلبجـــــة :ـ سید حسین ئەمین

زاخـــــو :ـ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

قـــــەلادزە : نورالدین ملا صابر

رەوانـــــدز : علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خـــانقـــین : حبیب برزوو : کتیبخانەی سیروان

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî u Zanistîye

Mangî Carêk Dereçê


---

Bexdad - Gapxaney Temedun
M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن
محمد صالح الاعظمی

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره ١١ سالّی ١ مایسی ١٩٥٨


هیوا
HIWA

# ناو و نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

ئابوونە

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت
بغداد : شارع المستنصر ١٣ ـ ٣٩
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبیو زانستییە مانگی جاریک دەرئەچی

زمارە ـ ١١ ـ سال ـ ١ ـ جو زەردان ـ مایس ـ ١٩٥٨

١ ـ نیشتمانەکەت بناسە •• شەقلاوە ـ محمد مولود
٢ ـ حاجی مەلا عبداللەی جەلی •• کویە ـ شارەزا
٣ ـ مندالی کورد •• شەقلاوە ـ مەم
٤ ـ کارگەی چیمەنتو •• عزیز
٥ ـ بەستە بو کوردستان •• کاکە شوان
٦ ـ لە دەوروبەری دانی مافی سیاسی ئافرەتانا •• روناك
٧ ـ پیشکەش بەتویە نەسرین •• خانەقین • ع • ق
٨ ـ شوینی کومەلایەتی ژن لە کوردستانا •• وەرگیر ـ ج • بابان
٩ ـ ئوپەریتی خوشکو برایەك •• ج • دانا
١٠ ـ قرچە قرچا ئاگریت گەش •• صالح یوسفی
١١ ـ کولۆلی •• محمد مصطفی کوردی
١٢ ـ گوفتوگوی خویندەوارو دارفروش •• محمد امین کاردوخی

١٣ ـ سیمفونی پینجەمی ـ بیتهوڤن ـ •• سەردار رمزی
١٤ ـ نەخوشی منال ـ وەناق ـ شیکاگو ت • ب • مەریوانی
١٥ ـ بارانی دەستکرد •• مەسعود سید امین
١٦ ـ بەشی هیواو خوێندەوارانی ••
١٧ ـ چیروکی ژمارە •• وەرگیر : مصطفی صالح کریم
وە گەلی شتیتریش ئەخوینیتەوە

**لە شعری کامەران**

ئەی هاورریبانی من ، کام شـــوین
رەنـــگ کراوە ، بە پەلەی خوین
هـــەر لەیـــدا ، بمنیژن من
نەختیکیش لـــە سوتوی ـ دوشمن ـ
بـــکەن بە ســـەر گوررەکەمـــا
لەگـــەل ـ گولالەی ناوچەمـــا ـ



# خوشكو برایانی هاوپشت


بەهوی پشتگیریو پشتیوانی ئیوەی رەوشت جوانو خاوینەوە ، بەبونەی بیری بەرزو بەریزی نیشتمان پەروەریتانەوە وا ژمارە یانزەی گوڤاری هیواتان پیشکەش کرا دیارە لەم ماوە کورتەدا بوگەیشتن بەو ئامانجانەی کە بەتیـــــــكرایی هەمووومان بەپەروشەوە بوی تی ئەكوشین توانیومانە کەمو زور پلەی هیوامان بەرزبكەینەوە و ئەخوازین دەستو پەنجەی خامەتان خوشبیتو بی‌ساردبونەوە هەر تەكارابیت •

# شەقلاوە

## بوکی خیزانیکی هەژارە

محمد مولود : شەقلاوە

ماموستا روژبەیانی لە حاشیەی ـ شرفنامە ـ ئەفەرموی « شەقاباد ـ شەقلاوە » شاریکی کونە وە لە ـ مسالك الابصار ـ دا ناوی هاتوە ٠٠ بەلام ئەوەی لە میژوی ئەم شارەدا روونە ئەوەیە کە ـ ٤٠٠ ـ سال لەمەوبەر جی‌نشینی ـ میر سیدی کوری شاه علی‌بگ ـ ی سوران بوە ٠٠ وە لە کونەوە هاوینەواری حکمرانەکانی کوردستان بوە ٠٠



خانزاد خاتونی بەناوبانگیش یادگاری رەنگینی بەسەر توپکەی بەرزی چیای ـ سەفینی ـ بەجی هیشتوە ٠

شەقلاوە لە کوشی ئەم چیایە جوانە بە دریژایی ٣ کیلومیتر لی‌ی راکشاوە ٠٠ وە شاخی ـ سورك ـ ی رەنگ سوریش لەبەر پی‌ی کرنوشی بردوە ٠٠ شاریکی خنجیلەو جوانە لە هاوینەوارە هەرە بەناوبانگەکانی ـ عیراق ـ ئەژمیرریت ٠٠ هاوینان بە هەزاران دانیشتوانی

ناوەندو خوارووی ـ عیراق ـ و گەلیك بیگانەی دەرەوەش روی تیئەکەن بو رابواردنی ئەو وەرزە گەرمە لەناو فینکاییو دیمەنە جوانە دلرفینەکانیو لەژیر سیبەری داری بەرزو میوەداری •

بەداخەوە ئەلیم !•• ئەگەر جوانی ئەم شارە لەگەل ئەو ناریکیەی کە بە ئاشکرا لە خانوە کونو کولانەو ـ گوند ـ ە شەتو خوارەکەیەوە دیارە •• ئەگەر ئەو جوانیە سروشتیەی لەگەل ئەم ناریکیەی لەیەك نزیك بکەینەوە •• ئەتوانین بلیین کە شەقلاوە بەراستی بووکی خیزانیکی هەژارە ،• ئاوی سارد •• باخو میرغوزاری فراوانو رەنگین •• داری بەرز••ئابو هەوای سازگار••دیمەنی جوانی ئەم شارە لە دونیادا هاوتای کەمە • ئەوە بەسە گەر بزانری کە حەوت رووباری گەورەو چەند سەد کانیاویکی سارد لە بنە بنەی سەفینەکەی هەلئەقولنو بەســـــەر باخو میرگەکانی دائەخزن •• و زورترین باخەکانیشی کە نزیکەی ـ ٢٠٠٠ ـ دوهەزارن بی بەش نین لەو کانیاوە بەفرینانە ••

شەقلاوە نزیکەی ٩٠٠ مالیك ئەبیت وە تا ٤٥٠٠ کەسی تیـــــــدا نیشتەجین •• ئەگەر چی سەر ژمارەی هاوینانی ئەگاتە ٧٠٠٠ کەسو زورتریش •• هەروا ١٥٠ دوکانو گازینوو اوتیلو دو قوتابخـــانەی سەرەتایی کە نزیکەی ـ٦٥٠ـ قوتابی تیدا ئەخوینی ، وە پیش ئیستا قوتابخانەیەکی ـ متوسطە ـ شی تیدا هەبو بەلام سالی ٩٥٥ هەلگیراو داخرا •• لـــە تەك ئەمانەوە دوو مزگەوتو یەك ـ دیرە ـ ی دیانان ـ مسیحی ـ وە دو قوتابخانەی دینی یەکیکی ئیسلامەکانو ئەویتری هی مسیحیەکانی تیدایە •

— ٥ —

لەم دوایەدا ـ میری ـ هەستی بەوە کرد کە ئەم شارە هاوینەواریکی نایابی لیپێك دیت •• گازینوو ئوتیلیکی گەورەی بە ناوی خانزادەوە لیکردەوە •• هەروا شارەوانیش چەند شەقامیکی نوی‌ی باشی لەناو دا برین کە دریژی هەمویان ئەگاتە ـ١٢ـ کیلومیترو ناوی کوردیان لینران وەکو ـ شەقامی مەولەوی ، خانزاد ، مەم‌و زین ، تەتەم ، صلاح‌الدین ، أمین زکی •• سەفین •• هتد ـ وە بە ئەلکتریك رونی کردو پروژەی ئاوی لوولەشی لیدامەزراندو نەخوشخانەیەکی گەورەو باخیکی گشتیشی لیدامەرژاند • وە وا ئومید ئەکری کە حکومت ـ میری ـ زورتر چاو ، دیری ئەم شارە خنجیلانە بکات •• وە بەرەو ئاوەدانی پیشی بخـــاتو بیگەینیتە ریزی هاوینە هەوارەکانی هەرە بەرزی جیهان •• کە ئەوەش زور چاك لە شەقلاوە ئەوەشیتەوە •

## ئوتیلی سیروان لە بەغداد

شوینی خوتەو خزمەتیکی خویانە ئەکرییت ، شوینی حەسانەوەی ، پیخەفی پاکیخاوینی لە نەخوشی ئەتپاریزی لەشەقامی ئەمین خاوەنەکەی کاك نشأت عبدالرحمن وە کاکە حەمەی دەرویش کەریمە ، هـــــەر پارەیەکیش خەرج بکەیت بە فیرو ناروات ئەچیتە وە کیسەی خوت !

# بیرەوەری

# حاجی مەلا عبداللای جەلی

## ١٢٥٠ - ١٣٢٦ کوچی

کویە : شارەزا

حاجی مەلا عبدالله کوری حاجی مەلا اسعدی جەلی‌یە ، دایکی ناوی فاطمەی کچی محمد ئاغای حەویزیە ، لە سالی ١٢٥٠ کوچی‌دا لە کویە هاتوەتە دنیاوە • فەقی‌یەتیکی زوری کردوە ، وە لەگەل ــ حاجی قادری کویی ــ بە فەقی‌یەتی چوون بو بالەکەتی لە دی‌ی ــ شیخ‌وەتمان ــ لە مەدرەسەی مەلا محمد ئەخوینن ، وە لەوی حەز لە ــ حەلیمە ــ ی کچی مەلا محمد ئەکا کە ئەویش شاعرە ئەبی ، ئەم دلداریەیان ئەبیتە سەرچاوەیەکی سازگار بو ایلهامی شعری هەردووکیان • ئەم دوو بەیتە لە هەلبەستەکانی مەلا عبداللەیە کە بو حلیمەی داناوە :

کە بیری[(١)] هاتە ناو میگەل سەراسەر قرمزی پوشــی

مەلا ادراکی چوو ، شیخیش تەریق ، عارف نەما هوشی

حەبیب دیتی رەقیب وەستاوە چاروگەی بە روودا دا

گوتم: هەوری سیا هات شەعشەعەی خورشیدی داپوشی

مەلا عبدالله ئەگەریتەوە کویە بو وەرگرتنی بیروورای باوکی لــــە داخواز کردنی ــ حەلیمە ــ ، کەچی باوکی نایەلی بو یەك ببن ، لــــــە

(١) ئەو ئافرەتەیە کە مەر ئەدوشی •

ئەنجامدا کچە تووشی ئیسقا دەبیو بەم داخە گرانە سەر ئەنیتەوە •

مەلا عبدالله لە سالی ١٢٨٨ کوچیدا لەگەل باوکی ئەچیتە ـ حەج ـ ، لە شاری ـ حەلەب ـ دا چاوی بە ـ کەیفی ـ شاعری کونە دوستی کویەی ئەکەویتەوە • وە لە مەکەدا دوستایەتی لەگەل ـ نالی ـ پەیدا ئەکا • باوکی لە حەجدا کوچی دوایی ئەکا ئەمیش کە ئەگەریتەوە کویە ئەبیتە جی‌نشینی باوکی •

جاریك حاجی مەلا عبدالله گەشتیك ئەکا بو ـ بەغدا ـ لەویدا چاوی بە ـ شیخ عومەری بیارە ـ ئەکەوی وە بە خزمەت ـ کاکە احمدی شیخ ـ ئەگا لە مزگەوتی ـ گەیلانی ـ دا وە ناسیاریکی زوری ئەبی لەگەل ـ مفتی زەهاوی ـ دا • کە زەهاوی لەبەر پیری لا ئەبری لە مفتی‌یەتی ،حکومەتی (١) عثمانی داوا لە حاجی مەلا عبدالله ئەکا ببیتە مفتی بەغدا ئەمیش ئەلی من بە زیندوەتی چاوان نامەوی لە جیی زەهاوی دانیشتم •

کە ئەگەریتەوە بو کویە نوسراویکی بە شعری بۆ دێ لە شیخ عومەری بیارەوە کە لە سەرەتاکەیا ئەلی :

دەمیکە کاغەزت نایتە لامان
عەجەب سستی لە پەیغامو سەلامان
جەلی دایم دەبی جلوەی دیار بی
لەناو گیژاوی شط بی یا کەنار بی

---

(١) لە کتیبیکی دەس‌نووس کونم وەرگرتوە لە کتیبخانەی جەلی زادە لە کویە •

عومەر عومریکە بو تو انتظـــــارە

لە شەوقی تو وەکو ئاو بی قەرارە !

ئەمیش بە شعریکی -٢١ بەیتی- وەلامی ئەداتەوەو ئەلی :

سەلامی من چیـــــــە بو تو بنیرم

ئەتوی عذبو فرات من تالو سویرم

عومەر عومریکە گەر مەیلی لەلامە

ئەدی بو مەرکەزی دەردو بەلامە ؟

وە لەگەل شیخ رەزای تالەبانیش زوریان بەیەکەوە رابواردوە لە مەدرەسەی حاجی مەلا اسعدی باوکی بە فقیەتی • وە شـــیخ رەزا ئەم چوارینەی لە ستایشی حاجی مەلا عبدالله داناوە : کە ئەلی :

حاجی عبدالله لە ئادەم فیـــلترە ،

با وەجودی مەرتەبەی پیغمبـــــەری

ئەم بە سەد شەیتان لـــە کویە دەرنەچو

ئەو بە شەیتانی لە جەنەت دەرپەری

وە هەر وەها شعرەکەی - خادمی سوججادە - لەگەل شیخ رەزا بە یەکەوە دایان ناوە لە کەرکوکدا کە ئەلین :-

خادمی سوججادەی پیغمبـــــەری

کەشتی جوودو سەخا را لەنگەری

أغنیا خواهنـــد أز انعـــامی تو

سینی شەکراو ، پلاو دوو لەنگەری

ئەو کەسەی خوانی لە بو دی صبحو شام

چی لە ئیمە زیاترە غیرەز کەری !

حاجی مەلا عبدالله مناجاتێکی بە فارسی داناوە ، دوایی کردویەتی بە کوردی کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :ــ

با بکەم تەبدیلی نظمو قافیەو رەویەو عروض
بەم زمانە هیچی‌تر شعرم لـــــە بۆ هەڵناستی
بیــــکەمە کوردی زمانی خۆمە چاکی تێ‌ئەگەم
خوایە تەوفیقم بدەی من بەندە ، تو مەولاستی

بەمە ئاشکرا ئەبی کە ئەم بویژە بەرزە هەستی نەتەوایەتی کوردی هەبوە ، بویە لە زمانی بیگانە وەررس بوە تەنها خزمەت گوزاری نەتەوەو زمانەکەی خوی لا شتیکی پیویست بوە •

بەم چەشنە توماری ژیانی ئەم بویژە ناودارە لە سەرەتای هاوینی سالی ١٣٢٦ کوچی‌دا لە تەمەنیکی ٧٦ سالی‌دا پیچرایەوە •

ــ ژیانمان بەهیواو ئاواتە خوازی ئەبەینە ســـــــەر وە بەوئاواتو هیواوەوە سەر ئەنینەوە •

ڤولتـــــیر

ــ نیـــــــاز لەدلداری بەختیار کردنی خوشەویســـــتەکەتە • نەك بەختیارکردنی ، خوت •

ــ چاکە کردن لەگەل دوستتا خوشەویست‌ترت ئەکا ، بەلام لەگەل روژمنا ئەتکا بەدوست •

تولستوی

# کوچی ( حسن توفیق ) ی جوانەمەرگ

وا ئەمجارەش گولیکی تازەپشکوتو لە باخی کوردستان هەلوەری ، ئەستیرەیەکی گەش لە ئاسمانیا کوژایەوە ، لاویکی تازە پیگەیشتوی کورد کە هیشتا بەری داری خەباتی نەخواردبو ! کاك ــ حسن توفیق ــ کوچی دوایی کرد .

دەك چەرخی زەمانی چەپ گەرد کوستت کەوی‌و تەخت‌و تاراجت نەمینی چون دلت هات لاویکی نەونەمامی ، خیر لەخو نەدیوی ئاوارەی وەك ــ کاك حسن ــ وا بەم کوتوپری‌یە لە کەسوکارو هـــــاوری‌و نیشتمانەکەی بکەیت ؟

کاك حسن ! ماموستای تی‌گەیشتوی ، پی‌گەیشـــــتوی بە ئاوات نەگەیشتو ، دلنیابە کـــــە نەمردوی‌و هەرگیز نامری ، ناوی پاك‌و کردەوەی بەرزت لە میشکی هەمو کوردیکا جیگای خوی کردوتەوە وە ئەو ئامانجە پیروزانەی تو لە ریگەیا سەرت نایەوە ، ئامانجی هەمو رولەیەکی کورد ئەبیت .

لاوی جوانە مەرگ ! ، لە تەمەنی ( ٢٨ ) سالیدا بو . لە سالی ٩٥٢ لە دار المعلمین عالی ــ بەشی کیمیا ــ بە دەرجەی شەرەف دەرچوبو ، کرا بە ماموستا لە ئانوی ــ حی ــ وە لە سالی ١٩٥٤دا وەزارەتی مەعارف فەرمانی‌دا بە ــ فصل ــ کردنی ، دوای ئەوە چو بو سوریە ، وە لەوی دامەزرا بە ماموستا لە ئانوی ــ درعە ــ . لە روژی شەمە ریکەوتی ١٩ــ٤ــ٩٥٨ لە شام کوچی دوایی کرد ، وە لـــــە روژی پینچ‌شەمە

٢٤-٤-٩٥٨ له سليمانی له گردی سه‌یوان ته‌رمی پیروزی به‌خـــاك سپیررا •

به‌بونه‌ی ئه‌م كوسته گرنگه‌وه پرسه‌ی به‌دل پیشكه‌ش به هه‌موان ئه‌كه‌ین وه له یه‌زدان ئه‌خوازین سه‌بوری كه‌س‌و كاری بدات‌و هه‌رگیز كوستی وایان نه‌كه‌وی •

## پرســـــه

جی‌ی سزایه كه گول به ناكامی گه‌لای بوه‌رینی به ناره‌وایی نالیم لاوه‌كانی ئیمه به‌خونچه‌یی ده‌ستی گه‌ردون ئه‌یان وه‌رینی ، هه‌ر له‌مانگیكا ئه‌مه سی لاوی جوانه مه‌رگ كاك حسن توفیق له‌سلیمانی صالح سعید له هه‌ولیر جمال خورشید له‌رانیه هه‌ریه‌كـــه‌یان به‌ده‌ردو به‌لایه‌كی كوتوپری لیمان جیابونه‌وه خوای مه‌زن سه‌بوری كه‌س‌وكـــــارو هه‌مولایه‌ك بدات •

— هیوا —

# « مندالی کورد »






عزالدین ئیبراهیم لەقوتابیانی پولـــــــی
پینجەمی مضفریە لـە هەولیر •

یەکیك لە بەلگە گرنگەکانی پیش کەوتنی گەلان‌و هوی سەرکەوتنیان لە ژیان‌دا ، پیگەیاندنی منداڵەو پەروەردە کردنیەتی لەسەر رەوشتی باش‌و خووی پاك و بناغەییکی بەتینی تەندروستی فسیولوجی وە بەرزکردنەوەی هەست‌و گیانیەتی • وە گەیشتن بەم ئامانجە ولاتە پیشکەوتوەکان جورەها دەزگایان دامەزراندوە کە منداڵەکانیان بە هویانەوە چاویان بکریتەوەو لەش‌و گیان تیدا پەروەردە بکریت • وە چون ـ حکومات ـ لەم روەوە ئەرکی زوریان گرتوتە شان هەروا‌ش کەسان ئەوەی لە باریان‌دا هەبی ئەیکەن‌و دریغی ناکەن ، وە هەست بەوە ئەکەن کە رولەیەك ئیمرو لەسەر

بنچیکی •• توندو بەهیزی ــ تەربیە ــ برویت بی‌شك پیاوی دواروژە پیاویکە کە گەلەکەی پی‌ی سەربەرز بیت‌و شانازی پیوەبکات ، بی‌گومان دایکان لەم مەیدانەدا بەشیان لە هەموان پترە •

بەلام ئیمەی •• کورد ئایا لەم روەوەو بەرامبەر مندالەکانمان چیمان کردوە ؟!• و ئەوەی لەسەرمان پیویستە بیکەین کردومانە ؟!•

من لیرەدا وینەیەك لە مندالی کورد ئەخەمە بەرچاو بو ئەوەی مەبەسی پرسیارەکەم نەختیك روون بیتەوە • وەکو دیارە هەمو سالیك لە روژی ــ دایکانی ــ عالەمی لە ــ یابان ــ پیشانگەیەکی وینە ریك ئەخری بو مندالانی جیهان کە تەمەنیان لە ناوین ٦ ــ ١٤ سالیدایە بو ئەوەی هەست ــ عاطفە ــ یان بەرامبەر بە دایك‌و ئەو روژە پیروزە دەرخەن ، هەروا بو تاقی‌کردنەوەی پلەی زیرەکیان ، وە وا ریك‌کەوت کە لە دو سالی رابوردو ٩٥٦ و ٩٥٧ مندالی کوردیش لە تەك مندالی گەلانی‌تر لەو پیشانگەیە بەشدار بیت ، لە ئەنجامی تاقی‌کردنەوەکە لە سالی ٩٥٦ ــ عبداللطیف حسن ــ ناو مندالیکی کوردی هەولیری ــ مىدالیەی ــ دوەمی عالەمی ــ عیراق ــ ی وەرگرت و لە سالی ٩٥٧ یش مندالە بەهرەدارە کوردەکەی هەولیری ــ عزالدین ابراهیم ــ کە تەمەنی ــ ١١ ــ سالەو لە پولی پینجەمی سەرەتایە میدالیەی یەکەمی عالەمی ــ عیراق ــ ی لەگەل شهادەیەکی بەرزی بەناوی دەزگای دایکانی جیهان پیش‌کەش کرا • ئەم دوو مندالە کوردە ئیستا لە هەولیر لەژیر چاوەدیری محمد محمد علی عارف ماموستای وینە لە قوتابخانەی ــ مظفریە ــ پەروەردە ئەکرین‌و چـــــاوەروانی دوا روژیکی گەش‌و پرسودیان بو ئەکری •

بی‌شك ئه‌مه ئه‌وه ئه‌گه‌ینی كه مندالی كوردیش هه‌رگیز له مندالی گه‌لانی‌تر ئه‌گه‌ر به‌هره‌دارتر نه‌بیت بی به‌هره‌تر نیه ، له‌گه‌ل ئه‌و هه‌مو كوسپ‌و ته‌گه‌رانه‌ش كه ئه‌كه‌ونه ریگای ده‌ربرینی هه‌ست‌و ده‌رخستنی به‌هره‌ی به هوی پاش‌كه‌وتنی گه‌له‌كه‌ی‌و چه‌پوكی گرانی روژگار كه هه‌میشه به‌سه‌ر سه‌ریه‌وه‌یه‌تی به‌لای منه‌وه ئه‌و ته‌گه‌ره‌و كوسپانه نابی ریگای ئه‌وه‌شمان بگرن كه ئیمه ـ كه‌سانی گه‌لی كورد ـ هه‌ستمان به‌رامبه‌ر منداله‌كانمان به‌چاكی ده‌رخه‌ین •• ئیمه ئه‌توانین له سنوری یاساو توانا مانه‌وه له‌م مه‌یدانه‌دا ده‌وری خومان به ریكی بهینینه دی ، كوا چ یه‌كیكمان تا ئیستا بو منداله‌كانمان شتیكی وامان كردوه كه شایانی ناز بیت ؟• كه‌ی ئیمه ده‌زگایه‌ك یا پروژه‌یه‌كی نه‌ته‌وایه‌تیمان پیك‌هیناوه كه به هویانه‌وه بگه‌ینه ئه‌و ئامانجانه‌ی سه‌ره‌وه ؟!• ته‌نانه‌ت هیشتا له هه‌مو ئه‌م كورده‌واریه‌دا چه‌ند كه‌س ئاگاداری چونیه‌تی ئه‌م دو منداله كورده‌ن ؟!• ئه‌گه‌ر ئه‌م دو منداله مندالی گه‌لیكی‌تر بوایه ئه‌زانن چون ئه‌خرانه سه‌ر سه‌روچاوو ریزیان ئه‌گیراو چه‌شنه‌ها دیاریان پیش‌كه‌ش ئه‌كرا چه‌ند زه‌ماوه‌ندیان بو ئه‌گیرا كه هه‌مو كه‌سیك گه‌وره‌و بچوك به شانازیه‌وه تیبدا هه‌لئه‌په‌رین ؟•• بی‌شك وایان بو ئه‌كرا كه هه‌ست به‌وه بكه‌ن ئه‌وانیش شتیكن‌و بونیان پیویستیكی نه‌ته‌وایه‌تیه‌و هه‌روا هه‌ولدانیان‌و هه‌نگاو هاویشتنیان بو ده‌رخستنی بلیمه‌تی‌و به‌هره‌یان •• خو روژنامه‌و گوڤاریش خوراكیكی چه‌ورو بی‌برانه‌وه‌یان لی چنگ ئه‌كه‌وت •

به داخه‌وه •• به تالی •• ئه‌لیم •• ئیمه‌ی •• ئیمه •• به جوریك

لەناو شەوەزەنگی نەزانین بی‌باکانە •• بە کویرایی کەندو کوسپی ژیان ئەبرین‌و ریگا بەرەو مردن ئەپیچینەوە بی ئەوەی بتوانین رەش‌و سپی لە یەك جیاواز بکەینەوە •• ، کە سەیرمان نەیەتەوە ئەگەر لەناو ئەو تاریکاییە ــ عزالدین ابراهیمی ــ منداله بلیمەتەکەمان‌و هەوالەکەی‌و هەزاران مندالی کوردی بەهرەداری‌تریش بزر بن •• و لەم دەریای نەزانین‌و بی‌باکیەماندا نقوم ببن •

شەقلاوە : مەم

---

## بەرهەمی نوی

بەشی دووەمی میژووی کورد‌و کوردستان دانەری ماموستای مەزن شیخ محمدی مەردوخ •

یاداشتی ماموستا رفیق حلمی بەشی شەشەم •

رشتەی مرواری بەشی سێیەم دانەری ماموستا علاءالدین سجادی •

ئەمانەو گەلی نوسراوی‌تر لەمانگی بەرنگ‌دا پیشکەش بەخوینەوارانی بەریز کران ، وە لای باوەرپیکراوەکان لەهەمو شاریکی کوردستان بەنرخیکی هەرزان ئەفروشریت •

# کارگەی چیمەنتو

نوسینی : عزیز

ئاشکرایە ژیانی میللەتیك چەند کولەکەیەکی تایبەتی رای گرتوە • پتەویو باش دارشتنی ئەو کولەکانە نیشانەی مانەوەو کامەرانی ئەو میللەتە ئەگەینی • وە لە لایەکی ترەوە پتەوی ئەو کولەکانە نیشانەی بزوتنەوەیەکی زانیاری پیروزە کە ئەو میللەتە پەیرەوی ئەکا • بو باس کردن نەبیت ناتوانین ئەم کولەکانە لە یەکتری جیا بکەینەوە ، چونکە وەك زنجیریك بە یەکتریەوە بەستراون وە یەکتریان راگرتوە • لیرەدا نامەوی لە چونیەتی ئەم کولەکانە بدویم ، بەلکو ئەمەویت باسیکی پیشەسازی بخەمە بەرچاو کە پەیوەندی بە یەکیك لەو کولەکانەوە هەیە ، ئەویش کولەکەی ژیانی ئابوریە • وە باسەکەش پروژەی دروستکردنی چیمەنتو ئەگریتەوە • ئەوەی هانی دام بو ئەم باسە ، بونی ئەم پروژەیەیە لە ولاتەکەماندا • وە هەمو ئەزانین ئەم چەشنە پروژانە کاریکی زور ئەکاتە سەر سامانی ولاتەکەمان کە چونیەتیو رادەی ژیانمانی راگرتوە • لەبەر ئەمانە نابیت لە هاندانو داواکردنی ئەم چەشنە پروژانە دوا بکەوین •

لەم باسەدا لە بەشی چون دروست کردنی چیمەنتو ئەدویم چونکە گەلی رووی تری هەیە کە دریژە بە باسەکەمان ئەدا •

پیش ئەوەی بکەوینە ناو جەرگەی باسەکەوە بزانین چیمەنتو چون دوزراوەتەو چون دەرکیان پی کردوە ؟ میژو پیشانی داوە کە بو یەکەم جار رومانەکان دەرکیان پی کردوە ئەویش بەهوی یونی ــ برکانی

فیزوزه ـ وه ، کاتی ووروژانی هەرچی گل‌و بەردو گەلیك معادن به شیوه‌یه‌کی تواوەی ئاگرین فری ئەداتە دەرەوه ، به دامرکاندنی ئەمانه هەمو سارد ئەبنەوه وه یەك ئەگرن ، چەشنه توپەله بەردیکی تایبەتیان لی دەرئەچیت • ئنجا ئەوانیش ئەو چەشنه بەردەیان هینـــــاوه هاریویانەو گرتویانەتەوه لەگەل ئاودا خشتیان لی‌دروست کردوه • بویان دەرکەوتبو ئەم چەشنه خشته زور قایم‌و پتەوەو توانای مانەوەی زوره ، وه لـــــه لایەکی‌ترەوه ئەلین له هەریمی ـ پورت لاند (Port Land) ـ لـــــه انگلترا چەشنه گلیك هەیه چەشنه خشـــــــتیکی زور قایم‌و بەهیزی لی‌دەرئەچیت • وه ئەم چەشنه جیاوازی هەیه له گەلی گلی شوینەکانی‌تری سەرزەوی • بەم هویەوه کیمیا گەرەکانی ئەو ناوه هەولیان داوه بو دوزینەوەی هوی ئەو جیاوازیه • ویستویانه ئەو گیراوانه ـ مرکبانه ـ بزانن که لەو چەشنه گلەدا هەیه لەگەل ئەندازەکەی تاوەکو به ئاسانی بتوانن له گل‌و بەردی جیگایەکی‌تر لەو خشته دروست بکەن • بەم جوره ناوی ئەم چەشنه گله بلاوبوەوەو ناوبانگی سەند • هەر چەندە دروست کردنی چیمەنتو له زور شوین دەست‌پی‌کرا بەلام بو یەکەم جار بەناوی ـ پورت لاندە ـ وه ناونرا •

پیش ئەوەی کارگەی چیمەنتوو جیگاو شوینی بو تەرخان بکریت پی‌ویسته لەسەر ئەو کەسانەی پەیوەندیان بەم باســــەوه هەیه وەکو ـ جیولوجیەکان‌و کیمیاگەرەکان ـ شارەزاییەکی باشیان له ســـەر ئەو هەریمه هەبیت • بو ئەمەش ئەبیت نمونەیکی زور له بەردو گلی ئەو هەریمه له گەلی شوینیەوه ئاماده بکەن بو پشکنین ـ فحص ـ تاوەکو

ئەندازەی کەرەسەکانی ــ مواد الخام ــ بدوزنەوە وە بزانن ئەو شوینە بە کەلکی ئەو پروژەیە دیت ! چونکە هەر شوینیك بەردو گلی لیبیت مانای ئەوە نیە بە کەلکی چیمەنتو دیت • پیویستە لە هەمو کەلو قوژبنیکی ئەم پروژەیە بکولریتەوە تاوەکو مایەپوچ دەرنەچین‌و بزانین رادەی قازانجی ئەو پروژەیە چەندە ؟ ئنجا ئەبیت دەست بکریت بە دانانی بەردی بناغەی ئەو کارگەیە •

من لە باسەکەمدا ناتوانم هەمو رووبەکی ئەم کارگەیە بگرم بەلکو تەنها لە بەشی چون درو ستکردنی چیمەنتو رووی کیمیاگەریەوە ئەدویم •

یەکەم هەنگاو ئەبیت بزانین ئەو کەرەسانەی چیمەنتوی لیدروست ئەکریت چیە ؟ چیمەنتو بە کورتی لە بەردو گل دروست ئەکریت • هەروەکو ووتمان ئەمەش ئەوە ناگەینیت کە هەمو چەشنە بەردو گلیك بوی ئەگونجیت • بەلکو کەرەسەکانی ئەبیت ئەندازەیەکی تایبەتی لــەم گیراوانەی خوارەوەی تیدابیت :

١ ــ بەردی کلس ــ کالسیوم کوربونیت ($CaCo_3$) ــ ٢ ــ بەردی ئاسن ($Fe_2O_3$) ٣ ــ ئوکسیدی ئەلمنیوم ($Al_2O_3$) ٤ ــ دوهەم ئوکسیدی سلیکون ($SiO_2$) ــ وابزانم کارگــــەی چیمەنتوی سەرچنار تا ئەم رادەیەی تیدایە ــ بەلام لە هەندی شوینیتر چەند گیراوەیەکی تری تیدا ئەبیت وەکو ــ ئوکسیدی مغنیسیوم‌و گیراوەی گوگرد ــ • دوری نزیکی ئەم کەرەسانە لە کارگەکەوە کار ئەکاتە سەر قازانجی پروژەکە •

ئەم کەرەسانە لە کانەکانیان ئامادە ئەکرین‌و ئەنیررین بو ناو کارگەکە•

ئنجا لیرەوە پیشانی ئەدەین کە ئەم کەرەسانە چی بەسەردیت تاوەکو ئەبی بە چیمەنتو وە بو ئەمەش هەریەکەیان بە جیا ئەگرین •

یەکەم : بەردی کلس ــ کالسیوم کاربوینت ــ زورجار ئەم بەردە ئەندازەیەکی ئەواوی لە ــئوکسیدی ئاسنیــ تیدایە وە ئەگەر ئەندازەکەی کەم بو بەردی ئاسنی تیکەلاو ئەکریت وەکو لە کارگەی سەرچنار بەکاری ئەهینن ــ لە دیی ئاسناوەوە بوی ئەهینن ــ • ئەم بەردە فری ئەدەنە ناو ئاشی بەرد شکینەوە (Crusher) وە بە چەند پشویەك ورد ئەکریت • ئنجا ئەنیرریت بو گەنجینەی تایبەتی خوی (Storage Hall)

دوهەم : بەردی ئاسن ($Fe_2O_3$) : چەشنی ریگای پیشــــو ئەگیریت بو وردکردنی ئنجا ئەنیرریت بو گە نجینەی خوی •

سیهەم : گل (Clay): بە زوری ــ ئوکسیدی ئەلمنیوم ($Al_2O_3$) و دوهەم ئوکسیدی سلیکونی ــ($SiO_2$)تیدایە ــ • ئەم گلە بە ئەندازەیەکی تایبەتی لەگەل ئاودا ئەگیریتەوە لە (Wash Mill) دا ئەبیت بە قوراوو ئەنیرریت بو گەنجینەی قوراو (Clay Silo) وە ئەبیت هەر سەعاتیك جاری نمونەیەکی لیبچیت بو ــ مختبر ــ بو .پشکنین ــ فحص ــ بو دوزینەوەی ئەندازەی ئاوو گلی • تا ئیستا بەم ئیشانە هەموی ئەوتری پلەی وردکردن (Grinding)

چوارەم : هەرچی بەردی کلسو بەردی ئاسنو قوراوەکە هەیە بە ئەندازەیەکی تایبەتی ئەنیرریت بو ئاشی هارین (Slurry Mill) باش ئەهارریت • ئەم گیراوانە کە تیکەلاو ئەبن پیی ئەلین (Slurry)

و ئەنیرریت بو گەنجینەی تایبەتی خوی Slurry Silo، • ئــــــەم ــ سلەریە ــ ئەبیت هەمو جاریك بپشکنریت ، وە ئەبیت ئەندازەی بەردی کلسەکەی بە گویرەی چەشنی چیمەنتوکە بیت بی‌کەمو زیادی • ئنجا ئەنیرریت بو حەوزیکی گەورە پیی ئەلین (Mixer) بو ئامادەکردنی بو سوتاندن •

پینجەم : لە ــ میکسەرەوە ــ ئەو لیتەیەی تیدایە بەهوی پالەپەستوەوە ئەمژریتو ئەنیرریت بو ناو تەنور ــ فرن ــ ی سوتاندن • وە ئەم لیتەیە بەهوی چەرخیکی کەوچك‌دارەوە ئەرژیتە ناو دەمی تەنورەکەوە • بو ئەوەی خیرایی رشتن (لیتە)کە بو ناو تەنورەکە بزانیت،لە تەنیشت دەمی تەنورەکەوە حەوزیکی پچوك هەیە پر ئەکریت لەو ــ لیتەیە ــ تا سەر لیوانی ئنجا بەر ئەدریتەوە ناو تەنورەکە ، ئەو کاتە ئەژمیرنو بە ژماردنیکی تایبەتی خیرایەکەیان بو دەرئەچیت ، وە ئەو خیراییە پەیوەندی هەیە بەسەر هەندی ــ کمیە ــ ی چیمەنتوی دروست کراوەوە •

پیش ئەوەی بزانین لیتەکە چون ئەسوتیت؟ توزیك لەسەر ئەو تەنورە ئەدویین • ئەو تەنورە لە شیوەی لولەیدایە ــ اسطوانی ــ دریژیکەی نزیك ١٠٠مەترو پانیکەی٥ر٣مەترە ئەبیت ــ ئەمیش بەپیی گەورەو پچوکیو توانای کارگەکە ئەگوریت ــ •

ئەو تەنورە بە خیراییکی تایبەتی ئەسوریتەوە ،هەندیکیان لە دەقیقەیەکدا جاریك ئەسوریتەوە ،وە ئەم سورانەوەیە پەیوەندی هەیە بەسەر ئەندازەی دەرهینانی چیمەنتوەوە خیرا سورانەوەی نیشانەی زور دروست کردنیەتی •

رووی ناو تەنورەکە بەخشـــــتی ئاگرین ـ الطابوق الناری ـ داپوشراوە ، وە بە دریژایی بە شیوەیەکی تایبەتی زەنجیرەیەکی ئاسنینی تیدایە بو کوتاندنی چیمەنتوکە بو ئەوەی بە توپەل دەرنەچیت •

لە دەمی خوارەوەی ئاگریکی بەتین ئەکریت بەناویا بو سوتاندنی چیمەنتوکە ، پلەی گەرمایی ئەو ئاگرە لە دەمی خواروی تەنورەکە نزیکەی ١٤٠٠ پلەی سەدی ئەبیت ، وە ئەم گەرمایی‌یە بەرە بەرە نزم ئەبیتەوە تا ئەگاتە نزیك ـ٢٥٠ـ پلە لە دەمی ژووروی تەنورەکەدا • تەنوریك لەم شیوەیەدا بیت نزیکەی ـ٣٥٠ـ تا ـ٤٥٠ـ تەن لە روژیکدا دەرئەکا • وە نابیت ئەم تەنورە لە ئیش‌کردن بوەستیت •

ئەتوانین ئەم تەنورە بەپیی پلەی گەرمایی بکەین بە سێ بەشەوە •

لە بەشی یەکەمدا دوا پلەی گەرمایی ئەگاتە ٢٥٠ پلە ، هەرچی ئاویك لەگەل کەرەسەکەدایە ئەبیت بە هەلم ، وە لە لولەی ـ دوکەل کیشەوە ـ بەرەو دەرەوە ئەروا •

لە بەشی دوهەمدا کە دوا پلەی گەرمایی ئەگاتە ٧٥٠ پلە ، بەردی کلس لیك ئەبیتەوە بو ـ ئوکسیدی کالسیوم‌و دوهەم ئوکسیدی کاربون لە شیوەی غازدا ـ ئەو غازە ریگای دوکەل‌کیشەکە ئەگریت بو چونە دەرەوە •

لە بەشی‌سیەمدا کە گەرمایەکەی ئەگاتە ١٤٠٠ پلە ، هەرچـــی گیراوەکان هەیە بەسەر یەکدا ـ ئەلکین ـ و لە ناو یەکدا ئەتوینەوە وە ئەبن بە یەك پارچەی بەردینی کە پیی ئەلین ـ کلینکر (Clinker)

به چەشنی کلو ئاگر لە دەمی خواروی تەنورەکەوە ئەکەویتە خوارەوەو ئەنیرریت بو شوینی ساردکردنەوە ٠

پاش سارد بونەوەی ئەنیرریت بو هارین لە ئاشی هارینی چیمەنتو (Cement Mill) لەگەل هارینیا بە ئەندازەیەکی تایبەتی بەردی گەچی ـ کالسیوم سولفیت ($CaSO_4$) ـ تیکەلاو ئەکریت ٠ چونکە ئەگەر بیتو ـ کلینکەرەکە ـ بە تەنها بەکار بهینین ، هەر کە ئاوی بەرکەوت گورج رەق ئەبیت وە یەك ئەگریت ، وە ئەمەش ئەبیتە هوی ئەوەی نەتوانریت ئەم چیمەنتویە بەکار بهینین ، بەلکو پیویستی بە ماوەیەك هەیە ، تاوەکو ماوەی بەکارهینانی هەبیت پیش رەق بونی ٠ پاش هارینیکی تەواو چیمەنتومان دەستگیر ئەبیتو ئەکریتە تورەکەوە وە ئامادە ئەبیت بو فروشتنو بەکارهینانی ٠

وە نابیت ئەوەشمان لەبیر بچیت ئەبیت هەریەك سەعات جـــــاریك نمونەیەکی لیوەرگیریت بو پشکنین وە زانینی پلەی سوتاندنی ٠ وە لیرەدا بومان دەرئەکەویت کە بەشی کیمیاگەری لەم کارگەیەدا وە لە هەمو کارگەیەکی‌تردا وەك بربرەی پشت وایە ، بی ئاموژگاری ئەم بەشە کارگەکە لە ئیش‌کردن ئەکەویت ٠ بەم جورە چونیەتی دروست‌کردنی چیمەنتومان پیشاندا ، هەرچەندە چەشنی ئیش‌کردن بە پیی چەشنی کارگـــــەو سروشتی ئەو شوینە ئەگورریت ٠ بەلام لە یەك کارگەدا ئەتوانریت چەند چەشنیك چیمەنتو دروست بکەن ، ئەویش ئەکەویتە ســـــەر گورینی ئەندازەی گیراوەکانی ٠ بەزوری دو چەشن چیمەنتو هەیە :

یەکەم : چیمەنتوی سادە Normal Cement) بە پێی ئەندازەیەکی تایبەتی دروست ئەکریت بو ئەو ئیشانەی زور پالەپەستو وە قورسایی‌و گەرمایی لەسەرنیە وەکو خانوو گەلی ئیشی سوك •

دوهەم : چیمنتوی نزم گەرمی (Low heat Cement) ئەم چەشنە ئەندازەی بەردی ئاسنی زیاترە لە بەشی یەکەم ، بو ئەو چەشنە ئیشانە بەکار ئەهینریت کە بو ماوەیەکی زور ئەمینیتەوەو قورسایی‌و پالەپەستویەکی زوری ئەکەویتە سەر وەکو پردی گەورەو بەربەستی ئاویکی زور بو دروست‌کردنی ئەستیلك وە لە گەلیك شوین چیمەنتوی سپی دروست ئەکەن ، ئەویش ئەندازەی بەردی کلسەکەی زیاترە •

پیش ئەوەی کوتای بە باسەکەم بهینم سوپاسی بەریوەبەرانی کارگەی چیمەنتوی سەرچنار ئەکەم چونکە یارمەتیکی دلسوزانەیان دام لە نوسینی ئەم باسەدا وە توانیم کارگەکە ببینم •


محـــامی

رشید طالبانی - بابەشیخ -

لە کویەو دەرەوە هـــــەمو

جورە دەعوایەك دەبینـــــی

( چ بیریك کاریگەرترە • چ بیریك ستەمترە لەوەی رۆژیك بە بەختیاری نیشتمانەکەت نەبینی )



سەربەستی بوتە لوتکەی مەبەسـتم
هەرچەندە جوانیو دیمەن پەرسـتم !
لـەتاو دیـلیە ئەندیشـە خورم
بیگریەم بەلام مـاتو زویرم
چونـکە ئاگری بلیسەو کینـە
بو کوشکی زوردار گورهەلتە کینە
هەتا کوردستان جیگای زوردار بی
پرر چقلو دارە ئەگەر گولزار بی !

# « بەشە بو کوردستانە » !

ـ کاکە شوان ـ

هیشتا کە ساکار ، نەفام ، منال بوم
ساوای ناو بیشکە : یا گروگال بوم
نیـگاری شاخو چەمو کیـوانت
شـەمالی سافی پەنارە کـانت
هەوای بیگەردی پاکـی بەهارت
گژوگیـاو خاکو خولی نازدارت

لوتکەی بەفرینی شـــــاخی خاڵخاڵت
پـــەررەی گوڵاڵەی کیوانـــــی ئاڵت

سەرچاوەی روونی لە کەژ هاتوە خوار
لە بەفری زستان ، لە لیزمەی بەهار !

بەکورتی هەرچیـــك لە تودا کە دیبم
هەرچی ســـــەرنجم لیدا هاتەریم ،

هەستی ناو کانی دلمی وروژان • • • • •
ئاوەنگی رووتی بە رووما پرژان • • • • •

* * *

چـــاووم کردەوە کویلەو هەژار بوی
خوینت ئەریژرا لەش برینـــدار بوی

چاووم هەلهینـــا زوربەی رولەکـــەت
ئەگەوزایە ناو خـــــاکو خولەکەت

ئـــەو روژەم نەدی تیـــایا بتوانی
سەرت هەلبرری بە شـــادمانی !

هەر ویرانە شار ، هەر پەریشان بوی
جی‌نیشتەی زولمو زورو زیان بوی !!

خەرمانی زیررت خاکت ســـەرانسەر
خەلاتی کی‌بوو ؟ ( بیگانەو نوکەر )

بەم جورە شیوەی تو بو کوردستان
گرمەی ئازادی لە بیرما هەستان

ئیستاش ریبواری ماندوی کاروانتم
پیش‌مەرگی هەقی بەرزی ژیانتم

* * *

ساوا بووم منال ، گەنج بم هەرزەکار
پەروەردەی تو بووم پەروەردەی ئازار !

بویە وا بەستەی گەرمی ئیمانم
جوشی دەروونم ، ئازاری گیانم

بەکول جارر ئەدا بو کوردەواری •
بو ناو جەرگەی شەو جەرگەی هەژاری •

چونکە دەمیکە برسین ، هەژارین
رەنج ئەدەین بەلام هەر بەش خوراوین

رەنجی چیی ؟ راستی رەنجی ( ئەمو ئەو )
هیوای مللیشمان چاوی چوتە خەو !

رەنجی خورایی خەباتی بی‌بەر
رەنجی هیلاکی لە ئەنجام بەدەر

هەنگاوی پەلەو بی‌سەرو بی‌شوین
نرخی بی‌پیواین بە عارەقو خوین

بـــــیرو باوەری پڕ تینی کوشـــــتین
دەریایە خوینی خوڕایی ڕشـــــتین

دەسا با وورد ببین ، سەرنجمان دووربین
تابلین کوردین ، مەردین ، نامرین !

هەر گـــەلی ویستی هەقــــی ژبانی
پیویستی بــــیرەو ، خوینەو ، قوربانی

قەومی ڕێی ڕاستی تیکوشین نەگری
بەدەم خـــــــەیالی خاوەوە ئەمری !

---



زانیوتە ؟

دارو تەختە بو هەموو پیویستیەکی ناومال و خانوو بەرە بەکار ئەهینریت تەنانەت کەشتیو بەلەم و هەموو جورە ئالەتیکی موسیقاشی لی دروست ئەکری ، داری ساج ، جاوی ، چامەوە معاکس هـــەموو جوریکی بە نرخیکی هەرزان لای (لاك عبدالحسین علی فەیلی)

دەست ئەکەوی ئەم هەلە لەدەس مەدە تازووە لەبەغداد لەشەقامی – شیخ عمر – بەتەنیشت دا ڕتاش‌خانەی ئەبو عەلیەوە بچورە دوکانی ژمارە ٥ب° – ١ – ٨٨ – لەوی بەئاواتی خوت ئەگەیت .

# لەدەوروبەری دانی
# مافی سیاسی ئافرەتانا



نوسینی : روناك

---

لە ژمارەی پیشودا بەبونەی دانی مافی سیاسی ئافرەتانەوە توزی دوام ، لەو قسانەی کە کردم ئەوەبو کە هیشتا بومان دەرنەکەوتوە ئاخو مافی سیاسی بەتەنها ئافرەتانی خویندەوار ئەدری یان بە هەمو ئافرەتان • بەلام ئیستا کە چونیەتی ئەم مەسەلەمان بو رون بودوە ئەمەوی کەمیك بەسەریا بیم ، بەلی ، وا ئیستا بومان دەرکەوت کە ئەو مافە بەس بە ئافرەتی خویندەوار ئەدری ، بەلکو لەوە زیاتر یشمان بو دەرکەوت کە زانیمان پاش هاتنی پارلەمانی تازە دەستوری ولات ئەگوری ، جا لەو دەستورە تازەدا دان بە مافی سیاسی ئافرەتانی خویندەوارا ئەنری • واتە مەسەلەی کورد ووتەنی وەختە بلیم ئەم دەنگی دانی مافی سیاسی ئافرەتانە بەخشە دەرچو ، هەرهیچ نەبی بە نیسبەت ئەم جارەوە ، چونکە جاری تا خول ـ دەورە ـ ی پەرلەمانی تازەش دوایی نەیەت یان حـــــەل نەکریتو

هەلبژاردنیکی تازە دەس پی‌نەکری ئافرەت بە خوینـــــــدەوارو نەخویندەواریەوە هەروەك جاران ئەمینیتەوە ئەو کاتەش تەنها بو ژمارەیەکی کەم لە ئافرەتان ماوەی سود وەرگرتن لە مافی سیاسی ئەبی ، چونکە لە عیراقا نیسبەتی خویندەواران پیاوو ژن لە ١٠٪ تی‌ناپەری ، وە لــــــەم نیسبەتەش پینج‌یەکیکی ئنجا ئافرەت بی •

وەك ئەنجامی پیشەکی سەر ژمیری‌یەکەی ئەم دوایی‌یەی عیراق پیشانمان ئەدا ، دانیشتوانی ئەم ولاتە لە ٦ ملیونو نیو زیاترن ، وە نزیکەی نیوەی ئەم ژمارەیە ئافرەتە ، جا ئەگەر بیین منالی نەفام لــــــەم ژمارەیە جوی بکەینەوە نزیکەی ٢ میلیون ئافرەتی وامان ئەبی کە تەمەنیان بو ئەوە دەس بدا کە بەشداری بکەن لە هەلبژاردنا ، وەك چون لە نیو میلیون زیاتر ئافرەتی وامان ئەبی کە بە پی‌ی یاسای ئیستای هەلبژاردن لە تەمەنیکابن بتوانن خویان دیاری بکەن بو نوینەری • بەلام ئەگەر بیتو وەك نیاز هەیە ئیش وا بروا ، واتە تەنها مافی سیاسی بە ئافرەتانی خویندەوار بدری ، ژمارەیەکی کەم نەبی لە ئافرەتان کەسی‌تر سود لەم دانی مافی سیاسی‌یە وەرناگری • لەبەر ئەوە لام وایە بە هەلەدا نەچووم ئەگەر بلیم ئەم هینانە ناوی باسی دانی مافی سیاسی ئافرەتانە لەبەر دلسوزی نەبو بو ئافرەتان ، بەلکو لەبەر هەندی نیازی‌تر بو ، لە هەمان کاتا ویسترا کە هەندی لە ئافرەتە گەورەکانی پی دەم چــــــەور بکری ، تا لەو توزە قسەکردنەش بکەون کە تا ئیستا ئەیان‌کرد لەبابەت حقوقی ئافرەتەوە •

لیرەدا هیچ بە پیویستی نازانم باس لەوە بکەم کە ئەبی لەبەرچی‌بی تەنها ئافرەتی خویندەوار مافی سیاسی خوی بدریتی ، چونکە ناراستی

ئەمە لەوە رون‌ترە کە بە لی‌دوین رون بکریتەوە • هەمو ئادەمزادیکی ساویلکە ئەوە ئەزانی کە وەنەبی پیاوانیش هەمویان خویندەواربن ، کەچی ئەوان حقوقی سیاسی‌یان بو خراوەتە سەر ۆاقەز ، هەروا لە دلی خویا پرسیار ئەکا ئەلی ئەبی جیاوازی بەینی ئافرەتی نەخویندەوارو پیاوی نەخویندەوار چی‌بی ؟ وە ئەبی بوچی ئافرەتی هەلگری شەهادەی جامیعەو کلیەو سانەوی لە پلەی پیاوی نەخویندەوارا بن • ئەگەر ئەوەشمان لەبەر چاوبی کە زوربەی ئەو ئافرەتە خویندەوارانەمان کە ریگای گەیشـــتنە پارلەمان‌یان بو بەرەللا ئەکری لەوانە نین کە هەستی راستی کومەلانی ژنان دەربرن ، وە لە هەندی نوینەرە پیاوەکان کە ئەوانیش هیـــــــچ چاکەیەکیان بو گەل لی‌ناوەشیتەوە • شتیکیان نەگەراوەتەوە ، بومـــــان دەرئەکەوی کە ئەم مەسەلەی دانی مافی سیاسی ئافرەتە بە دەسکەوتیکی تەواو دانانری ، وە پرە لە کەم‌و کوری ، وە زیاتر مەبەس لی‌ی سەر قال‌کردنی خەلکی‌یە تا ئەوەی حقوقی ئافرەت بدری ••

شتیکی‌تریش هەیە کە ئەبی زور باش ئاگامان لی‌بی ، ئەویش ئەوەتە بو ئەمروی ژیانی ئافرەت ، خویندەواری قوتابخانەو هەل‌گرتنی شەهادە ترازوی خویندەواری نیە ، ئافرەتی خویندەواری راستەقینە ئەو کەسەیە کە ئاگای لە هەمو نالەباری‌یەکی ژیانی خوشکو کچ‌و دایکانمان بی وە بزانی باری ئابوری‌و کومەلایەتی‌و خویندەواری‌و سیاسی‌مان چەند دوا کەوتوە ، وە چ ناخوشی‌یەکمان لە ری‌دایە • داخی گرانم زور هەست بەوە ناکەم کە لەناو ئافرەتە خویندەوارە رەسمی‌یەکانمانا ژمارەیەکی باش لەم چەشنە هەبی •

بەلام ئافرەتان وەنەبی بەم دابەش کردنەیان لەلایەن کاربەدەستانەوە ، بەراستی دابەش بن‌و دلیـــــان سارد ببیتەوە ، وەنەبیتیـــــش ئافرەتە خویندەوارەکانمان بەم – دیاری – یە لاکـــــەون‌و لی‌ی دانیشن ، ئەبی هەندی کەسیشن ئەوە بزانن هەولدانی ئافرەتان بو دەس‌خستنی هـــەمو چەشنە مافیکیان وە بو چون‌یەکی‌یان لەگەل پیاوانی برایانا لە هەمو ماف‌و ئەرکیکی سەرشانا وەنەبی لە ئارەزوی دەستەیەک‌و لە حەزی چەند کەسیکەوە هاتبی ، بەلکو حوکمی میژووەو ئەبی ببی‌و بشگا بە ئامانج • ئەمە هیچ گومانیکی تیانیە • ئیستا ئافرەتان لە بەریوە چونیانا بی‌کەس نین ، وەزعی سەخت‌و نالەبارە پر لە کەندو کوسپیان هەمیشـــــە ریگای راستیان بو رون ئەکاتەوەو فیریان ئەکا چون چاری راستی گیروگرفتەکانی ژیانیان ئەکری‌و خراپی وەزعیان ئەنجامی چیەو چاک بونی بە چیە ؟•

ئەمە واتە ، بەلام ئەمەوی ئیشارەتیکیش بەوە بکەم کە وەنەبی مەبەسم ئەوەبی ئەو توزە مافەی کە پیمان دراوە – یان ئەدری – بە هیچ دانری ، نەخەیر ، بەلکو تا ئەندازەیەک هەر باشەو بە سەرکەوتن لە پلەیەکی گەیشتن بو سەربانی کامەرانی تەواومان دائەنری • ئەوەی کە ئەمەوی خوشک‌و دایکانی بەریزم لە یادیان نەچی ئەوەتە کە دانی ئەم توزە مافە هەمو شتی نیە ، بەلکو وەکو مندالیکی نەبەکامی شەل‌و کویر وایە ، هەر ئەوەندەیە گیانی تیایەو مردو نیە !

من وا لەم مەسەلەیە ئەگەم کە باسم کرد ، جا بزانم بیری خوشک‌و دایکە بەریزەکانم چونە ؟•

# پیشکەش بە تویە نەسرین

خانەقین : ع • ق •

نەسرین بابسررین ئەسرینی پەستی
با چاو برریژین بە سورمەی هەستی

نیسگایە هەلخەین بە کوردستانا
بە کوردی عیراق ، تورکو ئیرانا

ئەو کوردستانەی کاتی هاتی بو
جوشی سەربەستیو دەسەلاتی بو

شوعلەی ئازادی روژ هەلاتی بو
هەر رولەیەکی شای ولاتی بو

میرو وەزیری بەراو بە تەدبیر
دەستی فەلەکیان ئەخستە زنجیر

شوانو گاوانی بە قەفی گوچان
ملی روستەمی زالیان ئەچەمان

کاوەی بەناوی بە چەکوش وەشان
میشکی شای وەکو زوحاکی ئەپژان
کیوانی سەرکەش سەر لە کاکەشان
داری بەرزی رم دەوەنی قەلغان

دوڵو دەرەی چڕ پڕ پڵنگی درڕ
پوزی قەد زەردەی شیروەک سفرە درڕ

داراو ئەسکەندەر سوپای جەنگیزخان
لەبەر سنوریا سەریان ئەنەوان

نەء نەسرین پەڕڕەی میژوی کوردستان
بام لوڵ‌کەین نەکەین باسی پیشومان

بەمن بەتو چی ئەو کوردستانە !
( نان ئەو نانەیە ئەمرو لە خوانە )

کوردستان ئەمرو بوتە گورستان
گوری خاوەن بیر چینی سەربەستان

وڵات بەش بەش‌و داگیر کراوە
ئاڵای سەربەستی لی‌زەوت کراوە

هەوارگای ویران پڕ لەدڕک‌و داڵ
بوتە هیلانەی واشەو قەڵو داڵ

چیای ڕەش‌و ڕوت بی دارو دەوەن
دوڵو دەرەی وشک بی پوش‌و پاوەن

شەوانی خاموش بی بەزم‌و ئاهەنگ
ڕوژانی ڕونی بوتە شەوەزەنگ

دەواری ڕەشی نەخویندەواری
بوتە زانستگای دیهات‌و شاری

نەخوشخانەی گەل یەعنی ـ موستەشفا ـ
هەر ـ میری سورە ـ و شەخسی ـ کانی با ـ

غولی هەژاری هەروەك سەگی هار
ئەسـوورریتەوە دەوار بە دەوار

بو تیکە نانی دەستە کچی جوان
بەرەو ریی خراپ ئەخاتە جولان
نەء ! نەسرین بەسە باسی ئیستەمان
هیچ دادی نیە فرمیسك رژان

رویبو رویوە ئیستەش ئاوایە
دوا روژیش لەدەس من و تودایە

وەرە پیکەوە ئەرروین شان بەشان
تا ئەگەینە ریی راستی تیکوشان
ناسرەوین هەتا کورد و کوردستان
ئەبەینەوە ریز گەلی سەربەستان

له کەرکوك

له کوگای عمر بیکەس هەمو جورە کتیبو
گوڤاریکی کوردیو روژنامەی ـ ژین ـ
دەست ئەکەوی .

# شوینی کومەلایەتی ژن لە کوردستانا (1)

## شاییو هەلپەرکی ، بەرگی ئالو والا

وەرگیر : ج • بابان

بیستم شایی ژنهینان هەیە لە مالیکدا لەقەراغ شار ، زور حەزم ئەکرد بیبینم بەلام بو ئەوەی کەس نەمان‌ناسیتەوە هەریەکـــــــە میزەریکی شال‌مان لەسەر کردو عەبایەکی رەش‌ماندا بە شان‌مانا •• حەوشەی مالە شاییەکە جمەی ئەهات •• زوربەی پیاوان دەستیان گرتبو هەلئەپەررین بە ئەلقەیەکی ناتەواو •• هەلپەرکی‌کەشیان بە لەراندنەوەی لەش بو پیشەوە ئنجا بو دواوەو راستو چەپ‌کردن بە پی ، هەندی جاریش پی تونگ داگرتن لە زەوی •• جارجاریش خوشی دلیان بە قریوەیەك دەرئەبری ، دەهولو زورناش لە ناوەراستیانا بو •• دوای

---

١ ـ بە کورتی لە یادداشتەکەی مستر ریچەوە وەرگیراوە • کلودیوس جیمس ریچ خوی ـ مقیم ـ ی حکومەتی ئنگلیز بو لە بەغدا لە سالی ١٨٠٨ بەدواوە تاکو • ـ٥ـ ی مانگی تشرینی یەکەمی سالی ١٨٢١ کە بە نەخوشی رشانەوە لە شاری شیراز لە ئیران مردو لەویش نیژرا • ریچ لە سالی ١٨٢٠دا گەشـــــتیکی کرد بە کوردستانی نیوەروی عیراقا بەرەو سلیمانی لەویوە بو کوردستانی ئیران نوسینی سەرەوە هەندیکە لە بەروبومی ئەو گەرانی روژی دوی تشرینی یەکەمی سالی ـ١٨٢٠ـی •

ئەوەی پیاوان دەستیان بەردا نزیکەی ــ٣٠ــ ئافرەتیک دەستیان گرت بە هەنگاوی لەسەر خوو وورد هاتن دەستیان کرد بە هەلپەرکی بە خو لەراندنەوە بو پیشەوە ئنجا بو پاشەوە ، هەمو خویان رازاندبوەوە بە بەرگی ئاوریشمی رەنگاو رەنگ • خشلیان لە خویان دابو هەموش روویان بە دەرەوە بو بەلام بیئەوەی هیچ جولانەوەیەکی وا پیشان بدەن کە بونی سوکی لیبیت • بە راستی دیمەنیکی جوان بو ، شتیکی تازەش بو بەلای منەوە ، چونکە تا ئیستا نەمدیوە ژن لە روژهەلاتا بەم جورە تیکەلاوی پیاو ببن بەبی پەچەو خو شاردنەوە تاکو ژنە عەشایەریشر لەناو عەرەبا بەم جورە خویان دەرناخەن ، تا بە ژنی تورك ئەگات ، تەنها ژنی پیاوە ناسراوەکانو پاشاکان خویان ئەپوشن ، ••• لەگەل ئەمانەشدا هەموی ئافرەتم نەدی لە ئافرەتی کورد بە حەیاو شەرمتر تاکو گەلیك لە ژنە تورك بە حورمەتترن •

شوینی کومەلایەتی ژن لە کوردستانا گەلی بەرزترە لە شوینی ژن لە تورکیاو ئیران واتا هەمویان بە یەك چاو سەیر ئەکرینو زور گالتەیان بە ژنە تورك دیت کە وەکو کویلە یاخود کەنیزەك وانە ••

چوپی شتیکی خوشە لای ئافرەتی کورد بویە هەریەکیکیان شوو بکات ئەوانیتر خویان پیشکەش ئەکەن بو خزمەت ، هەندی جاریش دیاری ئەبەن بو بوکی هەر بو ئەوەی نەختیك هەلپەررن (١) • چوپی

١ ــ نازانم ریچ مەبەسی خەنە بەندانە یاخود پویلانەیەء دە بەم هویانەوە ئەگەر دیاری ببری بو بوك ئەوە لەبەر خاتری توزە هەلپەرکیکە نیە بەلکو بو دوستایەتیو خوشەویستیو یەکیتیە •

هەر لە ـ سیرتو ـ ی ئەغریقی یا ـ رومیکا ـ ئەکات بەلام خوشیو جورەکانی کەمترە •

جلوبەرگی ژن لە کوردستانا هاوەل کراسی پانو کراسی فراوان کە پشتینیکی لەسەر ئەبەسریو بە دوو دوگمەی زیو یا ئالتون دائەخری لەسەر ئەوانیشەوە ـ کەوا ـ لەبەر ئەکری کە لە ئاوریشم یا چنراوی رەنگاورەنگ یا کوجەرات ئەبری ، لەژیر کەواشەوە سوخمە لەبەر ئەکری ، جگە لە لبـــادەو چاروکەش کە ئەوانیش لەبەر ئەکرین •

پارچە قوماشی ئاوریشم یاخود شالی رەنگاورەنگیش ئەبەستن بە سەرەوە زور بە ریکوپیکیو بە دەرزی قایمی ئەکەن بە جوریک پوپەکەی لەسەرەوە وەك تاج دەرئەکەوی •• گیزو گولونکەشی بە پشتا بەرئەدەنەوە تا نزیك پاژنەی پی ، ژنە دەولەمەندەکانیشیان ناوچەوانیان بە لاگیرەی پلپلەدار ئەرازیننەوە ، بەم لاولای کلاوە کانیشیانا رستە دورر بەرئەدەنەوە ، تەنها ژنەکانیان دەسمال ئەبەستن (1) ، ئەگریجەش زور بەرنادەنەوە بەلام زور خزمەتی پرچ ئەکەن کە بەسەر هەردو شانا بەری ئەدەنەوە ، جلی ژنە لادێیش کراسو دەرپێی لە قوماشی شینو چاروکەیە ، سەریشیان بە کلاویکی بچوک ئەپوشن •

سەروی کلاوی ژن زور قورسە لەسەرکردنیشی ئەزیتی زورە تا ئافرەتەکە پیوەی رایەت ، زور جاربش توکی سەریان

---

١ ـ واتا کچ دەسمال نادەن بە شانا •

ئەروتینیتەوە ئەوەی کە بروای پی‌ناکری ئەلین ئافرەت بەم پیچەوە ئەنون ، خشلیان بەزوری ئالتونە ، هی هەژارەکانیش زیـــــو .

بەرگی پیاو بە تەواوی لە بەرگی تورکەکان ئەکا چ لە جورو چ لە قوماشا زور کەمیشیان ـ پاشاو منالەکانی لی‌بکە دەرەوە ـ چوغە یاخود جبەی شال لەبەر ئەکەن . پیـــاو لە ناوەراستا پشتینیک ئەبەستی کە بە ئەلقەی زیو یا ئالتون یاخود بە بەردی گرانبەها رازابیتەوە ، لەسەر ئەمەشەوە عەبا لەبەر ئەکەن ، ئەوەی کە کوردیش بە تایبەتی لەبەرگیا جوی ئەکاتەوە کیش‌و هەوریەکەیەتی کە تیکەلاوە لە رەنگی زەردو سورو شین بە خەتی زیوین‌و زیرینەوە ئەم لاولاکەشـــــی بەرئەدەنەوە ...

## تولەسەندن

ـ بیر کردنەوە لە تولەسەندن بخەرە دوای هەمو شـــتیکەوە ، بەرامبەر بە دوشمنەکانت دل‌نەرم‌بە ، بە کردەوەی باش‌و خوو رەوشتی بەرزت بە سەریانا سەرئەکەوی ،

شکسپیر

# ئۆپەرێتی خوشکو برایێک

ـ ج • دانا ـ

بیستون :

گیانەکەم ـ پەخشان ـ لەبەرچی پەستوغەمباری ئەتو
چاوت لی‌یە لەم دەروو دەشتەی ســـروشت داویە بەتو

نێرگسی بون‌خوشی جوانو ئەرخەوانی مورو ســـــەوز
وا گولالەش دەستی پی‌کرد یادی شوخی بی (وەنەوز)

شوخی مەردی میللەتی کوردن کـــە هەرگیز نامرن
چاوت لی‌بوو چون بەرەو (سیدارە) ئەتووت ئاگرن •!

بی‌ئەوەی هیچ سل بکەن بو قەومی کورد هەلواسران
دەم بە خەندە••دەست بە چەپلە••بانگ ئەکەن (یا نیشتمان) •؟!

نیشتمانت زور تەواوە ، هیچ کەمو کوری نیـــــــە
پر لە ـئالتونی رەشە ـ بو ئاسنوو زیوت نیە ••؟

شاخوو دولت گشتی سامانە ، فەررە ، بو قەومەکەت
نایەلم شــــالاوی بوبیت •• من ئەســــینم تولەکەت

پەخشان :

روحەکەم بیستون بلیم چی ، وا هەمومان پەستو دیل
ئەم هەوا خوشەی وولاتم•دوای ئەوەش وا دەردو سیل

هاتوه ، میوانه لامان ، گشت کەســـــوکارم نەخوش
چون ئەبی من پەست نەبم ، یا دایما نەگریم بەجوش ؟٠

بوچی نازانـــــم که هەردی نیشتمانه جوانەکــــەم
پرر له سامانو فەرره ٠؟ بو کی‌یه گشت سامانەکەم ٠٠؟

من که سەر رووتو (پەتی) بم ، سەروەتم بو خوم نەبیت
بو بژیم ٠٠؟ بیگانه بمبات ٠٠؟ با ژیانیشم نەبیت ٠٠!

بیستون :

چاوەکەم پەخشان ، بزانه :ــ ئەو کەسەی خوین ئەمژیت
ناوی نامینی بەجاری ، ( کاسه پربوو ئەرژیت ) ٠٠!

میللەتی کورد ( توله ) ئەسینی ، بەبی ترس شەر ئەکات
چونکه ئاوی کاسەمان پر بوو له زووخاو٠٠سەر ئەکات

گیانه مەگری ۆا (سبەی) دی ، پر له گالتەو پی‌کەنین
دوور له شەر (خواکانی شەرر) یەك یەك بەبی ترس سەربرین

بینه دەستت با بروین پەخشان ، بلین ئاوازی خوش
بولبولی نازدارو ٠ ٠ ٠ نیرگسو گول بینــــه جوش

پەخشانو بیستون بە جوته :

وا ئەروین خوشـــــکو برا هاوار ئەکەین بو لاوەکان
کوان ٠؟ وەرن ٠! نوبەی خەباته قەومی کوردی قارەمان

دوو فەرەنجی لەبەر :

دوو کەسین پیش‌مەرگی کوردان ٠٠ یەك :ــ نەوەی کاوەی دلیر
دوو : نەوەی پیشمەرگی ئازایه ( صلاح الدین ) ی شــــــیر

# نەوروز لە لەندن ـ ئینگلســـتان

لە ( سکرتیری لقی ئینگلستان ، کومەلی زانستی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا) وە ئەم نامەیەمان بو هاتوە بو بلاو کردنەوە لە گوڤاری هیوادا باسی ئەو ئاهەنگە ئەکات کە بە بونەی جەژنی نەوروز، جەژنی بەهارو ئازادی ، جەژنی گەلی کوردەوە لە شاری لەندەن پیکهینراوە • وە لە نامەکەیا ئەلی :

لە ئیوارەی روژی شەمە ، دووی خاکەلیوە ٢٥٧٠ (٢٢-٣-٩٥٨) لە لەندەن کومەلەی زانستی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ـ لقی ئینگلستان ـ ئاهەنگیکی گەورەی پیکهینا بەبونەی جەژنی سەری سالی گەلی کورد ، جەژنی بەهارو ئازادی ، جەژنی • نەوروز !

دووان لە شـــــش ئامانجە بەرزەکانی کومەلـــــەی زانستی خوشەویستمان : ( گەیاندنی زانستیو چونیەتی گەلو وولاتی کورد بە جیهان ) ، وە ( ئاشنایەتی پەیدا کردن لەگەل کومەلە خویندکارانی بیگانە وە یارمەتیدان لە گەلیاندا ئەوەندەی ئامانجو کەلکیان ریگا ئەدا! ) پیویستیکی ئەوتوی خستوتە سەرشانمان کە لە هەمو هەلیكو ریکەوتیکدا هەول‌بدەین بو ئەوەی ناوی خاوینی کورد بە جوریکی راســـتو پاك بلاوبکەینەوە •

لقی کومەلەی زانستیمان لە ئینگلستان دەمی بو خستبویە پیش‌چاوی کە نەوروز هەلیکی ئەوتویە بو بەجی هینانی هەندی لەم ئەرکانە ، لە

وولاتيك‌دا كه زور كه‌م دووراو دوور ناوى كورديان بيســـــتوه ، پروپاگه‌نده كردن بو كورد زور پيويسته ، خو ئاماده بونمان بو ئاهه‌نگى نه‌وروز هه‌نگاوى بو له‌م پيناوه‌دا • پوسته‌ر ـ اعلان ـى گه‌وره به بونه‌ى نه‌وروزه‌وه ـ به‌ناوى كومه‌له‌ى زانستيمان ـ له گه‌لى زانستگا ، يانه ، جيگه‌ى كومه‌لانى خويندكارانى بيگانه وه جيگه‌ى خه‌لك كوبونه‌وه هه‌لواسرا دوو حه‌فته له‌پيش ئاهه‌نگه‌كه‌دا ، هه‌روه‌هـــا به‌م بونه‌يه‌وه كومه‌له‌كه‌مان بو يه‌كه‌م جار خوى خسته پيش چـــاوانه‌وه‌و خوى پيشكه‌ش به ( ٢٥ ) كومه‌لى خويندكاران له ـ له‌نده‌ن ـ كرد به ناردنى نامه‌ى تايبه‌تى بو بانگ‌كردنيان بو ئه‌م ئاهه‌نگه ، هه‌روه‌هـــا كارتى بانگ‌كردن به‌ناو گه‌لى كه‌س‌دا بلاو كرايه‌وه ، به‌م جوره هه‌ليكى ئه‌وتو ريك‌كه‌وت بو خويندكارانى كورد كه ـ چيروكى ـ كورد بو خه‌لك بگيرنه‌وه •

له ئيواره‌ى روژى شه‌مه ( ٢ / خاكه‌ليوه / ٢٥٧٠ ) له هولى ـ مهاتما غاندى ـ له ـ له‌نده‌ن ـ نزيكه‌ى ١٥٠ ميوانى عه‌ره‌ب كورد ، ئينگليز ، هيندى ، پاكستانى ، ئه‌فريقى ،به‌خير هاتن كران وه هه‌ر يه‌كه گوليكى نه‌رگزيان پيشكه‌ش كرا ، هوله‌كه به گولى نه‌رگزو گولاله‌سوره‌و به گه‌لى ديمه‌نى جوانى كوردستان رازينرابوه‌وه ، پروگرامى ئيواره به گورانى نه‌وروز ده‌ست پى‌كرا ، ووتاريكى به نرخ له‌بابه‌ت كوردو كوردستانه‌وه به ( ئينگليزى ) هه‌روه‌ها گه‌لى گورانى كوردى پر لـــه ئاوازو خوش وه چه‌ند هه‌لپه‌ركى‌يه‌كى جوانيش پيشكه‌ش‌كرا ، هاتوان زوريان پى‌خوش‌بو ، نوينه‌رى كومه‌له‌ى خويندكارانى عيراق ئه‌مثيلى

چوارسەد خویندکار ئەکات ، هەروەها سەروکی کومەلەی خویندکارانی عەرەب ـ تەمثیلی هەزاران خویندکاری عەرەب ئەکات ـ و سکرتیری کومەلەی ئەفریقی ، هەمو ووتاری بە نرخیان پیشکەش کرد ، لـــە ماوەیەکدا شـــیرینیو خواردن بلاوکرایەوە •• ئاهەنگ بە گورانی ـ کوردستان ـ کوتایی هات •

میوانەکانمان ئیوارەیەکی خوشـــیان رابواردو زوریان لە بابەت ـ کورد ـ ەوە دییو بیست ، ئیمەش ـ گەنجانی کورد ـ زورمان پیخوش بو بە سەرکەوتنی ئەم ئاهەنگەو یاد کردنەوەی جـــەژنی پیروزەوە •

## میژوی کوردو کوردستان

بەرگی دوەم لە میژوی کوردو کوردستان پیشکەش بە خویندەواران کرا ، لای باوەرپیکراوەکانی گوڤاری هیوا بە نرخیکی هەرزان دەست ئەکەویت تا زووەو تەواو نەبوە دانەیەك بکرە ، فریاکەوە •••

# قرچه قرچا ئاگریت گەش

ــ کەرکوک ــ حزیران سالا ١٩٤١ صالح یوسفی

ــ ١ ــ

گوریا ئاگری ته سوتم ــ کەرکوک ــ
ئاخینـــك بونه تی گیزان وچـــەقوك
هزر خەونـــین ســـەرکره زڤروك
هزار مخـــابن بویه رەش چیروك

ــ ٢ ــ

پەریا وەلاتـــی رەڤـــاندی بزوررى
هەمی لته جەمیان ژته بەردان قوررى
خەنی و حەمەر بون خو لته گوهوررى
بومه خودانا هیـــلا سەر شوررى

ــ ٣ ــ

بەر چار کنارا ئاگر تەیســـین
ئەم بتنی ماین بی هیلینکو لیســـین
هەستی ڤـــەروتن خین هەلریســـین
نەشـــین چی بیژین نەچی بنڤیســـین

ــ ٤ ــ

دەستەکی چاڤیت پر خین ڤەد مالم
دەستی دی ــ ئاخا ژ سینگی دمالـــم

هندی زڤـــرم بی وەلاتو ومالـــم
بو ڤـــان تالانیت بها کـــیر دنالم

— ٥ —

ئاخ مالشت هیشتا مەست و هیر نەبون
کەله پـــیرد کیمن تژی زیر نەبون
زکی وەلاتی درانـــد تـــیر نەبون
ما ڤی جهی ویران چی میر نەبون !؟

— ٦ —

دوتن گوهـــانیت وەلاتی هەمیـــا
جوبار دەریژبون بو دەریا و گەمیـــا
تاری وژاری لـــه خودانا جەمیـــا
ئاگری ســـەپانی جەرگی مەقەمیـــا

— ٧ —

ریباریت زیرین تین وچن بی ترس
نه گازی وهەوار نەچی تول وپرس
مەچاندن درین تـــاو حولی وبرس
نەهشـــی ودینیو شەرمی وحیزیا قورس

— ٨ —

ڤیری و لویراهه کانیـــا بلقینـــه
ســـیپەلیت زیرین ڤیریان شلقینـــه

— ٤٦ —

هەمی پی مەست بون دەستا چەقینـــە
کــــریا خودانا تـــەقو رەقینـــە

- ٩ -

جهی وەلاتی من بو زورخــــانە
هەمیا ڤەکیشـــــان بارو بارخـــأنە
بدلی خو دانان خیـــــــکو کارخانە
کوردســــــتان کرە گوڤ وژارخانە

- ١٠ -

تەرش وتالانا هــــــــەر دەم گزگزە
کەس نەشـــــیت بیژیت نی ئەڤە دزە
خوها خدانا ما یـــــــا بی مزە ؟
ما هیژ بەس نینە ئەڤ تەنی وکـــزە

- ١١ -

وەلات تارینــــــە بی هـــــەیقو روژن
دەمی پیڤـــــەمان خـــــیرکو نوژن
خینو هەســــــــتیا دمیژن دقەروژن
سەر گوری جهی شەمالکیت سوژن

- ١٢ -

ئاگر لە سینگی شـــــــاراندو هەلکر
تژی بزوتو پەلو شـــــــخەو پەلکر
- کەرکوك - دەلال پیوانو خەلـــکر

بەزی هنـــاڤا جەماندو حەلـــکر

- ١٣ -

دینیت جەهی مە ئاگە ژ تە نینـــــە
بونە پێ ترانك هەرماند ژینــــە
نە خو دنیاسن نە د زانن کینـــە
خودانیت دل سوز ئەزمان برینـــە

- ٤ -

دی رابن بەســـــە خورتیت نڤستی
وەلاتی کەتی خینـــا لی رســـتی
دەردا نە هشکر دەڤی قەرســـــتی
بەسە سەپانی سەر شوری وســـــتی

---

دوو بەنگ کیش

ـ یەکەم : ئەوە کوانی سیدارەکەم ؟
ـ دوەم : ئەوە نیە بە دەستتەوە •
ـ یەکەم : با ، ئەی تاکەکەی‌تری ؟

# شتی تازەی دوزراوەی پزیشکی

## لە گوقاری « العلوم » ەوە وەرگیراوە

**١ ـ ئایا پزیشکەکان دەستیان کردوە بە وازهینان لە کیشانی جگەرە؟**

گوڤاری ـ تایمسی پزیشکی ـ پرسیاری لە ٢٢٢٢ پزیشك کرد لەبابەت جگەرە کیشانەوە دی کەوا ١٧٪ لەوانەی کە جگەرەیان ئەکیشا لە سالی ١٩٥٢ وازیان لی‌هیناوە وە ٣٪ لەباتی جگەرە سیغار یان نیرگەلە ئەکیشن وە ١٤٪ روژ بەروژ جگەرە کەمتر ئەکیشن وە ٦٦٪ هەر لەسەر رەووشتەکەی جارانیان ئەرون •

ئەوانەی کە وازیان لە جگەرە کیشان هیناوە ، یان لەوەوە نیرگەلەو سیغار ئەکیشن وەیان لەجاران کەمتر ئەکیشن ئەلین ترسی نەخوشی ـ سەرەتان ـ ئەمەی پیکردین •

و هەروەها پرسیاریشیان لی‌کرا : ئایا بروا بەوە ئەکەن کەوا پەیوەندیك هەیە لە مابەینی جگەرەکیشانو نەخوشی سەرەتانەوە تا رادەیەك کە هاینان بدا بو ئیقناع کردنی نەخوشەکانیان بو ئەوەی واز لە جگەرە بینن ؟

٣٢٪ یان وەلامیان ئەمە بو ـ بەلی ـ •

**٢ ـ قەلەویو عومر دریژی :ـ**

دوکتور ـ جولیوس بومیرانتز ـ ئەلی کە وا قەلەوی هیچ کاتیك

نابی به کوسپ له ریی دریژ بوونی عومرا ، وه لەو دیراسەیەدا کـــه کردی بوی دەرکەوت که وا ١٩٪ له مەجموعی ١٢٠ نەخوشدا عومریان ٧٥ سالی تیپەر کردووه ، لەگەل ئەوەشا قەلەوییان زور پیوه دیار بوو وه که پرسیاری لی کردن بوی دەرکەوت کەوا تەنها ــ٢٥ــ کەسیان قەلەو بوون هەر له گەنجییەوه ، وه هەمو جوره خواردەمه نی‌یەك که حەزیان لی‌کردووه خواردوویانه •

وه هەروەها دوکتور ــ بومیرانتز ــ ئەلی هەرچەندە کەوا قەلەوی شتیکی باش نی‌یه بەلام ئەبی ئەوەش بزانین که لاواز بوونی مرووڤ چەند جاریك وه کەم‌کردنەوەی وەزن مردن نزیك ئەکاتەوه لەو کەسه له بریتی ئەوەی دووری خاتەوه لی‌یان • بەلام خەفەت‌و ئەو شتانەی که زیان ئەگەیینن به لەش نیمه ــ خەتەره ــ بو ئەوانەی چەند جاریك قەلەوییان دیوه بەخویانەوه لەوانه که هەر له ئەزەلەوه قەلەو بوون‌و لەسەر ئەو قەلەوی‌یه ماونەتەوه ••

٣ ــ کوێریك به جیهازی ئەلکترونی ئەبینی :ــ

دوکتور ــ جون باتون ــ له ساوث ئورانج ، له شاری ــ نیو جیرزی ئەمریکی ــ توانی که وا له ژنیکی کویر بکات که هەندی روشنایی ببینی بەهوی جوولاندنی هەندی له حوجەیراتی میشکی به شەپولی کەهرەبائی • وه ئەو ئافرەتەش له تەمەنی سیوپینج ــ٣٥ــ سالیدایه ، وه چاوی له تەمەنی هەژده ــ١٨ــ سالی‌یەوه کویر بووه به هوی ئاوساندنی رەگی بینینیەوه •

وه دوکتور بانون ئەلی کەوا زانیاری ئەتوانی ئەم جیهازه ریك بخات له ماوەی پینج سال‌ترا تا رادەیەك که بتوانی گشت نیگاریکی راستەقینه بگوری وه بیکا به شەپولیکی کەهرەبائی هەروەك رادارو تەلەفیزیون ، وه ئەلی کەوا ئەم جیهازه ریکخراوه یارمەتی ئەو کویرانه ئەدا کـــــه مەرکەزی بینینیان له میشکیاندا تووشی ئازاریکی قوول بووه •

## هـــەوال

له یانەی وەرزشی سلیمانیەوه بەشی یاریکەرانی تیپی پی روژی ٢٨-٤-١٩٥٨ هاتن بو بەغداد لەگەل تیپی یانەی برا کوردە فەیلیەکانمانا یاری‌یان کرد ، لەم یاری‌یەدا تیپی برا فەیلیەکان بەسەر تیپی سلیمانیدا سەر کەوتن ، بەرامبەر به گولیك دوو گولیان لی کردن •

وه تیپی وەرزشی سلیمانی دوو شەو لیره مانەوه لەم ماوەیەدا به شەوو به روژ برا فەیلیەکانمان میوانداری‌یەکی زور باش‌و بی هاوتایان کردن که ئەمەش له لایەن هەموو کوردیکی دلسوزەوه شــــــایانی سوپاس‌کردنه ، وه ئەخوازین ئەم برایەتیەو خوشەویستەمان تا سەربیت •

# كــــوری روژ

جـــــەلال جوبار[1]

ئەی كوری روژ توی كەدەم دەم ئارەزوی باریك ئەكەی
كاتی دلداری لەهەرســــــانی لەگەل یاریك ئەكەی

* * *

چەشـــــــنی رەنگارە بەئەنواعی‌تەرز دەرئەخـــــــەی
هەردەمەی بەرگیك ئەپوشـــــیو جورە رەفتاریك ئەكەی

* * *

كەس نەبو رەنگت بزانی زەردی سوری یارەشـــــی
كاشكی ئەم زانی چیە رەنگت لەچون ماریك ئەكەی

* * *

گاهی دەرویشی بەزەرگو دارعەســــــاو كەشـــــكولەی
گاهی جەردەو ری‌گری تالانی بیچـــــــاریك ئەكەی

* * *

سەردەمی بەرمال بەشانو زاهدی حەی حەی ئەكەی
گاهی شەللاتی بەروژو شەو دزیی شاریك ئەكەی

* * *

دوستی گورگی کاتی گوشت خواردن بەچەپلەو ئافەرین
رووئەکەیتە لای شوانیش چەشـــــنە هاواریك ئەکەی

* * *

گاه لەمزگەوت سەربەمەندیل بانگدەری سەرگومبەتی
گاه لەمەیخـــــانە بەیالیلی عجیب کـــــاریك ئەکەی

* * *

بوبەدی هینـــانی گشـــــــت ئامانجیکت بلویر ژەنی
لی ئەدەی هەردەم بەنەزمیو مەدحی سەرداریك ئەکەی

* * *

داخەکەم پەردەی نەزانی عەیبی توی شـــــاردوتەوە
بویە توش هەر روژە وا پەیرەو بەبریاریك ئەکەی

## پیشینان ووتویانە :ــ

ــ وەکو نیسك وایە بەروپشتی بو نیە •
ــ لە حەوت ئاوی داوە قولەپیی تەر نەبوە •
ــ شەریکی دزەو رەفیقی قافلە •
ــ دروزن هەر جاریك ناشتا ئەکا •

## نمونەی کوردی پەتی

# کـــوتۆلی

نوسینی : محمد مصطفی کوردی : سلیمانی

کەسیك کە لە بنەرەتا وەك بەرگیکی ئاوداماں خوا کولولی بە بەربردی بیت هەرچی بکات وە خوی بە دارو بەردا بدات هەر کولولە ، وە خوشی بیو ترشی بی ئەبی هەر کولولبیت وە ئەبی هەتا مردن لەژیر باریا بنالینیو پشتی ریشو شانی جدەو بی وە تەنانەت دەستبداتە زیرر بوی ئەبی بە خول ، سا مەگەر خوا ئارەزو بفەرمویت کـــە ئاوریکی لیبداتەوە ـ پەنا بەخوا ئەو کالایە خوا بە بالای کەسی نەبریت ـ •

یەکیك لەم کولولە زکماکانە کاك ـ هەیاس ـ ناوبو • ئەم هەیاسە پیاویکی دلو دەرونو دەمو دەست پاك بو ، بشتکوشتایە چاوی لــــە ناپیاویو نامەردییەوە نەبو ، لەگەل ئەوەشا چاوی لە دەستی کەسەوە نەبو ، هەر ئەیویست بە رەنجی شانو قولی خوی بژی وە چاولەبەری کەس نەبی ، بەلام چیبکات ؟ نان سوارەو ئەم پیـــادەیەو بەدنەی کولولی بەسەرا کشاوە ، لە هەر قوژبنیکی ژیانەوە تیوەئەچی بو نان پەیاکردن وەك ماسی لەژیر چنگی هەلئەبلوقیتەوەو رائەکات •

دەمیك ئەبو بە شاگرد مسگەری گەروك کە ئەچنە دەرەوە بو ناو دیکانیو کوچەرییەکان بو قاپی مسین پاككردنەوە کە ئەچونە دییەك یا خیلیك لە مزگەوتی دی ، یا لە دیواخانی کویخا دائەبەزین وە موشەدەمەو تفاقی کاریان ریك ئەخست ، ئنجا وەستای پیی ئەووت :

هەیاس ! هەستە برورە ناو ئاوایی‌و هاوار بکە : هەر کەسیك قاپی هەیە بیت بوی سپی بکەینەوە ، ئەمیش بە شەرمیکەوە مـــــــلی ئەنا بەلاوە ئەی‌ووت : ــ ئاخ وەستاگیان ! چی‌بکەم ؟ خوم هەمو زاتم نیە ــ • وەستای ئەی‌ووت : « کورە ئەوە ئەلی‌ی چی ؟! ئەمیش ئەی‌ووت : « وەستاگیان ! بەخوا زور ئەترسم لەوەی کە بچمە ئاوایی‌و سەگ بمگریت • وەستای ئەی‌ووت : « کەتو ئەوەندە بی‌بررشت‌و ترسنوکیت ئەی بو منت دەست‌شکین کرد ؟ وە هاتی لەگەلما ؟ کوری باوکم ! بەخوا من دابەستە راناگرم ، ها ئەوە چوارقرانی دوینی‌و ئەمروت ! بگەریرەوە خوات لەگەل ، ئەمیش بە ناهومیدی ئەگەرایەوە تا ئەگەیشتەوە شـــار پیلاوی بە پیوە نەئەما ، وە تا ســـــێ‌چوار روژ کفت‌وکوی ئەندامی نەئەنیشـــــتەوە •

جاریکیش ئەچو سێ‌چوار قرانیکی ئەدا بە شیلم یا چەوەندەر یا کەنگر ــ بە پی‌ی کات ــ وە ئەی‌کولاندو ئەی‌کردە سەبەتەیەکەوەو هەلی‌ئەگرت‌و ئەی‌گیرا بەناو شاراو هاواری ئەکرد • لەگەل ئەوەشا کە زور پاكو چاکی کولاندبو کەچی ئەوەندەی بو نەئەفروشرا کە مایەکەی بگریتەوە ، ناچار ئەهاتەوە خوی‌و خیزانەکەی ســـــەریان تی‌ئەکردو ئەیان‌خوارد •

کاتیکیش ئەچو هانای ئەبرد بو وەستایەکی گـــــلکار ــ بەنا ــ لەگەل خویا بی‌با بو کار ، بەلام لەبەر ئەوەی کە کارکردن پیشەی نەبو نەی‌ئەتوانی باش هەلسوریت ، لەبەر ئەوە خاوەن

کارەکە بە وەستاکەی ئەووت : بەیانی ئەم کابرایە مەهینەرەزە چونکی زور تەمەلو تەوەزەلە •

ئەم کەساسە چارە رەشە هیچ شتیك نەما کە نەیکات کەچی هەر بوی نەئەچوە سەر • لەدوای چەند روژیك توریکی گەورە ـ کە بو راوکردنی پەلەوورو بالندە بەکار ئەهینری ـ لەگەل حەشاریکی گەرولو پرر تورەکەیەك پوچەکی گەنمو جوی پەیدا ئەکردو ئەیدا بە شەپکی شـــانیاو رووی ئەکردە دەشت ، تورەکەی وال ئەکردەوەو پوچەکەکەی لەسەر بلاو ئەکردەوەو پەتیکی ئەخستە پزوی تورەکەوەو خوشی ئەچوە ناو حەشارەکەوەو هەناسەی لە خوی ئەبری ، ئاهی نەگرفتە ئەگەر پەلەووریك یا دوانی تیبچوایە پەتەکەی رائەکیشـــاو ئەچو ئەیگرتن وە ئەیهینانەوەو ئەیفروشتن ، وە بەوە بە کولەمەرگی ئەژیا •

روژیك لە روژەکـــانی راویا ریی کـــەوتە بەردەمی ئەشکەوتیك ، کە روانی کوترە کیوی زوری تیایە ، هـــات تورەکەی داناو خوی حەشاردا زوری پینەچو پول پول کوتر ، مرووکانە پوچەکەکە ، ئەمیش پەتەکەی راکیشا ، کە روانی وا کوتری ئیجگار زوری پیوەبوە ، لە خوشیا سەرسام وە دەستی ووشك بو ، وە نەیئەزانی چیبکا ؟ کوترەکانیش لە ترسا دەستیان کرد بە هەلفر هەلفرو پەلەپروزە • لەناو کوترەکانا وەکو کوتریکی ژیری دانایان تیابیو پییان بلی :

پەلەپروزەی بی‌سود مەکەن ! لەباتی ئەوە هەمو بەجاریك توند خوتان بدەن بە تورەکەداو بی‌پچرن‌و لەم دیـــلی‌و کوژرانی تیکرایی‌یە خوتان رزگاربکەن ، بەراستی بە تەکانیکی تیکرایی تورەکـــــەیان لەت‌و پەت کردو دایانە شەقەی بال ، ئنجــــا کاك هەیاس دوو ئەوەندەی‌تر واقی وورماو بەبی روژی‌و هەناسەی ساردی گەرایەوە • لەگەل ئەم هەمو کولولی‌و هەژاری‌یەدا کاك هەیاس ئیستاش نەبەزیوە ، وە هەمیشە لەگەل بەخت‌و ناوچەوانیا ئەجەنگی‌و بی‌ووچان لە هەولدایە ، سا یان کالای کولولی لەت‌و پەت ئەکات لەبەریاو پشویەك ئەدوا هەناسەیەکی حەساوەیی هەلئەکیشی‌و بەختی نوستوی لەخەو هەلئەستینی ، یان بەو کـــالا چلکنە ئاودامانەوە بە ناهومیدی‌و کەساسی ئەترنجینریتە گورەوە •

لە أدبیاتی بیگانەوە

لە أدبی ژاپۆنی

## هەڵبەستی مرواری

وەرگیر لە فارسیەوە
ووردی

چاوەکان هەموو ئەرروانن‌ـــە دەریا
دەریا لەجوش‌و خروش‌دایە
لەناو تاریکی بەیانی‌دا
لاوەکانمان وون بوون ....
تا لە راوکردنی دانەی مرواری
کورەی ئاگری خاموش
دووبارە گەرم بیتەوە !

- ٢ -

دەریا شەپول ئەهینی
دایکەکان هەموو بی ووتەن
بە چاوە سرنج دارەکانیان
لەگەل شیوەن‌دا هاوبەشن

- ٣ -

مەخابن !
ئەو چیروکە هەمیشە دووبارە ئەبیتەوە
راوچیەکان ...

لەناو دڵی ساردی شەپۆلەکاندا
لەناو قەڵشتی بەردەکان
ئەگۆڕێن و ئەسوڕێن
زۆرترین جار ئەقەومێ
کە دەریای پڕ لە قین و رق
نایان گەڕرێنێتەوە بۆ قەراخەکەی
گەلێ جاری تریش
کرێکارە بە کرێ گیراوەکان
بە سەدەفی بەتاڵ ،
کێردو چەقۆی شکاو
ئەگێڕرێنەوە بۆ ماڵدەکانیان !
بەڵام پەنجەی رەش و شووەی شەو
هاواری لەناو چوەکان ،
لەگەڵ گۆرانی شادی گەڕاوەکان
لەسەرخۆو ئاهستە
تێکەڵاو ئەکا !!
لەناو کوڵێتی بچووکی راوکەران
ئەبینی کراسە تەڕبوەکان
بە ئاگر ووشك ئەکرێنەوە
وە کێردەکان بۆ نەبەردی سبەینێ
تیژو ئامادە ئەکرێن !!

دەریا خول ئەداو لەجوشە
لە لاوەکانی قارەمانی ئیمە
تەنیا برریکیان گەرراونەوە
زور لە ئاوایەکان بی‌دەنگە
نالە نالیکی جەرگ‌برر
گریانە ... نالەیە ...
گورانی ...
نالە نال ، گورانی
ئەچی بو قوبەی ئاسمان !!



« کومەلی مە توشی گەلـــــەك مەدەیت خراب یی بوی • هەر ژمارەیەکی دی بەحسی دەردەکی خو بکورتی کەین ، هەرچـــی کەسی بومە تشــــتەکی بنیریت وباش بت دی بەلاف کەین » •

ـهیواـ

# قومار ...

بدلەکی صوتی وصەد جارا مخابن قومار یابەلاف بوی لناف مـــە وەکی ئاگری ئەکو لناف بیشی بەلاف دبت •

قومار • • • بەلی قومار چیە ؟ قومار ئەوە کو مروف هەڤالی خو ریت بکەت ••• مالا وی کاڤلو ویران بکەت ••• ژنو بچیکیت وی سیفیل بکەت ••• و دیماهیی دوژمنیا وی بکەت •••

باوەر نەکەم ئیك مروف بت ئەڤ حالە بو خو یان بو هەڤالی خو یان بو هەچی کەسی بت بڤیت ، وهەچی کەسی وصا نەبت دیارە ئەو مروف نینە ، کازندە لی نائینە کرن ، چنکی کازندە هەر لمروڤا تینە کرن !

لگەل هندی گەلەك خەلکی کەسپا خو یاکریا ئەڤ شولا پیس ، هەر ئەو بەحس یی لسەر ئەزمانی وان • رینشتنا وان قومارە ، رابون وان قومارە ، ژیان وان قومارە •• هەچەکو چو لدنیایی نینە نەبت ، وبی قومار ما ژیان بو چیە ؟

شەڤیت دریژ دی بورن وقومارجی یی رینشتی لسەر میزا قوماری وەکو دارو وبەرا ، نە هاش تشتەکیە ، نە چو تبینت ، نە برسی تزانت ، نە وصتیانی ، نە خەوی ، نە بیهن ڤەدانی ، چافی وی یی لکاغەزا قوماری بطرسو ولەرز ، بەری خو دەتە ئەویت بەرام بەری خو بنەخوشـــــی ودوژمنی هەچەکو بابی وی بی کوشتین ••• برا دوژمنیا برایی خو دکەت •• هەڤالی تڤیت خوینا هەڤالی خو ڤەخوت ••

قومار ریکەکا خرابە ، گەلەك مال بیت کاڤل کرین ، دەولەمەند بیت ژار کرین ، مروڤیت ماقیل بیت رەزیل کرین •

برادەریت خوش تڤی : قومار دەردەکی بی دەرمانە •••• بەلایە تڤیت مروف خو زی پاریزیت ••• قومارجی مروڤەکی نەساخە تڤیت خو نیشا دوختورا بدەت ••• هشیار بن خو نیزیك نەکەن •

........ ............... ............

## تکا ئەکەین

ئەوانەی گوڤاری هیوایان بونیرراوەو تائیستا پارەی ئابونەیان نەناردوە، بومان بنیرن ، چونکە لەدوای دەرچونی ژمارە ـ ١٢ ـ ئەوانەی پارەی ئامونەیان نەناردووە گوڤاری هیوایان بونانیرریتو ئەوسا مافی گلەیی کردنیشیان نامینی ، ئیتر تکای لیبوردن ئەکەین •

# لافی دلداری

نەسرەو : حلە

لە هەلبەستیکی فەیلە سوفی هیند

ـ تاگور ـ وەرگیراوە

لیم‌گەری با خوشی دلداری بچیژم سەردەمی
گیانەکەم توم خوش ئەوی توم خوش ئەوی
من مەلیک بوم بەرزو ئاوارە بە تووە نیشتمەوە
هوگری دل هوگرت بو تاکو ماوە نەسرەوی
روگەشی بنوینە نەختی تاکو کەی وا دل‌رەقی
گوایە نازانی کە من توم پر پری دل خوش‌ئەوی
«یا گەرەکتە نازی دلداریت بکیشم سەردەمی »

* * *

چاوەکانم خوشەویستیت گەر لە گەلا نالوی
لیم‌گەری با ژەهری دلداری بچیژم سەردەمی
کونجی تاریکی کە ئەگرم شورەیی تیا گوم ئەکەم
بو سەرنجی پر گومانت کرد بەئاراستەی ئەوی
گوشەیی تەنهایی جیمەو بی‌ســــرەو تیا تل‌ئەدەم
تا بەروی ژاکاوی خوما جستەیی دل درەکەوی

بو به چاوی تەوسەوانی پیم دەلی لاچو لەوی

* * *

گەر بە دل نەرمیش لە ئاقارم دلی تو هاتە سوی
لیم گەری با خوشی دلداری بچیژم سەردەمی
هەر کە دیت لافاوی خوشی هاتو دلمی کەوتە بەر
نەت گری هەرگیز بزە کاتی کە ئەمبینی لەوی
کەی لە دلداری منت دی ئارەزوم پەخشان ئەکەم
نارەوایم لی ببورە جار بەجار لیم دەرکەوی
تا بەکامی دل بچیژم خوشی دلداری دەمی

* * *

## سوپاس

باوەرپی کراوی هیوا کاك جلال عمر کە لەجەژنا چووە بوسەردانی کویەو ئەوناوچەیە گەرۆوە ماموستا بەریزەکانو لاوە شیرینە خوین گەرمەکانمان لەهەمو روویەکەوە بوبەشداربون لە گوڤاری هیوادا وەبو کوکردنەوەی پارەی ئابونە دلســـــوزانە یاریدەیان داوە ، بەم هویەوە بەناوی ئیدارەی یانەی سەرکەوتنو رابەری هیواوە سوپاسیان ئەکەینو ئەخوازین لە هەورازی سەرکەوتنا هەست بەمانگوبوون نەکەنو قورتیان نەیەتە ریگا •

# ئاهەنگەکەی
## کومەڵی ئاوازی کوردی

فاضـــــــل



لە شەوانی ۲۷ و ۲۸ مانگی پیشودا کومەڵی ئاوازی کوردی بو جاری دووەم لەسەر شانو خویان دەرخست • کە بو جاری یەکەمیەتی لە بەغادا ، وە پیش ئەمەش لە هاوینی رابوردودا لە سلیمانیو هەلەبجە یەکەم بەری ئیشیان پیشان دا •

وە هەروەك هەمو ئەیزانین کە وەستا یا هونەرمەند لە سەرەتاو یەکەم دەستکردیا لە ناتەواویو هەلە بەدور نابیت • هەروەها ئەم ئاهەنگەش بەشی خوی پیویستی بە چاودیریەکی باشترو زیاتر ریکخستن بو • هەروەها هەمو سەرەو کاری کەرانی ئاهەنگەکەو ئەوانەی تیایا بەشدار بون پیویستی سوپاسو تقدیرن وە نەك من زور کەسانیتر ئاواتەخوازی ئەوەن کــــە زوزو لەم جورە ئاهەنگەمان بو بگیرن چونکە کوریکی کوردەواریو

ئاهەنگو بەزمیکی خومانە ئەهینیتەوە یاد کە لە شارو دیهاتەکانی کوردستانا ئەگیرریت کە هەرگیز لە بیر نەچیتەوە •

وە بو بینینی ئەم ئاهەنگە لە شەوی دوەمیا لەگەل چەند برادەریکی عەرەبدا لە نزیك شانوکەوە دانیشتین • لە سەعات هەشتو دە دەقیقەدا ماموستا کریم زانستی بە بەخیر هاتنیکی دانیشتوان دەرگای ئاهەنگەکەی خستە سەرپشت ، بە دوای ئەما کچە کورد نەسرین فەخری بە دەنگە ناسکەکەیەوە بە زمانی عەرەبی ووتاریکی خویندەوە • بەخیر هاتنیکی گەرمتری کردینو دورو دریژیش باسی کومـــەلی ئاوازی کوردیو ئامانیجیو زور شتی‌تری کرد • پاش ئەمیش ئاهەنگ دەستی پی‌کرد کە ئەمەوی بیکەم بە سێ بەشەوە •

١ ـ گورانی ـ ئەم بەشە زور باش‌بو بە تایبەتی کوردیەکەی • ئەوە نەبی کە ئەبوایە گورانی بیژە کوردەکانو کورس بە بەرگـــی کوردی‌یەوە خویان دەربخستایە هەروەها لـــــــە گورانی ـ کونە ـ بیسراوەکانیان زیاتر هیچمان گوی لی‌نەبو ، ئەبوایە بە پی‌ی توانا هیچ نەبی چەند گورانیەکی تازەیان بو ئەو ئاهەنگە پیشکەش بکردایە •

٢ ـ هەلپەرکی • ئەم بەشەش تا بلی‌ی پر بەزمو دلگیر بو ئەتوانم بلیم بەشیکی زور لە دانیشتوان ئارەزوی هەلپەرین چوە گیانیانەوە ، بەلام بو تیك نەدانی پروگرام بە چەپلەریزان وازیان هینا • وە ئەم هەلپەرکی‌یانە لە شەش جور زیاتر بون وەکو سێ پی‌یی ، دینی ، شیخانی ، گولشینی سویسکی •• هتد ، بەلام داخم ناچی لە هەلپەرکی‌ی دینی‌دا زو پەردە دادرایەوە کە هەلپەرکی‌یەکەی پی‌پچرینرا •

— ٦٦ —



٣ ـ بەلام بەشی سێیەم کە تەمسیل بو نامەوی پیی بلیم خراپ
بو بەلام زور باشیشی نەبو چونکە وەکو هەندی کەمو کوری تیابو نابی
چاویشی لەوە بنوقینم کە مەبەست لە بیری چیروکەکە زور جوانە ٠
باسی ژیانی چوار قوتابی ئەکا لە دەرەوەی بەغداوە هاتون بو خویندن ،
ژوریکیان بە کری گرتوە تیایا ئەژین ٠ لەبەر لاساری سیانیانو گوی
نەدانە خویندنو شتی پروپوچ بە زیانەوە خەریك بون ، بویە لەپاش
تاقی کردنەوەی سەری سالیان هیچیان دەرنەچون ، بە پیچەوانەی ئەمان
چوارەمیان کە لە خویندن زیاتر بە هیچی‌ترەوە خوی خەریك نەکردبو
بویە باش دەرچو ٠

بەلی مەبەس لە چیروکەکە زور جوانە چونکە هەمو مروڤیك ئەگەر گوی نەداتە کرداریو ئەو پیویستیانەی لە سەریەتی سا هەرچی بن وا دەرناچیو بیبەش ئەبی لە خوشی ژیانو لە سەرکەوتن • بەلام (اخراجو تمثیل کردن) لاواز بو ، چونکە ئەمان چوار قوتابی بون کەچی لە ژورەکەیانا یەك دەست نوین هەبو ، چوار قوتابیەکەش یەکیکیان کە ـ محمد نوری لە دەوری کامەرانا ـ لە وەرزشو بازو رەقکردن زیاتر هیچیتری نەئەکرد ، کە ئەمەی لە وزە چوبوە دەرەوە کە لام وایە لە زورخانەکانیشا بەم جورە ناکەن وە دوەمیان ـ شیخ حسین لە دەوری عثمانا ـ کە زور قەلەوو ورگیکی گەورەی هەبو پشتینیکی بەستبو زور لەخوار شوینی بەستنی پشتینەوە کە بەشیکی زور لە پانتولەکەی سەرخستبو ئەمە با بلیین بو پیکەنین بو ئەی مانای چی هەمو خوشـــیو ئامانجیکی راوی میش بو لە گەرمەی قسەکردنا ئەو هەمویانی بیدەنگ ئەکرد بە پشتی ملی ئەمو بەسەر کتیبی ئەویتریانو بە دەموچـــاوی سییەمیانیا ئەکیشا بو گرتنی میشیك • بیجگە لەمەش ئەگەرچی لـــە هەموان زیاتر بە پیکەنین بو بەلام هەندیبزوتنەوەی ناشیرین بو • وە سییەم هاوری ـ طە بابان لەدەوری علیدا ـ کە هەر بە سەرداهینانو خو ریكخستنی خویەوە خەریك ئەبو ئەبوایە لەتەنیشت ئاوینەکەیەوە دو سێ رەسمی ئافرەتیشی هەلبواسیایە چونکە ئەم جورە گەنجانە زوریش رەسمو گوڤاری پروپوچ لە خویان کوئەکەنەوە • وە لەمانیش سەیرتر ـ کاك عثمان لەدەوری خاوەن خانودا ـ بە دیمەنیکی زور پەرپوت لەو شیتە گەروکانە ئەچو کە کولیکی پر لە تورەکەو شروشیتال بە خویانا دائەبەسن هاتبوە سەریان داوای کری خانویان لیئەکات کە هیشتا روی

نەداوە خاوەن خانو بەو جورە بیتو داوای کری خانو بکات وە بە پارچە قاقەزیك دەستی پیوەبنری‌و هەلبخەلەتینری لەجیاتی کری خانو • بەلام ـ ئەژی گوران لەدەوری سالاردا ـ دەورەکەی خوی زور بە باشی بینی ئەوە نەبی کە پیویستی بەو هەمو گریانە نەئەکرد چونکە گریان پیشەی پیاوی بی‌کارەیە نەك تیکوشەر •

ئەمەبو سەرنجو تیبینم • تکام وایە بو لەمـــــەودوا زیاتر تیبینی‌و وردبونەوە وە بی‌بەشیشمان نەکەن لە پیشکەشکردنی ئەمەنگی‌تر • هیوام سەرکەوتنی هەموانە ئیتر کردنو ئیش لەوانو هاندانیش لە ئیمەوە •



# گوفتوگوی

## خوێندەوارو دارفرۆش

هەڵەبجە : محمد أمین ـ کاردوخی

ئەم شعرانە بەهوی جەژنی دارو درەختەوە دانران وە لە جەژنی درەختی هەڵەبجەو خورمالا خوێنراوەتەوە •

**خوێندەوار :ـ**

بـــــرای دارفروش زالمی زەمـــــان
بو لـــــەناوت برد داری نیشـــــتمان ؟

بە تەور ، بە تەوراس ، بە تەشوی‌و مشار
ئەبری وورد ئەکەی بە هـــــەزاران دار

بو وا جەور ئەکەی لە نەمـــــامو دار ؟
تا کەی لوری‌و کەر بە دار ئەکەی بار ؟

لقو پوپـــــی دار بو وا ئەشـــــکینی ؟
داری وولاتـــــان بو لە بن دینـــــی ؟

**دارفروش :ـ**

کورە مەکتـــــەبلی کاکـــــەی خوێندەوار
زیانی چی‌یە کـــــە من ببرم دار ؟

ژیانی خومو مـــــالو منـــــالم
دار فروشـــــتنەو هیشـــــتا بەدحالم

دەمەو بەیانی زوو ئەچــــم بوشـــــــاخ
لەگـــــەل داربرین هەلئەکیشـــــــــم ئاخ

بو ناتەواویـــــــــم بو بەختی رەشـــــــم
بو زور قەرزاری‌و هەژاری بەشـــــــم

جەوز ئەکەم لــــــە دار بو نان بو ژیان
وەك دەســــــــــتدار نادەم لە هەزار زیان

دەســــــــتی کەس نابرم پیاویـــــــش ناکوژم
خوینی جوتیــــــــارو هـــــــەژار نامژم

کـــــە دارم بری باریك یا دوو بــــــار
بو فروشـــــــتنی روو ئەکەمە شـــــــار

کــــــــەچی ئەبینـــــــــم پولیسی غابات
دیت‌و دەمـــــــگری‌و دارەکــــــەم ئەبات

گوریس‌و تــــــەورو تەوراســــــم ئەبەن
لە مەحـــــــکەمەشا بە جـــــــەزام ئەدەن

**خویندەوار :ــ**

بــــــرای دارفروش داربری هـــــــەژار
بو بەختی رەشت یەکجـــــار بوم غەمبار

ســـــــــەرت هەلبرە بو باخ بروانـــــــە
دیمەنی باخات ســـــــەیرکە چەند جوانە

شاخی رووت خوشه یاخو دارستان ؟
دەشتی چول چاکه یا باخو بیستان ؟

لە وەختی گەرماو ماندوبون جار جار
ئاوات ناخوازی بو سیبەری دار ؟

گەر گشت دارەکان لە بن دەربینین
ئاخری روژی بی دار ئەمینین

ژەندرمەی غابات کە دارت ئەبا
لە دادگادا بە سزات ئەدا

مەبەسی وایە کە جاریکی تر
داری تەر نەبری تی بگەی ئیتر

سزای داربرین لە تو بسینی
واجباتی خوی بەجی ئەهینی

**دارفروش :-**

کاکە وادیارە زورشت ئەزانی
چییە دەرمانی لاتیو بی نانی ؟

کە دار نەفروشم بو مندالو مال
بە چی تأمین کەم ژیانی یەك سال

چیبکەم پیم بلی من لەم دونیایە
نەخوینەدەوارمو بەبی دەسمایە

مردن خوشتره ئەم وەزعە چییە ؟
بو هەر لا ئەروم ئەلین ( ئیش نیە )

چون بژیم چیبکەم ، توخوا چی چاکە ؟
چون خوش رابویرم لەم خاکە پاکە ؟

**خویندەوار :ـ**

کارخانەی شەکرو چنین دائەنری
زور کەسی بی کار ئیشی پی ئەدری

تویش دائەمەزریت ئیش ئەکەی لەوی
بەخوشی ئەژیت گشت روژو شەوی

بە ئیش کردنو راستیو دل پاکی
خوش رائەبویری تا لەسەر خاکی

ئەمام بنیژە زەوی بکیلە
عەردی نیشتمان خالی مەهیلە
هەموی بنیژە بە ئەمامو دار
تا جوان بی شاخو دەشتو لادیو شار
داری وشك ببرە بیفروشە بی غەم
بەد مەبە بو کەس بە دەستو بە دەم

**دارفروش :ـ**

لەسەر فەرمودەی کاکەی خویندەوار
شەرتە قەت نەکەم ئیتر جەور لە دار

شـــــەرتە دار نەبڕم ئیتر تا مـــــاوم
نەمـــــام گیانمەو دڕەختـــــە چاوم

وا تەوڕ ، وا تەوراس ، وا گوریسەکەم
هـــــەموم فڕێدا کاســـــبی‌تر ئەکەم

وا تەشوی‌و مشار ، وا قەیاســـــەو پەت
چاك تێت گـــــەیاندم بژیت بە حورمـــــەت

بەڵام کاکـــــەگیان ئەمـــە بزانـــــە
لـــــەبەر هەژاری دەردم گـــــرانە

هیچ ئەرزم نی‌یە تا بیـــــکەم بە باخ
نەمـــــام بنێژم هەڵنەکیشـــــم ئاخ

نوێنەر :ـ

لە دوجەیلەدا لـــــە شـــــارەزورا
ئەرزی ئەمـــــیری زور دابەش کرا

ئیســـــتەش حکومەت ئەرزی زور ماوە
بو لی‌قـــــەوماوو جوتیـــــار دای‌ناوە

بەلکو حکومەت ئەو ئەرزە بەش کـــــا
جیـــــگەی چەند داری ئەرزت پی‌بـــــدا

بیکیـــــلە بیکە بە باخ‌و باخـــــات
ئیتر بە خوشـــــی ئەگـــــەی بە ئاوات

خوێندەوارو دارفروش بەیەکەوە :ــ

ســــــــــا ئیوش ئەی گەل دل پاك بن و راس
نەمـــــــام بنیژن بەبی قســـــــەو باس

دەوری لادی و شــــــــار دوو کیلومەترە
ئەگەر بە باخ کـــــــەین زور زور جوانترە

لەوەی کـــــە دەوریان خالی و چول بـــــێ
یا جیگای زبل و شـــــیاکەو خول بـــێ

بو سودی گشتی هەولــــــدەین ئیش بکەین
نەمــــــــام بنیژین تەمەلی نەکـــــــەین

نامەیەك بو

# كاك ئەحمەد خواجە

نوسینەکەت ( کەگیران ) ئەمەندە دلگیرو جی گربو لەکانگەی راستی کومەلایتی مانەوە قولپی ئەداو لەخوشیانا هـــــەر ئەم خویندەوەو ئەم خویندەوە ، جار جاریش لەبەر خومــــــەوە ئەمووت تا وینەی ئیوەی دلسوزو نیشتمان پەروەرمان هەبیت هەر ئەیان گرین و ئەبی بـــگیرین ، وەئومیدئەکەین چاوەروانی کردن زور نەخایەنیت •

رەشید عارف



# سیمفونی پینجەمی « بیتهوڤن »

نوسینی : سەردار رمزی

لە ژمارەی رابوردوی هیوای خوشەویستا چاوم بە سەرگوروشتەی ژیانی هونەرمەندی بەناوبانگ ـ بیتهوڤن ـ کەوت ، منیش بە پیویستم زانی کە باسی پارچەیەك لە موسیقا گرنگەکانی بکەم کە ئەویش سیمفونی پینجەمە •

لە پیش ئەوەدا دەستبکەم بە باسی ئەم سیمفونی‌یە ئەمەوی لە بابەت موسیقاوە کەمیك بدویم •

موسیقا هونەریکی زور بەرزە ، ئەگەر لە هونەرەکانی‌تر زیاتر نەبی کەمتر نیە ، وە زور بە داخەوە ئەلیم کە ئیمە لەم هونەرەدا دەست کورتین ، وە تا ئیستاش وا تیگەیشتوین کە موسیقا ئەبی هەر بو شادی ، یان بو دەربرینی هەست بە خوشی کردن بەکار بهینری ، لەبەر ئەوە هەر لە کاتی هەلپەرکی‌و ئاهەنگدا موسیقامان بە بیرا دیت بەلام لە راستی‌دا موسیقا وەکو بو دەربرینی هەست بە خوشی‌کردن بەکار ئەهینری ،

هەروەهاش بو دەربرینی هەمو جورە هەستیکی تری ئادەمیزاد بەکار ئەهینری ، لام وایە لیرەدا لەبەر جیگا کەمی نەتوانم لەمە زیاتر لەموسیقا بدویم وە ئەچمەوە سەر باسەکەم •

سیمفونی چی‌یە ؟ سیمفونی جورە موسیقایەکە لە چوار یا سێ بەش پیکهاتوە ، بەشی یەکەم خیرا وە بەشی دوەم لەسەر خوو هیمن ، بەلام بەشی سێ‌یەم بەشیکی سەربەخویە وە پەیوەندی بە بەشەکانی ترەوە نیە ، وە لە ئاوازیکی هەلپەرکی پیکهاتوە کە پیی ئەووتری ـ مانویت ـ• ئە ئاوا ـ هایدن ـ چوارچیوەی سیمفونی بو یەکەم جار دانا بەلام بیتهوڤن هاتو چەند گورانیکی تیاکرد وە وای لی‌کرد کە بو دەربرینی هەمو جورە هەستیك بەکار بهینری •

هوی دانانی سیمفونی پینجەم سەرنەکەوتنی بیتهوڤن بو لە دلداریکەید لەگەل ـ کونتس دی برنسویك ـ کە کچیکی وەجاخزادە بو وە هەندی خووورەوشتی کومەلایەتی بوو بە کوسپ لەریی ئەم دلداریەدا •

ئەم سیمفونی‌یە کە پیی ئەلین ـگەردون = قەدەرـ باسی ئەو زورانە ئەکا کە لەبەینی ئادەمیزادو گەردوندایە ، بیتهوڤن تیپەکەی کردوە بە دوو بەشەوە : یەکەم ـ ئالەتە ـ هەوایی‌یەکان وە بەشی دوەم ـ ئالەتە ـ تەلدارەکان ، بەشی یەکەمی بە گەردون داناوە وە بەشی دوەمی بە ئادەمیزاد •

ئەم سیمفونی‌یە چوار بەشە : بەشی یەکەم بە چوار دەنگی پر لە سام کە گەردون ئەیکا ئەم سیمفونی‌یە دەست پی‌ئەکا وە بەم دەنگانە

گەردون لە دەرگای ئادەمیزاد ئەدا وە بانگی ئەکات بو شەرکردن ، کە ئادەمیزاد بەمە ئەزانی ترسی لی‌ئەنیشیت بەلام ناچار ئەبی کە بیتە دەرەوە بەم جورە زورانبازی دەست‌پی‌ئەکاو دەنگەکان تیکەلاو ئەبن لەکاتی ئەم ئەم زوران بازی‌یەدا ، دەنگە پر سامەکە جارجار دیتە گویمان دەمیك لەسەرخوو هەندی جاریش بە توندی تا نزیك تەواو بونی ئەم بەشە کە بومان دەرئەکەوی گەردون زالە بەسەر ئادەمیزادا •

بەشی دووەم : ئادەمیزاد هیز ئەهینیتەوە بەرخوی‌و سەرکەوتن ئەخاتە پیش‌چاوی بەم جورە توزیك ووریا ئەبیتەوە وە بە هەمو هیزیکیەوە هەول ئەدات بگا بە ئامانج •

بەشی سێیەم :ـ گەردون ئەم ووریابونەوەیەی زور بەلاوە گران ئەبی وە بە هەمو هیزیکیەوە هەول ئەدا بو ئەوەی سەری ئادەمیزاد پان بکاتەوە بەلام ئادەمیزاد چاو ئەبریتە ئامانجی خوی لەبەر ئەوە خوی رائەگری وە نابەزی ، لیرەدا ئەبینین دەنگی ئادەمیزاد زال ئەبی بەسەر دەنگی گەردوندا ، هەر لیرەدا گوی‌مان لە گورانی سەرکەوتن ئەبی کە ئادەمیزاد ئەیلی •

بەشی چوارەم : لەم بەشەدا گیانە نەبەزەکەی بیتهوڤن دەرئەکەوی ، وە ئەم بەشە دووپا تکردنەوەیەکی بەشەکانی ترە بەلام بە خیرایی ، ئیتر سیمفونی‌یەکە بە سەرکەوتنی ئادەمیزاد بەسەر گەردوندا کوتایی دیت •

# لاوی جوانەمەرگ

هـــیمن

ئەی دوژمنی خوینـەخویی کورد　　لاوی زرنگ بو کوچی کرد ! ؟
رەنـــگە بلییت دەردی گران　　نەمامی ژینی تیشـــــکان
ئیمە ئەلیین تو ئەی ( • • • )　　دەســتت نایە بینی بە زور ••
خنکانت ئەو نەوجوانــــــە　　چونکە تو پیشــــەت زیانە

* * *

بو کیی ئەکەی — پیری • • —　　تاوانی ئاوا و گـــەلی جور ؟؟
باش بزانــــە ئا ئەم کوردە　　نەتەوەیەکـــــە نەبـــەردە
لاوەکـــانی قارەمـــانن • •　　خاوەنی بـــــیری رەوانن
ئەوەنەی یەك توز چەنــــە　　سەر شوورریان لا مردنــــە
هەزار دەربەدەریو کوشــتن　　خنکانو خوین رشـــــتن
نایان گیرریتــــــەوە دواوە　　لەو پەیمانەی کـــە دراوە ••
— ئەبی بە بازووی تیکوشان —　　— ئازادی بکەین کوردســتان —

* * *

پــیری • • • رەنجـــــەررو　　لە ئەژدەهاکەوە تا تو • • •
زور کرا بو نەوینی کورد　　روخان هیچیان بە هیچ نەکرد
بهینەرەوە بەر چـــــاوت　　دوینیی هەنــــــاو برروات
دوینی کە — • • • — مەزن　　راوەســتا بەرامبـــەر مردن
لەگەل ئاگرا شـــەرری کرد　　کەچی هەر مـــا هەر نەمرد
ئیســـتاش ئا بەم نزیـــکانە　　هەر ئەو پلنـــگە کوردانە

ڕوەو خاکو هەوارگەیان ئەکەونە ڕێ لەگەڵ کاروان
کە خۆری گەش لە ئاسووە گزنگیدا ، بە دەم ڕێوە
هەرچی وەکوو تۆ بێفەڕە ئەیکەنە سووتوو کوتەرە
هەنگاو هەنگاو نیشتمان ڕزگار ئەکەن ، کامەران
ئەژین ، ئەوەی دەربەدەرە دێتەوە بن ئەم سێبەرە
سێبەری دارو چیای جوان چیای بڵندی کوردستان

* * *

برای کوردی کۆچ کردوو کاکە حەسەنی نەمردوو • •
دەمی بوو شارە جوانەکەت سلێمانی جگەر لەت لەت
چاوەڕوانی هاتنەوەت بوو بەو زانستو بیرەی هەتبوو
زامو برینی سارێژکەی جێگە بە دوژمنی لێژ کەی
کەچی کاتی هاتیتەوە لە سەیوان گڵ درایتەوە
هاتیتەوە بەبێ دەنگ لێکت نابوو چاوی مەنگ
لێوو دەسو پەنجەی ناسک لەگەڵ ئێسکو پێستو باسک
وشك بووبوون بەسەر یەکا دارو بەردیان ئەپێکا !!
ئێستا ئەوەی بە ئاگایە لەم دوا کۆچە ناڕەوایە
ئەڵێ لاوی تێکۆشەر نامری لە یادا ئەژی هەر
هەموو ساڵی چەپکی گوڵ ئەبەین بۆ سەر مستی گڵ
سەر گۆڕی تۆی نەمردوو ئیتر گیانی برا بنوو • •
بنوو سەرکەوە سەر ڕان خاکی پیرۆزی کوردستان •

# وەناق

شیکاگو : دوکتور ت • ب • مەریوانی

وەناق نەخوشیکی تەشەنەی تاداری گەروو ، زمانە بچکولەو ، لوتە • لە هەر یەکی لەم شوینانە ئەگەر میکروبی نەخوشیەکەی پیگەیشت پەردەیەکی بور وەکو بەلغ لەو شوینەدا ئەبینری ، ئەو پەردەیە پرە لە میکروبی کورینەباکتریوم دیفتیریا ( Corynebacterium diphtheria ) کە ئەم میکروبە ئەبیتە هوی توش‌بونی ئەم نەخوشیە •

لە هەندی کەسدا بەتایبەتی لە گەورەدا ــ گەروو زمانە بچکولە ــ ئەپەنمی وە ئەم پەردە بورەی تیا نابینری ، یا کەمە ، وە لە هەندی نەخوش‌دا میکروبەکان پەلاماری قورقوراگە ئەدەن ،ئەم جورە نەخوشانە ــ تشخیص ــ کردنیان زور گرانە •

وەناقی لوت :ــ بەشی زوری ئەم نەخوشانە تەنها کونیکی لوتیان توش ئەبی ، ئاوو چلم لەگەل کاز ــ پیست ــ لە لوتیان دیتەخوارەوە • میکروبی وەناق پەلاماری جیهازی ــ تنفس ــ ، پیستی لەش ، برین ئەدات • وەناقی پیست وەکو برینیکی نیرکدار وایە • میکروبی ئەم نەخوشیە کە چوە لەشەوە ژار دروست ئەکا ، ئەگەر هاتو ئەم ژارە گەیشتە میشکی نەخوشە کە ئەوا ئیفلیجی ئەکا ،هەروەها ئەم ژارە کار ئەکاتە سەر دل وە لە ٢ــ١٢٪ لەوانەی توش ئەبن ئەمرن •

تشخیص کردنی :ـ پەردەیەکی بور لەسەر زمانەبچکولەو گـــەروو دەرئەکەوی ، وەئەبی نەختی لەو بەلغە لە ـ لابوراتوری ـ دا بچینری ، ئەگەر میکروبی وەناقیش لە چلمو بەلغی نەخوشەکەدا نەبینرا ئەبی دەرمانی وەناق هەربکری •

بلاو بونەوەی :

هەروەکو ووتمان نەخوشییەکی تەشەنەیە بەهوی چلمو بەلغەمو کیمی نەخوشەوە بلاو ئەبیتەوە ، نزیك بونەوە لە وەناقدارو کاریەر ـ ئەوانەی میکروبەکە لە گەروو زمانە بچکولەیاندایە ، بەلام نیشـــانەی نەخوشییەکەیان تیا دیاری نەداوە ـ ، وە بەکارهینانی کەلوپەلیان ئەبیتە هوی توشبون • ئەوانەی میکروبی وەناق لە دەمو لوتیاندایە ئەگەر حەیوان بدوشن ، دووورنیە ، میکروبی نەخوشییەکە تیکەل بە شیرەکە ببیت ، هەرکەسی لەو شیرە بخواتەوە توشی ئەبی •

میکروبی ئەم نەخوشییە لەو روژەوەی خوی ئەگەینیتە لەشـــــی نەخوشەکە تا ئەو روژەی نیشانەی دەرئەکەوی ۲ـ٥ روژ ئەخایینی ، وە تاوەکو ئەم میکروبە دررە ( Virulent ) نەخوشەکە نەخوشییەکە بلاو ئەکاتەوە ، ۲ـ٤ حەفتە لە پاش نەمانی میکروبی درر ئیتر مەترسی لی‌ناکری منالی ساوا تا ئەبیتە شەش مانگ ، ممکنە ، توشی وەناق نەبی ، چونکە ئەگەر دایکی ـ مناعە ـ ی ببی بەمنالەکەی ئەدا وە تا ـ٦ـ مانگ تەءسیری ئەمینی ، لیرە ٥٠٪ دایك ـ مناعە ـ یان هەیە ، ئەوانەی توشی ئەم نەخوشییە ئەبن ، ممکنە ، جاریکیتر توشی نەبنەوە • وە ئەم نەخوشییە لە پایزو زستانا زورە •

پاریزگاری :ـ شرینقەی توکسوید ( Toxoid ) ی وەناق •

منال لە تەمەنی ٢ـ٦ مانگیدا شرینقـــەیەکی وەناق ، دەردەکوپان ، وە کوکەرەشەی ـ ئەمانەتیکەل کراون ـ لی‌بدری ، ٣ـ٥ حەفتە دوای یەکەم شرینقە یەکیکی‌تری لی‌بدری ، ٣ـ١٢ مانگ لە پاش شرینقەی دوەم شرینقەیەکی کە وەلە ٥ـ٦ سالیدا شرینقەی چوارەمی لی‌بدری ، ئیتر ئەو منالە توشی نەخوشی وەناق ، کوکەرەشە ، وەدەردەکوپان نابیت •

وە بو ئەوەی کە بزانین کەسیك ـ گەورەیامنـــال ـ مناعەی ئەم نەخوشی‌یەی هەیە بەهوی طریقەی ( Sehick ) دوە ئەزانری ، وە ئەگەر منـــاعەی نەبو ئەبی شرینقەی توکسویدی لی‌بدری • شیری کـــال مەخورەوە ، لە خەلقی بگەینە کە وەناق کوشـــندەیە وەبو پاراستنی منـــال ئەبی شرینقەیان لی‌بدری •

کورنتینە :ـ پیویســـــتە نەخوشەکە جوی‌بکریتـــــەوە تا میکروبی وەناق لە دەمو لوتیـــا نامینی ، یا ١٤ روژ پاش دەرکەوتنی نیشانەی نەخوشی •

کەل‌و پەلی نەخوشەکە بکولینری ، ئەو ژورەی نەخوشەکەی تیا ئەبی پیویستە پاکو خاوین بی ، بەلای‌کەمەوە روژی نیو سەعاتیك دەرگاو پەنجەرەی ژورەکە بکریتـــــەوە ، بوئەوەی هەواکەی بگوری‌و تیشکی هەتاوی تی‌بکەوی •

کەسوکاری نەخوشەکەو ئەوانەی سەری لی‌ئەدەن ـ ئەگەر خواردەمەنی ئەفروشن ـ تا معاینە نەکرین وە بە تەواوی

ئەزانری که میکروبی وەناق له دەمو لوتیانا نیه نابی بچنەوە سەر فرمانەکەیان •

ئەگەر هاتو منال نزیك به نەخوشەکە کەوتبو ئەبی شرینقـــەیەکی ئەنتی‌توکسین ( Antitoxin ) – ١٠٠٠٠ یونیت = وحدە – لەگەل شرینقەیەکی توکسویدی لی‌بدری •

هەر که دوکتور هەستی‌کرد وەیا بە شـــك بو لەوەی کەنەخوشەکە وەناقی گرتوە ، پیویســـتە چاوەری‌ی راپورتی لابوراتوری نەبیت وە دەست‌بەجی شرینقەیەکی ئەنتی توکسینی لی‌بـــدات ٢٠٠٠٠ – ٨٠٠٠٠ یونیت وە پی‌ی بـــلی که ئەبی لەجیگەدا بکەوی بو ئەوەی دلی تیودنەگـــلی • بو وەناقی پیست پەنیسیلین باشه •

## چاودروانی

بەهوی تەواوبونی تەمەنی یەکەم سالی هیواوە ، ژمارە دوانزەی گەڤارەکەتان بەرازاوەیی پیشکەش ئەکریت انجا بو ئەم ئامانجه لەگەل ناردنی وینەی فوتوغرافی‌تانا چاودروانی دەستو خامەی نوسەرانی بەریز ئەکەین •

# بارانی دەستکرد ..

نووسینی مەسعود سید أمین

باران لەعیراقدا هەمو سالیك لەیەك كاتا نابارای ، هەندی سال دەست پیئەكات لەمانگی ـ ایلولەوە ـ رەزبەر وە باران بارین كەم ئەكاتەوە • لەمانگی ـحزیران ـ پوش پەردا وهەندی سال زور ئەباریت ، وەیان كەم •

وە ئەم بارانەش بەهوی وەشتی ـ ریاحی ـ روژ ئاواوە دیت كە لەمحیطی اطلسی دەست پیئەكات وەبەسەر دەریایسپی ناوەراستا ئەروات لەزستانا ، وەبەسەر عراقدا بەرەو ایران ئەروات • بەتایبەتی سەرووی عراق اعتمادی لەسەر بارانە بو ئاودانی كشتوكالی زستانە وەكو گەنمو جو ، وەلە جیگا تەختەكانا كەنزیك ئاوی كانیوو كاریزە ئەگەر كشتوكال بارانیكەم بوو ئاو ئەدری بەلام زور ترین جیگا بەرزو نزمە وە رووی شاخەكان وە گردەكان لە ئاوەوە دورن وەئاویشی بو سەر ناكەوی •

وە ئەگەر سالیك باران كەم بباری بەزوری دەغلو دان ووشك ئەبیت وەگولەگەنمەكان پوچ ئەبنو بەم هویەوە زیانیكی زور لەخاوەن دغلودان ئەكەویت •

هەمو ئەزانین لەم چەرخەدا ئادەمزاد ئەمەندە پیشكەوتوون توانیویانە پیشی ئەم زیانەش بگرن وە لەكاتی پیویستیدا ئەتوانن باران ببارینن هەروەها لە روژئاوای ئەمەریكاو توركیادا لەوشوینانەی باران برانبیت

به هوی زەرانی بلورینی یوداتی زیوەوە ــ یودات الفضة باران ئەبارینن ؛ چونکە زەرانی بلورینی یوداتی زیوین پلەی هەلمی ئاوی ناو هەورەکە کەم ئەکاتەوە وە ئەی گەیەنیتە پلەی بەستن وە هەلمی تری بەدەوراکو ئەبیتەوە وە ئەبی بەتنوکی ئاوو بەهوی هیزی راکیشانی ئەرزەوە ئەودلوپە ئاوانە رائەکیشت و ئەی بارینیت ،بەم هویەوە ئەو شوینانەی کەم بارانبیت و باران بەسەرکشت و کالدا ئەبارینن • بوئەم مەبەسە ئەتوانریت لەجیاتی یوداتی زیو ووردە سەهولیش بەکاربهینریت کە بە هوی فروکەی تایبەتی یەوە بەناو هەورا بلاو ئەکریتەوە یان لە شوینە بەرزەکانی چیاکانەوە بە هوی پەمپیـــــکی بە هیزەوە توزی بلورینی زیوین بەناو هەوردا ئەپژینریت وەلەگەل هەورەکەدا تیکەلاو ئەکریت و بەم چەشـــــنە بارانیکی زور ئەبارینریت • بەسەر کشت و کالدا •

ئەگەر لەوولاتەکەماندا پەیرەوی ئەم چەشـــــنی باران بارینی دەستکردەبکرایە سوودیکی گەورەی ئەبو وە ئەمان توانی لەهـــــەمو هەوریك باران ببارینین و پیشی ئەوە بگرین کە بەهوی کەم بارانی یەوە کشت و کالەکەمان وشك ببیت و زیان مان لی بکەویت •

——>00000000<——

ــ خونچەی ئازادی بە خوین ئەگەشیتەوە •

مارك توین

ــ ئازا ئەو کەسەیە لە تەنگو چەلەمەدا خوی بو بگیری •

افلاطون

# بەشی هیواو خوینەوارانی



ئەم بەشە پالمان پیوە ئەنیت کە رووو بە رووومان بکاتەوەو بزانین کێ تاوان کارە !

کاك ناکام لەداخی ئەمەی نووسینیکی بوبلاو نەکراودتەوە نامیلکەیەکی بلاوکردوتەوە کە پریەتی لەتوانجو سەرزەنشتی ! کەئەبو لەجیاتی ئەمە نامەیەك بوئەو خاوەن گوڤارانە بنوسـیتو هوی بلاو نەکردنەوەی نووسینەکەی بپرسیت چونکە زور جاریوا هەیە نووسینەکانتان ناگات ودیان لەبەر ئیش زوری ماوەتەوەو بەرچاو نەکەوتووە ، یان بەکەلکی بلاوکردنەوە نەهاتوە !

لەلایەکی کەشەوە هەندیك لە نووسەران کەنووسینەکانیان بوبلاو نەکراوەتەوە ئەلین ئیمە بەدوای ناوی گەورەدا گەراوین ، رەنـگە ئەمەراست بیت چونکە لای ئیمە ئەوکەسە ناوی گەورەیە کە نووسینەکەی بەفەر بیتو بوسودی گشتی بیتو زامیدواکەوتوویی‌مان ساریژبکات ، نووسین شتیکی شار راوەنیە هەمو نووسـینیکی جوانو بەفەر ناوی خاوەنەکەی بەرزئەکاتەوەو بەخوشی‌یەوە بوی بلاو ئەکریتەوە ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە نووسینەکانی هیوا هەموی بوئەوە ئەشین لەگەل ناوی خاوەنەکانیا لە چوارچیوەی زیرین بگرینو هـەمو کوردیك

شانازی پیوەبکات •

ئیتر تکائەکەین تووی دور بەرەکیەتیو دوودلی لەناو ناوانی نیشتمان پەروەرانا مەچینن بام هەناسەیەك ، پشویەك بدەین لەلایەکی تریشەوە ئەمانەوی بزانن ئەو نووسینانەی بوبلاوکردنەوە بشیتو کەلینیك بگریت نووسینی هەرکەسیك بیت بلاوی ئەکەینەوەو ناوەکەش لامان زور بەرزەو پیروزەو ریزی ئەگیریت وە نوسینیکیش کە بلاو نەکرایەوە ئەبـــی بزانریت کە نووسینەکەی باش‌نیە ئەبی بوباشکردنی تی‌بکوشیت •چونکە ئیمە بەپیویستی نازانین لاپەرەکانی هیوا بەمە پربکەینەوە ، هەموجاریك بنوسین فلان‌کەس نوسینەکەت خوارە ، ناربکەو نایەسەند خاوەنەکەشی بنوسینەوە لەبەرچی ؟ بوچی ؟ ئیمەیش بنوسینەوە بویە •• کە ئەم لای لایەیە ئەبیتە هوی دل ئازاردانو پارە بەفیرو خەرج‌کردن سەرەرای توانجو گلەیی‌کردن •

لەدواجارا تکای لی‌بوردن لەهەمو برا خویندەوارەکانمان ئەکەین کەشتیکیان بوبلاو نەکرایەوە بیریان بەلای خراپا نەچیت چونکە ئیمـــە ئامانجمان خزمەت کردنە ، نەك ویران‌کردن ،وەلەئاقار هەمو گلەییو سەرزنشتییەك کە راست بیت گەردن کەچین و تکای لی‌بوردن ئەکەین •

---

سەرەتای ئیش هەمو یەك‌بونە ئەویش نابی هـــەتا

هەر برینی کە لە دل‌دا هەیە ســــاریژی نەکەی

ـ شوکری ـ

# چیرۆکی ژمارە

## دایکی ئازادی خوازانە (۱)

وەرگێر : مصطفی صالح کریم

نرکەو نالەی توپ هیواش بووەوە ، مەیانی جەنگ کشومات بوو ، گەلی لاوی ئازا لە خوینی خویانا ئەتلانەوە پاش ئەو شـــــەرە ناهەموارەی کە دریژایی ئەو روژە دەوامی کردبوو ، ئیتر نە دەنگ مابوو نەرەنگ جار جاریك نەبی گرمەی هەورە تریشقەیەك یان نوزەی یایەك ئەهات •

لەبەردەمی دییەکەشا ژنان کوبوبونەوە مقومقویان بوو لەناو خویاناو هەمو بە پەروش بوون ـ نەك بو هەوالی میردو کورو کەسوکاریان ـ بەلکو بو هەوالی جەنگ‌و پەیامی سەرکەوتن ••• هەمو ئاواتی ئەو ژنو کیژولانە ئەوەبو کە پیاوەکانیان بگەرینەوە بە سەرکەوتویی یان هەر نەگەرینەوە ، لەولای ئەوانیشەوە پیرەمیردیکی نەوەد سالەیی دانیشتبو ، پیری سومای چاوی بردبوو چەرمی لەشی نوسابوو بە ئیسکە کانیەوە ، ئەویش هەر چاوەروانی ئەنجامی ئەم روژە گەورەیە بوو لە تەنیشت

---

(۱) نوسینی چیروکنوسی بلیمەتی مەجەری ـ یوکای ـ لە عەرەبیەوە وەرگیراوە بە کەمیك دەستکارییەوە •

ئەمیشەوە لاویکی شەلو گوج چیچکەی کردبوو هەر هەناسـەی هەلئەکیشاو خیراخیراش بە پیرەمیردەکەی ئەووت :

ـ خوا بو وای لە من کردو نەی‌هیشت بچمە کوزری جەنگەوە •

لەبن درەختیکی سەوزی بە ئاسمانا چوودا دوو ئافرەتیش جیـا بوبونەوە گەورەکەیان لە بەینی ٣٠ سالانو چل‌سالانا بوو گەرداوی زەمان نەیتوانیبو جوانیـەکەی لی‌بسینیتەوە ، بەلام هەمو گیـانی بلیسەی ئاگر بوو ، چاوەکانی کەم کەس ئەیتوانی خوی لە بەرا بگری ، بە تیکراییی ـ یودیث ـ نمونەی ئافرەتی تەواو بوو ، ئەویتریشیان ناوی ـ ئارانکا ـ بوو دەسگیرانی تاقە کورەکەی ـ یودیث ـ بوو کە لـەم کاتەدا لە شەری ژیانو مردنا بوو لەگەل لەشکری دوشمن لە سوارەی قەوزاق •

لە پر ـ یودیث ـ رووی‌کردە دەشتە کاکی بە کاکی‌یەکەو پەنجەی راکیشا ووتی :

ـ چاوت لە تارماییەك نیە نزیك ئەبیتەوە ؟

ـ ئارانکا ـ چاوی بری‌یە دەشتەکە بەلام بی‌سوود بوو ئەو چاوە شینانە ئەوەی بەدی نە ئەکرد کە چاوە رەشە بەهیزەکانی ـ یودیث ـ دیبوی •• بەلام تارماییی تا ئەهات نزیکتر ئەبوەوە تا بە تەواوی شیوەی ئاشکرا بوو ، سەر کولمی کچە خوینی تی‌زاو سوور هەلگەرا ، دەموچاوی دایکەش هەلبزرکاو تیکچو ـ ئارانکا ـ چرپانی بە گوی‌یداو دەستیکیشی خستبوە سەر دلی :

ـ ئەوە ••• ئەو ••• خویەتی •

بەلام ــ یودیث ــ قیژانی :

ــ بی‌چەک ؟ چەکی پی‌نیە .

( ئەمەی ووت هەردوچاوی داپوشی بە چەموڵەکانی ) ، تارمایەکەش بە لارەلارەو مل‌کەچ نزیك بودوە ، کە چاوی بە کومەلە ئافرەتەکە کەوت رووی کردە شوینەکەیانو ئەوانیش هەمو ناسیان کە ئەمـــــــە کورەکەی ــ یودیث ــ ە ، خەندەقیك هەلکەندرابوو لە بەینی ژنەکانو سەربازەکەدا ئەمیش ئەوەندە بی‌هیز بوو لەپەوروو لەسەر خەندەقەکە کەوت بەزەویدا کە سەیر ئەکەن هەمو بەرگەکەی بەری خلّتانی خوینە ، هەردوو دەستیشی ناوەتە سەر برینیك کە لە سنگیایەتی دایکە دری بە ژنانداو چوە سەر کورە خوینـــاویەکەیو بە دەنگیکی بەرز پی‌ی ووت :

ــ لە کوی چەکەکەت بەجی هیشتوە ؟ کوا تفەنگەکەت ؟

( کورە ئەی‌توانی بلی تفەنگەکەم کە سونگیەکەی بە سەرەوە بو لە سنگی دوشمنما بەجیم هیشت ، بەلام ئەیزانی کە ئەم ووشەیە ناچیتە دلی دایکیەوە لەبەر ئەوە هیچ هیزیکی نەدایە بەر خوی تا بدوی ) .

ــ قسە بکە کورم ! بەزیین ، ژیر کەوتین ، شکاین ؟

ــ . . . . . . . .

ــ بو خوت توشی ئەم شەرمەزاریە کرد ؟ بو گەرایتەوە ؟

ــ . . . . . . . .

ــ ئەگەر هاتویتەوە بو ئەوەی لیرە بتنیژین خەیالت خاوە ، برووەوە مەیانی جەنگ لەوی گور بو خوت بدوزەرەوە ، گورستانی ئیرە جیگای

نوی تیا نیه ، لەبیر خوشتی بەردەوە کە لەم دی‌یە لە دایك بووی ••

( دایکە بی‌دەنگ بوو ، سەری نایە ناو هەردوو دەستی‌و هەستی کرد کە ئاگر لە ناوچەوانی ئەباری • کوردەش سەری هەلبری‌و چاوی گیرا بە ژنەکانا یەکیکیان نەبوو بەزەییان پیا بیتەوە یان دلیان بوی بسووتی تەنانەت دەسگیرانەکەشی رووی لی‌وەرگیرا تا چاو نەبرنە یەکتری •

کوردی بریندار ناچار رووی وەرچەرخان‌و ملی ری‌ی گرتەوە بە بروایەکی پولایین خوی کیش کرد بە دەشتەکەدا تا گەیشتە پەنا داریکی شکاو کە با هەلی‌کەندبو ئەوەندە خوین لە زامەکانی رویشت تا لە دارە بی گیانەکە خراپتری لی‌هات‌و گیانی سپارد •

کاتی کە بە تەواوی ئاشکرا بو کە لە جەنگا شکاون‌و داگیرکەران بەم زووانە خویان ئەکەن بەو دی‌یەدا شیوەنی ژنان کلپەی کرد کە پیرەمیردەکە گوی‌ی لەمە بو پرسی ئەوە چیە ؟ پی‌یان ووت :

ـ نیشتمانمان گیرا ، رولەکانت بە خویان‌و هاوری‌و سەرکردەیانەوە بە دەستی دوشمن لەناوچون •

هەر کە ئەمەی بیست کەوت بە زەویدا ئەو کەوتنە بو راست نەبووەوەو ئەویش مرد ژنان بە یەك دەنگی بە سوز قیژانیان :

ـ هاوار بو وولاتمان •• بو پیاوانمان •• ئیمرو دوایین پیاومان لەناوچوو کە کورە شەلەکە ئەمەی کەوتە بەر گوی کەوتە لیو کوروشتنی خوی لە داخا •• بەلام هەرچەندی ئەکرد فرمیسك لە چاوی نەئەهات •• چونکە ئەم پیاوەو ماوە بەلام بە پیاویان نەدایە قەلەم ، بەم پی‌یەئەو شەوەش بەسەر چوو ••

که بەیانی شەبەق هەلهات ـ یودیث ـ خوی گەیاندە لای کورە شەلەکەو پی‌ی ووت :

ـ « داوود » ئەوە بو ناگری بو باپیرت ؟ چیتە ، ئەلی‌ی ئیمشەو لەسەر درك روژت کردونەوە ، نەنوستوی ••• پیم‌بلی ئەگەر گریانت دی بو ناگری ؟

ـ لیم‌گەری پوری من‌و گریانیان نەوتوە ، خوم چیم‌و گریانم چیە ؟ من ناتوانم ئەو باجەی لەسەرمە بەرامبـــەر نیشتمان بیدەم ئیتر بوچ بگریم !

ـ ئەمەندە دلت بە مردنەوەیە •

ـ چون دلم پیوەی نەبی ، ژیانیکی ئاوا پر شەرمەزاری‌و ژیر دەستی باشە یان مردنیکی بە شەرەفانە •

ـ یودیث ـ سەری دانەواند ساتیك‌و لە پاشان سەری هەلبریەوەو بە دەنگیکی لەسەر خو پی‌ی ووت :

ـ ئەگەر راست ئەکەی دلت بە مردنەوەیە ، من مردنیـــــکت بو ئەدوزمەوە کە خەوی هەمو قارەمانیك بی ، کە دارەکەی دەستت بو ببی بە بالی پەری‌و فریشتەو بتگەیەننە بەهەشتی نەمران •

ـ پوری گیان ، نازانی چەند دلم پیوەیە کە شتی بکەم لەم کاتەدا گیانی پالەوانە شەهیدەکانمانی پی روون بکەمەوە •

ـ کەواتە گوی بگرە :

« لەدوای ئەوە دەستی گرت‌و بردی بو بورجە بەرزەکەی کلیسە لای زەنگە گەورەکەوە خستیە ژوورەوە ، کورەش دەرگای لەسەر

خوی داخستو کلیلەکەی فریدایە دەری ووتی :

ـ ئەو کلیلانە لابە ئیتر من ئیشم پی‌یان نەماوە ٠

( یودیث ) گەڕایەوە بو لای ژنانو پی‌ی ووتن :

ـ تازە پاش پیاوەکانمان ژیان ئەوەندە کەلکی نەماوە ، چون بژینو بە چاوی خومان ببینین دوشمن تەراتین بکا لە خاکەکەمان ، هەستن هەر کەسە بچیتە مالی خویو لە مالەکەیا داریکی زور کەلەکە بکاتو نەوتی پیا بکا ، هەر کە گویتان لە زەنگی کلیسە بوو خیرا دەست بدەنە هەر شتیک کە بو شەر دەست بداتو وەرن بو ئیرە ، لاشەی پیرەمیرد ئەبەینە لای خەندەقەکە ئەینیژینو شەر ئەکەین نایەلین دوشمن بیتە خاکمانەوە مەگەر بەسەر لاشەکانمانا ٠

ژنان دەستبەجی بەرەو مال بوونەوە بو جی‌بەجی‌کردنی فەرمانەکەی ـ یودیث ـ بو روژی دوایی لە بەرەبەیانا زەنگی کلیسە کەوتە لیدان چونکە ـ داوود ـ چاوی لی‌بوو لە دوور لەشکری دوشمن توز ئەکا ئیتر ژنانیش لەسەر گوری پیرەمیردەکە ، لە ناو خەندەقەکەدا روو بە رووی مردن وەستان ٠

ئەوەندەی پی‌نەچوو کە دوشمن نزیك بوەوەو دوایین شەر دەستی پی‌کرد لە بەینی ئافرەتانی ئازادی خوادو لە بەینی دوشمنی چەپەلا ، ژنان شەریکی پالەوانانەیان کرد تا دوایەکیان خوینی گەش وەك فوارە لەسەر سنگە سپیەکانیانەوە هەلئەقولی ٠ ئیتر داگیر کەرەکان خویان کرد بەناو دی‌داو خوشی خوشی‌یان بوو کە ئەم هەمو تالانەیان چنگ کەوت ٠

لەپر ـ داود ـ لەسەر بورجەکەوە کەوتە شاپلیتە هاویشتن‌و گری بەردایە دی‌یەکە مال بەمالی ، زاقو زریقی خستە ناو دوشمنانەوە ، دەنگی قیژەو هاواریان ئەگەیشتە ئاسمان بەلام دەنگی زەنگی کلیسەکە هەمیشە بەسەر دەنگی ئەوانا زال بوو ـ داوود ـ بە مەخسەرەدیەکی بردن با بە دەواری شری نەکردبی ، لە خوشی‌یانا ئاگای لە خوی نەمابو بە راستەو بە چەپەدا شاپلیتەی ئەهاویشت تا لە پر دەنگیکی گەورە هات‌و لەگەل ئەو دەنگەدا ـ داوود ـ ووتی :

ـ پەیمانەکەم بەجی هینا ـ دایکی ئازادی خواهان ـ موژدەبی وا منیش هاتم ئیتر دنیا بی‌دەنگ بو بە وینەی بی‌دەنگی‌و خاموشـــــی ـ گورســـتان ٠

بورجەکەش بەلادا هات‌و داوودیش گیانی ســـپارد پاش ئەوەی دوشمنی قەلاچو کرد هەموی سوتاندن‌و بی ئەوەی گوی بداتە ژیان هەروک دایکەکان گوی‌یان نەدایە مردن‌و گرنگتریش لە مردن لە ری‌ی نیشتمانا ٠

مەژی بـــــو مردن بمرە بو ژیان
چون قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لە زرەی زنجـــیر دلت نەلەرزی
پیوەند بو لەشە نەوەك بو گیـــان
ـــ ب ـــ

## بو پیکەنین

له قوتابخانەی ئانوی کەرکوکەوه
چالاك تالەبانی ناردویه

### ماچ کردنی لاقارسه

دایك :ــ سامان ، کورم بچو دەستی فاتمەخان ماچ بکه •

سامان :ــ بەخوا دایه فاتمەخا نبه ماچ قارسه ، دوینی باوکم لەبەر دالانەکەدا ماچی کرد کیشای به دەمیا •

### ئای بەسەزمان

نوکەر :ــ ئاغا ! ئەمرو بەرانەکه شوقیکی له خەسوت هەلدا •

ئاغا :ــ ئای بەسەزمان ! بەخوا رەنگه شاخەکانی شکابی •

### ئای قورم بەسەر

کور :ــ بابەگیان ، بابەگیان ــ دایکم بو بەژیر ئوتوموبیلەوە •

باوك :ــ ئەی قورم بەسەر! دایکت کەرتیـــــــك بو ئەمه حالم بو بەدەستیەوه ، ئەی که بو به دوان چیبکەم ؟

### میروولە

ماموستا :ــ کی ئەتوانیت تیکەلاوی ــ خلیط ــ که له شەکرو خوی پیکهاتوه جیای بکاتەوه ؟

قوتابی :ــ ماموستا ••• ــ میروولە ــ •

# باوەڕ پێ کراوی هیوا

## لە :ـ

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

ســولەیمانی : ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ ٠
٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکــــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رؤف معروف

کـــــــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــــــە :ـ توفیق مەلا سەدیق

هلبجـــــة :ـ سید حسین ئەمین

زاخـــــو :ـ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

قـــــەلادزە : نورالدین ملا صابر

رەوانـــــدز : علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خـــانقـــین : حبیب برزوو : کتیبخانەی سیروان

# هیوا

## گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî u Zanistîye

Mangî Carêk Dereçê

---


Bexdad - Gapxaney Temedun

M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن

محمد صالح الاعظمی

# گۆڤاری هیوا

## ژماره ١٢ ساڵی ١ حوزەیرانی ١٩٥٨


هیوا
HIWA
ژماره ـ ١٢ ـ سالی ـ ١ ـ

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد شەقامی زەهاوی یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئوول : حافظ مصطفی قاضی

---

ــ ئابوونە ــ

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی سالیـــــکی لەعراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |
| دانەی بە | ١٠٠ | فلسە |

---

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەدریت
وە بەم ناونیشانە ئەنیریت
بغداد : الصالحية ٤٠ب/٨٤
( حافظ مصطفی قاضی )

# هیـــوا

گوڤاریکە بوبەختیاریو بەرزکردنەوەی پلەی زانیاریت تەرخان کراوە

ژمارە ـ ١٢ ـ سال ـ ١ ـ حوزەیران ـ ١٩٥٨



## سالیك لە تەمەنی هیوا

بەغدا ـ حافظ مصطفی قاضی

برا خوێندەوارەکانم :

ئەوا سالیکی تەواو بە سەر تەمەنی ـهیواـ دا تیپەری • بەم ژمارەیە لەسالی یەکەم دەرئەچینو خومان ئامادە ئەکەین بو سالی دوەم•بەلی بە دەروونیکی پاكو هەستیکی بەزرەوە رووومان کردوتە ئاسوی سالی دوەم، پەیمانتان ئەدەینی کە لەسەر بیروباوەرری پیروزیخومان بمینینو ئەو ریگەیەی گرتوومانە بەری نەدەین •

لەم ماوەی سالی رابووردوەدا ،بەهوی یارمەتیو دەستەوەگیری

ئیوەی دلسوزدوە ، توانیمان گەلی هەنگاوی گەورەو سوودمەند بنیین بو پیشەوە لە گـــەل هیواداتـــوانیشمان دوو بەرگ لە میژووی کوردو کردستان بەبوختە یی بخەینە بەردەستان وەلەمەو دواش جارو بار چەپکە گولی دەستی نووسەرە دەستڕەنگینەکانتان پیشکەش ئەکەین

لەماوەی سالی رابوردوودا ، بو گەیشتن بە ئاما نجی دانراومـــان کە قایل بوونو روشن کرنەوەی بیری ئیوەو پیش خستنی ئەدەبو راپەرینی نەتەوەکەمانە ، گەلی تەگەرەو قورتی گرانمان هاتە ری ، بەلام لەکاتیکدا کەئەمان بینی ئیوەی راستو بەریز بەزەردەخـــەنەی هاندانو پەنجەو بازووی پال پیـــوەنانو وشەو بانگـــی کولنەدانـــەوە لەگەلمانو هەرگیز لیمان جیانا بنەوە ، ئیمەش هەستمان بە ئەوپەڕی بەختیاری ئەکردو بەسەر هەمو گیروگر فتیکدا زال ئەبووینو زیاتـــر تەقەلای سەرکەوتنمان ئەدا •

لەهەموی خوشتر ئەوەیە کە هەمووومان بەگیانیکی پاكو خاوینەوە قولی خەباتمان لی هەلکردوەو هەر یەك بەپیی تواناى خوی لـــەم ریگەیەوە خەریکەبی ئەوەی برروانیتە قازانجی خویو پرکردنی گیرفان وە ئەگەر تاكو تەرایەکیش بیری لە خوسەپانو سرینەوەی لەکـــەی کونی کردبیتەوە بەهوی ئەم گوڤارەوە،ئەوا هەر جاریك توانیو یتی لەم خوراکە ناشتا بکاتو نابیتەوە بە دوو جار •

ئیمە دان بەوەدا ئەنیین کەگوڤارەکەمان هیشتا ساوایەو پیویستی بە پەروەردەکردنیکی خومالیو چابوکانە هەیە • جالەو کاتەداکە داوای دەستەوەگیری لەئیوەی هاوپشت ئەکەین ، پەیمانیشتان ئەدینی بوئیستەو

دواوله لەسالی دوەما ژماره لەدوای ژماره راپەررینو بـەرزبونەوەو بیشکەوتنیکی پیروزی تیاببینو هەر داخوازییەکی بەکەلكتان هەبی بیته دی •

ئیتر سوپاس بوئیوەو هەمو کوردیکی دلسوز • وه له ریی کەلکی کشتیا بو پیشەوه •

## ئامـــانجی من

– هیمن –

گـــولی گەش به بای شەمالی بەهـــــار
ئـــەشنیتەوە
قاسپەی کەوی کەژ بەرامبەر نـــزار
بەرز ئەبیتەوە
مـــن که دیم لەرەی شـــەپولی شنەی
ئالای کوردستان
تیکەلاو ئـــەبی لەگەل جـــــریوەی
ئەستیرەی بەیان
ئـــەوکاته هیـــواو ئـــامانجی دوورم
هـــەردوو پیکەوە
ئـــــەبن به پرشنگ ، گولالەی سوورم
ئـــەگەشیتەوە

# پایەی ئادەمی زادو ، باری ئیستای ژیانی نەتەوەی کورد

بەپینوسی : م • م ـ کرکوك

یەکیك لە پیاوە ناودارەکانی جیهان وتویە : ـ ئادەمیزاد بەنرخ‌ترین سەرمایەیەکە لە گیتی دا •

ئەو مەبەسی لەم قسەیە ئەوەیە کەئەبی سودی ئادەمیزاد و پاراستنی ئەپیش هەموشتیکی کەوە دابنری ئەبی‌هەر چی لەم دنیایەدا هەیە هەموی هیچ‌بی لە بەرامبەری ئادەمی‌زادا ، لەپیناوی سودودەس کەوتنی‌یەکیکا ریکای ئەوەنەدری کە روژی هەزاران ئادەمی زاد ئارەق بـــــریژن‌و رەنج‌بکیشن‌و توشی هەزار جورە دەردەسەری‌و مەینەت ببن ، ئەبی نەهیلری بوسودی دەستەیەك میلیونەها کەسی برسی‌و روت‌و قـــوت‌و نەخوێندە وارو نەخوش‌بن ، بو پربونی قاسەی چینیکی بەهیچ‌تیرنەخور سەدهاهەزار گەنجی دل بەدنیا خوش‌و یارو دلداری دل پر لەهیوای جوان‌و ساوای بی گوناهی زەردەخەنە لەسەرلیو نەبراوی جوانکیلەو کاسبی رەنج‌کیش پیری لی‌کەوتوو ئافرەتی ژیان دوروست کەر بدرین بەدەم کلپەو بلیسەی ئاگری جەنگەوە وبکەونە ژیر دارو پـــەردوی خانوی روخاو و ببن بەخوراکی دەمی لولە توب •• مەبەسی ئەو لەم قسەیە ئەوەیە هەرچی سامانیکی گیتی هەیە لەسەری عەرزو بنی عەرزا هەموی بو سودی ئادەمی زاد ، زوربەی ئادەمی زاد بە کاربهینری

کارخانەو کیلگەی زورو هەمیشە بەبەوهەم وپانو پوری پی دامەزرینری چارەی میقروبی نەخوشی هەزارەها سال جی گرتوی پی بکری،خویندنگاو قوتابخانەی پی بکریتەوە باخچەی ساوایانو دایـەنخانەی منـالی شیرەخوری پی دروست بکری، ئیشی پی پەید بکری بو بیکاران، جادە شەقامی پان و دارتیاچەقینراوی جوانی پیبکیشـری، کارەبای شـەوی تاریك رون کەرەوەی پیبخریتەهەموشوینیکی ئاوەدانـەوە،ریـگای تەخت کراوی لەبەینی ئەمشارو ئەو شارو ئەم لادیو ئەو لادیدا پی بکریتەوە، خانوبەرەی جوانی پی دوروست بکری، هاوینەهەوارو خەستەخانەی رزگاری لە مەرگ بەخشی پی دامەزرینریو دیمەنی ناو شارەکانی پی برازینریتەوە ، ماوەی جیاوازی بە ینی چونیە تی ژیانی شارو لادیی پی تەسك بکریتەوە ، جیهانیکی پر لە بە ختیاریو کامەرانیو برایەتیو ئاشتی پی بینریتەرو کە ئادەمی زادەکانی بویـــەکجاری بکەونـــە حەسانەوەدو لە ستەمی کومەلایەتیو ژیانی پر لەتالو سویریو دلـــە لەرزی رزگاربوبن •

راستە ئادەمی زاد بەنرخ ترین سەرمایەیە کە لەم کیتییەدا وەئەگەر تا ئەمرو لە زور شوینی جیهانا بەم چاوە سەیری ئادەمی زاد نەکری،وە، تەنهابەهویەك دانری بو را بواردنی دەستەیەکی کەمو بەشی تەنهـــ رەنجدانو چەوسانەوەبی ، ئەبیروژیکی وابیت کەئەم قسەیەبەتەواوی لەسەر ئەم توپی زەویەدابی بەراستو بیتەدی •

ئەبی روژیك بیت کە ئادەمیزادە کوردەکانی کوردستانی ئیمەش ئەم یاسایە بەسەریانا حوکمفەرمابی ، نەك وەکو ئیستا کە بە سەدان منالی

ساوا ببینن لەژیر باری گرانی نـــەخوشیو دەردی سەختا بتلینەوە ، بەکورپەیی جوانەمەرگ بن، خواردەمەنی کەمو خرابو دەردو ئازاری زور توشی دەها چەشنە نەخوشی نالەباریان بکا ، ئاو لە چاوی دەیـــان کویر بکا دەسەلاتمان نەبی لەبەرابەرما •• نەک وەک ئیستا کەئیوارانو بەیانیان بەدەها منالی تازە هەلچو ببیس لە جیاتی ئەوەی لە ناو باخچەی منالان یاری بکەنو لەسەر ئەسکەملی قوتابخانە خەریکی خویندن بن ، لە ناو خولو پیسایی بەردەر گادا خویان بگەوزینن ، یاخود دەرگاو دەرگا بکەن بوداوای پارووە نانیکو دەس لەمو لەو پان بکەنەوە بو عانەیەکو ویردی زوبانیان : ــ مامە عانەیەك •• هەتیوم ! وەرامیان ــ خوا بتداتی ! بی ، نەک وەک ئیستا کە هەزاریو یاسای کونی سەدهاسال لەمەوبەر روژی بە دەها کچی جوانی لە تەمەنی گولە بەهارا توشی خوکوشتنو خوفروشتنو دلوین پیسی بکاو غیرەتی کەسو کاریان هەلسینی ئەرکی سەرشانی ئیزرائیل هەلگرن ، خویان زو بیاندەنە بەر شیپی خەنجەرو گیانیان وەربگرنەوە •• نەك وەکو ئیستا کە هەزاران گەنجی لەخویندن بی بەشمان بە شەقامەکان بسورینەوە و لە چایخانەکانا لی ی بـــکەون خەریکی قومار بن لەبەر بی ئیشی و نەبونی جیگای حەسانەوەی بەکەلك بومیشكو بولەش •• نەک ئیستا کە قاپی خویندەواری لە هــەزاران خویندەواری زیرەکمان گیرابیو کومەل لە سودی زیرەکیو بلیمەتی بان بی بەش بی •• نەك وەك ئیستا کە روشن بـــیرانو خویندەوارانی کوردستان لە زادەی بیری نوسەرانی جیهان بی بەشو ئاگایان لی نیەکە لە دنیادا چی ئەوتریو چی ئەنوسری ، وەماوەی ئەوەیان نیە کە بەبیری

بەرزی تی گەیشتوانی گەلان زاخاوی میشکیان بدەن‌و زانیاری نەتەوەی کورد لەزانیازی نەتەوەکانی تر بدەن‌و سود بە هەمو ئادەمی زاد بگەیەنن وەناتوانن ئەوەی لەدلیانایە بە ئازادی بینوسن‌و بەشداری‌یەکی کاریگەر بگەن لەدەرخستنی کەندو کوسپی ریگای نەتەوەکەیاناو لەرون کردنەوەی ریگایا ، نەك وەك ئیستا کەهەزاران خیزانی جوتیاری لادی‌مان بەرهەمی سالاندیان ژیانیکی ئادەمی زادانەی مانگیکی یەك کـــەس ناکـــا کەمەگەر بەبیستن ناوی خویندن‌و لەش‌ساغی و ژیانی باش ببیسن ••

کورد لەزانیاری نەتەوەکانی تر بدەن‌و سود بە هەمو ئادوەمن‌زاد بگەیەئن لە ولیانایە بە ئاازادی بینوسن‌و بەشداری‌یەکی کاریگەر بکەن لـــە دەرخستنی کەندوکویسی ریگانی نەتەوەکەیاناو لەرون‌کردنەوەی ریگایا •• نەك وەك ئیستا کە هەزاران خیزانی جوتیاری لادی‌مان بەرهەمی سالانەیان بەیان بەشی ژیانیکی ئادەمی‌زادانەی مانگیکی یەك کەس ناکا نەك وەك ئیستا کە کوردی ئیران لەبرسانا ولانەکەی خوی بەجی دیلی‌و لەتاو زولمی ئاغا هەلدی‌و روئەکاتە کوردستانی عیراق ، لیرەش وەك تاوانی کردبی وخوینی حسەینی شەهیدی رشتبی کونەو کون خوی ئاشاریتەوە ، نەوەك پی بزانن وبگرن‌و بیدەن بەدادگاو بیخەنە بەندی خانەوە ، پاشان بەمشکی‌یە شرەکەی ســــەری لـــەگەل دەهـــا هاوری‌یا بالی ببەستن‌و بیدەنـــە بەرو شـــارەو شـــار بیبەن تا ئەیدە نەوە بەدەستی ژانـــدرمەی ئـــیرانەوە ، وە تائـــەی گەیتـــە جی لەهەر گـــرتوخانەیەکا چـــەنـد روژ بیهیلنـــە وەو پیسایی پی بریژن‌و کسیکی پی بەدەن حەوشەی پی ئاورشین بکەن ، جگە لە جنیوی ناشیرین‌و قسەی تـــال‌وو ســـویر ، نـــەك وەك

ئیستا که لەکوردستانی ئیـــراندا ئەگەر کـــوردیك ژن بینیـــت یاکچی بدابەشو بی پرسی بەگزادە نەتوانی هیچ بکاو تاخزمەتیکی ئەویش نەکا ریگای جی‌بەجی کردنی ئەو ئیشی خیرەی نەدری، یاخود خەرجو باجیك لەسەر هەرچی لەمالەکەیا هەیە دانـری لە رونانەو بزنانـــەو مریشکانەو پوشانەو دەها جورە خەرجو باجی تری وا ..

تالی‌و سویری چونیەتی ژیانی کوردەواری مان لەوەدەرچوە لەپەرەیەك‌و دو پەرەدا باسی بکری، ئادەمی‌زادی کورد لەوەدا نەماوە نەك هەر بە بەنرخ ترین سەرمایەیەك نەژمیرری‌و بەس، بەلکو پایەی لەبەر چاوی ئە وانەی کە ئیش‌و کاری ئەویان لەژیر دەستایە لە گیاندارە کانی تر جیاوازی نیە، بەو چاوە ســەیری ئەکری کە هویەکی حەســـانەوەی خاوەنەکانیەتی، کە تەنها گیان‌لەبەریکە ئەلەوەری‌و ئەمری ..

ئیستا ئەرکی سەرشانی ئیمە ئەوەیە کە کاریك بکەین کـوردی هەژاریش وەك ئادەمی‌زاد سەیری‌بکری ، مافی‌ئادەمی زادانەی خـوی وە ربگری ،وە وا لەگەلی بجولینەوە کە هەمو مافیکی ســـروشـــتی ئادەمی‌زادی هەیە، تالە دواروژیکی نزیکا بتوانین بەراسـتی بلیـــین ئادەمی‌زاد لەکوردستانیشا بوە بەنرخ‌ترین سەرمایەیەك .

بی گومان ئەم روژە ئەبی بیتەدی‌و کوردیش لە خیزانی ئادەمی‌زادی بەختیارا جی‌ی خوی بگری !

چیروك :

# كارخواز

نوسینی : صنع الله اریسـوی
وەرگیری : محمد صدیق عارف
لەگوڤاری الاداب ـی بیروتیەوە

کابرا لە سکالاکەیا نووسیبوی :

خاوەنی چوار منالی ووردم ..خویندنی سەرەتاییم تەواو کردوە شانزە سالی ررەبەق لە هاوبەشیکی (شرکة) ئەلەمانیا ئیشم کردوە ، سەربازیشم بە سەرەوە نەماوە .شارەزاییم هەیە لەبەکار هینانی پیتی کونا . نووسین ئەزانم بە ( تایبررایتەر ) . وەبەکارهینانی مەکینە ی ژماردنیش. جاتکایە ... .

◆ ◆ ◆

کابرا تەمەنی لە ـ ٤٠ ـ سالانا بوو ، قژیکی بوزو روخساریکی چرچو لوچاوی پیوەبوو . دووچاوی بەقوولا چوویان تیاچەسپ بـوو بوو. رەنگیان ئەتووت هەوری بارانەبارە .

شەرمن دیاربوو . . راوەستانەکەی بەکزیو هیمنیەکـەوە ، رەووشتیکی بالایان نیشان ئەدا .

ـ شانزەسال ئیشم کرد گەورەم •• باوەڕنامەیەکیشم ـ وثیقة ـ هەیە کە راستیو پاکیم دەرئەخا لەئیشا، جائەگەر ویستتان •••

ـ دوایی ! ؟ •

ـ دوایی ئیش‌وەستا •• ئیتر ئەوە پینج مانگە لەکار کەوتووم •

کەمیك بی‌دەنگ‌بوو •• کابرا کەوتەوە قسە ، هیشتا هەربەسە رکزیەکەوە وەستابوو : ـ

ـ شانزەسالی رەبەق گەورەم •• بەپاکی‌و چاکی • ئەشتوانن بپرسن • هەروەها ئەزانم پیتی کونیش بەکار بینم • و • نووسین بە ـ تایب رایتەر ـ و بەکارهینانی ـ مەکینەی ـ ژماردنیش

◆ ◆ ◆

یارمەتدەری بەرریوەبەرە کەمان ـ معاونی مدیر ـ ئەم کابرایەی بوناردم بوتاقی کردنەوەی ، بەو وبونەیەوە کەمن سەروکی نووسەرەکانم ـ رئیس کتاب ـ • بەلام هەرکە بەکەمتەرخەمیەکەوە پیی ووتم :ـ ئەم کابرایە تاقی‌کەرەوە ـ زو تی‌گەیشتم کەئەیەوی دەسی‌پیوەنیم • بەکابرام ووت

ـ کەوابوو ئەزانی بە ـ تایب رایتەر ـ بنووسی ؟ •

بەدەنگیکی ژاکاوەوە وەرامی دامەوە : بەلی گەورەم

روی وەگیرا بو میزەکان کەسی ـ تایب رایتەری ـ رەشـــیان لەسەر دانرابوو • چاوی وەها پیادا ئەچەقاندن هەروەکو بیەوی پی یان‌بلی

ـ بەزەییتان پیاما بیتەوە ••• پینج مانگە بی‌ئیشم ••• چوارمنالیشم هەیە ـ پارچە ئاسنە رەشەکانیش ، بی ووورتەو جوولە قوت بووبوونەوە چ‌بەتەنگەوەن ، کابرا چوار منالی ووردی هەبی • وەیاپینج مانگـــك

بی ئیش بی ••• وەیا ••• وەیا •• وەیا ••

تەنانەت بەرریوەبەرە کەشمان هینـــــدە بەتەنگ ئـــــەم کابرایەوە نەبوو• رەوانەی لای یارمەتدەرەکەی کرد • ئـــەوە بـــوو ئەمیش سووكو ئاسان دای بەکول منا کەلەو دەردیسەریە رزگاری کەمو دەسیپێوەنیم •

پاترەسال لەمەوبەر •• ئەم پارچە ئاسنەنەگریسانە ، هەربەم جورە ئەیان روانیە منیش • بەریوەبەرە وورگنەکەی ئەوساشمان هەروەك ئەمەی ئیستا وا لووت بەرزو مون بوو•هەروەها سەر کردە کەشمان بەتیلەی چاو تیم وورد ئەبوەوە وچاوی تی ئەبرریم •

لاویك بووم لەتەمەنی حەڤدە سالانا•ماوە یە کی کەم تی پەرری بوو بەسەر مردنی باوکما وە واز هینانم لە قوتابخانە •

منیش هەروا شەرمن بووم• هەر روژە لەبەردەمی ـ زەلامیکی تەنگە ئەویا ـ ئەوەستام و کرنووشم ئەبرد •• بوئیش •• بونان • لەبەردەمی هەموشیانا هەرئەمجورە لووت بەرزیو کەمتەرخەمیەم تووش ئەبوو •

هیچیان لەوانی تریان جیاوازنەبوون • پرسیارەکانیان گشتی یەكجور بوو : تەمەنت چەندە ؟ هوی وازهینانت لەخویندن چیبوو ؟ چ ئیشیك ئەتوانی بکەی ؟

منیش قورگم پر ئەبوو، پیش ئەوەی وەلامیان بدەمەوە، خەریـــك ئەبوو بدەمە پرمەی گریان • لەبەهاری حەڤدە هەمی ژیانما بووم •گیژە لووکەو گەردەلولی ژیانو نانپەیاکردن لەسەرما گری ئەخوارد ، نەك شەمالی گەنجیەتی •

◆ ◆ ◆

پینج مانگە ئەم کابرایە هەمو رروژیك، دەس بەتال ، ئەگەرریتەوە بومالەوە ژنەکەشی گشت ئیوارەیەك چاوەروانی ئەکا :

ـ دوورنیە ئەمرو ئیشکی دوزیبیتەوە :

چوار منالە ووردەکانیشی ، هەرچەن ئەگەریتەوە چاو ئەبرر نە دەستە بەتالەکانی هەناسەمایەکی سارد هەل ئەکیشن •

من ئازاری ئەو ووردیلانە باش هەست پی ئەکەم •

منیشس پینج مانگی تەواو دایکمو خوشکـــەکانم ، چـــاوورروانی گەررانەوەمیان ئەکرد گشت ئیوارانیك وەك ئەم کابرایە •

ئای خوایە ••• هەرچەن لی ی وورئەبمەوە کوتو مت جارانـــی خومی تیا ئەبینم •

ئیستا من وەك ئەو سەر کردەیە وام یانزە سال لەمەوبەر ئەی روانیە خوم ! وە وەك بەرریوەبەرەکەش گویی خومی لی ئەخەفینم ••

ـ بەچ جورە چاپیك ئەتوانیت بنوسیت ؟ بەئاواتەخوازیەکـەوە سەیریکی کردم • بەرریوەبەرە وورگنە دل ررەقەکەم بیر کـــەوتەوە کەئەویش هەر ئەم پرسیارەی لی کردم •

کابرا دووبارە چاوی بریەوە ئاسنە رەشەکانو وتی •

ـ ئەوسا چاپی ( ئایریل ) م بەکار ئەهینا •

ـ باشەلەم بابەتەمان هەیە •

( علی بگ )ی لەچاپدەرم بانگ کردو داوام لی کرد ، پەررەیـــەك قاقەز ئامادە کا بو کابرا و چیگەکەی خوشی بو چول کات •

ئیوە (علی بەگ) ناناسن •• ئەویش بەنوکی پەنجەکانی پاروە نانەکەی پەیا ئەکا، لایەکی لەکاربرا کردەوە سەریکی راوەشان • کاتی قاقەزە

کەی دەرهینا لەچاوەکانیا دلرڕەقیەکی ئەوتو ، وەیا ئارەزووی تولەسەندنیان تیا دەرنەئەکەوت • بەلام هەرچونیك بی ،کە کابرا لەجیگەکەی دانیشت کەمیك پەستیو رروو گرژی پیوەدەرکەوت !

کابرا سەیریکی چاپەکەو شوین پیتەکانی کرد • بەئاشکرا لەرزینی دەستە رەگاویەکانیم ئەدی •• (علی بەگ) یشس زەردەخەنە ئەیگرت جار جاریکیش بەلەخوبایی بوونیکەوە بەتیلەی چاو سەیریکی منی ئەکرد ••

ـ ئەمە ئەنوو سیتەوە ، ئیتر هەول بدە نووسینەکەت پاكو جوانبیو هیج تیك مەچو ••

لیوەکانی لەرەیەکیان لیوەهات، بەسستیەکەوە کرانەوە ،پی‌کەنینو گریانی بەجووتە تیادەرئەکەوتن ، دانەکانیشی کەهەندیکیان هەلوەری‌بوون خویان نیشاندا ، دیمەنیکی ناشیرینیان ئەخستە پیش‌چاو زەردهەلگەراو و بە ئاشکرا برسیەتیان پێوە دیار بوو ••

ـ هەچونیك بی •• مروڤ لە کاتی وادا کەمیك هەرتیك ئەچی !

ـ بیگومان ••• بیگومان !

کەمیك هاتەوە سەر خوی • چەن قسەیەکی تیکەل پیکەلی تری ووت

ـ لەدەمیکەوە •• یانی •• پیش پینج یاخود شەش مانگ •• وەـ لەبەر لەکار کەوتنم •• بیگومان •••

پانزەسال لەمەوبەر• منیش ئەم قسەیەم بەکارهینا ••• سەروکـە لووت‌بەرزەکە پەررەیەك قاقەزی سپیو یەکیکی نووسراوی دامـــی •• بەرریوەبەرە وورگنە کەش بەژوورسەرمەوە چەقی‌بوو :ـ

ـ پینج مانگ چاپم بەکار نەهیناوە •• ررەنگە دوای چەن رروژیکی تر بیمەوە سەرخومو دەستم وەك جاران ررابیتەوە •

بەرریوەبەرە وورگنەکە بەسەرو کەکەی ووت :

ـ ئاگاداری کات ژمیرەکەبە ،کەدەستی کرد بەنووسین٠

ئەوەتا منیش ئیستا بە (علی بەگ) م ووت :

ـ سەیری کات ژمیرەکە کە ٠٠ با هاوەلەکەمان دەس بکا بـــــە ـ نووسین ٠٠

کابرا ررەنگیکی هیناو ررەنگیکی برد ٠کەمیك بەپەنجەکانی خویـا رروانیو هیندیکیش لەچابو شوین پیتەکان ووردبوەوە چاویکیشی بە پەررە نووسراوەکەی بەردەمیاخشان ئینجا ررووی وەرگیررا بومن ٠٠ وەبو علی بەگ ٠ دەنگی چاپەکە بەرزبوەوە ٠هە رچی ئاگاو هونەرکاری پەنجەکانی کابرا هەبوو ، لە نیوانی تاقو توقی چاپەکەوە وە بە ناوچەر گەی ئەوپارچە ئاسنە ررەقەدا ئەتکانە سەر قاقەزە سپیەکە کە ئەیووت ،

چك ٠٠٠ چاك ٠٠٠ چك ٠٠٠ چچاك ،

◆ ◆ ◆

وە لە نووکی پەنجەکانما ، منیش لەیەکەم جارا نانی خـــــوم دەسگیر بوو ، هەروەك ئەم کابرایە ئەم نوسی چاوەکانم شوین پیتەکانو نوواسراوەکەیان نەئەدی ، هەردوو گویم قوت بووبونەوە بو بیستنی ئەو ئاوازە شیرینەی لەچاپەکەوە دەرئەچوو کەخیراییو بەردەوامی سانای کامەرانی من بوو ٠

من ئەزانم ئیستا چی لەبیری ئەم کابرایەدا رائەبووری بەرراستی ژیانی پیش پانزەسال لەمەوبەرم ئیستا ئەیژیەنمەوە سەرلە نوی ٠٠٠ ئەوەتا دەستەکانم ئەلەرزن ٠٠ بەرریوەبەرە وورگنەکە بەژوورسەرمەوە

وەستاوە •• سەروکە لووتبەرزەکەش بەرامبەرم • بەلای چەپمەوە کاتژمیرە چالمەکە هەلواسراوە •• میشکم وەختە بتەقی لەلیك دانەوەدا• نانی گەرم ، روخساری لاوازی دایکم کە هەرگیز ئازارو بەزارەی ژیان رروون ئەکاتەوە •• لەپرر ، چوار براووردەکەم ئەبینم •• وە خوشکە لاوازەکەم.••• ئەویش وەك دایکم ، ئەندیشەو سزا ، لـــە چاوەکانیەوە پرشنگی کلولی ئەهاون •• دەنگی وورگنەکەش لەگویما ئەزرنکیتەوە :ـ تەواوبوو •• پەررەکە دەربینە •

هوشم‌هاتەوە سەرخوم ••• منیش سەیریکی کاتژمیرەکەیم کرد ، بە کابرام ووت •

ـ تەواو بوو ••• پەرەکە دەربینە •

لیوەکانی ووشك هەلاتبوون •• بەناوچەوانیەوە چەن دلوپیکی بچوکـــی عارەق گیرسابوونەوە بیگومان دلی پرتەپرتی پی‌کەوتبوو • وەکو دلی منی پانزەسال لەمەوبەر ، کاتیك بەرریوەبەرەکە سەیریکی کاتژمیرو نووسراوەکەمی کردو دوای لیووردبوونەوەیەکەی زور ، دەمـــی هەل‌هینایەوە :

ـ سبەینی وەرەسەرئیش •

لەخوشیا دەرروونم کەفی‌چان ـ دلم لە شادیا هاتەجوش ، هەستو نیازم تەقینەوە سەرم نایەسەر چاپەکەو جلەووم‌شل‌کرد بو فرمیسکی گەرمی چاوەکانم کە بیگومان فرمیسکی کامەرانی بوون •

◆ ◆ ◆

کابرا لەبەردەمما وەستا ، چاوەرروانی دەمی من بوو بکریتەوەو بەچەن

ووشەیەك خوی‌و خیزانەکەی ، لە چنگ‌و نینوکی برسیەتی نالەبـــار رزگار کەم‌و مژدەی شادی‌و بەختیاری بدەمی سەریکم بو هەلبرری و پیم ووت •

ـ نووسینەکەت جوانە !

لەگەل ئەوەشا کە زور ناشیرین بوو ، نەدەس‌پی‌کردنی دیررو نە ویرگول‌و نە نیشانەی پرسیاری تیابوو ، کابرا وەرامی دایەوە :ـ

ـ بیگومان کەمیك تیك‌چوونم پیوە ئەبینی ••• ماوەیەکی زورە ئەگەرچی نووسینەکەش جوانیە ، بەلام من ••• شانزەسال ••• بـــە پیتی کون ئەم نووسی ••

خرابی نووسینەکەی خوی ئەزانی ، وەئەشی‌زانی لەوەباشتر ناتوانی بنووسی ، بەلام نانی ئەویست !•

دەنگی بەرریوەبەرە وورگنەکە سەرلەنوی لە گویما زرنگایەوە:ـ

ـ سبەینی ئامادەبە بو ئیش :

سەیریکی کابرام کرد ، چاوی برریبوەچاوم ، هەروەکو لیـــم بپاوورریتەوە تا زووقسە بکەم : ( بو وەها وەستاوی ؟! •• قسە بکە •• تا کەمیك دلم رروشن بیتەوە •• سبەینی وەرەوە •• دەس‌بکە بەئیش خیراکە بیلی •• تا زوو خوم بگەیەنمەوە ژنەکەم • منالە کانم ماچ‌کەم تاشەکرو پەنیر وحەلوایان بو بکررم بەقەرز •• تووخوابیلی • سبەینی ئامادەبە • دەس‌بکە بە ئیش • ! )

من لە توانامادا نەبوو ئەمانە دەربررم ، ئەو بەسزمانەش وای‌ئەزانی هەموشتیك لەمنەوە دەس‌پی ئەکاو دوایی‌دیت • زوری پی‌نەچـــــوو یارمەتدەر داوای کردم ، هەرلەریوە پرسی •

ـ چون برو ؟

ـ باش ئەنووسی • ئەزانی ـ مەکینەی ـ ژماردنیش بەکاربینی • لەپیتە کونەکانیشا شارەزایی هەیە • لەوەپیش شانزەسال لەهاوبەشیکی ئەلەما نیا ئیشی کردوە ، ئەلە مانیەکانیش هەروەکو ئەزانیت یەکیك زیرەكو بەهرەدار نەبی بەکاری ناهینن ، پیاویکی رراستو رەوانـــە چوار منالی ووردیشی هەیە ، پینج مانگە بی ئیشە ، ئەتوانین بەکاری بهینین ، جائەگەر فەرمانئەدەن ، با سبەینی بیت •

یارمەتدەرەکە سەیریکی کردمو ووتی : بالە گەل بەرریوەبـــەرا بدویـــم •

ـ ئەی کابرا چی پی بلیم ؟ !

ـ پیی بلی ••• چەن رروژیکیتر سەرباتەوە ! ••• ها هیچیتر هەیە ؟•••

◆ ◆ ◆

ـ نەخیر گەورەم !

« بەلی باشە ••• بادوای چەن رروژیکیتر سەرباتەوە • با لەگەل بەرریوەبەر بدویم •• با بیر بکەمەوە •• وانیە ؟ ! » •

زمانم نەیئەهینا هەموشت لەیارمەتدەرەکە بگەیەنم ، هەروەکـــو زمانم نەشی ئەهینا کابرای بەسزمان تەفرەدەم و بلیم :ـ«چەن رروژیکیتر سەربەرەوە » چونکە بیگومان وای لی چاوەرروان ئەکردم کە بلیم : « سبەینی ئامادەبە بو ئیشس » • رروخساری رروشن بوەوەو چاوە کانی لە خوشیا درەوشانەوە • کاتیك گەررا مەوە ژوورەکەو مژدەم دایە :

ـ سبەینی سەربەرەوە ••• تا ئیشەکـــەت جیبەجیکەم ! •

هەرچیە کیشس مایەوە ئەوسا ئاسانە •

# بام وابێ

مدهوش

من دل شــــــکاو نیـــــم ••••••
وەکـــو گـــەلی کەس جـگر براو نیم
فـــیری سکالاو فرمیــــــکی چاو نیم

مـــــن یارم بووەو بــەجیشـــی هیشتوم
هیـــلاکی کردوم بەلام نەی کوشـــتوم

ئـــەوەی من ویســـتم بیوەفا بـو زوی
ایستا خەریکە لەگەل بەزمی خـــوی
مـــن ژیانی خوم بوچی تال کەم بوی

مـــن بەختیـــــاریم بو دلم ئـــەوی
دل خوشکەرەیە هەر دەست ئەکـــەوی

نەپارەو نـــــەیار ئـــــەوە ناهینی
کـــــە پیـــــاو وەك منـــال بوی بنالینی
هەردوکی نزمی بـــــــو انسان دینی

رابواردنیکی نـــاو ڕەفیقی خـــوش
لـــەمانە زیاتر دل دینیتـــە جـــوش

هەندی یارەکـــەی ئەدا بەپـــــارە
هەیە پارەکەی هـــەمو بویـــــارە
هەیشـــــە هەردوکی هەیەو خەمبارە


هەیـــە چی هەیـــە هەموی داناوە
تەنیـا بو ئـەوەی پیی بلـین پیـاوە

دنیا هەر خـەم و ناخوشی نیـــــە
ژیـــان چوارچیوەی نەخوشی نیـــە
ئـــــەم قسانەشمان سەرخوشی نیـە

ئـــەو هەولەی ئەیدەی بو کامـــەرانی
کەباشت بەشـکرد جیی خوت ئەزانی

◆ دوژمنی ناوخو دزی ناو مالە •
◆ ئەوی بەخوی نەویریت بەکەسی تریشس ناویریت •
◆ ئەگەر بگەڕرین بو هوی دواکەوتنمان هەر لەناو خـــوماندا ئەیدوزینەوە • «ر • ع»

# هونەری جوان





— شەمال صائب

— روری کالهون

— سوفیا لورین

شەمال صائب :

لەئیستگەی بەشی کوردیەوە دەنگیکی بەسوز کەژو کیوەکـــانی کوردستانی پرر کردو گویچکەی گوی گرەکانی بەهونەری ئاواز زرنگانەوە • ئەم هەنەرمەندە بابەتیکی تازەی خستە ناو گەنجینەی ئاوازی کوردیەوە ، وە لەوروژەوە گورانی هەری لەیلی ، بـلاو کردوتەوە ، پر بەدل خوشەویستەو هیوای دوا روژیکی بەرزتری لی ئەکریت •

ئیمە ئەتوانین بلیین کە گورانی هەری لەیلی بو بە ئاوینەیەکو ـ شەمال ـ هونەرمەندیتی خوی تیا بینی • چونکە بەدوای ئەم

گورانیەدا وەك سەرچاوەیەك گەلی گورانی بەجوشی تری هینایە کایەوە • وەك : بەردە بەردە ، گیانە سویند ئەخوم ، ئازیز بەهارە ، بوهاتی ، دەمەکەت بینە ، زولیخا ، بو تویە دل ، وە گەلیکی‌تر • بەلام ئەوەی ئیستا گوی گرە کان لەشەمالیان ئەویت ، ئەوەیە کـە جاروبا ریشی لەشعری شاعرە بەرزەکانمان بکات بە گورانی ئاوازیان بودانیت •

لەم گورانیە تازانەی شەمالدا گورانی ـ ئازیز بەهارە ـ لـە هەموویان زیاتر ناوبانگی سەندوە ، لەدوای هەری لەیلیوە • وە گورانیەکەش ئەمەیە :

ئازیز باهارە

شەمال‌و گەلاویژ

ئازیز بەهارە ئـــازیز بـــەهارە

بـــەهاریش ئازیز چـــەژنی دلدارە

دەسەکـــەت بینـــەو بابـــروین

بونـــاو ئەو باغـــو نـــزارە

شەمال

ئـــازیز وولاتمان زور جـــوانە

ســـەیری لوتکەی ئـــەو شاخانــە

گەلاویـــژ

رەبی ئاوابی کوردوســـــتانـــــــه

شـــــەمال

ئازیـز چــــــاو کاری گریانــــه

لەبــەر نازی ئـــــەو شـــــاخانـه

گەلاویژ

رەبی ئاوابی کوردســـــــتانه

شـــــەمال

ئـــــازیـز دلم پەریشـــــــــانه

لــەبی کەسی ئـــــــەم شـــارانــــه

گەلاویژ

رەبی ئـــــاوابی کوردوستانــــــه

روری کالهون :

کالهون زور لەوە ئەترسا کە روژنامەچیەکان لیی نزیك بنەوە ، چونکە نەی ئەویست لە رابوردووی بکولنەوەو چیروکی منالی ئاشکرا ببیت • وای ئەزانی ئەگەر تاوانەکانی دەرکـەوت ئەبیتە هـــوی سەرنەکەوتنی لە هونەردا •

ئەم روری کالهونە کە یەکیکە لەئەستیرەکانی ســــینەمای هولیود ،لەناو کوری دزیتیو چوار دیواری بەندیخانەدا پیگە یشت هیشتا راستو چەپی خوی نەناسیبو ئەسپیکی دزی ، ئەلی هـوی دزینی ئەو ئەسپە ئەو خەوە ناقولایە بو کە بینیبووی • گـــــوایە

لەخەویا خوی بەبەر گی شوا نی‌یەوە بینی‌بو ، وەهیندیە سوورەکانی راو ئەناو ئەیکوشتن ، جا بو هینانەدیی ئەو خەوە یەکەم جـــار ئەسپیکی دزی وە لەوەوە فیری دزی بو و ، ئیتر بـــەدەم سزای بەندیەوە ئەتلایەوە •

بەلی ئەم نهینیە ئەمرو ئاشکرابوو ، وەئیستا کالهون خـــوی دائەنیشی‌و ئەو بەسەر ــ هاتانە ئەگیریتەوە ، چونکە ئەلیت هەر ئەو بەسەرهاتانە بوو ٠کە شازەزای رەوشتو ژیانی کومەلی کردم وەوای لیکردم کە ئەمرو لەهونەری سینەماو نواندنا سەربکەوم •

ئەم کالهو نەی کەدوینی بیکارەیەك بوو ، ئەمرو زورکەس بەغیلی پی‌ئەبەن نەك تەنها لەبەر پیشکەوتنی ، بەلکو ئەلین لەسالی **١٩٤٨** تەوە لەگەل ژنەکەیدا زور بەبەختیاری ئـــەژی ، ئەمەش مایەی سەر سوورمانە لەهولیودا هونەرمەندیك بتوانیت دەسال لەگەل ژنەکەیدا بی قورەو هەرا بژی •

صوفیا لورین :

ئەم ئافرەتە قەشەنـــــگە لەئاسوی سینەمای ئیتالیـــــادا پرشنکی هونەری ، دەرکەوت لەو روژەوە کە جوولانەوە پرر لە نازەکانی ئەبینریت لەســـەر پەردەی سینەما،ناوو باسی لەسەر زمانی گەنجانو لاپـــەرەی روژنامەکانی جیهانە •



ســـوفیا لە گەلی فلیمـــدا دەرکەوتوە ، وەلە هەموویانـا دەورەکانی خوی بەباشی ئەبینیت سەرنجی سەیر کـــەران رائەکیشیت ، وە ئەتوانین بلین گەلی جار تەنها ناوی ئەو ئەبیتەهوی برەو پەیدانی فلیمەکە •

لەم دواییەدا سوفیای شوخ شوی کرد بەـ کارلو بونتیـ دەرهینەری سینەما لەئیتالیادا ئەوەی شایانی باسە ئەم پیاوە لەوەو پیش ژنی هینابوو ، جاکە سوفیا یشیهینا ، نەیتوانی لەئیتالیا دانیشی وە چوو لە مـــەکسیك ئاهەنگی گواستنەوەی کرد ، چونکە ئاینی ئیتالیا ریگــە نادات پیاویـــك لەژنیك زیاتر بینیت •

ئیستا سوفیا ئەلیت من زور بەختیارم لەگەل میردەکەما ، وە هەرگیز وازی لی ناهینم • نیازیشمان هەیە کوشکیکی جوان لە بفرلی هیلز بکرین و جنسیەی ئەمریکیش دەربینین •

لەم بەینەدا بلاوکرایەوە سوفیا لوزین هەلئەسیت بەدەوریکی گەورە لە فلیمی ـ بن هور ـ دا • ئەم فلیمە فلیمیکی دینی زور گرنگـــە وە پارەیەکی یەجگار زوری تیا بەخت ئەکریت هەروەها زوریش لـــە ئەستیرە بەناوبانگەکانی هولیود هاوبەشی لەم فلیمەدا ئەکەن •

# هەوال

لەفەرەنسە بریار درا بەدەرهینانی فیلمیك لە ســـەر ـ روبسپیر ـ پیشەوای شورشە کەی فەرەنسە • وە بریاردراکە جورج رولان بەدەوری روبسپیر هەلسیت • ئەوەی شیاوی باسە : چیروکی ئەم فیلمە کلودفیر موریال نوسیویتی ، وە بو دەرهینانی ورازاندنەوەی ٣٠٠ ملیون فرنکی تی ئەچیت •

جینا لولو لەگەل تیرم پاوەردا نیازیان هەیە بین بو اسرائیل بوبینینی دەوری سلیمان پاشاو ، شاژنە سەبەء •



◆ ماجده : ئەستیره باناوبانگه کەی سینەمای میسر ، خەریکی ئیشی کردنه لەفیلمی جەمیله بوحیردا ، ئەو فیلمەی کە بەشیکە لەچیروکی تیکوشانو خەباتی کچە قارەمانەکەی جەزایر ـ جەمیله بوحیرد ـ ئەو جەمیلەیەی کە هەمو گەلان لە پشتیەوە بوون بو هەلوەشاندنەوەی بریاری خنکاندنەکەی کە فەرەنسەی ئیمپریالیزم دابووی بە سەریا • وە ئەگەر دەنگی نیرانەی گەلان نەبوایە ، دوور نەبو بخنکینرایە هەروەها لەم فیلمەدا کاریمان هەلئەسیت بەدەوری جەمیله بوعزە ، ئەم جەمیلەیدووهەمەش تیکوشەریکی جەزایری بوو بەلام کە گیرا لەلایەن چەتەکانی فەرەنسەوە ، میشکی تیك چوو شیت بوو •

محامی رشید تالەبانی

ئامادەیه بو بینینی هەمو جورە دەعوایەك لە کوی سنجاقو دەرەوەی •



# هونەری نەرمانە ئەویت !

نوسینی ساجد ئاوار

ئەگەر میژو نوسەکان بیانەویت نەتەوەیەك بخەنەسەر پەرەی میژو وە بو ئەوەی بلەی سەرکەوتنی رەوشتو خوو نەریت وژیانی کومەلایەتیو ئابوری ئەو گەلە بەریكو پیکیو بی کەموکورریو پیوەنان ، لە سەرچاوەیەکی خاوینو تەواوەوە دەربهینن دەست بە لیکولینەوەی، دەست کردی هونەر مەندەکانی ئەوگەلە ئەکەنو ئەیکەن بەبەلگەو سەرچاوەی لی کو لینەوەیان چونکە هونەر ـ ئایا ئەدەب بیو یا پەیکەرتاشینو وینە گریو سازو ئاواز دانانوو چونیەتی دروستکردنی خانو بەرەیانو تەرزی جلوبەرگ لەبەرکردنیان ـ ئاوینەیەکە لە هەمو ناوچەیەکی بەرزو نزمیو کەموکورری ئەو گەلە دەرئەخات •• جا ئەگەر هاتو هونەریك لەم هونەرانە لەسەر بناغەیکی رەمەکیو ساکار دامەزرابیت وا پەرەی میژو ئەو گەلە ئەخاتە پشت گوی وەیا بەنەتەوەیەکی ناکامو ساو یلکە ناوی ئەبات •

چونکی ئەگەر هاتو هونەریك لەسەر بناغەو دەزگایەکی پتەوو بە هیز

دروست نەکرابی وەیا بەتەرزیکی سود بەخش و بەکەلك نەدرابیتە قەلەم بی گومان ئەو هونەرە تا رزادەیەك ئەمینیتەوە و لەئەنجامدا کـز ئەبیو ئەمریت ....!

نەتەوەی ئیمەش لەیەرەبەیانی میژو وە هەتا ئیستە هیچ کاریکی ئەوتوی نەکردوە کە بی‌هونەرمەندو هونەر مابیتەوە، بەلکو کارەساتی سیاسی‌و ئابوری‌و دەستدریژی ستەمکاری‌و دابەش‌کراویمان - بوەتە کوسپیکی گەورەو نایەلی هەنگاویك بنیین بو پیشەوە لە هیچ ناوچەیە کـەوە ... وە ئەو هونەرەش کە ماوەمانە لەباوك‌و باپیرمانەوە بومان ماوەتەوە .... جا هەندیکی ساکارو رەمەکی‌یە خەریکی لەناو چونەو بەشی فەراموشیە وەهەندیکی تریشی لەسەر بناغەیکی پتەوو بەنرخ دامەزراوەو لەلاپەرەی میژودا جیی خوی گرتوەو سەری ئیمەی پی بەرز بوەتەوەو شانا زی پی‌یەوە ئەکەین‌و بوە بە بەلگە بەدستمانەوەو ئەوەی بلی :

- کورد مافی ژیانی سەربەخویی نیەو نەوەیەکی ساویلکەو ناکامە - بەلگە - وەك کوتەك ئەمالین بە تەپلی سەریا، تامیشکی لەخـــــەو دابچلەکی‌و لەرراستی چاو ئیمە هەلبینی و تی‌بگا جا ئەو کاتەپیی ئەلیین « هونەرمان نەمرەو نامرین ...» بەلام ئایا ئـــەبی ئیمە شانازی هەر بەو هونەرە بو بەجی‌ماوەمان بکەین‌و بەس ؟

نە، ... پیویستە ئیمەیش لەو قوناغەوە دەست پی‌بکـەین کـــە نەوەی پیش ئیمە کەیشتبونی‌و بەرزتری بـــکەینەوەو شتی تـــازەی دەست‌کردی خومانیشی بخەینە سەر، کە لە بیرو باوەریکی تـــازەی کەلك دار کە لەسەر تەرزیکی زانستی تەواوا دەرهینرابیت‌و بەروبومیکی ئەوتوی لی وەر گیری کە بگونجی لەگەل شارستانیەتی ئەو سەدەیەدا

که تیایا ئەژین •• بی‌گومان ئەبی ئەمەش لەسەر دەزگایەگی بەهیزترو بناغەیەکی پتەوتر لەهی ــ باوك‌وبا پیرمان ــ وەنە بیرکی قـــولترو فراونترو رەوانتر لەهی ئەوان دروست کـــرابی • بو ئەوەی نەوەی پاش ئیمە نرخو بەرهەمی پرر لەسودی لیوەر بگــــرنو ئەوانیش بەرزترو پتر تری بکەن لەسەر دەزگایەکی بەهینرتر لە هی ئیمە ••• ئەمەش سروشتی دەستوری گۆررانە ــ تطور ــ وانـــەبێ کـــاروانی پێشکەوتنی شارستانیەتیمان دوا ئەکەوێتو بەرەو لەیاد کراو ئەچینو لەلاپەرەی میژودا بی ناو ئەمینیەوە ، وەك نەبویین •

کەواتە پێویستە لەسەرشانی ئەو هونەرمەندانـــەی کـــەوا زور بەپیشەیەوە ــ اهتمام ــ دەستیان داوەتە هونەرەکـــــانیان بەنیازی خزمەتو بەرز کردنەوەی گەلو گەشـــە پێدانی ــ ( نـــەك بۆ ناوو نەتۆرەو خۆدەخستن ) ــکە بەرهەمی هونەرەکـــەیان بەتەرزێکـــی رراستو رەوان لەسەر بناغەی زانستی کەلك بەخشیو پرر مانا بهێننە کایەوە •• کە دوا روژ کەلکی لی وەربکریتو ببیت بە کولەکەی بەرز بونی وولاتەکەمان •

وە ئەوانەی بەناوی هـــونەرەوە نیازی ناپاکـــــی بەرامبەر بـــە هونەرمەندانی دلسوزی وولات دەرئەبرنو ئەیانەوێت گێرە شێوینیو دوو بەرەکیو ئاژاوەو ناکۆکی بخەنە سەر رێکای کاروان بێ گومان انسانیکی لی نەهاتوو دوژمنی هەرە گەورەی گەلـــــن ••• چونکی ــ هونەر ــ بوخزمەتو پیشکەوتنی گەلە نەك بو ئارەزو دەریررین • ئەم

جۆرە کەسانە هەرچەندە لەماوەیەکی کـەما دەسـت خالیـەتیو دەم هیلاکیان بۆ ئەمێنیتەوە بەڵام کۆسـپێکی هەرە گەورەن بۆ دواخستنی کاروانی پێشکەوتنی گەلەکەیان پێویستە ریسواو قەدەغـە بکـرێنو نەهیلدری لە سنور لابدەنو بىن بە ئەندا میکی ـ طفیلی ـ نـاو کۆمەڵ •

وە هونەرمەندی رراستو نیشتمان پەروەر ئەوەی لـە سـەر بناغەیەکی خاوێنو بەجێ هونەر دائەنیبۆ خزمەتی گەل نەك بۆ خۆ دەرخستن ، بێ گومان سەرچاوەی پێشکەوتنو ناوی لەسەر پەرەی میژو ئەنوسرێتو ئەندامەکانی نەتەوەکەی بەشانازیەوە تا دیرزەمـان ناوی بەچاکە ئەبەن • جا ئەوەی جەرگی بۆ گەلی دوا کەوتوی سـوتاوەو ئەیەوێت رەنجدەریو شەو نخونیو تالوترشی بۆ بچەژێت بـەرەو رێگایەکی رراستو ئاسۆیەکی روشنی بەرێتو لە شەوەزەنگی نەزانین هەژاریو نەخۆشی رزگاری کات •• ئەبی (هونەرێکی نەمری ) بـۆ بهێنیة کایەوە تا شان بەشانی کاروانی پێشکەوتن بڕواتو بێگانە بڵـین ( کورد نەمردوەو خاوەن هونەری نەمرە ) •

چیروك (١)

# قارەمانی ئافرەتێکی کورد



ا • ب هەوری

لەئیوارەی روژیکی بایزی سالی ١٩١٠ دا لە کاتیکدا لە شـــکری شەو دوا سەربازی تیشکی خوری لەئاوایی بیارە دەرپەراند مال بەمال بگەررای‌تایە بێ جگە لەئافـرەت‌و منــال‌و پیاوی کەفتەکار کەلـــە کولانەکاندا دەهاتن و دەچوون‌و دەم‌وچاویان بە سپیاوی دل‌نەنگـــی‌و خەفەت‌باری سپیاو کرابوو لەگەل هەندی لەپیاوانی ئایینی کەلە گوشەی خانەقاکەدا لە خوادەلالانەوە بو ئەوەی کوتایی بەم جورە کارە ساتانە بێنێت ، ( تاکەی ئەم کوردە وەك بەرەی خوخور هەر خەریکی قەلاچوی یەگتر دەبن ) هیچ کەسیکی ترت نەدەدی چونــکە ئەوەی نیرینە بــوو دەستی چەکی دەگرت هەمووی لەسەنگەری سەر شاخەکان‌و ین‌داری ناو باخە کاندا حویان مەلاس دابو چاورروانی لە شــکری هەورامانی تەخت ( ئەودیو ) و مەریوانی دەکرد کە هەردوو لایان بووبوون بەیەك

---

(١) ئەم چیروکە میرزا غفور احمد بوی گیرامەوەو دلیت کە دایکی مجدی بەگ هات خوم راوەستابوم •

بەسەرکردەیی محمودخانی دزلیو مجیدبەگی برزوو یەگ و هیرش یان هینابوو بو ئەوەی رەچەلەکی هەورامانی لەون ( ئەم دیو ) ببرنە وە ، ئەم مجید بەگە لەبەر ئازاییو هەلمەتی لەجەنگدا پییان دەوت گورگە بور وای لی هاتبوو لە هەورامان و مەریواندا منالی پی ژیر دەکرایەوە .

شیوی شەوی ئەو شەوەی دانیشتوانی بیارە نزاو پاررانەوە بوو لە خواو ژیر کردنەوەی زارولە کانیان لەترسی هیرشی گورگە بوو هەر وەك شیوی چەك بەدەستانی ناو سەنگەرەکانو بن دارەکان پاك کردنەوەی تفەنگە کانیانو ساونی تیغەکانیان بوو چونکە دوا هەوال وای دەگەیاند کە لە شکری هیرش هینەر ئەم شەو دەکات ، تاریك بەتەواوی داهات ، شەو زرنگایەوە ، هەوریکی رەش بەری ئاسمانی گرت بایەکی توند هەلی کردو گەلار یزانی پیش وەخت پەیدا بوو بیارەیەکان ئەوەندەی تر سەرسام بوون ئەم کارەساتە شیان بە شووم بو خویان لیك دایەوە . ئەوان لەم لیكدانەوەیەدا بون زرمە دەستی پی کردو تەقە پەیدابوو لەهەر چوار لاوە گوللەی مەرگ وەك تەرزە دەستی کرد بەبارین ، شریخەی تفەنگ وچەخماخەی هەوری ئاسمان رولە روی ئافرەتو تاتە روی کناچی قیژەقیژی منال بەتیکە لاوی بووبوونە پەیکەری موسیقای مەینەتی کورد .

چەنگ هیرشیو بەرهەلستە سەربازی هەردوولا مانگرو بە کارو کردەیە ، خوین گەرمو دەمار گرژو بەهەلمەتە . بە لی هەردوو لا کوردی میژ پرر مەینەتە لاشەو گەلای گەلاریزان بە مل یە کدا دەستیان کرد بەکەوتنو وەرین ، ترس کەوتەوە ، سامدار سامی لی نیشت ، ورە بەردرا پەتی هیوا کەوتە باریكو بنیسیو ئافرەتەکان

بەوەیمن وەیمن و راکردن روویان کردە خانەقا • لەم کاتـــەدا
زایەڵەو دەنگی دووبارەی سوپای سەر شاخەکان لەناو چـەمی بیارەدا
دەنگی دایەوەو وتی ئەلەپەشە مجید بەگی پـی کـــاو بـەدوو برینی
کاری گەروەوە مجید بەگ بەدیل گیراو سوپای هـیرش هینــــەر
شکستی خوارد مەلا قادری بیارە کە ئەمەی بیست نەك خوینەخـــوی
یەك مجید بەگی دیل بکوژیتو خوینەکەی ببیت بە خوینی سیاوەحشو
نەبرریتەوە بەهەلەداوان چوو بو سەر سەنگەرەکان ، زوری پی نەچوو
مجید بە گیان بەدارە تەرەم هینایە بیارەوە ، لەژووریکی خانە قا جیگایان
بو چاك كرد دوو گوللەی پیوە بوو یەکەمیان ئیسقانی سمتو ررانی
ورردو خاش کردبوو ، دووەمیان دە ستیکی پەرراندبوو بەقەدە ر هەوا
دەزوویەکی پیوە مابوو هیوای ژیانی لی نەدە کـــرا هەرچـەنـــد
بەبرینەکانەوە پالی دابووەوە لیفەی دابوو بەسەر یانداو ورتەی لیوە
نەدەهات ، بەشـــوورەیی دەزانی هـاوار بکاتو بنالینیت • کـــە
بەگزادەکان دەچوونە ژوورەوەو سلاویان لی دەکـردو بەدەستووری
خویان کررنوشیان بو دەبرد نە سلاوەکەی دەسەندنەوەو نە قسـەی
لەگەل کەسیان دەکرد لەگەل ئەمەشدا ئەوان هەر ریزیان دەگـرتو

(١) ئەلەپشە ئیستا ماوەو لەگولپ دادە نیشیت ، دەلین مجید بەگ
پیشئەم برایەکی ئەلەپەشەی کوشتوە •

(٢) لە کابرایەکی هەورامیم پرسی وتی دایکی مجیدبەگ ناوی
زینەت خان بووە •

(٣) بانیبنوك جیگەی دانیشتنی مجید بەگ بوە •

کەزانیان ناژی ناردیان بەدوای زینەت[٢] خانی دایکیدا لە بانی بنوگ[٣] بوئەوەی بیت بیباتەوە کە روژی دوایی چرپە چرپ بەیدا بوو لەناو ئەو بەگزادانەدا کە لەژوورەکەی مجید بەگ بەپیوە راوستابوون مجید بەك تیك چوو ، رەنگیکی هینلو برد زانی ئەوەی لیی دەترسـا رووی‌دا و دایکی هات زور لەوە دەترسا کە ئافرەتەو کەم هیز کـەبە حالەوە جگەر گوشە قارەمانەکەی چاو پی بکەویت دەست بکات بەگریان‌و پاررانەوەو لەناو دوشمنەکانیدا بیشکینیت پەم خولیایەوە چاوەرروانی مجید بەك دریژەی نەکیشا لە پرر ئافرەتیکی بەسالا چوی گەنم رەنگی کەم‌گوشت بەهەمو چەکی جەنگی ئـەو روژوە خـوی کـرد بەژووردا ، پرشنکی رق‌و ئازایی لەژیر پیلوو براژنگی چاوە کانیەوە دەدرەوشایەوە ، چاویکی بە رراوە ستاوەکاندا خشان‌و نقەی نەکـردو دوایی بەبی ئەوەی کەم و زور تیك بچیت رووی کردە مجید بەگ‌و وتی رولەی شیرینم دل تەنگ‌و زیز مەبە ، ئەم جورە کارە هەر بەسەر قارەمانیکی وەك تودا دیت ( لیرەدا بە تیلایی چاویکی پرر هەررەشەوە تەماشایەکی راوستاوە کانی کـــردەوەو رووەو مجید بەگ وتی - کورری قارەمانم پیاو کە لە دایك کەوتە خوارەوە جاریکی‌تر ناچیتەوە سکی دایکی ، هەر دەبیت بمریت‌و سەرکەوتوش ئەویە کەبە قارەمانی لە ریگەی بیرو باوەرری خویدا دەمریت‌و دل‌نیاش بـە خوینت ون نابیت هەموو بە هاریك گولالە سوورەی شاخەکانی هەورامان بە خوینی دوشمنە کانی تو ئاو دەدریتەوە • ـ لەم کاتەدا مجید بەك وەك گـول گەشابوەوەو رەنگی سوور هەل‌گەررابوو لە خوشی گفت‌و گوکەی دایکی وات دەزانی هیچ برینی پیوە نیە •




نامەی دایکێك :

پاریس ـ یەکێك لە نووسەرەکانی رۆژنامەی هـــێرالد ترێبیون نوسیویتی کە دایکی کچەکانی ئەمەریکا هەمو ترسیان لی نیشتوە لەبەر ئەوەی کچەکانیان ئەچن بو پاریس و ناگەرێنەوە وولاتەکەی خویان

نووسەر ئەلیت ئەوکچانەی هەلدێن و روو ئەکەنە پاریس ، بەشی زوری لەئەمەریکاوەیە • هەروەها نووسەر نامەی دایکیکی بـــلاو کردوتەوە کە لە لادییەکی ـ وسکونس ـ ەوە ـ ناردوویەتی بو کچە جوانەکەی لە پاریس • لەم نامەیەدا گەلی هەوالی سەیری تیایـــە ، وە هەندی لە باری کومەلایەتی ئەمەریکا دەرئەخات •

ئەم دایکە لەنامەیدا لەکچە نازدارەکەی ئەپاڕێتەوە کە بگەرێتەوە نیشتمانەکەی خوی ، چونکە خەلکی ئاوایی لییان کەوتوونەتە تەحانەحاو ئە لین : ئیمە زور لەو کچە رازی بووین ، بەلام لەوکاتـەوە رووی کردوتە پاریس گومانی لی ئەکەین ! • ئنجا لە نامەکەدا دیتـە سـەر باس و هەوالی گوندەکەیان و ئە لیت :

لەم روژانەدا پیاویك ژنەکەی خوی کوشتوە بو ئەوەی لیی رزگار بیت ، چونکە دلی بەکچیکی ترا چوە ! • ئیستا ئەو پیاوە لە بەندیخانەیە وە ئەلیت کە هاتمە دەری خوشەویستەکەشم ئەکوژم ! •

لەهەوالی دزووهەما ئەلیت : کچیك لەکچانی گوندکەمان سـسکی پر کراوە بی ئەوەی میردی کردبیت ، و ئیستا کەسو کاری ئەیانەویت ئەم کچە دوور خەنەوە تاکو منالەکەی فوری ئە دات • بەلام کی سکی بر کردوە ؟ • ئەمە کەس نازانیت •

هەر لەو نامەیەدا گەلی هەوالی تری تیایە ، لەبابەت کارەساتی ناو قوتابخانەکانەوە ، لەبەینی کورانو کچاندا نجا ئەلیت: ـ هــــەر لەم بەینەدا لەگوندەکەماندا ئـەم شـتانەشـس رووی داوە : خاوەنی گوگایەکیان رفاندوە کابرایەکیشس خوی کوشتوە ، لەبەیەك دانیکـدا ـ اصتدام ـ ٣ کەس مردوون •

ئەم دایکە لەکوتابی نامەکەیدا دووبارە داوا لەکچەکەی ئەکاتەوە کە بگەرریتەوە لایان ، چونکە باوکی بوی پـەریشانەو زوری بـــیر ئەکات •

بەم جورە بومان دەرئەکەویت کە کچانی ئەمەریکا لە چ تەنگـــو چەلەمەیەکدان وەچون هەلدین بو ئەوروپا • هەروەها بومان دەرئەکەویت کە باری کومە لایەتی ئەمەریکا لە چ رادیەکدایەو چـــون نوقمی گوەی تاوانە •

بوقیش ئەمەی پی هەیە :

میامی ـ ئەمەریکا ـ نەخو شیەکی تازە لە شاری میامیدا بلاو بوتەوە توش بوونی ئەم نەخوشیە لە جی گازی بوقەوەیە • جورە بوفیـــکی گەورە پەیابوون دریژیەکەیان پییەك ئەبیت ، ئەم جورە بوقانە خویان مەلئەدەن بو مروفو گازیکی لیئەگرن ، ئیتر ئـەو کەسە توشــــی

نەخوشیەك ئەبیت نەچاری هەیەو نە دەرمانیشی بو دوزرواەتەوە ، وە هەمویشی خراپتر ئەوەیە کە پربەپری جیگەدانەکەی زەهر ئەکاتە لـ مروڤەوە • ئەوەی شایانی باســـــە : ژنی باخەوانیك گیرراویتیە کە دوانلەو بوقانە رییان پی گرتوەو خەریك بوون هەلمەتی بەرنە سـ بەلام کاری میردەکری راست بی کە زوو فریای کەو تووەو رزگـــار کردوە •

◆ ◆ ◆

کامبرج – لە پیش بیست سالدا لەلایەن شاردوانی ئەم شـــارە گوررستانیك دوروست کراوە ، وە والتر هاموند ناویك کە ئیستا تەمە ٥٤ سالە ، کراوە بە گوررهەلکەنو پاسەوانی ئەم گوررستانە ، بەلا ئەم بەسەزمانە لە سالی ١٩٣٨ تەوە چاوەرروانی ئەوەیە کە یەکیـــ لەم کوردستانەدا بنیژریت کەچی کەسی بو ناهینریت •

وە ئیستا والتر هامـــوند ئەلیت توبلییت یەکـــەم کـــەس خـــوم نیابنیژریم ؟ •

---

پیشینان وتویانە :
نازبدەی بەپیاز دیتە گازە گاز •
بیلی قورر بە دەس خەلکەوە سوکە

# چیروك نوسین و هونەری چیروك

بەقەلەمی ـ مصطفی صالح کریم



چیروك جیگایەکی زۆر بلند داکیر ئەکات لەناو ئەدەبی هەمو میلە تیکا ، چونکە گرنگترین هونەرە کە کارئەکاتە سەر ژیانی کومەل • وە لەبەر ئەوەی کە لەم سالی رابوردوودا گوڤارە کوردیەکانمان چەند لاپەرەیەکیان تەرخان کردبوو بو ئەم هونەرە گرنگەو کەلی سواریشی رمبازینی تیا ئەکرد بەپیویستی ئەزانم بەبونەی تەمەنی یەك سالەی ( هیوا •• ) نازدارەوە هەندی لە سەر هونەری چیروك بدوێم بۆ ریگا روون کردنەوە لەبەردەمی تازە چیروك نوسەکانا بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیرەوی بنکەی چیروك ناکەن • پیویستە لەنوسینی چیروکا دوو شتی گرنگ هەبی ، یەکەمیان ـ بەهرە ـ دوەمیان دارشتی چیروك لەسەر بناغەو پەیرەوی ـ هونەر ـ

بی گومان هەندی ـ شاعیر ـ هەن کە بەهرەی شیعریان تیایە بەلام کەدینە سەر وتنی شیعر لەبەرئەوەی کە شارەزاییان لە زانستی ـعروض ـ و ئەمانەدانە ئە بینی سەرناکەون لە شیعر کانیانا * هەروەها

---

* لەیەکیك لەو « محاضرانەی » کەبەتایبەتی لەکلیەی صحافەی میصریەوە بوم نیرابوو لەکاتی خویدا •

هەندی چیروك نوسیش هەن بەهرەیان تیدایە ، بیروباوەریان نیە کە دای بریژن لە قالبیکی ریك وپیکا لیرەدا هەرگیز ناتوانری دانی چیروك نوسیتی بەم جورەکەسانە دابنری •

کەواتە ئەبی چیروك نوسی تەواو پەیرەوی هەردوولا بکات ، وە هەردوو زەوشتەکەی تیدابی ، واتە بەهرە بەخەیالیکی بەپیتو میشکیکی روناكو هەستیکی بەرزەوە ئەمەیان کە هەریەکیك خاوەنی بوو ئیتر تواناى قسەمان نامینی چونکە مانای ئەوەیە کەئەو چیروك نوسە یەکەم پلەی چیروکی بریوەو بەرەبەرە ریگای خوی بەدیئەکات بەرەو ئامانجی بیروزی ، لای دوەمیشیان وەر گرتنی شیوازی چیروكنوسە بەرزەکانو پیشەسازیتی نوسینو هونەری چیروك ئەم بەشەیان پیویست بە لیوردبونەوەو باس لەسەرکردنە • لیرەدا رەنگە هەندی لە چیروك نوسەکانمان بلین ئەمە زەوت کردنی سەربەستی بە لە چیروك نوس ئەکری بەلام راستیەکەی ئەوەیە کە چەند یاسایەکی گشتیو هونەریکیتایبەتی هەیە لە چیروکا پیویستە تیابی ئەگینا کوتوپر رەخنەگر هەست ئەکات بە نانەواویەکی هەرەگرنگ لەو چیروکە کە لە یاسا لائەوات • ایمجا بام بی‌ینە سەر گرنگترین ناوەروکی باسەکەمان کە ئەویش چیرکە ••• چیروك بەپیی هونەی نوسینیو دراشتنی ئەکری بە چوار جورەوە :

١ ـ کورتە چیروك ( بە عەرەبی = الاقصوصة ) وە فەرەنسیەکان پیی‌ئەلین (Conte) ئەمەیان نوسەر تەنیا وبنەیەکی بچوك لە ژیانمان دەرئەخا ، بەواتەیەکی تر ئەبی باستی کارەساتیك یا رووداویك بکا کە بە کورتی ئامانجی تیا بدات بەدەستەوە ، بەلام لەگەل کورتیشیا

ئەبی کالوکرچ نەبی لە رووی ووردکرونە وەو چارکرونەوە ، وەئەمەش بی گومان لەدەست هەمو کەس نایەت جگە لەو چیروك نوسانە کە سەرکەوتون لەم هونەرەدا چونکە ماوەی دەربرینی زادەی بیر لیرەدا زۆر کورتە وە ئەگەر هاتو نوسەرەکە خوی ئالاندە داوی بابەتیکی فراوان‌و لقی لی‌بوەوە ئەواسەر لە خوی ئەشیوینی‌و ـ کورتەچیروکیشی لی‌ئەبی بە کورت کرونەوەی چیروکیکی دریژ ... ئەمەش زور دوورە لە هونەرەوە .

٢ ـ چیروك ( القصة = Novelle : مە بەس لەو بەشەیانە کە لە نیوانی کورتەچیروك‌و چیروکی دریژایە ، وە لیرەدا نووسەر لە گەلی رووی ژیانی بالەوانەکانی ئەدوی ، وە ماوەکەشی دەست ئەدا بو چارکرونی ئەوکوسپانەی دیتە ریگای بالەوانەکانی ، بوشی‌هەیە کە دریژەبدات بە بەسەرها تەکان بەلام بەومەرجەی پچرپچرو لیك‌جیاواز نەبن .

٣ ـ چیروکی دریژ الروایة ـ Roman ـ نوسەر لیرەدا چارەی بابەتیکی تەواو یان زیاتریشی بی‌ئەکری،بەشەرتیك باسیکی پر لە ژیان‌و جولانەوەبی ، هەرکە خویندوار لە خویندنەوەی بوەوە شیوەی پالەوانەکانی لە یادا بمینیتەوەو شارەزای کونر قوژبنی ژیانیان بووبی .. چونکە مەیانی نوسەر لیرەدا زور فراوانە ئەتوانی بەردە لەسەر ژیانی پالەوانەکانی لابەری‌و بەووردی لەسەر کارەساتەکان بدوی چەندیش کات بخایەنی .

٤ ـ حیكایەت ( الحكایة ) = icte ★ ئـــەمەیان بەسەرها تیكی رابوردوو ان شتیكی هەلبەستراوە كە دەماودەم ئەگیرریتەوە ، لیرەدا حیكایەتنوس وەك حیكایەتخوان وایە چونی بیستوە وای ئەگیریتەوە بیئەوەی پەیرەوی هونەر بكات وە بە بیری من خاوەنی ئەم بەشــە بی ناوتری چیروك نوس •ئەمەلەلایەن بەشكردنی ، بەلام چیروك خـۆی بەمانای گشتی لەـ٣ـ عنصری گرنگ پیك دیت : بیرو چوارچیـــوەی چیروك ، پالەوانەكانی ، گفتوگوو جولانەوە ئەمەیە هەیكـەلی چـیروك ایمجا بام بیینە سەر باسی هونەری نوسینی چیروك هەمو چیروك نوســە بەناوبانگەكان بەتیكرای لەهەمو نوسینیكیانا كەدەر بارەی هونەری نوسینی چیروك دوابن لەسەر ئەمانەی خوارەوە پیكهاتون •

١٠ ـ پیویستە چیروك بەشیوەیەك دابریژری كە زنجـــیرەی خـەیالی خویندەوار نەپسینی ، پچر پچر نەبی ، نوسەر بەهەمو ئارەزویەكـەوە هەولبدات ئەو بیرەی مەبەسیەتی دەریبریو بەپیی توانای خـــوی دووری نەخاتەوە لیرەدا چیروكنوسی چاك وەك سوارچاك وا ەكـــە توند جلەوی وولاخەكەی ئەگریو هەرگیز بوی شـــل ناكا كـــە هەلیگری • كەواتە پیویستە لەسەر نوسەر دوای قەلەمی نـــەكەوی هەرچونیكی دایەبەر بویشلكا ، چونكە ئەگەر دلسوزیـــەكی وای بەرامبەر ـ فیكرەو موضوع ـ بیشاندا ئەوكاتە چیروكەكە بینایـــەكی قەشەنگ دەرئەچی •

---

★ دابەشكردنی چیروك بەپیی بەشكردنی ( محمــود تیمور ) لەدەرسیكی تایبەتیدا لەسەر هونەری چیروك كە بو قوتابیانی ـ كلیەی صحافە ـ ئەنیرری •

٢ ـ نوسەری چیروك ئەبی تائەتوانی پاریزگاری چونیـــەنی شـەرحو تحلیلی نفسیەتی پالەوانەکانی بی •• ئەمەندەشیان لەسەر نەدوی بیان کا بە شەخسەپەرو هیچ شتیکی ئەوتو نەهیلیتەوە بو خەیالی خویندەوار ، چونکە خوندەواریش دلی بەوەوەیە کە لە مالی خوی شتیکی پیوەنی یان لەسەر ئازایەتی پالەوانەکان یان لەسەر کلولیان یان لەســــەر پیاوخواپی یان ، ئەگەر هاتو وای کرد ئەوا ـ چیروکیکی واقعی رووتی هەلمالراو ) دەرئەچی •• بە کورتی نە زور ئاشکرابی کـە بی تـــام ببی نە زرویش پیچو پەنای تیدابی کە کەس هیچی لی تی نەگا •

٣ ـ پیویستە چیروك نوس وا لە پالەوانەکانی چیروکەکەی بکا کە بەپی ی منطقی ژیانی خویان بجولینەوە ، بو ئەوەی کـــە خویندەوار لەکاتی خویندنەوەدیا توشی شتی وانەبی کە نە منطقو نە زەوق پی ی قایل بیّ • گەلی جار ئەمەنە بیتە هوی روخاندنی چیروك و لەبەرچاوکەوتن •

٤ ـ نابی چیروك پربی لەوەعزو خوتبەو راویژ ئەگینا تامی تیا نامینی ★ چونکە کە نوسەر هاتو پالەوانەکانی کـــرد بە ( بوق ) و خـــوّی فووی پیاکرد ئەوکاتە قسەکەر نوسەر دەرئەچی بەلام بەزمانی ( پالەوانە توتیەکان • کەواتە بیویستە شەخسیەتیکی سەربەخویان هەبی و زیندووبن لە هەلسانو دانیشتنا ، هیچ پیویست ناکا یە نوسەری بیەوی وای لـە خەلك بگەیەنی ئەم کچە کلولە بلی (ئای چەند کلولم ) بەلکو کاریـکی وا بکات کارەرەهاتو کارەساتی راستانەکە خوی کلولی ئـــەوکچە

★ لیکولینەوە بەقەلەی ( محرم محمد امین ) لەسەر خەباتەکـەی میدیا ـ ژین ژمارە ١٣٩٢ •

دەربخات بەلام ئەگەرهەلویسنە یەک پیویستی بەوەنرو کە ( کچــە ) خوی قسە بکات ئەوکاتە بابیکات •

٥ ـ ئەبی هەمو چیروکیك مانایەکی تایبەتی ببەخشی ئەگینا ئـــەوکاتە چیروکەکە ـ بەدەردی ماموستا محرم محمد امین ئـــەلی ـ ئەبی بە چرنوك چیروك نوسیش وەکو هەمو هونەروەریکی کەوینەی ژیان ئەگری بە هەمو رەنگیەوە ، وە بیریکی پیشەوە خواردووی ناو دلی خوی دەرئەبری کەواتە کە ئەشنوسی ئەبی ئەو هەست وباوەرە ئاشکراکات رتوش بو وینەکە بکا • لیرەدا بەپیویستی ئەزانم کە ئەوەشیان بلیـــین ـ چیروك نوس یان لە (واقع) وەرئەگری ، یان لە کانی نەفسی ئادەمزادو لە ئازارو لە ئاواتی ئەدوی •• بەلام گرنگ ئەوەیە کە ـ مجـــدی ئەدەبی ـ ئەدریتەبال ئەو چیروك نوسەی ئەچیتە قـــولای دەرونـــی ئینسانەوەو مەبەسی خوی لی هەلئەهینجی ، چونکــــە ئەمەیان شتیکی ئەزدلیەو هەر ئەمینی بویە لیرەدا ئەچرپینم بەگویی چیروك نوسەکانا کە ئەوەندە اهتمام بە موضوعی سەرپێی نەدەن چونکە ئەم جورە بابەتانە بەپێی زەمان دینو ئەرونو لەناوئەچن ★ وە ئەوکاتە هیچ نرخیکی کومەلایەتی ئەوتویان نامیتی •

٦ ـ پیویستە ئەو بیرەی کە نوسەر چاری ئەکات لە چیروکەکەیدا لــە قالبی وەعزو حیکمەتا نەبی ، لایەنگیری شتیك‌و بەرهەلستی شـــتیکی تر نەکات بەئاشکرا ، چونکە ئەگەر وابوو ئەو جورە چیروکانە ئەبن

---

× فن القصص = هونەری چیروك ••• نوســـەری میصری : محمود تیمور

به ــ مه‌قاله ــ ووتار ــ بوبه‌ش وائه‌لیین چونکه چیروك مینبه‌ر نیـه بو خوتبه‌دان‌و وه‌عز خویندنه‌وه به لکو پیشانگایه‌کـــه بو وینه کیشان‌و ووردبونه‌وه هه‌ر به‌ره‌مز ئامانجی خوت ئه‌گه‌یه‌نی به خوینده‌وار •

٧ ــ واچاکه چیروك هه‌ندی « ته‌شویقی » تیدابیت بوئه‌وه‌ی هه‌مو هوشی خویندوار هه‌ر لای چیروکه‌که بیت‌و په‌ره په‌ره له‌دوای په‌ره خیراتر له‌سه‌ر خویندنه‌وه‌ی هه‌ته‌ربی •• به‌لام که باسی ته‌شویق ئه‌که‌ین ناشمانه‌وی ــ چیروك نوس ببی به ( البـــــلد ) یان به ــ سمه‌ی یاسین ــ هـــه‌ر له‌خویه‌وه شت دورست کا بو پی‌که‌نین وابزانی ئه‌مه شه‌وق بـــــه خوینده‌وار زیادئه‌کا •• نه‌ئه‌وکاته توشی هه‌ندی بی‌ماناو بی‌تام ئه‌بی که‌خوشی لی‌ی په‌شیمان ئه‌بیته‌و •

به‌م‌پی یه ئه‌گه‌ر چیروکیك ئه‌م شیرازانه‌ی تیا به کـار نـــــه‌هینرا له‌پیش جاوی ره‌خنه‌گر بـــه چیروك نازمیری ، بوبه‌راوردی ئـــه‌مه سه‌رنج بده‌ره‌ـ ئوتوموبیل ــ ئه‌گه‌ر شنیکی گرنگی لی ده‌ربهینری په‌کی‌ئه که‌وی و توانای رویشتنی ئامینی ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌شه که هه‌ست به خوشی گه‌لی چیروك ناکه‌ین که ئه‌یان خوینینه‌وه • • چونکه جوره که‌سیك هه‌ن بی‌ئه‌وه‌ی کورته چیروکیکی جوانیان پی‌بنوسری هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه بی له‌سه‌ر یاسا رویشتنی‌و بی به‌یروی هونه‌ر ده‌ست‌ئه‌ده‌نه نوسینی‌ـروایه‌تیك‌ـلیره‌دا ئه‌م چه‌ند دیره ناچارم ئه‌کا که پاش دابه‌شینی چیروك‌و دوای باس کردنی ئه‌و هونه‌رانه‌ی چیروکی له‌سه‌ر دائه‌ریژری باسی هه‌نه‌ی له‌و سیفه‌تانه‌ش بکه‌م که ئه‌بی له‌نوسه‌را هه‌بی تا پی بلیین ــ چیروك نوس‌ـجگه له بونی «به‌هره» که له سه‌ره‌تای باسه‌که‌مه‌وه لی‌ی دوام ئه‌و سیفه‌تانه‌ش گرنگـه

کانیان ئەمانەبە «التجربـە الشـخصیة» واتـە تاقی کردنەوەیکی خویی، ( الثقافة الواســـعة ) خوێندنەوەیەکی فراوانی چیروك و هونەری چیروك.. بەتایبەتی برشتی چیروك نوسە بەرزەکانی جیهان، «دراســـة النفس» شارەزایی لە خوێندنەوەی دەرونی ئادەمزادا بەئەنجامی خوێندنەوەیکی ووردی « علم النفس » ★

◆ ◆ ◆

لیرەدا هەندی کەس بلێن جا ئەم هەمو ریسو گوریسەی بوچیـە خۆ چیروك نوسە بەناوبانگەکان گوییان نەداوەتـە ئەم شــــیرازانەو هەرچونیك بەخەیالیانا هاتوە نوسیویانە وەلامم بو ئەو کەسانە ئەمەیــە کە ئەو بلیمەتانە بنکەو دراشتنی چیروکا ئەگەرچی خوشیان نەبەستوە بە یاسای تایبەتیەوە بەلام شتیکی وایان پیشان نەداوە لە چیروکەمانیانا کە کە ایستاش پیچوانەی ئەم هونەرەی کە بو چیروکی تازە دانراوە، وە ئەبی ئەوەش بزانریت کە لەسەرەتادا ئەم یاساو شیرازەیە دانەنراوە تابلێن وەرە ئەمانە بزانەو چیروك بنوسە بەلکو لە پاش نوسیتی گەلی چیروکی ناودار ئەمانەی لی دەرهینراوەو کراوە بە بناغە بو وارشتنی هەمـــو چیروکیك و بەتەرززر بو کیشانی هەر چیروکی بنوسری •

وە راستیەکەی هیچ کاتی زانینی ئەمانەش نابی بەهوی ئــەوەی کەهەمو کەسی ببیتە ــ چیروك ــ نوسی • ئەگەر زور نەخوینیتەوەو لە

---

★ ماموستا محرم محمد ئەمینیش لەم بابەتەوە لە روژنامە ژینی ژمارە ــ ١٣٩٢ ــ دا ئەمانەی باس کردبوو •

گەنجینەی ئەدەبیاتی گیتیا شارەزا ببی نەبی‌و نەچیتەناوجەرگــەی کومەلەوە •• بەلام زانینی ئەمانە ئەبیتە هوی رەنگین‌کردنی چیروکی ئەو نوسەرانەی کە خویان لەسەرەتاوە دەستیان داوەتە ئەم هونــەرە بەرزە ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تریشی یارمەتی رەخنەگر ئەوات لــە کیشانی چیروکا •

دەوری چیروك لە ئەدەبا :

هەروەکو وتمان چیروك دەوریکی بەریزی هەیە لە ئەدەبا چونکە دەوریکی گەورەی، هەیە لە مەیانی خەباتا، بو پیك‌هینانی گەلی ئامانجی کولامەیەتی‌و نیشتمانی، ئیستاش کە لە ئەدەبی کوردیا چیروك نوسین کەوا خەریکە چەکەرە ئەما پیویستە هەول‌بدری مەیانەکەی فراوانتر بی چونکە هونەر وەقف نیە لەسەر مەیانیکی تایبەتی، فراوانە هەروەك فراوانی ژیان ★ لیرەدا روو ئەکەمــە گەلیك لە برا چیروك‌نوسەکانو پی‌یان ئەلیم کە بەشی زوریان ئەو بابەتەی لی‌ی ئەدوین کون بـــوو ئەوەندەی لەسەر وترا با هەر تووی ناچاری‌و بەیدەســی‌و کلولولی نەیژین چونکە ـ ئەو نوسەرەی سەیرکردنی بەرامبەر ژیان ئاوا تەنگ‌بی ئە بی هەر گریی‌ی دەروونی‌و بەدرەوشتی بەدی بکا ئەو نوسەرە ئاسوی بیری تەنگە، چونکە ئەم جورە سەیرکردنە لەگەل سروشتی ژیانــا ناگونجی ـ ★★ •

---

★ ـ القصص فی الادب العراقی الحدیث ـ چیروك لە ئەدەبی عیراقی تازەدا نوسینی عبدالقادر حسن امین •

★★ ـ فن القصة ـ هونەری چیروك ـ نوسینی : دکتور محمــد یوسف نجم •

وه هەروەها پیویستە لەسەرمان کە هونەری چیروك نەکەین بـــە سوخرەگیش وەك چون ووتاریك ئەکەین بە بەندو دیلی خومـــــان چیروکیشی والی‌بکەین ، بەلکو چاکتر ئەوەیە لە هونەری چـــــیروك شارە زابین‌و نمونەی چیروکی بەرز بخوینیەوە ـ چونکە ئەگەر نوسەر هەر خوتی‌هەلقولتاندن مەبەسی بوو بو دەربرینی غەرەزیك یان پرو پوکاندە کردن بو ئانجیك یان بە راسپردن لە شوینیکـــەوە بی‌ئەوەی هەستی خوی دان بەو بیرەدا بنی * بی گومان هونەرەکەی لەگەلیـــــا ناچی بەریوەو لەکاروان بەجی‌ئەمینی •• ئەوکاتە ئەو جورە چیروکانە وەك دەهولی دراو پر ئەبی لە شتی هەلبەستراوو درووو دەلەسە کـــە زەخنەگری زانا دەست‌بەجی هەستی پی ئەکات •

ئەمەیە چیروك‌و جوری هونەری نوسینی‌و دارشتنی چـــیروك‌و بەهرەی چیروك‌نوسی •• هیوام‌وایە کە توانیبیتم باسەکەم بکەم بە ری پیشاندەریك بو پیشکەوتنی بەشیکی هەرەگرنگ لە ئەدەبی نـــەتەوە نەبەزەکەمانا کە ئەویش ـ چیروکە ـ وە بی گومان بـــەرزبونەوەی ئەدەبیش ئەبیتە هوی زیندووکردنەوەو پیش‌خستنی زمانەکـــــەمان • کە ئەمیشیان ئەوپەری ئاوایی پیروزمانە •

ـ سلیمانی ـ مصطفی صالح کریم

---

* فن القصص ـ هونەری چیروك ـ محمود تیمور
لاپەرە ـ ١٠٥ ـ




بەوردی سەرنجی ئەم پرسیارانەی خواردوە بدەو وەلامیان بدەرەوە •
هەر پرسیارەی پینج نوختەی لەسەرە • هەول بدە زورترین نوختە
پرر بکەیتەوە • سەرکەوتووی یەکەم دوانزە ژمارەی هیوا،سەرکەوتووی
دوەم دوو بەرگی میژوی کوردو کوردستان ، سەرکەوتو ٣ سی هەم
ژمارەی داهاتوی هیوایان پیشکەش ئەکریت •

١ ــ مانای ئەم وشانە بنووسە :توژمال ، سوزی ، وەشت ، بەرژە
وەندی ، دژوار •

٢ ــ لە چ سالیکدا یەکەم روژنامە بە زمانی کوردی دەرچو ؟
ناوی چی‌بو •• ؟ لەکوی دەرئەچو •• ؟

٣ ــ ئەم هەلبەستە هی کی‌یە :

هاوسی هەموو وەك دالن‌و ئەم کوردە وەکو لاك
جنگیان لە جگـەرگاهی هەمـو داوە بـــەیی‌باك

٤ ــ خوشکو برایەك پیکەوە وەستابوون ، کچەکەیان وتی مـن
خوشك‌و برام بەقەدە ریەك هەن • بەلام کورەکەیان وتی من خوشکم
دووئەوەنەی براهەیە • ئایا چەند کورو چەند کچن •

لەگەل وەلامەکەتا پوولیکی دەفلسی کارنەکراو بنیرە • لەگوشەیەکی زەرفەکە بنووسە ـ پرسیار ـ تا روژی ٥ـ٧ـ٥٨ وەلام وەرئەگیریت • ئەنجام لەژمارەی داهاتودا بلاو ئەکریتەوە •

سەرنج : سەرکەوتوی یەکەم پیویستە لە پانزە نوختە زیاتر پرکاتەوە •

---

## دارو تـــەختەی باش

دارو تەختە بو هەمو پیویستیەکی ناومالو خانو بەرە بـــەکار ئەهینریت ، تەنانەت کەشتیو بەلەمو هەمو جورە ئالەتیکی موسیقایش لی دروست ئەکریت • داری ساج ، جاوی ، چام ، وە معاکـــس ئەمانە هەموی بەهەرزان لای کاك ( عبدالحسین فـەیلی ) چنـــگ ئەکەویت • ئەم هەلە لەدەست مەدە ، تازوە بچـــورە دوکانی ژمارە ( ٥ ب ـ ١ ٨٨ ) لەوی بە ئاواتی خوت ئەگریت •

## ئوتیـلی ســــــیروان

ئەم ئوتیلە تازەکراوەتەوە لەبەغداد لەسەر شەقامی امین ، هـــەتا بلییت پاکو تەمیزو فینکو خوشە • نزیکی او بازارو دوائری میریە ، نرخیشی هەرزانە ، زور بەخزمەتن ئەگەر هاتیتە بەغدا دیارە هەر ئەچیتە ئەوی • خاوەنەکانیشی کاکەحەمەی دەرویش کریمو کاك نەشئەتە •




خویندەواری بەریز : لەم بەشەدا هەمو مانگیك جاریك دەمەتەقیەك ئەکەین لەبارەی چونیتی هیـــواو پیشنیارو پرسیارە کانی توو هـــوی بلاونە کردنەوەی نوسینە کانتەوە٠تو کە ئەنوسیت مەبەستت سوودبەخشینە ئیمەش کە بلاو ئەکەینەوە هەر ئەو مەبەستەمان هەیە ٠ کەواتە وەرە با هەردولامان یەك بگرینو کام شت باشترینە ئەوە بخەینە بەر چـــاو ٠ تو کە خویندەواریکی هیوایت مافی هەمو پرسیارو لیکولینەوەیەکت هەیە٠ ئەگەر هەلەیەك یان کەموکورتیەکت لەم گوڤارەدا دی ، چـــاوی لی مەپوشە ، ئاگادارمان بکە لەگەل بیرو رای خوتا ٠ هەروەها ئەگـــەر گیروگر فتیکیشت بو بە ئیمەی بگەیینە تاکو لەگەلتا خەریکی چارکردنی بینو بیخەینەبەر چاوی گشت ٠

◆ ئەم گوڤارە لیژنەیەکی لەچوارکەس پیکهاتو ـ لەئەندامانی یانەی سەرکەوتن ـ ئەیبەن بەریوە ٠ بەخویندەوارانی رائەگەیینین کە هـــەر نامەو نواسروایك ئەنیرن یەکسەر بو هیواو بە ناونیشانی خـــوی بینیرن نەك بو ماموستا فلانو کاك فیسار ٠ هەر نامەیەك ئاراستەی کـــەســـیکی ناوبراو کرابیت ئەخریتە پشت گوی بیجگە لەو نامانەی کە پەیوە ندیان بە ئابونەو ئیشوکاری مودیری مەسئولەوەیە ٠

◆ م • ئازاد ــ بغداد : برا پیشنیارە کەت کە بریتیە لە گورینی یانەی سەرکەوتن بە کومەل ــ جمعیة ــ خستمانە بەردەمی لیژنەی بەریوەبەری یانە ، ئەوانیش لایان پەسندبو چونکە وەکو توش ئەبیت لە ناوچـــەی ئیمەدا یانە مانای جیگەی خواردنەوەو رابواردنە ، وە کومەل نرخیکی زیاتری هەیەو ئەتوانیت بەگەلی کاری گرنگتر هەلسیت • جا چاوەروان بکە بەم نزیکانە بو پیك هینانی پیشنیارە کەت دەست ئەکریت بەهەوندان•

◆ ماجد عبدالله ــ سلیمانی : ئەوەی هیوا لەنوسەرانی ئەویت ، تیمارکردنی زامی ئەم نەتەوەی کوردەیە بە نوسینە جی گـیرە کانیان پیا هەلدانو مەتح کردنی روتی گوڤارو روژنامەکان کەلکیك ناگریت هەر لەبەر ئەم هویە هەلبەستەکەت بلاونەکرایەوە ، چاوەروانی بەرهەمی باشترت ئەکەین •

◆ خوشکە پ • ن ــ بغداد : خوشکیبرا وتارە کەت لەســـەر ــ لیقەوماوی قاش ــ راستەو خویەکی ناپەسندە ، بەلام هیوا ئەیەویت بەکاری گرنگترەوە خوی خەریك کات • ببورە لەبلاونە کـردنە وەی

◆ حەمە رەشید ملا علی • عبدالکریم محمود •خولە•محمود محمد محمود سلیمانی : کە شتەکە هەر وەرگیران بیت بوچی ناگــــەرین بەشوین شتیکی باشو بەرزداو وەری گیرن ؟ • ئەوانەی ناردوتانە یـــا لەبنەرەتا لاوازن وەیاوەرگیرانەکەیان لاوازە • چاوەروانی وەرگیرانی باشترتان ئەکەین •

◆ جمال شار باژیری ــ سلیمانی : پەخشانەکەت ــ پارچەیـەکی ەنثور ــ بو بلاوکردنەوە ناشیت • ئەزانی بوچی ؟ چونکە ئەو جـورە

بەختیاتانە بویە وەزنو قافیەیان بودانانریت ، بو ئەوەی ماناو رستەو مەبەست لەیەك نەپچرینو پەیوەندیان پیکەوە بیت • بەلام داخی گرانم ئەوەی تو لەم روەوە ناتەواو بو •

◆ حەمە شوکر خەلیفە ــ هەولیر • مدحت بیخەو ــ کرکوك • غ • سرغەمبار سلیمانی • جلال پەریشان سلیمانی : براینە داواتان لیئەکەین کە پەلە نەکەن لە هەلبەست دانانا • بروابکەن هەلبەستەکانتان ناتەواوی زور تیابو • وا بە ریز هەر یەکەی بەیتیکی لەنگتان ئەخەینەوە بەر چاو :

( دەرگای مالیان وا لەسەر دائەخەن
نایەلن هیچ کات کە خویان دەرخەن )
ئەو دلەی نەکات نالەنال بو ولات
ورد نەبیتەوە لەهاتو نەهات )
( بو بیکە نین دەمی گول
سروەو جولەو هەلپەرکیی چل )
( بویاس هەر باسی توو جوانیەکەتە
چی هینریکی راکیشەرە هەتە )

هیوامان وایە پیش ئەوەی دەست بکەن بە هەلبەست دانان ، زانیاریکی تەواو پەیا بکەن لەبابەت هەلبەستەوە ئەوسا بەرهەمی باشمان بدەنیو ئیمەش بەشانازیەوە ئەیدەین بەخویندەواران •

◆ میم ــ سلیمانی : وتارەکەت (نامەیەك بو نەسرین ) زور دورو دریژە • دوای ئەمەش لەم جورە وتارانە زور نوسرا هیچ کەلکیکی

نەبو • بەلام بو چیروکەکەت چاوەروان بکـە لەمەلیکـــــدا بلاوی ئەکەینەوە •

◆ محمد نوری توفیق ـ چەمچەمال : وتارەکەت ( نامەیەك بـــــو کرمانج) جوانو پەسندە ، بەلام هەر ئەو ئاموژگاریو مـەبەستەی تو گەلی جار لە پیشەکیەکانی هیوادا بلاو کراوەتەوە • کەواتە پیویـست ناکات دیسان بلاوی کەینەوە •

◆ کاکە شوان ( بی ناونیشان ! ) سعید حاجی شیخ علی ـ سلیمانی : ئەوەی نوسیوتانە لەسەر ( تاکەی ئەم بەربەرە کانیە ) وە ( بوچ قسـە ناچیت بەگویمانا ) ئەم وردە گیرو گرفتی کومەلایەتیانە هەتا چاریکی پتج بریان بو نەدوزریتەوە هەر ئەمینن‌و وتارو نوسین لە بنیان ناهینیت •کەواتە با جاری خەریکی وریاکرنەوەو راپەر ین بین نەك هەر سکالاکـــردن لەدەس ئەم شتانە •

◆ عزیز صدیق ـ رانیە : کاکی برا لەم کوردســـــتانەدا روژی سەدەها گەنجو پیرو منال ئەمریت ، جا ئەگەر بو هـــەر یەکێکیـــان وشەیەکیشس بنووسین مانای ئەوەیە گوفارە کەمان ئەبی سەری خـــوی نسین کاتو هەر خەریکی پرسەو واوەیلا بیت • وە کەئەشبینیت جاروبار لەسەر کوچی دوایی هەندی کەس ئەنوسریت ، ئەوەزور پیویستە • بو ناردنەوەی شتەکانیشت، هیوا چەند جار بلاوی کردوتەوە کە دەربەستی ناردنەوەی شتی کەس نیە •

# سەرگروشتەو بزەی‌لیــو

◆ هێشتا ئاوێنە زور بلاو نەبوبوەوە بە جیهانـــدا ، کابرایەکی ژاپونی پارچە ئاوێنەیەکی دوزیەوە ، کە هەلی گرت وینەی خوی تیا دی زور سەرسام بو چونکە وای زانی ئەمە وینەی خوالیخو شبوی باوکیتیو خوای گەورە بو پیروزی بوی ناردوە •

کابرا ئاوێنەکەی لە سندوقیکدا قایم کردو هەمو روژیك ئەچوو تیر سەیری ئەکردو سوپاسی خوای ئەکرد ژنەکەی لەمە گومانی کـــردو روژیك سەری سندوقەکەی هەلدایەوە وینەی خوی لە ئاوینە کەدادی زور توررە بو • چونکە وتی سەیرکە ئەم میردەی من چەند سپلەیە بـــو ئەم ژنە ئیسك قووسە ناشیرینە ئەیەویت من بگورریتەوە • لەسەر ئەمــە لەگەل میردەکەیدا لی‌یان بو بە مشتومرر • ئەم ئەیوت ئەمـــــە وینەی دەزگیرانەکەتە ئەویش ئەیوت تو بەهەلەداچویت ئەمە وینەی باوکمە • کابرایەکی قەشە گویی لەم مقومقویە بو هات کەناوبژیان بـــکات ئاینەکەی لەدەست وەرگرتن کە وینەی خـــوی تیادی وتی ئیـــوە هەردوکتان‌بە ـ هەلەدا چون ئەمە وینەی پیاویکی ریشن سپی نورانی لە خواترسە • ژنو میردەکە چونە پیشەوە پیکەوە سەیریان کـــرد ۳ وینەیان تیابینی ، ئیتر دەستیان کرد بەپیکەنینو بویان دەرکەوت کـــە هەرسیکیان بەهەلەدا چوون •

◆ هومەر وتی من هیلاکو ماندوم تو بررو ئـەو گـــــوی‌دریژە

بەستەرەوەو ئالیکی بدە • پیروز لی ی راپەری‌و وتی من لەبەیانیـــەوە خەریکی مەشکە ژەندن‌و پشتیر مالینم دوو ئەوەنەی تو ماندووم خــوت بو ناچی ؟ ! • لەسەر ئەمە لی‌یان بو بە دەمقال وەلەئەنجامدا بریاریان دا کە هەردو کیان دانیشن‌و قرروقەپ بەن ، هەرچی جوولایەوە یان قسەی کرد ئەبی بچیت گوی دریژەکە بەستیتەوە بەلام پیروز لەبــەر ئەوەی هەویرشیلانی هەبو ئەگەر بشجوولایەتەوە قەیی نەئەکرد •

ماوەی چارەکیك بەم جورە مانەوە ، پیروز تەواو بی‌تاقەت بو هەلسا چو بو مالەدراوسی‌یە کیان دەستی کرد بەقسەکردن • لەم کاتەدا دوو قەرەج هاتنە مالی هومەر زوری لی پارانەوە کە شتیەکیان بداتی بــەلام هومەر نقەو جولەی لە خوی بریبو ، قەرەجەکان بــە هەلیـــــان زانی دەستیان کرد بە مال پیچانەوەو تەنانەت کلاوو مشکیەکەی ســــەری هومەریشیان بردو بوی دەرچون • پیروزیش کرەوە کــەی لەبـــیر چوبوەوە ، لە مالە دراوسیکەوە لەگەنی هەریسەی گەرمی بەمنالیکــدا نارد بو هومەر • منالەکە چوە بەردەمی هومەرو وتی هەریسەم بو هیناوی هومەر پەنجەیەکی دریژ کرد بوسەری ویستی لە منالەکەی بگەینیت کە کلاوو مشکیەکەیان بردوە ، منالەکــە وای زانی ئەلیت بیکە بە سەرما بویە لەگەنە هەریسەکەی کرد بەسەری هومەرداو گەرایەوەو بــــــو پیروزی گیرایەوە •

پیروز کە ئەمەی بیست بیری کەوتەوە ئەمە مەسەلە گرەوەکەیە ، بەپەلە خوی گەیانەوە مالی‌و دەستی کرد بەهاوار هاوار مالمان دزراوە •

لەم کاتەدا هومەر راپـــەری‌و وتی ئـــەری وەللە دووررانت دەبررو گوی‌در یژەکە بەستەرەوە دەی !

◆ ئەم ماموستایە چونکە لەجەنگی یەکەمدا ئەستەمولی دیبو، لەجیاتی دەرس وتنەوە هەر باسی ئەویی بو ئەکردن قوتابیەکانیش باش گوی‌یان بوشل ئەکرد چونکە ئەمەیان پی‌خو شتر بو لە دەرسەکە•روزیك قوتابیەك لێی پرسی ئەفەنی پاقلاوەش هەیە لەوی ؟ • ئیتر ئەفەنی هەر لەگەل ئەمەی بیست دەستی کرد بەمەتح کردنی پاقلاوەی ئەوی : جـــاری لەپیش هەمو شتیکدا تەبەقەیەك هەویر لەگەل رونی ئاژەلدا ئەشیلن انجا بو تەبەقەی‌دوەم گویزو بادەم‌و شەکرئامادە ئەکەن تیی هەلئەسوون بەلام تەبەقەی سییەم ( لەم کاتەدا موفەتیش خوی ئەکات بەژورا ) بەلام تەبەقەی سییەمی زەوی تەبەقەیەکی رەق‌و سەختە چونکە پیك هاتـوە لە گەلی جور معدن وەکو ئاسن‌و پولاو مس‌و ئالتون •

کابرای موفەتیش کەروانی ئەم ماموستایە ئەوەندە بەپەروشـــەوە دەرسەکەی ئەلیتەوە ، زور سوپاسی کرد هەروەها ئافەرینی قوتابیەکانیشی کرد کە ئەوەندە گوی‌رایەلن بو دەرسی ماموستایان • بەلام لەگـــەل موفەتیش روی هەمو دایانە قاقای پیکەنین‌و ئەفەنی هاتەوە ســـەرباسی پاقلاوەکەی‌خوی •

◆ کفرەحمەد داوای هەرشتیکی لەخوا ئەکرد جی‌بەجی نەئەبوو روژیکیان چوە بن شاخیکەوە وتی خوایەئەم شاخە برروخینە بەسەرما ، لەم کاتەدا تەیریك لەسەرەوە چینەی ئەکرد نەختیك خول‌و وردە زیخ

هاتە خوارەوە کفرە حمەد وایزانی شاخەکەیە ئەروخیت ، بەپەلە رای کردە ئەولاوەو سەیریکی ئاسمانی کرد وتی ئەزانم بوشتی وا خیرایت •


◆ کابرایەکی راوچی تانجیەکەی بەردایە کەرویشکیك ، کەرویشکەکە بە دەم راکردنەوە خوش خوش ئاوری لە تانجیەکە ئەدایەوەو پیی ئەوت خوت ماندو مەکە نام گریت تانجیەکەش ئەیوت قاچم لەقاچی تو دریژترەو لەتوش بەهیزتر ترم ئیتر چونت ناگرم ؟ ! • کەرویشکەکەش لەوەلامدا وتی ئاخر من بو خوم رائەکەم بەلام تو بو یەکیکی تر ! ••

---



# یەکی لە شەوەکانی گردەکەی سەیوان

ـ فاضل ـ



ئەم چیروکە یەکیکە لە زنجیرە چیروکیکی روداو « لەگردەکەی سە یوان »(١) بەسەرهاتی چەند کەسیك پیشان ئەدا هەمو یەکی لەوانە مردونو زیندو ئەنبەوەو بەسەرهاتی روژانی ژیانو هوی مردنی خویان ئەگیرنەوە .

بەچەشنی شەوانی رابوردو ، پاش ئەوەی مالەوەم کردەوە خەو بی خشپەو بی دەنگ لەجیگەکەم هاتمە دەری ، هەر بەبەرگی نوستنەوە پیلاوەکانم کردە پیو بە گویسوانەی پشت بانەکەمانا خوم شور کردەوەو هاتمە خواری ، ملم نا روەو شوینە بەسامەکەی شەوان ، بە هەنگاوی دریژو خیرا خیرا روەو گردەکەی سەیوان ، درریان بو دام کومەلی مردوان ، تا گەییمە شوینەکەی شەوان ، وەستام بو گوی لی گرتنی هوی مردنو بەسەر هاتی یە کیکی تریان . (٢)

هەر لەیەکەم وەستانمەوە سەرسام مام ،چونکە بەپیچەوانەی شەوانی پیشوتر کە ئەبو بە ( مقۆمقۆو منمن ، هەریەکیك یا هەر مردویەکی زینو هەولی ئەدا خوی قسەکەر بیو بەسەرهاتو هوی مردنی خوی بگیریتەوە . تامامەی ریشی چەرمو بەهیمنیو سەروکانە گوچانەکەی

راست ئەکردەوەو نۆرەی ئەدا بە یەکێکیان کە ئەو قسەکەربێ ) •

شەوانی رابوردو ئاوابو نۆرەی هەر کامیشس بوایە بەچـاوی فرمیسکاویو بەزمانی وەك لالو قسەی پچڕ پچڕەوە ئەهاتە پێشەوەو دەستی ئەکردەقسەکردن ، کەچی ئەمشەو لاوێکی دەم بە زەردەخەنەی کولم سوری بالا.شمشالی لەش رێکو پێکو چاو گەشی جوان ، قژ زەردی خاو ، تەمەن لەبیستو هەشت ساڵی ژیان لەپێشیانەوە وەسـتابو ، تاوێ بەزەردەخەنەوە چاوی تێ ئەبریم ، تاوێکیشس بە پێکەنینەوە سەیریکی چوار لای خۆی ئەکرد •

ئەم دیمەنە بو سەرسامی کردم ، بۆیە پێشس ئەوەی بزانم نۆرەی قسە کردن بەم ئەدری یا یەکێکیتر روم تێ کردو پێم ووت :

ــ گیانی شیرینم کەکەی تیرنەخواردو لەژیان ، لەپێشابلێ بـۆ پێ ئەکەنی ؟ گوایا نازانی تو لە کوییت ؟ مروڤی زور پیرو پـەك کەوتەش هەر نایەوی بمری ، ئەگەرچی لەسەر جیگە جوڵەی نەمابیت و بـوبی بە باریکی زور گران بەسەر کەسوکاریەوە • کەچی تو بەم هەمـو شوخوشەنگیو قوزیو لاوییەتەوە کەتیرت نەخواردوە لەژیان ، ئیستەش

---

(١) هیوادارم لە نریکترین کاتا ئەم زنجیرە چیروکە « لەگردەکەی سەیوان » بخەمەپیشس چاو •

(٢) شەوانی رابوردوش بەچەشنی ئەمشەو خوم گەیانبوە گردەکەی سەیوان ، هەر شەوە نورە ئەدرا بەیەکیك لە مردوان تا رازو پەنهانی خوی بگیریتەوە •

وایت لەگردی سەیوان زەردە خەنەو پیکەنین جوی نابیتەوە لە لیوانت بەختیار دیاریت • ئەمە سەرسامی کردوم ، بڵی فەرمو تو قسە بکەو با نۆرە هی تۆبێت •

ئەویش بێ جوڵەو هەر لەشوینی خویا وتی :

– « بو پی نەکەنم ؟ بو بەختیار نەبم ؟ ئەزانی من هەمو ئاواتیکـــــم لەژیانا خۆ بەختکردن بو لەپیناوی گەلا تا ئەو بگاتە پلەی سەربەستیو بە ختیاری ، دریخیم نەئەکـــرد ئەگـــەرچی بشبومایە بـەقوچی قـــوربانی » •

لیرەدا تاویك وەستا وە کو بیەوی لاپەرەی قسەکەی بگوری ، دوایی وتیەوە •

– « لام وایە بیستبیتت کە وتراوە : بشمری لاموایە گوری گردی سەیوانت ئەوی • من کە ئیستە مردومو لەژیانا نەماوم هیچ نەبی وام لەگردی سەیوان ، ئەو گردەی کە قیلەی هەزاران دایکو باوکی جگەر سوتاوو رولەی بی نازکەوتو گەنجانی لەیاران بوە • وام لەم گـــردی سەیوانەی کە باخچەو هاوینە هەواری بابان بوە • وام لە شـــوینی خویندنی قوتابیانو جیگەی کەوشەکو گەمەی فەقیان • وام لـــــەژیر سیبەری ئەرخەوانی سوربو بە خوینی لەشی شەهیدان کـەلە پیناوی بەختیاری گەلا بەم خاکە سپیران پاش ئەوەی خوینیان پژینرا •

« ئەی ئەمە کەمە ، بیجگە لەمەش ئەگەرچی نەگەیمە ئەو روژەی کەبینم نیشتمانو گەل گەیونەتە ئامانج ، بەلام لیم رونە کەخـــــوری

گوردو بەختیاری گەل لە دەم کەلەوە لەبەرز بونەوەدایە • ئەی ئەمەش کەمە ، ئەم جیگە پیروزەو ئەم لی روینە ناهینن کە پی‌بکەنم و بەختیارانە بم بینیت » •

تاویکی کەش بی‌دەنگ بو سەیریکی چوارلای خوی کردو وتیەوە

ـ « زور بەناز بەخیو کرامو خوشەویست ترین رولەی مالەکەمان بوم کە خرامە بر خویندن بلحو گەلور نەبوم بویە لەویش هـــەر لە پیشەوەو خوشەویست بوم ، بی دراکەوتن گەورەترین پلەی خویندن ـ کەیەکیکە لە دانشگاکان ـ م تەواو کرد ، لەماوەی قوتابخانەدا وەکو خویندن ئامانجم بو بۆیم هەوڵ ئەدا هەروەها پیشخستنو سەربەســـتی وولاتیشس هیوایەکی تری ژیانم بو ، بویەلەهەمو هەولدانیـــك دریخیم نەئەکرد ، ئەمەش لای هەندی تاوانو پیاوخراپـــە بویە بەند کـــرام چەند شەوو روژ لەکونجی بەندیخانە لە جیگەی تاریکو تەنها فریدرام ، بە برسیەتیو ئازار دان هیڵرامەوە ، کە خویندنیشم بو ئەوەی دابمەزریم لە کاریکدا ، تا لەبەری داری خویندنی ئەو چەند سالەم بخوم پیم قایل نەبون ، نەیان ویستم ، چونکە بە پیاو خراپو تاوانبار درابومە قەلـــەم بەمەشەوە رانەوەستان نەیشیان ئەویست کاریکی کەبکەمو خومی پی بەخیو کەم ، هەر بەتاوانبار ناو ئەهینرامو! ئەیان ویست لەبەندیخانەدا بم ، بویـــــە بریارم دا کەلەم بەندی خانە کەورەیە خوم دەربازکەمو تیایا نەژیم ، رام کرد بو جیگەیەکی دور ، دور لە وولاتو لە خوێشس ،

لەوی سەری ئیشس کردنم بەرز کردەوەو چاکی خو بەخت کـــردنم کرد بەلادا » •

تاویکی کەوەستا ، ئەو رەنگە سوردەی ، ئەو کولە خوینینەی ، ئەو دەمە بە زوردەخەنەیەی ، هەمـو گـورران ، روی ســپی بوەوە ، زەردەخەنەو پیکەنینی گوری بەفرمیسك ، هەناسەیەکــی دریژی هەلکیشاو دەستی کردەوە بەقسەکردن ووتی •

ــ « ئەگەرچی ژیانیکی تەواو ئەژیام لەجلوبەرگ‌و خواردن لـــە هەمەشت ناتەواویم نەبو ، بەلام ئەمانە بەچی ئەچن • مـــروڤ لەکاتی پیویستیدا ، لەکاتی سەر ئیشەو ئازارا یەکیکی نەبی لەژور ســـەرین فرمیسك ریژیکی دلسوزی نـەبی، دەموچاوی بشـوا بەئـــەسرین ، پاریزگاری لەشوگیانی بکا لەسەر دوا جیگای ژین • ئیتر پارە یا جیگـە یاجل کەنکیان چیە ئەگـەر دوربی لەدایکو باوك لەخـــزم‌و خویشس لەوولاتو هاوزمان کردەو کوشە بو گەلەکەی خـــوی نەبیت و داری دەستی زورداری هەلفرینەرو دوورخەرەوە بیت •

« ئەمە هەستم بو گویشم نەئەدایە ، ماوەیەك ژیام تا لەشەویکا کە ئەبوایە بو روژی دوایی لەگەل چدنە هاورریە کما پچین بو سەیران • لەسەر جیگا لەژوریکدا بەتاقی تەنها کوکەو هەلامەت دایان گـرتم ، هیزم نەبو خوم بگەیەنمە پزیشك ، کە تام لی هاتو لەشم نیشتە ســـەر ئارەق ، کە سم بەدیارەوە نەبو دەرمانم بگەیەنیتی • کە دەریش کەوتم بی ناز بی ئیشك گر هەر بەروتیو بەرەلایی مامەوە •ئەو ئارەقەی کردبومەوە

ووشك بوەوە ئەو لەشەی کە داگیرسابو وەك ئاگر سارد بوەوە ، سارد بونەوەیەکی یەکجاری ووشك‌بونەوەیەکی بی تەرراییی • کەبەیانی هاتنــە لام لەجیاتی ئەوەی بمبینن بە ئامادەیی کەبچم لەگەلیان ، بینیان لاشەیەکم بی گیان ، کردیان بەشیوەن لەجیاتی سەیران •

« پیچرامەوە ، زور بەریزەوە بەرری‌یان کردم ، تاسنوری وولاتیان کردمیان بەم‌دیوا ، لیرەشەوە وەرگیرامو هینرامە ئیرە ، بو ئەم شـــوینە پیروزە • بو گردی سەیوان » •

جاریکی کەش وەستاو هەناسەیەکی دریژی هەلکیشا ، بەچمکیکی کفنەکەی فرمیسکە قەتیسەکەی چاوی سرریو ، پشویەکی داو دەستی کردەوە بەقسە کردنو وتی •

ـ « ئەگەرچی لەپیشا بە زەردەخەنەو پیکەنینەوە دەستم کـــردە قسەکردن ئیستەش ئەم بینیت وەکو بگریم وایە ، نابی لیم‌بگـــریت ، چونکە مردن ناخوشە بەتایبەتی مردنەکەی من ، بەتەنها تایـــەك گیتی بەجی هیشتن بیجگە لەمەش ئیشی ئەودم هەر لەدلایە کە ئامانجم ئەوەبو گەل بگاتە روژی سەربەستیو بەختیاری کەچی نەم تـوانی تا ســـەر لەخەباتا بم ، هەر بە خونچەیی هەلوەریم » •

لیرەدا وەستاو نەکەوتەوە قسەکردن • بی دەنگیەك کشا بەســـەر کۆررەکەدا ، گیزەی میشولە ئەبیسرا ، ورتەو خشپە نەما • مامـــەی پیرە بەچەشتی شەوانی رابوردو بەقسە خوشە پرمانا کانیەوە ئەو بی‌دەنگیو

ئەو کتسو ماتیەی پچرر یو دەستی کردەقسەکرد نو وتی •

ـ « کاکەی میوان ، مردوانی زینو ، ئەمیشس یەکیکیتر کە بەسەر هاتی رابوردویو چۆنیەتی بەجی هیشتنی گیتی بو گیررانەوە ، با بپرسمو بلیم تاوانی چی بو بەند کرا ؟ هەر لەبەر ئەوەی بـە ختیاری گـەلی ئەویست ! ئەی بو دەربەدەریشس کرا ؟ ئەمیشس لەسەر ئەوەی کەلـە باوەررەکەی خوی لای نەئەدا • وەکو وتومەو ئەلیم ئەبی هەموان بمرن دوا روژی ژیان گـــورر گورستانە ، بەلام بو ؟ ئەم لاوە تیرنەخـوا لە بەری ژیان ، وەکو هەر ئەبیبمری بو لەکوشی نازو لە باوەشـــی کەسو کاریا چاوی یەکجاری نەنیتەسەریەك ؟ بو •• ؟ بو •• ؟ » •

کە ئەمیشس لی بوەوە کاتی بەخوم زانی شەو زور درەنگەو ئاسـو خەریکە لەبەری خورهەلاتەوە رۆشن ئەبیتەوە • بوم دەرکەوت کەلـە هەمو شەوان زیاتر ماومەتەوەو زور دوا کەوتوم • بویە بەجیم هیشتن و زور بەخیرایی بە قەلەمباز بەسەر گۆررو کیلەکانا بەهەنگاوی دریـژ دریژو خیرا لەجیاتی بەسەر پردەکەی دامینی گوررستانە کـە ، بـــە لارریدا ملم نا بو گەررانەوە • کە گەییمە چەمەکە بەســـەر ئاوەکەدا بازیکم داو لەم کاتەدا ••••

# ساتی بەختیاری

کویە : دلزار

چـــەن جوانە ســێبەری راکشـــاوی چنار
لەســـەر فەرشی چیمەنی روخی جـــویە بار !

چەن جوانە ، چ شـیرینە ، چەندە دلگـــیرە !
ئەو تاڤگـــە پاکەی کە ئەلێی چورری شیرە !

لـەم خاکە پاکە خوشە بیخەوشە ، شـــیرین
بێ (١) : دووبەدوو کەمێ دوور لەخەم دانیشین

با نوقمی دەریایی قـــوولی دلـــداری بـــین
ساتی خـــاوەنی تەختی بەختیـــاری بین

بالی گـــەرین ئـاوازی شـــمشالی شـــوان
لەدوورەوە بیـتـو بـــگاتە گـــویچکـــەمان

بابێ دەم بەدەم بێ لەگـــەل شـنەی شــەماڵ
عـــەتری گـولانی کێویلکـــەی دۆڵو دەم یاڵ

ئای چ ئیلهـــام دەرێکـە کانیاوی زیوین !
پـــەڵە هـــەورە سپیەکانی بۆشـــایی شین !

هەرچی لەدەورو پشتمانەو کـە ئەی‌بینـــین
جوانـــە وەك کچی جوانی دەم بە پێکـەنین !

---

(١) بێ = وەرە



# میڤانە داری

ژیان لدنیایی بمروڤو هەڤالو بردەرا
یا خوشە، هەجی کەسی ژمە بگری
محتاجی تیکەلیا وانە، ئەو تیکەلی
وسەرەدان نەبا فەرقا مە وگیڤیا نەبو ..
ژبەر هندی تڤیت مروف هەر سەرا
مروڤیت خوبدەت وحەولی بدەت کو
خوشتڤیی لنا بینا خو ووان گەلەك تر
لی بکەت .

بەلی مخابن هندەك یت هەین نوزانن گاڤا سەرەدانی هەلبژیرن ! نوان لی‌یە ... هەچی گاڤا ڤیان دی شین هەڤالی خو بینن ! بەلی ئەڤە گەلەك تشتەکی نەباشەوریکەکا جوان نینە تڤیت ئەم وەنەکەین .

گەلەك جارا یا هەلکەتی ، ویا بسەری مەهەمیا هاتی ، مروڤی خەلەتەك یا هەی ژ دەرڤە ویی لسەر دەرکەتنی ژ مال ... هند دیت میڤان بو هات بی کوجابەك دابتی ! مروف دی کەفتە نا بەینا نالو بزمارا .... بیژتی ـ برادەر ـ لێ ببورە من خەلەت یا هەی وتڤیت ئەز دەرکەڤم ... نابت ... بمینت خەلەتا وی ماوصا . مروف دی شتی دەستی لێ بەری لی ئیت ، چبکەت .. نوزانت .. باشە میڤانی نەد شیا جابەکی

بدەتی بەری هاتنا خو ؟ بوچی مروڤ دی هەڤالی خو ئیختە دەراڤـەکی نەخوش ؟ چوریك نامینن مروڤ دی مەجبور بت لدەڤ میڤانی رینیت •• بەلی شەرتە میڤان بزانت کا دلی وی چ تبیژیت ! ••

هندی کو ژنن میڤان بیت وان ژ دوو •• سی ••سەعەتاکیم تر نینن • ئەڤە ئەگەر گەلەك • بدل هەلگر (وجدان) بن ! وتشتەکی دیارە ئەڤـە ژ بلی نیڤ سەعەتا خاتر خاستنی لبەر دەرگەهی ! !

ئەڤە هەمی چو نینە •• دی بیژین ئەڤ میڤانە تینە مال •• بەلی تو چ تبیژیە ئەو کەسی تیتە نك مروڤی لجهی شولی •• تشتەکی دیارە هەر سەکی شولەك یی هەی وتڤیت خلاص بکەت لجهی شولی خو •• باشە ئەگەر جەنابی میڤانی هاتوربنشت ودەست بئاخفتنیت پیچ وبی مەعنـــا کر مروڤ دی چکەت ؟ گوهی خو نەدەتی ••• دی بیژیت یی دفن‌بلندە گوهی خوبدەتی •• شولی وی ما وصا •• باشـە مروڤ چ بکـەت ؟ چوریك نامینن ودی ناچار بت شولی خوبیلتە لویری وگوهی خوبدەتە ئاخفتنا میڤانی سەربار !

برادەریت خوش تقی : ئەگەر مە بڤیت ئەم هەستی سـڤك بـــین برام بەری ئەوکەسی مە تڤیت سەرا بدەین تڤیت ئەم بەری چونا خـــو جابەکی بەدەینی ئەگەر سەرەدا مە لمالا وی بت ، دابـزانین کــــادی شیین بینین انا نە •• بەلکی نەخوش‌بت •• بەلکی کەسەك لـــــال نەبت •• بەلکی •• بەلکی •• هندی کو سـەرەدانا جهی شـــولیا گەلەك تشتەکی نە شیرینە هندی ژ مە بیت سەرا هەڤالی خـــو لویری نە دەین •

## هەواڵ ٠٠ کـومەڵایەتی ٠٠ ڕوداو

ـ یانەی سیروان ( ـ ر٥٠ ) دیناری بەخشی بەیانەی سەرکـەوتن بەناوی هەیئەتی بەریوەبەری یانەی سەرکەوتنەوە زور سوپاسی یانەی سیروان ئەکەین و هیوامان وایە هەمیشە هەر یەك بین و دەستی یـەکتر بگـــرین ٠

## چاپخانە لەکوردســـتاندا

ـ لەمانگی پیشودا دەستکرا بەباسکردنی پیك هینانی چیخانەیەکی گەورە لەکەرکوکدا ٠ وەکو زانیومانە پیك هینانی ئەم پروژەیە ١٥ هەزار دیناری ئەویت ٠ جا بو کوکردنەوەی ئەم پارەیە پروژەکـــــە ئەگریت بە دەزگایەکی بەشدار ( مساهم ) وەنرخی هەر بەشـــیك دیناریك ئەبیت ٠

بوئەوەی بتوانن ریگە لەمیری وەرگرن و دەست بکەن بەکوکردنەوەی بەش ( سهم ) پیویستە لە پیشەوە ١٥٠٠ دیناریان ببیت ٠ بەلام کـــــە ماموستا ابراهیم احمد لەمانگی پیشودا هات بو یانەی سەرکەوتن و ئەم باسەی بوکردین ، وتی ئیستا تەنها هەزار دینار هەیەو پیویستی بـــــە ٥٠٠ دیناری تر هەیە بو دارشتنی بنچینەی ئیشەکە ٠ لیردا ماموستا رشید عارف بریاری دا کـــــە ئەو ٥٠٠ دینارەیان بداتی بو ئـــەوەی بە گورجی دەستبکەن بە دامەزراندنی چاپخانەکە ٠

ـ هەر لەمانگی پیشودا چاپخانەیەکی گەورەو تازە کـــرا بـــو ( ژین ) ٠ وە ئیستا چاپخانەی ژین بیجگە لە روژنامەکە ئـــەتوانیت

نامیلکەو کتێبی خەلکیش لە چاپبدات بەریکوپیکی •

ـ لەپێش یەك دومانگدا هەر لە سلیمانی چاپخانەیەکی خنجیلە دامەزرا بەناوی چاپخانەی کامەرانەوە •

## گـــوڤاریکی تازە

ـ دەنگ وابلاوە کەگوڤاریکی تازە بەزمانی کـوردی دەرئەچێت لەبەغداد • وەکو زانیومانە ئەم گوڤارە ناو ئەنریت ( نیشمان ) وە رەنگە بەم نزیکانە بکەویتە بازاردوە •

## پوســـــتەی هیـــوا

ـ لەئەنجامی گەرانو لیوردبونەوەدا دەرکەوت کە هـــــەندی لەپوستەی هیوا نەماوە ! • بەم بونەیەوە ( هیوا ) بلاوی ئەکاتەوە کـە قایل نابی ئەگەر ئەو شتانەی لە شوینیکـــــی ترەوە دەریخرین یـــا بلاوکرینەوە • هەروەها ئەو نوسەرانەی تازە شتیان ناردوە بو ئـــەم گوڤارە سەرنج بدەن ئەگەر شتەکانیان لەم ژمارەیەو ژمارەی داهاتودا بلاو نەکرایەوە یان وەلامیان نەدرایەوە ، ئەوە بزانن کە نەگەیشتوە یان براوە ، وە تکایان لی ئەکەین جاریکی تر بومان بنیرنەوە •

## ویژەو چاپــەمــەنی

ـ الغد گوڤاریکی ئەدەبیە لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی ئانـــوی دهوکەوە بەزمانی عربی ! ! دەرئەچیت •• هیوامان وایە لە ژمارەی دوەمەوە بە زمانی کوردی شیوەی بادینانی خویان دەری کەن •

— بەم نزیکانە ژمارە — ٢ — لەبلاوکراوەکانی هیوا ئەخریتە ژیر چاپەوە ، کە بریتیە لەناملکەیەکی تازەو لیکولینـــەوە یەکی وردو قولە لە هونراوەکانی حاجی قادری کویی • ئەم ناملکەیە بەرهـــەمی پینوسین ( م • م ) وە کەلکی زور لیوەر ئەگیریت •

— دیوانی شاعری جوانەمەگ ( دلدار ) ی خوالخوشبو دەمیکـە ئامادەکراوە بو لەچاپدان • لەم بەینـەدا کاك احسان مفتی ارکـــی لە چاپدانی خستە ئەستوی خویو کاك دلزاریشس پیشـــەکیەکەی بونوسیوە ، ئیستا لە ژیر چاپدایە •

# هـــاو ولایتانی بــەریز

بی گومان•• زور ئارەزوی دیدەنی کویستانو هاوینەوارکانی ولاتت ئەکەیت •• ئەم هاوینە کە چویتە هاوینـەواری رەنگینی شـــەقلاوە یەکسەر لە ئوتیلی صلاح الدین دابەزە • کە ئەکەویتە سەر شـەقامی خانزاد •• جوانترین دیمەن •• خاوین ترین نوین زاستترین مامملەتو خذمەت •• حەسانەوەی تەواوت لەو ئوتیلە چنگ ئەکەویت •

ئوتیلی صلاح الدین — خاوەنەکانی عبداللەو حسن زبیراغا •• دوو گەنجە کوردە شەقلاوەییەکەن کە نرختان ئەزنن و ریزتان ئەگرن ••

ژمارەی تەلەفون ٢٣

مەدالیای هیوا :

# چیروك بو شانو

ئەم گوڤارە لەمەودوا سالی چەند جاریك گرەو ( مسابقة ) ریك ئەخات بو هانـدانو پیش خستنی ئەدەبی نەتەوەو نوسـەرانی گەلەکـەمان •

بو پاداشتی ئەم گرەوانە ( مەدالیای هیوا ) کە پیك هاتوە لـە مەدالیایەکی زیونو دروشمی هیوای لەسەرە ، ئەبەخشـریت بەو کەسانەی لە پلەی یەکەمدا سەرئەکەون • وە ئەوانەی لەپلەی دوەمدا سەر ئەکەون جورە خەلاتیکی تریان ئەکریت کە لەکاتی خـویدا ئەزانریت •

گرەوی ئەم جارەمان دوو بەشە :

١ ـ ئەمانەویت جوانترین چیروکیکی سەرشانو ( مسرحية )بنوسیت بەمەرجیك پەیوەندی بەژیانی کوردەواریەوە هەبیت •

٢ ـ ئەمانەویت جوانترین چیروکیکی سەرشانو لەزمانو ئەدەبی بیگانەوە وەرگیریت بو کوردی • بەمەرجیك پەیوەندی بە ژیانی ئەمروی مروڤەوە هەبیت •

ئەتوانیت تەنها لەبەشیکدا یان لە هەردوو بەشەکەدا بەشدار بیت •
تا روژی ١٥ـ٨ـ٩٥٨ ماوە هەیە بو بەشداربوون • دوای هەلبژاردنی

سەرکەوتوەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە ، لە ژمارە ـ ٣ ـ سالی ـ٢ـ دا ئەنجام بلاو ئەکریتەوە ٠

سەرنج :

بیری جوانو نوسینی بەهیز مەبەستە نەك کورتیو دریژی ٠ ئەگەر چیروکە سەرکەوتوەکان لەهیوادا جیگایان نەبوەوە ، لە نامیللەیەکی تایبەتیدا بلاو ئەکرینەوە ٠

## لە هوانروەی کامەران :

چاوم هەلهینا ، دیم ، ئەم میلەتە
دیمەنی ژینی قەنارەو پەتە
گویم بەدەنگی ( أخ ) زرنگایەوە
دەم بە هاوار هەلهینایەوە
بویە هەرئەبی پشکوی تولەبم
قوربانی خاکو هی ئەم خولەبم




پتر لەمانگیك بەسەر بلاو کرانەوەی ـ ئەوەی بو بلاو کـردنەوە ناشی ـ دا تی‌پەرری‌بو کە ژمارە ١١ ی هیوا دەرچوو لە ـ بەشی هیواو خویندە وارانی ـ دا شتیکم خویندەوە ، لەوە ئەچـو وەلامیك‌بی بـو نامیلکەی گورین •

چاری خوم لەوە ناگەیینم کە شیوەی ویژەین‌یەکەی ـ کە وەلامیکی رەخنەیی‌یە ـ ئەبوایە توزی لەمەی هەیە بەرزتربـوایە ریك‌و رەوان تر بنوسرایە ، هەول بدرایە ئەوەندە چەوت‌و هەلاوی نەبی ، ئـەمە ئارەزوی نوسـەر خـویەتی • بـەلام ئەوەی سـەرنج‌مـان را ئەکیشی قسە بەتویکل‌و ژیریەردەکانیەتی. کە لەیەکـەم جارا باش دەرناکەوی‌و پیویستی بە پیاچونەوەیە تا بزانین وەکو خوی ئەلی کی تاوان کارە ـ١ـ !

نوسەر ئەلی ـ ئیمە نوسینیکمان ئەوی سوودی گشتی تیابی و زامی دواکەوتوبی‌مان ساریژ بکات ـ • یاخوا وابی • کویرە چیت ئەوی ؟ دوچاوی ساخ ! چاویك ! ینوە چاویك ! ئەمجار ئەلی ـ ئیتر تکا ئەکەین

---

ـ١ـ وابزانم نوسەر ویستویەتی ووشەی گوناهبار ـ موزنب ـ بەکار بینی کەچی چووە ووشەی ـ تاوان‌کار ـ ی داناوە کە ئەویش راستی‌یەکەی تاوانبارە واتا ـ موتەهەم ـ •

تووی دوبەرەکی و دوودلی لەناو ناوانی نیشتمان پەروەرانا مەچینن ،
بام هەناسەیێك بدەین — •

نوسەری خوشەویست — ئەوەی کە ئەلێی نوسینەکانم خوارو چەوتو ناریکەو بو بلاوکردنەوە ناشی ، قەی‌ناکا ! لەمانەش زیاتر قســەی باش‌نیەو بو باشکردنی تی‌بکوشە ، هەر قەی‌ناکا ! لەمانەش زیاتر قسەی روق‌و جنیوی سوکیش وای دانەچلەکاندم و ئەمتوانی چاوی لی‌بپوشم، بەلام شالاو بردنە سەر بیریکم کە تاقە ئامانجی هەرە بەرزو بیروزی ناریکەو بو بلاو کردنەوە ناشی ، قەی‌ناکا ! کە ئەنوسی نووســینەکانت زیانمە ، هەرگیز ناتوانم گوی‌ی لی کەرر کەم ، من‌و تووی دووبەرەکی چاندن لەناو نیشتمان‌پەروەراندا ؟ منیك لەم جیهانــەدا هــەمو زیان‌و سامان‌و رابواردنی خومم لە پیناوی نیشتمانا بەخت‌کردوەو ئەمرو نەم هیشتود لەم بارەیەدە پەلەییکــم لی بنیشی بــەچی بووم بەدررکـــی مەم‌وزینی نیشتمانپەروەران ؟ ئایا ئیوە بەوردی شارەزای‌من هــەن‌و ئاگاتان لە رابوردوم هەیە ؟ وەکو بیستوتانە موچەی هیچ دەزگاییکی چاووراوی بیگانەم وەرگرتوە ! یا چومەتە پال ئەوانەی نیشتمانیەروەران خیسەیان لی‌ئەکەن ؟! تکایە پیم بلین لەباسی ویژەو هەلبەستەوە بو بازتان داوەتە سەر ئەو بەرری گوناهباری‌و موری ناپاکی — خەیانەت — م پیوە ئەنین ؟ ئایا ئەمە تەقەلای ئەوە نیە کە ئەو نیشتمانیەروەرانەی مــن باش ئەناسن بەم پیلانە لیم هەلکەررنیەوەو دوژمن ؟

ئەم بابەتە جیگای نوسینی زور شتی سەیری تیا ئەبیتەوە بەلام با هەر دیزە بە دەرخونە بی •

نوسەر ئەلی :ـ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە نوسینەکانی هیــوا هەموی بو ئەوی ئەشین لەگەل ناوی خاوەنەکانیا لە جوارچیوەی زیرین بگرین و هەمو کوردیك شانازیان پیوە بکات ـ •

باشە ، ئنجا منیش ، منیك کە نووسینەکانم خوارو چەوت و ناریکە و بەکەلکی بلاوکرنەوە نایەت ، گرەویك لەگەل ئەم نوسەرەدائەکەم خوی ئەکەم بەسەریشك ، لە ویانزە ژمارەیەی تائیستا دەرچـــوە بە ئارەزوی خوی یەکیکیان دیاری بکاو هەفتەییکم ماوە بدا کە رەخنەییکی زانستی لی بگرم ، لە ووتاریك و دوان نا بەلکو لەیەکەم لاپەررەیەوە تا ئەگاتە دوا دیرری ، ئەوسا رەخنەکە بخریتە بـــەر دەستی دەســـتە ـ هەیئەت ـ یك لە نوسەرە ناودارەکانی کورد ـ ئەو کەسانەی نوسە ر ـ براوی پییان هەیە ـ کە تەماشا بکری و بریاری لەسەر بدری ، جا ئەگەر بیروڕای ئەوانیش هاتە سەر قسەی نوسەرو مافی درایە کــە نوسیەکانم خوارد ناپەسندە ، ئەوا پەیمانتان ئەدەمی نووکی قەلەمەکەم بشکینم جاریکی کە بە ناوی نوسەری ویژەوە ناوی خوم نەخەمە سەر قاقەز

خو ئەگەر مافیش درا بەمن ، هەر ئەوەندەم بەسە کە ئەو نەتورانەی ئەم نوسەرە بەنادوایی بەسەریا سەپاندوم بیان سرمەوە •

سلیمانی ناکام

# شــــەرم مەكـــە

شەرم پیاو لە ژیان دوائەخات ، وات لی‌ئەكات هیچ فیرنەبیت،ریگەی پیش‌كەوتنت لی ئەگریت ، لەشەخسیەتت كەم ئەكاتەوە ، كەواتە شەرم مەكە • ئەگەر شەرمیشیت پەیرەوی ئەم ئاموژگاریانە بكە :

١ ــ ئەوەی بەرامەرتە مروڤیكە وەكو تو : واتاتـــوش مروڤیكیت وەكو ئەم خەلكەی تر • جیاوازیشت نیە لەگەل كەسا ، ئەوان چی‌ئەكەن چون ئەجولینەو  توش هەقت هەیەو شەرم مەكە •

٢ ــ بلی •• بدوی •• ئەوەی لەدلتایە دەری بررە : واتا وامەزانە كە هیچ نازانیت ! یان ئەگەر قسەت كرد پیچوانەو هــەلە ئەبیت ، یا خەلكی پیت پی‌ئەكەنن ، وە یا پەست ئەبن •• نەء هەرگیز ئــەمانە نەیەت بەبیرتا ، چونكە هەموكەسی كەموزور هەلە ئەكات ، ئەگەر ئەمجارە هەلەت كرد ئەبی بەدەرس بو جاریكی‌تر • كەواتە چیت لەدلایە دەری بررە ، بەلام دەخیلت بم نەكەی هەر باسی خوت‌و ئەو شتانـــە بكەی كە پەیوەندیان بەخوتەوە هەیەو بەس !•

٣ ــ هەچیت نەزانی پرسیار بكە : ئەم خەلكە هیچی لەخویەوە فیری شت نەبوە ،هەموی لەئەنجامی بیستن‌و بینین‌و پرسیارەوە زانیاریان كو كردوتەوە •

# پیشکەشە بو هەمو خاوەن هونەریك لەگورانیو ئاوازو سازدا کاویس ئاغـــا

## ١٨٨٠ ـ ١٩٣٦

نوسینی ج ٠ بابان

( بەکورتیو دوای دەستکاریەکی کەم لە پەرتووکی ( هەرکی ) یەوە وەرگیراوە٠ نوسینی کاك م ٠ هوشەنگ لە شەقلاوە کەهیشـــتا لەچاپ نەدراوە ) ٠

کاویس ئاغا کوری کانبی ( کانو ) لەخیلی هەرکیە [١] لەلقی ( بەرەناوی ) [٢] ٠

(١) هەرکی : ئەوخیلە گەورەیەی کوردە کە لە ســـنووری کوردوستانی عیراقو ایران و تورکیادا ئەژی ٠ ژمارەی گشتییان پترە لە پەنجاهەزار کەس ، ژمارەیان لە کوردستانی عیراقا بەگویرەی کەس ژماردنەکەی سالی ( ٩٥٧ ) هەشت هەزار سەر پترن ٠

(٢) خیلی هەرکی ٣سی بەشی گەورەیە (١) مەندا یا خود مەندان (٢) سیدا یان سیدان (٣) سەرانی یا سەرهاتی ٠ سەرانیش ئـــەبی بە٣سی لق فەخری ، سمایلی ، ناوی ، ناویشـــ دیسان دولقـە مزدینی بەرەناوی ٠

لەبەینی مانگی خەرمانان ـ گە لاویژی سالی ١٨٨٠ی زا لە یەکیك لە کویستانەکانی کوردستانی ایرانا لە دایك بوە • بویە ئەلین لەکویستان چونکە باوکی رەوند واتا کوچەر بوەو گەرمیان و کویستانی کردوە • دایکی ناوی لەیلیە •

کاویس هەر لە منالیەوە بە ئاوو بای خوش‌و دلگــیری کویستانە دلفرینە کانی کوردوستانی ایران وەك ( مەرگەوەر ) و ( تەرگەوەر ) و( دەشت ) و ( دەشتی بەراندیز ) و ( چارچەلی هەرکیان ) گیـانی پەروەردە بوە و بەژیانی کوچەرایەتی‌و هەچەهەچەی ولاخ‌و لی‌خورینی مالات و بار بردن‌و کوچ کردنی ناو ئەو کــــویستانانە پی‌گەیشتوەو گەورەبوە ،وەیەك روژەی دوروژەئەو کاویسە ناوی دەرکردوە ، چ بە ئاوازی خوش‌و چ بەئازایی‌و بەشداربونی لە جەنگ و هـــەرای هەرکی لەگەل خیلەکانی ترا وەك خەیلانی‌و سورچی و برادوست •• تاد • وە لە گـــەل ئیرانی‌و تورکــــەکانا وە چ بـــە تفەنگ‌چیتی‌و نیشان پیکان‌و سوارچاکـــی‌و چ بـــەتیابونی ئـــــەو مـــەرجانەی تر تر دین ، کە پی‌یان ئەلین ( ررسپی یا ریش سپی ) کە هەر لەکونەوە

لەپلەی گەورەو بچوکی ناو خیلی هەرکیا ، ئاغا گەورەی هەموانیانە پاش ئەو پاش‌ئاغا یاخود باش‌ئاغا دیت • ئەم دوانە پیویستە لەبەشـــی ( مەندان ) [٣] بن • ئنجا سەروك‌دی ، کە ئەویشـــ لەپلەی پاش ئاغادایە و پیویستی بەوەنیە لە بنەمالەی ئاغابیت ، بە لکو هی وا هەیـــە بە لیشیاوی و توانای خوی ئەگاتە ئەم پلەیە • پاش ئەویش چینیکی

---

(٣) سەیری پەراویزی ژمارە دوبکە •

ر دین ، که پی‌یان ئه‌لێن ( ررسپی یا ریش سپی ) که هه‌ر له‌کونه‌وه تاکو ۳۰ ـ ۲۰ سالیکیش له‌مه‌وبه‌ر هه‌رکیه‌کان پی‌یان وتون ( به‌رایی ) دوای ئه‌مانیش چینی ( سه‌رزوم ) دین که هه‌ریه‌کیک له‌وانه گه‌وره‌یه‌تی بیست مالیك ئه‌کات [٤] •

کاویس ئاغا له‌ناو هه‌رکیا له سه‌رزمه‌وه تاپله‌ی به‌رایی گه‌یشتوه • گه‌یشتنیش به‌و پله‌یه هه‌روا گالته نیه ، جا بوئه‌وه‌ی هه‌رکه‌سیك ببی به به‌رایی یاسه‌روك یا ررسپی پیویسته هه‌ندی مه‌رجی تیا بیت وه‌ك : پسپوریه‌تی له‌مالات‌و له‌وه‌رو ئه‌و گژوگیا یانه‌دا که ئه‌یخون ، پسپوریه‌تی له‌که‌ش‌و توش‌و باران‌و به‌فرو ساردو گه‌رمی‌و خوشی‌و ناخوشی سالی ئاینده به‌وردی که‌ئه‌ویش به گویره‌ی بنك‌و لیکدانه‌وه‌و به‌راوردیکی تایبه‌تیه که له‌چله‌ی هاوینی سالی پیشو تردا له کویستان رای ئه‌گرن ، وه که هاتنه‌وه بو گه‌رمیان له زستانا هه‌موی ده‌ق ده‌رئه‌چی ، ئاکاداری خو و ره‌وشت و ده‌ستوری تایبه‌تی خیله‌کی بی ، هیچگار هی هه‌رکی‌و به‌سه‌ر هاته‌کان‌و روداوه‌کانی هه‌رکی به‌وردی بزانی ، خاوه‌نی ره‌وشت وخووی خاوین‌و ده‌س‌و داوین‌و زمان پاك‌و له‌سه‌رخوو مه‌نگ‌بی ، هه‌مو هه‌رکی به‌ژن‌و پیاوه‌وه رایان لی‌بی ، خوین له‌سه‌ر خوی ، بنه‌ماله‌که‌ی نه‌بی ، نان بده‌و أزاو قسه زان‌و ژیرده‌ستدارو خاوه‌ن بنه ماله‌یه‌کی ناسراوی هه‌رکیان بی‌و بونی سوکیان لی نه‌یه‌ت •• تاد •

به‌م گویره‌یه وه به کوبونه‌وه‌ی ئه‌م مه‌رجانه له کاویسا ، کاویس کراوه به‌ررسپی ئه‌مجا به به‌رایی له خیله‌که‌ی خویا بو ئه‌و چوار لقه

---

[٤] کومه‌له ماله‌که‌ش پی‌یان ئه‌لێن ( زوم ) •

کەپترترن لە ٤٠٠ خێزان کە ئەمانەن ( ماڵەحەمان )و (ماڵەاورنج ) و ( ماڵەبابەکر ) و ( ماڵەچەلەنگ •

ئەوەی شایانی باسە لیرەدا ، هەرکی تا ٣٠ سالیش لەمەوبەر بەر ( ئاغا ) ی هەمو خێلەکەیان نەبوایە نەیان ئەووت ئاغا کەئەویشس هەریەکیك بوە بو گشت خێلەکەو پیویست بوە لە لقیکی تایبەتی هەرکی بیت • وە کاویس سەرناوی ئاغایەتی وەرگرتوە ، لە کاتیکا کە لەبەشی هەرە دواییلقەکانی هەرکی بوە • ئەمەش بەئازایەتی و دەمراستیو ژیریەتیو تیابون نـــەبی دەستی نەکـــەوتوە ، ئـەو بـیرە بـەرزە نیشـتمانپەروەریەی کە پالی بەکاویسەوە ئەنا و ئەو بیرە تیژەی کـە هەیبوە و ئەو ناهەمواریەی ژیانی کوچەرایەتی بەتایبەتی ژیانی هەرکیو پاش کەوتنیانو بیشوینیان •

دیسان لەبەر زوری دارایی هەرکی لە هەمو لاوە دەسیان بو دریژ کردون و دەمیان تیوە ژەنون • ئەمانەو گەلی هەستی تر هەمو بونەنە گرییەکی نەفسی ئەوتو کە ئەم کاویسە هەر لەمنالیەوە گرنگ ترینو گرانترین باری لەسەر شان قورس بیو لەدلی بەستری و ئەم کاراانەی بەوە لیدیاری بدات کە زمانی پسو لالەپتە بی •

راستە وابوە کەکاویس لەقسەکردنا زور ووشەی بو نەهاتوە وەیا زور پەریشان بوە لەکاتی دوانا وە بە زور توانیویەتی بیری خـوی پچرپچرو نیوەو نیوەچل دەربری • دە بە پچەوانەی ئەمانەوە هەموی لەکاتی گورانی ووتندا زور رەوانو زمان پاراو بوەو هەرگیز نەیگیراو کاویس أغا زور باری دەردیو پـــەیغامەکەی گـــران بـوە بویە لەوە باشتری نەدوزیوەتەوە کە واز لە ژیانی رەوەنـدایـــەتی ، واز لەسەروکی ئەمردو ئاغایەتی دواروژ بهینی ، خوی تیکەلاوی خێلەکانو

خەمی خوی بەبادا • هەر لەم تیکەلە بونەبدا فیری خواردنەوە بوەکە ئەمەشی بەچارەیەکی دەردی خوی دوزیوتەوە •

کاویس ئاغا کەوازی لە ژیانی کوچەرایەتی هیناوە لە شەقلاوە لەسالی ١٩١٤ وە بو ١٩١٧ لەلایەن مدیریکی ئەوسای ناحیەی شەقلاوەوە کەناوی ( نوروز ) افندی رەواندزی ئەبی ئەکری بە ( مأمور مخزن ) ( اشیاو ارزاق ) ی تورك کە لە خەلکیان ئەسەند وە لەدیر ( کنیسە ) کە ئیستای دیانە کلدانیەکانی شەقلاوە دابوە • کاویس هەرچەندە نەخویندەوار بوە بەلام چونکە بروایان پیی بوە بویە ئەم ئیشەیان داوەتی ، تەنانەت امزای شی نەزانیوە ، ئەو مدیرە فیری کردوە • ایتر لەوەش بەدواوە موچەخوری میری نەکردوە ، زوری ژیانیشی لەوەدوا لای برا گەورەکانی کوردو لەدیوانە بەرزەکاندا بەنرخەوە رای بوردوەو لای هەموان ریز گیراو بوە •

زور دوستی شیخ محمود بوە و هاتوچوی کردوەو راوو شکاری لەگەل کردوە ، کاویس ئاغا هەرچەند وازی لە ژیانی کوچەرایەئی و رسپیەتی هەرکیان هینابو بەلام جارجارە سوزیکی دەرونی کەوا هەر لەدایك بونیەوە ئاویتەی لەش و گیانی بوبو ، ئەو هیزە پالی پیوە ئەنا کە هەندی جار سەر لەخرمانی ناو هەرکی بداو بو ماوەیەك ئاگری ئەوسوزەی بالی‌دامرکینیتەوە ، تاکو هەر جاریك لە جارەکانی ئەم سەردانەدا کە کەمیك نەخوشیش ئەبی ، سەریکی ناو ئەو هەرکیانە ئەدا کە لە ناحیەی صلاح الدین خستبویان ، بەو بریارەش کە لەوەدوا سەریکی هەرکیەکانی ناوچەی کویەش بدا بو زاخاوی چاو بەدیمەنە

جوانه خوریستەکانی کوردوستانو دیدەنی برا گەورەکانی کویەش •
بەلام لەکانی گەیشتنە تریك گوندی ـ هەرشەمـ یا کە لە ناحیـــەی
صلاح الدین دایە و کەوتوتە لای خواروی قەلای (دیوین) (٥) ی
بەناو بانگ‌و روژهەلاتی گوندو چایخانەی ( بانەمان )ی سەر ریگەی
هەولیرو صلاح الدین لەبن چیای پیرمەمدا ، لەوی لە یەکیك لە پاوەنە
زستانەکانی دەوروبەری ئەم گوندی هەرشەمەدا بو دواجار دیدەنی
هەرکیانی کردو چونەکەی کویەشی بو ریك نەکەوت• لەوی بە دەستیکی
پیس و چلکنی تاوان‌باریك کوژرا ، گوایە لەسەر حەزلی‌کردنی لـە
ئافرەتیك‌و هەرلەوی گیانی باکی بەخاك سپاردو لە روژی چوارشەمەی
مانگی رەزبەری سالی ١٩٣٦دا وە تەرمەکەی هەر لەگوررستانی ئەم
کوندەدا شاررایەوە کە گوری گەلیکی‌تر لە پیاوە ناسراوەکانی هرکی
تیایە : ئەوانەی دوای کاکاویسی خوالیخوشبو مانەوە خوشکەکەیەتی کە
ناوی دەرویش فاتمی هەرکیە لە گوندی ـ سپی‌گرە ـ ی نزیـــك
شەقلاوە شوی کردوە ، وژنەکەی خاتوهەمینی ، وکورەکانی أحمد
ئەفەندی ( مدیری مال ) ی ئیمروی شەقلاوەو محمدو عبدالله کـــە
هەرلەشەقلاوەن وجمیل کە سەربازە • کاویس ئاغا کاتی کەمـــردوە
ریشی ماش وبرنج بوە،بیاویکی ( زەلام وکەلەگەت بوە • بەزوری بەرگی
خوشناوانی لەبەرکردوە وجار جارەش بەرگی بادینانی • چاوی‌چەپی
تانەیەکی سپی بچوکی لەسەربوە •

---

(٥) قەلای دیوین : قەلاکەی سولتان صلاح الدینی مەزنە کـــە
ئەکەویتە گوندی دیوین لە ناحیەی هەریرا •

# هونەرمەندی و بویژی کاویس ئاغا

لاموایە هەمو کوردیك ئاوازی ئەم بولبـــــولی خوش ئاوازەی کوردستانی بیستوە لە حەیران لاوك • هەروەها کـــــاویس بویژیش واتا شاعربوە • دانانی هونراوە ( شیعر ) کە بیریکی بو هاتبی ئەوشەوە نەنوستوە هەتا شیعرەکەی گەلالە کردوە ئەمجا پوختەی کردوە و بو بەیانی ئاوازی تایبەتی هەر خوی بوی داناوە ئەمجا لەبەر خویندویەتیەوە و وتویەتیەوە بەلام لەبەر نەخویندەواری خوی و کومەلەکەی زوری هەلبەست و ئاوازە کانیشی هەر دەماودەم ماونەوە ، بویە هەندیکی وون بون • ئەوە ندە هەیە شیعرەکانی ئەم لەگەل هەندی لەشیعری شریف ئاغا ( شر ) کە ژنیکی خو باپیاو کردوی مەردانەی هەرکی بو تیکەل بوون کاویس لە هونراوەی لاوكو حەیرانا دەسیکی بالای بوە واتەکانی هەموخوکرد وەیا بەگویرەی ژیانی رەوەندایەتی یە وە کو سنگـــــی یارەکەی خوی کردوە بەسینیو زەرفی ساوەرکە کاویس بوبەربانگی روژوشکاندنی خوی هەلگرتوە یاخود سنگو مەمانی کردوە بـــــە بەردەنویژی پیشنویژ و تەرخانی کردوە بو نویژ لەسەرکردنی خوی و( ئاگا = الهام ) ی لە هەلسانو دانیشتنی و وینەو نیگای کوچەرایەتی وەرگرتوە • هونراوە کانیشی لەسەر شیوەی چیروك و لەسەر ئاوازی لاوك و حەیرانە کەبەتانوپوی هەندی روداوی دلداری وەیا قەومیدا هـــەل ئەدا ئاوازو گورانی کاویس هەرگیزاو هەرگیز نامرنو کـــون نابن لەسالی ١٩٣٠ ش بەدواشەوە دەسی کرد بەقەوان دەرکردن ، تریکەی

چل قەوانیکی هەن لەئاوازو هونراوەی خوی • ئەمانە هەندیکی هاوکاری ( نەعیم ) و ئەوانی تر هاوکاری ( بیضافون ) توماری کردون • ئەوانەی هاوکاری بیضا دەری کردوەو لە سەری نوسراوە لیدانی لە ئیستگەدا قەدە غەیە ئەم دوانەن بو نموونە :

١ ـ بیانوخانە فیفی بەژمارە ( ٩٢٢١٠ ) تومارە لە جەنگی ئەدوی،

٢ ـ هامدانەدولبەر بە ژمارە ( ٩٢٢٣٦ ) تومارە •

زووریشی قەوانی شیخ محمود و شەرە قەومیەکانی و کوژرانی سمایل‌ئاغای سمکو هەیە هەندی قەوانی تریشی هەن کە نەیان هیشتوە بلاو بکرینەوە لەبەر نیشتمان پەروەریەتی •

## بـــوئا گاداری

ئەم ژمارانەی هیوا چنگ ئەکەویت لامان ، هەرکەسی پیویستی پیان هەیە ئەتوانیت ئاگادارمان بکات‌و وەریان گریت • ژمارە : ١،٢،٣،٦،٧،٨،٩،١٠، ١١ ، ١٢ • هەروەها میژوی کوردو کوردستان هەردو بەرگەکەی لامان چنگ ئەکەویت

# بــــو ئاگاداری

ادارەی محلی لیوای هەولیر هەلئسیت بەپیشانگا ( معرض ) یکی کشتوکالیو پیشەسازی لەشاری هەولیردا روژی ٥تا ١٢ ایلول ٩٥٨ بو پیشاندانی گەلی بەرهەمی فکریو ئابوریو کومەلایەتی شارەکە ، وەفیرکردنی دانیشتوان بەئالاتو مەکینەو کەرەســـەی کشتوکالیو پیشەسازی کەئەبیتە هوی زیاد کردنی بەرهەمو بەرزکردنەوەی پلەی ژیانو کومەلایەتیو تەندروستی دانیشتوان • هەر لەم پیشانگایەدا بەشی میهنەو پیشەو سنعەتی لادی کانیشی تیایە بەتایبەتی ئەوانەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە تیاسەرکەوتون • هەروەها بەشـی ـ ئاژەلیشی تیایـــە بوپیشاندانی جورەکانی ولاخی بەرزەو مانگاو مەرو مریشك ،ئەمــە جگەلە سیباقو یاری رابواردنو حەانەوەو موسیقاو تەمسیلو پیشاندانی هەموجورە نیشاتیکی مەدرەسیو بەریوەبردنی ناومالو وەسائلی روشن کردنەوە •

هەموان ئاگادار ئەکەین بەتایبەتی دانیشتوانی لیواکە انجا گەلیعراق بو ناو نوس کردنی ئەوشتانەی کە هەیانە بوپیشاندان بەزووترین کات بو سەرکەوتوەکانیش گەلی خـــەلات ئامادەکراوە ، وەســــاحـەی پیشاندنیش بە خواریی ئەبیت لەگەل تەسهیلات کردنا بەتایبەتی بـــو پیشاندەرەکان •

تکایە اتصال بە معاونی متصرفەوە بکەن بو ایشوکاری ادارەی محلیو زانیاریو ناونوسین •

فوزی جمیل صائب

و • متصرفی لیوای هەولیر

## پــه یامی هـــیوا

بــەهوی جەژنی پیروزەوە

بـــو خوینـــدەوارانی

لەجەژنا شـادیو گــــرەی دەرووونم
تیکـــەلاو ئەبیو پـــــەیامی روونم

ئـەنیرم بـو تو و بو کـــوردســـــتانم
بـو تو بزەی لیـو بو ئەویشـس : گیانم

ـ هیـــوا ـ

## نوســـین بو هیــوا

کاکی نوسەر : تکایە کە بو ئەم گـــوڤارە ئەنوسیت بزانە پیـت ریكخەرەکان ( مرتب ) عـەرەبنو لەزمانی کـــوردی ناگــــەن • نوسینەکانت تەنهارونوس ئەکەنەوە ، جا بوئەوەی ئەوەندە هەڵــە نەکریت لە بلاوکراوەکانتا ، تائەتوانیت بەخەتیکی خوش خوین بنوسەو دیریشس بەجبی‌بهیلەو لەسەریەك روی قاقەز بنوسە • هەروەها ئاگاداری نوختەدانان لە جیگای خویداو بەروشنی نوسینی پیتی ( د ، و ، ر ) بە وە لەیەکیان جیابکەرەوە •

ئیمە لەبەر ایشس‌زوریو بی‌کاتی پیمان‌ناکریت هەموا نوســینیك دووبارە بنوسینەوە • جاهەر نوسینیك بەخەتی خوش نەنوســرابی ناچارین کە بیخەینە پشت‌گوی •

ئـــم ژمارەیە

بو ئەم‌ژمارەیە گەلیك وینەو نوسینمان بو هاتبو بەلام لەبە ـــر بی‌جیگایی نەمان‌توانی هەموی بلاوبکەینەوە ، هیوامان‌وایە لەمەودوا ئەوەی بوبلاوکردنەوە ئەشیت بلاویان بکینەوە

نەقلیاتی شـەرق

دیارە ئەتەویت کە شتومەکەکانت بەگورجی‌و سەلامەتی بگاتەجی ، کەواتە بچو بو نەقلیاتی شەرق ، ئامادەن بو گواستنەوەی هەمو شتیك لەبەینی بەغداد ـ کرکوك ـ سلیمانی‌و دەوروپشتیان

## پاشماوەی لاپـــەرە ـ ٣٤ ـ

لەبەر بی‌جیگایی پاشماوەی لاپەرە ـ ٣٤ ـ لیرەدا نوسیمان ببورن :

ئینجا ئەی خویندەواری خوشەویست خوت بیر لەقارەمانی ئـــەم ئافرەتە کوردە لەم کاتی تەنگوچەلەمەیەدا بکەرەوەو بریاریکی بوبدە ، ئایا هەناگریت لەریزی ئافرەتانی بەناوبانگی جهان ناوببریت لـــــــەم رووەوە یان چونکە کوردە •

## یانەی ســـەرکەوتن

ئەم یانەیە بەپی ماددی یەك لەیاسای ناوخوی بوی‌هەیە کە لـــە شارەکانی تریشدا لقی خوی بکاتەوە • جا لەهەر شوینیکەوە دەستەیەك ئارەزوی پیك هینانی ئەم لقەیان کرد ، ئەوا ئەتوانن ئاگادارمان بکەن تاوەکو ئیمەش بەئیشوکاری پیویست هەلسین‌و یارمەتیان بدەین •

# لــەم ژمارەیــەدا


| | |
|---|---|
| ١ ـ سالیك لە تەمەنی هیوا | حافظ مصطفی قاضی |
| ٤ ـ پایەی ئادەمی زادو نەتەوەی کورد | م٠م |
| ٩ ـکارخواز ـ چیروك ـ | محمد صدیق عارف |
| ١٨ـ بام وابی ـ هونراوە ـ | مدهـــوش |
| ٢٠ـ هونەری جوان | ٠ ٠ ٠ ٠ |
| ٢٧ـ هونەری نەمرمان ئەویت | ســاجد ئاوار |
| ٣١ـ قارەمانی ئافرەتیکی کورد ـچیروكـ | أ٠ب٠هەوری |
| ٣٥ـ چیروك نوسینو هونەری چیروك | مصطفی صالح کریم |
| ٤٨ـ چیتنەزانی پرسیار بکە | ٠ ٠ ٠ ٠ |
| ٥٠ـ هیواو خویندەوارنی | ٠ ٠ ٠ ٠ |
| ٥٤ـ سەرگروشتەو بزەی لیو | ٠ ٠ ٠ |
| ٥٨ـ یەکی لەشەوەکانی گردەکەی سەیوان ـ چیروكـ | فاضل |
| ٦٥ـ ساتی بەختیاری ـ هونراوە | دلـــزار |
| ٦٦ـ میڤان داری | ٠ ٠ ٠ ٠ |
| ١٨ـ هەوال ـ کومەلایەی ـ روداو | ٠ ٠ ٠ ٠ |
| ٧١ـ مەدالیای هیوا | ٠ ٠ ٠ ٠ |
| ٧٢ـ لەهونراوەی کامەران | کامەران |
| ٧٣ـ لیکولینەوە | نــاکام |
| ٧٦ـ شەرم مــەکە | ٠ ٠ ٠ ٠ |
| ٧٧ـ کاویس ئــاغا | ج ٠ بابـــان |
| ٨٧ـ لەم ژمــارەیەدا | ٠ ٠ ٠ ٠ |


وەگەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

# باوەر پی کراوی هیوا

## لە :-

بەغـــــداد : ١ ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە ٠

ســولەیمانی : ١ ـ رۆف معروف ـ خاوەنی کتیبخانای گەلاویژ ٠
٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

کــرکـــوك :ـ عمر بێ کەس ـ شەقامی سیروان

شـــــقلاوە :ـ مەخزەن سفین طە ئەحمد خوشناو

هەولـــــیر :ـ خاوەنی کتیبخانەی سەربەستی رۆف معروف

کـــــــۆیە :ـ خاوەنی کتیبخانەی حاجی قادری کویی محمد شوان

رانیـــــــە :ـ عزیز صدیق ـ گوگای قندیل

هلبجـــــة :ـ سید حسین ئەمین

زاخـــــو :ـ محمود حاجی احمد مکتب التحریر

قـــــەلادزە : نورالدین ملا صابر

رەوانـــــدز : علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خـــانقـــین : حبیب برزوو : کتیبخانەی سیروان

موصــــل : سید علی ـ مکتبة الامین ـ شارع النجفی

# هیوا

## گوڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî u Zanistîye

Mangî Carêk Dereçê

---

Bexdad - Gapxaney Temedun
M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن
محمد صالح الاعظمی